ئادەمیزاد
بونەوەرێکی نەناسراوە

www.iqra.ahlamontada.com
منتدى إقرأ الثقافي

وەرگێڕانی هاشم گویا

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

ئادەمیزاد بوونەوەرێکی نەناسراوە

دکتۆر الکسیس کاریل

ئادەمیزاد
بوونەوەرێکی نەناسراوە

(لێکۆڵینەوەیەکی فەلسەفی و زانستیە لەبارەی مرۆڤەوە)

دکتۆر الکسیس کارێل

خاوەنی خەلاتی نۆبڵ لە پزیشکی و وێژەدا

هاشم-گۆیا

لە عەرەبیەوە کردوویەتی بەکوردی

- ناوی کتێب: ئادەمیزاد بونەوەرێکی نەناسراوە.
- ناوی کتێب لەسەرەتادا: الانسان ذلك المجهول.
- وەرگێردراوە لە: زمانی عەرەبیەوە.
- ناوی نوسەر: دکتۆر الکسیس کاریل.
- ناوی وەرگێر: هاشم عزیز، گۆیا.
- بابەت: فەلسەفە و زانست.
- دیزاین و بەرگ: ئەرسەلان نجم الدین.
- شوێنی چاپ: چاپخانەی گەنج
- ساڵی چاپ: ٢٠١١
- تیراژ: ١٠٠٠
- نرخ: ٧٠٠٠ دینارە

لەبەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی (١٤٨١)ی سالی ٢٠١١ی پێدراوە.

لە بڵاوکراوەکانی

کتێبخانەی یادگار - سلێمانی

لقی سەردەکی/ بازاڕی کتێب لە تەلاری هۆشیار قەفتان نزیك سەرا

لقی یەکەم/ شەقامی پیرەمێرد

لقی دووەم/شەقامی مەولەوی

ت/ ٠٧٧٠١٥٤٢٩٧٨

سەرەتا

بە ناوی خوای بەخشندە و دانا خاوەن بەزەیی و تاك و توانا
درودێکی پاك هەر لە ئێستاوە لەسەر پێغەمبەر تا دنیا ماوە

ئادەمیزاد ناوی پیرۆزترین وگرنگترین ئافەریدەی سەر ئەم زەویەیە کە خوای بەخشندە و گەورە لە جۆرە گڵێکی تایبەت دروستی کرد و لەنووری پیرۆزی خۆی روحی کرد بە بەردا، وەك لەقورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێ فەرمووە (لقد خلقنا الانسان فی احسن تقویم) سورەتی (والتین) ئایەی ٢، واتە بێشك ئادەمیزادمان بەباشترین شێوە دروست کرد، هەروەها خودای میهرەبان رێزێکی تایبەتی وگرنگی بۆ ئەو ئادەمیزادە داناوە، بەوەی فەرمانی کرد بەمەلائیکە کرنووش بەرنە بەر ئەو پەیکەرە گڵەی ئادەمیزادە. وەکو لە قورئاندا ئەفەرموێ (و اذ قال ربك للملئکة اسجدوا لادم) سورەتی البقرة ئایەتی (٣٠)، هەروەها خوای گەورە ئادەمیزادی لەسەر زەوی کردە جێنشینی خۆی و ئەفەرموێ (انی جاعل فی الارض خلیفة) البقرة ئایەتی (٣٤) واتە من جێنشینێك لەسەر زەوی دادەنێم، جێنشین خاوەن دەستەلاتیکی خودایی، بەمەرجێ رێز لە پڕوگرامی بەندایەتی و لەو رێزە بگرێت کە خوای بە توانا لەوی گرتووە و شایانی ئەوخەلاتە بێت و بە تەواوی ئەو پڕۆگرامەی خۆی ئەنجام بدات. بۆ ئەمە خوای بەبەزەیی، لەناو لەشی ئادەمیزادا حەوت ناوەندی هێزی خوایی دروست کردووە و بەشێوەیێکی کاتی لەکاری خستوون، تا ئەوکەسە بە تێکۆشان و بەندایەتی خۆی وخۆپاککردنەوە لە مادەی دنیایی، ئەو هێزانە یەك لەدوای یەك بخاتەوە کار و ئەو دەستەلات و هێزە خواییە وەدەستبێنێت. وەکو وتمان خوای گەورە، ئادەمیزادی پیرۆز نرخاندووە و لەهەموو دروستکراوەکانی تری باشتر دروست کردووە، هەروەکو لە قورئانی پیرۆزدا لە سورەتی والتین ئاماژەی پێ فەرموە. دیارە بە گوێرەی ئەو فەرمودەیە ئادەمیزاد هەر ئەم شتە نێ دەسەلاتە نیە کە لەبەرچاوە، بەڵکو خاوەنی حەوت هێزی خوایی گرنگە، کە لەناو لەشیدایە وکپ کراوە بۆئەوەی بە تێکۆشانی خۆی و بە خواپەرستی هەوڵبدات و ئەو خەزێنە مجەوهەراتە بەنرخە وەدەستبێنێ کە هێ خۆیەتی. زۆرکەس

کەلە دایك ئەبێ، هەڵگری یەکێ یا زیاتر لەو هێزانەیە، وەکو پەیامبەرەکان (رسول) یا شێخە بەرزە راستەکان، یان هەندێ لە بلیمەتەکان کە هەر لە منالّیەوە ئاسەواری سەرسوڕێنەری وای تیادەرکەوتووە کە بەئاشکرا ئەیسەلمێنێ ئەو هونەرانە هی ئەم ژیانەی ئێستەی نیە، ئێستەش ئێوە و مسۆ لە خەرمانێکی ئەو بەڵگانە :

- شاعری ئەڵمانی بەناوبانگ (جۆهان ڤۆن گۆتە) لە تەمەنی هەشت سالّیدا قسەی نەستەق قوڵی (حکمة العمیقة)ی نوسی، وە لە یانزەسالّیدا ڕووداوی جیهانی (القصة العالمیة) نوسی.

- موسیقاری بە ناو بانگ مۆزارت، لە تەمەنی شەش سالّیدا پیانۆی بەجۆرێ لێ ئەدا، کە مامۆستا بەرزە مۆسیکیەکان، سەریان سوڕ ئەما، هەروەها دوو نۆتەی بۆ دوو ئۆپرای بچوك دانا. لە تەمەنی یانزە سالّیدا پێشەوایی گرووپێکی ئۆرکسترای گەورەی ئەکرد. بێجگە لەوە، زۆر لە مۆسیقارە ناوداڕەکان پێش تەمەنی بلوغ ئەو جۆرە بلیمەتیەیان تێدا بووو، وەکو بتهۆڤن، باگانین، هێندڵ، لست، بیزیە، شۆپان.. هتد.

- پرۆفیسۆری ماتماتیك (ئەلەکسیس کلیرۆ) لە تەمەنی دوانزە سالّیدا، کرا بە ئەندامی ئەکادیمی زانیاریەکان لە فەرەنسە.

-(رمبرانت) بە منالّی، پێش ئەوەی خوێندن فێر بێ، دەسی کرد بە وێنە کێشان بە خێرایی و هونەرێکی بێ وێنە.

- (جۆن ستیوارت میّل) لە تەمەنی هەشت تا یانزە سالاّن، فەیلەسوفێکی زۆر زانا بوو.

- (پاسکاّل) ماتماتیك زانێکی زۆر بەرز بوو، لە منالّیەوە تا چواردە سالّی، وە لە تەمەنی شانزە سالّیدا کتێبە گرنگەکەی خۆی دانا بە ناوی (مفصل الاشکال المخروطیة)

- مامۆسای بەرز (انشتاین) لە تەمەنی دوانزە سالّیدا بۆ یەکەم جار تیۆری ڕێژەیی (النظریة النسبیة) دانا.

- (گۆت دی برۆنزویك) لە تەمەنی سێ سالّیدا قورسترین مەسەلەی ماتماتیکی یەکسەر ئەزانی.

- (ڤیکتۆر هیگۆ) لە تەمەنی سیانزە سالّیدا، خەلاّتی ئەکادیمی وەرگرت لە وێژەدا لە تۆلۆز.

- (یۆنگ) لە تەمەنی سێ سالانەدا خوێندەواری فێربوو و لە تەمەنی هەشت سالّیدا بە شەش زمان قسەی ئەکرد.

- (لۆرد ماکۆلّی) مێژووی جیهانی لە تەمەنی حەوت سالّیدا نوسی.

- منالێکی هۆڵندی (کریستیان هاینخین) کە لەدایکبوو، دوای چەند کاژمێرێ دەسی کرد بە قسە کردن، وە ساڵی ١٧٧١ لە شاری (لۆبیك) لە تەمەن دوو ساڵیدا تەوراتی بە تەواوی خوێند و لە تەمەن چوار ساڵیدا بە زمانی ئەغریقی و لاتینی و فەرەنسی قسەی ئەکرد

- ساڵی ١٨٧١ (ایثریکۆس ئینیکیم) ناوێ، لە تەمەن دە مانگیدا دەسی کرد بە قسە کردن بە رێك و پێکی، لە دوای دوو مانگ هەمو ئەسفاری موسای لە بەر ئەخوێندەوە، لە تەمەن چواردە مانگیدا فێزی میژووی سەردەمی کۆن و تازە بوو. لە تەمەن دوو ساڵیدا میژووی لە بەرکرد، میژوو نوس ئەڵێ: کە بە قەت شیشیرون لە لاتینیدا زانیاری هەبوە، وە زۆر هەڵەی زاراوەی زاناکانی لە وێژەدا راست ئەکردەوە.

- منالێێکی کۆری(کلینگ) لە تەمەن دوانزە ساڵیدا زۆر بە ڕاستی وەڵامی قورسترین پرسیاری لە زانیاریەکانی یاسا و میژوو و جوگرافیا و ماتماتیك و فەلەك ئەدایەوە، کاتێ کە زاناکان و مامۆساکان لە پرسیارەکانیان ئەبونەوە، بە تەواوی ماندوو ئەبون، بەڵام ماندو بوون لە ،منالەکەدا نەئەبینرا.

- منالێکی ئەمریکی (ولیام جێمس سیدس) لە تەمەن دوو ساڵیدا بە تەواوی دەسی کرد بە نوسین وخوێندنەوە، کە گەیشتە تەمەن هەشت ساڵان، بە زمانێکی زۆر پاك بە فەرەنسی و روسی وئینگلیزی و ئەڵمانی و هەندێ لاتینی و یۆنانی قسەی ئەکرد، وە دەرکەوت کە دەسەڵاتێکی روحی لە سەرە، چونکە کە تەمەن گەیشتە بیست ساڵ هیچی لە بیر نەما و بوو بەمرۆڤێکی ئاسایی و نەخوێندەوار. باوکی مامۆسای زانیاری دەرون بوو لەزانکۆی هارفارد، بۆ ئەمە بڕوانە کتێبی (لم العقل) ئەقڵ بۆ چی؟ دانەری (بێزگن ایڤانز) وەرگێڕانی موفق الحـــمدانی و مریم شرارة، لاپەڕە ١١٦، کە ئەمەیان راستی زانیاریەکانی میتافیزیك و بانگ کردن روح ئەسەلێنێ.

- کچیکی هیندی شاکونتالا، خەڵکی شاری(تاپیە) ی وروژاند، ئەم منالە قورسترین و دژێزترین ئۆتۆمایێکی و ماتماتیکی لە چەند چرکەیێکا شیی ئەکردەوە، زۆرخێزاتر لە ئالەی ژماردن و ئامێزی تر ، وە زۆر بە گورجی و بە بێ هەڵە، رەگی دووجایی(جذرتربیعی) شەش ژمارەیی شیی ئەکردەوە.

- منالێکی ئەمریکی(کینیث وولف) لە شاری کلیف لاند لە ناوچەی ئۆهیۆ لە تەمەنی چوار مانگیدا، بە تەواوی قسەی ئەکرد، وە لە تەمەنی دوانزە مانگیدا توانی شت بخوێنێتەوە، لە تەمەنی نۆ ساڵیدا لە زانکۆ وەرگیرا.

- منالێکی تری ئەڵمانی کە ناوی (ایلما رایدر) بوو، لەتەمەنی نۆ ساڵیدا لە زانکۆ (ئایرلانگر) تیۆری رێژەیی (نظریة نسبیة) ی ئەگوتەوە،

- منالێکی تر بە ناوی (فلۆریزڵ فۆن رویتز) لە تەمەنی دە ساڵیدا پێشەوایی گەورترین گروپی مۆسیقای ئەوروپای ئەکرد، بۆ ئەمە بڕوانە کتێبی (قصتی العظمی) دانانی هانی سوافر،کە کراوە بە عەرەبی لاپەڕە ٣٢٧.

هەروەها ئۆلیڤەرکینوسین و بیرینۆگامیا و هتد، کە بە نوسین تەواو نابن و ئەمە مشتێکە لە خەرمانی.

چالاك کردن و بەخەبەرهێنانی ئەم هێزانە بەهۆی خواپەرستی لە رێگای سۆفیگەری و یۆگاو پڕوڤەی هەناسەوە ئەبێت.

کورتە باسێکی ناوچە ڕۆحیەکان

ئەم ناوەندە ڕِوحیانە لای سۆفیەکان لطیفە و لای یۆگیەکان بە چاکرا ناو ئەبرێن. چاکرا لەشێکی تیشکی ڕِوحیە و بەچاو نابینرێ، بەڵام لەشی فیزیکی چاکراکە ئەبینرێ کە بریتیە لە پارچە گلاندێکی بچوك، پێی ئەڵێن کاشتِرام.

ئەمەی خوارەوە ناوەکانیان و کورتە باسێکە لەسەر هەریەکیان:

مۆلاداهارا: بە زمانی سانسکریتی واتە (ریشە) ، سۆفیەکان پێی ئەڵێن، نفس الامارة بالسوء، لە پیاوانا کەوتوەتە خوارەوەی لەش، لە نێوان وەتە و کۆما، لە ئافرەتا ئەکەوێتە دەوری بۆری ڕەحم، وە بریتیە لە گرێکی بچوك کە کاشتِرامەکەی بە دەست ئەگیرێت.

سوادهیستانا: واتە (ماڵی خۆت)، لای سۆفیەکان، نفس اللوامة، ئەم چاکرایە نزیکی مۆلاداهارایە و کەوتوەتە خوار ئێسقانەکانی بڕبڕەوە.

مانی پورا: واتە (شاری مجەوهەرات)، لای سۆفیەکان النفس الملهمة، ئەم ناوەندە بنکەی هەمو هێزێك و کردارێکی گرنگە، وە دانراوە بە دینەمۆی روحی و فیزیکی ناو لەش، وە بریتیە لە ڕۆژی ناو گەردونی لەش، پێی ئەڵێن (الضفیرة الشمسیة) توری هە تاوی وکەوتوەتە ڕِووی دەرەکی بڕبڕە، بەرانبەر بە ناوك، وە کاشتِرای ئەم چاکرایە، لە ناو ناوکایە و ناوەندێکی روحی زۆرگرنگە.

ئاناهاتا: واتە (دژی شکان) سۆفیەکان بەم ناوەندە ئەڵێن النفس المطمئنة، کەوتوەتە نێوان هەر دوو شان بەرانبەر بە سەروی قەفەسەی سنگ بەشی پێشەوە، ئەم ناوەندە ناو ئەبرێ بە گەردونی دڵ، وە هۆی چالاکی هەموو جۆرە هونەرێکە وەکو: وێنە، هۆنراوە، مۆسیقا، دەنگ خۆشی، پەیکەرتاشی.. هتد، وە پەیوەندیەکانی یەك سەر لەگەڵ مێشکایە،کاشتِرای ئەم چاکرایە بەرانبەر بە خۆیەتی، وە ماترا (ذکر) لەم لەتیفەوە سەرچاوە ئەگرێ.

ڤیشۆدهی: واته (پاڵێوەر)، لای سۆفیەکان (النفس الراضیة) پاڵاوتنی چالاکی روحی ئەوکەسە ئەکات کە دەرئامانجەکەی دڵۆپێکی نورانیە پێی ئەڵێن (نیکتار)، کە کاتێ ئەوکەسە بە تەواوی گەیشتە دەرئامانجی روحیی خۆی، ئەو دڵۆپە ئەتکێتە ناو قورگیەوە و مەستی ئەشقی خۆایی ئەبێ، پێی ئەڵێن شرابی الهی، وە ئاشقانی ئەو رێگایە هەزاران هۆنراوەیان پێدا وتووە و باسی ئەو مەستیەیان کردووە، ئینگلیزەکان بەم دڵۆپە ئەڵێن (ئامرێت) واتە خواردنی بەهەشت.

هەروەها لە نێوان چاکرای ڤیشۆدهی و چاکرای ئاجنادا، چاکرایێکی بچوکتر هەیە، بە ناوی (لالانا) کە گەنجینەی دڵۆپی نیکتارە،کە لە چاکرای بیندۆ وە ئەتکێتە ناوی، یشۆدهی ئەکەوێتە ناو قورگ و کاشترامەکەی بریتیە لە گلاندی تیروئید.

ئاجنا چاکرا: چاوی سێهەم یا چاوی خوایی، لای سۆفیەکان (النفس المرضیة) کەوتوەتە سەروی برپرەی پشت، بەرانبەر ناوەڕاستی برۆکان، هیندیەکان کردویانە بە داب، شوێنی ئاجنا لە دەرەوە، بە دانانی خاڵێك، کە لە گیراوەی جیوە و صندل پێکدێ، نێوان برۆکان دیاری ئەکەن، ئەم خاڵە بۆجوانی نیە، بەڵکو بۆ ئەوەیە جیوەکە پاڵەپەستۆی کاشترَاکە بدات و خەبەرکردنەوەی(ئاجنا) روو بدات، زاناکان ئەڵێن، ئاجنا و لووی سنەوبەری، هەردوکیان یەکن.

بیندۆ ویزارگا: واتە (کەوتنە خوارەوەی دڵۆپ) کەتوەتە ناوچەی تەوق سەر، زۆر زانیاری لە بارەی ئەم ناوەندەوە نیە، لە گەڵ ئەوەشا ئەم چاکرایە دائەنرێت بەسەرچاوەی پێکهاتن و بریتیە لە گەنجینەیێکی گرنگ بۆ تۆمارکردنی رووداوی چاك و خراپی هەمو ژیانەکانی پێشوی ئەو کەسە و ئەنجامدانی کارماکانی بەشێوەیێکی رێکو پێك، و ئەوکردارە تۆمارکراوانە هەتا هەتایە و هەر ئەمێنێ، ئەوکەسە بە تەواوی پاك ئەبێتەوە و تێکەڵ بە نوری خوای گەورە ئەبێتەوە، یاسای کارما باسەکەی دوورو درێژە و لەم کتێبەدا، لە سنوور دەرچوونە.

ساهاسرارا: واتە (هەزارلۆغانە) زانا بەرزە یۆگیەکان بەگوڵێکی نیلەوفەڕی دائەنێن کە ژمارەی پەڕەکانی لە سنوور بە دەرە، چونکە سومبولی هەر یەکێ لە چاکراکان، بریتیە لە گوڵێکی چەند پەڕەیی نیلوفەڕ،کە لە کاتی (چاودێرید) دا ئەیان بینن، ئەم ناوەندە پڕۆزە کەوتوەتە تەوق سەر، وە ناوەندی هێزو نوری خوایە، هەرکام لە چاکراکان خەبەری بوەوە،

تێکەڵ بە ساهاسرارا ئەبێت، نوری ئەم ئامێزە لە ناو هەمو لەشا بڵاوە، وە بریتیە لە سەرچاوەی سامادهی (صامادهی) واتە گەیشتنە لای خوا.

هەرکەسێ بە هۆی سۆفیگەری ڕِاستەقینە یا بەهۆی یۆگای تەواو، چاکراکانی ئاگادارکردەوە و بەردەوام بێت تا ئەگاتە ساهاسرارا، ئەو کەسە لە کێش و راکێشانی زەوی رزگاری ئەبێ، با لە سەر زەویش بێت.

هەندێ لە مامۆسا وگوروەکانی یۆگا، ساهاسرارا بە چاکرا دانانێن، وە کاشترای نیە.[1]

خۆتەرخان کردن بۆ تصوف یان تەمارینەکانی یۆگا، تاقە رێگایە بۆگەیشتن بەو ئامانجە پیرۆزە و ئەو دەسەڵاتە بەرزەی خوای گەورە تەرخانی کردووە بۆ بەندە دڵسۆزەکانی، هەر وەکو لە وتەیێکی پیرۆزدا (حدیث قدسی) ئەفەرموی: (عبدی اطعنی اجعلك ربانیا فاذا قلت له کن فیکون) واتە ئەی بەندەی من بە ڕِاستی بەندایەتیم بکە، دەسەڵاتی خوایەتیت ئەدەمێ، ئەگەر وتت با ئەو شتە ببێت، ئەبێت.

ئەمەیە پیرۆزی ئەو ئادەمیزادەی خوای مەزن بەو شێوەگرنگە دروستی کردووە و ڕێزی تایبەتی بۆ دابین کردوە لەگەڵ ئەوەیشا کە زانیاری تازە هەزاران جۆرە شتی بۆ ژیان داهێنا وکەشفی هەزاران هەسارە و هەموو نا و دەریاکانی کرد، بەڵام تا ئێستە کەشفی ئادەمیزادی نەکردووە و هەر بە نەناسراوی ماوەتەوە،

دانەری ئەم کتێبە(د.الکسیس کاریل) یەکەم زانایە لە بارەی ئادەمیزادە و ڤێنیەکانی لەش و دەروون و ژیانی ئادەمیزاد بە جۆرێکی زانیاری بدوێت.

منیش بە پێویستم زانی کە بە گوێرەی توانای سنوور داری خۆم وەری بگێڕمە سەر زمانی کوردی، تا خوێنەرانی کورد لە گرنگی ئەم زانیاریە گرنگە بێ بەش نەبن و لە هەڵە وکەم وکۆرتیەکانی منیش ببورن.

من بە گوێرەی پێویست و لە شوێنی خۆیا، تیشك ئەخەمە سەر ئەو بابەتە ڕوحیانەی کە د. الکسیس چاو پۆشی لێکردووە، چونکە تەنها لەشی فیزیقی ئەچێتە ژێرکۆنترۆڵی ئامێری

---

[1]- بۆ زیاتر زانیاری لە بارەی چاکراکانەوە، بڕوانە کێبەکانی کوندالینی بەرگی هەشتەم لە نوسینی مامۆستای بەرز ساتیاناندا ساراسڤاتی و وەرگێڕانی جلالی موسوی نسب، کە لە ئینگلیزیەوە کردویەتی بە فارسی.

تاقیکردنەوە لە تاقیگاکاندا، ئادەمیزاد بێجگە لە لەشی فیزیقی خاوەن لەشی ئیریە (تیشکی) کە ئامێژەکان ناگەنە کەشفکردن.

ئەم باسە بە وردی لە کتێبی (دە نامە لە جیهانی رِوحەوە) باسکراوە، نوسین و وەرگێرانی هاشم گۆیا،کە لە ساڵی ٢٠٠٦ لە سلێمانی لە چاپ دراوە..

هاشم گۆیا

کورتە باسێك لە ژیانی نوسەر

ناوی دکتۆر الکسیس کاریلە، ساڵی ١٨٧٣ لە فەرەنسە لە شاری (لیون) هاتوەتە دنیاوە، هەر لەو شارە بڕوانامەی پزیشکی وەدەس هێناوە، لەخوێندنا بەر دەوام بووە تا بووە بەخاوەنی بەرزترین بڕوانامەی زانیاری (علوم) لە شاری (دیگۆن).

دوای چەند ساڵێکی تر خوێندن و بەر دەوام بوون لە سەرکاری مامۆستایی لەشاری (لیون)، ساڵی ١٩٠٥بە مەبەسی زیادکردنی زانیاری چووە بۆ وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، لەوێ لە پەیمانگای لێکۆڵینەوەی زانیاری (رۆکفلر) لە نیۆرك دەست بەکار بووە و ماوەی ٣٠ ساڵ ماوەتەوە. ساڵی ١٩١٢بە هۆی لێکۆڵینەوە زانستیە بێ هاوتاکانیەوە، خەڵاتی نۆبڵی پێ بەخشرا، ساڵی ١٩٣٥ دەستی لەکارکیشایەوە گەڕایەوە بۆ فەرەنسە. کاتێ هاتەوە نیشتمانەکەی خۆی، حکومەتی فەرەنسە کاروبارە گرنگە تایبەتیەکانی وەزارەتی تەندروستی دایە دەست،کە تەواوکەری خزمەتەکانی پێشوی الکسیس بوو،کە لە جەنگی جیهانی یەکەما بلیمەتانە ئەنجامی دابوو، لە کاتێکا کە پزیشکی نەشتەرگەری بەرەی جەنگ بوو لە ناو سوپای فەرنسە دا، بەجۆرێکی وا کە لە لایەن حکومەتی بەریتانیا و ئەمەریکایشەوە، چەندین نۆتی ئازایەتی و ڕێز لێنانی پێ بەخشرا.

ساڵی ١٩٣٩دەستی لە کاروباری میری کێشایەوە، دەستی کرد بە لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوە و داهێنانی دڵی دەستکرد بۆگۆڕینی دڵی لە کارکەوتوو،کە تا ماوەیێکی زۆر ژیانی بەو نەخۆشە ئەبەخشیەوە.

کتێبی (الانسان ذلك المجهول)/ ئەوئادەمیزادە نەناسراوە/، ئەم کتێبە بە ناوبانگەی دکتۆر الکسیس، یەکەم چاپی، بە هەزاران بەرگی لێ فرۆشرا و چەندین جار چاپەکەی دووپات کرایەوە، چونکە بریتیە لە جۆرەها تاقیکردنەوەی نایاب وگرنگی ئەو دکتۆرە بلیمەتە،کە بۆ یەکەم جار، لە بارەی ئادەمیزادەوە دواوە، زوربەی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و وڵاتانی جیهانی تر، ئەم زانیاریە گرنگەیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی خۆیان. ساڵی ١٩٤٤ لە تەمەنی ٧١ ساڵیدا دنیا وگرنگترین زانیاری لە دوای خۆی بەجێ هێشت.

پێشەکی

دکتۆر الکسیس کاریل ئەڵێت: من فەیلەسوف نیم، تەنها مرۆڤێکی زانام، بەشێکی زۆری ژیانم تەرخان کرد بۆ دەراسەی زیندەوەری سەر ئەم زەویە، بەشەکەی تریشم بۆ تێ بینی لە ئادەمیزاد و چونە ناو هێنیەکانیەوە، من ناڵێم توانیم چارەی ئەوکێشانە بکەم کە زانیاری تازە لەئاستیا بێ دەستەڵاتە. بەڵکو هەوڵمداوە، لەم کتێبەدا بە ووردی و دوور لەتاریف کردن، ئەو شتانە باس بکەم کە لە ئادەمیزادا زەق ولەبەرچاوی هەموانە، من بە ڕاشکاوی ئەوە ئاشکرا ئەکەم کە لایەنێکی ون و هێشتا نەزانراو لە ئادەمیزادا هەیە. لە گەڵ ئەوەشا من لەهەموو شوێنێکا بێ وچان و هەموکات، توانای تاقیکردنەوەکانی خۆم خستەکار بۆ لێکۆڵینەوەیێکی کورت لە ئادمیزاد و لەودیاردانەی کەوتوەتە بەرچاوی تاقیکردنەوەی خۆم یا هاورێکانم، بۆ ئەوەش بەختم یاوەرم بوو، کە ناوەندی کارەکەم، کار ئاسانێکی گونجاو بوو، بۆ ئەوەی بتوانم هەندێ لەدیاردە ئاڵۆزاوە مەترسیدارەکانی ئادەمیزاد ئاشکراو پێشکەش بە خوێنەر و دۆستانی زانیاری بکەم.

ئەم دەراسە سەختە ئەگەرچی لە خەڵکی دور خستومەتەوە، بەڵام بە تەواوی لەشێوەی ژیانی هەژارو داراو تەندروست و نەخۆش، زانا و نەخوێندەوار، کەم فام و شێت، زیرەك وتاوانبارهەتەد.ئاگاداری کردمەوە، ئەگەرچی خۆیشم لە نزیکەوە هەندێ ئاگادارم هەبوو لە بارەی شێوەی ژیانی سەپان و کرێکار و نوسەر و بازرگان، دەوڵەمەند و خاوەن کارگە، سیاسی وکاربە دەستانی میری، سەرباز و مامۆستای زانکۆ، قەس و مەلا، بورجوازی و ئەرستقراطی، بێجگە لەوە، زروف سەپاندی بە سەرما بکەومە ناو ریزی فەیلەسوف و هونەرمەند و هۆنەر و زانا و بلیمەت و پیاوە پیرۆزەکان.

دوای دەراسەی ڕەوشت وبیرو بۆچون و دیاردەکانی ئەم هەموانە وکەڵك وەرگرتنەکانم لە هەموو ئەوکەسانە، دەستم کرد بەدەراسەی تیهەڵکێشەی میکانیکی سەر سووڕێنەری چنراوەی ناو پێچ و پەنا بێ سنوورەکانی مۆخی ئادەمیزاد، کە بنەڕەتێکی قووڵ وگرنگە بۆ لەش و ئەقڵ. من قەرزار بار و سوپاسگوزاری هونەرەکانی ژیانی ئەم سەدەیەم، چونکە توانای دیتنی ئەو دیمەنە

گەورەیەی بۆ دابین کردم و هەڵی ئەوەیشی بۆ ڕەخساندم، ئیش وکاری کۆمەڵێ لە باسەکەم لە یەك کاتا ئەنجام بدەم.

من لە جیهانی تازە و لەهەمان کاتیشا لە جیهانی کۆنا ئەژیم. من بەوە لەوانی تر جیاوازم، چونکە زوربەی وەخت لە پەیمانگای پزیشکی(ڕۆکفلر) لە گەڵ یەکێ لەو زانایانەی کە لە ژێر سەرۆکایەتی زانای بەناوبانگ (فلکستر) دابو،کاتی خۆم بە سەر ئەبرد. کاتی ئەم زانا بەرزانە : وەکو فلکستر، ملترز، جاك بۆیب، نجیۆش و زۆری تر دیاردە گرنگەکانی ژیانی ئادەمیزادیان تەنها وەك ئەنجامدانی کار، شیی ئەکردەوە، من زۆر بە ووردی و قوڵی بیرم لە دەرئەنجامەکانیان ئەکردەوە، کە لەناویانا زانای بەرز (فلکستر) ناوبانگی بلیمەتی دەرکەوت، دەراسەی ژیانی زیندەوەری بە جۆرێکی وورد، شیی ئەکردەوە و بلیمەتی خۆی تێدا دەست نیشان ئەکرد، لە هەمو بەشەکانی پەیمانگادا، مادەکان تاقی ئەکرانەوە، بۆ ئەوەی بگەنە ئەنجامی سەرەتای سەر هەڵدان و دروست بوونی زیندەوەرەکان بە تایبەتی دروست بوونی ئادەمیزاد،

زانا سروشتیەکان بە هۆی تیشکی (ئێکس)ەوە، دامەزرانی پارچۆلکەی (جزیئات) مادە چنراوەکانی (انسجة) لەشیان دۆزیەوەکە لە هەمو دامەزراوەکانی تری لەش ئاسایی تر،کە بریتیە لە زانیاری لە بارەی پەیوەندیە گشتیەکانی ئەوگەردیلانەی بەشداری دروست کردنی ئەم پارچۆلکانە ئەکەن. زاناکیمیاویەکان و زاناکانی کیمیاوی سروشتی، بە گەرمی خەریکی شیی (تحلیل) کردنەوەی، ئەو مادە ئالۆزانە بوون (کثیرة التعقد) کە لە ناو لەشی ئادەمیزادان، وەکو (هیمۆگلۆبین)ی خۆێن و (پروتینات)ی چنراوەی لەش و تیکەڵەکان و ئەو مادە ترشەڵۆکانەی ئەبن بە هۆی ئەو بەشکردنە (انقسام) لە گەڵ دۆزینەوەی هەمو ئەوکۆمەڵە گەورە گەردیلانە.

هەندێکی تر لە زانا کیمیاویەکان تەنها خەریکی سەروکاری شیی کردنەوەی پارچۆلکە نێن، بەڵکو هەوڵی زانینی ئەو پەیوەندیانە ئەدەن لەنێوان هەمو یەکێ لەو پێکهاتانەدا هەمیشە لە کاران لە کاتێکا کە گوشراوەکان (عصارة) ئەچنە ناو لەشەوە، واتە ئەو یەکسانیە سروشتیە-کیمیاویەی، هەمیشە تێکەڵیەکەی زەردەوی (مصل) خۆێن ئەپارێزێت، لەگەڵ ئەوەی کە جۆرەها گۆڕانکاری هەمیشەیی لە چنراوەکانی لەشا بەردەوامە.

من تیشك ئەخەمە سەر لایەنە کیمیاویەکانی دیاردەی فەسیۆلۆجی لەش،کە زوربەی زانا و پسپۆڕانی ئەندامە جۆراوجۆرەکانی لەشی ئادەمیزاد، لە گەڵ ئەوەی هەر یەکە بە بیروڕای جیاوازی خۆی و پێداگرتنی هەریەکەیان لەسەر بۆچۆنی خۆی، هەر هەمویان خەریکی

شیکردنەوە و تاقیکردنەوەی ئەو رێکخراوە گەورەیەن لەکۆمەڵێ پارچۆلکە دروست نەبێت و بەهاوکاری شانەکانی لەش و بەجۆرێکی سەرسوورێنەر ئەوکارانە رێکنەخەن و پێویستی ژیان و خوێن دابین ئەکەن. ئەوانە شێوەی یەککرتنی ئەم خانانەیان دەراسە ئەکرد، لەگەڵ ئەو یاسایەی کە فەرمانڕەوایە بە سەر ئەو پەیوەندیە و پەیوەندیەکانی تری دەور و بەریانا بۆ زانیارێکی زیاتر، لە کاریگەری ناوەندی گەردوون (وسط کون) لە سەرئەوکۆمەڵە وکاریگەری مادە کیمیاویەکانی ناو لەش لەسەر چنراوەکانی لەش و هەستەکانی ئادەمیزاد.

هەندێکی تر لە پسپۆڕە تایبەتیەکان، خۆیان تەرخان کردبوو بۆ دەراسە و لێکۆڵینەوە، لە زیندەوەرە هەرە وردەکانی ناو خوێن (ڤایرۆس) و دژەکانی ڤایرۆس کە (باکتریا) یە، هەمیشە لە گەڵیانا ئەجەنگن و بەرگری لە نەخۆشیە کوشندەکان و تەشەنەکارەکان ئەکەن، هەروەها ئەو هۆکارە جوانانەیّ کە لەش بە کاری دێنێت بۆ بەربەرەکانی زۆر نەخۆشی مەترسیدار، وەکو نەخۆشی شێرپەنجە، سیل، تاعون، ئاوسانی گورچیلە .. هتد، کە قۆرت و چەڵەمەی ئەو مەترسیانە، ئێستە بە سەرکەوتووی بەربەرەکانی ئەکرێت. بەڵام شانسی خۆم وام بۆ رەخسا ئامادەی لای هەندێ زانای بەرزبم، کە پسپۆڕی تایبەق بوون و بەردەوام بوون لە سەر باسی ئەو بابەتانە. منیش لەئەنجامی باس کردنەکانیانا، ئەو زانیاریە گرنگەم بۆ دەرکەوت،کە مادە بێگیانەکان لە یاسای لەشا ئەنجامی ئەدەن، هەروەها تایبەتمەندی زیندەوەرەکان و پێکەوە گونجانی لەش و ئەقڵ، بۆ کارکردن لەشی ئادەمێزاد و بەردەوامی ژیان.

من ئەو شتانەم لەو پەڕی گرنگیدا ئەهاتە پێش چاو، بۆیە بێووچان بەر دەوام بووم لە سەر لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوەی باسەکانی نەشتەرگەری و فەسیۆلۆجیای خانەکان و میتافیزیك، هاوکار ئەو ئاسانکاریانەی بۆ یەکەم جار لە مێژووی زانیاریدا خرابووە ژێر دەستی زانا و زانیاریەکان، بوو

بەهۆی ئەوەی بتوانن کارەکان بەباشی ئەنجام بدەن و ئەو پەیامە پێرۆزە بگەیێنن شوێنی خۆی. کاریگەری فەرمان و ئامۆژگاریە راستە و خۆکانی (ویلش) و نمونەییەکانی (مثالیة) (فردریك. ت.) وکارە گرنگەکانی (گیتس) لە بارەی زانیاری زیندەوەرەوە، بیر و بۆچۆنێکی تازەی پیادەکرد، لەگەل دابین کردنی جۆرەها پێشنیاز بۆ ئامێزی تازە و تاقیکردنەوە و لێکۆڵینەوە لە ئیش کردنەکانیانا، هەروەها هاندانی زاناکان، کە بوو بەهۆی ئەوەی دکتۆر(فلکستر) دەستی یا رمەق دریژبکات ودڵسۆزانە جۆرەها ئامێزی تازە دروست بکا، کە

بوو بە هۆی کەم کردنەوەی کاتی ایش کردنی کرێکاری کارگەکان و ئاسانکاری و هاوکاری گشتی لە بەینی هەموانا و بەرژەوەندی کارەکانیان بەشێوازێکی ئازاد، لەگەڵ داهێنانی یاسای ئاسانکاری بۆ بەرژەوەندی گشتی..

ئاشکرایە گۆڕینی کاری دەستی لە کارگەکانا بۆ ئامێری تازە، پێویستی بە شارەزایی هەیە، بۆ بەکار هێنانیان. بۆ ئەو مەبەستە خولی فێرکردن و چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو ئامێرانە بۆکرێکاران کرایەوە، بەڵام بە یاسای جیاواز، واتە هەرکرێکارێ تەنها بەشێ لە کارەکە بزانێ و بە چەند کەسێك یەك پارچە تەواو بکەن وکەسیشیان کارەکەی ئەوی تریان نەزانێ، کە تائێستەش ئەو یاسا جیاوازییە لە زۆرکارگە وکومپانیای جیهانا لە ئارادایە. ئێستە ئێمە زانیارێکی ئەوەندە زۆرمان لە بارەی زیندەوەرەکانەوە لەلا کۆمەڵ بووە کە بارستاییەکەی کۆسپە لەبەردەمی دەرهێنانی دەرئەنجامەکەی بە شێوەیێکی زانیارانەی راستەقینە. بۆ ئەوەی دەراسەی بابەتەکەکەڵك بەخش بێت، پێویستە ئەنجامەکەی بە وردی و بە کورتی بخرێتە پێش چاو. مەبەسی من لە دانانی ئەم کتێبە ئەوەیە پەیامەکەی تەنها بریتی بێت لە زانیاری لە بارەی ئادەمیزادەوە، ئەگەر چی زانیاری لە بارەی ئادەمیزادەوە دەیان کتێبی گەورەی ئەوێ، بەڵام مەرامی منِ رێکخستنی ئەو زانیاریانەیە لەبارەی خۆمانەوە لە لام کۆبوونەوە و بەشێوەیێکی رێکوپێك و ئاسان پێشکەش بە خوێنەران بکرێت.

بەگوێرەی توانا هەوڵم داوە ئەو راستیانە، سادە و سەرەتایی نەبێت، هەروەها پڕیش نەبێ لە وشەی قورس و قەبەی زاراوەی تازە (مصطلحات) وایش نەبێت بریتی بێ لە باسێکی لاواز و منالانە، ئەوکاتە من ئەتوانم بڵێم " ئەمەم بە تێکڕایی نوسیوە بۆ مرۆڤی زانا و رۆشن بیر و سادە، بێ جیاوازی".

من لام ئاشکرا و ڕونە، ئەم رێ پێوانەی من بۆ ئەم کارە پڕئەبێ لە چەندەها ماندووبی و قۆرت و چەڵەمە، لە گەڵ ئەوەشا هەوڵم داوە هەر زانیارێك و بابەتێك پەیوەندی هەبێت بە ئادەمیزادەوە لەم کتێبەدا پیادەی کەم، چاکیش ئەزانم من بە هیچ جۆرێ ناتوانم پسپۆڕ و زاناکان رازی کەم، چونکە ئەوان هەریەکەیان لە بواری خۆیا، لە من زاناترە وکتێبەکە م بە چەند باسێکی سەرەکی لە قەڵەم ئەدەن. بێجگە لەوان،خوێندەوارەکانیش بە دڵێکی گەرم و خۆشەوە پێشوازی لەم باسە ناکەن، چونکە بریتیە لە شیکردنەوەیێکی زانیاری و لایەنە هۆنەریەکان و پڕیەتی لە ووشە و ناوی تازەی قورس و نامۆ، لە گەڵ ئەوەشا من هەرکۆڵم نەدا

وەدەست بە کار بووم و لە هەر زانیارێك پەیوەندی بووبێت بە ئادەمیزادەوە کورتە باسێکی پێویستم لێ گوڵچن کردووە، لە گەڵ روون کردنەوەی ئەوکرداڕە خودکاریە (اللاارادیە) سروشتیانە، خواکرد، و چالاکی کرداڕە کیمیاویەکان بۆ دروستکردن و داهێنانی بیری تژ وخێرایی مێشك، بە یارمەتی لێدانە نەزمە رێك و پێکەکانی ناو لەش بەهۆی ئامێزی دڵەوە بۆ داڕشتنی بیر و بۆچونی پێویست و هەمیشەیی ئادەمیزاد، لام ئاشکرا بووە مرۆڤ لە رێگای هەوڵدانا پێویستە کۆڵنەدەر بێت وزۆر بە خۆڕاگری بەربەرەکانی قۆرت و چەڵەمەکانی بکات و سەر نەکەوتنی هەنگاوەکانی پێشووی بە پلەی یەکەمی سەرکەوتن دابنێت، چونکە بەردەوام بوون لە سەر هەر پرۆژەیێکی پڕ لە کەم وکوڕی جۆراوجۆر، زۆر باشترە لەوەی کاری تێدا نەکەیت. ئاشکرایە

پەسا وتنی کۆمەڵێکی زۆر لە زانیاری جۆراوجۆر و جێ کردنەوەیان لە رووبەرێکی تەسك و بچوکا، ناجۆرێکی گرنگ و زەق ئەخاتە پێش چاوی خوێندەواران و دووریان ئەخاتەوە لە هەست کردن بەوەی کە ئەم باسە دەرئەنجامی چەندەها مەتالا و تێبینی و تاقیکردنەوەیە.

ئەو باسانە لە لایەن زانایانی فەسیۆلۆجی و پسپۆڕانی تەندروستی و پزیشکە جۆراوجۆرەکان و زانایانی بەخێوکردن و ئابوریناسان و زانا کۆمەڵایەتیەکانەوە دەیان ساڵی خایاند، زوربەی باسەکانیانم لە چەند دێرێکی کۆرت یا هەندێ رستەی بچوکدا جێ کردوەتەوە، واتە هەر دێڕێ یا هەر ووشەیێك، بریتیە لە کارێکی درێژ خایەنی زۆر سەخت لە لایەن زانای ئەو بابەتەوە ئەنجام دراوە، بێجگە لە جۆرەها تاقیکردنەوە وشەونخونی و خۆ ڕاگرتنێکی بەردەوام، هەر وەها هەندێکی بریتیە لە دەرئەنجامی بەخت کردنی رۆژانی تەمەنی زانایێك، کە تەرخان کردووە لە پێناو شیکردنەوەی بابەتێکی زانیاری،

منیش بەهێزی بەردەوامیەکەم و تێبینی بێ سنورم لەسەر وردەکاری بابەتەکان، دەستمکرد بەکورت کردنەوەی کۆمەڵێکی زۆرو قەبە لە زانیاریەکان و داڕشتنیان لە قاڵبی بچوك و شیاوا. لەبەرئەوەیە، بابەتە جۆراوجۆرەکانی کتێبەکە وەك سەربابەتێك دێنە پێش چاو و ناوەرۆکەکەی زۆرکورت و پڕ واتە پیشان دراوە.

هەروەها زۆربەی دیاردەکانی لەش و ئەقڵ لەم کتێبەدا وەکو هێڵی وێنەیی (الرسم البیانی) باس کراوە و لەگەڵ ئەوەی شتەکان هەمووی پێکەوە بەستراوە و جیاوازیێکی زەقیان لە بەینا بە دی ئەکرێت، بەڵام دەرئەکەوێ جۆری پێکەوە نوساندنەکەیان وەکو کۆی بەرد وخانو، یان وەکو

دارستانی دوور و چڕ وایە، کە لێك جیا کردنەوەیان سەختە و ناکرێت. پێویستە لە بیرمان نەچێت باسە راستیەکانی ئەم کتێبە زۆر بە تەواوی پیادە نەکراوە، بەڵکو بریتیە لە کورتە باسێکی جۆراوجۆر لەبارەی ئادەمیزادەوە، بێشك دوور نیە لە هەڵە وکەم وکورتی، بۆ نمونە: وێنەی بە دەست کێشراو وەك وێنەی بە کامێرەگیراو راستی تەواوی وێنەکە نیشان نادات و ناتەواوی تێدا هەیە. من پێش ئەوەی دەست بکەم بە نوسینی ئەم کتێبە، ئەمزانی لە پێناوی ئەم کارەدا توشی گەڵێ ئازاری ماندوو بوون و چەندەها چەرمەسەری ئەبم و دووریش نیە ناچار بم وازی لێ بێنم، لەگەڵ ئەوەشا پێم نا بە جەرگی خۆما و چومە ژێر ئەو بارە گرانەوە و دەستم پێکرد، چونکە ئەگەر من بەم ئەرکە هەڵنەستم بێشك یەکێکی تر هەڵئەکەوێ ئەوکارە ئەنجام بدات، یان کەم وکۆرتی و نا تەواویەکەی من تەواو بکات، با ئەوەش بزانین، زۆرینەی خەڵك رووخاون و توانایان نیە لە گەڵ پێشکەوتنی سەدەکەیان تێکەڵ بن و بگونجێن و لە گەڵ ئامانجە هاو چەرخەکەدا بەرەو پێشکەوتن زیاتر هەنگاو بنێن، چونکە هەرەسیان هێناوە و لەوکاروانە بە جێ ماوون، چونکە بریق و باقی دنیای فیزیقی و فەنتازیەکان فریوی داوون و ناخ ودەروونیان تێك چووە، خۆیشیان بە خۆیان نازانن چۆن لەش و هەستیان کەوتوەتە بەر لێدانی هێرشی سەختی یاساکانی سروشت، ئەو یاسایەی کە نەناسراوو نەزانراون (غامض) چونکە پێویستە هێزی لەش و هەستە لە گەڵ یاساکانی جیهان هاوسەنگ بن، نایشزانن دژایەتی ئەو یاسایانە بێشك تاوانە و سروشت بە توندی سزایان ئەدات. لە بەر ئەوە و بەرژەوەندی ئادەمیزاد، پێویستە پەیوەندی راست لەگەڵ جیهانی فیزیقی و ئادەمیزاد ببەستین بە جۆرێ راستی ئەو پەیوەندیە بگاتە ناوەرۆکی دەروون وکار بکاتە سەرلەش و روح و سەر هەمو هەستەکان.

ئاشکرایە ئادەمیزاد سەروەری هەمو زیندەوەرەکانی سەر زەویە و لە هەمویان پڕۆزترە، ئەگەر ئادەمیزاد هەرەسی هێنا و رۆخا، بێشك نەوەك هەر جوانی شارستانیەت بەڵکوجیهانی فیزیقی بەوگەورەیە، خۆی ناگرێ و لە ناو ئەچێت، لە بەر ئەوە بوو، من ئەرکی دانانی ئەم کتێبەم هەڵگرت، ئەگەر چی دەست پێکردنەکەی بۆ من لە بارو دۆخێکی گونجاوا نەبوو بۆ نمونە: وەکوکەش و هەوای لادێکی بێدەنگ و هێمنو ئاو و هەوا پاك، بەڵکو بریتی بوو لە شوێنێکی نا سازی پڕ لە غەوغایێکی وەك ئاسنگەرخانە و هۆکاری ماندوکردن مێشك، کە ئەویش شاری نیۆرك بوو. لە گەڵ ئەوەشا برادەران و فەیلەسوف و زاناکان و ئابوری ناسان و ئەوانەی چەند سالێ بوو پێکەوە ئەژیاین و هەمیشە دەراسەی تەنگ و چەڵەمە گەورەکانی

سەدەمان ئەکرد، و پێشنیاری چارە سەرەکەیمان باس ئەکرد، ئەمانە هەر هەمویان هانیان دام و داوایان لێ کردم کە ئەرکی ئەوکارەگرنگە بگرمە ئەستۆی خۆم. من بەراشکاوی و راست گرنگی و بلیمەتی پرۆفیسۆر (فردریك ر.کۆدیر) بەرز ئەنرخێنم کە بە تێڕبینی بێ وێنەی خۆی بوو بەهۆی ئەوەی بابەتە بێ هاوتاکانی ئەم کتێبەم پەرە بسێنێ و بەهەموو شوێنێکی جیهانا بڵاوبێتەوە و هوما ئاسا باڵ بەسەر هەمو ئەمریکا وئەوروپادا بکێشێت. بەڵام بەداخەوە ئاشکرایە زۆرینەی وڵاتە گەورەکانی جیهان وەکو ڕوسیا و بەریتانیا و فەرەنسە و ئەڵمانیا.. هتد، ملکەچی سەروەرایەتی ئەمەریکای زهێزن، لەکاتێکا هەر هەمو ئەم وڵاتانە کوێرانە و بێ لێکدانەوە، گیانی شارستانیەتی هەمە جۆرەیان داهێنا، گوایا ئادەمیزادیان لە دواکەوتن ئازادکرد،کەچی لە هەمان کاتدا هەر هەمویان کەوتنە ئەو زەلکاوەی کە ئەمەریکای ئاغایانی تیادا نوقم بووە. واتە پێویستە ئادەمیزاد پێشەکی پشت بکاتە جیهانی ئامێر و شارستانیەتی فیزیقی، وچالاکیێکی زیاتر و بیر و باوەڕێکی پتەوتر بۆ خۆی تەرخان کات، بۆ دەراسەی زانیاری لە بارەی ئادەمیزادەوە، چونکە ئێمە ناتوانین کەسێ ئازادکەین کە نەیناسین. ئەبێ بە تەواوی لە ئادەمیزاد بکۆڵینەوە، لە کردارەگرنگەکانی لەش و دەروونی تێ بگەین، ئەوکردارانەی وا زانایان و داهێنەرانی وەکو نیوتن و ئەنیشتاین، دایان هێناوە.مەبەسی من لە دانانی ئەم کتێبە ئەوەیە،کۆمەڵێ لە زانستی زانیاری لە بارەی زیندەوەری جیهانی ئێستەوە بخەمە بەر چاوی هەمو خوێندەوارێك.هەمومان باش ئەزانین شارستانیەتەکەمان تاچ رادەیێك لاوازە، زوربەمان خۆزگە خوازی ئەوەین، ئەو فەرمانانەی کۆمەڵگای تازە سەپاندویەتی بە سەرمانا و وەك دۆڵپا بە کۆڵمانەوەیە، فرێی بدەین و لە خۆمانی دوور خەینەوە، ئەم کتێبە پێشکەشە بەوانەی مەبەسیان تەنها زانیاریە لە بارەی لەش و ڕوح و ئەقڵی ئادەمیزادەوە. ئەم کتێبە بچوکە کەڵکێکی گەورە و هەمیشەیی هەیە بۆ هەموو پیاوێك و هەموو خانێك، بۆیە ئەڵێم پێشکەشە بە هەمووکۆمەڵگای ئادەمیزاد لە جیهاندا.ئەم کتێبەم نووسی بۆ وریا کردنەوە و هاندانی ئەوانەی بوێر و چاو نەترسن بۆ ئەوەی تێکۆشن بۆ وەرگێڕان و لابردنی ئەم شارستانیەتە دەستکردە ناجۆرە و هێنانە دیی شارستانیەتێکی ڕاستەقینە و شیاو بۆ پێشکەوتنی ئادەمیزاد لە هەموو بوارەکانی ژیانا، هاوکارو شان بە شانی ئەم هەمو هەوڵانە، پاراستنی باری ئەقڵی و زانیاری، هەروەها بۆ پیادە کردنی کۆمەڵایەتێکی ڕاست و شیاو لەگەڵ هاوچەرخی ڕاستەقینەدا.

پێشکەشە بەماموستاکانی زانکۆ، ئەفسەر، ئەندازیار، ئابووری ناس، پزیشك، پەرستیار، پیاوەئایینیەکان، پسپۆرەکۆمەڵایەتیەکان، رامیاریەکان، خاوەن کارگەکان و هەمو قوتابیان.. هتد، بەتایبەتی بەوانەی کە مەبەسیان ئەوەیە، بزانن ئادەمیزاد چیە؟ بۆ ئەوەی خۆیان بناسن.. د.الکسیس کاریل

وێنەی .الکسیس کاریل

وتەی وەرگێڕ

ناوم هاشم عزیز، نازناوم (گۆیا) لەدایکبووی ۱۹۲۱/۵/۸ لەبنەماڵەیەکی کاسب و پێکهاتو لە باوك و دایك و سێ برا و دوو خوشك و لە وەچەی پیاوێکی پیرۆز، بە ناوی حاجی رەشیدی ئاوکورتەیی کە بنەماڵەی مام ئەورەحمانیان لێ کەوتوەتەوە.

سەرەتای خوێندنم لە تەمەن شەش ساڵی لە حوجرە دەسی پێکرد، دوای خوێندن قورئانی پیرۆز، دەستم کرد بە خوێندن فارسی وکتێبەکانی سەعدی شیرازی و چەند کتێبێکی تر، چونکە لەو کاتەدا، داری خوێندن کوردی هێشتا بەری نەگرتبوو.

بە ماوەی دوو ساڵ فێری فارسی بوم و خەتێکی خۆشیشم پەیا کرد. بارودۆخی ژیان وای کرد بە رۆژ ئیش بکەم و بۆ پەرەپێدانی خوێندنەکەم ساڵی ۱۹۳٤ چومە قوتابخانەی زانستی شەو و لە پۆلی دوو وەرگیرام و ساڵی ۱۹۳۹– ۱۹٤۰ بروانامەی پۆلی شەشم وەرگرت، لە بەر بێدەسەلاتی و ئیشکردن، نەمتوانی درێژە بە خوێندن بدەم، چونکە لەوکاتەدا بە ئێواران ناوەندی نەبوو.

ساڵی ۱۹٤۲ بوم بە سەربازی اختیاری و لە بەر بروانامەکەم، لە فەوجی دووی موخابەرەی کەرکوك وەرگیرام. رێکەوتی جەنگی دووەمی جیهانی ئەکرد و لە هەمان کاتیشا لەشکرکیشی دەوڵەتی عیراق بۆ سەر کوردەکانی بەرزان لە ئارادا بو، سریەکەی فەوجی ئێمەش بەشداری ئەو شەڕەی کرد و وەکو بنکەیێکی پەیوەندی لە رەواندز جێگیر بوین. من لە بەرئەوەی ئەندامێکی حیزبی هیوا بووم، بە فەرمانی کە لە خوا لێخۆشبو نوری مەلا حەکیمم وەرگرت، لە سەربازی رام کرد و چوم بۆ قەڵادزێ.

دوای لاچونی کۆماری مەهاباد، هاتمەوە بۆ سلێمانی و لەوێ گیرام و ناردمیانەوە بۆ فەوجەکەی خۆم لە کەرکوك. درام بە دادگای سەربازی، لە بەر ئەوەی لە کاتی جەنگا رام کردبوو، سزاکەم گولە باران بوو، بەڵام بە هۆی یارمەتی سەید ئەحمەدی خانەقاوە تەنیا یەك مانگ بەندیم بۆ دانرا و چومەوە بۆ فەوجەکەی خۆم.

ساڵی ۱۹٤۷ لە سەربازی رزگار بووم.

لەبەر بێکاری ساڵی ١٩٥٠ چوم بۆ بەغدا و لە سەر پاسەکانی هاتوچۆ، بوم بە بلیت فرۆش (جابی).ساڵی ١٩٥٦ لە سلێمانی بوم بە فەرمانبەر لە ئەوقاف، دوای چەند مانگێ لەو کارە دەستیان کێشامەوە، لە ساڵی ١٩٥٧ لە بەندا‌وی دەربەندێخان دەستم کرد بە کارکردن. دوای رۆخانی رژێمی مەلیکی ساڵی ١٩٥٨ و دەست پێکردنی چالاکی ئاشکرای حزبی پارتی، کرام بە کادری پیشەیی و بەرپرسیاری چاپەمەنی و ئەندامی لێژنەی پارتی لە ناوچەی دەربەندێخان و هەندێ بەرپرسیاری تر.ساڵی ١٩٦٠ هەلبژێرام بۆ سەرۆکی ساندیکای کرێکارانی دەربەندێخان بەشی ئاوەدان کردنەوە (اعمارالشمال)، ئاگری شۆڕشی ئەیلولی مەزن لە ١٩٦١/٩/٩ لەدەربەندێخان هەڵکرسا، ئێمەش وەك پێشمەرگەیێکی چەکدار دژی لەشکەر کێشیەکەی هاشم عبدالجبار کە ئەیویست بەرەو سلێمانی بڕوات، روما ن کردە شاخەکان. دوای دوو رۆژ لە ١٩٦١/٩/١١ بەرزانی نەمر شوڕشی ئەیلولی بانگێشە کرد. دوای مانگێك بە فەرمانی مەکتەبی سیاسی پاشە کشێمان کرد و هاتەوە بۆ سلێمانی. بە فەرمانی جەنابی مام جەلال چوم بۆ لای خۆی بۆ ماوەت و وەك پێشمەرگەیێ بەشداری هەندێ چالاکیم کرد. دوای ماوەیێك ناردمیانەوە بۆ سلێمانی بۆکار و باری چاپەمەنی. ساڵی ١٩٦٢ بە فەرمانی مەکتەبی سیاسی چوم بۆ بەغدا بۆ دروست کردنی ئێستگە بۆ شوڕش، لە گەڵ ئەوەی کە لە لایەن ئاسایشی دەوڵەتەوە فەرمانی گرتنم لە سەر بوو، ئینجا بە سەربەرزییەوە بە ئەنجام دانی ئەوکارە هەستام. دوای تەواو بونی ئێستگەکە، بە هۆی هەڵەی هاورێکەمەوە کارەکەمان ئاشکرا بوو و لە ١٩٦٢/٣/٢١ دەسگیرکرام و درام بە دادگای سەربازی و بە گوێرەی بەندی ژمارە(ب) ١٢ لە دەستوری یاسای سەربازی، سزای بەندی هەتا هەتایی (موبد) درا بە سەرما. ساڵی ١٩٦٦ کاتی رێکەوتنی رژێمی بەعس لە گەڵ بارزانی نەمر، بە سەر پەرشتی عبدالرحمن بەزاز، لە سەر مەرجی بەردانی بەندیەکان، رزگارکرام، بە مەرجی مانەوەم لە بەغدا (اقامةجبرية). ساڵی ١٩٦٧ بوم بە فەرمانبەر لە کۆمپانیای پێستە لە بەغدا بە کاتب طابعە بە دوو زمان، دوای پێنج ساڵ خۆم نەقڵ کرد بۆ دائرەی ئاوەدان کردنەوەی کوردستان (اعمارالشمال) چونکە هەمویان کورد بوون.. لەم ماوەیەدا لە بەغدا، دەراسەی ناوەندی و پەیمانگای بازرگانیم بە ئێواران تەواوکرد، دوای ئەوە دەسم کرد بە پەرە پێدانی زمانی ئینگلیزی لە پەیمانگای ئەمریکی بەغدا. دوای تێکدانی دایرەی ئاوەدان کردنەوە، ساڵی ١٩٧٥ خۆم نەقڵ کرد بۆکومپانیان چیمەنتوی سلێمانی وکرام بە رەئیس ملاحظین و بەرپرس و سەرۆکی بەشی تەلەکسی لاتینی. ١٩٨٣ لە سەر داوای

خۆم خانەنشین کرام. لە بارەی بیروبۆچوونی ئایینیەوە، تا ئەم ماوەیە لەو پەڕی تاریکی بێ باوەڕی و سەر لێ شێواوی مادییەتیدا ئەژیام. لە سەرەتای سالّی هەشتا، خوای بە بەزەیی، بە موعجیزەیێك بەرچاوی رووناك کردمە وە و لە راستی گەیشتم، دەستم کرد بەخوا پەرستی و دەراسە کردنی زانیاریە روحیەکان، لەگەڵ فەلسەفەی زانیاری یۆگای مەزن و تا بوارێکی باش سەرکەوتنم تێدا وەدەسهێنا. هەر لە هەمان سالّ تاریفی گرنگی کتێبێکم بەرگوێ کەوت بە ناوی (الانسان ذلك المجهول) ئەو ئادەمیزادە نەناسراوە، دانەری دکتور (الکسیس کاریل) هەڵگری خەڵاتی نۆبڵ سالّی ١٩١٢ کە عادل شفیق کردویەتی بە عەرەبی. هەر چۆن بۆ کتێبەکەم لە بەغدا دوزییەوە، لە کاتی چون بۆ سەفەر بۆ بێ تاقەتی سەیرم نەکرد، بەڵام لە هیچ جارێکی خوێندنەوەکانیا ئەوکتێبە کە بریتیە لە ٨٥ باس لە هەشت بابەتا، نەم توانیوە یەك باسیشی تەواو بکەم، چونکە بریتیە لە دەریایێکی بێ پایان لە زانیاری سەیری ئەناتۆمی و بەشەکانی تری ئەو جیهانە فراوانەی لەشی ئادەمیزاد.

کەچی! هەر لە خۆمەوە هات بە سەرما، کە ئەبێ من ئەم کتێبە وەرگێرمە سەر زمانی کوردی، لای هەندێ برادەران ئەمەم درکاند، تێکرا وتیان" ئای کە ناتوانی" چونکە زۆر سەخت و ئاڵۆزە، بێجگە لەوەی کە عەرەبیەکەی زۆر رەقە و پڕە لە زاراوەی قورس، وە بابەتێکی زانیاری پزیشکی و ئەناتۆمی و فیزیاوی و کیمیاویە. بەڵام منیش هەر وەکو هەمو ئادەمیزادەکانی تر، سروشتی رەمەکی قیرسیمەیی پاڵی پێوە نام و هەر لە سەر بریاری خۆم مامەوە، ئەوانیش دەسیان بڕیم و پێشەکی دەس خۆشییان لێ کردم کە نە رێسراوە و نە پێسراوە، پێشم شەرم بوو پاشگەز بمەوە، ووتم دەس لە دەس و هێز لە خوا.من بە راستی لە زانیاری زمانی عەرەبی خۆم رائەدی، بە باشی و تا سنوری ئەم زمانەم ئەزانی .چونکە من ماوەی شانزە سالّی تەواو هەمو رۆژێك و رۆژی هەشت سەعات لای زاناترین کەسانی ئەو بابەتە، دەراسەی زمانی عەرەبیم کردووە، واتە من لەو ماوە باسکراوەدا، کاتب طابعەی عەرەبی بووم، وە رۆژانە ٦٠ – ٧٠ نوسراوی عەرەبیم چاپ نەکرد، لە گەڵ سێ چوار جار خوێندنەوەس و پیاچونەوەیان کە زۆر جار لە سەر ووشەیێك لە گەڵ باشترین زانا لە نێوانمانا کێشە روی نەدا و زۆر جار بۆچوونەکەی من تەواو دەرئەچو. لە سەر ئەم باوەڕ بە خۆ بوونە و بە یارمەتی زاراوەی کمال نامە ی بەرێز و خوا لێ خۆش بوو مامۆستا (کمال جلال غریب) و بە تەمای چاوپۆشی خوێنەران لە هەڵە وکەم وکورتیەکانم، چومە ژێر ئەوکۆڵە گرانە و لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٥

دەستم کرد بە دەس نوسی وەرگێڕانەکە.لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٧ تەواو بوو. لە کانونی یەکەمی هەمان ساڵا دەستم کرد بە چاپ کردنەکەی و پیا چونەوەی لە لایەن خۆمەوە، لە مارتی ٢٠٠٨ بە یارمەتی خوا تەواو بوو.

ئەم زانیاریە گرنگە وەرگێڕدراوەتە سەر هەمو زمانەکانی جیهان، منیش وام بە باش زانی کە بەگوێرەی کوێرە زانیاریەکەی خۆم وەرگێڕاوێکی لاواز بخەمە بەر چاوی خوێنەرانی بە رێزی کورد، بە هیوای ئەوەی بە چاوێکی لێ بوردن و دڵێکی فراوان لە هەڵە و کەم وکورتیەکانی ببورن و لە ریزی کتێبەکانی خۆیانا شوێنێکی بدەنێ، یان بیدەن بە گوڵە بە رۆژە فرۆشەکان بۆ لولە.

هاشم گۆیا - ستۆکهۆڵم

بابەتی یەکەم

ا)پێشکەوتنی زانیاری بێگیان لە زانیاری گیاندار خێراتر ئەڕوات. لە بارەی خۆمانەوە هیچ نازانین.

ب)هۆی ئەم نەزانینەمان ئەگەڕێتەوە بۆ ژیانی لەوەپێشی باپیرانمان و ژیانەکانی پێشوی خۆمان و بۆگرێ پوچکەیی ئادەمیزاد و پێکهاتەی ئەقڵمان.

ج)بۆچی لەشوێنەوارەکەمانا زانیاری میکانیکی و زانیاری سروشتی وکیمیاوی گۆڕانکاری بەسەردا هات؟

د) دەرئەنجامی ئەم گۆڕانکاریە بە چی گەیشت؟

ه)ئاشکرایە گۆڕانکاریەکە زیان بەخشە، چونکە بەبێ لێکدانەوەی سروشتی ڕەوشتمان سەپێنرا بە سەرمانا.

و) بۆ ئەوەی خۆمان بناسین، پێویستە زانیارێمان پتەوتر کەین.

باسی یەکەم

لەم جیهانەدا جیاوازییەکی سەرسوڕهێنەر هەیە لە نێوان زانستی بێگیان (جماد) ڕەقەمەن و زانستی ژیاندا. زانستی بێگیان وەکو: هەسارەناسی و میکانیکا و سروشت، بە زمانی زانیاری و هێمای تایبەتی و ژمارە باسی بابەتەکانیان ئەکرێ. ئەم زانیاریانە جیهانێکی ڕێکوپێك و گونجاویان بۆ ئادەمیزاد پێکهێناوە، وەك ئاشماوە کۆنە ڕێکو پێکەکانی یۆنان، هەروەها ئەم زانیاریانە تۆڕێکی فیزیقیان لە چنراوەیێکی جوان و لە هێمای جۆراو جۆر و ژمارە و تێۆر بە دەوری جیهانا تەنیوە،کە لە بیر و بۆچونی هێما و ژمارەی بێدەنگی کەڕو لالَ پێکهاتووە، کە بریتین لە هاوکێشەی جەبر(معادلة جبرية) وا ئەزانن، بەدوای ڕاستیدا ئەگەڕێن، کە بە ڕاستی، هەڵوێستی زانیاری ژیان، زۆر لەو بۆچونانەی ئەوانەوە دوورە، بەجۆرێ ئەوانەی خەریکی لێکۆڵینەوەی ژینگەن زوربەیان کوێرانە لە ناو دارستانێکی چڕ و پڕی بێ سنوورا ون و سەر لێ شێواون، یان وەکو کەسێ بە شەوی تاریك لە ناو جەنگەڵێکی تەلیسماوی جادوو شێوەدا گیری خواردبێ و بنچك و دارەکان لە بەرچاوی هەر ساتە بەشێوەیێکی ترسناکانە لەگۆڕانا بن، یا لە ژێرکۆڵێکی پڕلە ڕاستەقینەی قورسا نقەی بێت و هەناسە بڕکەی پێ کەوتبێ و نەشتوانێ خۆیی لێ ڕزگاربکات، دەسەڵاتی ئەوەیشی نەبێ ئەو بابەتانەی کۆڵی لە ناو چوارچێوەیێکی باسکردنا ڕێکبخات و یەکسانییێکی جەبریان بۆ دابین بکات ، ئەو شتانەی لە جیهانی فیزیقیدا بەچاو ئەبینرێن وەکوگەردیلە، هەسارە، بەرد، هەور، ڕەق، ئاو، ئەمانە و ئەوانی تریش تایبەتمەندیەکانی هەریەکەیان کە بریتیە لە قورسی و پانی و بەرزی، پێویستە دیاری بکرێن، بەڵام ئەم تایبەتمەندیانە بریتی نین لە ڕاستییێکی زانستیانە، بەڵکو بریتین لە دەرئەنجامی بیرو بۆچونی زانیارییێکی فیزیقی ناتەواو و ناڕاستی خۆمان.

ئەگەر بێتو بە وردی سەرنجی شتەکانی دەوروبەری خۆمان بدەین ئەبینین هەریەکە لەو شتانە، تەنها وێنەیێکی بچوکمان لە زانیاری ئەو شتە، نیشان ئەدات،کە بریتیە لە جامی (نیگەتیڤ) وێنەی تاریفی ئەو شتە، یان بریتیە تەنها لە تۆزکڵی بابەتەکە، چونکە تاریف کردن بەشێوەیێکی زانیاری

راست، دیاردە ئاشکرا ئەکات. ئاشکرایە ئەگەر بە گوێرەی یاسای سروشت، پەیوەندیەکانی نێوان بڕی مادەکان گۆڕانکاری تێدا ڕوو نەدات، هیچ جۆرە گۆڕانکارییەك ئەنجام نادرێ، بەڵام هەرکاتێ زانیاری زیاتر پێشکەوت و واتە دار بوو، ئەوکاتە بە تەواوی ڕاستەقینەی هەمو شتێ دەرئەکەوێ..

لە لایێکی تریشەوە ئەم سەرکەوتن و پێشکەوتنە گرنگ و خێرایەی لە بوارەکانی ژیانا بەدی ئەکرێ، دەرئەنجامەکەی ئەگەڕێتەوە بۆگرنگی زانیاری سروشت و زانیاری کیمیا، کە بریتین لە دوو زانیاری سەرەکی پڕ مانا و خاوەن بڕی تەواو، ئەگەر چی ئادەمیزاد ناتوانێت تەنها بە هۆی ئەم دوو زانیاریەوە بگاتە ئەنیەکانی سروشت و سەر فرازی بە دەست بێنێت، بەڵام هەر دوکیان هۆکارو یارمەتی دەرن بۆ دۆزینەوەی ئەو ئەنیانە، هەروەها ڕێگا خۆشکەرن بۆ ئەوەی زاناکان بتوانن ئەنێی ڕوداوەکانی داهاتـــوو بزانن و بە گوێرەی ویست باسی جۆرەها پێش بینی و ڕووداو پیادە بکەن. کاتێ ئەنیەکانی دروست بوون مادە و تایبەتیەکانی زانرا، ئەوکاتە، ئادەمیزاد ئەبێ بە سەروەری هەموو جیهانی فیزیقی.

بێشك زانیاری زیندەوەری سەر ئەم زەویە بە گشتی و زانیاری ئادەمیزاد بە تایبەتی، جارێ هیچ سودێکیان لەم پێشکەوتنە مەزنەی ئێستە دەست نەکەوتووە چونکە تازە لە قۆناغی باسکردن و تاریفکردنان.

ئادەمیزاد بریتیە لە گشت، بەش بەش ناکرێ و لە هەمان کاتیشا لەو پەڕی ئاڵۆزیدایە. دەستکەوتنی زانیاری و ناسینی ئەو بونەوەرە ئاسان نیە و زۆر سەختە بتوانین لە یەك کاتا هەم لە گشتینەی و هەم لە هەمو بەشەکانی بگەین، هەروەها ڕێگایێك نیە بۆ زانینی پەیوەندیەکانی لەشی فیزیقی و اثیری[2] وهەستەکانی دەرەوەی لەشی ئادەمیزاد، لە گەڵ جیهانەکەیا ، بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان شیی بکەینەوە و لە خۆمان بگەین، ناچارین پەنا بەرینە بەرجۆرەها هونەر و زانیاری، ئەگەر چی ئەم زانیاریە جۆرا و جۆرانە هەر یەکەیان لەو مەبەستە هاو بەشەدا چەندین بیرو بۆچۆنی جیاواز پیادە ئەکەن، واتە هەر کەسە بە گوێرەی توانا و هۆکارە تایبەتیەکانی

---

[2]– اثیر – ئادەمیزاد بریتیە لە دو لەش، فیزیکی و تیشکی، فیزیکیەکەی ئەوەیە لە بەر چاومانە و بە دەس ئەگیرێ، لەشە تیشکیەکە، یا اثیریەکە لە گەڵ فیزیکیەی خانە بە خانە تێك هەڵکێشراون و هەڵگری ڕوحە، لە کاتی نوستن یان بیهۆشی یا مردن، لەشە تیشکیەکە لە گەڵ ڕوحەکە دێنە دەرەوە و بەرەو جیهانی ئەرواح ئەڕۆن، ئەم لەشە بە چاوی فیزیکی نابینرێ و بە هیچ ئامێرێ تاقی ناکرێتەوە.

خۆی، بەشێکی دیاری کراو لە ئادەمیزاد باس ئەکات و ئەگاتە زانینی هەندێ لە تایبەتمەندیەکانی، لە دوای ئەوەی ئەو بەشە تایبەتیانە،کۆکرانەوە وخرانە سەر یەک، بێشک کەمێ لەگرۆی بادراوەی سەختی باسەکە، شیی ئەبێتەوە و چار ئەکرێت. بەڵام دەرئەنجامی ئەو تێکۆشانە بە گشتی پاشماوەیێکی زۆرگرنگی لێ پاشەکەوت ئەبێت کە نابێ پشتگوێ بخرێ، ئەگەرچی بە هەموو زانیاریەکان وەکو زانیاری نەشتەرگەری، کیمیا، فەسیۆلۆجی، دەروون ناسی، بیداجۆجیا (زانیاری فێرکردن)، مێژو، کۆمەڵایەتی، ئابوری، ڕامیاری، لەگەڵ هەموو هونەرەکانی تر، ناتوانن هەموو باسی ئادەمیزاد کۆکەنەوە و تەواوی بکەن، لە گەڵ ئەوەشا وەکو لای زاناکان و پسپۆڕەکان ئاشکرایە ئادەمیزاد دووڕە لەوەی گرێدراو و ئاڵۆز و ڕەق بێت.

ئادەمیزادی راستەقینە بریتیە لە وێنەیێکی نیشاندەری هێڵێ (رسم بیانی) دروست بوە لە چەندین وێنەی نیشاندەری هێڵەکانی تر،کە هونەری زانیاریەکان کێشاویانە. هەر ئادەمیزاد خۆی بوو، کە لاشەکەی لەکاتی مردنا، وەکو زانایێکی بایۆلۆجی دەراسە ئەکا. وە هەر ئەوە کە خاوەنی جۆرەها هەستە، کە زانا دەرونیەکان و گەورە مامۆستایانی زانیاری و گرووە یۆگیەکان و سۆفیە بەرزەکان شیان کردوەتەوە و پڕۆگرامی جۆراوجۆری ڕوحی و تاملیان بۆ داناوە و بە هۆی هۆکارە ڕوحیەکانەوە جۆرەها دیاردەی سەر سوڕێنەریان ئەنجام داوە وگەیشتنە هێنیەکانی دەروون و سەلماندیان کە ڕوح لە ناو ناخی هەموکەسێکدا هەیە وکلیلی دەرگای کامەرانی جیهانی ئەرواحە.

ئادەمیزاد بریتیە لە و مادەکیمیاویە چنراوەی لەش و پاڵاوتەکانیان(اخلاط) پێکهێناوە، ئادەمیزاد ئەو پێکهاتە سەرسوڕێنەرەیە کە بریتیە لە خانە و گوشراوە خواردەمەنیەکان (عصارات مغذیة) کە زانایانی فسیۆلۆجیا (علما وظائف الاعضا) ی لەش دیراسەی یاسای ئۆرگانەکانیان کردووە و بۆیان دەرکەرتوەکە لەکۆمەڵێ چنراوەی تایبەتی و جۆرەها هەست پێکهاتوە. خوشبەختانە زانایانی پزیشکی و مامۆستاکان لە هەوڵدان کە ڕۆژ بە ڕۆژ لەگەڵ گەشەکردن و پەرەسەندنیا هەنگاو بەهەنگاو بەرەو پلە بەرزەکان دەستی بگرن و سەری خەن.

ئادەمیزاد ئەو زیندەوەرە جیهانیەیە کە بێ بڕانەوە بەکار ئەهێنرێت، هەروەها کالایێکە،کارگەکان بەکاری دێنن بۆ مانەوەی ئامێرگەلی کارگەکانیان وکۆیلەیی کردن هەمیشەیی، بۆ کارکردن ئامێرگەلە بەرهەمیەکان، هەر ئەویشە ئەبێ بەهونەرمەندێکی بەناوبانگ، یان بەیەکێ لە پاڵەوانە جیهانیەکان یان بە یەکێ لە پیاوە دینیەکان.

مەرج نیە ئادەمیزاد ئەو زیندەوەرە ئالۆزاو وگرێ پوچکە دراوە بێت، کە تەنها هونەری زانیاریەکانمان دەربڕینی شیکردنەوەکەیان زانیوە و ئاماژەیان پێکردوە، بەڵکو بریتیە لە تەواوی هەموو ئەو ئارەزو و پێشبینیە جۆراو جۆرانەی مرۆڤایەتی هەوڵی وەدەستهێنانی ئەدات.

هەموو بیرو بۆچونمان لە بارەی ئادەمیزادەوە بەگوێرەی فەلسەفەی ئەقڵی خۆمان داڕێژراوە و ئێمەش هەمویمان لەکۆمەڵێ زانیاری بێ سەر و بەر و لاوازەوە، وەرگرتوە، هەروەها ئێستەش، هەندێ حەزی تەفرەدان، هانمان ئەدات کە لە تێوان هەزاران شتی ناجۆر، ئەوەی بە گوێرەی ئەقڵی خۆمان لامان پەسندە و دڵخۆشکەرە، ئەوە پەسەند بکەین، بە کورتی هەست و باوەڕ بەرامبەر بە ئادەمیزاد ، لای هەر زانایێك بە جۆرێکی جیاواز لێك ئەدرێتەوە، بۆ نمونە: ئەگەر باسێکی زانیاری لە بارەی تۆڕێکی-بلوزە- ی مادەی (کاوری) [3]لە لایەن زانایێکی مادی و زانایێکی روحی بنوسرێت، بێشك دەرئەنجامەکەی وەك یەك دەرئەچێ و جیاوازی تێدا بەدی ناکرێت، بەڵام ئەگەر هەر ئەو دوو زانایە باسی،گیان لەبەرێك بکەن و شیی کردنەوەی میکانیزمی کارکردنی بەشەکانی لەشی و روحی بنوسن، بە هیچ جۆرێ وەك یەك دەر ناچێ و ناگەنە یەك ئەنجام.

زانیاری میکانیزمی لەش کە باس لە کارکردنی لەشی زیندەوەر ئەکات و لە زانیاری ژیان ئەکۆڵێتەوە، نابێ تەنها لە یەك سوچەوە تەماشای لەشی ئادەمیزاد بکات و لاکانی تری پشت گوێ بخات، هەروەها باسکردنی ژیانی زیندەوەر لای زانای بە ناوبانگ (جاك لویب) زۆر جیاوازە لەوباسەی کە زانا (هانز) یا (ریچ) پیادەیان کردووە.

ئاشکرایە ئادەمیزاد لە سەرەتای دروست بوونیەوە هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە خۆی بناسێت، دەرئەنجامی ئەوە، ژێر خانێکی زۆر گەورەی لە فەلسەفە و بیر و بۆچۆن و باس و شییکردنەوەی جۆراوجۆر لە لایەن زانا و فەیلەسوف و هونەرمەند و مامۆستا روحیە بەرزەکانەوە، لە بەر دەستایە، لە گەڵ ئەو هەموو دەستکەوتەیشا، ئێمە توانیمان تەنها لایەنێکی دیاری کراوی بچوك لە خۆمان بناسین. ئێمەی ئادەمیزاد خۆمان بە یەك پارچەیی ناناسین، بەڵکو بە هۆی هۆکارە لاوازەکانمانەوە، وا تێگەیشتوین ئێمە پێك هاتووین لە چەند بەشێك و هەر

[3]– کاوری - جۆرە زەمقێکە لە جۆرە دار سنەوبەرێکی دەردێنن.

یەکێ لە ئێمە بریتیە لە کاروانێکی خێو (اشباح) وە لە ناوەندیا راستیێکی شاراوە لە رۆیشنایە. ئێمە بە گشتی نەزانی بآڵی بە سەراکێشاوین، ئەو زانایانەی دەراسەی ئادەمیزاد ئەکەن زۆربەی ئەو پرسیارانەی لەخۆیانی ئەکەن، بێ وەآلمە، چونکە چەند ناوچەیێکی بێ سنورلە ناو جیهانی دەرونمانا هەیە هێشتا نەناسراوەکە بریتین لە چاکراکانی روحی، زاناکانیش لەو ڤێنیە سەریان لێ شێواوە، بە نەزانی ماونەتەوە.

بێجگە لە لایەنەکانی سایکۆلۆجی زۆرپرسیاری تر هەیە، تا ئێستە وەآلمەکانیان نازانرێت، وەکو: چۆن خرۆکەی مادە کیمیاویەکانی ناو لەش یەك ئەگرن، تا ئەندامێکی کاتی خانە دروست کەن؟

چۆن جیناتی[4] (*) ناو هێلکەدان، لە خۆیەوە بریار ئەدات، شێوەی کەسێکی تایبەتی لەو هێلکەیەوە، وەرگرێت؟ چۆن خانەکان هەرلە خۆیانەوە یەکیەتی ئەبەستن و لە شێوەی کۆمەآڵێکی رێك و پێکی سەیر وگرنگا کۆ ئەبنەوە، بۆ ئەوەی چنراوە (نسیج)ی لەش و بەشەکانی ترلە شێوەی ژیانێکی بە کۆمەآڵدا دروست کەن؟ هەر لە سەر هەمان یاسا، مێلورە و هەنگ، پێش تروکاندنی هێلکەکەیان بە تەواوی شارەزای ئەو نەخشەیەن،کە بۆیان کێشراوە، بۆ پێکهێنانی ژیانێکی کۆمەآلیەتی یەکگرتوی هەرەوەزی،کە بێشك هێزێکی ڤێنی مەزن لەپشتیانەوەیە بۆ دروستکردنی جیهانێکی تایبەتی سادە و لە هەمان کاتیشاگرێدراو، بۆ ژیانی بەکۆمەآڵی ئەم زیندەوەرە پیرۆزە.

ڤێنی دروست بونی سروشتی دەرونی و فەسیۆلۆجی ئێمە چیە؟

خۆمان ئەزانین ئێمە لە چنراوە و ئەندام و شلەمەنی (سوائل) دروست کراوین لەگەآڵ کۆمەآڵێ هەست، بەآڵم پەیوەندی نێوان ئەم هەستانە و مێشك، هێشتا مەتەآڵێکی نەزانراوە. ئێمە تا ئێستەش پێویستیمان بەوەیە،کە لە فەسیۆلۆجیای خانەکانی مۆخ بگەین.

تا چ سنووری ویستی ئادەمیزاد، کاریگەری هەیە لە سەر لەش؟ بە چ یاساییك بارودۆخی لەش کار ئەکاتە سەر ئەقآل؟ بۆچی شێوەی ژیان، مادە کیمیاویەکانی ناو خواردن، کەشو هەوا،

---

[4]– جینات – گرێ یێکە بە سەرکرۆمۆسۆمەوە، رەوشتی سکماکی لە دایك و باوکەوە ئەگوێزێتەوە بۆ منآل و نەوە.

دۆخی دەروونی و وێژەیی، گۆڕانکاری لە ڕەوشتەکانی لەش و ئەقڵا دروست ئەکات؟ ئەمانە ماف و میراتی تایبەتی هەموو کەسێکە.

ئێمە هێشتا زۆر دوورین لە زانیاری چۆنیەتی پەیوەندی نێوان پەیکەر ئیسك و ماسولکەکان و ئەندامەکانی لەش و شێوەی چالاکی ئەقڵ و ڕوح .

نازانین کام هۆکارانە ئەبنە هۆی دروست بوونی هاوسەنگی (توازن) بڕبڕە و لەش و بەرگری کردن لە ماندویەتی و بەربەرەکانی نەخۆشیەکان، نازانین چۆن هەستی وێژەیی (خەم و خەفەت) پەرە ئەسێنێ و هێزی بڕیار دان وچاونەترسی زیاد ئەکات؟

زانیارمان نیە بەرامبەرگرنگی چالاکی ئەقڵی و وێژەیی، هەروەها چالاکی هەستی دینی.

کام جۆرە چالاکیە ئالۆگۆڕکردنی هەستەکان و بیرکردنەوە ئەنجام ئەدا؟

هیچ شکی تیا نیە هۆکارێکی فەسیۆلۆجی وئەقڵی دیاریکراو هەیەکە بەر پرسیار بێت لە هەستەکانی دڵخۆشی، دڵتەنگی، سەرکەوتن، سەرنەکەوتن.. هتد، بەڵام بەداخەوە ئێمە تا ئێستە نازانین ئەو هۆکارانە کامانەن؟ لە توانای ئێمەدا نیە بەختەوەری و دڵخۆشی دەستکرد، ببەخشین بە هیچ کەس. تا ئێستەش نازانین کام شوێن وکام کەش و هەوا لە بارە بۆ پێگەیاندنی مرۆڤ بە دین و پیرۆز، و بە چ جۆرێ لەو بوارەدا پێش ئەکەون؟

ئایا ئەتوانین بڵێسەی تێکۆشان لە ناخی خەڵکا کپ کەین؟ یان ئەو هۆکارەی بە هۆی دروست کراوەی فەسلەجەی لەشی و ڕوحیمانەوە ماندوومان ئەکات، فەرامۆش کەین؟

چۆن ئەتوانین شارستانیەتێکی هاوچەرخ پیادە بکەین کە نەبێ بە هۆی هەرەس هێنان و ڕوخانی ئادەمیزاد؟

لێرەدا کۆمەڵێکی زۆرو لە ژمارە بە دەر پرسیاری گرنگی تر هەیە لە بارەی خۆمانەوە،کە بە داخەوە هەرهەموی بێ وەڵام ماونەتەوە.

ئاشکرایە لەگەڵ ئەو هەمو پێشکەوتنەی زاناکان لە بارەی ناسینی ئادەمیزادەوە، وەدەستیان هێناوە، هێشتا دوورە و لە قۆناغێکی سەرەتاییدایە.

بـاسی دووەم

بێشك ئەم نەزانینەی ئێستەی ئێمە، وەك سكماكی ئەگەڕێتەوە بۆ شێوەی ژیان لەوە پێشی باوك و باپیرانمان و بۆ ئاڵۆزی سروشتی فەسیۆلۆجی لەشی و پێكهاتەی ئەقڵمان، لەگەڵ ئەوەشا ئادەمیزاد لە سەرەتای دروست بونیەوە پێویستی بەوە بوە بژی، ئەو پێویستیەش ناچاری ئەوەی كردووە دەست درێژی بكاتە سەر دەور و بەری خۆی، چونكە ئادەمیزادی ئەو سەردەمە لە پێناوی وەدەست هێنانی خواردەمەنی و شوێنی حەوانەوەی خۆی، ناچار بووە لە گەڵ ئاژەڵی درندە، تەنانەت ئادەمیزادیشا هەمیشە لە جەنگا بێت. بۆیە لەو ماوە دوور و درێژە مێژوویەدا، باوو باپیرانمان كاتیان بۆ نەماوەتەوە سەیرێكی خۆیان بكەن و بیر لە ناسینی خۆیان بكەنەوە، هەمو بیرو هۆشیان بۆ پێداویستی سەردەم ئەخستەكار،كە دروستكردنی چەك و ئامێری جەنگ و راو كردن بووە، تەنانەت دۆزینەوەی ئاگریش، ئەوەندەی تر لەو مەبەستە دوای خستن، دوای ئەوە گالیسكە (عربة) پەیا بۆ، هەروەها بە خێوكردنی مالات و ئەسپ و پەلەوەر و ئیش وكاری كشت وكاڵ، بۆ بەرهەم هێنانی دانەوێڵە و دابین كردنی خواردن، ئینجا لە ماوەیێكی بەتاڵی تری دوور و درێژا، لە جیاتی ئەوەی دەست بكەن بە بیركردنەوە لە خۆیان، سەرقاڵی بیركردنەوە بون لە دەراسەی رۆژ و مانگ وهەسارەكان و شەپۆلەكانی ئاو و چوار وەرزەكان، بۆیە لەوكاتەدا زانیاری هەسارە ناسی زۆر بە خیرایی قۆناغەكانی بڕی وپێشكەوت، بەڵام زانیاری فەسیۆلۆجیای ئادەمیزاد لەوكاتەدا هەر بە نەزانراوی مایەوە. ئاشكرایە زانای بەرز(گالیلۆ) بە دۆزینەوە بەناو بانگەكەی " كە رۆژ بریتیە لە ناوەندی ئەو نۆ هەسارانەی بە دەوریا ئەسوڕێنەوە" زاڵ بوو بەسەر جیهانا و سەلماندی زەویەكەمان بریتیە لە ئەرزێكی بچوكی سادەی سەر بەوكۆمەڵە، بەڵام هاوڕێكانی گالیلۆ و زانا هاو چەرخەكانی، بچوكترین بۆچونیان بە بیرا نەئەهات لە بارەی پێكهاتە وكردارەكانی ئەقڵ وكەڵكی كردارەكانی – جگەر و لووی (غدة) ی ئایارویدٍ[5]. بەڵام لەبەر ئەوەی لەشی ئادەمیزاد شێوەی كارەكانی ژیان و سروشتی لەشی خۆی

[5]– ئایارۆید – الدرقیة، لوویكە لە بەردەمی قورقوراگەدا، هۆرمۆن سیرۆكسین دەر ئەدا، بۆ پرۆسەی رێكخستنی خواردن.

بەشێوەیەکی باش بەڕیوە ئەبرد، کەمتر دەربەستی چەڵەمە زەقەکان و هێنیەکانی لەشی خۆیان ئەهاتن.

ئێستە لەم چەرخەدا دیاردەی حەزی زانین (حب الاستطلاع)، بۆ زانیاری لە بارەی هەسارەکانەوە، ئادەمیزاد بەرەو ئاسمان هان ئەدات. لە تێوان ئەو ملیۆن ملیۆن ئادەمیزادانەی یەك لە دوای یەك هاتونەتە سەر زەوی، جار بەجاری هەندێ مرۆڤی دەگمەن هەڵنەکەوت کە خاوەنی دیاردەی هێزێکی گرنگ و سەر سوورێنەر بن، وەکو خێرایی پێش بینی- دیتن و بیستنی شتی ون- درکاندن راستی لە بارەی جیهانە تازەکانی تر،وە، توانای دەرخستن و ئاشکرا کردنی جۆری پەیوەندی هێنێ و نەبینراو لە تێوان هەندێ دیاردەی دیاریکراوا ئەوکەسایەتیە گرنگانە، پەردەیان لە سەرجیهانی فیزیقی لابرد وسەلماندیان،کە بریتیە لە جیهانێکی سەرەتایی وسادە، لە دواییدا کەوتنە بەر هێرشی زاناکانی سەردەم و خۆیاندا بە دەستەوە و هەمو یاسا هێنیە گرنگەکانیان خستە ژێر دەستەڵاتیانەوە .

خۆشبەختانە ئێمەش زانیاری ئەو یاسایانەمان کرد بە هۆکارێکی بەکاری فیزیقی، بۆ کەڵکی خۆمان، بێشك بە کارهێنانی زانیاری تازە دۆزراوەکان، قازانجێکی یەکجارگرنگە بۆ ئەوکەسانەی کە تێی ئەگەن و بە شێوەیێکی گونجاو ئەنجامی ئەدەن، بێجگە لەوە، بە کارهێنانی ئەو زانیاریانە ، کۆمەڵگا و ئادەمیزاد بەختەوەر ئەکات و پێشکەوتن دابین ئەکات.

ئاسایە، کۆمەڵگا تا سنورێ زیاتر دڵی بەو داهێنراوانە خۆشە، لە ماندویەتی ئیشی رۆژانەی کرێکار کەم کاتەوە و ببێتە هۆی خێرایی هاتوچۆ و سوك کردنی باری شانی کۆمەڵگا تا ئەو زانیاریەی تیشك بخاتە سەر ناوچەیێکی نادیار لە ناو لەشا، لە شوێنێکی بێ سنوورا جێگیربێت و هێشتا نەناسرابێت. بەڵام لە راستیدا ئەم بە ناو پێشکەوتنە، بە گشتی بوو بە هۆی زاڵ بوون رەش بینی و باڵکێشانی هێزی مادە بە سەر جیهانا و کاریگەرێکی هەمیشەیی کردە سەر دەسەڵات و ویستی خەڵك و بو بە هۆی لەبیر چوونەوەی باری روحی و لەشی. لەگەڵ ئەوەشا، ئێمە ئەبێ ئاگاداری هەموشتێ بین، چونکە ئەمە ئەوە ناگەیێنێ گرنگی خۆناسینمان لە لاکەم بوبێتەوە یان لە بیرمان چوبێتەوە، هەروەها، ترس و چەڵەمەکانی ئازار و نەخۆشی و مردن و تا سنووری خۆشەویستی ئەو تەماداریە رِوحیە شاراوەیەی کە لامان زۆر لە جیهانی مادی پیرۆزتر وگرنگترە وهێشتا بە تەواوی ناینناسین، هەمو ئەمانە بون بە هۆی ئەوەی حەزی زوربەی خەڵك بە لای جیهانی ناوەکی و لەش و ئەقڵا راکێشێت. لەلایێکی تریشەوە، لە سەرەتاوە پزیشکەکان

بەهۆی دەرماناتەوە خەڵکیان لە نەخۆشی دوور ئەخستەوە بەڵام لە دواییدا بۆیان دەرکەوت، باشترین شێوەی چارەسەری ئەوەیە بە تەواوی دەراسەی لەشی سروشتی و ئۆرگانی نەخۆشەکە بکرێ، تا بەتەواوی تێی بگات، بەواتەیێکی

رونتر، پێویستە بۆ ئەم پرۆژەیە هەستن بە دامەزراندنی چەند زانیارێك، بە ناوی زانیاری ئەناتۆمی و کیمیای ژیان، لەگەڵ زانیاری کارکردنی ئۆرگانەکان و زانیاری نەخۆشیەکان. بۆچۆن باوك و باپیرانمان بە شێوەێیك بوو گۆیا مەتەڵی بوونی ئێمە لە سەر زەوی و خەم و پەژارەکانمان، لەگەل خۆشەویستیمان بۆ شتی نادیار و نەناسراو و دیاردەکانی زانیاری میتافیزیق، لە پێشتر وگرنگتر لە زانیاری هۆیەکانی ئازار و نەخۆشیەکانی لەش.

زانا بەناوبانگەکانی ئەوکاتە بە گشتی پێش دەراسە کردنی زانیاری پزیشکی بە ماوەێیکی زۆر، رویانکردبووە زانیاری رِوحی و فەلسەفەی پاراسایکۆلۆجی و لە باتی دەراسەی یاسای کرداری ئەندامەکانی لەش، یاساکانی تصوفیان هەڵبژاردبوو، بەڵام دیراسەی فەلسەفەی ئەم زانیاریانە لە کاتێکا پەرەی سەند و بڵاو بوەوە کە ئادەمیزاد لە بۆشاێیکی بەرینا ئەسوڕایەوە و ناچاربوو لە هێڵی پێویست لابدا وکەمێ گرنگی بدا بە هەندێ شتی تر، لە جیاتی چونە ناوجیهانی دەرەکیەوە، هەروەها هۆێیکی تر بو بە هۆی دواکەوتنی زانیاری لە بارەی ناسینی خۆمانەوە، ئەویش پێکهاتە و دروست کراوەی ئەقڵمانە، زوو بە راستیە سادەکان دڵخۆش ئەبین،

یا ئەگەر بە ناچاری بمانەوێ خەریکی شل کردنەوەی گرێ پوچکەی قۆرتێکی ئاڵۆزاو بین، یان لێکدراوەی بونەوەرێك، یا ئادەمیزاد شیی کەینەوە، وەکو (برگسۆن) ئەڵێت: ئەقڵمان لە ئاستی تێگەیشتنی ژیانی زیندەوەرا، هەر لە خۆیەوە هەست بە ترس و لاوازی ئەکا. بە پێچەوانەوە ئێمە ئەمانەوێ لە هەمو شوێنێکی جیهانا پەردە لە سەرهەمو ئەوشێوە ئەندازییە (اشکال هندسیة) لادەین لە ناوکرداری هەستمانا هەیە وبیان هەژێنین. بێشك ئاسەواری هونەرە وردەکاریەکانی رەگەزەکانی پێشومان، لە دارشتنی پەیکەرەکانمانا، چونیەتی بناغەی ئەقلمان دیاری ئەکات. ئەندازیاری لە جیهانی ئێمەدا بوونی نەبوە، خۆمان دامان مەزراند، چونکە هۆکارە جوانکاریەکانی سروشت، ناگاتە هۆکارە دەست کردەکانی ئێمەی ئادەمیزاد، ئێمە تا ئێستە ئەوگەش بینیە و ئەو جوانکاریە لە جیهانا بەدی ناکەین کە خۆمان بیری لێ ئەکەینەوە، دوای ئەوە ئێمە لە هەوڵدایین ئاڵۆزی دیاردەی هەندێ یاسای سادە هەڵبژێرین، لەو جۆرەی کە

هەر یەکەی هەڵگری توخمێکی پەیوەندی داری دیاریکراوی ئەوی تریان بێت، بـــە مەرجـــێ بتوانین بە هۆی یاسای ماتماتیکەوە شیی بکەینەوە و ئەو ئەقڵەی خاوەن هێزی ئەوهەڵبژاردەیە، بەرپرسیارە لەو پێشکەوتن و سەرکەوتنە جوان وگرنگەی زانایان سروشت وکیمیا وەدەســـتی ئەهێنن. دەراسە کردنی سروشت وکیمیای بوونەوەری ژینگە، سەرکەوتنێکی هاو وێنەی بـــە خۆوە بینی. هاوکار بە گوێرەی بیر و بۆچونی زانای بەرز (کلۆدبرنارد) ی چەندەها ساڵ لەوە پێش، کە ئەڵێ: "یاساکانی سروشت و کیمیا، لە جیهانی بـــوونەوەری ژینگـــە و بێگیـــان، بـــە جۆرێکی یەك چەشن و یەك جۆر(متماثل) رەنگی داوەتەوە" ئەم راستیە ئەوە ئاشـــکرا و روون ئەکاتەوە،کە زانیاری کارەکانی ئەندامی لەش سەلماندی، کە هەمیشەیی تفتی خوێن و هەمیشەیی سوێری ئاوی دەریا، لە ژێر هێزی یەك یاسادان، هەر بەو جۆرە و لە ژێر روناکی ئەو یاسایەدا، لە کاتی وەرزش-کارکردن-راکردن، هەر هەموی بە هۆی ترش بـــوونی شـــەکری نـــاوخوێن (تخمرالسکر) چالاکی گرژ بوونی ماسولکەکان دروست ئەبێت و ئەوکارانە ئەنجام ئەدرێت.

ئاشکرایە بە هۆی پێشکەوتنی لایەنی تەکنۆلۆجیای زانیاریەکان، زاناکان گەیشتنە ئەو راستیەی پشکنین و شیکردنەوەی لایەنەکانی سروشت وکیمیا و بوونەوەری هاوکار وەك شتە بێگیانەکانی تری سەر زەوی ئاسانکاری بە خۆیەوە ئەبینێ، خۆشبەختانە ئەمەیە ئەوگرنگ کاریانەی زانیاری کارەکانی گشتی(علم الوظائف العامة) سەرکەوتنی تێدا بە دەست هێناوە. بێشك دەراسەی دیاردەکانی فەسیۆلۆجی راستەقینە، واتە ئەو دیاردانەی بەرهەمی بوونەوەری زیندوون، بەرەو روی گرنگترین چەڵەمە ئەبێتەوە، چونکە زۆر بچوکی ئەو شتانەی پێویستە شیی بکرێنەوە، ئەبێتە هۆی نەتوانینی شیکردنەوەیان بە هۆی هۆکارە سادەکانی زانیاریەکانی سروشت وکیمیای ئێستە. باشە! ئەی چۆن بتوانین پەردە لادەین لە سەر پێکهاتەی کیمیاوی هێلکۆکە(نواة)ی خانەکانی جووت بوون، کرۆمۆسۆمی جنین (ناقلات وراثیة) ئەوانەی کە ئەم کرۆمۆسۆماتە پێك دێنن، بەڵام بچوکی و وردی کۆی گشتی مادە کیمیاویەکان، لایەنێك و چەڵەمەیێکی زۆرگەورەیە لە بەر دەمی زاناکانا، چونکە ئەمە خۆی لە خۆیا بریتیە لە دوا رۆژی، مان ونەمانی ئادەمیزاد. بۆنمونە: رودانی خێرا تێکچونی چنراوەکانی مۆخ، کێشەیێکی زۆرگەورە لە بەردەمی زاناکانا پێك دێنێت چونکە، دەراسەکردن و پشکنینی مۆخی مرۆڤ زیندوو، بە هیچ جۆرێ بە تەواوی ئەنجام نادرێت، لە بەر ئەوەی ئێمە ئێستە لەم ئامێزە سەرەتاییانە زیاتر، ئامێزێکی پێش کەوتوترمان جاری نیە،کە بتوانێت بگاتە قوڵایی مۆخ و تونێی مۆنیەکانی، یان بچێتە

ناو ناوەرۆکی ئەو چەند ملیارخانە یەکگرتوە رێکوپێکانەوە، ئەو پێکهاتە گرنگە جوانە و بە دیمەن ئاسایی،کاتێ مرۆڤ لێی ورد ئەبێتەوە سامی لێ ئەنیشێت، و ترس دای ئەگرێ، بەتایبەتی ئەگەر ئەو مرۆڤە بە قوولی بیربکاتەوە لەوکۆمەڵە گەورە کە لە دەیان ملیارخانە و تێکەڵاوە (اخلاط) و هەست و نست پێکهاتووە، هەر وەك زاناکان ئەڵێن "مۆخی ئادەمیزاد بریتیە لە چل و پێنج ملیارخانە وهەر خانەیێکیش هەمیشە لە گەڵ پێنج صەد خانەدا لە پەیوەندیدان"، ئەمەیە پێکهاتەی ئەو ئادەمیزادە نەناسراوە..

ئێمە هەوڵ ئەدەین کە ئەو بیر و بۆچونە لەو تێکەڵە گرنگەدا بە کار بینین کە کەڵکەکەی خۆی سەلمان لە جیهانی سروشت و کیمیا و میکانیکا، هەروەها لە یاسا روحیەکانیشا. بەڵام ئەم هەوڵە، سەرکەوتوویی تەواوی نەبردە سەر، کە واتە پێویستە زانیاری ئادەمیزاد، زانیاری و بیر و بۆچونی هەمو زانیاریەکانی تر دەراسە بکات و لە سەر روناکی ئەوان، زانیارێکی تایبەت بە خۆی پەرە پێ بدات و بەرەو پێشی بەری، چونکە زانیاریەکانی خۆی وەك زانیاریە گرنگەکانی پارچۆلکە وگەردیلە و ئەلەکترۆن، بنەڕەتین. بە کورتی پێشکەوتن لە بارەی ناسینی ئادەمیزادەوە، لە چاو پێشکەوتنە خێرا و جوانەکەی زانیاری سروشت و فەلەك و میکانیك، بە سستی هەنگاو ئەنێت و هۆیەکانیشی ئەگەڕێتەوە بۆکەمی وەخت لە زەمانی باوك وباپیرانمان و ئالۆزی بابەتەکان، لە گەڵ پێکهاتەی ئەقڵمان. هۆکاری ئەم قۆرتانە بنەڕەتین و لابردنیان ئاسان نیە و زاڵ بوون بە سەریانا دژوار و پێویست بە تێکۆشانێکی زۆر سەخت ئەکات. ناسینی خۆمان ناگاتە ئەو پلە سادە و جوان و سەرنج راکێشەی زانیارەکانی مادە، لەوەش ناچێت ئەو توخمانەی کە هۆی سەرەکین بۆ دواخستنی زانیاری ئادەمیزاد، بەم زوانە لابرێن، پێویستە ئەوەش بزانین کە زانیاری ئادەمیزاد قورسترین زانیاریە.

باسی سێیەم

چۆن زانیاری میکانیك وسروشت و کیمیا لە ناو ژینگەدا پەرەی سەند؟

لەماوەی چەند ملیۆن ساڵی رابوردوودا، ئەو ژینگەی کە جوانکاری دارشتنی لەشیی و روحی باوك و باپیرانمان نەخشاند، گۆڕانکاری باڵی بە سەرا کێشا و بو بە ژینگەیێکی تر، ئەوشۆڕشە

بە جۆرێکی وا بێدەنگ بەرپا بوو کەس توانای ئەوەی نەبوو هەستی پێ بکات، یان تەنانەت هەست

بە ئاسەوارەکەشی بکات، لە راستیدا ئێمە رێزمان لەو شۆڕشە نەگرت و نەمانزانی لە مێژوی ئادەمیزادا بەگرنگترین شۆڕش دانراوە، چونکە هەمو جۆرە گۆڕانکارێك کە بەسەر شێوەی ژیانی زیندەوەرێکا بێت، کارێگەرێکی زۆر قوڵ و ناخۆش لە سەر ئەو ژینەوەرە جێ دێڵێت، لەگەڵ ئەوەیشا ئێمە پێویستە بە هەمو بڕوایێکەوە لە گەڵ هەمو خۆشی و ناخۆشیەکاندا رابێین و خۆمان لە ناو ئەوگۆڕانکاریەدا بتوێنینەوە کە زانیاری سەپاندویەتی بە سەر باوو باپیرانمان و بە سەر ژیانی ئێمەشا. کاتێ شارستانیەت تا سنووری پەرەی سەند وکارگە دامەزرا،کەسانێکی زۆرلە دانیشتوانی ناوچەکان، بە ناچاری لە هەندێ شوێنی دیاریکراو بە مەبەستی کارکردن جێگیر بوون، ئەم کرێکارانە لە دەور و بەری شارەکان، شوێنیان لە شێوەی دێهاتا بۆ دابینکرا، جۆرەها گۆڕانکاری لەو شێوەیە پێك هات، کرێکارەکان لە کارگەکانا بە پێی کاتێکی دیاریکراو لە سەرشێوەیێکی یەکسانی، سەرقاڵی جێ بەجێ کردنی کارەکانی خۆیان بوون،کارێکی ئاسان و قازانجێکی یەکجار زۆریان دەست ئەکەوت، هەروەها ئەو شار و شوێنی کارانە، زوو پڕ بوو لە کارمەندانی نوسینگەی جۆراوجۆر وکارمەندانی بازرگانی و جۆرەها بانق و بنکەی بەرژەوەندییە گشتیەکان. هەروەها زۆر لە کەسایەتی تر وەکو- پزیشك- مامۆستا.. هتد، لە گەڵ کۆمەڵێکی زۆر لەو کەسانەی کە قازانجیان لە بازرگانی، یان لە کارێکی تر، راستەوخۆ یان بە هۆیێکەوە دەست ئەکەوت. کارگە و نوسینگەکان زۆر بەرین و پاك و روناك دروست کرابون، تازەترین ئامێری هەوای فێنك یا گەرم بۆ ژورەکان لە هاوین وزستانا دابین

کرابوو، لە بەر بەرزی خانوە بەرزە سەر لە کەشکەلانی فەلەك (ناطحات السحاب) جادە و شەقامەکانی بەر دەمی، وەکو سەردابە تاریك و دڵ گوشەرەکان قەبز ببوون، روناکی گڵۆپە شینە کارەباییەکان لەجیاتی تیشکی رۆژ بۆخۆ دانە بەر هەتاو بە کار ئەهێنران، بە هۆی ئامێری تازەوە هەوای پاکی دەرەوە رائەکێشرا بۆ ناو هەمو ژورەکان بۆ کەڵك وەرگرتن لە هەوای تازە و دوورکەوتنەوە لە هەوای شەقامە پڕ لە تەپ و تۆز و بۆن گاز و نەوت و مادەی قورقوشم.. هتد.

دانیشتوی شارە تازە مۆدێرنەکان، هەمیشە دوور بوون لە روداوی فەرتەنەکانی سروشت وەکو لافاو و سوتان و هەورەتریشقە و فەرتەنەی با، لە گەڵ هەمو ئەمانەشا زۆریان لە گەڵ ئەو ژیانە نەئەگونجان و زوو لێی بێزار ئەبون، تەنانەت وەکو باوك و باپیرانیشیان تێدا نەدەبوو،کە لەگەڵ دوکان و نوسینگە و شوێنی کارەکانیان تێکەڵ ببون ودانەئەبڕان. خاوەن پارە لە کۆشکی گەورە و جوانا لە ناو گەڕەکە تازەکانا ئەژیان، هەروەها چەوسێنەری کرێکارەکان، خاوەنی تالاری جوان لەناو دارستانی بەرزی خۆشا، کە بە چەندین باخچەی پڕ لە گوڵ رازاوەتەوە. ئەم کۆشکانە بە شێوەیێکی ئەندازیاری لە سەر بەرزترین شوێنی ناوچەکە دامەزرابوون، وەکو ئەوەی کە لە سەرلوتکەی شاخ بژین، بۆ ئەوەی دوور بن لە تەپ و تۆزو دەنگە دەنگ و تێکدانی باری ئارامی و ئاسایشیان، ئەوانە بە گشتی لە کۆمەڵ دابڕاون وەکو ئەو دەرەبەگانەی لە پشت دیوار و خەندەقە قوڵەکانی دەوری قەڵاکانیان خۆیان حەشار دابوو. بەڵام هەندێکی تریان کەم سامان تر،کە تەنها دەسکەوتێکی مام ناوەندییان هەیە، بە خۆشی لە جۆرەها ئەپارتمانا ئەژیان، ژیانێکی وا لویسی حەوتەم و فەرەدریکی گەورەش لە قەسرەکانی خۆیانا، ئەوەندە لەخۆشی و ئاسایشا نەژیابوون، بێجگە لەوە،کەسایێکی زۆر لە کرێکار وکارمەند لە شارۆچکەکانی دەرەوەی شار نیشتەجێ بوون، هەمو ئێواران دوای ئەنجامدانی کارەکانیان شەمەنەفەرە خێراکان، ئەیان بردنەوە بۆشارۆچکەکانی خۆیان، خاوەنی شەقام و جادەی پان کە هەردولای شەقامەکان بە جۆرەها گوڵ و رووەکی جوان رازاندرابوەوە، بە درێژایی ئەو شەقامانە و لەم لاو لەو لایانەوە خانو و کۆشکی بەرزی جوان و بەرز دروست کرابوو، کرێکار و فەرمانبەرە بچوکەکان و دانیشتوانی ئەم ناوچانە، ژیانیان گەڵێ لە ژیانی دەوڵەمەندە دێرینەکان باشتر وخۆشتربو، زۆرینەی خانو و شوێنەکان پڕ لە ئامێری فێنك کەرەوە، کە پلەی گەرمای شوێنگاکان بەگوێرەی پێویست رێك ئەخرا، هەروەها جۆرەها

ئامێری خودکار بۆ گەرماوەکان و گەرم کردنی شوێنەکان لە زستانا، لەگەڵ دابین کردنی کاری چێشتخانە و خواردن، و ئاوی سارد وگەرم، هەروەها یەخچاڵ و فڕێ کارەبایی وئامێری کارەبایی بۆ شتنی کەل و پەل و قاپ و قاجاغ و ئامێری پاك کردنەوە و دابین کردنی گەراجی ئۆتۆمبێل و جۆرەها پێداویستی و ئاسانکاری ژیان، نەك تەنها هەر لە شارا، بەڵکو ئەم شارستانیەتە گرنگە هەمو شارۆچکە و دێهاتەکانیشی گرتبوەوە،کە ژیانیان لە ژیانی سامان دارەکانی کۆن زۆر خۆشتر بوو.

کاتێ گۆڕانکاری شارستانیەتی لە هەمو شوێنگاکانی جیهانا پەرەی سەند، شێوەی ژیانی شوێنگەکەش بە جۆرێکی فراوان گۆڕانکاری تێدا پەیدا بوو، بوو بە هۆی زیاد بونی خێرایی هاتوچۆ بە شێوەیێکی سەرسوورێنەرو ترسناك، هەروەها بو بە هۆی داهێنانی شەمەنەفەر و جۆرەها پاپۆر و فڕۆکە و ئۆتۆمبیل و هۆی زیاد بوونی خێرایی پەیوەندیە جۆراوجۆرەکان لەگەڵ جیهانا بەهۆی ئامێری بەرق و لاسلکی و تەلەکس و تەلەفۆن، کە هەموو ئادەمیزادی سەر زەوی پێکەوە گرێدا، داهێنانی خێرایی، خزمەتی بە هەموو پێداویستیێکی ژیان کرد بۆ نمونە: ئەو کارانەی مرۆڤ لە پێشا بە کاتێك و ماندوبونێکی زۆر و دوورخایێن ئەنجامی ئەدا، ئێستە دەیان جار لەوە زیاتر و قورستر بە کاتێکی زۆرکەمتر لەوە جێ بەجێی ئەکات. ئادەمیزادی ئێستە لە زۆر رووداوی پێویستی گرنگ هاوکاری و بەشداری ئەکات و دەوری سەرەکی تێدا ئەبینێت، جۆرەها پەیوەندی رۆژانە لە گەڵ زۆرکەسا ولە زۆر ولاتی جیهانا بە گوێرەی پێویست ئەنجام ئەدا، لە گەڵ هەمو ئەمانەیشا هێمنی وکاتی پشو و حەسانەوە لە ژیانیا زۆرکەمە، هەروەها پەیوەندی نێوان خێزان پچراوەو خۆشەویستی راستە قینە لە ناویانا نەماوە، چونکە کۆمەڵگایێکی بچوك و تازە لە سەر شێوازێکی تر، شوێنی کۆمەڵگا بنەڕەتیەکەی پێشوی گرتوەتەوە.

یەکیەتی راستەقینەی کۆمەڵ و خۆشەویستی ناو خێزان بە تاوان یان بە دواکەوتن دائەنرێت، بێجگە لەوانە دیاردەی زۆر و هەمیشەیی هاتوچۆکردن سینماکان و شانۆکان و ئاهەنگی جۆراوجۆر، وەرزش و کۆڕو کۆمەڵ، هەروەها کۆمەڵ بوون لە ناوکارگە و بازارەگەورەکان و شوێنە بازرگانیەکان و ئوتێلەکان..هەتد، ئەمانە و زۆر شتی تر ژیانێکی هاوبەشی تازە و سەیری بەخشیوە بە کۆمەڵگا، لە هەمان کاتیشا گەلێ لە ناجۆریەکان و نا لە باریەکانی کۆمەڵگا و بەشێ لە خۆشی و رابواردن و رەوشتی هەمە ڕەنگە بە هۆی تەلەفۆن و رادیۆ و کامێرە، ئەگاتە ناو هەمو ماڵێك، تەنانەت ناو ماڵی دێهاتە بچوکەکانیش. هەموئادەمیزادێ بە شێوەیێکی راستەوخۆ،

یا نا راستەوخۆ لە جیهانا، هەمیشە لەگەڵ کەسانی ترا بۆ ئاگادار بوون لە هەمو جۆرە رووداوو و هەواڵەکانی جیهانی دەرەوە و رووداوەکانی ناوخۆ لە پەیوەندیدایە.

ئادەمیزاد ئێستە توانای هەیە لە لادێیەکی ئەو پەڕی فەرەنسەوە، گوێ بیسی ووتاری ووتە بێژێکی بەرلین یا لەندەن یا پاریس بێت.

بێشك بەگشتی ئامێرە داهێنراوەکان زۆریان لە ماندویەتی ئادەمیزاد کەم کردوەتەوە، هاوکار هاتوچۆ بە فرۆکە، پاس، ئۆتۆمبیلی گشتی، ئۆتۆمبیلی تایبەتی ئەنجام ئەدرێ. تەنانەت بۆ شوێنی نزیکیش، ئەگەر بەپێ رۆیشتن دە خولەك بێت، بۆ سەیر، بە ئوتومبیل یا بە شەمەنەفەر لە یەك کاژمێر کەمتر نیە. زۆر ئاسایە کە وەرزشی رۆیشتن بە پێ و راکردن باوی نەمێنێ، هەروەها بە شاخا هەڵگەڕان، دێراو دانەوە بە خاکەناز و بێڵ، هەرەوەزکردن بۆ دروێنە وکاری دانەوێڵە، یان پاك کردنەوەی باخەکان، لە ژێر سەختی کەش و هەوای باران وسەرماو سۆڵەی زستان و سورەتاوی هاوینا. لە جیاتی ئەم هەمو سەخت کاریە، زۆر ئاسان کاری پیادە کراوە و بە جۆرەها ئامێری خێرا و بە ماوەیێکی زۆرکەم ئەم کارانە ئەنجام ئەدرێت، هەروەها دەیان جۆر وەرزشی رێك و پێکی تازەی ئاسان و دور لە مەترسی و ماندو بوون داهێنراوە، وەکو تێنس ، گۆلف ، مەلەوانی لە مەلەوانگەی فێنك و داخراو، وە گۆڕەپانی جۆرەها تۆپێن ، وەرزشی ئاسن، مستێن، زۆران...هتد، لەسەر شێوەیێکی تازە و بەرمەجە کراو.

بەم جۆرە و زۆر بەئاسانی هەموکەس بۆی هەیە لە بوارێکا لەشی خۆی بە هێز کا، دوور لە مەترسی و ماندوو بونەکانی پێشوکە لە شێوەیێکی دواکەوتوانە و مەترسیدارانە ئەنجام ئەدرا، واتە ئامێرە تازەکان، دواییان بە ژیانی پڕ لە ماندوو بوون و مەترسیدار هێنا.

خواردەمەنی باوو و باپیرانمان، ئەوانیش گۆرانکاری تێدا کرا، کە لەوەپێش بریێ بوو لە ئاردی گەنم و کۆشت و شەراب. بوو بە خواردەمەنیێکی پێشکەوتوترو باشتر، بۆ نمونە: لە جیاتی گۆشتی گا و مەڕ، ئێستە جۆرەها گۆشتی قتۆ ، زەلاتە ، شیر و بەروبومەکانی، وەکو ماست و پەنیر و سەرتوێژ و کەرە، هەروەها ئاردی سپی بێ پێز وبێ ڤیتامین، میوەی جۆراوجۆری وڵاتە گەرمەکان وڵاتە فێنکەکان، سەوزەی تازە، سەوزەی ناو قتۆ، زەلاتە، شیرینی وەکو پاقلاوە و زلوبیا وکێك و چکلێت..

بەڵام شەراب تا ئێستەش مانەوەی خۆی پاراستووە، هەروەها گۆڕانکارییێکی بەر بڵاو بە سەرخواردنی منداڵ هاتووە، لە شیری دایکەوە بۆ شیری دەستکرد و قتو و لە هەمو شوێنێکیش دەست ئەکەوێ، تەنانەت گەورەش بەکاری دێنێت و بووە بە باو.

هەروەها یاسای شارستانیەتی تازەگۆڕانکاری لە ناو کارگەکانا پیادە کرد و یاسای کا ت و ساتی پشوی نان خواردنی کرێکارانیشی دابین کرد کە لەوە پێش ئادەمیزاد لەو یاسایە بێ بەش بوو. ئاشکرایە کە هۆکاری ئەو گۆڕانکاریە یەك لە دوای یەکانەی بە سەرکۆمەڵگادا هات، بۆ بە هۆی هەندێ پێشکەوتنی کۆمەڵگا.

سەیر ئەوەیە ئامانجی پێشکەوتنی خواردەمەنی و دابین کردنی ئەو شتوە خواردنە خۆشانە دەرئەنجامێکی پێچەوانەی خولقاند و بۆ بە هۆی لاوازی باری دەروونی و پشت کردنە تەنانەت رۆژو گرتنیش.

ماوەکانی دوای شەڕی جیهانی یەکەم، کۆمەڵگاکان بە خۆیانا هاتنەوە و هەمیسان هاتنەوە مەیدانی تێکۆشان، کە بۆ بە هۆی گۆڕانکارییێکی مەزن لە زانستی گشتیدا. لە هەمو شوێنێکی جیهانا قوتابخانە و پەیمانگا و زانکو کرایەوە، لە هەموکۆمەڵگاکانا قوتابی پەروەردەکرا، هەمو تێکرا پێکەوە بە پێویستی خۆیان هەستان وچونە ناو جیهانی شارستانیەتی هاو چەرخەوە و لە ناویا توانەوە. لە سەر ووتەی (بێگۆن) کە ئەڵێ "زانست هێزە" . لە بەر ئەوە (یەکیەتی پەرە پێدانی ئەقڵ و فامی منداڵ و گەنج) لە هەمو شوێنێ دامەزرا و دەست بەکاربوون، هاوکار باری تەندروستی گشتی گرنگی پێدرا، دەرئەنجامی کەڵکەکانی زانست و زانیاری لە هەمو لایەنێکەوە سەلماندی کە پلەی یەکەم و سەر لوتکەی بە دەست هێنا و دەرگای خستە سەر پشت و کۆمەڵێکی زۆر لە گەنجانی کوڕ و کچ، چوونە ریزی ئەو دامەزراوانەوە، جۆرەها یەکێتی زانستی و زانکۆ و کۆمەڵەی کارگە و گەڵ ساندیکای جۆراوجۆر دامەزرا و بۆ بە هۆی هاندانی سەدان زانا و فەیلەسوف، کە زانیاری و بەهرەکانی خۆیان بخەنە کار بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵگا بە شێوەیێکی گشتی و لە سەر ئاموژگاریەکانی باستۆر و بەند بوون بە یاساکانیەوە، لەسەر شێوەی ژیانی کۆمەڵگای تازە، ئەوانە و پێشکەوتنە یەك لە دوای یەکەکان، کاریگەرییێکی بەرچاویان خستە سەر پێشکەوتنی باری تەندروستی گشتی.

ناوبانگی ئاموژگاریەکانی باستۆر لایەنێکی گرنگی مەترسیداری چارەکرد و پڕی کردەوە و بانگی تەندروستی کێشا بە سەر جیهانی پێشکەوتودا، وە بۆ لە ناو بردن و نەهێشتنی نەخۆشیەکانی

ناوخۆ، (الامراض المتوطنة) .لە هەمو ولاتەکانا. هاوکاریی یاسای پاك و تەمیزی سەلمانەی کە رێژەی مردنی منالّ دابەزی وکەم بوەوە، هەروەها ناوەندی تەمەن مرۆڤ بە شێوەیێکی سەرسوڕینەر زیادی کرد و گەیشتە پەنجاو نۆ سالّ لە ئەمەریکا و شەست و پێنج سالّ لە نیوزیلاند. ئاشکرایە کە ئادەمیزاد ئێستە تەمەنێکی درێژی نیە، بەلّام زۆر کەسانی واهەن تا بە تەواوی پیر ئەبن هەر لە ژیانا ئەبن، هاوکار پەیڕەوی کردنی بەندەکانی تەندروستی بوو بە هۆی زیاد بونی رێژەی رەگەزی ئادەمیزاد لە جیهانا، چونکە هونەری پزیشکی و تاقیکردنەوەی تاقیگاکان و زانیاری تەواو دەربارەی ناسینیی (تشخیص) نەخۆشیەکان و ئەنجامدانی نەشتەرگەری بەشێوەیێکی زانیاری ، توانی کاریگەرێکی بە کەلّك دابین بکات بۆ مرۆڤی نەخۆش و لاواز و بۆ ئەوانەی توشی نەخۆشیە تەشەنەکارەکان ئەهاتن و بۆ ئەوانەش کە توانای هەلّگرتنی باری گرانی ژیانی خۆیان نەبوو.

دامەزراوە پزیشکیەکان توانییان بە هۆی ئەو سامان و سەرمایەی لە دەرلّەمەنەکان دەستیان ئەکەوت بەرگرێکی تەواو دژی نەخۆشی و ئازاری گەل ئەنجام بدەن، باری گرانی سەرشانی هەژار سوکتربکەن.

کۆمەلّگا هەستی بە بەختەوەری کرد، تەنانەت ئەم بەهرە وێژەییە و ئەقلّییەی کە ئێمە لە ناو خۆشییەکەیدا نوقمین و زانیاریەکان بۆ ئێمەیان بەرهەم هێناوە و رازاندویانەتەوە. بێشك جیاوازیێکی زۆر زەق هەیە لە نێوان ئەو جیهانەی باوو و باپیرانمان تێدا ئەژیا و نێوان شارستانی جیهانی ئێستە،کە لە ناو ئەقلّ و دەرونی کۆمەلّگا پێشکەوتوەکەدا شوێنی خۆی کردوەتەوە و چوەتە ناوەرۆکیانەوە. زۆر ئاساییە جیهانی وێژە ناچار بوو واز لە پلە و پایەی خۆی بێنێت و بەجێ ی بێلّێت بۆ دەستەلّاتی ئەم پێشکەوتنە شارستانیەتە مەزنەی سامان و خۆشبەختی بۆگەل دابین کردوە، هەروەها ئەقلّیش لە ناوکاکلّی بیر و باوەڕی دینیدا شوێنی خۆی کردەوە، بێشك زانینی یاساکانی سروشت و هێنیەکانی لە گەلّ دەراسەی هێزەکانیان رێگا خۆشکەرە بۆگەیشتن بە زانیاری و دەسەلّات گرتن بە سەر جیهانی مادی و رەگەزی ئادەمیزادا کە لە گرنگ گرنگتڕە. شێوە و جوانی دامەزراوەی بانقەکان و زانکۆکان و کۆلێژە پزیشکیەکان و نەخۆشخانەکان، هیچ کەمتر نیە لەجوانی پەرستگاکانی یۆنان وکاتدراییەکانی قوطیەکان و کۆشکی پاپاکان.

تاکاتی تەنگو چەڵەمەی بێ پارەییەکەی ئەم دواییەش، بەرێوە بەرانی بانق وکۆمپانیاکانی هێڵی شەمەنەفەر، خۆیان سەروەرو پێشڕەوی گەنجان بوون، تا ئێستەش هەڵگری بڕوانامەی زانکۆکان خاوەنی ڕێز و پلەیێکی تایبەتی بەرزن لە ناوکۆمەڵگادا، چونکە هەر ئەوانن هەڵگری مەشخەڵی زانست و ئەوان زانیاری بڵاو ئەکەنەوە و پەرەی پێ ئەدەن.

زانیاری، داهێنەری دەوڵەمەندی و خۆشبەختی و تەندروستیە، لەگەڵ ئەوەشا بار و دۆخی ئەو زانیاریەی ئێستە کۆمەڵگای پێشکەوتوی ئێمە تێیدا ئەژی،گۆڕانکارییێکی خێرای تێدا بە دی ئەکرێ. دەوڵەمەندەکان و مامۆستاکان و زاناکان و ئابوری ناسان، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەو دەسەڵاتەی سەپاندبۆیانە بە سەرکۆمەڵگادا، لە دەستی ئەدەن، چونکە خەڵکی ئێستە هەر هەمویان ئەزانن چۆن ڕۆژنامە وگۆڤار بخوێننەوە وگوێ بگرن لە جۆرەها ووتاری بە نرخی گەورە پیاوان و خاوەن کارگەکان، تەنانەت بە پێ باوەڕەوە لە مرۆڤە ساختەچیەکانیش، هەروەها لە پیاوە دینیەکان جۆرەها وتاری پڕوپاغەندەی بازرگان و رامیاری وکۆمەڵایەتی ئەخوێننەوە، هەر یەکەی لە بواری خویا بەرژەوەندی خۆی بەرەو پێش ئەبات و ئەتوانن چاکە و خراپە لێك جیا کەنەوە، لە هەمان کاتا کۆمەڵگا خەریکی خوێندنەوەی وتاروکتێبی زانیاری وفەلسەفەی هەمە جۆرەیە. بێشك جیهانەکەمان بە هۆی دۆزینەوەکانەوە، بوە بەخاوەنی دەستکەوتی گەورە لەبارەی زانیاری سروشت و فەلەك، هەموکەس ئەتوانێ گوێ لە بیروبۆچونەکانی (انیشتاین) بگرێت، یاکتێبەکانی زانا (ادنگتۆن اۆجین) و نوسراوەکانی (چاپلی) و (میلیکان) بخوێنێتەوە.

کۆمەڵگا تا ئێستەش گرنگییێکی زۆر ئەدا بە تیشکە کەونیەکان و بە ئەکتەرە بە ناوبانگەکانی سینما و یاری زانە بەرزەکانی جیهانی تۆپی پێ.

ڕاستە هەموکەسێ زانیاری ئەوەی هەیە، کە بۆشایی کووڕە و ئەم جیهانەی ئێمەش، بەهۆی هێزێکی نەناسراوەوە خولقاوە، ئێمەش لە گەردیلەیێکی بچوك زیاتر وگەورتر نین لە سەر ڕوبەری دەنکە گڵێکی بچوك و لە ناو بۆشایی جیهانە بێ سنورەکانا،

ئەو جیهانانەش تا ئێستە بە تەواوی نەزانراوە کە لە ژیان وهەست بێ بەشن یان بەشدار، بەڵام بە گوێرەی زانیاری، تا ئێستەش جیهانی ئێمە لە بوێ ئەو بەشانە تاقانەیە و جیهانێکی میکانیکیە، چونکە دروست بوە لە هێزێکی نادیاری گەردوون و هاڵە ئاسا ئادەمیزادی گرتۆتە ناوخۆی وئامادەیە و لە هەوڵدایە بۆ بەرەو پێش بردنێکی جوان وگرنگ لە بارەی زانیاری بێگیانەکانەوە.

باسی چوارەم

کارێگەری ئەو گۆڕانکاریە قوواڵەی سەپێنرا بە سەر ڕەوشتی خەڵکا بە هۆی جێ بە جێکردنی زانیارەکانەوە، وا ئێستە تازە ئاسەوارەکانی دەرئەکەوێت، بەڵام ڕاستیەکەی، ئێمە هێشتا لە ناوەندی شۆڕشی پیشەسازیداین و بە تەواویش لامان ڕوون نیە و زۆریش سەختە بزانین ئەم ژیانە دەستکردەی هاتە شوێن ژیانی سروشتی، چەن کاریگەری هەیە لە سەر پیشەسازی کۆمەڵگا و چەند گۆڕانکاری و ڕێکخستنی لە ژیان و شوێنەواری ئادەمیزادا خولقاندووە.

لەگەڵ ئەم هەموو بێنەو بەرەدا، کەس لەڕاستی ڕودانی ئەو گۆڕانکاریە گومانی نیە، چونکە زیندەوەرەکان بە پێی گۆڕانکاری شوێنەوارەکەیان هەمویان موتمانەی تەواویان خستوەتە سەر باراسایی دەوروبەرەکەی و گۆڕانکاری لە خۆیانا ئەخولقێنن و لەگەڵی ڕادێن، بۆیە پێویستە ئێمە کەڵك لەوگۆڕانکاریانە وەرگرین کە کاریگەری کردە سەرمان، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو کاریگەریەی شارستانی هاوچەرخ سەپاندویەتی بە سەر ڕەوشت و خواردن و ڕۆشنبیری وجۆری وێژەییمانا. بەڵام ئاخۆ کەڵکمان لەم پێشکەوتنە وەرگرت؟

ئەم پرسیارە گرنگە تەنها کاتێ وەڵام ئەدرێتەوە، کە لێکۆڵینەوەیێکی زۆر وورد دەربارەی ئەو کۆمەڵگایەی پێش ئەوانەی پێش خۆیانەوە ژیاون ئەنجام بدرێ،کە تا چەند دۆزراوە زانیاریەکانیان بەکارهێناوەو کەڵکیان لێ وەرگرتوون؟

ئاشکرایە شارستانیەتی تازە شەپۆلێکی بەختیاری وگۆڕانکاری وهاندەرێکی بەهێز بوو بۆ ئادەمیزاد و بوو بە هۆی ئەوەی بە کۆمەڵ دێهاتەکانی خۆیان بە جێ بێڵن و ڕوو بکەنە شارەکان وکارگەکان بۆ جێ بەجێکردنی یاسای تازە داهێنراوەکانی کارگەکان و زۆرگورج و بێ دواکەوتن خەرقەی ماندویەتی کۆنیان لە بەر خۆیان دامالّن و شان و ملیان لە تەپ و تۆزی ڕەوشتی کۆن بتەکێنن، ئەو ڕەوشتە بۆ ئادەمیزاد هۆی ماندوو بونێکی بێ سنوور بوو، چونکە کاری نوسینگە یا کارگە، زۆرکەمتر و ئاسانتڕە لە کاری ناو کێڵگەکان وکارەکانی تری دێهات. هەروەها بێ بە پێی شار، ژیان لە دێهاتەکانیشا بە هۆی شارستانیەتی تازەوە گۆڕانکاری تێدا پەیا

بوو، خانوە بەرزە تازەکان، ژیانی خۆش و ئاسودەیی لەگەڵ جۆراوجۆر هۆکاری ئاسانکاری و ئامێری سارد و گەرم و بەکارهێنانی جۆرەها هۆکاری خواردەمەنی و نوستن و پاك و تەمیزی، بێجگە لە جوانکاری کارەبا و روناکی نیشتەجێکانیان، ئەو خۆشگوزەرانیە وگۆڕانکاریە، لە پلەی یەکەما چینی ئافرەتی خستە خۆشی و فەنتازیەوە، بە پێچەوانەی ژیانی سەختی لەوە پێشیان کە کاری رۆژانەیان ماندوبونیکی زۆر و ماوەیێکی درێژی ئەخایاند، ئێستە زۆر بە کەمتر و ئاسانتر ئەنجام ئەدرێت. بێجگە لەوەی کە یارمەتیدەر بوو بۆکەم کردنەوەی ماندویەتی ئادەمیزاد، لە لایێکی تریشەوە زۆر بونی ئامێر وهۆکارەکانی حەسانەوەو پێشکەوتن، هاندەرێکی بەهێز بوو بۆ ئەوەی ئادەمیزاد ڕوو بکاتە ئەو بەخششە مەزنەی شارستانیەت بۆی ئامادەکردوە، بۆ ئەوەی بە تەنها نەژی و تێکەڵ بە کۆمەڵگا بێت ولەوێدا ژیانی شارستانی بە سەر بەرێت، هەل و کاتی ئەوەی نەبێت بیر لە خراپە بکاتەوە.

زانیاری تازە کۆمەڵگای رزگاری کرد لە تەوق و بەندی وێژەیی توند ڕەو،کە دین سەپاندبوی بە سەریانا، ژیانی تازە رزگاری کردن لە جۆرەها کۆت و زنجیری گرانی تر کە زۆرینەی کۆمەڵگا لە ژێریا ئەیان نالاند و هانی ئەدان بۆ وەدەست هێنانی سامان و پارە و دەستەڵات، بە شێوەیێکی پاك وگونجاو و بە گوێرەی بەندەکانی یاسای سەردەم، تا دەرئەنجامەکەی بەندیخانە نەبێت.

شارستانیەتی تازە لە زۆر شوێنی جیهانا دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساندن سەربەست و ئازادانە و بێ شەرم کردن و بە ئاشکراو لەبەرچاوی یاسا بتوانن لە گەڵ هەر ئافرەتێ بیانەوێ، کاری رابواردن ئەنجام بدەن و تینویەتی جنسی خۆیان پاراوکەن، ئەگەرچی ئەم جۆرە ئازادیە بوو بە هۆی ئەوەی هەندێ کەس لە هەندێ ناجۆری توند ڕەوی و دەرون دور بخاتەوە، بەڵام زۆرینەی خەڵك بە تایبەتی چینی ناوەند ، بە ڕواڵەت شێوەی ژیانیان لە جاران باشتر ئەهاتە پێش چاو، بەڵام ئازادی شارستانی لە لایێکی ترەوە جۆرەها کرداری ناجۆری هێنایە ناو ئەوکۆمەڵگایە، وەکو جۆرەها قومار، کرداری چەوت و خراپ بۆکۆکردنەوەی ساما ن و دەستەڵاتی بە هێز بە سەر لاوازا..هەتەد، بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگا بە جۆرێ لەوکردارانەدا نقوم ببوون، توانایان نەبوو دوور کەونەوە لە رابواردن و قومار و پارە بە فیڕۆدان.

هەروەها باری تەندروستیشیان لەو پەڕی لاوازیدا بوو، تەنانەت خواردن و خواردنەوەشیان بە شێوەیێکێ ئاسایی بۆ ئەنجام نەئەدرا، نقوم بوونیان لە ناو ژیلەمۆی رابواردن بەر بڵاو

وکاریگەریە مەترسیدارەکەی و ترسیان لەوەی کارەکانیان لە دەست بدەن و فەوتانی ئەو پارەیەی کۆیان کردبوەوە، ئارامی لێ هەڵگرتبوون، لە بەر ئەوە زۆرینەیان توانای ئەنجامدانی هیچ کارێکیان نەمابوو، لە هەموو گرنگتر مەترسیان لە ژیانی خۆیان، بە مەرجێ کە بەشیی پاراستن پەیمانی پارێزگاری دابووێ، بەڵام هێشتا موتمانەیان بە دوارۆژی خۆیان نەبوو و هەمیشە لە بۆتەی ترسا ئەتوانەوە.

هەندێکی تریشیان بە شێوەیێکی ترگیریان خواردبوو و توانای لێکدانەوەیان نەمابوو، وایان لێ هاتبوو گۆیا بەو شێوە ژیانە رازی نین، ئەگەرچی ئاشکرا بووکە باری تەندروستیان بە گشتی و لە چاو ژیانی پێشویانا زۆر باشتر بوە، چۆنکە هەر خواردنی باشە ئەبێتە هۆی تەندروستی باش و هۆیێکی سەرەکیە بۆکەم بوونەوەی مردنی مرۆڤ، کۆمەڵگا بە گشتی رەنگ گەشاوە و تەندروست و بە هێزە. منڵ لەم کاتە ناهەمواریەشدا هەموو بالاێان بەرزترە لە چاو منالاێانی زەمانی باوك و باپیرانی پێشویان، چۆنکە خواردنی باش و وەرزشی رێك و پێك تەندروستی و هێزی ماسولکە زیاد ئەکات و بالاێشیان بەرز ئەبێ، نمونە لە سەر ئەوە: باشترین وەرزشکار لە جیهانا، لە ولاتە یەك گرتووەکانی ئەمەریکا پەیا ئەبێت.

لە ناو تیپە وەرزشەوانەکانی زانکۆی ئەمریکیدا زۆر پاڵەوان هەیە بە جوانترین نمونەی ئادەمیزاد دائەنرێن، چونکە بە هۆی شێوەی فێرکاری تازە، ماسولکەکان و ئێسکەکان بۆ ئەوجۆرە وەرزشە بە شێوەیێکی راست و تەواو پەروەردە ئەکرێ، بێشك ئەمەریکا سەرکەوتنێکی جوانی وەدەست هێنا لە بوژاندنەوەی جوانترین پەیکەری مرۆڤی وەرزشکار و زۆر جوانتر لەوانەی کۆن.

ئاشکرایە لە بارەی تەمەنی وەرزشکارە بەناوبانگەکانی جیهان، ئەوانەی لە بواری هەموو وەرزشێکا گەیشتونەتە لوتکە و جۆرەها ژیانی رێك و پێکی تازەیان بۆ دابین کراوە و لە هیچیان کەم نیە، لەگەڵ ئەوەشا هیچ کامێکیان درێژی تەمەنیان ناگاتە درێژی تەمەنی باوو و باپیرانیان، چونکە هەموو ئەزانین ئەمان وەك ئەوان بەرگەی ماندوویەتی و دڵە ڕاوکێ ی ژیان ناگرن، ئەوانە کەسانی بوون لەشیان بە جۆرێکی سروشتی راهاتبوو و فێری بەرگە گرتنی ماندوویەتی و قۆرت و چەڵەمەی رۆژانە وئەنجامدانی کاری سەخت ببوون، بە سەرما و گەرما و جۆرەها کەش و هەوای ناساز، شەوو رۆژ کارکردنیان بێ پشوو ئەنجام ئەدا، بێجگە لە بەرەنگاری

کردنی چەندەها نەخۆشی بێ چارەسەری، لە گەڵ ئەم هەموو کەم وکوڕیەی ژیانیشیانا، زۆر زیاتر لەم وەرزشکارانەی ئێستە بەرانبەر ناخۆشی ژیان، خۆ ڕاگر و بە هێز تر بوون.

هەمو ئەزانین ئەوانەی پەروەردەی ژیانی ئەم سەدە تازەیەن، ڕاهێنانیان لە سەر زۆر نوستن و خواردەمەنی باشی جۆراو جۆر و ژیانی تازەی هاو چەخ، بووە بە هۆی ئەوەی ئەقڵ و باری دەروونییان بە جۆرێ ناسك بێتەوە، بەرگەی ژیانی ناوشارە گەورەکان نەگرن، یان لە ناو نوسینگەیێکدا وەك بەندی، کاری ڕۆژانە ئەنجام بدەن، هەروەها خەفەت و مەراق کارکردنی ڕۆژانە، یان ماندوو بوون و ناخۆشی ژیان، ئەێ بە هۆی ئەوەی مرۆڤ بەرگەی نەگرێ و زوو بروخێت، کە واتە! هونەرەکانی پزیشکی و ڕۆشن بیری هاو چەرخ و بەرهەمەکانی تر نەیانتوانی هەموو بۆشایی پێویستییەکانی ئادەمیزاد پڕکەنەوە و ئارەزووەکانی جێ بەجێ بکەن. باشە ! ئایا بۆمان هەیە ئەم پرسیارە لە خۆمان بکەین؟

ئەم تەنگ و چەڵەمانە کامانەن یارمەتی دەرن بۆ ئەو کەم و کوڕیە گەورانەی، بوون بە هۆی بەرز بوونەوەی ڕێژەی مردن لە منداڵ وگەنجا؟

لە ڕاستیدا، مرۆڤ لاواز و مرۆڤ بە هێز وەك یەك لە مردن ڕزگارئەکرێن و سروشت لەم ویستەدا هیچ دەورێکی نیە، لەگەڵ ئەوەشا کەس نازانێ پاشە ڕۆژی مرۆڤ کە هونەرە پزیشکیە جۆراوجۆرەکان بە هەموو هێزێکیانەوە پارێزگاریان ئەکەن بە چی ئەگات؟ لامان ئاشکرایە کە بەرە و ڕووی تەنگ و چەڵەمەیێکی مەترسیدار ئەبێتەوە، کە پێویستی بە شیکردنەوە و چارە سەرکردنێکی گورج هەیە.

لە لایێکی تریشەوە ئێمە هەر لە هەوڵدایین بۆ ئەوەی بەم نزیکانە نەخۆشی سـکچوون منداڵ و نەخۆشی سـیل و نەخۆشی (دفتریا) و نەخوشی گرانەتا بە یەکجاری لە ناو بەرین. بەڵام ئەوەندەی نەبرد، نەخۆشی ڕۆخێنەری ڕەوشتی مەترسیداری داوێن پیسی شوێنی ئەو نەخۆشیانەێ گرتەوە، بێجگە لەوە لە هەندێ لە شارەکانی ئەمەریکا، ژمارەی شێتخانەکانی ئەو شارە زیاترە لە ژمارەی هەموو جۆرە نەخۆشەکانی تری ئەو شارە. ئەو شێتانەی توشی شپرزەیی مێشك یان لاوازی ئەقڵ بوون، هەمیشە لە زیاد بوونان و کە لە هەموو نەخۆشیەکان بەر بڵاوتر و مەترسیدار ترن و زیاتر ئەبنە هۆی نەگبەتی و تێك و پێکدانی ڕیزی خێزان و ئەنجامی هەژاری. هەرەس هێنانی ئەقڵ لە نەخۆشیە بەر بڵاوەکانی تر مەترسیدارترە، تا ئێستە پزیشکەکان لە چارە کردنیانا دەستە وەستانن.

ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا سالانە پارەیێکی زۆری بێشماری تەرخان کردووە بۆ خوێندن منالْ و گەنج، لە گەلْ ئەوەشا دەرکەوتووە چینی رۆشنبیرە بەرزەکان تا ئێستە رێژەی زانیارییان زیادی نەکردووە، بەلام مرۆڤی ئاسایی لە بواری زانستیا باشترە ولە پێشترە لە چاو چینە بەرزەکانا ،کرین و خوێندنەوەی رۆژنامە و گۆڤارە جۆراو جۆرەکان و کتێبەکان لە چاو جارانی پێشوودا، لە زیاد بوونایە هەروەکو ئاماژەمان پێکرد کۆمەلْگای ئەمەریکی گرنگیێکی زۆر ئەدا بەبواری زانیاری و هونەری وێژەیی، ئەگەرچی زۆرینەیان روئەکەنە وێژە وکتێبی زانیاری هەرزان و لاوازو پلە نزم.

ئاشکرایە ئەو ئامادەکاریەی بۆ تەندروستی منالْ دابین ئەکرێ و ئەوگرنگیەی ئەدرێت بە خوێندن و بەرزکردنەوەی رۆشنبیری منالەکانی قوتابخانە، هێشتا بە گوێرەی پێویست نەبوەتە هۆی بەرز بوونەوەی رێژەی ئەقلی و وێژەیی ئەو منالانە، ئەم دیاردە سەیرە وەکو ئەوە وایە لە نێوان رێژەی زیاد کردنی لەش و توانای ئەقلیانا، رێك نەکەوتن و ناکۆکیێکی نادیار هەبێت لە یەکیان دوور بخاتەوە.

بەم جۆرە، ئێمە نازانین ئایا قەوارەی بەتالی کام رەگەزەی ئادەمیزاد، پێشکەوتنی ئەو مرۆڤە بە خۆوە ئەگرێت؟ وەکوئێستە ئاماژەی پێ ئەکرێت. یان هەرەسهێنان و رەوشتی خراپ بە خۆیەوە ئەگرێت.

بەلام ئاشکرایە کە قۆتابی زۆر بەختیارە بەوەی لە هەلْبژاردنی وانەکانیانا ئازادن و هیچ وانەیێك بە زۆر ناسەپێنرێت بە سەریانا، بەلام هێشتا تێکۆشانی ئەقلْ و دابین کردنی، ئازادیێکی بەر بلاو بۆ هەموو بواریکی ژیان، لە زۆر شوێنا پیادە نەکراوە، ئەی دەرئەنجامی ئەو زانستیە چیە؟

زوربەی رەوشتی مرۆڤ لە شارستانی ئێستەدا بریتیە لە تەرخان کردنی هەموو چالاکیەکانی بۆ مەبەسی کاروباری ژیانی رۆژانەی.

ئەلْێن مرۆڤ جۆرە لاوازیێك لە ئەقلْیا هەیە، کە لە ژێر هەندێ گوشارا زۆر زوو تێکەلْ بە شوێنەوار ئەبێت، واتە کاتێ رەوشت لاواز بوو، ئەقلْ ئەروخێت و خۆی ئەدا بەدەستەوە، هەر ئەو لاوازییەش بوو لەوە پێش تووشی فەرەنسیەکان هات و بوو بە هۆی ئەوەی هەرەس بێنن و بروخێن.

لەوڵاتە یەکگرتووەکان ئەمەریکادا لەگەڵ ئەوەی ژمارەی قوتابخانە و زانکۆ لە سنوور بەدەرە، بەڵام رێژەی فام و ژێری هەر بە نزمی ماوەتەوە، چونکە شارستانی تازە لە توانایا نیە کۆمەڵێکی سەرکەوتووی ئاقڵ و زیرەك و ئازا پەروەردە بکات.

دامەزراوە سامانیەکان وکارسازیەکان و بازرگانەکان، لە گەڵ ئەوەی بە شێوەیێکی بەر فراوان سامان و قەبارەی ورگیان گەورە کردووە، بەڵام بەرانبەر بە ناجۆری وەزعی وڵاتەکەی خۆیان و وڵاتەکانی دراوسێ و تەنانەت بەرانبەر بەوڵاتەکانی تریش، هەستی مرۆڤایەتییان نیە، باری کۆمەڵایەتی و ئابوری کۆمەڵگاکانی جیهان تووشی گۆڕانکارێکی زۆر خێرا هاتووە و بووە بە هۆی ئەوەی بە ناوی دیموقراطیەتەوە، دەستەڵاتداران لە لایەن کۆمەڵگاوە بەرنگاری رەخنە و نارەزایی بێن، جا بەرە بەرە ئەو دیاردانە زیاد ئەکا و دیموقراطی توشی جۆرەها چەڵەمەی زەق ئەبێت، زوربەی ئەو چەڵەمانەش لە هەمان دیمۆقراطیەتەوە سەرچاوە ئەگرێت و پێویستی بە چارە کردنێکی خێرایە.

ئەو هیوا و دەستکەوتەی ئادەمیزاد لە شارستانیەتی تازە چاوەڕوانی ئەکرد، بێشك سەر نەکەوت بتوانێ نەوەیێکی لێهاتوو و زیرەکی بۆ بەرهەم بێنێ و بۆی ئامادە بکات، بۆ پێشڕەوی کردن و دەربازکردن لە مەترسی رێگای تێکۆشانەکەی و هەنگاو نان بەرەو لوتکەی سەرکەوتن، چونکە ئادەمیزاد بەو خێرایە پەیا نەبووە و نەگەیشتوەتە ئەوەی بەم پاڵە سووکە لاوازە، بتوانێ ئەو بازە گەورەیە بدات.

بێشك ئەوەی زوربەی کۆمەڵگا پێشکەوتوەکانی خستوەتە مەترسیەوە، بریتیە لە کەم و کووڕی ئەقڵ و وێژەی پیاوە بەرزە رامیارەکانی ناوکۆمەڵگاکە. ئێمە ئەبێ دڵنیا بین لەو شێوەیەی کاریگەری ئەکاتە سەر رێگەی ژیانی دوا رۆژی رەگەز.

ئاشکرایە ئەو چاك سازیەی شارستانیەتی پیشەسازی پیادەی کردە سەر داب و نەریتی باوو و باپیرانمان، کاریگەرێکی تەواوی کردە سەر ئافرەت و بوو بە جێی رەزامەندیان و پێشوازیان لەودەسکەوتانە کرد، ئاشکرایە،کەم بوونەوەی رێژەی لە دایك بوون، دەرئەنجامێکی مەترسیدارە بۆ چینی کۆمەڵگای ئێستە و کۆمەڵگاکانی پێش خۆشیان، بەڵام کەڵك وەرگرتن و بە کار هێنانی دۆزراوە زانیاریەکانی ئەو پێشکەوتنانەی بە دەستیان هێناوە، بە جۆرێکی راستە وخۆ، یا ناڕاستەو خو کەڵك بەخشە بۆ کۆمەڵگا.

لای هەموان ئاشکرایە، (تلقیح) خۆکوتان دژی نەخۆشیەکان، کارێکی تازە نیە، بەڵکو مێژوویەکی درێژ خایێن و بەرچاوی هەیە و لە چەندەها قۆناغا ئەوکارە بە سەرکەوتووبی ئەنجام دراوە، چونکە خۆی لە خۆیا دیاردەیێکی زانیاریە و مەبەسەکەشی لە بەر چاوە.

بۆمان دەرکەوت ئەو گۆڕانکاریەی زانیاری تەکنۆلۆجیا لە شوێنەوارەکەمانا دروستی کرد، کاریگەرێکی قوولّی تێدا چەسپاند بەوەی هەندێ شێوازی نامۆی هێنایە کایەوە، بۆ نمونە: ئەم جۆرە شارستانیەتە داهاتوەی ئێستە، جیاوازیێکی زەق هەیە لە گەڵ ئەو جۆرە شارستانیەتەی ئێمە چاوەڕوانی بووین، ئێمە بە تەمای ئەوە بووین گۆڕانکاریەکە، ببێتە هۆی چاکسازی لە هەمو بوارەکانی ژیانا وەکو: لادانی رەوشتی کۆن ، شێوەی ژیان ، خواردەمەنی ، رۆشنبیری لە گەڵ پەرە پێدانی ئەقڵی ئادەمیزاد..هەتەد، ئەی کوا؟؟

یان، باشە ! چۆن ئەم دەرئەنجامی جیاوازی یەك دژی یەك وەدەست بینی؟

باسی پێنجەم

بە ئاسایی ئەتوانین وەڵامی ئەو پرسیارە بەینەوە، بۆچی شارستانیەتی تازە خۆی لە بەردەمی هەڵوێستێکی سەختا ئەبینێتەوە؟ ئێمە ئەڵێین لە بەر ئەوەی لەگەڵ ڕەوشتی ئێمە و شوێنەوارەکانمانا ناگونجێت، چونکە هۆیەکانی ئەگەرێتەوە بۆ بیرکردنەوەی بێ پلانی زاناکان بۆ دۆزینەوەی زانیاری و ویستی تایبەتی خۆیان و هەندێ جاریش بە هەڵەداچونیان، ئەگەرچی ئەم شارستانیەتە لە سەر ماندوو بونی ئێمە پەیا بوو، بەڵام لە جیاتی کەڵک، زیان ئەبەخشێ، چونکە لە گەڵ قەبارە و بوونی ئێمەدا ڕێك ناکەوێ، ئاشکرایە زانیاریەکان بەگوێرەی پلانێکی پێشەکی نەدۆزراونەتەوە، بەڵکو کتوپڕ دەرکەوتوون. پەرەپێدانەکەشی ئەکەوێتە سەر هەل و مەرجی تایبەتی و لە دایك بوون و پەیا بوونی زانایێکی بلیمەت و خاوەن ئەقڵێکی تەواو و شەیدا بەو زانستیەی کاری تێدا کردووە، کۆمەڵگایش ئامادەی ئەم پەیدا بوونە نەبوو. کەواتە، تەقەلای زاناکان بۆ ئەوە نەبووە ژیانی ئادەمیزاد چاك بکەن.

بێشك هاتنە دی دۆزراوە زانیاریەکان بەر پرسیارە لە دروست بوونی بە ناو شارستانی پیشەسازی و دەس کەوتەکانی تری، دەرئەنجامی مەتالا و بیر و بۆچوون و تاقیکردنەوەی زاناکان و هەندی دیاردەی بێ مەبەستە، لە کاتی تاقیکردنەوەکانیانا دەرکەوتووە.

ئەگەر گالیلۆ و نیوتن و لافوازیە هێزی ئەقڵی خۆیان تەرخان بکردایە بۆ دەراسەی لەش و روحی ئادەمیزاد، ئێستە ئەم جیهانە جۆرێکی تر ئەبوو، بەڵام مرۆڤە زاناکان، خۆشیان نەیان زانیوە بەرەو کوێ مل ئەنێن، بەڵکو بیرکردنەوەکانیان جۆرێ بوە لە بلیمەتی و دیاردەیێکی تژ بینی موقناتیسی کتوپڕ، بەرەو ئەو دۆزینەوەی بردوون، ئەگەرچی هەر زانایێك بیرو بۆچۆنێکی جیاوازی هەبوە و تاك یاسایێکی تایبەتی خۆی هەبوەکاری لە سەرکردووە، بۆنمونە: جاری وا هەیە بیر و بۆچونێك لای زانایێك بۆ بابەتێکی دیاری کراو، ڕوون و ئاشکرایە، کەچی لای زانایێکی تر و بۆ هەمان ئەو بابەتە، بە پێچەوانەوەیە.

بە کورتی تێکڕای دۆزینەوەکان بە بێ ئەوەی زاناکانی بزانن دەرئەنجامەکەی چیە و چی لێ پەیا ئەبێ کاریان تیا کردووە و ئەم شارستانیەتەی ئێستە لە بەر چاومانە، لەو دۆزینەوەکتوپڕانە لە

دایك بووە. ئیمە لە شتە بە کەڵك و بە نرخەکانی جیهان، ئەوەی پێویستە بۆمان هەڵبژاردن، ئەم هەڵبژێرانەش بە هەمو شێوەیێك کاریگەری خراپی نیە بۆ بەرژەوەندیە سەرەکیەکانی ئادەمیزاد، ئەو بەرژەوەندیەی راستەوخۆ بەشێوەیێکی سادە پەیوەندیدارە بە ئامانجەکانی خۆمانەوە و ئەو باوەڕەی گۆیا ئەبێتە هۆی حەسانەوە و سووك کردنی باری ماندووەتیمان. خۆشی وەرگرتن لەم دیاردە گۆڕانکارییە خێرا داهاتوانە، گۆیا بۆ بەرژەوەندی گشتی هاتوەتە کایەوە، لە راستیدا هەر هەمووی

خۆشاردنەوەیە لە خۆمان، هەر ئەوانەن، کە بوون بە هۆی چەسپاندنی ئەم بە ناو سەرکەوتنە دۆزراوە تازانە. بەڵام رۆژی لە رۆژان کەس لە خۆی نەپرسیی کەی سنووری دانێین بۆ ئەم دیاردە خێرا و توند ڕەوە ترسناکە دروستکراوەی شارستانیەتی تازە دایهێناوە کە بریتیە لەتێڕەوی هۆکارەکانی هاتوچۆ و تەلەگراف و تەلەفۆن و جۆرەها ئامێری کار و پیشە سازی تازە و چاپەمەنی و ئامێری نووسین و ژمارە کردن، بە خێرایێکی لە سنوور بەدەر؟ تەنانەت ئەوانەیش کە هەڵئەسن بە ئیش وکاری ناومأل،کە لە رابۆردوودا بە ماندوبوونێك و کاتێکی زۆر ئەنجام ئەدرا.

بێشك ئەم حەز و هەڵپە و ئارەزووەی ئێستەمان بۆ بەکار هێنانی فرۆکە و تۆتۆمۆبیل و جۆرەها تێڕ تێپەڕی سەیرو سەمەرە، هەروەها تەلەفۆن و فاکس و رادیۆ و تەلەفزیۆن و دەیان جۆر ئامێری مۆدێرن و تەکنیك. ئاشکرایە هەر هەمان حەز و ئارەزوی ئێستەمان بوە، لەوەپێش باوو و باپیرانمان تەنها بۆ خواردنەوەی شەراب بە کاریان هێناوەو بەس، بەڵام ئێستە بە گشتی خەڵك لە ژیان و نیشتەجێی خۆیان رازین، چونکە بە جۆرەها روناکی کارەبا و شتی جوان رازاوەتەوە و پڕە لە دەیان ئامێری گەرمی و ساردی و جۆرەها خزمەت کردن و سەرخستنی کارەبایی (مصعد) لە گەڵ ئەوەشا دەستکاری کردن و تێکدانی خواردەمەنیە گشتیەکان بە تێکەڵ کردنی شتی کیمیاوی و دور خستنەوەی لە شێوە راستیەکەی خۆی و پێشکەش کردنی بە کۆمەڵگا، بە بەهانەی ئەوەی ئەمانە داهێنراوەی تازەن و ئاسانکاریە و بە کەڵکە بۆ ئادەمیزاد و لای هەموو کەس پەسندە، بە بێ ئەوەی کاریگەریە خراپەکانیان و نەخۆشیە لابەلاکانیان (مضاعفات) لە بەر چاو بگیرێ و باسی بکەن.

کاتێ ژیانی پیشەسازی هاوچەرخ هاتە کایەوە و رێکخراوەکان پەرەیان سەند، لایەنە بەرپرسەکان ئەو کاریگەریە ناجۆرانە و زیانانەی کارگەکان ئەیانبەخشی بە تەندروستی لەش و

ئەقڵی کرێکارەکان، خستیانە پشتگوێ،چونکە بیر و بۆچوونی خاوەن بەرژەوەندیەکان وکارگەکان لە سەر یاسای (زۆرترین بەرهەم بە کەمترین نرخ) دامەزرابوو، تا بتوانن زۆرترین و گەورەترین قازانج و سامان وەدەست بێنن.

رۆژ لەدوای رۆژ ئەم بەرنامانە پەرەی سەند، بەبێ ئەوەی بیر لە بەرژەوەندی ئەوکرێکارانە بکرێتەوە بە کارو باری ئامێرەکانی کارگە هەڵبەسان و هەمیشە لە ژێر شاڵاوی ئەو کاریگەرە ناجۆریانەدا بوون، کە هێرش ئەکاتە سەر ژیانی خۆیان و خێزان و نەوەکانیان.

لە لایێکی تریشەوە خاوەن سامانەکان بێ ئەوەی بیر لە کەس بکەنەوە، شارە گەورەکانیان دروست کرد لەسەر شێوە و قەبارەی خانوە بەرزەکانی ئەمەریکای سەر لە کەشکەلانی هەور، بۆ کەڵك وەرگرتن لە هەر پێنێکی چوارگۆشەیی روبەری ئەوکۆشکانە، دەستیان کرد بە دروست کردنی زۆرترین ژوورو شوێن بۆ ئیش و کاری بازرگانی و پیشە سازی وشوێنی پزیشك ..هتد.

هەروەها بە هۆی زۆر بونی رێژەی دانیشتوان و داوا و ویستی خەڵك و پەرە سەندنی کار و فەرمانی هەمە جۆرە، دروست کردنی خانو وکۆشکی بەرز و گەورە زیاتر پەرەی پێ درا، بوو بە هۆی کۆبوونەوەی کۆمەڵێکی زۆر و لە وزە بەدەر لە دانیشتوانی ناو ئەوکۆشکانە، زوربەیان ئەو جۆرە ژیانەیان لا پەسەند و باش بوو و لە کامەرانیێکی تەواوا ژیانیان بەسەر ئەبرد، نەیان ئەزانی لە پێویستیەکانی ژیانی سەرەکی و راستەقینە دوور خراونەتەوە وبێ بەش کراوون، چونکە پرۆژە و شارە تازە دروست کراوەکان بریتین لە خانوی بەرز و سەرلە کەشکەلانی هەوا، بەو هۆیەوە هەوای شەقامە تەسکەکانی ژێر کۆشکەکان پرە لە بۆنی نەوت و تۆزی خەڵوز وگازی ژەهراوی ئۆتۆمبێل وکارگەکان، هەروەها وڕە و دەنگی هۆڕنی مێشك بەری تاکسی و پاس ، کاریگەرێکی سەختی ئەکردە سەر ژیانی دانیشتوانی ئەو شەقامانە.

پرۆپاگەندەی بازرگانی تا سنوورێکی زیاد کاریگەری هەیە لەسەر ژیانمان، ئاشکرایە هەمو جۆرە پروپاگەندەیەکی زیاتری بۆ قازانجی فرۆشیارە، نەوەك بۆکریار، بۆ نمونە: پرۆپاغەندە خەڵکی وا چەواشە کردووە کە گوایا نانی سپی زۆر لە نانی بۆر باشتر و بە کەڵکترە، لە بەرئەو مەبەسە، ئاردەکە چەند جارێ ئەبێژنەوە و بە تەواوی مادە بە کەڵکەکانی لێ جیا ئەکەنەوە، بۆ ئەوەی ئەو ئاردە سپیە ماوەیێکی زۆر بە بێ تێکچون بمێنێتەوە وئاسانیش بێت بۆ دروست کردنی نان و بەشەکانی تری، بەوە خاوەن فڕنەکان و ئاشەکان بێ زیان ئەبن و قازانجێکی زۆریشیان

دەست ئەکەوێ. لە گەڵ ئەوەشا خراپترین جۆری نانی بێکەڵك دەرخواردی خەڵك ئەدەن و لای خەڵکانیش گۆیا باشترین نان پێشکەش بە کۆمەڵگا ئەکەن، بەم شێوەیە کراوە بە خۆراکی سەرەکی، بەڵام هەمیشە تەندروستییان لە کەم کردن و دابەزینایە .

ئاشکرایە پارەیێکی زۆر بۆ پڕوپاغەندە خەرج ئەکرێت لە بارەی فرۆشتن و بەکارهێنانی شتە خواردەمەنیەکان لە گەڵ دەرمانانی پزیشکی،کە هەرهەمویان بەتاڵن لەوکەڵکانەی ئامازەی پێ ئەکەن، بەڵکو زوربەیان لە باتی کەڵك، زیان بە تەندروستی ئەبەخشن ، لە گەڵ ئەوەشا هەر هەمویان بە سەپێنراوی بوون بە پێویستی و بەشێکی گرنگ لە ژیانی رۆژانەی کۆمەڵگا. لە لایێکی تریشەوە درندایەتی هەندێ لەو کەسانەی خاوەنی بەهرە و توانای ئەوەن کە بە هۆی پڕوپاغەندەوە خەڵك هان بدەن و رازی بکەن بۆ کڕینی ئەو شتانەی ئەیفرۆشن، بێشك ئەوانە رۆڵێکی سەرەکی ناجۆر ئەبینن لە جیهانێی شارستانیەتی تازەدا.

لەلایێکی تریشەوە، ئەوانەن، پڕوپاغەندەی پلان رێگای ژیانمان بۆ دائەڕێژن، هەمو جارێ بۆ بەرژەوەندی چەند کەسێ نیە، جاری وا هەیە مەبەسەکە بە چاکە و قازانجی گشتی دواپێ دێت، بەڵام ئەگەر پڕوپاغەندەکە لە خەڵکانی خراپەوە بڵاو بکرێتەوە، بێشك زیانێکی زۆری تێدایە، چونکە دوور نیە ناوەرۆکێکی ناجۆری تێدا شارابێتەوە، بۆ نمۆنە: کاتێ پزیشکەکان رەچەتەی خواردەمەنی بۆ منالێکی نەخۆش ئەنوسن، ئایا مەبەسیان گەورە بوونی منالەکەیە؟ تا ئێستەش هەر لە سەر هەمان شێوە و بۆ چون ماونەتەوە و بەردەوامن، ئەمە ئەوە ئەگەیێنێت ئەو پزیشکانە لەو بارەوە زانیاریان زۆرکەمە، ئایا بە بۆچونی ئێوە منالّی قەبە و قورس باشترە لە منالّی سوك و لاواز؟ نەخێر، چونکە زیرەکی و چالاکی و ئازایەتی و بەرگەی نەخۆشی گرتن، پەیوەندی بە قەبارە و لەشی منالّەوە نیە.

ئەو زانستیەی کە قوتابخانەکان و زانکۆکان بڵاوی ئەکەنەوە، بە شێوەیێکی سەرەکی بریتیە لە مەشقی مێشك و ماسولکەکانی لەش لە گەڵ سەرەتای زانیاری کۆمەڵایەتیێکی دیاریکراو و هاندان بۆ وەرزش. ئایا ئەمانەی باسکرا، لە راستیدا لە بارە بۆ مرۆڤی هاوچەرخ؟ ئایا پێشەکی پێویستی نیە، بە هاوسەنگی ئەقڵ و هێزی مێشك و راستی لە فەرمانا وئازایی لە لەش و لە وێژە و خۆ راگریدا؟ چونکە زانا پزیشکیەکان وا نیشان ئەدەن دوور نیە ئادەمیزاد زۆریان توشی نەخۆشیە ساریەکان بن، لە کاتێکا خۆیان خەریکن تۆشی نەخۆشی شپرزەیی مێشك و لاوازی ئەقڵ ئەبن؟

ئەگەر چی زۆرینەی پزیشك و مامۆستا و زانایانی تەندروستی بە دڵسۆزی لە هەوڵدان بۆ چاکەی ئادەمیزاد، بێ ئەوەی بگەنە ئەنجام، چونکە ئەو پلانە و شێوەیەی کاری لە سەر ئەکەن، بریتیە لە بەشێکی کەم لە راستی بابەتەکان، ئەم هەڵسەنگاندنە ئەوانەش ئەگرێتەوە کە ویست و خەون و بیر و باوەڕە سەرەکیەکانی خۆیان ئەگۆڕن بە ویست و خەون و بیر و باوەڕێکی تر، گۆیا بۆبەرەو پێش بردنی ئادەمیزادە. ئەوانە لە سەر بیر و بۆچوونێکی بیردۆزی (نظرية) ئەڕۆن و هەوڵی ئەوە ئەدەن جۆرە شارستانیێکی تر دامەزرێنن و بەڵکو بەو هۆیەوە باشترین کەڵك دابین کەن بۆ ئادەمیزاد، بەڵام لە راستیدا ئەو ئامانجە بریتی بو لە وێنەیێکی ناتەواو و دوارۆژێکی ترسناك بۆکۆمەڵگا. هەروەها هەندێکی تر لە خاوەنی بیر و باوەڕ، هەوڵیان دا و بە گوێرەی ئەقڵی خۆیان، رژێمێکیان پیادەکرد، بەڵام پاش ماوەیێك نرخی دابەزی، وەك چۆن شۆڕشی فەرەنسە و خەیاڵەکانی ماركس و لینین هاتە کایەوە، کە تەنها لە گەڵ مرۆڤە میشك وشکەکانا ئەگونجا.

ئەبێ ئەوەش بزانین یاسای پەیوەندی نێوان ئادەمیزاد و جیهان، هێشتا تا ئێستە نەزانراوە، هەروەها زانیاری کۆمەڵایەتی و زانیاری ئابوری دوو زانیاری بە زۆر سەپێنراوو هەر لە خۆوە دانراون بۆ ئادەمیزاد، بوون بە هۆی ئەوەی، ئەو شوێنەوارەی زانیاریەکان و تەکنۆلۆجیا دۆزییانەوە و هەڵیان بژاردن بۆ ئادەمیزاد، بە هیچ شێوەیێك پێکەوە ناگونجێن، چونکە هەر لە خۆیانەوە دایان مەزراندووە و هەر چۆنێك بێ رێکیان خستووە، بێ ئەوەی لایەنی سروشتیە راستەقینەکەی ئادەمیزاد لە بەر چاو بگرن.

باسی شەشەم

بەکورتی زانیاری بێگیان پێشکەوتنێکی زۆرگەورە وگرنگی وەدەست هێنا، بەڵام زانیاری ئادەمیزاد هێشتا لە سەرەتادایە، واتە سستی پێشکەوتنەکەی کاریگەرێکی بەر چاوی کردە سەر ژیانی ئادەمیزاد و بوو بە هۆی ئاڵۆزی دیاردەی ژیانی و دروست بوونی دیاردەیێکی ئەوتۆ بەو پەڕی دڵخۆشی و سەرخۆشیەوە نوقم بین لە ناو لێکدراوە میکانیکیەکان وکورتکراوە ماتماتیکیەکاندا. بێشك جێ بەجێ کردنی دۆزراوە زانیاریەکان، بوو بە هۆی گۆڕانکاری لە ناو جیهانی مادە و ئەقڵا، ئەم گۆڕانکاریەش کاریگەرێکی قوڵی لە ناخ و دەرونا دروستکرد، چونکە پێچەوانەی ویست و سروشتی ئادەمیزاد هاتوەتە کایەوە. نەزانینمان بەرانبەر بەخۆمان، بوو بەهۆی زاڵ بوونی زانیاری میکانیکی و سروشتوکیمیا بە سەر ژیانمانا و بە ئارەزوی خۆیان گۆڕانکاریان لە ژیانی باوو و باپیرانمانا ئەنجامدا. پێویستە ئادەمیزاد بۆ هەموو شتێك پێوەر بێت، بەڵام لە راستیدا بە پێچەوانەوەیە، ئادەمیزاد لە ناو

ئەو جیهانەی خۆی دایهێناوە نامۆیە، چونکە لە بارەی سروشتی خۆیەوە زانیارێکی ئەوتۆی نیە بتوانێ بە دەستی خۆی جیهانێك بۆ خۆی دامەزرێنێت. هاوکار ئەو پێشکەوتن و زاڵ بوونە گەورەیەی زانیاری بێگیان زیاترلە زانیاری مرۆڤ بە دەستی هێنا، یەکێ بوو لەوکارە سەختانەی ئادەمیزادی تاساند، ئاشکرایە ئەو شوێنەوارەی ئەقڵی پێشۆی ئێمە دروستی کرد، لەگەڵمانا ناگونجێ، چونکە ئەو داهێنراوە تازانە لە گەڵ قەبارە و شێوەی ئێمە بە هیچ جۆرێ پێکەوە رێك ناکەون.

ئێمە کۆمەڵگایێکی نەگبەتین چونکە کردەوە و ئەقڵمان لە روخانایە، ئەو کۆمەڵگایەی شارستانیەتە پیشە سازیەکەی لە لوتکەی پەرەسەندن و پێشکەوتنایە، ئەوانەن رووبان کردوەتە لاوازی و دواکەوتن و بە خێرایی لە گەڵ کۆمەڵانی تردا لە پێش برکێدان، بۆ ئەوەی ئایا کامیان زووتر ئەگاتە دۆخی دواکەوتنەکەی جارانیان و ژیانی باوو باپیرانیان؟ بە بێ ئەوەی خۆیان هەست بەوە بکەن، چونکە هیچ شتێك نیە پارێزگاری بکات لەو تۆڕەی دوژمنەکەی

کەزانیاری تازەیە، تەنیویەتی بەدەوریا، بەراستی شارستانیەتەکەی پێش ئەوان، زرۆفێکی سەیری ئەوتۆی خولقاند ژیانی تێدا بەدی نەئەکرا، کە هۆکارەکەی تا ئێستە نەزانراوە.

ئەو سەر لێشێوانە و خەم و خەفەتەی توشی دانیشتوانی شار هاتوە، هۆیەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ ڕێکخراوەی رامیاری و ئابوری و کۆمەڵایەتی، ئێمەش فەوتاوی ئەوەین زانیاری بێگیان بە چەند قۆناغێ لە پێش زانیاری ئادەمیزادەوەیە.

تاقە ڕێگای رزگار بونمان لەو بەڵا سەختە ئەوەیە، زیاتر لە ناسینی خۆمانا قووڵ بینەوە، چونکە ڕێگای ئەوەمان بۆ ڕوون ئەکاتەوە بزانین ئەوکرداڕە میکانیزمە چیە بووە بە هۆی ئەوەی ژیانی تازە زاڵ بێ بە سەر وێژدان و لەشی ئێمەی ئادەمیزادا؟ بەو جۆرە فێر ئەبین لە گەڵ ئەو زروفەی دەورەی داوین خۆمان رابێنین، هەروەها بەڵکو بتوانین بیگۆڕین، تەنانەت ئەگەر لەڕێگای شۆڕشیشەوە بێت، ئەگەرچی زانیاری تازە توانی تیشک بخاتە سەر سروشتی ڕاستەقینە و سەر توانامان، تەنانەت سەرئەوەی لە چ ڕێگایێکەوە توانیمان دەستەڵات وەدەست بێنین.

ئێمە لەم بێنە و بەرەدا بۆمان ڕوون ئەبێتەوە تا چەند لاوازیی فەسیۆلۆجی ڕوی تێکردوین و چەند لە وێژە و ئەقڵا نەخۆشین، ئێمە هۆیێکی تر شك نابەین بۆ زانینی بنەمایێکی بە هێز و خۆ ڕاگری لایەنەکانی چالاکی لەش و ڕوح، بۆ ئەوەی بزانین کام شتە ئەبێ و کامیان نابێت. ئەبێ بزانین ئێمە ئەو ئازادیەمان نیە بە ئارەزووی خۆمان شوێنەوارەکەمان و خۆمان بگۆڕین، چونکە شارستانیەتی تازە بە تەواوی شێوەی سروشتی ژیانی تێك دراوە. ئێستە بە تەواوی ئاشکرایە و سەلێندراوە زانیاری ئادەمیزاد لە هەموو زانیاریەکانی تر،گرنگتر و لە پێشترە.

بابەتی دووەم

ا)پێویستە ئەو زانیاریانەی لە گەڵ ئادەمیزادا ناگونجێن جیا بکرێنەوە.

کارکردن لەسەر بیرو بۆچونەکانی زانا (بردگمان) .

تاقیکردنەوەکانی لەسەر زیندەوەر شپرزەیی بیروڕاکان دوورخستنەوەی هۆکاری فەلسەفە و زانیاری، ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن.

ب) پێویست بە پشکنینی گشتی. پێویستە بە تەنگەوە هاتن هەمو بەشێکی ئادەمیزاد بگرێتەوە. گرنگی لە سنوور بەدەر نەدرێ بە هیچ بەشێ لە بەشەکانی لەش. دیاردە ئاساییەکان لەدیاردە ئاڵۆزاوەکان بە باشتر دانەنرێن. ئەو بەشانەی شیی ناکرێنەوە، پشت گوێ نەخرێن. ئادەمیزاد هەر هەموی ئەچێتە ژێر تایبەتمەندی زانیارییەوە.

ج)زانیاری ئادەمێزاد لە هەموو زانیاریەکانی ترگرنگترە. رەوشتە شیکراوەکان و پێکهاتەکانی. شییکردنەوەی ئادەمیزاد پێویستی بە هونەری جۆراوجۆر هەیە. ئەم هونەرانە لەش و روح و پێکهاتە کرداڕەکانی لەشی ئادەمیزاد یەکخەن و بە شی بکە ن بە چەند بەشێ .

هـ)ئەو چەڵەمە هونەریانەی رێگای لێکۆڵینەوە لەئادەمێزاد ئەگرن. بەکارهێنانی ئاژەڵی خاوەن ئەقڵی بەرز. چۆن تاقیکردنەوە رێکخەین بۆ ماوەیێکی درێژ خایەن؟

و)شێوەی پێکهاتەیێکی بەکەڵك بۆ زانیارمان لە بارەی ئادەمیزادەوە.

باسی یەکەم

زۆر سەیرە ئێمەی ئادەمیزاد تا ئێستە خۆمان نەناسیوە، لەوەیش سەیر تر ئەوەیە، خۆنەناسینەکەمان بەهۆی ئەوەوە نەبووە زانیاری پێویستمان لەو بارەوە لە بەردەستا نەبووبێت، یان زانیاریەکان رێکو پێك نەبووبن یان دەگمەن دەست کەوتبێت، بە پێچەوانەوە ئادەمیزاد لەماوەی ئەو سەدە درێژە رابوردووانەدا ئەوەندە لەو زانیاریانەی لای خۆی کەڵەك کردبوو کە تێیدا چەواشە ببوو، هاوکار هەوڵی ئەو زانایانەی هەردەم خەریکی لێکۆڵینەوە بوون لە لەش و دەروونی ئادەمیزاد و بەشکردنی بۆ چەند بەشێك لەژمارە نەدەهات، بۆ سەیر ئەم زانستیانە تەنها تا ماوەیێکی کەم کاری لەسەرکرا، چونکە ئەنجامی نەبوو، لەوەش سەیرتر ئەنجامی ئەو تاقیکراوانە نەزۆکی خۆی لەناو پوچەڵی چالاکی و ڕای زاناکەیدا دەرئەخست و هەروەها لە ناو دارشتنی ئەو پلانانەدا گوایا ئەکرێ بەبناغە بۆ پزیشکی، تەندروستی، رۆشنبیری،کۆمەڵایەتی و ئابوری رامیاری، بەڵام پوچەڵی بەرو بوومەکەی دەر ئەکەوت، لێرەدا راستیێکی زیندوی دەوڵەمەند لەژێر بارستایی دەنگ و باسی قەبە و بیر و بۆچۆن و باوەڕی جۆراوجۆر و ویست و خەون، زیندە بە چاڵ کراوە، ئەمانە هەموی بەڵگەی گرنگە بۆ ئەوەی ئادەمیزاد لە پێناوی ناسینی خۆیا زۆرکاری ئەنجام داوە، ئەمە بێجگە لە چەندین نوسراوی زانایان و فەیلەسوفەکان و بیر و بۆچونیان.

ئێمە لە بارەی تاقیکردنەوەکانی زەمانی رابوردوو، دەرئەنجامی راستمان لایە، لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆرگەورە لەو تێ بینیانەی بە گیانێکی پاکی زانیارانە، هەندێ جاریش بە هۆی هونەرەکانیانەوە ئەنجام دراون، بەڵام ئەبێ ئێمە لە ناو ئەم هەمو ئەنجامە جۆراوجۆر و لە یەك نەچوانە، بە شێوەیێکی ئاقڵانە ئەوەی بۆ ئێمە ئەشێ و لەگەڵمانا ئەگونجێ، ئەوە هەڵبژێرین، چونکە ئەو هەموباس وبۆچونە لە بارەی پێناسەی ئەو ئادەمیزادەوە کە ئێمەین دانراوە، لە ووشەی قەڵەو و رستەی رێکخراوی بێ مانا زیاتر، هیچی تر نیە وئەقڵی خۆمان دایڕشتووە، کە ئەگەر هەمو جیهان بگەڕێین، زێندەوەرێکی وا نادۆزێنەوە هەڵگری ئەو پێناسانە بێت و لەوە بچێت، چ جای ئادەمیزاد. بیرو بۆچونەکانی تریش تەنها دەرئەنجامی تاقیکردنەوەکانە و بەس کە

(بردجمان) ناوی نا بیر و باوەڕی بەکار، بیرو باوەڕی بە کار بریتیە لە تاقە کارێ، یا کۆمەڵێ کار، بەشداری بکەن لەگەیشتن بە مەبەستێکی دیاری کراو.

ئاشکرایە زانیاریە راستەکان پێویستیان بە هونەرێکی راستە و خۆی بەدەنی یا ئەقڵێکی دیاریکراو هەیە، بۆنمونە: کاتێ ئەڵێن فلان شت درێژیەکەی یەك مەترە، ئەبێ بێ کەم و زیاد بە قەد ئەو مەترە بێت کە نمونەکەی لە نوسینگەی نێو دەوڵەتی بۆ پێوانە وکێشانە لە پاریس دانراوە. هەر وەها ئەو شتانەی بە چاو ئەی بینین هەر ئەو شتانەیە کە بە تەواوی ئەیانناسین، بۆ نمونە کە باسی درێژی شتێکمان کرد، وێنەکەی بە هەمان شێوە دێتە پێش چاومان، بردجمان ئەڵێت: " بیرو بۆچۆنی بێ تاقیکردنەوە مانای نیە، هەروەها هیچ پرسیارێکیش واتە دار نیە تاوەکوکردارەکەی نەدۆزینەوە، بۆ ئەوەی دەرگای وەڵام دانەوەکەیمان بۆ بکاتەوە،" راستی و دروستی هەمو بیر و باوەڕێ ئەکەوێتە سەر ئەوکردارانەی ئەنجامی راستیەکەی خۆی دەرخستوە، ئەگەرئادەمیزاد وا بزانێ خۆی بونەوەرێکە تەنیا لە مادە و ویژدان خولقاوە، بە راستی ئەم هەستەی هەڵەیە، چونکە پەیوەندی نێوان هەست و مادەی لەش هێشتا لە ژێر تاقیکردنەوەدایە و دەرنەچوە و بە تەواوی نەزانراوە، بەڵام ئەتوانین بڵێین ئادەمیزاد بەکردار لەشێکە لە بواری کیمیاوی و سروشتی و فەسیۆلۆجی و دەرونیدا توانای چالاکی هەیە، ئەو بیر و بۆچونانەی لە سەر زانیاری بایۆلۆجی و سروشت پێیان داگرتووە وە ئەڵێن هەر ئەبێ ئەمانە بناغەی زانیاری ئادەمیزاد بن، بێشك هێشتا نەگەیشتونەتە ئەنجام، چونکە بۆ لێکدانەوەی راستیەکەی، هێشتا پەیوەندی بە هۆکارێکی دیاریکراوەوە ماوە.

بۆ نمونە: بیر و بۆچونی ئێستەمان لە بارەی خانەکان و تێکەڵکێشەکەی مەغزی شێوە شەپوریەکەی بڕبڕە، لەگەڵ دەمارە ریشاڵیە ووردەکانیا، هەر هەمووی دکتۆر(رامونی کاگاڵ) دایهێناوە و خۆی لە راستیدا بۆچونێکی کاتییە، چونکە هەرکاتێ داهێنراوەی تازە و پێشکەوتوتر پیادە کرا، بێشك گۆڕانکاری لەوەی پێشودا رو ئەدات، هەندێکیش هەر بە دەم بۆچونیان وایە، خانەکانی مەغزی بڕبڕە، ناوەندی چالاکی کرداڕەکانی ئەقڵە، بێشك ئەمە بۆ چونێکی زۆر هەڵە و بێ نرخە، چونکە ناچێتە ئەقڵی هیچ زانایە کەوە کرداڕەکانی ئەقڵ لە ناو مەغزی لولەی بڕبڕەدا سەر چاوە بگرێت.

تەنها ئەو بیروبۆ چونە کردەنیە، خاوەنی بناغەیێکی پتەو بێ بۆ ئەوەی کارەکانی لە سەر دامەزرێنرێ، بەڵام بە داخە وە ئێمە لەو هەمو کۆمەڵە زۆرە زانیارانەی لە بارەی خۆمانەوە لامان

کۆ بوونەوە، ئەوانەیان لێ پەسەند ئەکەین و وەر ئەگرین، نەک تەنها هەر لەگەڵ بۆچوونی ئەقڵمانا رێك ناکەون بەڵکو لە گەڵ سروشتیشا ناگونجێن ئێمە ئەزانین لە نێوان بیرو بۆچونەکانا، بۆچونی تایبەت بە ئادەمیزاد هەیە، لە هەمان کاتیشا هەندێ بۆچونی تریش هەیە، هەمو زیندەوەرەکان ئەگرێتەوە و هەندێ لەوانە، پەیوەندی هەیە بەکیمیا و سروشت ومیکانیکەوە، یاسا و بۆچونی تریش هەیە باس لە پێکهاتەی توێژی زیندەوەرئەکات، هەندێ بۆچون تایبەتە بە باسی ئەلەکترۆن وگەردیلە و پێکهاتەی پارچۆلکەکانی ناوچنراوەکانی لەشی ئادەمیزاد، بۆچون هەیە تایبەتە بە پێکهاتەکانی چینی درەخت و بەرد و هەور و بەکارهێنانی یاسای تایبەت بۆکاتی فراوانی (زمن الاتساعی) وچالاکی و هێزو کۆبونەوە و چونە سەر یەکی هەور، هەر بەشە بیر و بۆچۆنی جیاوازی خۆی هەیە.

بەکارهێنانی بۆچونی تایبەت بە لەرینەوەی (اوسمۆزی) [6] و بارگە و ئایۆناتی و دەمارە موویینەکانی تایبەت بە بڵاوکردنەوەی شلەمەنی ناو لەش. بۆ چون لە بارەی(حبیبات) [7] دەنکۆڵە و توانەوە وپێك هێنانی ترشەڵۆك،کۆ بونەوەی ئەمانە زیاتر لە شێوەی مادەدا کۆئەبنەوە، تا، چالاکی ئەو پارچۆلکانەی پێکهاتەکانی خانەی چنراوەکان دروست ئەکەن وخانەکان یەك ئەگرن بۆ ئەوەی ئۆرگانێکی زیندو پێك بێنن، ئەمانە لە گەڵ بیروبۆچونی تایبەت بە کرۆمۆسۆماتەکان[8] جینیس[9] و سکماکی وگونجاندن وکات و ساتی فەسیۆلۆجی و رەمەك-

---

[6]- اوسمۆزی- ازموزیس- ئۆزمۆن، واتە دادان، تێەڕبونی شلەیێکی ڕوون بە ناو پەردەیێکی تەنك بۆ ناو گیراوەیێکی خە ست.

[7]- حبینات- بریتیە لە دەنکۆلەیێك لە ناو خانە دەماریەکانا کە خواردەمەنی تیدا کۆ ئەبێتەوە.

[8]- کرۆمۆسۆم- چەند تەنراوەیێکی زردی درێژکۆلەیە لە ناو ناوکی (نواة) لەشایە، توانای هەڵگرتن و گوێزانەوەی ردنگی هەیە، هەروەها سیفاتی رەگەزی ئەگەێزێتەوە لە وەچەیێکەوە بۆ وەچەیێکی تر، وەکو رەنگی قژ، رەنگی چاو، پێست، کە لە کۆزماتینەوە پەیا ئەبێت.

[9]- جینیس - بریتیە لە گرێیێك بەسەر کرۆمۆسۆماتی رەگەزییەوە، سیفاتی سکماکی لە دایك و باوکەوە ئەگوێزێتەوە بۆ منالەکان و نەوەکان.

غریزة - لە گەڵ بیرو بۆچونەکانی لەوە پێش باسکرا، هەمویان سەر بە فەسیۆلۆجیان (زانیاری کارەکانی ئەندامەکان).

بێجگە لە ئەلەکترۆنەکان و گەردیلە و پارچۆلکە و خانەکان و چنراوە، ئەمانە هەموی لەو پەڕی لوتکە دروستکردنا دەست بە کارن، بۆ ئەوەی کەم و کورتی لە دروستکردنی ئۆرگانەکانا روونەدات، ئێمەش پێویستە بە گوێرەی بیرو بۆچونی خۆمان و بۆ تەواوێکی زیاتر، لەم دروست کردنەدا، ئەڵێین: تەواو بونی ئادەمیزاد پێویستی هەیە بە ئۆرگانی زیرەکی، هەستی وێژەیی، فەلسەفەی هونەری جوانی ، هەستی و یەکسانی.. هتد. پێویستە ئەم یاسایانە بخەنە شوێنی یاسای دینامیکای گەرمی و یاسای ئەنجام دەرەکان.

یاسای هەمو بیروباوڕێ، لەبواری هەر زانیاریکدا، ئەبێ بە شێوەی کۆمەڵایەتێکی راستەقینە، لەگەڵ باوەڕی (بە هەوڵێکی کەم بەرهەمێکی زۆر) یا بەختەوەرێکی زۆر، لە گەڵ هەوڵدان بۆ ئازادی و بە گوێرەی یاسای ئەو زانیاریە، بەکاربێنرێ.

بۆچونی تایبەت بە سروشت و کیمیا و فەسلەجە و زانیاری دەروون، پێویستە لە سنوور و پلەیێکا جێ بەجێ بکرێت لە گەڵ پێکهاتەکانی لەشی ئادەمیزاد بگونجێت، هەروەها پێویستە ئەو بۆچونەی لە گەڵ یەکێ لە قۆناغەکانا ناگونجێت، هەر لە خۆمانەوە هەڕەمەکی و بێ لێکدانەوە تێکەڵ بە یەکێکی وای نەکەین لە قۆناغێکی جیاوازا بێت. بۆ نمونە: دووەم یاسای دینامیکی گەرمی و یاسای بڵاو کردنەوەی چالاکی ئازاد، هەردوکیان لە بواری پارچۆلکە (جزیئی) دا ئەگونجێن و بە کەڵکن، بەڵام لە گەڵ قۆناغی زانیاری دەروونا ناگونجێن، چونکە لەمەدا فەلسەفەی بیر و باوەڕی (بە هەوڵی کەم خۆشگوزەرانی زۆر) لە ئارادایە، هەروەها بۆ چونی تایبەت بە بۆریە موویینەکان (الشعیرات) وگرژیەتی (اوسموزی) تیشك ناخاتە سەر قۆرتە تایبەتیەکانی هەست، چونکە هەوڵ دان بۆ تیشك خستنە سەر دیاردەی روحی و روون کردنەوەی بە گوێرەی یاسا و زمانی فەسیۆلۆجیا و میکانیکا و خانە، تەنها ووشەی قەڵەو خەرج کردنە و هیچی تر.

لە گەڵ ئەوەشا زانایانی فەسیۆلۆجیای سەدەی نۆزدەهەم، خۆیان و قوتابیەکانیان، تا ئێستەش لە بەر دەمی ئێمەدا هەڵگروشماوون، بۆ ئەوەی هەمان هەڵەی پێشوو دووپات کەنەوە، لەکاتێ کە ویستیان ئادەمیزاد بە کۆپێیکی تەواو و یەکجاری بکەن بە کیمیای مادە، ئەم کردارە

گەوجانە ئەبێتە هۆی هەڵەیێکی گەورە لە بواری پسپۆڕیدا. ئەبێ بۆ چونی زانیاری بە شێوەیێکی هەڵە بەکار نەهێنرێت، بەڵکو بەرزکرێتەوە بۆ یەکێ لە پلە زانیاریەکانی تایبەت و شیاو بە خۆی.

ئاشکرایە ئێمەی ئادەمیزاد، زانستیمان بەرامبەر بە ناسینی خۆمان پڕە لە کەم وکوڕی و شپرزەیی، ئەویش بە هۆی پاشماوەی ڕێکخراوە زانیاریەکان و فەلسەفیەکان وبیرو باوەڕی ئەو بە ناو راستیانەی کە لە راستی دابڕاون، خۆ ئەگەر ئەقڵمان هێشتا تا ئێستە لە ناو یەکێ لەو زانیاریانە، یا فەلسەفانەدا ماوەتەوە و پەلە قاژێیەتی ئەوە بێشك ئەبێتە هۆی گۆڕانگاری لە بواڕەکانی تایبەت بە دیاردە راستەکان.

لە سەدەکانی رابوردوودا، ئادەمیزاد هەمیشە خۆی لە ناودیمەنێکی بویە کراو بە ڕەنگی جۆرەها ئەندێشە و بیرو باوەڕ ئەدۆزییەوە و تێیدا سەرگەردان ئەبوو، بۆیە هەر لەو بارەوە فەیلەسوف (کلۆد برنار) لە نوسینەکانی خۆیا ئاماژەی کردووە و ئەڵێ: پێویستە واز لەو ئەندێشە پڕوپوچانە بێنین ، ئەگەر بێتوخۆمان لە ڕێکخراوە زانیاریەکان و فەلسەفیەکان رزگارکەین، هەروەکو ئەوە وایە ئادەمیزاد ئەقڵی خۆی لە کۆت و زنجیری بەندایەتی ئازادکات، ئەگەرچی تا ئێستە ئەگەیشتوینەتە ئەو ئازادیە، چونکە زاناکانی (بایۆلۆجی) و مامۆستاکان و ئابوری ناسان وکۆمەڵ ناسان و ئەوانی تریش ئەگەر لەسەر بابەتێك توشی گیر وگرفت بهاتنایە، لە ڕێگای هاندان و تەفرە، بابەتێکی تریان پیادە ئەکرد، تا سەر لە نوێ بناغەی بیر و بۆچونی خۆیانی لە سەردانێنەوە و ئینجا هەڵیان ئەگێڕایەوە و ئەیانکرد بە بیرو باوەڕ، بەو جۆرە لەسەرشێوەی ڕێکخراوە توند ڕەوە دینیەکان پەرەیان پێ ئەدا. ئەو هەڵە وکەم وکوڕیانەی هەمو لایەنی زانیاریەکانی گرتبوەوە، زۆر کات لە لایەن زۆرکەسەوە ئەدرا بە گوێمانا و بیرمان ئەخرایەوە و ئەبو بە هۆی خەم و خەفەتێکی زۆر لە ناخمانا.

شەڕ لە نێوان زانیاری ژیان و زانیاری میکانیك هەڵگرسا، لەسەر ئەوەی گۆیا هەریەکە خۆی راستە، بەڵام ئەوەی زۆر سەر سوورێنەرە، پڕو پوچی ئەم هەڵە زەقە بە ناوبانگەیە،کە زاناکانی ژیان ئەفەرموون " گۆیا لەشی ئادەمیزاد وەکو ئامێرێ وایە و هاوکاری لە نێوان کارکردنی بەشەکانی لەشا، بە هۆی هۆکارێکەوە ئەنجام ئەدرێ، نە سروشتیە و نە کیمیاوی،" بە گوێرەی ئەم فەرمودە سەیرەیان، کرداری بەرپرسیار لە بونەوەرێکی زیندو، بەستراوە بە باوەڕی روحی ئازادەوە (مبدا روحی المستقل) ئەم بۆچونەیان ڕێك وەکو ئەوەیە لە ناو ئەقڵی ئەندازیارێکا نەخشەیێك هەبێت بۆ دروست کردنی ئامێرێك، ئەو ئامێرە دەستکردە جۆرێك نیە

لە چالاکی، لە هەمان کاتیشا چالاکی داناهێنێت، بەڵام تەنها پەیوەندی ئەکا بە بەرێوەبەری لەشەوە. ئاشکرایە کە /باوەڕی روحی ئازاد/ بریتی نیە لە بوچوونێکی کردەیی (عملی) بەڵکو تەنها دامەزراوەیێکی ئەقڵیە.

بە کورتی زانایانی ژیان (بایۆلۆجی) وا ئەزانن لەش بریتیە لە ئامێرێك و ئەندازیارێك ناوی – انتلکی- یە ئەیخاتە کار، نازانن لە راستیا ئەو ئەندازیارە خۆی زیرەکی داهێنەرەکەیە و هیچ کەسی تر.

میکانیکیەکان باوەڕیان وایە، هەمو لایێکی فەسیۆلۆجی و دەروین لە ژیر فەرمانی بەندەکانی یاسای زانیاری سروشت و کیمیاو میکانیك لێك ئەدرێتەوە و بەرنامە رێژییان بۆئەکرێ، ئەمانە لە سەر ئەم هەڵەیە بناغەی ئامێریان دارشت، وەکوچۆن زانایانی ژیان خۆیانکرد بە ئەندازیاری دروست کردنی ئامێر، بەڵام هەر وەکو فەیلەسوف (رودگر) ئاماژەی پێکرد و وتی: " ئەوانە بوونی ئەندازیارەکەیان لە بیرچوە، چونکە ئەم بۆچونە کردەیی نیە". و پێویستە لەبەر هەمان ئەو هۆیانەی دورخستنەوەی رێکخراوە باسکراوەکانی وروژان، هەر بەو جۆرەش ئەم میکانیك و بایۆلۆجیەش بە یەکجاری دور بخرێنەوە، لە هەمان کاتا پێویستە خۆمان رزگارکەین لە بارستاییەکانی ئەندێشە و هەڵە و لەو بەناو راستیانەی بەهۆی تێبینی چەوتەوە پیادەکراون، هەووەها لەوکۆسپە داتاشراوەی ئەقڵ لاوازەکانی بە ناو سەر بە شاری زانیاری، لێکۆڵینەوەیان لە سەرکردوە، هەروەها لەو درۆزنانەی گۆیا داهێنەرن و لە دەجالەکان و لەو زانایانەی رۆژنامەی بە کرێ گیراو، بە شان و باڵیانا هەڵئەدا و زلیان ئەکەن و بە فووتێکردن ئەیان نرخێنن، پێویستە خۆمان رزگارکەین لە باس و لێکۆڵینەوەی بێ ئامانج و لە دیراسەی درێژ خایەنی بابەتی بێ مەعنا. لە مادە بەهەڵە تێکەڵ کراوو ئاڵۆزاوی ناو تاقیگاکان کە لەوەتی زانیاری بایۆلۆجییان کردووە بەپیشە وەك پیشەی مامۆستایی و مەلایەتی و فەرمان بەرایەتی بانق، دەرئەنجامی تاق کردنەوەکانیان بە قەد کێوێ بەرزەو دەستیان نایگاتێ. ئەگەر ئەم کورتکردنەوە باسکراوانەمان بەتەواوی ئەنجامدا، ئەوکاتە دەرئەنجامی کرداری هەمو زانیاریەکان بەیەکجاری بە ئادەمیزادی خۆ راگرەوە پەیوەست ئەبێت و تاقیکردنەوە کۆمەڵ بووەکانی وەکو سامانێکی لە بن نەهاتوو، ئەبێت بە بناغەیێکی پتەو و خۆراگر.

ئەتوانین بە چاوخشاندنێك بە مێژوی ئادەمیزادا مانای هەمو چالاکیە بنەڕەتیەکانمان بخوێنینەوە، بێجگە لە تێ بینیە راستەکان وسەلماندراوەکان وباوەڕ پێکراوەکان، زۆر شتی ترهەیە

راست نین و لە دوو دڵیش بە دەرنین، ئەمانیش پێویست بەلابردن ئەکەن، کە وابوو تەنها بۆچوونی کردەیی (عملی) بناغەیێکی بەهێزە کە بەشێوەیێکی پتەوو خۆراگر، بینای زانیاری لە سەردامەزرێت.

شتی بەخەیاڵ دروستکراو تەنها توانای ئەوەی هەیە ئامۆژگاریەکانی خۆی بەشێوەی خەو و ئەندێشە و شتی نادیار بەگوێی ئادەمیزادا بسرپێنێ و هیوای لە دایکبوونی شارستانیەتێکی داهاتوی بداتێ.

هەروەها پێویستە دوور بین لەو پرسیارکردنە بێ مانایانەی لە قاڵبی بۆچوونی رەخنەی زانیاری ماقوڵا دارێژراو نەبێت، بەڵام ئێمە ئەگەر جڵەو بۆ ئەقڵی خۆمان شل کەین،کە دوای شتی نەشیاو و نادیار بکەوێت، بێشك ئەوەی دامان مەزراندوە ئەرۆخێت، چونکە حەز لە زانین رەمەکێکی سروشتی ئادەمیزادە و پاڵ نەرێکی کوێرە ولە ژێرفەرمانی هیچ یاسایێکدا نیە، ئەقڵمان هەمو شتەکانی دەور و بەرمان تێك و پێکنەدات و بەهۆی پاڵی ئەو رەمەکەوە –غریزة - سوور بونێکی سەیر ئەخاتە ناوەرۆکی دەروون، وەك (راکون)[10] وایە کاتێ بیەوێ بە چڕنوکە تیژەکانی لە ناو جیهانە بچوکەکەی خۆیا بە دوای شتی تازەدا بگەڕێت.

ئاشکرایە حەز لە زانین پاڵمان پێوە ئەنێت بۆ زانیاری تازە لە بارەی جیهانەوە و بێ ووچان لە گەڵ کاروانەکەی خۆیا بەرەو جیهانێکی نەناسراوو نادیار رامان ئەکێشێت، بەڵام تەنانەت ئەوکێوانەش سەر لە کەشکەلان ئەکوتن و سەرکەوتنیان سەختە، لە ژێر پێی هەوڵی ئادەمیزادا ئەنەوێن و خۆ ڕاناگرن، هەر وەکو چۆن هەڵم لە بەر دەمی رەشەبادا

[10]– راکون– ئاژەڵێکی چرنوکدارە لە پشیلە کێوی ئەچێ، لە ئەمەریکا ئەژی.

باسی دووەم

ئەبێ بزانین، نەخشە کلاسیکیەکانی ئەمرۆ لە بارەی ئادەمیزادەوە، باڵی ڕەشی بە سەر ڕاستیەکانا کێشاوە، لەگەڵ ئەوەی ئاسۆی بواری زانستیمان بە تەواوی کراوەتەوە و زانیمان هێشتا خۆمان نەناسیوە، چونکە بە دڵ هەوڵێکی تەواومان بۆ نەداوە، ئەبێ هەوڵدان و کارەکانمان زیاتر گشتی تر بێت لەوەی تەنها خوو بدەینە سەیرکردنی یەك لای لەشی ئادەمیزاد، یا بەشێکی دیاریکراو لە مێژوی ژیانەکانیا. پێویستە لە هەمو ئەو لایەنە چالاکیانەی بگەین ئاشکراو لە بەر چاون، هەروەها لەوانەیش لە زنجیرەی دەراسە و بیر لێکردنەوەدان. بۆ ئەوەی لەوکارانەدا بە سەرکەوتووبی دەس بە کار بین، پێشەکی پێویستە زۆر بە وردی بیر لە ئێستەو ڕابوردوی هەمو دۆزراوەکانی هێزی ئۆرگانی و ئەقڵیمان بکەینەوە وەپشکنینێکی ووردی شیکردنەوە لە پێکهاتەی دامەزراوەکەمانا و پەیوەندی دەروونی وکیمیاوی وئەقڵیمان لە گەڵ شوێنەوارەکەمانا ئەنجام بدەین. بۆ ئەمە با گوێ بیسی ئامۆژگاریەکانی (دیکارت)بین، لە کتێبەکەیا بە ناوی /باسی هۆکار/ ڕووی ئامۆژگاریەکانی ئەکاتە ئەوانەی بە دوای ڕاستیدا ئەگەڕێن، ئێمەش بۆ پەیڕەوی کردن لەو ئامۆژگاریە بە نرخانە بابەتەکەمان بە گوێرەی گرنگی و پێویست، بەش ئەکەین بە کۆمەڵە بەشێکی زۆر، تا بتوانین بۆ هەر یەکێ لەو بەشانە خشتەیێکی تایبەتی بکەینەوە، هەمو ووردەکاریەکانی ئەو بەشەی تێدا ڕوون بکرێتەوە.

بەڵام پێویستە زۆر بە باشی ئەوە بزانین، ئەم بەشکردنە دەسکردی خۆمانە و ئاسانکارێکی گۆنجاوە بۆ بابەتەکان، لە گەڵ ئەوەشا ئادەمیزاد جاری ئامادەی دیتن و ناسین نیە.

با ئەوەش بزانین هەمو بەشێکی ئۆرگانەکانی ناو جیهانی لەشمان، گرنگیێکی تایبەتی خۆی هەیە، هیچ کامیان بریتی نین لە هەمویان،کە واتە ئێمە ناتوانین وناکرێ ئەو بەشەی لێ هەڵبژێرین کە لامان ئاسانە و هەست و ئەندێشە و پێکهاتەی زانیاری و فەلسەفەی ئەقڵمان بە ئاسانی بزانێ. ئەو بابەتانەی بە سەخت و ئاڵۆزو نەناسراو، دێنە پێش چاو، بخرێنە پشتگوێ، پێویستە هەمو هۆکارە پێشکەوتووەکانی وەکو ئامێرەکانی شیکردنەوەی گرۆماتۆگرافی و بە هاوکاری

یاساکانی (بڕ) لە گەڵ پەیوەندیە زانیاری هێماکانی ئامێزی ژمارە بەرمەجە کراوەکان، بۆ دەرئەنجامە گرنگەکان، بەکار بێنین، ئەگەرچی ئەم دواییەیان بە تەواوی جارێ شوێن پڕ ناکاتەوە.

ئێمە ناتوانین دۆزراوەکانی داروین و کلۆد برنار و باستۆر بە گوێرەی هاوکێشەی جەبری تاریف بکەین و ماف خۆیان بدەینێ، هەروەها حەوت زانا بەرزە جیهانیەکانی وەکو نیوتن و داروین و ئەنیشتاین ..هەتەد، ئەمانە مەرج نیە راستی بابەتەکانیان لای ئەقڵی ئێستەی ئێمە هەر ئەبێ روون و ئاسایی بێت، مەرجیش نیە هەمیشە تێی بگەین، لە گەڵ ئەوەیشا بیر و بۆچونی جۆراوجۆر و لەیەك نەچوو، بەبێ بڕانەوە سەپێنراوە بە سەر خۆیان و بابەتەکانیانا.

بێشك هەست کردن بە خەم و خەفەت و ئازاری ئێسقانی شان و ئێش و ئازاری برین..هتد، ئەمانە هەمو بریتین لە شتی راستەقینە، بەڵام کاتێ بمانەوەێ دەراسەی دیاردەی ئەم هەستانە بکەین، ناتوانین بە پێی ئامێژەکانی تاقیگا ناچاری تاق کردنەوەیان بکەین، بەڵام ئەوەندە ئەتوانین، سەیری ئەنجام دانی کارەکە بکەین، بە هۆی سەرنج دەرەوە، نەك بە هۆی ئامێژەوە، چونکە ئامێژ توانای پێوانەی ئێش و ئازاری نیە.

هەروەها خەمی دایکێ کورپەکەی لە دەس داوە، یان ترس و بیم و شپرزە بوونی کەسێکی تەنیا لە شەوێکی تاریکا، ئازاری نەخۆشێکی شێرپەنجە..هتد، هەمو ئەمانە شتێکی راست و لە بەر چاوون، بەڵام ئەمانە و چەندی تریش وەك ئەمانە، ناچنە ژێرکردارو پێوانە و بەراوردی هیچ ئامێژێکەوە. لەگەڵ ئەوەشا وەکو نەخۆشی تێکچوونی مێشکمان لە بیر ناچێت پێویستە دەراسەی دیاردەی چاوی موقناتیسیشمان لە بیر نەچێ و نەبخەینە پشتگوێ، ئەگەرچی ناتوانین زانیارانە لەو دیاردە بکۆڵینەوە و پێوانەی بکەین، بەڵام کاتێ بۆ ئەم کارە لیستەی تایبەتی ئەکێشین، پێویستە هەموجۆرە هۆکارێکی تازە بە کار بێنین و لە هەمان کاتیشا بە هەمو رە زامەندیێکەوە تێبینیش لەو دیاردە نامۆیانەدا بکەین نەتوانین پێوانەی بکەین و تێیان بگەین.

بەڵام زۆر جار لە سەر بەشەکانی ئەندامی لەش، گرنگی ئەدەین بە بەشێکی تر، بەبێ ئەوەی ئەو بەشە شایەنی ئەو گرنگی پێدانە بێت، لە کاتێکا پێویستە ئێمە گرنگی بدەین بە هەمو بەشەکان، وەکو لایەنی سروشتی ، کیمیاوی ، تشریح ، دەرونی یا میتافیزیقی و ئەقڵی، هەروەها وێژەیی و هونەری و ئابوری و دینی و کۆمەڵایەتی..هتد ئەمانە هەموی لایەنەکانی ئادەمیزادن. هەمو پسپۆرەکان بە گوێرەی حەز و ویستی خۆیان لەو باوەڕەدان، بە تەواوی شارەزای لەشی

نادەمیزادن، بەڵام لە راستیدا تەنها شارەزای بەشێکی بچوکی ئەو لەشەن، زانینی بەشەکانی تری لەش وەکو ئەندێشە دێتە پێش چاویان، ئەگەر ئەو بەشە بچوکە بە گوێرەی مۆدە و باوی ئەوکاتە چارە بکات، وا ئەزانێ هەمولەشەکەی چارە کردووە، ئەمەش قورسایێکی ترە لە سەر شانی کۆمەڵگا، ئەندێشەی ئەم چارەکردنە، بەشەکانی تر و بەشە هەستەکانیش ئەگرێتەوە.

کە واتە، وا دەرئەکەوێ نادەمیزاد جۆرەها لایەنی هەیە، ئێمەش بە نارەزووی خۆمان تەنها یەکێ لەو لایەنانە هەڵدەبژێرین و ئەوانی تر پشتگوێ ئەخەین، هاوکار جۆرێ هەڵدەی زەق تریش هەیە، بریتیە لە شاردنەوەی بەشێك لە راستی، کە لە لیستەی کارەکانیانا لایان بردووە، هۆ زۆرە بۆ ئەو دیاردە سەیرانە، بەڵام وامان لا باشە پڕوگرام دانرێت و بە شێوەیێکی ئاسان هەمو شتێ شیی بکرێتەوە، بەڵام ئێمە خۆمان وا راهێناوە ئەو یاسایانەی هەندێ قورس وگرێ دراو بێت و هەندێ ماندوو بوون تێدا بێت، بیخەینە پشت گوێ و خۆمانی پێوە ماندوو نەکەین، چونکە ئەقڵمان حەز لە لێکدانەوەی شتی قورس ناکا، تا ماندوو نەبێت و زیان نەهێنێت، بۆیە کام باس ئاسانە، ئەوە هەڵدەبژێرین وکاری تێدا ئەکەین، بەڵ ئەوەی بیرلە سودەکەی بکەینەوە تا چەند پێویستە بۆشایی پڕ کاتەوە، بێجگە لەوە زانا فەسیۆلۆجیەکانی سەدە، توانای خۆیان تەرخان کردووە بۆ ئەو دیاردە سروشتی- کیمیاویانەی، لە پلەی دووەمان، کە لە کاتی نەخۆشیە باسکراوەکانا خۆی دەر ئەخات.

لە بەر هەندێ هۆکاری هونەری، هەندێ شتی دیاریکراو لە لێکۆڵینەوەکانی زانیاری لا براوە، واتە رێگای ئەوەیان نەداونەتێ خۆیان دەرخەن، خۆ زمانیشیان نیە هاوار کەن بڵێن ئەی ئێمە؟؟؟

بێشك کەمتەرخەمی لە هەندێ لە راستیە گرنگەکاندا ئەکرێ و بە تەواوی ئەخرێنە پشتگوێ چونکە ئەقڵیان وا راهێناوە هەرشتێك لە بازنەی چوارچێوەی بیروباوەڕ و زانیاری و فەلسەفەی سەدەدا تۆمار نەکرابێت ولەو لیستەدا نەبێت لێی دوور ئەکەونەوە و بڕوای پێ ناکەن، هیچ لات سەیر نەبێت، زاناکان پێش هەمو شتێ لە قوڵایی چاڵی شوێنەوار و سەدەی خۆیانا نوقم بوون، بێجگە لەوە ئەم زانایانە هەمیشە لەسەر بیر و باوەڕێکن هەر بابەتێك لە گەڵ ئەو بێروبۆ چونانەی لە بەر دەستیانایە نەگونجێت و بەو یاسایە شیی نەکرێتەوە، لایان پوچە و راست نیە، لەکاتێکا زانایانی بە ناوبانگ (جاك لۆیب)و(بابلیس)کە فەسیۆلۆجیایان بە کیمیای سروشتیەوە گرێ دابو، واز لەکردارەکانی ئەقڵی هێنرابوو،کەس گوێی نەئەدایە فەسیۆلۆجیا و شپرزەیی ئەقڵ اضطرابات عقلیة). هەروەها و لەوە سەیرتریش زاناکان لەو سەدەیەدا تەنها خەریکی دەراسەی

بەشی سروشتی وکیمیا بوون، یان دەراسەی سروشتی-کیمیای پێکهاتەی فەسیۆلۆجیا، بە داخەوە تا ئێستەش زۆرلەو زانایانە بڕوایان نیە بە قسە کردن لە دووروەوە (تلپاتی) و دیاردە گرنگەکانی میتافیزیك و بە خەیاڵات دائەنێن. واتە بیر و بۆچونی راست و ڕوون، ئەقڵی ئەوان وەری نەگرێت، بێ دەنگەی لێ ئەکەن. ئێمە لە بەردەم ئەم گیروگرفتانە و بۆ ئەوەی بە جۆرێکی باشترلەو زیندەوەرەی زاناکان بە ناتەواوی جێیان هێشتووە تێ بگەین، پێویستە لە هەمو ڕوێکەوە بە خۆمانا بچینەوە و دەراسەی هەمو شتێ بە تەواوی و راستی بکەین، بێ ئەوەی چاو لە هیچ شتێ بپۆشین، یان بە ناتەواوی باسی بکەین.

ئەگەر بە وردی سەیرکەین، لە یەکەم جارا بۆمان دەرئەکەوێ، هۆکارە زانیاریەکان توانای شیکردنەوەی هەمو لایەنێکی هەست و چالاکی ئادەمیزادیان نیە، ئاشکرایە زاناکان و زانیاریەکانیش لە ژێر پاڵەپەستۆیێکی ئەوتۆدان، توانای ئەوەیان نیە، بگەنە ناوچەکانی ئادەمیزاد، بۆ ئەوەی بە راستی لە کەسایەتی ئادەمیزاد بکۆڵنەوە، چونکە زانیاری ئێستە هێشتا لەو شتانە ناگات دووری وکێشی نەبێت،/البعد والوزن/ بەڵکۆ تەنها لەو شوینانەدا دەست بەکارن بابەتەکان کەوتبێتنە سنوری چوارچێوەی دووری وکاتەوە، هەروەها توانای ئەوەشیان نیە بەشێوەیێکی زانیارانە هەستی بایی بوون (غرور)، کینە، خۆشەویستی، جوانی، خەونی زانا (احلام العالم)، یان پێوانەی بەهرە بکەن، بەڵام بە ئاسانی لایەنی فەسیۆلۆجی و دەرئەنجامی مادی بۆئەم جۆرە دۆخە دەرونیانە پیادە ئەکەن، زۆر جار رێك ئەکەوێ ئادەمیزاد هەست بەچالاکی ئەقڵی-روحی تایبەتی، یان هەڵوێستێك وکردارێکی دیاریکراو ئەکات، بریتی ئەبێت لە کردارێکی گرنگ لە ژیانیدا و قەت لە بیری ناچێتەوە. بەم جۆرە ئەتوانین بە هۆی زانیاری راستەقینەوە پەردە لە سەرکرداری ڕەوشتی و وێژەیی و شتە نادیارەکانی تریش لادەین، بێجگە لەوە، زۆرلە بیروبۆچون و ووتە و بەرنامە ڕێژیی زانایانی پێشومان لا هەیە چونەتە ئەو ناوچە وون بوو، و زۆرشتیشان بۆ دەرکەوتووە، بەڵام زۆری کارەکانیان تەنها قسە کردنە و تاقی کردنەوەیێکی زانیاریانە نیە، ئەمیش بوەتە هۆی کۆسپێك لە ڕێی دەراسەکردنی ئەو بابەتە، بەڵام ئاشکرایە لە دەرەوەی سنووری ئەقڵ هیچ شتێك تا ئێستە دیاری نەکراوە، هەروەها ئاشکرایە باسکردنی هەندێ شت بە زەق و زۆر تاریف کردنی، ئەوە ناگەیێنێت ئەو شتە بوونی نیە.

ئێمە لەو بارەیەوە، ئەتوانین بەراوردی بیروبۆچونی زانا پێشووەکان بکەین، کە هەندێکی بریتی بوە لە راستی و هەندێکی تریشی لە ئەندێشەی وەکو ئەندێشەی هەندێ لە سۆفیە

ناتەواوەکان پێش ئەوەی بگەنە قۆناغی تەواو توشی هەندێ ئەندێشە و دیتنی تارمایی ناراست ئەبن.

لە گەڵ ئەوەشا ئەم هەمو شتانەی هونەرمەندەکان لە ئاستی تێگەیشتنیا بێدەستەڵاتن، هەر هەمویان سەر بە بیروبۆچونی کۆنن و مادیەتیان بە سەرا سەپێنراوە.

لە سەر ئەم شێوە ناراستەوخۆیە، زانیاری راستەقینە ئەتوانێ لەو جیهانە روحیانە بگات،کە تائێستە نەگەیشتونەتە ناوی ، تەنانەت لە ناو هێنانەکەیشی ئەسڵەمێنەوە و حەرامیان کردووە، بەڵام ئادەمیزاد بە گشتی گەیشتوەتە ناوەڕاستی ناوچەی پسپۆڕی کرداری هونەری راستەقینە.

باسی سێیەم

پشکنینی زانیارییەکان لەبارەی ئادەمیزادەوە بەشێوەیێکی ورد، دەرئەنجامێکی گرنگ و مەزن بەرهەم دێنێ، لەسەر هەمان شێوە ئەتوانین هەستین بە رێك خستنی لیستەیێکی تەواو بۆ پەرە پێدانی چالاکی ئادەمیزاد . رێکخستنی ئەم جۆرە لیستەیە ئەبێتە هۆی بەردی بناغەی نەخشەیێکی تازە وگرنگ و باشتر لە نەخشەی کلاسیکی ئەمرۆ، ئەگەر بێت و بەم نەخشەیەش زانیارمان بەگوێرەی پێویست پێش نەکەوت، ئەوا پێویستە هەنگاوی باشترو پتەوتر بنێین و زانیارێکی راستەقینەتر بۆ ئادەمیزاد بەرهەم بێنین، زانیارێکی ئەوتۆ، توانای ئەوەی هەبێت هەمو بەهرەکان و زانیاریە

بە ناوبانگەکان بە کار بێنێت بۆ پشکنین و پێدا چونەوەی هەمو بەشەکانی ناو لەشی ئادەمیزاد بە جۆرێکی گشتی، بەڵام ئەبێ بزانین هەر یەکێ لەو بەشانە بریتیە لە بەشێکی سەربەخۆ و لە گەڵ ئەوەشا ئەو بەشە هەڵنەسێت بە بەشداری کردن لە کاری هەموو بەشەکانی تری لەشا، بۆ ئەوی بتوانین ئەم زانیاریە پێش خەین و وە دەستی بینین، پێویستە ئەگەر بۆ ماوەیێکی دیاریکراویش بێت، چاو لە داهێنانی مێکانیکی بپۆشین و وازی لێ بێنین، هەربەو جۆرەش و تاماوەیێکی گونجاو لە تەندروستی کلاسیکی و پزیشکیش.

لە بارەی مادە و دارایی، ئاشکرایە هەمو مرۆڤ بە گوێرەی توانای خۆی هەوڵی دارایی وخۆشگوزەرانی ئەدات بەڵام تا ئێستە کەسێکی وا نەبووە لە خەسڵەتی دامەزرێنەر وکرداری ئەقڵ تێ بگات و دەستی چاکسازی بۆ درێژ بکات، چونکە تەندروستی ئەقڵ و هەستی کاریگەر و رێکخراوەی پێشکەوتنی روحی،گرنگی ئەمانە هەموی لە گەڵ تەندروستی لەش و بەرگری لە نەخۆشیە تەشەنەکارەکان وەك یەك یەکسانە..

لەم کاتەماندا ئێمە لە زیاد کردنی داهێنانی ئامێری میکانیك هیچ سودێکی وامان پێ ناگات، لە بەر ئەوە باشتر وایە زۆرگرنگی نەدەین بە تێکۆشان لە رێی پەرەپێدانی زانیاری سروشت و فەلەك وکیمیا، چونکە زانیاری راست و پاك، ئادەمیزاد توشی هیچ جۆرە زیانی ناکات، بەڵام لە

کاتێکا جوانی زانیاری مادی فریوی داین، وله خشته چوین، دەستەڵات ئەخاته سەر ئەقڵ و هۆشمان و له ناوگێژاوی پاره پەرستیدا نوقم ئەبین و ئەبین به کۆیلەی ماده، و ژیانمان پڕ ئەبێ له جۆرەها مەترسی، بۆیه مرۆڤ پێویسته ئاگاداری ئەو شتانه بێت ئەبێته هۆی لاوازکردنی رەوشت و ئەقڵ، چونکه زۆر پێ داگرتن له زیاد کردنی هۆکاری ئیسراحەت و جوانکاری سامان، بەکەڵکی چی دێت که ببێت به هۆی قۆرت و چەڵەمه له رێی پێشکەوتنمانا؟ ئەگەر دواکەوتن و لاوازیمان زیان بەخش بێت و رێگر بێ له کەڵك وەرگرتن له ژیانی راستەقینه، واته پێویست ناکا هەوڵ بدەین رەوتی ژیانمان به جۆرەها شێوه برازێنینەوه ببێته هۆی لەکه دارکردنی رەوشت ونوقم بوون و له ناوچوونی توخمه پیرۆزەکانی ئادەمیزاد، هەوڵ بدەین زیاترگرنگی بدەین به خۆمان لەوەی خێراترین هۆکاری

هاتو چۆ دابین کەین، یان جوانترین ئۆتۆمۆبیل که هەمو هۆکارێکی حەوانەوه و پێشکەوتوی تێدا بێت، یا داهێنانی گەورەترین تەلسکۆب بۆ سەیرکردن و پشکنینی قەوارەی سەدیم له دووری هەزاران هەزار ساڵی تیشکیەوه. کامەیه ئەو مەودا پێشکەوتنەی وەدەستی دێنین، کاتێ فڕۆکه له چەند ساتێکا ئەمانگەیێنێته ئەوروپا یان چین، ئایا پێویسته بەرهەم به بێ راوەستان له زیاد کردنا بێت؟ بۆ ئەوەی مرۆڤ زیاترله پێویست بەکاری بێنێت؟ هیچ جۆرە شکێکی تێدا نیه زانیاری میکانیك، سروشت، کیمیا، هیچیان توانایان نیه زیرەکی و رۆشن بیری بەرز و تەندروستی و هاوسەنگی مێشك و ئاسایش ببەخشن به ئادەمیزاد.

ئەگەر خۆشەویستیمان بۆ ئادەمیزاد راستەقینەیه، پێویسته لەسەر ئەو رێبازه ناجۆرەی گرتومانەته بەر هەوڵ بدەین بچینه سەر رێبازێکی راست و شیاو. بۆ نمونه: با واز له لێکۆڵینەوه و دەراسەی سروشت و فەسیۆلۆجی بێنین و روو بکەینه دەراسەی ئەقڵیی و روحی، چونکه ئەو زانیاریانەی بەکەڵکی ئادەمیزاد بشێت لابراوه و له شوێنیان هەندێ زانیاری بێکەڵك و زیان بەخش سەپێنراوه به سەر ئادەمیزادا و توشی شەپۆلەی کردووه و رێگا تەخت بووه بۆ میکانیزمی یاخی و هۆکاره ئاڵۆزکارەکان و هاتنه کایەی دەراسەی پوچەڵی فەسیۆلۆجیاو تەندروستی پزیشکی، له گەڵ ئەوانیشا و هەر بەو جۆرە دەراسەی زانستی و ئابوری رامیاری و کۆمەڵایەتی ناجۆر. زوربەی زاناکان زۆر به سەختی لەگەڵ دەراسەی لەش وتێکەڵاوەکانی (اخلاط) و بەشەکانی ئەقڵی مرۆڤ، توشی خۆخڵافاندن و خەریکبوون هاتوون، هەروەها له بارەی دەراسەی پێکهاتەی ئەقڵی مرۆڤ و ژیانی ئاسایی لەش و رەوشت و دین و ئەو هەمو

جۆرە پەیوەندیە گشتیە پتەوانەی لە نێوان چالاکیەکان و لەش و فەسیۆلۆجی دا و ئەو پەیوەندیە گشتیەی نێوان مرۆڤ و ژینگەی ئەقڵی و روحی دا هەیە، لە ماندویەتی بەو لاوە هیچیان بە هیچ نەکردووە، کە واتە پێویستمان بە گۆڕانکاری بنەڕەتی هەیە و ئەمەش پێویستی بە بەشداری کردنی راستەقینەی ئەو پسپۆڕانەیە هەمو هەوڵ وکۆششی خۆیان تەرخان کردووە بۆ ئەو زانیاریانەی راستە و خۆ پەیوەندن بە لەش و ئەقڵمانەوە، هەروەها ئەو زانیانەی توانایان هەبێت بۆ تەواو کردنی پاشماوەی لێکۆڵینەوەی پسپۆڕەکانی پێشو لە بارەی ئادەمیزادەوە، پێویستە زانیاری تازە هەنگاو بنێت بۆ زیاترکارکردن و شیی کردنەوە و رێکخستن، وە بۆ زیاتر تێگەیشتن لە ئادەمیزاد بە بێ دوا خستن و بە شێوەیێکی گشتی وساکارانە، تا بە هەمومان بتوانین بناغەیێکی پتەوی کار کردن دانێین بۆ ئەو مەبەستە پیرۆزە.

باسی چوارەم

بەهیچ جۆرێ ناتوانین ئەندامەکانی لەشی ئادەمیزاد بەش بەش بکەین، ئەگەر هاتو ئەندامەکانی لەشمان بەش کرد و لە یەکتری جیا کرانەوە، ئەوا ژیانی ئەو ئادەمیزادە دوایی دێت، بەڵام لە گەڵ ئەوەی شایەنی بەش بەش کردن نیە، چەند لایەنێکی جیاوازی هەیە ئەتوانین لە گەڵ گڵۆپێکی کارەبایی بەراوەردی بکەین کە چۆن بوونی خۆی بە چەند شێوەیێکی جیاجیا بە هۆی تەرمۆمێتر، یان ڤۆڵتامیتر، یا لەوحەی فۆتۆگرافی تایبەت، تۆمار ئەکا، ئێمە بە هیچ جۆری لەوکرداره سەر سوورپێنەرەی ئادەمیزاد ناگەین، ئەوەی ئێمە بە هەستی خۆمان و ئامێری زانیاری و بەپێی لێکۆڵینەوەکان بۆمان دەرکەوتووە ئەوەیە، چالاکی ئادەمیزاد بریتیە لە کارکردنی لایەنی سروشتی وکیمیاوی و دەروونی، یان فەسیۆلۆجی، ئاشکرایە شیکردنەوەی ئەو هەمو لایەنانە و لایەنە نەبینیەکانی تری، پێویستی بە جۆرەها زانا و هونەر و ئامێرێ جۆراوجۆری پێشکەوتو هەیە، ئەوکاتە بە هۆی ئەم هونەرانەوە چۆنیەتی ئادەمیزاد بە تەواوی دەرئەکەوێ، بۆیە ئەبوایە دیمەنێکی تایبەتی جیاوازی بۆ دەسنیشان بکرایە.

زانیاری ئادەمیزاد هەموو زانیارەکانی تر بەکارئەهێنێ، ئەگەرچی ئەبێتە هۆی رەق و سستی خودی خۆی، بونمونە: بمانەوێ، دەراسەی هۆکارەکانی فەسیۆلۆجی لەسەر مرۆڤێکی رەوشت ناسك (شدید الاحساسیة) بکەین، بۆ ئەم دەراسەیە پێویستە هۆکاری سروشتی و فەسیۆلۆجی و سروشتی و کیمیاوی بە کار بێنین، بۆ نمونە: گریمان ئەوکەسە لە پڕ هەواڵی کارەساتێکی دڵ تەزێنی بۆ هات، دیارە ئەو هەواڵە کارەساتێکی دەروونیە وکاریگەریی ئەکاتە سەر باری دەروونی و توشی ئازاری ئەکات، لە گەڵ ئەوەشا لە ناوخۆیدا جۆرە هەڵچونێك و شپرزەییك روو ئەدات وجۆرە گۆڕانێکی سروشتی- کیمیاوی تایبەتی بە قەد قەبارەی ناخۆشی هەواڵەکە، توشی ئەوکەسە ئەبێت. ئەگەر بێینە سەر دیراسە و باسکردنی ئادەمیزاد، بۆ بچوکترین تاق کردنەوەش بێت، بۆ نمونە: ئێمە دەراسەی کاریگەری هەمو جۆرە خواردەمەنی وگۆشت و سەوزەمان لە سەر ئادەمیزاد ئەنجامداوە ئەبوایە پێشەکی دەراسەی پێکهاتەی کیمیاوی ئەو خواردەمەنیانەمان ئەنجام بدایە، لە گەڵ دەراسەی پێکهاتە وشێوەی فەسیۆلۆجی و دەروونی، ئینجا ئەو خەسڵەتە

تایبەتیانەی کە لە رەگەزی باوو و باپیرانیانەوە وەریان گرتووە، کە پێویستە لە سەرمان زۆر بە ووردی هەستین بە تۆمارکردنی ئەو گۆڕانکاریانەی لەکێش وکەڵەگەتی و شێوەی قەبارەی لەش و هێزی ماسولکە وبەرگری لە نەخۆشیا روو ئەدات، هەروەها لەسەر تایبەتمەندی خوێن بە شێوەیێکی سروشتی و کیمیاوی و تەشریح، بێجگە لە شێوەی هاوسەنگ بوونی مێشك، هەروەها زیرەکی و ئازایی و چاتێن (اخصاب) و تەمەن درێژی، پێویستە زۆر بە ووردی ئەم گۆرانکاریانە لە بواری تاقیکردنەوەکانا تۆمارکەین.

ئاشکرایە هیچ زانایێك ناتوانێ فەرمانڕەوا و سەرکەوتو بێت لە هەمو ئەو هونەرانەی پێویستە بۆ دەراسەی یەکێ لە قۆرت و چەڵەمەکانی ئادەمیزاد بە کار بێنرێت، ئاشکرایشە پێشکەوتنمان بۆ ناسینی خۆمان پێویستی بە هەمو جۆرە پسپۆرێ هەیە، بە مەرجێ هەریەکێ لەو پسپۆڕانە خەریکی تەنیا بەشێ بێ لە ئەندامی لەش، یان بەشێ لە هەست، یان پەیوەندی یەکی لەوانە بە شوێنەوارەوە، واتە ئەێ ئەو زانایە، یان پزیشکی نەشتەرگەری بێ، یان فەسیۆلۆجی، یاکیمیاوی، یان پیاوانی دینی یا زانای کۆمەڵناسی، یان ئابوری ناس ، بە مەرجێ بەشی هەر یەکێ لە پسپۆڕەکان بکرێ بە بەشی بچوك بچوك و ئەو بەشانەش بکرێن بە بەشی بچوکتر، پێکهاتەکەیان بریتی بێت لە بەشی لووەکان- ڤیتامین- نەخۆشی لەش- نەخۆشیەکانی لووت- فێرکردنی منداڵ- بەشی گەنج- تەندروستی کارگەکان- بەندیخانەکان- بواری دەروونناسی هەموکەسێ- ئاڵۆزی شار- ئابوری دێهات، بۆ ئەمانە هەمو، پێویستە پسپۆڕی تایبەتی لە کارا بن، هەر یەکە لە بواری پسپۆڕی تایبەتی خۆیا دەست بە کاربێت و تەنیا لەو بوارەدا کاری خۆی ئەنجام بدات، یەم شێوەیە ئەتوانن بە ئاسانی زانیاریە تایبەتیەکان بە کار بێنن، ئەوەیش ئەوە ئەگەیێنێ پسپۆڕ ناچاری کارکردن ئەبێت، بە مەرجێ زاناکان گرنگی چالاکی خۆیان تەنیا بخەنە سەر یەك بەش، چونکە هەمو ئەزانین هیچ پسپۆڕێ ناتوانێ لە هەمو بەشەکانی لەشی ئادەمیزاد بگات، خۆی تا بناگوێی لەدەراسەیێکی تایبەتی تری خۆیا نوقم بووە و ئاگای لە هیچ شتێکی تر نیە، تەنانەت بە تەواوی لە بەشەکەی خۆیشی، ئەگەر چی لەوە پێش گرنگی دەراسەی ئادەمیزادیان بەدور و درێژی باسکردوە، ئێستەش ئەگەرئەم پشتگوێ خستنە هەر بەو جۆرە بڕوات هیچ شتێك لە بارەی ئادەمیزادەوە بە ئەنجام ناگا، بەڵام بەم پلانە ئەتوانین هەندێ پێشکەوتن بۆ ئادەمیزاد بە دەست بێنین، بەوەی هەوڵ بدەین دەرگایێك و بوارێکی گەورە وفراوان بۆ هەمو زانیارییێك بکەینەوە، ئەگەرچی لە مەترسیش بەدەر نیە، بۆ ئەمە نمونە لە سەر زانای بەرز (کاڵمت)

ئەهێنمەوە، ئەم دکتۆرە لە بواری بەکتریۆلۆجیدا پسپۆڕێکی ناودار بوە، ویستی پلانێك دانێ و دەرمانێکی کوتان دروست کات بۆ بەربەست کردنی نەخۆشی سیل بۆگەلی فەرەنسە و ئەو جۆرە دەرمانانە بخاتە بەر دەستی گەلەکەی، بەڵام کاڵمت وەکو پسپۆڕی بەکتریۆلۆجی بوو، هەروەها زانیاریشی هەبوو لە بواری پزیشکی و تەندروستیدا و هەڵبەسا بە ئامۆژگاری هاوڵاتیەکانی لە بواری تەندروستی راگرتنی خواردەمەنی و شوێنی کارو ناو ژیانی هەمە جۆرەیاندا، بە هۆی تێکەڵ کردنی جۆرەها بابەت و یەك لا نەکردنەوەی کارێکی تایبەتی، و تەنیا هەرکار لەسەر ئەوە بکات، کاڵمت سەر نەکەوت، نمونەیێکی تری هاو جۆر: لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، فەیلەسوفی بەناو بانگ (جۆن دیوی) فێرکردنی منداڵان و گەنجانی ئەمریکی گرتە ئەستوی خۆی، بەڵام چونکە نەخشەی کارەکەی تێکەڵ بوو و بریتی نەبوو تەنها لە یەك کار، بەرنامەکەی بەجۆرێ وشك بوو، تەنها بە کەڵکی ئاژەڵ ئەهات، سەپاندنی چەند جۆرێ پسپۆڕی بەسەر پزیشکێکا، زیانێکی زۆر ئەبەخشێت، زانیاری پزیشك ئادەمیزادی نەخۆشی بەش کردووە بە چەند بەشێکی بچوکەوە و هەربەشەی پسپۆڕی تایبەتی خۆی هەیە،کاتێ یەکێ خوێندنی پزیشکی تەواو ئەکات وکارەکەی خوی وەکو پزیشکێ دەست پێ ئەکات وَ ئەێ بەپسپۆڕی بەشێکی بچوك لە لەشی ئادەمیزاد، زانیاری ئەو پزیشکە لەبارەی بەشەکانی تری ئادەمیزادەوە سەرەتایە، چونکە ناتوانێت هیچ شتێك لە بارەی ئەو بەشانەوە بزانێ، تەنانەت بەتەواوی لەو بەشەی تیادا پسپۆڕە.

با بێینە سەر باسی مامۆستا و پیاوە دینیەکان و ئابوری ناس وکۆمەڵ ناس،کە خۆیان ماندو نەکردوە تاکو بواری زانیاری گشتی خۆیان لەبارەی ئادەمیزادوە پەرە پێ بدەن و بە گوێرەی کارەکانیان کەمێ لە ئەندامی ئادەمیزادا بخوێنن و تا سنورێ لە بوارەکانی لەشا شارەزایی وەدەس بێنن، تا بتوانن زانیاری بڵێنەوە؟ بەڵام هەرچەندە پسپۆڕ لە بابەتێکا بەرز بێتەوە، ئەوەندەش لە خۆی باڵی ئەێ و مەترسیدار ئەبێت.

زۆر لەو زانایانەی سەرکەوتویان لە زانیارێکی دیاریکراوا وەدەست هێناوە وگەیشتونەتە لوتکە،وا بیر ئەکەنەوە زانیارییەکەیان هەمو بەشە زانیاریەکانی تریش ئەگرێتەوە و لەوانیشا هەر پسپۆڕن. بۆغونە: زانای بەناوبانگ ئەدیسۆن هەمیشە لە بارەی فەلسەفەی دینیەوە بیروباوەڕی خۆی بڵاو ئەکردەوە، خەڵکی سادەیش زۆر بە بڕواو رێزەوە گوێیان لێ ئەگرت، وایان ئەزانی ئەدیسۆن باسی هەر بابەتێك بکات، راستە و وەك زانیاریەکانی تری وایە، کە گرنگترین

سەرکەوتووی تێدا بەدەست هێنابوو، هەر لە سەر هەمان شێواز، کاتێ گەورە پیاوان باسی بابەتێك بکەن و بە تەواوی شارەزایان لەو شتەدا نەبێت، پێشکەوتنی ئادەمیزاد لەو بابەتەدا دوا ئەکەوێ، راستە ئەوانە هەمویان بەشداری ئەکەن لە پێشکەوتنی ئادەمیزادا، بەڵام تەنها لە بەشەکەی خۆیانا کەڵك بەخشن.

رۆژنامەکان رۆژانە وتاری دوورو درێژ دائەبەزێنن لەبارەی پیادەکردنی جۆراوجۆر وتاری بەکەڵك و خزمەت کردن بەکۆمەڵگا لەلایەن خاوەن کارگە و سەرمایەدار و پارێزەر و مامۆستا و پزیشك و کۆمەڵناس و ئابوری ناسان، بەڵام ئەقڵی مادی لای ئەم کەسانە ئەگەرچی ئەقڵێکی فراوانە، بەڵام لەو جۆرە ئەقڵانە نیە لەناجۆری و چەڵەمەکانی کۆمەڵگای سەدە مەترسیدارەکەمان تێبگات، ئاشکرایە شارستانیەتە تازەکەمان پێویستیێکی زۆری بەپسپۆڕ هەیە، چونکە تەنها هەر بە زانیاری ئادەمیزاد پێشناکەوێ، پێویستە زانیاریە پرت و بڵاوەکان کۆکەینەوە و بەپاکی و راستی شیان بکەینەوەو پێکهاتەکانیان یەك خەین و دەرئەنجامەکەی لە سەر ئادەمیزاد تاقی بکەینەوە.

دیارە وەدەستهێنانی ئەم پێکهاتانە بەهۆی لێژنەیێکی سادەوە ناکرێت، بەڵکو پێویستە لێژنەیێك لە پسپۆڕەکان پێك بێنرێت، و دەرئەنجامەکانی بخرێتە بەر دەستی پسپۆڕێکی تایبەت، تا وەکو کار تێداکردنەکەی پێویستی تەنها بە یەك پسپۆڕ بێت، نەك بە کۆمەڵێ پسپۆڕ. لەبەرئەوەی کاری هۆنەری هیچ کاتێ بەرهەمی کۆمەڵێ هونەرمەند نەبوە، تائێستە نەبیستراوە، دۆزینەوەی زانیارێکی گرنگ بە بەشداری کۆمەڵێ هونەرمەندەوە بوبێت، پێکهاتەی پێویستیەکان بۆ پێشکەوتنی زانیاری ئادەمیزاد ئەبێ یەك ئەقڵ کاری تێا بکات و تەواوی کات، چونکە بەهیچ جۆرێ ناگونجێت، چەند پسپۆڕێك پێکەوە ئەوکۆمەڵە زانیاریانەی لایان کۆ بوەتەوە وهەر یەکە لەجۆرێکە، هەمووی بۆ بابەتێکی دیاریکراو بخەنە کار. بەڵام بە داخەوە تا ئێستە کەسێکی وا هەڵنەکەوتووە خۆی ماندوو بکات و ئەو زانیاریە پرت و بڵاوەی لای زاناکانە، کۆ بکاتەوە و بیانکا بە یەك زانیاری.

ئێمە زۆرکەس ئەبینین لەو بوارەدا سەر قاڵی دەراسەیە، لە گەڵ ئەوەشا بەدەگمەن زانای راستەقینە لە ناویانا بە دی بکرێ. ئەوەیش نابێتە هۆی کەم بوونەوەی کەسانێ خاوەن ئەقڵی بەرز ونایاب، چونکە ئاشکرایە، ئادەمیزاد پێویستی بە کەسانێکی وا هەیە بیسەڵێنن کە ئادەمیزاد کەسایەتیێکی گشتیە (کل). بەراستی رێکخستن و دۆزینەوە، (اکتشاف) پێویستی بە هێزی

ئەقڵێکی تایبەت و خۆڕاگر و فەسیۆلۆجیێکی پتەو هەیە، ئەگەرچی خاوەن ئەقڵی فراوانی بەهێز زۆر لە ئەقڵی تەسك و لاواز کەمترە. بەڵام ئەوانەی هەن بەسە ئەگەر کار بکەن.

ئاسانە و ئەبێت، ئەگەر مرۆڤ بیەوێ بێ بە کیمیاوێکی باش یان پزیشکێکی دەروون ناسی زیرەك یان فەسیۆلۆجیێکی بە توانا یان زانایێکی کۆمەڵایەتی سەرکەوتوو، لەگەڵ ئەوەشا بە پێچەوانەوە

بە دەگمەن زانای واهەڵنەکەوێ بتوانێ لە چەند زانیارێکدا، زانستی بە کەڵك وە دەست بێنێت و بە شێوەیێکی رێك و پێك وگونجاو بە کاریان بێنێت، لە جیاتی ئەوانە، زانای دروست کراو دێننە مەیدان، بۆ نمونە: هەندێ لە دامەزراوە زانیاریەکان، بە زۆر پسپۆڕیی بە نابەدڵ ئەسەپێنن بە سەر هەندێ زانای لاوازا، کە بە هەرجۆری بێ، بتوانن هەندێ شتی گرێدراو(معقد) دەراسە بکەن. ئەو جۆرە زانایانەی کە بەو شێوە دانران و بەو جۆرە پسپۆرییان لە بابەتەکانا سەپێنرا بە سەرا و هەر بەو جۆرەش دراسەکەیان بە جۆرێکی لاواز تەواو کرد، ئەبێ چۆن پسپۆرێکیان لێ دەرچێت، کەچی لەگەڵ ئەوەشا ئەم پسپۆرانە زیاد لە پێویست چونەتە ناو دڵی کۆمەڵگاوە، چونکە بە داهێنەریان ئەزانن، وا ئەزانن ئەو داهێنراوەی زانایێك وە دەستی دێنێ، باشترە لایان لەو زانایەی کە بە دڵسۆزی خوو بداتە جۆرێ لە زانیاری و هەمو تەمەنی لەو دەراسە بێ بەرەدا بەسەربەرێ، چونکە کۆمەڵگا حەزیان لە داهێنان زیاترە.

سەرۆك زانکۆکان و راوێژکارەکانیان لەوە ناگەن زانیاری پێویستی بە ئەقڵی پێکهاتە هەیە، و پێویستی بە ئەقڵی شیکراوەیە ، ئەگەر ئێمە دان بنێین بە ئەقڵی پێکهاتە و بچوك و هاتی پەرە پێدانی و پێشکەوتنی بدەین و بیانخەینە ژێر یاساوە بۆ نەهێشتنی مەترسی پسپۆڕەکان،کاتێ کە بەشە بچوکەکان چونە ژێر یاسای رێك و پێکیەوە، ئەوکاتە گرنگیەکانیان دیاری ئەدات.

هەمو زانیارێك لە سەرەتاوە پێویستی زیاتر بە ئەقڵێکی گەورە وکراوە هەیە تا ئەوکاتەی ئەگاتە لوتکەی گەشەکردن. هەر وەها ئەوکەسەی بیەوێ ببێت بە پزیشکێکی بەناوبانگ و مەزن پێویستی بە ئەندێشە و بیرکردنەوەی قوڵ (تامل) و زیرەکی هەیە، زیاتر لەوکەسەی بیەوێ بێ بەکیمیاوێکی سەرکەوتوو. بۆ پێشکەوتنی زانیاری ئادەمیزاد پێویستمان بەچەند مرۆڤێکی هەڵبژێراوی خاوەن ئەقڵی فراوان هەیە بۆ ئەوەی بە راستی دەراسەی بابەتەکە بکرێ.

بەڵام ئەو گەنجانەی ئەیانەوێ هەمو ویست وکۆششی خۆیان تەرخان کەن بۆ دەراسەی بایۆلۆجی، پێویستە ئەقڵێکی زۆر بە هێز لەو دەراسەدا بەکار بێنن، چونکە ئاشکرایە زۆر بوونی

ئیشکەر لەو بوارەدا ولە شێوەی کۆمەڵەی بچوك بچوکا، دەراسەکەیان بریتی ئەبێت لە بابەتی کەم و بچوك و لاواز، هەروەها نوقم بون لە پسپۆڕی بابەتێکا ئەبێتە هۆی لاواز بوونی زیرەکی.

ئاشکرایە لە ئەنجامدانی هەرکارێکا تا ئەنجام دەرەکان کەمتر بن، بابەتەکە باشتر ئەنجام ئەدرێت ئەگەر لە سنووری خۆی زیاتر بوو، ئەنجام دانەکەی سست و لاواز ئەبێ، بۆ نمونە: ژمارەی ئەندامانی سوێند خۆرانی(محلفین) وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بریتین لە نۆ ئەندام لە کارو باری خۆیانا بە تەواوی سەرکەوتوون، بەڵام ئەگەر گۆڕانێك لە ژمارەی ئەندامەکانیاندا روو بدا، بابڵێین ئەو نۆکەسە بکرێن بە نۆسەد ئەندام، بێشك رێزی ئەو دامەزراوە دادگاییە لای کۆمەڵگای ئەمەریکی دائەبەزێت ، ئاساییشە.

باشترین رێگا بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زیرەکی ئەقڵ بریتیە لە کەم کردنەوەی ژمارەی کەسەکان، چونکە زانیاری ئادەمیزاد راستەقینەیە، بۆئەوەی بە تەواوی پێشکەوێ، پێویستە ژمارەی زاناکان کەم بێت، بەمەرجێ ئەو زانایانە خاوەنی ئەقڵێکی بە هێز و بیروبۆچونێکی راستەقینەی داهێنەر بن، و هەمو پێویستیێکی بەهێزو باشیان بۆ دابین بکرێ، بۆ ئەوەی باسەکانیان بە سەرکەوتووبی بەرەو پێش بەرن.

سالانە بە بێهودە پارەیێکی زۆری بێ شمار لە پێناوی دەراسەی زانیاری خەرج ئەکرێ بە تایبەتی لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و ئەوروپادا، هەمو ئەزانین ئەو زانایانەی ئەنجامدانی ئەم دەراسەیان گرتوەتە ئەستۆی خۆیان توانای ئەوەیان نیە و زیرەکی و چالاکی هاتنە ناو جیهانێکی تازەیان تێدا نەخولقاوە، چونکە خوای گەورە ئەو بەهرە گەورەیە تەنها ئەبەخشێ بە چەند کەسێکی کەم و تایبەت، بەهرەیێکی وا بتوانن ژیان و زروفی ئەو شارستانیەتە بە هۆی هێزی ئەقڵیانەوە بگۆڕن بەرەوباشتر، ئەوانیش بە داخەوە بارو دۆخێکی تایبەتی ناجۆر رێگرە لە بەکار هێنانی بەهرەکانیان ، چونکە نەکارگە - نە، ئامێرە پێشکەوتوەکان- نە، دامەزراوەکان ئەتوانن ئەو رێگایە خۆشکەن بۆسەرکەوتنی زانیاری ئادەمیزاد، ئەگەرچی سەدەی تازەیش پاڵ و پشتێکی بەهێزە بۆ پەرەسەندنی ئەقڵ، بەڵام بە داخەوە، خوازیاری زانیاری ناچارکران بەشێك بن لە ڕەوە(قطیع) بۆ مادە و بەس، لە گەڵ ڕەچاوکردنی ڕەوشتی دور لە ڕەوشتی زانای راست و پاك، ئەوانە کاتی خۆیان بە فیڕۆ ئەدەن و خۆیان بە خۆڕایی ماندوو ئەکەن لە پێناوی هەندێ کاری هونەریدا،کە زیاترە لە توانای ئەقڵی ئەوان، چونکە ئەوکارە پێویستی بە بیری بە هێزە، بێجگە لەوە کەسیان ئەوەندە پارەدار نین بتوانن بوارێکی بێدەنگی و شوێنێکی ئاسایش و تەنیا

بۆ بەهێزکردنی بیرکردنەوە دابین کەن، هەر وەکو لە زەمانی زوودا، چۆن هەموکەس بە پێ بەرامبەر ئەو دۆخەیان بۆ ئەگونجا، تەنانەت لە شارەکانیشا، بەڵام تا ئێستەش بیر لەوە نەکراوەتەوە و لە هیچ شارێکی گەورەدا شوێنێکی هێمن و بێدەنگ دابین نەکراوە بۆ ئەو مەبەستە تاوەکو زاناکان بە هێمنی و تەنیایی، بیر لە کارەکەی خۆیان بکەنەوە و باسەکانیان ئەنجام بدەن، لە راستیا شوێنیکی وا پێویستیێکی گرنگە، تا ئەقڵ بتوانێ بگاتە پلەیێکی بەرزی دارشتن، لە کاتێکا ئەم هەمو رێگری و ئاڵۆزییە بە هۆی هۆکارە تازە داهاتوەکانی شارستانی سەدەوە هاتوەتە کایەوە.

پێشکەوتنی زانیاری دەراسەی ئادەمیزاد، لە زانیاریەکانی تر زیاتر پێویستی بە ئەقڵی بە هێز هەیە،

بۆ ئەمە ئەبێ بە خۆمانا بچینەوە، نەك تەنها بە بیرو بۆچونەکانمانا، بەڵکو بە شێوەی ئەوکارانەیشا بچینەوە کە باسەکانی زانیاری لە سەر ئەنجام ئەدرێت.

باسی پێنجەم

ئادەمیزاد مادەیێکی وا نیە کە بشێ بۆ تاقیکردنەوەی لێکۆڵینەوەی زانیاری و ناتوانین بە ئاسانی کەسانێك بدۆزینەوە لە یەك بچن و خاوەن یەك جۆرەخەسڵەتی تایبەتی بن، چونکە ئاشکرایە بە هیچ شێوەیێك ناتوانین دەرئەنجامی تاقیکردنەوەی کەسێك بگوێزینەوە بۆکەسێکی تری هاو جۆری خۆی بۆ نمونە: ئەگەر بمانەوێ بۆ باسێکی زانیاری، بەراوەردێ بکەین لە نێوان دوو دەستە منداڵ، بۆ ئەم کارە بە گوێرەی توانا دوو کۆمەڵ منداڵی هاوشێوە پەیدا ئەکەین، ئەگەر ئەو منداڵانە لەگەڵ ئەوەی تەمەنیان و قەبارەیان بە تەواوی وەکو یەك بێت، بەڵام هەر یەکەیان لە پلەیێکی کۆمەڵایەتی جیاوازا ژیا بن، ئەگەر خواردەمەنیشیان وەك یەك نەبوبێت یان باری دەروونییان لە گەڵ یەکا جیاوازی هەبێت، ناتوانین بەراوەردی ئەنجامەکانیان وەك یەك دەرکەین، هەر بەو جۆرە ئەگەر بمانەوێ دەراسەی کاریگەری شێوەی ژیان بکەین لە سەر منداڵی ناو یەك خێزان لە بەرئەوەی لە سەرەتاوە نوتفەی ئادەمیزاد بە پاکی نەهاتوەتە خوارەوە، جیاوازێکی زەق لە نێوان ئەو منداڵانەی لە یەك دایك و باوکن بە دی ئەکرێ، بە پێچەوانەی ئەمانەوە دەرئەنجامی بەراوەردی نێوان دوومنداڵ پێکەوە لە یەك دایك و لە ناو یەك پەردەدا لە دایك بوبن (دوانە) لە زروفێکی تایبەتی و چون یەك ژیاون و گەورە بوون، لە گەڵ ئەوەیشا ئەبینین جیاوازیێکی ئاشکرا لە نێوانیانا هەیە و رەوشت و هەڵس وکەوتیان لە یەك ناچێت، لە بەر ئەم هەمو هۆیانە ئێمە شێوەیێکی مام ناوەندی کە نزیك بێ لە هەمویان (تقریبا) بۆ دەراسەی بابەتەکانمان هەڵئەبژێرین . ئەمە هەندێکە لەو قورت و چەڵەمانەی لە رێی پێشکەوتنی ئادەمیزادایە.

ئادەمیزاد هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە رێژەی شێوەی دەراسەی بابەتیك بە شێوەیێکی سادە کە پەیوەندی هەبێ بە سروشت وکیمیاو فەسیۆلۆجیاوە، لێك جیا بکاتەوە، هەوڵ ئەدا بۆ دیاری کردنی رێك و پێکی شێوەی ژیانی خۆی، بەڵام کاتێ دێتە سەر دەراسەی ئادەمیزاد وەکوگشت (کل) و جۆری پەیوەندی لە گەڵ شوێنەوارەکەیا بەو شێوە وورديەی ئەیەوێ، بۆی ئەنجام نادرێت، پێویستە لە سەر سەرکاری ئەم بابەتانە خاوەن ئەقڵێکی بەهێز بێت، تا رێگای

راستەقینە،کە پڕە لە قۆرت و چەڵەمە، لێی وون نەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێ بە سەر ئەو سەختیانەدا زاڵ بێت کە لە کاتی تاقی کردنەوەی بابەتەکەیا دێتە بەردەمی.

ئەم جۆرە دەراسەیە پێویستی بە خاوەن ئەقڵێکی زۆر فراوان هەیە، تاوەکوناچارنەبین پەنا بەرینە بەر مێژوو، لەگەڵ ئەوەیشا ئەو رووداو و دیاردە گرنگانەی لە رابوردوودا رویداوە ئەوە ئەسەلێنێ ئادەمێزاد خاوەنی جۆرەها هێزی روحی بەرزە، لە بەر ئەوە نزیك بونەوە و راهاتن لە گەڵ ئەو جۆرە هێزانە و دەراسەکردنیان پێویستێکی گرنگە.

ئایا ئەو هۆکارانە چی بوون لە زەمانی زانای بەرز(برکلیس) بوو بە هۆی ئەوەی دەیان زانای بەرزو بلیمەت یەك لە دوای یەك بێنە مەیدانی زانیاریەوە؟ بە هەمان جۆر لەکاتی راپەڕینی (نهضة) تازەدا ئەو دیاردانە چی بو، بوو بە هۆی زیاد بونی تەندروستی ئەقڵ و زیرەکی وبیروبۆچونی زانیاری و هێزی لەش لە گەڵ نەترسی لە ناوبیاوانی سەدەدا؟ بۆ بوون بە خاوەنی ئەو هەموچالاکیانە لە فەسیۆلۆجیدا و خاوەنی ئەوئەقڵە گەورەیە، ئەگەر بێت و بە ووردی و زانیارانە دەراسەی کۆمەڵگای سەدەکانی رابۆدووی ئادەمیزاد بکەین ولە شێوەی فەرهەنگی وتوانای ئەقڵی و وێژەیی و باری تەندروستی ودینییان بکۆڵینەوە، زۆر بە ئاسانی جیلێك لە پیاوە گەورەکان بە خۆمان ئەناسێنین.

هەروەها هۆێکی گرنگی تریش هەیە قورت و چەڵەمەیە لە رێی تاقیکردنەوە لە سەرئادەمیزاد، ئەویش ئەوەیە سەرکار و خوانەکەی لە سەر یەك شێوە بەرێوە ئەچن و ئەژین، ئینجا هەست کردن بەوەی کاریگەری لە سەر خواردەمەنی یان رێك وپێکی ئەقڵی و وێژەییێکی دیاری کراو، یان گۆرانکاری رامیاری یا کۆمەڵایەتی بەسستی ئەنجام ئەدرێت، چونکە نرخاندنی یەکێ لە دامەزراوە پەروەردەییەکان، لە سەرەتای دامەزرانیەوە و دەست بە کار بوونی، هەتا ماوەی سیی تا چل ساڵی تر بەرهەمی نابێت.

هەروەها بە زۆر سەپاندنی شێوەیێك لە ژیانی ناجۆری دیاریکراو بە سەر چالاکی فەسیۆلۆجی و ئەقڵی خەڵکا، دوای نەمانی ئەو نەوەیە، ئینجا دەرئەنجامەکەی دەرئەکەوێ. لەگەڵ ئەوەشا داهێنەری رێکخستنی تازەی خواردەمەنی تەندروستی- فەرهەنگی- رەوشت - ئابوری رامیاری، هەمیشە لە پڕوپاگەندەی سەرکەوتنی داهێنراوەکانیانا بە پەلەن، بەڵام ئامانجی شییکردنەوەی رێکخستنی (منتسوری) کە زانای بەرز – جۆن دیوی- بۆ رێکخراوی فەرهەنگیی دایناوە، تائەم دواییانەش توانایان نەبوو پیادەی کەن. واتە ئەبێ ئێمە بۆ ئەم بابەتانە چارەکە سەدەیێك چاوە

روان بین تا لە گرنگی تاقیکردنەوەی زیرەکی ئادەمیزاد تێ ئەگەین، ئەو پلانەی زانا دەروونیەکان لەم ساڵانەی دواییدا لە قوتابخانەکانا دایان رشتبوو بە راستی خۆی لە خۆیا بابەتیکی گونجاو و هۆیێکی باش بوو بۆ لێکۆڵینەوە لەکاریگەری هۆکارێکی دیاریکراوی سەپێنراو بە سەر ئادەمیزادا و هۆیێکی رەخساوە بۆ ئەوەی دوای ئەوگۆڕانکاریانە لە سەرەتای ژیانەوە تا مردن بە سەر ئادەمیزادا دێت و ئەڕوات، بێ بە هۆی هەندێ ووریا بوونەوە، ئەگەرچی ئەمەش نامان گەیێنێتە ئەو دەرئەنجامەی بتوانین زانیارێکی تەواو لە ئادەمیزاد وەدەست بێنین.

بۆمان دەرکەوتوە هەنگاوەکانی ئادەمیزاد لە پێناوی پێشکەوتنا زۆرهێواشە، چونکە ئێمەی سەرنج دەر (مراقبین) بەشێکین هەرلەو مێگەلە، واتە هەمو یەکێ لە ئێمە لەو بارەوە تەنهاکەمێ توانای لێکۆڵینەوەی تێدایە، چونکە تەمەنمان زۆرکورتە و فریای شتێکی وا ناکەوین و تاقیکردنەوەیێکی یەکجار زۆریشمان لەسەر کەڵەك بووە بە لانی کەمەوە سەدەیێکی تەواوی ئەوێ بۆ تەواوکردنی. دوای ئەوەش ئەێ جۆرەها پەیمانگا دامەزرێت، کارەکانی تێدا رێك بخرێت و تاقی کردنەوە دەست پێ بکات، ئەێ ئەوەش بزانین ئەگەر تاق کردنەوەی زانایێك دەستی پێکرد، بە مردنی ئەو زانایە کارەکەی نەوەستێت و نەخرێتە پشتگوێ، ئەگەرچی ئەم رێکخراوانە هێشتا نەڕێسراوە، تەنها پێش نیازە و بەس. بەڵام لە هەندێ لایەنی ترەوە هیوا بڕاو نین، بۆ نمونە: سێ بنەچە (جیل) لەقەشەکانی کەنیسەی - سوسلسمس- ماوەی پەنجا و وێنج ساڵ خۆیان تەرخان کرد بۆ سەر لە نوێ تازە کردنەوەی مۆسیقای (گریگری) [11]. کە واتە ئێمەش لە پێناوی ئادەمیزادا پێویستە هەوڵێکی هەمان جۆر بدەین بۆ لێکۆڵینەوەی تایبەت بەو قورت و چەڵەمەی هاتوەتە پێش بایۆلۆجی ئادەمیزاد، چونکە دامەزراندنی پەیمانگا بێ بڕانەوە و هەتا هەتایە، بۆ ئەوەی توانای بەردەوام بوون هەبێت بە لانی کەمەوە بۆ یەك تاق کردنەوەی پێویست، ئەبێتە هۆی قەرەبوکردنەوەی تەمەن کورتی خەڵکانی سەرنجدەر.

بۆ دەراسەی زانیاری گرنگ و پێویست بۆ ئادەمیزاد، زاناکان کەڵکیان لە هەندێ ئاژەڵی تەمەن کورت وەر گرتوە، بۆ ئەم مەبەسە بە گشتی مشك و بە تایبەتی کەرۆێشکیان بە کار

[11]- گرێگری - نامێزێکی مۆسیقای دینیە و تایبەت بە کەنیسە گەورەکانە و زۆر پیرۆزی دراوەتێ

ئەهێنا، و دەیان ئاژەڵخانەی گەورە و فراوانیان بۆ تەرخان کردبوون، بۆ دەراسەی کاریگەری جۆرەها خواردەمەنی لەسەر چونیەتی گەورە بوون و قەبارە و نەخۆشی و درێژی تەمەن ..هەتەد، بەڵام بە داخەوە لە یەك چوێن پێکهاتەی لەشی ئەو ئاژەڵانە لە گەڵ لەشی ئادەمیزاد زۆر لە یەکەوە دوورن، لە بەر ئەوە تاق کردنەوەی ئەو دەرئەنجامانە بە سەر منالا ئەو پەڕی مەترسیدارە، چونکە جیاوازیێکی زۆرگەورە هەیە لەنێوان پێکهاتەی منال وپێکهاتەی ئەو ئاژەڵانەی دەرئەنجامی

تاقیکردنەوەیان لەسەر دەرهێناون، بێجگە لەوە چۆنیەتی شێوەی ئەقڵ وئیش وکاری ئامێرەکان و ئیسقانەکانی لەشیان و دەمار و تێکەڵەکانی لە گەڵ کاریگەری خواردەمەنی و بەراوەردکردنیان لەگەڵ ئەم ئاژەڵە بچوك و بێ سودانە، بە هیچ جۆرێ شایانی تاقیکردنەوە نیە، لە گەڵ ئەوەشا ئادەمیزاد بە هیچ جۆرێ ناتوانێ بە هۆی دەراسە کردن لە سەر ئاژەڵی ئاقڵترێش وەکو مەیمون و سەگ، زانیاری باشتر وەدەست بێنێ چونکە:

یەکەم - مۆخی مۆخی مەیمۆن لە گەڵ ئەوەی ئاژەڵێکی ئاقڵە بەڵام بۆ دەراسە و تاق کردنەوە ناشێت، چونکە دەست کەوتنی وەچەی مەیمون ئەوەندە ئاسان نیە وکارکردن بۆ زیاد بوونیان لە رێی زاوو و زێوە ، بە هیچ جۆرێ سەرکەوتو نیە و بە ئاسانی کاریان لە سەر ناکرێ.

دووەم - هەندێ سەگی زیرەکی تر، پەیدا کردنیان ئاسانتر و ئادەمیزاد ئەتوانێ تێ بینی خۆی بخاتە سەریان و لە توانادا هەیە دەراسەی تایبەتمەندی وەچەکانیان بکرێت، ئەم ئاژەڵە زۆر بە ئاسانی و خێرا زاوو زێ ئەکەن و تەمەنیشیان ئەگاتە پانزە ساڵێك.

ئەتوانین بە دوور و درێژی و بێ ماندو بوون زانیاری فەسیۆلۆجیان لە سەر وەدەست بێنین بە تایبەتی لە سەر ئەو سەگانەی ئێشکە لە رانە مێگەل ئەگرن، چونکە هەستێکی بەرز و بە هێزیان هەیە و خاوەنی زیرەکی و چالاکی و وریاییکی بێ وێنەن، بە هۆی یارمەتی ئەم ئاژەڵە رەسەن پاکانەوە و لە کاتێکا ژمارەیێکی زۆر لەبەردەستدا بێ، ئەتوانین چەڵەمە و کاریگەری شۆێنەوار لە سەر ئادەمیزاد لا بەرین و پێویستە وریای زیاد بون و گەورە بونی قەبارەی لەش و قەڵەوی کۆمەڵگا بین چونکە ئەو دیاردە لە ولاتە یەکگرتەوەکان دەرکەوتوە، پێویستە ئێمە بە زانیاریانە چاکە خراپەکەی هەڵسەنگێنین و بزانین کەم و زۆری کاریگەری ژیانی تازە لە سەر باری دەروونی منال وپلەی زیرەکی و چالاکی و نەترسی، تاچەندەیە؟ ئەگەر تاق کردنەوەیێکی

بەرفراوان بۆ ماوەی بیست ساڵێ بە سەر یەکێ لەو سەگانەدا ئەنجام بدەین، بێشك زانیارێکی ووردمان لەم بابەتە گرنگەوە بۆ یارمەتی ملیۆنەها ئادەمیزاد دەست ئەکەوێ، چونکە دەرئەنجامی ئەم تاق کردنەوەیە زۆر زوو دێتە بەرهەم تا ئەوەی هەمیسان پەنا بەرینە بەربیر و بۆچون و تاق کردنەوەی ئەوەی بزانین، ئادەمیزاد چی بکات و کام رێگایە بگرێت تا گۆڕانکاری لە شێوەی خواردەمەنی و ژیانیا روو بدات، بێشك ئەمە پاشکۆیێکی کاریگەر ئەبێ بۆکورتە تاقیکراوە ناتەواوەکان کە تەنها ئێستە پسپۆڕی خواردەمەنی بە دوای ئەم بابەتەدا وێڵە.

لە گەڵ هەمو ئەمانەدا، زانیاری لە بارەی ئاژەڵە ئاقڵەکانەوە بە هیچ جۆرێ شوێنی زانیاری ئادەمیزاد ناگرێتەوە، بۆیە پێویستە تاقیکردنەوە لە گەڵ کۆمەڵێ ئادەمیزاد ئەنجام بدەین، تا بتوانین دەرئەنجامێکی باش وە دەست بێنین، پێویستە بۆ ئەم تاقیکردنەوە گشتیە، کات و زروفێکی ئەوتۆ ئامادە بکەین چەند نەوەیی لە زاناکان یەك لە دوای یەك بەردەوام بن لە سەر ئەنجام دانی.

باسی شەشەم

ئێمە ناتوانین لەو زانیارییانەی لەبارەی ئادەمیزادەوە کۆبوونەتەوە هەندێکی راستیان لێ هەڵبژێرین و هەروەها لیستەیەك لە بارەی چالاکیەکانیەوە رێك بخەین، چونکە تەواوکردنی ئەم زانیاریانە بەهۆی تێ بینی یا تاقی کردنەوەی لەسەر شێوەیێکی تازە، لە گەڵ دامەزراندنی دامەزراوەیێکی زانیاری راستەتە قینە بۆ ئادەمیزاد، هێشتا بەشی ئەو مەبەستە پیرۆزە ناکات، چونکە ئێمە پێش هەمو شتێ پێویستمان بە بەکارهێنانی رێکخستنەکان هەیە، ئەگەرچی مەبەس لەم هەوڵە رازی کردنی ویستی(فضول) خۆمان نیە، بەڵام دوبارە هەستان بە دامەزراندنەوەی خۆمان و دەور و بەرمان کارێکی پێویستە، لەگەڵ ئەوەشا وە دەست هێنانی زۆر لە زانیاری تازە وکەڵەك بۆنی بێهودەیە، چونکە ئەگەر ئەو زانیاریانە لە ناو مێشکی پسپۆڕەکان و ناو توێی کتێبەکانیانا پرت و بڵاو بێ، هەمدیسان بێ سودە چونکە هیچ فەرهنگێکی زانیاری لە خۆیەوە زانیاری وێژەیی و فەلسەفی نادات بە خاوەنەکەی. پێویستە ئێمە وەکو بوونەوەرێکی زیندوو، بیرو لێکدانەوەی خۆمان لە ناو ئەقڵ و مێشك و بیرو بۆچونی چەند کەسێکی زیرەکی ئەقڵ پێشکەوتوودا کۆبکەینەوە، بەم شێوەیە ئەو هەوڵەی ئادەمیزاد ئەنجامی ئەدا لە پێناوی دەست کەوتنی زانیارییێکی باشتۆ فراوانتر لە بارەی خۆیەوە، بێشك بەرهەمێکی باش و تەواو وەدەست دێنیت.

زانیاری لە بارەی ئادەمیزادەوە، ئەبێ بە زانیاری داهاتوو و پێویستە لە سەرمان بەسەرەتاکەی رازی بین، چ لە لایەن شییکردنەوە وچ لە لایەن پێکهاتە تایبەتیەکانی رەوشتی ئادەمیزاد، هەر وەکو لە بەرچاوی سەرنجدەر و هونەرەکەی ئاشکرا و روونە، ئێستە ئێمە خۆمان لە شێوەی لەتی بچوك بچوکا ئەبینین، بەڵام بێگومان لە داهاتوییێکی نزیکا بە گوێرەی توانا ئەم لەتانە کۆ ئەکرێنەوەو ئەخرێنەوە شوێنی خۆیان، راستە ئێستە جارێ زانیارییێکی تەواوی ئەوتۆمان لە بەردەستا نیە، بەڵام بێشك لە ئایندەیێکی نزیکا بە تەواوی دێتە بەرهەم، چونکە بریتی نیە لە توخمی میتافیزیك - ئەو دیوی مادە - هەروەها بابەتیکی گشتیە، چونکە لە ژێردەسەڵاتی هیچ

هەڵبژاردە و رێکخراوێکا نیە، ئەگەرچی مەبەستمان لە راستی و ناراستی بۆچوونەکە هەڕەمەکی نیە، چونکە هەمو لایەنێکی لەشی ئادەمیزاد بەئاسانی سەیری بکەیت وەکو ئەوە وایە بە هەمان ئاسانی سەیری هەڵگەڕان بە شاخێکی زۆر بەرز وسەخت، یا پەڕینەوە بەبێ لە لافاوێکی یاخی، یان هەڵگەڕان بە داربێکی سنەوبەری بەرزی سافا، بیرو بۆچوون لە کاتی ڕەخساندنی هەلا ڕێگا خۆشکەرە بۆ سەر کەوتنی کارەکە، و وەك ئەوە وایە پەیکەرێکی فەرهەنگی لە سەر بناغەیێکی پتەوی رێك و پێك دامەزرێ، ئەگەر چی لەڕاستیدا ئەوەندەش شیاو نابێ کە ئەم بەهرانەی تێدا تاق بکرێتەوە، وەکو لە هەسارە ناسی یان سروشت ناسی تاق ئەکرێتەوە، بەڵکو بە گوێرەی قەبارەی پەیکەرەکە، هونەری راهێنانی بەسەرا ئەنجام ئەدرێ بۆ نمونە: ئامێری پانکریاس مادەی ئەنسۆلین ئەڕژێنێت، هەروەها هەندێ نەخۆشی دەروونی بە هۆی نەخۆشی مێشکەوە ڕوو ئەدات، ئێمە ئەتوانین پێوانەی هەستی بیرکردنەوە، یان چالاکی پانکریاس بکەین چەند ئەنسۆلین ئەڕژێت، بەڵام ناتوانین سنورێ دانێین بۆ پەیوەندی نێوان نەخۆشی دەروون و مێشك، وە ئەو زانیارینەی لەو بارەیەوە لامان کۆ بوەتەوە لەوانەیە تەواو بێت، هەندی ڕووپاگەندەش ئەڵێ: ئەو زانیارینە تەواو نیە وکەم کورتی تێدایە، چونکە لەشی ئادەمیزاد و هەست و هێزی بەرگری و راهاتن و تاکە کەسی، لای پسپۆڕەکانی نەشتەرگەری و فەسیۆلۆجیا و دەرون ناسی شتێکی دیاری کراو و ناسراوە. لە لایێکی تریشەوە ناوبانگی بە ناتەواو دەرچوە، چونکە ژمارەیێکی زۆر هەر لەو زانیاریانە کۆ بوەتەوە کە ئادەمیزاد بە هۆی گەڕان بە دوای باسەکەدا دەستی کەوتوە، بێ ئەوەی کەڵکی لێ وەرگرێ، ئاشکرایە هەندێ لەم کۆکراوانە، سنووردێکی تایبەتی هەیە و خاوەن گرنگێیکی سنورداڕە، ئەوی تری لە بەر ئالۆزی دەراسەکەی پشت گوێ خراوە، دەراسەی ئەو جۆرە زانیاریە گرنگانە ئەبێ بە گوێرەی توانا، کورت و چەمك (مفهوم) بێت، خوێنەر بە چاو پیاخشاندێك بە ئاسانی تێی بگات، چونکە ئەقڵی ئادەمیزاد توانایکی سنورداری هەیە بۆلە بەرکردنی زانیاری راستەقینەی ئادەمیزاد، بۆکەڵك وەرگرتن لەو زانیاریانە، پێویستە هەر جارە کەمێ لەو زانیاریانە بخەینە بەر دەستی کارکردنمان ،بۆ نمونە: بەراوەرد کردن لە نێوان وێنەێك و خاوەنەکەی، ئەکەوێتە سەر چونیەتی تاریفەکەی، نەوەك سەر ژمارەی کاتی کار تێدا کردنەکەی، لە بەر ئەوەیە وێنەی دەستکرد زیاتر لە خاوەنەکەی ئەچێ، تا وێنە فۆتۆگرافی، بۆیە ئەڵێین ئێمە زیاتر وێنەی کرۆکی هەلئەبژێرین وەك وێنەی سەر تەختەی ڕەش (صبورة) وایە کە بە تەباشیر ئەنوسرێت، وێنەکانیشمان وێنەێکی راستەقینەیە، تەنانەت ئەگەر

بەدەستی ئەنقەسیش باسەکە بشارینەوە، هێشتا خۆی لە ناوەرۆکیا بریتیە لە زانیارێیکی راستەقینە، نەك لە سەر بیرو بۆچونی ئەندێشاوی و خەو بینین و لادان لە هێلّی چالاکی و میکانیکی و زانستی و روح و لەش و مادە، بەڵکو بریتیە لە راستێیکی گرنگ لە بارەی ئادەمیزادەوە، کە ئەتوانین هەستی پێ بکەین. لە راستیدا زوربەی ئەو راستیانە هێشتا روون نەکراوەتەوە، لە بەر ئەوەی بیرو بۆچونی کلاسیکی خۆمان خستینیە پشت گوێ، راستیەکانیش بە قیرسیچمەیی خۆی نەچوە ناو چوار چێوەی زاراوە چا کراوەکانەوە. ئێمەی ئادەمیزادی لەمەودوا. هیوادارین لەبارەی ناسینی خۆمانەوە زیاتر زانیارێمان دەسکەوێ، لە گەڵ ئەوەشدا ئەم باسە زۆربەی تاریفە و ئێمە ناتوانین بڵێین باسەکە پاکە و دوورە لە هەڵە وکەم وکۆڕی، خۆی باسێك و دەراسەیێکی بە تەواوی تەواو نیە، بەڵام نزیکە لە زوربەی راستیەکانەوە.

بابەتی سێهەم

ا) ئادەمیزاد، لایەنی چالاکیەکەسایەتیەکەی.

ب) فراوانی لەشی ئادەمیزاد، شێوەی ئادەمیزاد.

ج) روی دەرەوەو ناوەوەی لەشی.

د) پێکهاتە. خانە وکۆمەڵەکانیان، پێکهاتەی خانە، جۆری خانەکان،

هـ) خوێن و ناوەندیاری ئۆرگانی.

و)خۆراکی چنراوەی لەش، تازە بوونەوەی خانەکانی لەش.

ز) ئامێری هەناسە، سیەکان و گورچیلەکان.

ح) پەیوەندی کیمیاوی لەنێوان لەشو شوێنەوارەکەیا، هەرس، جۆری خواردەمەنی.

ط) کاروکرداری جنسی.

ی)پەیوەندی مادی لەش و شوێنەوار،کۆئەندامی (ارادة)، پەیکەری ئێسکی و ئامێری ماسولکە.

ك) دەمارەکانی ریخۆڵە، سمپتاوی، خۆکاری ئەندامەکان.

ل) ئاڵۆزی لەش و ئاساییەکەی، سنوری دامەزراندن وکاری ئەندامەکان، رێکنەکەوتنی ئاناتۆمی و رێك کەوتنی فەسیۆلۆجی و رێکنەکەوتن و ئەندێشە.

ن) کزی لەش وتەندروستی، هێمنی لەش لەکاتی تەندروستیدا، ئەوهۆکارانەی ئەبن بەهۆی لاوازی لە ش.

س) هۆکارەکانی نەخۆشی، نەخۆشیە تەشەنەکارە تیکدەرەکان.

باسی یەکەم

ئێمەی ئادەمیزاد هەست بە بوونی خۆمان ئەکەین، خاوەنی جۆرەها چالاکین، ئێمە جیاوازین لە بوونەوەرەکانی تر، بڕوامان پتەوە و ویستەکانمان ئازادە، هەست بە خۆشی و ناخۆشی ئەکەین، ئەم بەڵگە نەویستانە (بدیهی) بێشك هەموی راستە. شێلاوی هەستمان بە ناوکاتا (زمن) ئەڕژێ و ئەڕوات، وەك رژان ورۆیشتنی ئاوی ڕوبار بە ناو شیز و دۆڵا، هەمیشە لە گۆڕانایین، بەڵام هەمیشە هەین، ئێمە لە ناوشوێنەوارا سەر بەخۆ ئەژین و زۆرلە ئاژەڵ بەختەوەر ترین و بە سەربە خۆیی خۆمان شادمانین، ئێمە بە هۆی ئەقڵی خۆمانەوە رزگارین، سەروەر و خاوەنی داهێنانی ئامێرو چەك و جۆرەها دەزگای بەختەوەرین، ئادەمیزاد تراژیدیەتی تایبەتمەندیە جیاوازیەکانی خۆی بخاتە پێش چاوو بە هۆی داهێنانەکانیەوە خۆی لە بوونەوەرەکانی تر جیا کاتەوە، هەمیشە ئارەزووەکانی دڵی بە زۆر شێوە ئاشکرا بکات و بیخاتە پێش ڕوو، بۆ نمونە: بە هۆی دروستکردنی جۆرەها پەیکەر، پەرستگا، شانۆ، کڵێسە، مزگەوت، خەستەخانە، زانکۆ، کارگە،.. هتد، شوێن پێی خۆی لەسەر زەوی داناوە وکردویەتی بە بەڵگەیێکی گرنگ بۆ سەلماندنی ئەوەی، خاوەنی دانانی جۆرەها بنەڕەتی چالاکیە، بە واتەیێکی تر، ئەم بەڵگانە بریتین لە هەستی ئادەمیزاد لە بارەی دین- مێژوو- وێژە- زیرەکی و سوسە کردن (حب الاستطلاع) بە دوای زانیاریدا.

ئەگەرسەرنجی بەشی ناوەوەی ئادەمیزاد بدەین، هەر وەکو لای سەرنجدەر دەرئەکەوێ، بریتیە لە هەست، بیر، ویست، خۆشی، ناخۆشی.

ئەگەر بڕوانینە بەشی دەرەوەی، بریتیە لە قەبارەی لەشەکەی، هەر وەك هەمو هاو رەگەزەکانی تری، و بریتیە لە دوو بەش کە جیاوازیێکی زۆر زەقیان لە نێوانا هەیە، ئەویش بریتیە لە لەش و روح، لەگەڵ ئەوەشا،کەس تا ئێستە روحی بە بێ لەش، یان لەشی بە بێ روح نەدیوە، بەڵکو تەنها رووی دەرەوەی لەش ئەبینرێت.

ئێمە بە تەواوی هەست بە چالاکی کردارمان ئەکەین، کە هەستێکی خۆشی شاراوە و سەیرە، بەڵام هەست بە هیچ ئەندامێك لەو شاراوانە ناکەین، چونکە لەش بەفەرمانێکی خۆکاری

شاراوە کارئەکات تەنها بە هۆی هۆنەری نەشتەرگەری (فسیۆلۆجیا) وە دەر ئەکەوێ، دوای ئەوە بۆمان دەرئەکەوێ ئادەمیزاد ئالۆزاو وگرێ پوچکەیێکی چەندگەورەیە و لە ژێر پەردەیێکی ئاشکرای ئاساییدا شاراوەتەوە. ئادەمیزاد هیچ کات رێگای نەداوە لە یەك کاتا گشتینەی تایبەتمەندیەکانی دەرەوەی لەشی خۆی یا ناوەوەی بخاتە پێش چاو.

تەنانەت بۆ نمونە: ئەگەر ئێمە تۆڕی لە مێشکی ئادەمیزاد ببڕین وبچینە ناوئەقڵە ئالۆزاوەکەی و بۆ ناو ئیش وکارەکانی مێشك، بە هیچ شێوەیێك و لە هیچ شوێنێکیا چاومان بە هیچ جۆرە هەستێك ناکەوێ و نای بینین، چونکە بە گوێرەی هۆکاری لێکۆڵینەوەکانمان، بۆمان دەرکەوتووە روح و لەش، بەش ناکرێن ولێك جیاناکرێنەوە، هەستەکان واتە ئامێرە روحیەکان ناچنە ژێر فەرمانی لێکۆڵینەوە و دەراسەوە، هەر هەمو بەشەکانی روحی و فیزیکی لە چنراوە و پێکهاتەی شلە و تیکلاوەکان و هەست پێك هاتوون، هەمویان بە ناو بۆشایی وکات (زمن) دا لە یەك کاتا بڵاو ئەبنەوە و سێ بەش لە بۆشایی پڕئەکەنەوە، هەروەها بۆشایی کات هەر هەموی وەك یەك (متجانس) نین بەڵام هیچیان لە ناو ئەو چواردووریە (بعد) دا بە تەواوی ئۆقرە ناگرن، چونکە هەست لە ناو مادەی مۆخایە. ئادەمیزاد بەڕادەیێك ئالۆزە، بە هیچ شێوەیێك رێگای تێگەیشتنی پێك هاتەکانی لەشی خۆی و مێشکی نادات، لەبەر ئەوەیە ئێمە ناچارین لەکاتی دەراسە کردنیا بە هۆی هۆکاری تایبەت و لێکۆڵینەوە بیکەین بە بەشی بچوك بچوك، بێجگە لەوە، داواکانی تەکنۆلۆجیا ناچارمان ئەکا لە باسەکان و دەراسەکانمانا وادانێین، ئادەمیزاد پێك هاتووە لە لەش و چەند چالاکیێکی لە یەك جیاواز، بەڵام پێویستە بە تایبەتی لایەنەکانی کات (زمن) و راهاتن و یەك تاکی لایەنی ئەم هەستانە لای خۆمان هەڵگرین وفەرامۆشی نەکەین، لە هەمان کاتیشا ئاگادار بین، نەکەوینە ناو هەڵەی کلاسیکی بۆ کورت کردنەوەی (اختزال) باس و دەراسەی ئادەمیزاد، تەنها بیکەین بە لەش یان هەست، یان تێکەڵ کردنی هەردوکیان.

بـاسی دووەم

گەورەیی لەشی ئادەمیزاد لە ترازوی کێش و بەراوردا ئەکەوێتە نێوان گەردیلە و هەسارەوە، بۆ بەراورد کردنی قەبارەی لەشی ئادەمیزاد لەگەڵ قەبارەی چەند شتێکی دیاریکراوی هەڵبژێردراوا بەم جۆرەیە:

قەبارەی ئادەمی، لە چاو هەندێ شتا زۆر گەورە و لە چاو هەندێکی ترا زۆر بچوك دێتە پێش چاو، لەشی ئادەمیزاد بە قەد دوو سەد هەزارخانەی ئەتەمی(خلية نسيجية) یان بە قەد دوو ملیۆن میکروبی ئاسایی ئەبێ، یان بە قەد درێژی دوو هەزار ملیۆن میل پارچۆڵکە گەردیلەی پرۆتینە[12] کە یەك بە تەنیشت یەکەوە ریز بکرێن. واتە ئادەمیزاد لە چاو ئەلەکترۆن-ئەتۆم-گەردیلە و میکرۆباتا، گەورەیە. بەڵام بە بەراورد کردن لە گەڵ کێو و دەشتا بچوك دەرئەچێت، بۆ نمونە:

ئەگەر چوار هەزار کەس لەسەرسەری یەکترێ بوەستن رەنگە بگەنە بەرزی لوتکەی مۆنت ئێفرست. هەروەها هێڵی[13] درێژی زەوی بە قەد درێژی بیست ملیۆن کەسە، ئەگەر بە راکشانەوە هێڵێکی درێژ دروست کەن .

ئێمە ئەزانین روناکی لە یەك چرکەدا بە قەد درێژی سەدو پەنجا ملیۆن ئادەمیزاد ئەبڕێ، ئاشکرایە دووری نێوان هەسارەکان بە پێ ی ساڵی تیشکی ژمارە ئەکرێ، لە بەر ئەوە لەشی ئێمە ئەگەر بەگوێرەی ئەم هۆکارانە بەراورد بکرێ زۆر بچوك و وورد دێتە پێش چاو، هەر لەو بارەیەوە هەر دو زانا (ئەدنگتۆن و جان) لە کتێبەکانیانا لە بارەی هەسارە ناسیەوە، ترسیان

---

[12]- پرۆتین یا زۆاڵ – بریتیە لە تۆکسجین و کاربۆن هیدرۆجین و نیترۆجین لە لەشی هەمو گیاندارێك و رووەکیکا هەیە

[13]- هێڵی درێژی زەوی – خط الطول- بریتیە لە هێڵێکی دانراو (وهمی) کە لە پۆڵی باکوری زەویەوە ئەچی بۆ پۆڵی باشوری زەوی و لەوێ یەك ئەگرنەوە.

خستبوە دڵی خوێنەرانەوە لە بارەی بچوکی وکەمی کێشی ئادەمیزاد لەسەر زەوی، بەڵام لە راستیدا گەورەیی قەبارەی لەشمان و بچوکیەکەی بە هیچ جۆرێ گرنگ نیە، چونکە شتە دیاریکراوەکانی لەشی ئادەمیزاد خاوەنی دووری مادی نیە (بعد مادی) واتە ژیانی ئێمە لە سەر زەوی متمانە ناکاتە سەر گەورە و بچوکی قەبارەی لەشمان. بێشك لەشی ئێمە بەتەواوی لە گەڵ جۆری خانەی چنراوە و جۆری گۆڕانکاریە کیمیاویەکان و تازە بونەوەی خانەکانی ناو لەش راهاتووە، لە کاتێکا کاریگەری هەندی هەستی تایبەتی بە یەك خێرایی بڵاوئەبێتەوە، ئەو کەسانەی قەبارەی لەشیان لە لەشی ئێمە گەورەترە، رەنگە درەنگتر هەست بە شت بکەن، هەروەها رەنگە ردە کردنەوەی کردارەکانیان لەگەڵ دەرەوەدا، (ردفعل) زۆر خاو بێت، لە هەمان کاتا پلەی گۆڕانکاری کیمیاوی لەشیان ماوەیێکی زیاتری بوێ.

لای هەموان ئاشکرایە، تازە بوونەوەی خانەکانی لەشی ئاژەڵ بۆ نمونە: تازە بونەوەی خانەکانی لەشی ئەسپ زۆرکەمترە لە هینی مشك، ئەگەر قەبارەی لەشمان زیاتر لە پێویست گەورە بوو، ئەبێتە هۆی کەم بونەوەی خەستی گۆڕانکاری کیمیاوی لەشمان، دووریش نیە ببێتە هۆی کز بونی چالاکی و خێرایی هەستمان، ئەگەرچی ئەم دیاردەیە روو نادات چونکە پێکهاتەکانی قەبارەی لەشی ئادەمیزاد جیاوازیێکی تایبەتی تێدایە، هەروەها شوێنەوار و بارە ئاسایەکانی گەشە کردنیان پێکەوە و لە یەك کاتا بریار بۆ دووری (ابعاد) چۆنیەتی قەبارەی لەشمان ئەدەن.

لە ناوکۆمەڵگادا ئادەمیزادی درێژ یا کورتە بااڵ هەیە، ئەم جیاوازیانەش هەموی بە هۆی کەم و زۆری چالاکی لووی ئەندۆکرینەوە،کەم و زۆری چالاکیەکەی دابین ئەبێ، کە ئەکەوێتە سەر رێژەی چالاکی ئەو لووە بە گوێرەی ماوە وکاتی /المسافة والزمن/ تایبەتی لەشەکە، لووی ئەندۆکرین گرنگیێکی زۆری هەیە بۆ ژیانی ئادەمیزاد، لەگەڵ ئەوەشا بە هۆی خواردەمەنی باش و شێوەی ژیان و ئاسودەیی، قەبارەی لەش گەورە ئەبێت، یا بە پێچەوانەوە، خواردەمەنی ناتەواو و خراپ و شێوەی ژیانی ناجۆر و ماندویەتی، ئەبێتە هۆی بچوکی وکورتی بااڵ.و لاوازی ئەو کەسانە، هەربەو شێوە لە توانادا هەیە گۆڕانکاری لە چنراوەی لەش، تەنانەت لە ئەقڵیشا بکرێت بۆ زیاد یان کەم.

بەڵام ئێمە نابێ لە خۆمانەوە و بێ زانیاری، هەوڵ بدەین لەشمان بە هێزتر یا قەڵەوتر یاجوانتر بکەین و دەسکاری چالاکی ئەقڵ وکیمیاوی لەش بکەین، ببێتە هۆی تێکچوونی لایەنە

کیمیاویەکان و چالاکی لایەنی دەروونی بۆ ماوەیێکی درێژ خـــایەن، ئەگەرچـــی تـــا ئێـــستەش هۆکارێکی زانیاری ئەوتۆ نیە هۆ بێت بۆ زیاد کردنی قەبارەی لەشی ئادەمی، چـــونکە هێـــزی بەرگری و هێزی ماسولکەی لەش، بە گەورە کردنی قەبارەی لەش ئەگەرکەم نەکا زیاد ناکات، بۆنمونە: مروۆە بلیمەتەکانی جیهان هیچیان کەڵەگەت و قەبارە زل نەبوون، مۆسۆلینی دەستە بالا بووە، ناپلیۆن کورتە بالا بووە.

سروشتی ئادەمیزاد مل کەچی قەبارە وکەڵەگەتی و شێوەی دەم و چاوی خاوەنەکەیەتی، چونیەتی دەرەوەی لەش، شێوەی سروشت و هێز وئەقڵ دیمەنی ئەوکەسە دیاری ئەکات، ئەم رەوشت وچالاکیانە لە هەمو رەگەزێکا هەیە، لە گەڵ جیاوازی تێوانیان، ئەویش ئەکەوێتە سەرشێوەی ژیانی کۆمەڵگاکە، بۆ نمونە: ئەو گەلانەی لە سەدەی راپەڕینا (نهضة) ژیاون، ژیانیان بریتی بوە لە هەوڵێکی سەخت و ماندویەتی، هەمیشە لە مەترسیدا و لەو پەڕی ناخۆشیدا ژیاون، لەگەڵ ئەوەیشا دڵیان زۆرخۆش بووە بە دۆزینەوەکانی گالیلۆ و بەهرەی جوانکاری هونەرمەندی بەناو بانگ (لیۆناردۆ دی فنشی) و زانای بەرز (میشیل انگلۆ) بەڵام ئەمانە جیاواز بون لە گەڵ ئەو کەسانەی خۆیان بە پێشکەوتو دائەنێن و لە قەسری فێنکا ئەژین و لە ناو نوسینگەی گەرم وگورا خەریکی کاری بازرگانین و خاوەنی ئۆتۆمۆبیلی مۆدێرن و دیتنی فلیمی بێ نرخ وگۆێ گرتن لە رادیۆ وسەرگەرمی یاری گۆڵف و بریدجن.

ئادەمیزاد لە هەمو زەمانێکا و لە هەمو شوێنێکی جیهانا، مۆر و نیشانەی خۆی لە سەر شوێنەوار داناوە و شوێن پەنجەی دیارە، ئێمە لامان ئاشکرایە، تا چەند ئۆتۆمۆبیل و سینما و وەرزش کاریگەری هەیە لە سەر گۆڕانکاری لە ئادەمیزادا، هەندێ کۆمەڵگا وەکو وڵاتە لاتینیەکان، زۆر لە خەڵکی ئەو شوێنانە خاوەنی ئەندامی قەڵەو و ژێر پێست چەور، روناکی لە رویانا نابینرێت، ورگ ئاوساو و قاچ باریك و قەبارەیێکی هەمیشە شپرزە و دور لە ئارامی، خاوەنی رووێکی گرژ، بێ ئەوەی شێوەیێکی زیرەکییان تێدا بە دی بکرێت.

بە پێچەوانەوە هەندێ کۆمەڵگا هەیە وەکو ئینگلوسەگسۆن خاوەنی بەژن و بالایێکی بەرز و جوان ناوشان پان و ناوقەد باریك و خاوەن ماسولکەی بەهێزن. ئەبێ ئەوەش بزانین رەوشتی فەسیۆلۆجی کاریگەرێکی تەواوی هەیە لەسەر چۆنیەتی قەبارەی لەشمان و لە سەر ئاسایی بیرکردنەوەمان، بێجگە لەوە گەشە کردن و پتەو بوونی ماسولکە و پەرەسەندنی ئیسقانەکان لە ئەنجامدانی وەرزشە تایبەتیەکانەوە سەرچاوە ئەگرێت، بەڵام جۆری پتەوی و بە هێزی

ماسولکەکان ئەکەوێتە سەر شێوەی وەرزشە تایبەتیەکەی. وە جوانی قەبارەی لەش لە ئەنجامیی پەیوەندی و یارمەتی نێوان ماسولکە و پەیکەری ئێسکی دروست ئەبێت.

لەزەمانی (بکلیس) دا ئەم جۆرە جوانیە گەیشتبوە لوتکە، زۆر لە وەرزشکارانی ئەغریق ئەوانەی (فیدیاس) و قوتابیەکانی فیدیاس پێیان گەیاندبوون، ئێستە هەموی لە شێوەی پەیکەرەکانیانا بەدی ئەکرێن، هەر وەکو وتمان روالەتی دەم و چاو و کولمە و پێڵو و هێڵەکانی هەمیشە ئەکەوێتە سەر دۆخی ماسولکەکان و ئەو چەوریانەی ژێر پێست، وە بارودۆخی ئەو ماسولکانەش ئەکەوێتە سەر بیروبۆچونی ئەقڵمان،

بێشك هەموکەس ئەتوانی و بۆی هەیە جۆری چونیەتی دەم و چاو بۆ خۆی هەڵبژێرێت، بەڵام ناتوانی هەمیشە پارێزگاری شێوەکەی بکات، چونکە دەموچاو خۆی بە شێوەیێکی خۆکاری و بە گوێرەی چونیەتی باری دەروونی، خۆی ئەرازێنێتەوە، تا بکەوینە تەمەنەوە پەیوەندی نێوان شێوەی دەم و چاو و کاریگەری دەروونی و هەست و ویست پتەوتر ئەبێت.

جوانی زوربەی مرۆڤی گەنج، بریتیە لە کردار و یارمەتی و رێك کەوتنی سروشتی خۆکرد لە نێوان بەشەکانی خودی دەموچاوا، ئەگەرچی ئەم دیاردە لە ناو بە سالاّ چوانا دەگمەنە، لە گەڵ ئەوەشا شێوەی دەم و چاو و بەشەکانی، بە شێوەیێکی قوڵ و ورد، چالاکی و هەستی شاراوەی ئەوکەسە وەکوکێبێکی کراوە نیشان ئەدات.

لە واتەکانی دەم و چاوا، ئەتوانین نەك هەر تەنها چاکە و خراپە و زیرەکی و هەبلەیی وهەست و رەوشتی بزانین که ئەوکەسە بە درێژایی ئەو تەمەنەی شاردویەتیەوە، بەڵکو لە ناو ئەو هێڵانەدا، چۆنیەتی پێکهاتەی لەش و ئەگەری توشبونی نەخۆشی ئەقڵیشی تێدا بە دی ئەکرێت، ئاشکرایە شێوەی ئێسقان و چەوری ژێر پێست و جۆری موەکان ئەکەونە سەر خۆراکی چنراوەکان و رێکخستنی خواردەمەنی ئەو چنراوانە بە هۆی رێکخراوەی(پلازما) زەردای خوێن، یان بە هۆی چالاکی لووەکان و ئامێری هەرس، لە بەر ئەوەیە شێوەی لەش، چونیەتی ئەندامەکانی لەش ئاشکرا ئەکات، هەروەها رووکاری پێست شێوەی کارەکانی لووەکانی(ئەندۆکرین)** و ئامێری هەرس و رێخۆڵەکان و ئامێری کۆئەندامەکان ئەخاتە روو و لایەنە نەخۆشیەکان لە مرۆڤا دیاری ئەکات.

ئەو کەسانەی لە بواری پێکهاتە و لە یەك چوون (تناسق) قەبارەی لەشیان ئەچنەوە سەر چەند هۆزێکی جیاواز هەمویان بە زۆری توشی یەك جۆر نەخۆشی لەش و نەخۆشی دەروونی نابن،

چونکە کرداری ئامێزەکانی لەش جیاوازییەکی گەورەیان هەیە لە نێوان مرۆڤی باڵا بەرز و ناوشان پان و نێوان مرۆڤی کورتە باڵا و ناوشان پان، بەڵام مرۆڤە باڵا بەرزەکان ئەگەر لاواز بن، یان وەرزشکار زیاتر ئامادەن بۆ توش بوونی نەخۆشی سیل و نەخۆشی زوو شێت بوون (جنون مبکر) بەڵام کورتە باڵاکان زیاتر توشی نەخۆشی ڤ و شەکرە و رۆماتیزم ئەبن. لە بەر ئەوە پزیشکەکانی پێشوو لە کاتی پشکنینی نەخوشاگرنگییکی زۆریان ئەدا بە لێکولینەوەی تەبیعەت و رەمەك و رەوشتی ئەو نەخۆشە چونکە شێوەی دەموچاو و رووالّەتی هەموکەسێ تۆمارێکی کراوەیە بۆ زانینی هەمو شتێ لە بارەی لەش و روح و هەست و رەوشتی خاوەنەکەی.

باسی سێهەم

ئەو پێستەی دەرەوەی لەشی مرۆڤ داپۆشیوە، روو پۆشێکی ئەوتۆیە هیچ مادەیێکی نامۆ توانای چونە ژووەروەی نیە، لەش ئەپارێزێ و هیچ جۆرە گازێ توانای کوون کردنی ئەم رووپۆشەی نیە بۆ ناو لەش، بە یارمەتی لووە وردەکانی روی پێست -غدد- ئەو میکرۆباتەی لەسەر رووی پێست کۆ ئەبنەوە لە ناو ئەبرێن، لە گەڵ ئەوەشا هەندێ زیندەوەری مەترسیداری وەك ڤایرۆس ئەتوانن لە پێست تێپەڕ بن و بچنە ناو لەشەوە، رووی دەرەوەی پێست هەمیشە بەرەو روی جۆرەها روناکی، هەوا، شێ، وشکی، گەرمی و ساردی ئەبێتەوە، دێری ناوەوەی پێست نوقمە لە ناو دەریایێکی خوێنی گەرما و روناکی نابێ، لە ناو ئەو دەریایەدا بە ملیار خانەی جۆراوجۆر و ئامێری سەرسوورێنەر، هەمیشە و بەێ وەستان لە خزمەتی ئەو ئادەمیزادەدان، هەروەکو دەریایێکی پڕ لە زیندەوەر، بۆیە ئادەمیزاد ناو ئەبرێت بە جیهانێکی گەورە.پێستی ئادەمیزاد لە گەڵ ئەوەی رووکەشێکی تەنك و ناسکە بەڵام زۆر بە تواناوە پارێزگاری شلەی ئۆرگانی (السائل العضوی) ئەکات لە جۆرەها هێرش و تێشکی گەردوێ،کە بەرەنگاری بونەوەری سەر زەوی ئەبێتەوە.پێست هەمیشە بە هۆی رژانی چەوری و تەڕی بە هۆی کونەکانی پێستەوە تەڕو نەرمە، وەکو لاستیك بە هەمو لایێکا ئەکشێت، توانای بەرگری زۆرە، ئەم توانایە بەهۆی:

یەك-گرنگی شێوەی دروست بونەکەی، خوای مەزن بەباشترین شێوە دروستی کردووە.

دوو - لەسەر توێژە کون کونە زۆرە وردەکانی پێست، لە سەرخۆو بە هێواشی خانە دروست ئەێ و زیاد ئەبن، هەمو پێکەوە لە شێوەیێکی یەك گرتنا ئەمێننەوە، بەرە بەرە خانە بە کارهاتوەکان ئەمرن و خێزا لە شوێنی ئەوان خانەی تازە پێکدێت و بە هۆی با و هەوا وئاوەوە، خانە مردوەکان لە روی پێست ئەبنەوە و روکەشێکی تازە پێکدێت.

پێستی دەرەوەی لەش لە هەندێ شوێنا بە هۆی پەردە لینجەوە (الغشا المخاطی) دوای دێت، کە بریتیە لە پێستی ناوەوە لە گەڵ پێستی بەشی دەرەوەدا پەیوەست ئەبێ، ئەم شوێنانە بریتین لە چاو، لووت، دەم، گوێ، کۆم، ئامێری میزکردن، لەمانە هەندێکیان بە هۆی ئامێرێکی بازنەیی

نەرمی لاستیکی و بە هۆی شل کردن وگرژکردنی ماسولکەکانیەوە ئەکرێتەوە ودائەخرێت، ئەم دەرگایانە وەکو شورەیێکی پتەو وایە بۆ ناو جیهانێکی داخراو. لە سەر هەمو رووی پێستی دەرەوەی لەش ملیۆنەها لووی بە چاو نەبینراو هەیە و لە ناو هەر یەکێ لەو لووانەدا چەندین نامێزی رادار و وەرگر (استقبال) و جۆری ترهەیە بۆ وەرگرتنی پەیوەندیەکان و رووداوەکانی دەرەوە کە دێنە سەر پێستی لەش، وەکو گەرمی، ساردی، ئازار و ئەوانەی تر کە لە سەرهەر شوێنێکی لەشا رو بدات، یەکسەر تۆمارئەکرێ و ئەنێردرێ بۆ شوێنی تایبەتی و هەر یەکە بە گوێرەی تایبەتمەندی خۆی، ئەگاتە نامێزی ئەو جۆرە پێشوازیە و بەشی تۆمارگای ئەو بەشە لە مێشکا، هەڵئەسێ بە جێ بەجێ کردنی. هەروەها بە هۆی خانە کانی پەردە لینجەی ناوەوەم، بە جۆرێکی تایبەتی هەست بەتامی خواردن و گەرمی و ساردی ئەکەین.



A Right external ear
1 Helix
2 Auricular tubercle
3 Scaphoid fossa
4 Upper crus of antihelix
5 Triangular fossa
6 Lower crus of antihelix
7 Upper part of concha
8 Crus of helix
9 Lower part of concha
10 External acoustic meatus
11 Superficial temporal vessels and auriculotemporal nerve
12 Tragus
13 Intertragic notch
14 Antitragus
15 Lobule
16 Transverse process of atlas
17 Mastoid process
18 Antihelix

لەرەلەری هەوا بۆ ناوگوێ بە هۆی پەردەی تەپڵی گوی و ئێسکی ناوەندی گوێ کار ئەکاتە سەر ئەو نامێزە ئالۆزاوەی ناوگوێ، لەوێوە بۆ بەشی تایبەتی لە مێشکا، بەو جۆرە

کرداری بیستن پێکدێت. بەهۆی تۆڕی دەمارە وردەکانی ناو لووت بە ئاسانی هەست بەجۆرەها بۆن ئەکەین، بەڵام دیاردەی سەر سووڕێنەر ئەوەیە، نوتفەی ناو سکی دایك ئەبێ بەبەشێك لە ئەقڵی دایك و هەست بە هەمو هەستەکانی دایکی ئەکات. چاو: هەروەها دەمارەکانی چاو لەگەڵ تۆڕی چاو، جۆرەها هەست بەرەو روی پێست ڕەوانە ئەکەن، بەشێ لە پێستی چاو، تۆڕە بچکۆلەی چاو دائەپۆشێ، گۆڕانکارییکی زۆر سەیری بە سەرا دێت، کە لە کاتی دێتنا ئەو پارچە پێستە وەك شوشە ڕوون ئەبێتەوە، هەروەها ڕەقینە (قرنية) [14] و زەڕەبینی چاو کە روناکن، لەگەڵ چنراوە و شلەی تر تێکەڵ ئەبن، بۆ دابین کردنی ئەوکرداڕە مەزنە کە دێتنە، پیی ئەڵێن چاو، بەم شێوەیە ئەم ئامێزانە توانای ئەوە ئەڕەخسێنن بۆ ئەقڵ شەپۆلی کارومۆگناتیسی نێوان سوورو بنەوشەیی تۆمارکات و بە هۆی مەلایین دەماری موینی ئەو ئەندامانەوەکە پەیوەستن بە ئامێڕی درکاوی و مێشکەوەو وەکو تۆڕ هەمو لەشی داپۆشیوە، ئەو شتانە بەبێ کات تۆمار ئەکرێ، هەمیشە پەیوەندن بە جیهانی دەڕەوەی لەش، بەو شێوە سەرسووڕێنە بینین ڕوو ئەدات، بەمەرجێ ئەگەر هەست و بینینەکە ئاسایی بێ و ئامێزەکانی کەم و کورتییان تێدا نەبێ، چونکە هەستی دێتنی ئادەمیزاد لەم جیهانەی تێیدا ئەژین، ئەکەوێتە سەر پێکهاتەی ئامێزەکانی هەست و پلەی ڕاستی ئەستەکان، ئەگەر لە سەر بەرنامەی ئاسایی کارەکانیان بڕوات، ئەوا دێتن ئاسایی ئەبێت، ئەگینا جیاوازی دروست ئەبێت. یەکێ لە نمونەکان بۆدێتنی نائاسایی:- کە تۆڕی چاو شەپۆلی درێژی تیشکی زێڕ سووری وەرگرت سروشت هەڵوێستێکی پێچەوانە بەرانبەر دێتنی ئاسایی وەرئەگرێ و جیاوازی وگۆڕانکاری لە ڕەنگی ئاو و دار و بەردا ڕوو ئەدات بە پێچەوانەی شێوەو ڕەنگی ئاسایی وەرزەکەوە، هەروەها ڕوودانی گۆڕانگارییکی سەیر لە کاتی وەرزەکانا، بە تایبەتی لە پلەی گەرمای بەرزا ، بۆنمونە: لە ڕۆژەکانی مانگی تەموزا زەوی ئەبێ شێوەی تایبەتی خۆی وەرگرێ، بەڵام لەم دۆخە نائاساییەدا دێمەن هەموی لە پشت هەڵمێکی سوورەوە وون ئەبێ و تیشکی گەرمایی بە ئاشکرا هەمو شتێ دائەپۆشی .

لەزستانا، کەشی سەر زەوی ڕەنگ و شێوەی ڕووبی وەك ئاو وەرئەگرێ، سنوری هەمو شتێ بە ئاشکرا ئەبینرێت و شێوەی ئادەمیزاد جیاوازییکی سەیر پەیدا ئەکات وەکو ئەوەی دەم و چاوی بە چینێ هەڵمی خەستی سوور دائەپۆشرێ لە دەم و لوتیەوە دێتە دەڕەوە. ئەگەر مرۆڤ لەوکاتەدا وەرزشێکی قورس ئەنجام بدات، قەبارەی مرۆڤەکە لە بەر چاوگەورە ئەبێت، ئەویش بە هۆی ئەو گەرمایەی لە پێست دێتە دەڕەوەو یەکسەر ئەبێ بە تۆزێکی گازی خەست.

[14]- قرنية – ئەو ئامێزەیە کە بەشە روناکیەکەی چاوی تێدایە

ئەگەر هەستی تۆڕی چاو بە .کاریگەری تیشکی سەرووی بنەوشەیی (فوق بنفسجی) [15] زیاتر بوو، جیهانی گەردوونی بە گوێرەی دیتنی ئەو چاوە شێوەیێکی جیاواز وەرئەگرێ، هەر بەو جۆرە پێستیش ئەگەر تیشکی روناکی بەرکەوت، یان ئەندامەکانی لەش هەموی جموجۆڵی تێدا کرا گۆڕانکاری تێدا روو ئەدات.



[15] • تیشکی سەروی بنەوشەیی- ئەو تیشکەیە درێژتری شەپۆلەکەی کورت تر لە درێژی شەپۆلی تیشکی ئاسایی.

ئێمە باسی ئەو شتانە ناکەین کاریگەری ناکاتە سەر بنجی دەرمارەکانی سەر پێست، هەروەها تیشکی گەردوونی[16] لە گەڵ ئەوەی ئێمە نای بینین، بەڵام هەمیشە ئەو تیشکانە لەشمان ئەبڕێت، ئاشکرایە ئەو شتەی بیەوەێ بگاتە ناو مێشك، ئەێ پێشەکی بچێتە ناو ئەندامی هەستی سەر بەو مەبەستە، واتە کاریگەری بکاتە سەر چینی دەمارەکانی پێستی سەر لەش، تەنیا هۆکاری ئەندیشە و وتوو وێژی ڤێنی و روحی ئەوکەسە لەو یاسایە بەدەرە. بەڵام لە بارو دۆخی دیتنی چاوی موقناتیسی مەبەستەکە یەکسەر پەیوەست ئەێ بە کارەکەوە، بە ێ یارمەتی ئامێر و دەمارەکان، ئەگەرچی ئەم دیاردەیە چارێ هێشتا پەرەی نەسەندووە.

یاسای گشتی بریتیە لەوەی هەمو هەستەکان دەروازەیێکی هاتنە ژورەوەی جیهانی سروشتن بۆ ناو لەشمان. ئەێ بزانین روالەت و رەوشتی کەسەکە، هەندێکی ئەکەوێتە سەر رەوشتی ئەو کەسە، چونکە ئەڵ پێکدێ لەو نامە شەپۆلاویە لە بن نەهاتووانەی لە جیهانی دەرەوە ئاراستەی مێشك ئەکرێ و پێکدێ و دروست ئەبێت و شێوەیێکی سروشتی تایبەتی لەسەر هەمو خانەیێکی پێست دەست نیشان ئەکات، کە وا بوو ئێمە تا ئێستە زانیارێکی ئەوتۆمان نیە لە سەر ئەو کاریگەریە مەترسیدارەی تیشکی رۆژ ئەیکاتە سەر لەشمان، ئەگەر بەێ ئامۆژگاری پزیشکی و بۆ خۆشە کردنی پێستی لەشمان خۆمان بدەینە بەر تیشکی بە هێزی رۆژ، یان بە ێ ئاگاداری بەرپرسان هەر بۆ هەمان مەبەس، تیشکی بنەوشەیی (اشعة فوق بنفسجی) بە کار بێنین بێشك توشی زیان ئەبین، چونکە پێستی لەش و بە شەکانی پاسەوانێکی بە توانا و گرنگن بۆ پارێزگاری خوێن و ئەندامەکانی لەش، وە تەنیا ریگا ئەدا بە شتی دیارێکراوی پێویست بۆ چونە ژوورەوە.

پێست هەمیشە دەرگایێکی کراوەیە، بە مەرجێ بە باشی بپارێزرێ، و رێگایە بۆگەیشتن بە کۆئەندامی دەماری سەرەکی،(الجهازالعصبی الرئیسی) بەشێکی گرنگە بۆ ژیانی ئادەمیزاد.

سنووری ناوەوەی لەش، لە دەم و لوتەوە دەست پێ ئەکا و لە بەشی کۆما دوایی دێت، لەو شوێنانەوە جیهانی دەرەوە دێتە ناو ئامێری هەرس (هضم) و ئامێری هەناسەوە.

---

[16]- تیشکی گەردونی – ئەم تیشکە لە بۆشاییکی زۆر دورەوە دێت و خێزاییکەی زۆرە و تا ئێستە نەزانراوە

ئامێری پەردەلینجی (غشا المخاطی) هەناسە و ئامێری پەردە لینجی ڕێخۆڵەکان، ڕێگای چونە ژورەوە بەو شتانە ئەدەن و خۆیان بەرپرسن لە بەردەوامی کرداری کیمیاوی لە نێوان هەمو پێکهاتەی لەش و شتەکانی جیهانی دەرەوە.

ڕووی بەرگی ناوەوەی لەش پانتر و فراوانترە لەرووی دەرەوەی پێست، ناوچەی هەوای سیەکان کە بەخانەی پان (خلایا المسطحة) داپۆشراوە، زۆر پان و فراوانە، ئەگەر لێك جیا بکرێتەوە و ڕابخرێت، بەرینیەکەی ئەگاتە پینج سەد مەتری چوارگۆشە، ئەو ئۆکسجینەی بە هۆی هەناسەوە لە هەوا وەر ئەگیرێ، لەگەڵ گازی کبریتیدی کاربۆن کە لە دەماری خوینیی سیەکانەوە پەیا ئەبن، لە دوای کرداری کیمیاوی و گۆڕانکاری، بە ناو پەردەیێکی ناسکا(غشا الرقیق) تێپەر ئەبێ، ئەم پەردە تەنك و ناسکە، بە ئاسانی گازی ژەهراوی کاری تێ ئەکات، بە تایبەتی بەکتریا و میکروبەکانی (بنۆمۆکۆکی).

مرۆڤ کە هەناسەی وەرگرت، ئەو هەوایە بە ڕێگای لوت و قورگ و بۆری هەوادا تێ ئەپەڕێ، بە هۆی خانە و لووی تایبەتیەوە تەڕ وگەرم ئەکرێ و لەتەپ و تۆز و میکرۆب پاك ئەکرێتەوە و بە پوختە کراوی ئەچێتە ناو سیەکانەوە بۆکرداری گۆڕانکاری کیمیاوی، بەڵام ئەم پاك سازیە سروشتیە بۆ پاك کردنەوەی هەوای دەرەوەی ناو شارەکان، زۆرکەمە، چونکە هەواکەی بە هۆی گازی فابریقەکان وکاربۆنی خەڵوز و تەپ و تۆز و دوکەڵی بەنزین و ئەو بەکتریایەی لەزۆربی دانیشتوان دروست ئەبێ لە ناو ئەندامی لەشا پاك نابێتەوە، چونکە پەردەلینجی ئامێری هەناسە لە پێست زۆر ناسکترە، بێجگە لەوە هێزێکی وای نیە بەرهەڵستی ئەو هەموو گازانە بکات، ئەگەر لە داهاتودا جەنگی جیهانی ڕوو بدات، بێشك هەر ئەو جۆرە چەکە بەکۆمەڵ کوژانە بە کاردێنرێن.خواردەمەنی لە ناو دەمەوە بەرەو خوار ئەبێتەوە تا ئەگاتە ڕێخۆڵە ئەستورە، ئامێری فرێدان، لە بواری دوایی اتنی کرداری هەرسی خواردن. پێشەکی خواردن کە هاتە ناوگەدەوە، پەردەی هەرس بریاری چۆنیەتی پەیوەندی کیمیاوی ئەدات لە نێوان جیهانی دەرەوە و جیهانی ناوەوەدا بۆ دابین کردنی کاری چنراوەکان وشلەی ئۆرگانی(السائل العضوی) لە گەڵ ئەوەی کارەکەیان زۆر لە کاری ئەندامەکانی هەناسە زۆر تر

و ئاڵۆزترە و بریتیە لە گۆڕانکارییەکی گرنگ و گەورە لەو خواردەمەنیە جۆراوجۆرانەی ئەگەنە بەر دەستیان،

چونکە ئەم ئامێرانە تەنها پاڵێوەرنین بەڵکو بریتین لە تاقیگەیێکی کیمیاوی، کاتێ خواردنەکە لەگەدەدا هەندێ هەرس کرا، ئینجا مادەیێکی ترشەڵۆك کە هەندی لوو دەری ئەدا و لە گەڵ مادەی پانکریاس ئەڕژێن بە سەر خواردنەکەدا و ئەتوێتەوە و ئەچێتە شێوەی شلەیێکی شیاو بۆ مژین بە هۆی خانە و لووی ڕێخۆڵەکانەوە، دوای پشکنین و قەلاچۆکردنی مێکرۆب و باکتریا و مادەی نامۆ لە لایەن هێزی بەرگریەوە و دوای پاك بوونەوە، ڕێگای تێپەڕ بوونی ئەدرێتێ بۆ بەردەم ئامێرە مژینەکان.

هەروەکو ئاماژەمان پێ کرد، دەم ڕێگایێکی کراوەیە بۆ چونە ژورەوەی ژمارەیێکی زۆر لە میکرۆب و قایرۆس و شتی نامۆی دژ بە ئادەمی، ئەم ژمارە زۆرە بەکتریا مەترسیدارانە، هەمیشە بە هۆی پەردەلینجەی ڕێخۆڵە باریکەوە پاکسازی ئەکرێن، هەروەها خڕۆکە سپیەکانیش هەمیشە بەرگری لە باکتریا ئەکەن و لەش ئەپارێزن، لە گەڵ ئەوەشا هەمیشە

مەترسیدارن، چونکە لە زۆر هەلا ڤایرۆس لە ناو قورگا نەشونما ئەکات، میکرۆبی تەسبیحی و میکرۆبی هێشووپی و میکرۆبی وەناق (دفتریا) لە ئالو دا پەرە ئەسێنێ، میکرۆبی گرانەتا و زەحیری (دۆسنطاریا) بە ئاسانی لە ناو ریخۆلەکانا بلاو ئەبێتەوە و زیاد ئەکات.

تەندروستی و ساغی پەردەلینجەی ئامێزی هەناسە و ئامێزی هەرس توانایێکی بەرزیان هەیە بۆ بەربەرەکانی نەخۆشیە تەشەنەکارەکان(ساری) و پاراستنی هێز و هاوسەنگی چالاکی و ئەقڵ و هۆشی ئادەمیزاد.

بەم جۆرە لەشمان بریتیە لە جیهانێکی داخراو، سنووری بەشی دەرەوەی بریتیە لە پێست و بەشی ناوەوەی لە پەردەلینجە، ئەگەر ئەم پەردەلینجە لە شوێنێکەوە لاواز بوو، ژیانی ئەوکەسە ئەکەوێتە مەترسیەوە، واتە تەنها سوتانێکی بچوکی روی پێست، ئەگەر تەشەنە بکات و بە رووی پێستا بلاو بێتەوە، زۆر جار ئەبێتە هۆی مردن.

ئەم پەردەیە هۆیە بۆ جیاکردنەوەی لەشمان وپێکهاتەکەی لە کاریگەریەکانی گەردوون، لە گەڵ ئەوەشا گرنگترین رێگایە بۆ پەیوەندی کاری مادی و کاری کیمیاوی لە نێوان ئەم دوو جیهانەدا.

ئەوە سەر سوورێنەرە،جیهانی لەش داخراو و لە هەمان کاتیشا کراوەیە، کراوەیە لە بەردەم کاریگەریە دەرونیەکانیا، چونکە دوور نیە توشی بریندار بێت یا بە دەستی ئەو دوژمنە فێلبازانە بکوژرێ، لەگەڵ ئەوەی ئەوانە شارەزای بەرەکانی لەشمان نین، بەڵام هێرش ئەکەنە سەرهەست و دەرونمان و بریتیە لە جەنگی دەروێ، وەکو چون فرۆکەی دوژمن بۆردومانی شارێك بکات، بێ ئەوەی گوێ بداتە قایمکاری بەرەی ئەو شارە، چونکە مەبەس لەم کارە ترساندن و لاواز کردن و چەواشە کردنە.

باسی چوارەم

بەشی ناوەوەی لەشمان بە هیچ جۆرێ وەك ئەوە نیە زانیاری نەشتەرگەری کلاسیکی باسی ئەکات، ئەم زانیاریە لە خۆیەوە لیستەیێکی لە بارەی زیندەوەرەوە داناوە بریتیە لە نەخشەیێکی وەك ریزکردنی خشت و هیچی تر، زۆر دوورە لە راستی باسەکەوە، چونکە تەنیا هەر بە لەتکردنی ئادەمیزادێکی مردوو ناتوانین بزانین ئادەمیزاد چۆن دروست ئەبێ. ئیمە ئەتوانین سەیری هەیکەلێکی ئادەمی بکەین و لەو ماسولکانەی وورد بینەوە هەر یەکە ناوێکیان لێ ناوە بەڵام ئەگەر بە وردی لێی بکۆڵینەوە ئەبینین قەفەسەی سنگ پێکهاتوە لە چەندگرێ ئیسکێك و چەند پەراسوێك، دڵ و سییەکانیان گرتوتە ناو خۆیان، بەڵام جگەر و سپڵ و گورچیلە و گەدە و ریخۆڵەکان و هێلکە گونەکان بە هۆی پەردەیێکی لۆچاویەوە (بریتۆن) [17] لە روی ناوەوە پەیوەستە بە پێستی بۆشایی سێبەندەوە[18] لاکانی پێکهاتوە لە ماسولکەی سك و سەری ئەو حەوزە بریتیە لە پەردەی ناوپەنجك[19] (حجاب حاجز) بەڵام ئەو ئەندامانەی زۆر لە ئەندامەکانی تر ناسکترن و زۆر توشی زیان ئەبن، بریتین لە مێشك و مەغزی بڕبڕە(نخاع شوکی) ئەوانیش بە لوتفی خوای گەورە، مێشك لە ناو سنوقێکی قایمی گەورە دانراوە، مەغزەکەش لە ناو زنجیرە ئیسقانێکی زۆر قایما و بە زانیارانە ریزکراون. هەر یەکێ لەوگرێ ئیسقانانە و مەغزەکە، ریکخراوەیێکی گرنگ بە دەورياندا لە مادەیێکی شلی زۆر نەرم، لە شێوەی سەرینا، دروستکراوە بۆ پاریزگاری کردنیان لە زیانی ئیسقانە رەقەکانی دەوریان، کەس ناتوانێ بە هۆی دەراسە کردنی مردوو لە ژیانی زیندەوەر بگات، چونکە چنراوەی مرۆڤی مردوو خۆیێی تێدا ناگەڕێ و هیچ ئەندامێکی کار ناکات و هەر ئەندامێ لە لەشەکەی جیا بێتەوە

---

[17]- بریتۆن- بریتیە لەپەردەیێکی پیوی (چەوری) تەنکی لینجی شوشەیی، بۆشایی ئەندامەکانی ناو سکی داپۆشیوە.

[18]- حوض- سێ بەنگە، بریتیە لە شەش ئیسقان لەناوەراستی لەشا، سیانی ئەکەوێتە لای راست و سیانی ئەکەوێتە لای چەپ، لە شێوەی حەوزا تێك هەڵکێشراوون، کە میزڵڵان و هەندێ ئەندامی تری تێدایە.

[19]- حجاب حاجز- ناوپەنجك، ماسولکەیێکی ئەستوری پانی تەختە، کە بۆشایی سنگ لە شێوەی لە بۆشایی سك جیا ئەکاتەوە.

ئەمرێت، چونکە بەشەکانی لەش هەموی پڕە لە خۆێن بەناو دەمارە خۆێنبەرەکانا (شریان) هەمیشە لە گەڕاندایە و نەزم و ژیان دروست ئەکات و ئەڕژێتە ناو دەمارە وردەکانەوە و دەمارە موویینەکان پڕ ئەکات و ئەڕژێتە ناو هەمو چنراوە زینچکاوە

شوشەییەکانەوە کە لەمفاویە. بۆ ئەوەی زانیاری راستی وە دەس بێنین، لە بارەی پەیوەندی نێوان ئەم دووجیهانە و چونیەتی تێکەڵ بونیان بە یەك، پێویستە پەنا بەرینە بەر هونەری نەشتەرگەرێکی پێشکەوتوتر و قوڵ بوونەوە لە دەراسەی زانیاری میکرۆسکۆپێکی پێشکەوتووتری چنراوەکان، هەروەها پێویستە دەراسەی لەشی ئاژەڵی زیندو وئادەمیزادی زیندوو بکەین، وەکو لەکاتی نەشتەرگەریدا ئەکرێ، نەوەك دوای مردن و نەمانی ژیانیان، ئەێ دەراسەی پێك هاتەکەیان بە هۆی زەڕەبینی تایبەت بە چنراوەکان ئەنجام بدرێ، هەروەها بەکار هێنانی ئامڕازی ئۆتۆماتیکی (مثبتات)[20] وکەم و زیادی رەنگەکان (اصباغ) لەگەڵ دەراسە کردنی چنراوەی زیندووەکان لە کاتی کار کردنیانا بە هۆی شریتی تۆمار کراوی سینمایی کە هەمو جموجۆڵەکانی چنراوەکانی تێدا بێت، پێویستە وەکو زانیاری نەشتەرگەری نەکەین خانە لە ناوەندیار دابڕین یان کارکردن لە بناغە دانان جیا کەینەوە. خانەکانی ناولەش وەکو زیندەوەری بچوکی ئاوی، لە ناوەنەیارێکی پڕ لە هەوا و خواردەمەنیدا نوقمن، ئەو ناوەندیارە وەکو ئاوی دەریایە، بەڵام تێکەڵەکەی لە ئاوی دەریا کەم خوێ تر وخەست تر و جۆراو جۆرترە. هەروەها خڕۆکە سپیەکان و ئەو خانانەی دیواری دەمارە خۆێنینەکان (لیمفا) زینچکاوی خۆێن دائەپۆشن، وەکو ئەو ماسیانەن بە ئازادی لە قوڵایی زەریادا مەلە ئەکەن، یان لە سەرلمی بنی زەریاکە نیشتونەتەوە. هەمو خانە زیندووەکان بە جۆرێکی تایبەتی متمانەی تەواویان لە سەر ئەو ناوەندیارەیە تێیدا نوقمن و بێ ووچان تێکەڵەی ناوەندەیارەکە ئەگۆڕن وگۆڕدراوەکەش بێ ووچان هەر لە هەمان کاتا خانەکان ئەگۆڕێت. ئەمە ئەوە ئەگەیێنێ، خانە قەت لە ناوەندیار و پێك هاتەکەی جیا ناکرێتەوە، وەك چۆن لەش لە لبەکەی دانابڕدرێت. دروست بونیان وکارەکانیان متمانە ئەکاتە سەر باری مادی و سروشتی- کیمیاوی شلەکەی، شلەکەش بریتیە لە لیمفا زینچکاوی خۆێن و بریتیە لە شلەیێکی روون شوشەیی (السائل اللمفاوی الشفاف) زینچکاوە زەردەکە دروستی ئەکات، واتە ئەوانە یەك دروستکەری یەکن، ئەی ئەوە بزانین خانە و ناوەندیار (خلایا و محیط) واتە بناغە و کار، لێك جیا ناکرێنەوە، چونکە جیا کردنەوەی

[20]- مثبتات - ئامرازێکی ئۆتۆماتیکیە بۆ رێکخستنی گەرمی.

خانەکان لە شوێنەواری سروشتی خۆی، وەك هێنانە دەرەوەی ماسی وایە لەدەریا و قەلاچۆکردنی زیندەوەرەکان، لە گەڵ هەمو ئەم ئاگادارکردنەوەیشا، هەندێ پێویستی ناچازمان ئەکات، ئەوگشتە (کل) گەورەیە بکەین بەبەشی بچوك بچوك، واتە خانەکان و چنراوەکان لە لایێك و ناوەندیاری ئۆرگانیش لە لایێکی تر کە بریتین لە خوێن و تێکەڵەکان. خانەکانی پێکەوە کۆ ئەبنەوە و ئەچنە سەر یەك لە شێوەی کۆمەڵگایێکا و چنراوە و ئۆرگان پێکدێنن، بەراورد کردنی کۆمەڵگای ئەوان وکۆمەڵگای ئادەمیزاد وەکو رەشکە و پێشکەی بەرچاو وایە، چونکە تاکە خانەکان وەك ئادەمیزاد و زیندەوەرەکانی تر، نابڕێنەوە و دواییان نایێت، یاسای ئەم خانە یەك گرتوانە تەنها بریتیە لە رەوشتی سروشتی تاکە خانەکان.



بۆ دەراسە کردنی رەوشتی کۆمەڵەی هەر بونەوەرێکی زیندوو، مرۆڤ بە ئاسانی لە رەوشتی ئەو بوونەوەرانە ئەگات، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە، راستە فەسیۆلۆجیا زانیارییە و بە قسەی خۆی دەراسەی ئادەمیزادی کردووە، بەڵام کۆمەڵەی ئادەمیزاد بەو جۆرە نیە فەسیۆلۆجیا باسی ئەکات، بەڵکو بە پێچەوانەوەیە، دەراسەی کۆمەڵەی -خانە- زۆر پێشکەوتوترە، لە زانیاری پێکهاتە و ئۆرگانی تاکە خانەکان.

زانایانی نەشتەرگەری و فەسیۆلۆجیا دەمێك سالّە رەوشتی تایبەتی چنراوە و ئۆرگانی هەموکۆمەڵە خانەکان دەراسە ئەکەن، بەڵام تەنها لە شییکردنەوەی رەوشتی خودی خانە،کەمێ سەرکەوتنیان بە دەست هێناوە، لە گەڵ زانیاری لە بارەی ئەو تاك خانانەی یەکیەتی ئورگان دروست ئەکەن. هەروەهاش، توانیویانە لە ناو شوشەی تاقیگەدا دەراسەی خانەی زیندوو بکەن. بە هۆی بەکارهێنانی شێوەی تازە بۆچاندن چنراوە بە کاری دێنن، بێ ئەوەی بگەنە ئەوەی دەراسەی هەنگی ناو شانە بکەن. خانە بۆ هەموکەسێکی سەماند خوای گەورە چۆن بەخششێکی گرنگ و بە هێزی داونەتێ خاوەن چەندەها بەهرەوکار و رەوشتی سەیر و سەرسوورێنەرن، یەکێ لەو هەمو رەوشتە نایابانە زانیاری کەمێکی لێ ئەزانێ، ئەوەیە : کاتێ ئۆرگانێکی لەش تووشی کاریگەرێکی سروشتی - کیمیاوی ئەبێ، بۆ نمونە: وەکو بریندار بوون، خودکاری ئۆرگانی تایبەتی، زۆر بە تواناوە هێز ئەنێرێ بۆ چنراوەکان، بۆدروستکردنەوەی لەشێکی زیندوی تر، زۆرلەوەی پێشو باشترو سارێژترە. خانە بریتیە لە زیندەوەرێکی زۆر بچوك لە گەڵ ئەوەیشا خاوەن لەشێکی زۆرگرێدراو و بە هیچ جۆرێ لەو باس و تاریفە ناچێ زانا کیمیاویەکان بۆیان داناوە. خانە دڵۆپێکە لە هلام لە ناو تۆپکڵێکی زۆرناسکایە و بە ئاسانی کون ئەکرێ. بەڵام مادەکەی ناوی هێشتا نەدۆزراوەتەوە، کیمیاویەکان ناویان ناوە پرۆتۆپلازم - واتە یەکەم مادەی ژیان - کە نە لە لەشی خانەکە و نە لە ناو لبەکەیا شتی وا هەیە، بەڵکو پرۆتۆپلازم بریتیە لە بۆچونێکی زاناکان بە شێوەیێکی تیۆری (نظری) لە ووشەی (انترپۆپلازم)** وەریان گرتووە کە باسی پێکهاتەی ئادەمیزادی لێوە ئەکەن، بەڵام ئێستە لە تواندایە خانەکان لە سەر پەردەی سینما گەورە تر لە قەبارەی مرۆڤ، نیشان بدەن، هەمو

پێکهاتەکانی لەشی خانەکە و جمو جۆڵەکانی نیشان ئەدات، ئەوەی تا ئێستە لایان روون بوەتەوە ئەمانەن:

لە ناوەڕاستی لەشی خانەکەدا هەندێ کرۆك هەیە لە شێوەی میزڵانێکی نەرم و ناوەکەی پڕە لە (هلام) لە دۆخێکی روون و بێ جوولە، وە لە ناویا دوو(نوية) [21] ئەبینرێت بە هێواشی و بە بێ وەستان هەمیشە شێوەی خۆیان ئەگۆڕن، جموجۆڵێکی گەورە لە لایەن گەردیلەی بچوکەوە لە ئارادایە، بەڵام جموجۆڵەکە زیاتر شێوەیێکی چالاکی بە دەوری کیسەیێکی هێشووییدا نیشان ئەدا، بە ئۆرگانێکەوە پەیوەستە، زانایانی یەکالا کردنەوە پێی ئەڵێن ئامێزی (جۆلجی یان رینوە) [22] ئامادە کردنی خواردنی خانە ئەنجام ئەدات، هەروەها هەندێ زیپکۆکەی بچوك زۆر کەم ئەبینرێن، هەمیشە لە هەمان ناوچەدا کێڕاو دروست ئەکەن، هەروەها هەندێ خرۆکەی گەورەتر، بە شێوەیێکی پێچاوپێچ بە ناوخانەکەدا تێپەڕ ئەبن تا ئەگەنە سەرەتای هەندێ لە باڵی بزێو وشێوە قورمیش کراو، بەڵام ئەو ئۆرگانانەی زیاتر سەرنج راکێشن، بریتین لە جۆرە دەمارێکی موویینی باریك و درێژ، لە گەڵ خرۆکە و پرۆتۆپلازمی وورد لە شێوەی مار و بەکرێیای ناو هەندێ خانە.

کیسە و زیپکۆکە وەماری موویین، بە سەما کردنێکی وەکو شەپۆل ئەخزێنە ناو مەودای بۆشایی لەشی خانەکەوە. ئەم هەمو کارە ئاڵۆزاو و سەیرە بۆ بنیاد نانی خانەی زیندوو، جێی ئەو پەڕی سەر سوورمانە لە گەڵ ئەوەشا پێکهاتەی کیمیاویەکانی خانە تا ئێستەش بە ئاڵۆزاوی ماوەتەوە، بۆ نمونە: ئەگەر لە خانەدا واز لە بەشی (النوية) بێنین، ئەبینین ناوکەکان – نواة – بۆش دێنە پێش چاو.. بە راستی خانە، خاوەن ڕەوشتێکی زۆر سەیرە. بێشك ئەو ئاسایە و ئاسانکاریەی کیمیاویەکان دەراسەی پێکهاتەی خانە (خلية) ی پێ ئەکەن و بە (نۆکلۆپرۆتین)ی[23] دائەنێن لە ئەند ێشە و هەڵە بەو لاوە هیچی تر نیە، چونکە ناوك بریتیە لە

21- نوية – نیۆکلیۆن ، یەکێکە لەو بەشە بنچینەیانەی کە ناوکی ئەتۆم پێکدێنێ، وەکو پرۆتۆن ، نیۆترۆن،

22- جۆلجی–رینوە، کۆمەڵە پەردەیێکە لەسایتۆپلازما لەشێوەی بۆریدا، یارمەتی دەردان ئەدا

23- نۆکلۆپرۆتین - جۆر پرۆتینێکە لە لەشا.

(جنیس المورثات) واتە رەسەنایەتی رەگەز، بونەوەرێکە تا ئێستە بە تەواوی هیچ شتێ لە بارەیەوە نەزانراوە، تەنها ئەوەندە نەبێ: کیمیاویەکان ئەڵێن :" بریتیە لە هۆزێکی رەسەن ئادەمیزاد، لە گەڵ باسێکی دوور و درێژی لاواز و دوور لە بەڵگەی زانیاری راستیەکەی، وەکو من کەمێ لە راستیەکەی بگەم پێکهاتەی کیمیاوی ناوك پێشەکی پێویستە بە ئاسان دانەنرێ بەڵکو بە چاوێکی زۆر ئاڵۆز سەیر بکرێت، چونکە هۆکاری رەسەن نادیارە، لە گەڵ ئەوەشا ئێمە ئەزانین رەسەن سەر بە کرۆمۆسۆماتە، بریتیە لە شێوە لاکێشیەکان، لە وەختێکا خەریکە بەش بەش بێت، بە ئاشکرا لە ناو شلە روناکەکەی ناوکەکە دا ئەبینرێت، ئێستە و لەم کاتەدا کرۆمۆسۆماتەکان، هەندێ جار لە دوو کۆمەڵا بە دێ ئەکرێن و هەندێ جاریش وون ئەبن. ئەم دووکۆمەڵە ئەکەونە جموجۆڵ و دوور کەوتنەوە لە یەکتر، هەر لە هەمان تاوا (لحظة) خانەکە زۆر بە هێز ئەلەریتەوە و ناوەرۆکەکەی ناوی بە هەمو لایێکا فرێ ئەدات و ئەبێ بە دوو بەشەوە، ئەم بەشانە بریتین لە بەچکە بۆ پێکهاتنی خانەی تازە، ئەمانیش لە یەکتری جیا ئەبنەوە و لە هەمان تاویشا هەر هەموی بە هۆی دەماری مویینی باریکی لاستیکیەوە پێکەوە پەیوەستن، دوای کەمێ دێتەوە ناوکاروباری لەشەوە، بەم شێوە لەش توخمێکی تازەی تری دەس ئەکەوێ، بەڵام باسەکە ئاوا ئاسان نیە، چونکە خانە وەکو ئاژەڵ وایە بریتیە لە چەند رەگەزێکی تایبەتی، ئەم رەگەزە جۆراوجۆرانە هەر یەکەی خاوەن رەوشتێکی تایبەتین، چونکە هەر جۆرە لەکێلگەیی، واتە لە لووێکی جیاواز پەیدا بوە، وەکو- ئایارۆید- سپڵ- پێست- جگەر هەتەد.. بەڵام ئەوەی سەرسوڕێنەرە، ئەوەیە ئەو خانانەی لە ناوچەیێکی دیاریکراوا لە دایك ئەبن، وە لە تاوێکی زۆرکەما، یەك لە دوای یەك و هەر پۆلە شێوەیێکی جیاوازی لێ پەیدا ئەبێ وخزمەتی لووێکی دیاریکراوئەکەن. چونکە لەشی ئادەمیزاد لە گەڵ کات و(وقت) لە گەڵ فراوانیا (اتساع)ناگونجێت.

ئەو جۆرە خانانەی بناغەی لەشی ئادەمیزاد دائەنێن دوو بەشن:

یەك- خانەی نەگۆڕ(ثابت) ئەم جۆرە خانانە کۆمەڵەکانی چنراوە و ئۆرگان پێك دێنن.

دوو- خانەی گەڕۆك (متحرك) ئەم خانانە بە هەموو لەشا ئەگەڕێن.

خانە پەیوەستیە (رابطة) جۆراوجۆرەکان لە گەڵ خانە ئەپسیلیەکان سەر بە خانە نەگۆڕەکانن.



خانەی ئەبسیلی لە هەمو خانەکان پەسند ترن، چونکە مێشك و پێست و لووی ئەندوکرین.. هتد دروست ئەکەن، خانە پەیوەستیەکان دامەزرێنەری چوارچێوەی لەشن، لە هەمو شوێنێکی لەشا هەن و زۆر بەشی گرنگیان لە خۆ گرتووە، وەکو کڕکراگە – ماسولکە – بۆریە خوێنەکان – ئەو ریشاڵە نەرمانەی هێز و نەرمی ئەدەن بە قەوارەی لەش و ماسولکەکان و بۆریە خوێنەکان، گرنگترین خزمەت پێشکەش بە ئادەمیزاد ئەکەن، بێجگە لەوە، ئەو خانانە بە دریژایی تەمەن ئەو کەسە و بە گوێرەی پێویست، هەڵئەسن بە کاری گۆڕانکاری سروشتی لە

توخمە گیرەکانا (عناصرقابضة) بۆ تازە کردنەوەی هێز و تواناکانی کرداری ماسولکەکەن دڵ و ئامێری هەرس و ئامێزە جوڵێنەرەکان و خۆکارەکان. لە گەڵ ئەوەی خانەکانی پەیوەستی و ئەپسیلی، لەم دواییانەدا دەرکەوت ئەجوڵین، زاناکان تا ئێستەش هەر بە نەجوڵیان داناون. لەم دواییانەدا راستیەکەی لە سەر پەردەی سینما دەرکەوت و سەلماندیان خانە ئەبسیلیەکان[24] و پەیوەندی دارەکان گەرۆکن، بەڵام گەرانێکی سست و هێواش کە بریتیە لە جۆرە خزانێك لە ناوەندیارەکەی خۆیا وەکو بڵاو بونەوەی زەیت بە سەر ئاودا، لە کاتی رۆیشتنەکەیا نێوکلیۆنەکانی (النوية) خۆی کە لە ناو شلەی لەشێا بڵاوە لە گەڵ خۆی ئەیهێنێت، ئەم خانانە جیاوازێکی زۆری هەیە لە گەڵ خانە گەورەکانا، چونکە ئەمانە تێکەڵن لە گەڵ کۆمەڵێکی یەکجار زۆر خرۆکەی سپی و چنراوەیێکی زۆرچالاك و خێزان، خرۆکە سپیەکان هەڵگری نێوکلیۆنێکی زۆرن، لە سەر یاسای متمور و امبیب[25] زیاد ئەکەن و پەرە ئەسێنن. سیکڵدانە لەمفاویەکان (الحويصلات اللمفاوية) زۆر بە هێواشی ئەخزێن و ئە رۆن، بەڵام گەورەکان کە تاك سیکڵدانەن، وەکو ئەختەبوت ئەبینرێن، ئەمانە دەزوێکی زۆر درێژ لە مادەی لەشی خۆیان دەرئەکەن و پەردەیێکی تەنکی شەپۆلاوی بە دەوری خۆیانا دروست ئەکەن هەمیشە لە شەپۆلایە، بە هۆی ئەوانەوە خانە مردووەکانی لەش و ئەو میکروباتانەی دێنە ناو لەش، ئەیانخاتە ناو لۆچەکانی پەردەکەوە و ئەیانکوژن.

کاتێ مرۆڤ ئەم هەمو خانە جۆراوجۆرە گرنگانە ئەبینێت، لە ناوشوشەی تاقیگاکانا و ئاگاداری رەوشت و کاریان ئەبێ، سەری سوڕ ئەمێنێ، هەروەها لە بارەی میکرۆبە جۆراوجۆرەکانیشەوە کارەکانی ئەوانیش بە رووی دەرئەکەوێ، هەرجۆرێ لەوانە، رەوشتێکی سروشتی(فطری) تایبەتی هەیە ولێی جیا نابێتەوە، تەنانەت لەو پارچەیەشدا بۆ تاقیکردنەوە لە

---

[24]- خانەی ئەپسیلی - جۆرێکە لە خانە هەڵئەسن بە گۆڕانکاری سروشتی لە بارەی ئەژادەوە لەگەڵ چالاکی ژیانی خانەکانا.

[25]- متمۆر و ابتب – بریتین لە دوو زیندەوەر لە ناو یەك خانەدا، لە سەر یاسای لەت بوون زیاد ئەکەن.

لەشەکەی ئەکەنەوە، تا چەند ساڵێ هەر بەهەمان شێوە خانەکان شێوەی سروشتی خۆیان رائەگرن.

هەرجۆرە کۆمەڵە خانەیێك بە گوێرەی جوڵان، شێوە، پلەی گەشەکردن، ئامادەییان بۆ مادەی کیمیاوی، ئەو مادەی دەری ئەدات، جۆری خواردەمەنی، شێوەی کۆمەڵگا، جۆری پێکهاتەکەیان، جیا ئەکرێتەوە.

لەم دواییانەدا بەشێوەیێکی پێشکەوتوو دیراسەی خانەیان کردووە باسەکەیان خستوەتە شوێن و جێگای ئەو باسە کلاسیکیە هەڵەیەی لە کۆنا بۆیان دانرابوو.یاسای رێکخستنی هەمو کۆمەڵە خانەیێك، یان هەمو ئۆرگانێك لەم رەوشتە سروشتیەوە سەر چاوە ئەگرێت بۆ نمونە: ئەگەر خانەی چنراوەکان تەنها هەر رەوشتی هەبێ و هیچی تر، وەکو زانیاری یاسای رێکخستنی هەمو کۆمەڵە خانەیێك یان هەمو ئۆرگانێك لەم رەوشتە سروشتیەوە سەرچاوە اناتۆمی (تشریح) ئەڵێ بە هیچ جۆرێ ئەوخانە ناتوانێ تەنها هەر بە رەوشت بە بێ یارمەتی پێداویستیەکانی تری لەشی زیندوو دروست بکا. بێجگە لەو هەمو خزمەت و چالاکیە جۆراو جۆرانەی خانە پێشکەشی ئەکا بە لەش ، هێشتا خاوەنی زۆر هێزی شاراوەی تیە و هەڵیکرتووە بۆکاتی تایبەتی، بۆنمونە: کاتێ گۆڕانکارییکی نامۆی دژ، لە ناوەندیارەکەیا روو بدا، یان ئاسایی شپرزە بکات، هەروەها لە کاتی نەخۆشیدا، هەمو هێز و چالاکیەکانی ئەخاتە گەڕ بۆچارەسەرکردن.خانەکان لە شێوەی کۆمەڵێکی چڕو پڕا یەك ئەگرن، بە گوێرەی یاساییکی رێك و پێك چنراوە و ئۆرگانی پێویست پێك دێنن.

لەشی ئادەمیزاد، یەکیەتییکی پتەو و چالاکە و هاوسەنگی لەشی بە هۆی خوێن و ئەو دەمارانەوەیە، ئەگاتە ناو هەمو کۆمەڵە خانەکان، راست نیە ئەگەر بڵێین، چنراوە بێ ناوەندیارە، یان هەر بڕیشی لێ بکەینەوە، چونکە شلەی ناوەندیار و چنراوە یەك هێزن، واتە شلە بێ ناوەندیار و ناوەندیار بەبێ شلە نابێت. هەروەها شێوەی چالاکی ئۆرگانەکان، ئەکەوێتە سەر پتەوی پەیوەندی لە نێوان توخمە اناتۆمیەکان و ئەو بۆریە خوێنینانەی هەڵگری ناوەندیاری خواردن پێدانن (وسیط مغذی) هەر ئەو شێوەیە کەڵکێکی زۆر لە دەردراوەکانی لووە جۆراوجۆرەکان وەرئەگرێت. هەمو یاساییکی فراوانی (اتساعی) پێکهاتەکانی لەش، مل کەچی

ناوەندیاری خواردەمەنیەکەی خۆیەتی، هەروەها یاسای ئەندازیاری (نظام هندسی) هەمو ئۆرگانەکان داوای ئەوە ئەکات، پێویستە- خانە - هەر یەکە بە گوێرەی پێویستی خۆی لە ناو ئەو ناوەندیارەدا بژی کە پڕێ لە خواردەمەنی خۆی، و خاڵی نێ لە تڵپەی مادە نامۆکان.



باسی پێنجەم

ناوەندیاری ئۆرگان بەشێکە لەچنراوەکان، ئەگەر لامان برد، ژیانی تێدا نامێنێ. هەموو دیاردەیێك لە دیاردەکانی ژیانمان و ئۆرگانەکانمان لە گەڵ ناوەندی مێشك، بیرکردنەوە، خوشەویستی، خراپەکاری، ناشیرینی، ویستی دنیایی و زۆری تریش، هەمو ئەمانە متمانەی مانەوەیان لەسەر دۆخی سروشتی-کیمیاویێکەڵەکانمانە. ناوەندیاری ئۆرگان لەو خوێنە پێك دێت ئەڕژێتە ناو بۆریەکان و ناو ئەو زەردارەی لە دیواری دەمارە موویینەکانەوە ئەپاڵێورێتە ناو چنراوەکان. لێرەدا خوێن ناوەندیارێکی ئۆرگانی گشتیە، بەڵام ناوەندیاری ناوچە بریتیە لەو زەردارەی ئەچێتە ناو بۆشایی چنراوەی هەمو ئۆرگانەکانەوە، بۆنمونە: وا دانێین ئۆرگان بریتیە لە حەوزێکی ئاو، پڕە لە رووەکی ئاوی و قەوزە و تڵپە، بە هۆی جۆگەلەیێکی بچوکەوە ئاوی بۆدێ، ئاوەکەی لە زۆنگاوێکی وەستاو ئەچێت بە هۆی رووەکی مردوو و مادەی کیمیاوی ئاوەکە لێڵ و پیس و بە گوێرەی خۆی لە بەری نارِوات، ئاشکرایە مانەوەی حەوزەکە بەو جۆرە ئەکەوێتە سەر زۆری وخێرایی ئەو جۆگەلەی دێتە سەری، هاتنی زەردارویش بۆ ناو چنراوەکان لە هەمان شێوەدایە.

بە کورتی، پێکهاتەی ناوەندیاری ناوچەکە، جۆراوجۆر خانەی لەشی تێدایە، راستەو خۆ یا نا راستەوخۆ متمانە ئەکاتە سەر خوێن. خوێن شانەیەکە وەکو هەمو شانەکانی تری لەش، پێکهاتوە لە بیست و پێنج تا سیی هەزار ملیار خرۆکەی سوور و لە پەنجا ملیار خرۆکەی سپی، بەڵام ئەم خانانە لە سنووری چوارچێوەی خۆیانا وەکو خانەی چنراوەکانی تر جێگیر نین، بەڵکو لە ناو شلەیێکی لینجا (پلازما) بڵاون. خوێن شانەیەکی گەرۆکە و ئەگاتە هەمو بەشێکی لەش، خواردنی جۆراوجۆری خانەکان هەڵئەگرێ و هەر خانەیێك خواردنی تایبەتی خۆی ئەداتێ، لە هەمان کاتیشا هەڵئەسێت بە ئەنجام دانی کاری زیرابی گشتێ، ئەو تڵپە و زیادییەی چنراوە زیندووەکان جێی ئێڵن، فرێی ئەداتە دەرەوە، لەوە گرنگتر، خوێن هەڵگری مادەیێکی کیمیاوی و جۆرە خانەیێکی تایبەت بە چارەسەرییە، لە کاتی بریندار بوون یا نەخۆشی یا شتێکی

ناجۆر توشی یه‌کێ له ئۆرگانه‌کانی له‌ش بێت، ئه‌م تایبه‌تمه‌ندییه سه‌رسووڕێنه‌ره‌ی/ خۆێن ئه‌م کرداره گرنگ و سه‌یره ئه‌نجام ئه‌دا، وه‌کو ئه‌وه وایه کاتێ لافاوێکی زۆر و به گوڕ دێت و هه‌رچی زڕ و زبڵ و پیسیه، ڕای ئه‌مانێ و کۆمه‌ڵێکی زۆر له دار و په‌ردوو قوڕ، ئه‌هێنێ بۆ به‌ر ده‌می ماڵه‌کانی قه‌راخ ئاوه‌که، له زۆر وه‌ختا که‌ڵکی ێ وه‌ر ئه‌گرن بۆ چاك کردنه‌وه و دروستکردنه‌وه‌ی ئه‌و خانوانه‌ی لافاوه‌که ڕای ماڵیوه، به‌ڵام، پلازما به‌و جۆره‌ی کیمیاویه‌کان تێی گه‌یشتوون، وانیه، پلازما ئه‌وه‌نده چه‌وره له گه‌ڵ هیچ پالاوته‌یێکی کلاسیکی به‌راوه‌رد ناکرێ و بریتیه له شیکراوه (محلوڵ) ی تفتی ترشه‌ڵۆکه‌کان وجۆره‌ها خوێ و له‌و پرۆتینانه‌ی له یاسا کیمیاویه‌کانی زانا (ڤان سلایك و هه‌ندرسون) دا هاوکێشه‌کانیان سه‌ڵێندرا و به کۆێره‌ی ئه‌و پێکهاته تایبه‌تیه، پلازما هه‌میشه قڵیه‌تی ئه‌یۆنی خۆی ئه‌پارێزێ ێ ئه‌وه‌ی ئه‌و ترشه‌ڵۆکانه‌ی هه‌میشه چنراوه‌کان ده‌ری ئه‌ده‌ن،کاری تێ بکا، به‌م جۆره پلازمای خوێن ناوه‌ندیارێکی نه‌گۆڕی ئه‌وتۆ ئه‌دا به هه‌مو خانه‌کانی له‌ش، نه له ڕێژه‌ی ترشه‌ڵۆکا زیاد و نه له ڕێژه‌ی قڵیه‌تیدا که‌م ئه‌کات. بریتیه له پرۆتین و ترشه‌ڵۆکی ئه‌مینی[٢٦] شه‌کر و چه‌وری و ئه‌نزیم[٢٧] وکه‌مێ کانزا، له‌گه‌ڵ ئه‌و ده‌ر دراوانه‌ی لووه‌کان و چنراوه‌کان ده‌ری ئه‌ده‌ن. به‌ڵام زوربه‌ی ڕه‌وشت (صفات)ی ئه‌م مادانه وشێوه‌یان، تا ئێسته‌ش به‌ته‌واوی نازانرێت. چونکه ئێمه تا ئێسته‌ش ده‌ستمان نه‌کردووه به‌دیراسه‌ی تێگه‌یشتنی گرێ پڕچکه و ئاڵۆزاوه‌ی، ئه‌وکارانه‌ی پلازما ئه‌نجامی ئه‌دا. هه‌مو جۆره خانه‌یێك خوارده‌مه‌نی تایبه‌ت به ژیانی خۆی له پلازما وه‌رئه‌گرێ، له گه‌ڵ ئه‌و مادانه‌ی ئه‌بێته هۆی زیاد کردنی چالاکیه‌کانیان، یان به‌ربه‌ست کردنی هه‌ندێ چالاکی به گۆێره‌ی پێویست، هه‌روه‌ها له ناو پلازمادا تێکه‌ڵاوه‌یێکی ترهه‌یه به ناوی (مرکبات دنیه) له کاتی پێویستا ئه‌م ماده‌یه پەیوه‌ست ئه‌بێ به پرۆتینه‌کانی ناو پلازما و ئه‌بێته هۆی ڕاگرتنی ڕێژه‌ی زیادکردنی خانه، یان به ته‌واوی لابردنی ئه‌و زیادکردنه. له ناو پلازمادا هێزی به‌ربه‌ره‌کانی باکتریا هه‌یه، له کاتێکا ده‌ست به کار ئه‌بێ، که چنراوه هه‌ست به مه‌ترسی بکات و بیه‌وێ دژی هێرشی میکروبه‌کان بجه‌نگێت، بێجگه له‌وه له پلازمادا جۆری پرۆتین

---

[26]- ترشه‌ڵۆکی امینی – ره‌گی ئه‌مینۆی تفت و کاربۆکسیلی ترشی تێدایه.

[27]- انزیم - ئاوێته‌یێکی ئۆرگانیه یارمه‌تی خێرا کردنی گۆڕینی کیمیاگه‌ری ئه‌دات له ناو له‌شا وه‌کو ئه‌نزیمی پیپسین که له گه‌ده‌دایه.

هەیە، بە ناوی ڤیرۆنۆجینی(لیفی) [28] کلاڤەیی، ئەو مادەی ئەبێت بە فیبرۆن(خیط) دەزوو، لە کاتی رووداێکی سروشتی، وەك بریندار بوون بەشێکی لەش، خێرا ئەو پرۆتینە بە شێوەیێکی خۆکاری (ئۆتۆماتیکی) هەڵئەسێت بە تەنینەوەی ئەو شوێنە

بە هۆی ئەو دەزووە پرۆتینە کلاڤەیەوە، کە پەیتا پەیتا ئەیداتێ، تا ئەبێ بە قۆرتماخە و خوێنەکە ئەوەستێ و وەکو خۆی چاك ئەبێتەوە خرۆکە سوور و سپیەکانی ناو خوێن دەورێکی زۆرگرنگ ئەبینن لە دروست کردنی ناوەندیاری ئۆرگانی. ئێمە ئەزانین پلازمای خوێن تەنها هەندێکی کەم ئۆکسجینی هەوا ئەتوێنێتەوە، ئەگەر بەهۆی یارمەتی خرۆکەی سوورەوە نەبێت، پلازما ناتوانێ ئۆکسجین بدا بەو خانە بێژمارانەی ناو لەش.

خرۆکەی سوور، خرۆکەیێکی زیندوو نیە، بەڵکو وەکو میزڵان وایە و ناوەکەی پڕە لە هیمۆگلۆبین، لە کاتی ئەنجام دانی کرداری هەناسەدا دەوری سەرەکی هەیە، کاتێ هیمۆگلۆبین بە سیەکانا تێپەڕئەبێ، بارگەی ئۆکسجین هەڵئەگرێ و یەکسەر ئەیدا بە خانە چنراوەکان. کاتێ خانەکە ئۆکسجینەکە وەر ئەگرێ، لە هەمان کاتا ئۆکسیدی کاربۆن و شتی زیادەی تر ئەداتەوە، بەڵام خرۆکە سپیەکان بە پێچەوانەی ئەوانەوە بریتین لە خرۆکەی زیندوو لە ناو دەریای خوێنی لەشا دین و دەچن و مەلە ئەکەن، جاری وایشە بە پێ ی پێویست بە بۆریە موویینەکانا و بە ناو دیواری بۆریەکانا ئەکشێنە ناو چنراوەکان و لەوێوە بۆ سەر خانەکانی پەردە لینجی ریخۆڵەکان و لووەکان و هەمو ئۆرگانەکانی لەش، بە هۆی خزمەتی ئەم توخمە وردانەوە، خوێن وەکو چنراوەیێکی گەرۆك کار ئەکات وەکو فەرمانبەرێکی چاك کردنەوە، یان لە شێوەی ناوەندیارێکی شل و هەندێ جار خەست، ئەم پێکهاتە ناوەندیارە لەکاتی پێوستیدا و هێرش هێنانی میکرۆبات بۆ ناو لەش، زۆر بە خێرایی و بە پێ کات ئەگاتە هەمو شوێنێکی لەش، بە یارمەتی کۆمەڵێکی زۆر لە خرۆکەی سپی، ئەگەنە شوێنەکە و چوار دەوری میکروبی نەخۆشیەکان ئەگرن و لە ناویان ئەبەن. بۆ چارە کردن و ساڕێژکردنی بریێ پێست یا شوێنیکی تر،کۆمەڵێکی زۆر لە خرۆکەی سپی گەورەتر، ئەرژێنە سەر برینەکە یا شوێنی

---

[28]- یرۆنۆجینی لیفی- وە فیبرۆن دەزوو، بریتین لە دو مادەی پرۆتۆن لە پلازمای خوێنا، لە کاتی برتندار بون شوێنێکی لەشا، لە شێوەی کلاڤە دەزودا هەڵئەسن بە کاری گرساندنەوەی خوێنەکە و چنینەوەی شوێن برینەکە.

ئازارەکە، ئەم جۆرە خرۆکە سپیە گەورانە، بەتوخمێکی بنەڕەتی دائەنرێن بۆ تەنینەوەی چنراوەی برین، لە تواناندا هەیە خۆیان بگۆڕن بە خانەیێکی نەگۆڕ، ئەم جۆرە خانانە جۆرە دەزوولەیێکی خوێنی دروست ئەکەن بۆ تەنین و چارەکردنی ئەو برینە لە شێوەی قۆرتماغەدا بۆ چاك بوونەوە. ئەو شلەی لە بۆریە موینەکانەوە جیا ئەبێتەوە، ناوەندیارێکی ناوچەیی بۆ چنراوەکان و ئۆرگانەکان دروست ئەکا، هەمو جۆرێ دەراسە و زانیاری مادی لە لایەن زاناکانەوە لە ئاستی ئەوناوەندیاردا بە دەستە پاچەیی ماوەتەوە. هەندێ جار لە بواری هەندێ هەوڵی بێ ئامانجا بۆ ئەو مەبەستە، شرنقەی رەنگ لە لەشی مرۆڤ دراوە، بەڵام لەشەکە رەنگی ترشەڵۆکی ئەیۆنی چنراوەکانی خۆی وەرگرتوە، هەر وەکو دکتۆر(روس) ئەم تاقیکردنەوەی ئەنجام داوە، لەراستیدا ئۆرگانەکان هەندێ رەنگی جیاواز نیشان ئەدەن زۆر قوڵتر لەوەی خاوەنی ئەم بیروکانە ئاماژەی پێ ئەکەن. هەر وەها ئێمە تا ئێستەش بیدەستەڵاتین لە دۆزینەوەی هەمو خەسڵەتە تایبەتیەکانی ناو جیهانی گەورە و بەرینی لەشی ئادەمیزاد، چەندەها دەوڵەتی خاوەن شکۆ و جۆراوجۆر و لەیەك نەچوی بەرزی تیدا دامەزراوە، هەر هەمویان لە یەك سەرچاوە و هەر دەوڵەتە بە جیا، بە جۆگەلەیێکی تایبەتیدا ئاوی بۆ ئەچێت و ئەڕژێتە ناو حەوزەکەیانەوە، بەڵام جۆر و تامی هەر یەکێ لەو ئاوانە ئەکەوێتە سەر چۆنیەتی زەوی و سروشتی کشت وکاڵی ئەو حەوزە وشوێنی ئەو ئۆرگانە، هەمو چنراوەیێك بەگوێرەی پلازمای خۆینەکەی خۆی ناوەندیار و خواردەمەنی تایبەتی خۆی دروست ئەکات.

تەندروستی، نەخۆشی، شادمانی، نەگبەتی، هێز، لاوازی هەموو یەکێ لە ئێمە ئەکەوێتە سەر یاسای بەشداری کردن لە نێوان خانە و ناوەندیارەکەی خۆی.

باسی شەشەم

گۆڕانکاری کیمیاوی پەیتا پەیتا، بەردەوامە لە نێوان ئەو شلانەی ناوەندیاری ئۆرگانی دروست ئەکەن ولە نێوان هەموو چنراوە و ئەندامەکانا. چالاکی خواردن هۆی ژیانی خانەکانە و لە هەمو کاتیشا بناغەیە بۆ قەوارە و شێوە، هاوکار وەستانی ئەوگۆڕانکاریە کارەباییە، یان کرداری تازە بونەوەی، ئەبێتە هۆی یەکسانی لە نێوان ئۆرگانەکە و شلەکەیا و ئەبێتە هۆی مردنی خانەکان. واتە خواردەمەنی هۆی سەرەکی ژیانی خانەکانە، چنراوە زیندووەکان پێویستیان بەو ئۆکسجینەیە لە خوێنی وەرئەگرن، ئەمە بە واتەیێکی رێزمانی سروشتی - کیمیاوی ئەوە ئەگەینێ خانە خاوەنی هێزێکی بەرزی کورت (اختزال) کردنەوەیە، بە گوێرەی یاسایێکی گرێ دراو، لە هەندێ مادەی کیمیاوی و هەوێن هێز دروست ئەکا و ئەیدا بەو خانانە تا ئۆکسجینی هەوای دەرەکی بە کار بێنن بۆ بەرهەم هێنانی چالاکی.

لە مادەی ئۆکسجین و هێدروجین و کاربونی شەکر و چەوری ناو لەش، خانە زیندووەکان چالاکی خۆکاری پێویست بۆ ئالیاتە خۆکارەکانی وەدەس دێنن، بۆ پاراستنی بنەڕەت و ئەنجام دانی کارەکانی خۆیان، هەروەها ئەو چالاکیە کارەباییانە لە هەمو گۆڕانکارێکی ئۆرگانەکانا خۆی دەر ئەخات، هاوکارگەرمی پێویست بۆکرداری کیمیاوی وکارەکانی فەسیۆلۆجی ئەنجام ئەدا.

خانە مادەی نێرۆجین وکبریت و فۆسفۆر لە پلازما وەرئەگرێ بۆ بە کار هێنانیان لە کرداری نەشونما و چاکردنەوەی لەش، بە هۆی هەوێنەکانی خۆیەوە پرۆتین و شەکر و چەوری ناوەندیارەکەی ئەکا بە بەشی بچوك بچوك بۆ بە کار هێنانیان بۆ چالاکیەکانی خۆیان، هەروەها

بە شێوەیێکی هەمیشەیی بە هۆی هەندێ چالاکی تایبەتیەوە، مادەیێکی لێکدراوە و تێکەڵەیێکی زۆرگریدراو دروست ئەکا و ئەبێتە هۆی هێزێکی گەورە و ئەخاتە سەر مادە تایبەتیەکانی خۆی، گۆڕانکاری کیمیاویە زۆرەکان لە ناو کۆمەڵە خانەکانا، یان لە ناو هەمو لەشا، هێزی ژیانی ئۆرگانەکان دیاری ئەکا، پێوانە کردنی رێژەی تازە بونەوەی خانەکان، بە هۆی چەندیەتی مژینی ئەو ئۆکسجین و دووەم ئۆکسیدی کاربۆنەوەیە لەش بەرهەمی دێنێ، ئەویش لەکاتێکا لەش لە دۆخێکی لاوازیدا بێت.

بەم بارو دۆخە ئەڵێن تازەبوونەوەی خانە تفتیەکان بەڵام هەرکاتێ ئۆرگانێ گرژ بوو وکارێکی ئالی ئەنجامدا، زیادێکی زۆر لە چالاکی ئالۆگۆڕی کیمیاویدا روئەدات. ڕێژەی تازە بوونەوە، لە منالاً بەرزترە تا لە کەسێکی گەورەدا، لە مشکا زیاترە تا لە سەگا، گۆڕانکاری کیمیاوی لە هەر زیندەوەرێکا زیاد بکا، لەوانەیە کەم بونەوە لە خانە تفتیەکانیا روو بدا، دەرکەوتووە ئەقڵ و جگەر و لووی ئەندۆکرین، پێویستیان بە برێکی زۆر چالاکی کیمیاوی هەیە، ئەگەرچی ئێمە بە تەواوی ناتوانین چالاکیەکانمان بە گوێرەی زاراوەی کیمیاوی باس بکەین، بەڵام وەرزش کردن ئەبێتە هۆی ئالۆگۆڕێکی ئاشکرا، سەیر ئەوەیە کارەکانی ئەقڵ نابێتە هۆی زیاد کردنی تازە بونەوەی خانەکان،

وا دیارە مێشك پێویستی بە چالاکی نیە، یان رەنگە برێکی ئەوەندەکەم لە خانە کار بکات هونەرەکانی ئێستەمان نەتوانن بیدۆزنەوە، لەوەش سەیرتر ئەوەیە ئەقڵی ئادەمیزاد توانی گۆڕانکاری لە هەمو رووی زەویدا بکات، و چەندەها کۆمەڵگا لە ناو بەری و چەندەهای تریش دروست بکات، بگاتە ناو قوڵایی گەردوون و لە سنور بەدەر زەوی و هەسارە بدۆزێتەوە، بێجگە لە پەی بردن بە زۆربەی قوڵایی زەریاکان و ڤێنیەکانی، بەڵێ! ئەو ئەقڵە ئەو پێشکەوتنەی وەدەس هێنا و گەیشتە لوتکە بە بێ ئەوەی داوای پێوانەی هیچ چالاکیێکی لێ بکرێ. لە گەڵ ئەوەشا و لەگەڵ ئەو هەمو هەوڵدانەمان بۆ زانینی کاریگەری تازە بونەوەی خانە، دەرئەنجامەکەی بە داخەوە دەر نەچوو، چونکە ئەو کاریگەریە وەکو ئەوکاریگەریە نیە و زۆر جیاوازە لەوەی، بەهۆی گرژ بونی ماسولکەکانی قۆڵی کەسێکەوە، قورسایی چەند گرامێ بەرز ئەکاتەوە، ئەمەیان زۆر بە ئاسانی پێوانە ئەکرێ. لەگەڵ ئەوەشا سەروەر خوازی قەیسەر و تێڕ بیری نیوتن وپێش بینی بتهۆڤن وبیری قوڵی باستیر، ئالۆگۆڕی کیمیاوی لە لەشی ئەو پیاوە بەرزانەدا ئەنجام نەدا، کەچی کەمێ بەکارێا، یان ئاماژەیێکی بچوك لە لووی ئایارۆیدەوە بە ئاسانی ئەو ئالۆگۆڕە ئەنجام ئەدات.

هەمیشە تازە بونەوەی خانە تفتیەکان بە شێوەیێکی ئاشکرا لە ئارادایە، لەشی ئادەمیزاد هەمیشە گرنگی ئەدا بە گۆڕانکاریە کیمیاویە ئاساییەکانی خۆی، تەنانەت لە دژوارترین کەش و هەوایزستانی سەختیشا، هیچ چەڵەمەێ لە کردگاری خواردەمەنیەکەی کەم ناکاتەوە، مەگەر تەنها لە کاتێ نزیك بوونەوەی مردنا، کاتێ پلەی گەرمای لەشی تێك ئەچێ. بەڵام بە پێچەوانەی ئادەمیزادەوە، ورچ و راکون لە وەرزی زستانا، بۆ ئەوەی تازە بونەوەی خانەکان کەم کەنەوە خۆیان ئەخەنە دۆخی ژیانیکی زۆرسست و بۆ ماوەیێك ئەنون. هەروەها زیندەوەرێکی تریش لە بەشی جومگەیی (مفصلی) جۆریکە لە جاڵجاڵۆکەی ئاوی، ئەمیش تازە بوونەوەی خانەکانی بە

تەواوی رائەگرێ و ووشك ئەبێتەوە، شێوەی زیاتر وەکو مردوو دێتە پێش چاو، بەڵام ئەگە رکەمێ ئاوی پێدا بکرێ ، دوای چەند حەفتە ئەبوژێتەوە و شێوەی ژیان ئەگەڕێتەوە ناو لەشی . بەڵام هێشتا ئێمە جارێ نەگەیشتوینەتە ئەو ئەنیەی ئەبێتە هۆی راگرتنی خواردەمەنی ئاژەڵی ماڵی و مرۆڤ، بێشك ئەگەرلە توانادا بێ شێوەی ژیانی سست بە درێژایی وەرزی زستان، لە وڵاتە سارەکانا، بۆ مەڕ و ماڵات و رەشە وڵاخ دابین بکرێ، سەرکەوتنێکی بەرز و تایبەتمەند دەست ئادەمیزاد ئەکەوێت، هەروەها

بۆ پڕۆژەیێکی تایبەت بە درێژکردنی تەمەنی مرۆڤ وچارەسەری هەندێ نەخۆشی سەخت و رەخساندنی زیاتر هەل بۆمرۆڤە بلیمەتەکان کە زیاتر خزمەت بە ئادەمیزاد بکەن و زیاتر بژین. هاوکار دانانی پڕۆژە بۆ سست کردنەوەی ژیانی زیندەوەر، بەگوێرەی پێویست و چەند جارێك بە پێی بەرنامە و کاتی گونجاو ئەنجام بدرێت. بەڵام بە داخەوە ئێمە تائێستەش نەمانتوانیوە، پلەی تازە بوونەوەی خانەکانمان کەم کەینەوە، مەگەر بە شێوەیێکی دڕندانە، ئەویش بە بڕین و لابردنی لووی /ئایارۆید/ تەنانەت ئەوەش کارێکی مسۆگەر نیە، بەڵام لە بارەی سست کردنی ژیانی ئادەمیزاد، ئێستە و لەم کاتەدا ئەنجام نادرێت چونکە شێوەی ئەنجام دانەکەی نەزانراوە..



Right kidney, coronal section

باسی حەوتەم

لە کاتی ئاڵوگۆڕی کیمیاوی چنراوە و ئەندامەکانا، هەندێ بەرماوە و چەوری وشتی زیادی لە ناوەندیاری ناوچەدا کۆ ئەبێتەوە وئەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە ژیانی خانەی ناوچەکە، دیاردەی خواردەمەنی پێویستی بە ئامێرێکە توانای ئەوەی هەبێ، بە هۆی گەڕانی لیمفاوی خوێنەوە، شوێنی کەمی ئەو خواردەمەنیە پڕکاتەوە کە چنراوەکان بە کاریان هێناوە و ئەو تڵپە و شتە زیادیە لەوکردارانە پاشە کەوت ئەبێ فرێی داتە دەرەوە. ئەگەرقەبارەی ئەو شلەی لە لەشا ئەگە ڕێ بەراوەردی کەین لە گەڵ قەبارەی ئۆرگانەکان، دەرئەکەوێ قەبارەی شلە زۆر بچوکترە. قورسایی خۆێنی مرۆڤ نزیکەی (دەیەکی) قورسایی لەشیەتی، لەگەڵ ئەوەشا چنراوە زیندووەکان بڕێکی زۆر ئۆکسجین وکلۆکۆزکار ئەکەن، هەروەهایش بڕێکی زۆر ترشی کاربۆن و لبنیك و هیدرولۆریك و فۆسفۆریك و شتی تریش ئەڕژێننە ناو ناوەندیاری ناوەوە. ئەگەر بمانەوێ پارچەیێکی بچوك لە چنراوەی زیندوی لەش لە شوشەیێکی تاقیگەدا بڕوێنین، لە ماوەی چەند رۆژێکا پێویستە دوو هەزارئەوەندەی قەبارەی خۆی شلەی تایبەتی بدرێێ، تا بە هۆی بەرماوەکەی خۆیەوە ژەهراوی نەبێت، بێجگە لەوە پێویستی بە دەور وبەرێکی تایبەتی گازی هەیە دە جارلە ناوەندیاری شلەکەی پێشۆی خۆی فراوانتر بێت، بەڵام بۆ دابین کردنی ژیانی چنراوە لە ناو لەشماناا، پێویستمان تەنها بە شەش تا حەوت لیتر شلەیە، لە جیاتی دووسەد هەزار لیتر شلەی ناو شوشە لە دەرەوەی لەش، ئەویش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو یاساگرنگ و سەر سووڕێنەرەی خوای گەورە لەیاسای خۆکارە مەزنەکانی لەشا درستی کردووە، کە بە بەردەوامی لە کاران بۆ گەڕانی خۆێن و زۆرکردن و دابین کردنی خواردەمەنی وفرێدانی بەرماوە وجۆرەها کاری تر. گەڕانی خوێن لە ناو لەشێ ئادەمیزادا ئەوەنە خێرایە، چەوری وهەویرە تایبەتیەکان فریا ناکەون پێکهاتەکەی بگۆڕن. پلازمایش ترشیەتیەکەی زیاد ناکا، مەگەر لەکاتی ئەنجامدانی پرۆڤەیێکی قورسا ترشەکەی تا سنوورێکی دیاریکراو زیاد بکا، چونکە هەمو ئۆرگانێکی لەش خۆی چەندیەتی خۆێنی پێویست و خێرایی گەڕانەکەی بەهۆی دەماری جوڵێنەری بۆریەکانی خۆێنەوە رێك ئەخا. رووداتی سستی یان وەستانی خوێن لە گەڕان، ئەبێتە هۆی ترش بوون

/لیمفا/ ی نێوان خانەکان، بەڵام کاریگەری زیانی ئەو ترش بوونە ژەهراویەی کە بۆگەدە مەترسیدارە، ئەکەوێتە سەر جۆری ئەو خانانەی ترش بونەکەیان پێکهێناوە. هەر لە بارەی ئەیڤی خوێنەوە، ئەگەرگورچیلەی سەگێکمان دەرهێنا و خستمانە سەر مێزێك، و دوای ماوەی یەك کاژمێر، خستمانەوە شوێنەکەی خۆی، ئەبینین گورچیلەکە لە گەڵ ئەوەی ئەو ماوە لە گەڕانی خوێنی لەشەکەیمان دوور خستوەتەوە، توشی هیچ جۆرە تێکچوێن یان زیانێ نابێت و بە جۆرێکی ئاسایی دەست ئەکاتەوە بە کارکردن.

ئەگەر یەکێ لە ئەندامەکانی لەشی مرۆڤی بۆ ماوەی سێ چوارکاژمێر لە گەڕانی خوێن دوە خەینەوە، ئەویش توشی زیان نابێت، بەڵام مۆخی ئادەمیزاد لە بەر ئەوەی زۆر هەستیارە وهەمیشە پێویستی بە ئۆکسجینە، کاتێ گەڕانی خوێنی لێ بـــبڕێ، توشی(کەم خوێنی) انیمیا*ی تەواو ئەبێت، دوای ماوەی نزیکی بیست خولەك ئەمرێت، چونکە ئەنیمیا شپرزەیێکی مەترسیدار لە مێشکا دروست ئەکا، چار ناکرێت، مێشك ئەگەر ماوەیێکی کەم، خۆێنی بۆ نەچێت ئەبێتە هۆی مردن. پشتگوێ خستنی نزمی پەستانی خوێن زۆر مەترسیدارە، چونکە مێشك و ئۆرگانەکان بەرزی و نزمی خوێنیان لەسەر یاسایێکی دیاریکراوو تا ڕێژەیێکی تایبەتی و بە گوێرەی ڕێکخراوەی ئەو لەشە ڕێك خستووە، لە بەر ئەوەیە چۆنیەتی ڕەوشت و بیرکردنەوەیشمان تا ڕادەیێکی زۆر ئەکەوێتە سەردۆخی گەڕانی خۆێنەکەمان، هەموو چالاکیەکانی ئادەمیزاد، بارودۆخی سروشتی و کیمیاوی، ناوەندیاری ناو لەش ڕێکی ئەخات، لە دواییدا دڵ و خوێنبەرەکان ئەو یاسایە ئەچەسپێنن. خوێن هەمیشە پارێزگاری نەگۆڕانی پێکهاتەکەی خۆی ئەکات بە هۆی گەڕانی بێ وچان بە ناو لەش و چنراوەکانی لەشا بۆ پاك کردنەوە و هەمیسان تازە کردنەوەی و ئامادە بونی بۆ بردنی خواردن بۆ خانە زیندوەکانی لەش و فڕێدانی پاشماوەی ئەو خواردەمەنیانەی چنراوەکان لای ئەدەن. کاتێ خوێن بە ناو دەمارە خۆێن هێنەرەکانا ئەگەڕێتەوە، پاشماوەی خواردەمەنی و ترشی کاربۆنیك لەگەڵ خۆی دێنێت و بە هۆی لێدانەکانی دڵەوە، ئەرژێتە ناو تۆڕی گەورەی سیەکان، لەوێدا و لەکاتی هەناسە وەرگرتندا، هەر خرۆکەیێکی سور ئۆکسجینێکی هەوای دەرەوە هەڵئەگرێ و بەگوێرەی چەسپاوەی یاسای سروشتی-کیمیای ئاسایی دیاریکراو،گۆڕینەوە لە نێوان ئۆکسجین و پاشماوە ڕوودەدات، ئینجا گازی دووەمی ئۆکسیدی کاربون ئەخزێتە ناو لقی بۆری هەوایی سیەکانەوە و لە گەڵ هەناسە دانەوە ئەچێتە دەرەوە. چەندکرداری هەناسە خێراتر بێت ئەوەندە چالاکی

هاوکێشەی کیمیاوی لە نێوان هەوا و خۆڵنا زیاتر ئەبێت. کاتێ خوێن ئەگاتە ناو سیەکان تەنها ترشی کاربۆنیك فڕێ ئەدات، بەڵام ئەو جۆرە ترشانەی زوو هەڵمین نین /سریع التبخر/ لە گەڵ تڵپەی پاشماوەی تازە بونەوەی خانەکان ئەروات بۆ ناو گورچیلەکان بۆ جیا کردنەوەی مادەی پاشماوە و خڵتەی تازە بونەوەی خانەکان و لە گەڵ هەندێ مادەی زیادەی ناو خوێن، لە گەڵ میزا فرێ ئەدرێن.

هەروەها گورچیلەکان هەڵئەسن بە رێك خستنی چەندیەتی جۆرەها خوێی پێویست بۆپلازما و بەردەوام بوونی کرداری پالاوتن (اسمۆزی). گورچیلەکان و سیەکان بەرزترین توانایان هەیە لە کرداری چالاکیدا، یەکەم هۆن بۆ مانەوەی ناوەندیاری شلەی گرنگ و پێویستی خانە زیندووەکان بە شێوەیێکی سنوردار.

بەم جۆرە مانەوەی لەشی ئادەمیزاد هەمیشە پەیوەستە بە چالاکی ئامێرەکانی لەشیەوە.

باسی هەشتەم

هەمو ئەو مادانەی لەش بەکاری دێنێت، بێجگە لە ئۆکسجین، راستەو خۆ، یان بە هۆرێکی تر‌ەوە لە رێگای ریخۆڵەکانەوە ئەچنە ناو خوێن، بە بەشداری و یارمەتی لیکی ناوەوەم، لیکاوی گەدە، دەردراوەکانی پانکریاس، جگەر پەردەلینجەی ریخۆڵەکان، ئەمانە هەموی یەك لە دوای یەك کاری تێدا ئەکەن.

پێشەکی دوای نەرم کردنی خواردنەکە بەهۆی لیکی ناو دەمەوە دێتە ناوگەدە، بەهۆی دەردراوەکان و زراو و ژەنینی گەدە ئەچێتە شێوەی ماستێکی خەستەوە پێی ئەڵێن کیمۆس، ئینجا بۆریخۆڵەی دوانزەگرێ و لەوێ بە هۆی دەردراوەکانی پانکریاس زیاترهەرس ئەبێ و ئەچێتە شێوەی ماستاوێ پێی ئەڵێن کیلۆس، هەروەها جگەر و پەردە لینجەی ریخۆڵەکان ئەمانە یەك لە دوای یەك کاری تێا ئەکەن، هەوێنە تایبەتیەکانی هەرس، تۆزقاڵە و پرۆتین و کاربۆهێدرات و چەوریەکانی ئەم تێکەڵە زیاترشیی ئەکەنەوە بە جۆرێ لەو پەردە لینجەی ناوچەی ناوەوە ئەپارێزێت تێپەڕ بێت و بەهۆی بۆری خوێنین و لیمفا و پەردە لینجی ریخۆڵەوە ئەمژرێت و تێکەڵ بە ناوەندیاری ئۆرگان ئەبێ.

چەند جۆرێ چەوری و شیرینی تایبەت هەیە، پێویست بە مادە پێدا رژتن وکارەکانی هەرس ناکات،

بۆ ئامادە کردنیان، رێگای چونە ژورەوەی لەشیان ئەدرێتـــێ، چونکە پێکهاتەکانیان پێویست بە کار و باری هەرس ناکا، جۆری پرۆتینی ناو ئەو خواردەمەنیەی کارەکانی هەرس ئامادەی کردووە بۆ ناو لەش، جیاوازێکی زۆری هەیە لە گەڵ ئەو پرۆتینەی لە ناو خواردەمەنیە ئاسایەکانماندایە و هێشتا دەسی کارەکانی هەرسی پیا نەگەشتووە، بۆ نمونە: ئەگەر رۆن یا زەیتێکی وا، بە گەرمی لەشی ئادەمی بتوێتەوە، دەرخواردی سەگی بدەین، ئەتوانین چنراوەی چەوریەکەی بگۆڕین بە خەست یان بە شل، چونکە هەوێنە هەرسیەکان (خمائرهضمیة) جۆر و رەوشتی پرۆتینەکان،کە لە گۆشتی گا و مەڕ و دانەوێلە هەیە،

هەڵبەوەشێنن و ئەیانکەن بەکۆمەڵە ترشەڵۆکەکانی ئەمیبی، بەو جۆرە ئەو پرۆتینە دەرەکیانە هەڵبەوەشێنرێن رەوشت و چۆنیەتی رەگەزەکانیان لە دەس ئەدەن و پروتینی تری تازەی دیاریکراو، لە ناو لەشا دروست ئەبێ، کە لەگەڵ رەگەزی ئادەمی و تاکە کەسا بکونجێن.

دیواری ریخۆڵەکان زۆر بە چالاکانە پارێزگاری هەمو لەش ئەکەن ص بەوەی رێ ئەگرن لە هاتنە ژورەوەی خرۆکەی سەر بە چنراوەی بوونەوەرە نامۆکان و بەرگری کردن لە خوێن لە چونە ژورەوەی پرۆتینی ئاژەڵ و رووەکی پوختە نەکراو بۆ ناو لەش.

بەڵام هەندێ جار ئەو شتانە بە شێوەیێکی نائاسایی ئەچنە ناو لەشەوە، لە بەر ئەوە لەش زۆر هەستیار ئەبێت و بەرگرییکی زۆر لە هاتنە ژورەوەی مادەی نامۆکان ئەکات، بەڵام بە شێوەیێکی ئارام، واتە ئەو رێ بەندەی (حاجز) ریخۆڵە داینراوە لە بەردەمی دنیای دەرەوەدا، هیچ جۆرە مادەیێکی نامۆی لێوە تێپەڕ نابێت.



ئەو خواردەمەنیە ئامادە کراوانەی کاریان تێدا کراوە وگەیشتونەتە شوێنی هەرس و مژین، هەندێ جار لە پێویست زیاترن، پەردە لینجە ، بە قەد پێویست لێیان وەرئەگرێ و ئەینێرێتە ژورەوە، زیادیەکەشی لە بۆریەکانی رێخۆڵەدا ئەمێنێتەوە تا جارێکی تر.

لە لایێکی تریشەوە توخمە کیمیاویەکانی جیهانی دەرەوەی لەش، هەریەکە بە گوێرەی پێکهاتەی خۆی و بە جۆرێکی جیاواز،کاریگەری هەیە لە سەر ژیانی ئادەمیزاد، بەپێی پێکهاتەی جۆری (الترکیب النوعی) خۆی و بە هاوکاری پەردە لینجەی رێخۆڵە و بە کردارێکی سەرسوورێنەری نەزانراو، بناغەی چنراوە و تێکەڵەکانمان هەرکەسە بە شێوەیێکی جیاواز دائەنێت.

ئاشکرایە، ئادەمیزاد لە گڵی زەوی دروست کراوە، ئەو توخمە کاریگەری تەواوی هەیە لەسەر لایەنە چالاکیەکانی و هەڵسوکەوتی فەسیۆلۆجی و ئەقڵی ئەوکەسە، وپەیوەندی هەمو جۆرە هەستێکی بەسترواوە بە جوگرافیای ئەو شوێنەی تیادا ئەژی. لەگەڵ کاریگەریِ شوێنەوار و سروشتی خواردەمەنی ئاژەڵی و رووەکی،کە بناغەی ژیانی کەسەکەی لە سەر دامەزراوە، چونکە بێشك پێکهاتەی هەرکەسێ ئەکەوێتە سەر ئەو توخمە ئاژەڵیانە و رووەکیانەی هەڵی بژاردوون، بۆ ژیانی خۆی.

یەکەم - خواردنی پیاوە گەورەکان و دەوڵەمەندەکان، هەمیشە جیاواز بووە لە خواردنی دەست و پێوەن و چەوساوەکان و لەشکر و سەرۆك لەشکر و ئەفسەرەکان، خواردنیان بە زۆری بریتی بوە لە گۆشت وشەرابی کۆن وشتی باش.

دووەم- خواردنی ئاشتی خوازەکان و هەژار و ئەسیر، نانی گەنم و جۆ و دانەوێڵە بوە، ئەوەش بزانە گەشە کردن و پاشە رۆژمان تاسنوری ئەکەوێتە سەر سروشتی مادە کیمیاویەکەی ناو خواردنەکەمان کە بناغەی چنراوەکانمان دائەنێت. ئەگەر ئادەمیزادیش وەکو ئاژەڵ هەر لە منالیەوە و بە گوێرەی پرۆگرامێکی دەستکرد، خواردەمەنی تایبەتی بەرمەجە کراوی لەشی و روحی بدەن، بێشك رەوشتێکی جیاوازی دیاری کراوی تێدا ئەنێژرێت.

سێیەم - جۆری خواردەمەنی بریتیە لەو مادانەی خۆیان دروستی ئەکات، بێجگە لە ئۆکسجینی هەوا و لە بەرهەمەکانی هەرسی(هضم) رێخۆڵە.. هەروەها بریتیە لە دەردراوەی لووی ئەندۆکرین.

لەش تایبەتمەندێکی زۆر سەرسوڕێنەری تێدایە، خۆی توانای دروستکردنی خۆی هەیە و هەروەها توانای دروستکردنی تیکەڵەی تازەی هەیە لە مادە کیمیاویەکانی خۆیی خۆی . ئەم تیکەڵانە خواردن ئەدەن بە چنراوەی تایبەتی و لەهەمان کاتیشا جۆری پێویستی کارەکان بۆ هەمو چنراوەیێك دیاری ئەکەن و هەمیشە ئاگاداریی جێ بەجێکردنیان ئەدەن.

ئەم خۆ دروستکردنە وەکو ئەوە وایە بە هۆی دەسەڵاتی (ارادة) خۆتەوە پرۆژە بە دەستەڵاتی خۆت بکەیت، بۆ بەهێزکردنی ویستی خۆت.

لووەکانی ئایارۆید و لووی سەرگورچیلەکان و پانکریاس..هەتد، ئەمانە هەموی لەش لە کیمیاویەکانی ناوەندیاری ئۆرگانی خۆی، پێکی هێناون و دروستی کردون، ئەمانیش چەند تیکەڵەیێکی تازەی تر پێك دێنن، وەکو ئایرۆکسین[29] ئەدرنالین[30] ئەنسۆلین[31] ..هەتەد، ئەمانە خۆیان تەووژمێکی کارەبایی راستەقینەن بەڵم هەڵە مادەی پێویست بەرهەم دێنن بۆ خواردەمەنی خانەکان و ئۆرگانەکان، و چالاکی فەسیۆلۆجی و ئەقڵی ئەم دیاردەیە ئەوەندە سەیر و سەرسوڕێنەرە وەکو ئەوە وایە مەکینەیێك ئەو رۆنەی کاری ئەکا، هەر خۆی لە ناو خۆیا دروستی کاتەوە و تازەی کاتەوە، واتە ئەو مادانەی هۆی خێزایی ماکینەکەیە، ئەگەڕێتەوە بۆ هونەری داهێنەرەکەی.

کاتێ تیکەڵەکان بە ناو پەردە لینجەی ریخۆڵەدا تێنەپەڕ ئەبن، خواردەمەنی لە چنراوەکان وەرئەگرن، هەروەها لەژێر چاوەدێری لووەکانا کاری دامەزراندنەوەی تیکەڵەکان ئەنجام ئەدرێت.

بێشك بەردەوامی چالاکیە زۆرەکانی لەش ئەگەڕێتەوە بۆ چالاکی لووەکان.

---

[29]- ئایرۆکسین ، ورقین، جۆرە هۆرمۆنێکە لە لووی ئایارۆیە دێتە دەرەوە و ئەڕۆیتە ناو خوێن.

[30]- ادرنالین – لوویێکی بچوکە کەوتوەتە سەرگورچیلە، هۆرمۆنی ادرنالین دەر ئەدا، پەسان خوێن بەرز ئەکاتەوە

[31]- انسۆلین – جۆرە هۆرمۆنێکە پانکریاس ئەیڕژێنێتە ناو ریخۆڵەی دوانزە گرێ وە بۆ یارمەتی دانی شەکری کلۆکۆز وەگۆڕینی بۆ دووەم تۆکسیدی کاربۆن و بۆ هەڵمی ئاو و وزەی گەرمی وەدەرمانیشە دژی نەخۆشی شەکرە.

ئادەمیزاد پێش هەمو شتێ بونەوەرێکی هەمیشە خۆر و خاوەن جم و جۆڵێکی کیمیاوی نەبڕاوەیە. ژیان لە لەشی ئادەمیزادا، وەکوگڕی مۆم یان وەکو ئاوی فوارەکانی باخچەی (فرسای) وایە، ئەم شتە دەستکردانە بە مادەی داگرسان و ئاو وبە گوێرەی کات کار ئەکەن و مانەوەیان ئەکەوێتە سەر بوونی ئەو دوو سەرچاوەیە. ئادەمیزادیش وەکو ئەمانە بەگوێرەی کەم و زۆری سەرچاوەکانی گۆڕانکاری بە سەرا دێت وگەشە ئەکات، یان وەکو روبارێکی گەورە وایە لە دەریاوە بێت و بگەڕێتەوە شوێنەکەی خۆی. بەو جۆرە مادە بە ناو خانەکانی لەشا لە هاتوو چۆدایە و چنراوەکان پێویستی چالاکیەکانی خۆیان لەو مادانە وەر ئەگرن، هەروەها کرداری کیمیاویەکان و تێکەڵاوەکان و ئۆرگانە کارکراوەکان، سەر لە نوێ دروست ئەکەنەوە.

بناغەی هەمو مادە پێویستیەکان بۆچالاکیە جۆراوجۆرەکانی لەش، لە مادە فیزیکیە بێگیانەکانی زەوی دروست ئەکرێن و دەرەنگ یان زوو ئەگەڕێنەوە بۆ هەمان سەرچاوە. لەشمان لەو تۆخمانە پێکهاتوە شتی بێگیانی لێ دروست کراوە، بەڵام نابێ وەکو هەندێ لە زانا فەسیۆلۆجیەکانی هاو چەرخ، سەر سامی و سەر سوڕمان دامان گرێت، لەکاتێکا ئەبینین ئەو یاسا گرنگە سروشتی وکیمیاویەی لەشی ئادەمیزاد چەند لەو پەڕێ رێکو پێکیدا، هەڵێەسن بە ئەنجام دانی ئەو هەموکار و بارە گرێدراوانەی لەش، بە بێ یەك چرکە هەڵە و لە سەر هەمان یاسای جیهان وگردوون. با ئەوەش بزانین، بیرکردنەوە و ترسان لە لاچون و نەمانی ئەم یاسا گشتیە لە راستیەوە دوورە، چونکە ئێمەی ئادەمیزاد بەشێکین لە جیهانی مادی، ئادەمیزاد بریتیە لە مادە و روح، بە مردن زیاتر زیندوو وزیاترگەشە ئەکات و بوونەکەشی هەتا هەتاییە، چونکە مادە نافەوتێ.

باسی نۆیەم

لووی رەگەزی (الغدة الجنسية) هێلکە گون، ئەم لووە بێجگە لە کار و باری رەگەزی و پاراستنی وەچەی ئادەمیزاد، چەندەها کەڵکی گرنگی تری هەیە وەکو هێزی چالاکی و فەسیۆلۆجی و ئەقڵی و روحی ..هەتەد، بریتیە لە بەشێکی گرنگی تەواوکەری ئەو مرۆڤە، چونکە هەر پیاوێ ئەو لووەی نەبێ، ناتەواوە، تا ئێستە فەیلەسوفێ یا زانایێکی ناودار، تەنانەت تاوان باربکی جەربەزە لە مرۆڤ خەساوا هەڵنەکەوتوە، سەڵێندراوە لووی رەگەزی دەورێکی زۆرگرنگ وکاریگەری هەیە بۆ لەش.

ئەم ئامێرە زۆرچالاکانە هەڵئەسێ بە دروستکردنی خانەی (نێرینە)وخانەی (مێینە) بۆ بەردەوامی وەچە، هەروەها مادەیێکی تایبەتی ئەرژێنێتە ناو لەشەوە، شیَوە و رِەنگ و سروشتی مێینە یا نێرینە لەو کەسەدا ئەخولقێنێ، کاریگەریەکەی هەموو تێکەڵاوە و خانە وهەست و نەست و پێست و ناوەندیارەکان ئەگرێتەوە، هەمو چالاکی ئەو لەشە لەو سروشتەوە سەر چاوە ئەگرێت، هەروەها چاو نەترسی و ئازایەتی و جەربەزەیی بە تایبەت زیاتر لە پیاوا دروست ئەکات و لە ئافرەتا نەرمیی و نیانیی و جوانی، ئاشکرایە کە هێز و جەنگاوەری، لای گایێکی نەخەساو زیاترە وەك لای گایێکی خەساو کە لە زەویەکاندا گاسن رائەکێشێت.

بەڵام لووی رِەگەزی لای ئافرەت بەگوێرەی جیاوازی تێکەڵەکانی، کاریگەریەکەی تەنها بۆ ماوەی ژیانێکی دیاری کراوی کورتە،کاتێ ئەگاتە تەمەنی نائومێدی (سن الیاس) لووی رەگەزی کەمێ ئەپوکێتەوە و ژیانی ئەو ئامێرەش کورت ئەبێتەوە و ئەبێتە هۆی داهێزرانی لەشی خاوەنەکەی، بەڵام لای پیاوێ ئەکەوێتە تەمەنەوە زیاتر ئەمێنێت.

جیاوازی نێوان پیاو و ژن تەنیا شێوەی تایبەتی و ئامێری رەگەزی و منداڵدان و سك پڕ بوون و ئەقڵی زۆر و ئەقڵی کەم و تێگەیشتن نیە، چونکە ئەمانە زۆریان بەهرەیێکی سروشتیە، بەڵکو جیاوازییەکەیان ئەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی لە پێکهاتەو چنراوەی هەریەکەیان لە گەڵ جۆری ئەو مادە تایبەتیەی ئامێرەکە ئەیڕژێنێ بە سەر لەشی هەر یەکێ لەوانا و هەر یەك بە گوێرەی رەگەزی خۆی.

بەڵام نەزانینی کۆمەڵگای ئێستە و هەڵەی بیرو بۆچونیان گۆیا لایەن ئافرەت ئەگرن و وایان لا باشە پیاو و ژن یەك جۆر زانیاری وەر گرن، یەك شێوە چالاکییان بۆ تەرخان بکرێت،کارکردنیان وەکو یەك بێت..هەتەد، لە راستییا ئافرەت و پیاو لە هەموو بارێکەوە زۆرلە یەك جیاوازن، چونکە بەگوێرەی زانیاری، هەموو خانەکانی لەشی ئافرەت و پێکهاتەکانی، شێوە و هێزو رەگەزی مێینەیان هەڵگرتوە. بەڵام لە بارەی ئەقڵ و مێشکی ئافرەتەوە، یاساکانی فەسیۆلۆجی ڕاستەقینە، وەکو یاساکانی لای زانایانی ئێستە ئەوەندە نەرم ونیاسایی نیە بە ئارەزووی خۆیان، بۆ چ لایێك بیانەوێ بەو لایەدا خواری بکەنەوە و شوێنیشی بۆ تەرخان بکەن، لە سەر ئەم یاسایە، ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ پێویستە راستیەکەی بخەینە ڕوو.

پێویستە لە سەر چینی ئافرەت دەوری ژنایەتی خۆیان بە تەواوی و لە سەر بناغەی یاسای ڕەگەزی بەڕێوە بەرن، بەبێ ئەوەی هەوڵبدەن لاسایی پیاو بکەنەوە، چونکە پێویستی سەر شانی ئافرەت بۆ پێش خستنی شارستانیەت، زۆر پێزۆزترە لە دەوری پیاو، کەواتە پێویستە ئافرەت ئەو پێویستیە دیاریکراوە پیرۆزەی بیر نەچێتەوە.

گرنگی دەوری پیاو و ژن بۆ پەرەپێدانی ڕەگەز، وەك یەك نیە، خانەکانی گون، هەمیشە بێ ڕاوەستان، مادەی ژیان دروست ئەکەن، هەموی خانەی زیندوی میکروسکۆبین، خوای زانا بەهرەی جۆلانێکی ئەوپەڕی خێرایی بەو زیندەوەرانە بەخشیوە. ئەمانە بریتین لە زیندەوەرێکی سپیرم[32]ی لەسەر ئەو لینجاوەی گۆلنگ[33] و منالاّن داپۆشیوە مەلە ئەکەن، هەروەها لەکاتی گەڕاندا لەسەر ڕووی پەردە لینجی منالّدان بەیەك ئەگەن، لەنێوان هێلکە و خانەکانی هێلکەدانا یەکگرتنێك پێکدێت. ژمارەی ئەو هێلکانەی هێلکەدانی[34] ئافرەت هەڵیدێێ ئەگاتە نزیکی سێ سەد هەزار هێلکە، لەمانە تەنها چوارسەد هێلکەی ئەگاتە پلەی گەیشتن، لەکاتی حەیزا کیسەی

---

[32]- سپیرم – واتە شاوەت،

[33]- گولّنگ – مهبل، بریتیە لە کۆئەندامی زاوزێی مێینە، و ئەو بۆریەیە کە لە سەرەتای دەرەوە ئەگاتە منالّدان.

[34]-مبیض- هێلکەدان، لووی زاوزێی مێینە، دوو ئەندامی بچوکن کەوتونەتە هەردووڵای بۆشایی سکی ئافرەت، هێلکەیان تیدا پەیا ئەبێ ئەم دوو ئامێرە دوو جۆر هورمۆن دەرنەدەن بۆ گەشەکردنی هێلکەکان.

هێلکەکان (بویضة) ئەدرێ و ئەڕژێنە سەرپەردی (بوق الفالوب) و بەهۆی (سیلیا) [35] دێتە ناو منالّدان.

لەم کاتەدا خانەکان گۆڕانکارییکی گرنگیان بەسەردا دێت، خانە نیوەی کرۆمۆسۆمەکەی خۆی فڕێ ئەدات ئینجا زیندەوەرە سپێرمیەکە، پێستی هێلکەکە کون ئەکات و پێوەی ئەنووسێ، هەروەهاگەراکەش نیوە کرۆمۆسۆمەکەی خۆی فرێداوە، بەو یاساگرنگە، دروستکراوەیێکی تازەی تر لە دایك ئەبێت، کە هێشتا لە یەك خانە پێکهاتووە، پێشەکی لەسەر لینجاوی گولنگ ئەژی، ئینجا ئەم خانە ئەبێ بەدوو بەشەوە و نوتفەکە لە ناومنالّانا دەست ئەکات بە گەورە بوون.

دایك و باوك هەر دو لایان وەك یەك بەشدارن لە دروستکردنی ئەوگەرایەی هەمو خانەکانی لەشی نوتفە تازەکە پێك دێنێ، بەلّام دایك بێجگە لە بەشەکەی خۆی لە نیوکرۆمۆسۆمەکەیدا، پرۆتۆپلازمی دەوری گەراکە لە لەشی دایك وەر ئەگیرێ. بەو جۆرە و لێرەدا دەوری دایك لە پەروەردە کردنی نوتفەدا زۆرگرنگترە لە دەوری باوك، رەوشتی باوکیەتی بە هۆی لەتە کرۆمۆسۆمەکەیەوە،لەنوتفەکەدا گەشە دەکات، بۆ بەشە کرۆمۆسۆمەکەی دایك کاریگەری تایبەتی هەندێ لە رەوشتەکەی ئەچێتە ناو نوتفەکەوە، بۆ ئەمە، یاسای زگماکی و بیرو بۆچوونی زاناکانی رەگەزناسی ئێستە، بە شێوەیێکی راستەقینە باسی ئەم دیاردە گرێدراوانە ناکەن. بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی دەوری باوك و دایك لە رەگەزی نوتفەدا، پێویستە بگەڕێینەوە سەر تاقیکردنەوەکانی (باتالیۆن) و (جاك لویب) لە سەر بۆق، توانییان گەراییکی بۆق دوور لە توخمە نێرینەکەی، لە باتی مادەی سپێرمی نێرەکە، مادەیێکی تری کیمیاوی یا سروشتییان، تێدا ناشت وە دەرئەنجامیشی دەرکەوت، بەوە سەلماندیان توخمی مێینە بنەڕەتیە.

دەوری پیاو لەکرداری رەگەز داناندا دەورێکی کورتە و بریتیە لە چەند خولەکێکی سەرەتایی، بەلّام دەوری ئافرەت درێژخایەنە، تەنها هەرلە سکیا، نزیکی نۆ مانگ ئەمێنێتەوە و چەندین جۆر مادەی کیمیاوی وخۆێنی دایك بە کار دێنرێت بۆ دروستکردنی چنراوە و ئۆرگانەکان و بەشەکانی تری ئەو نوتفەیە، بێجگە لەوەی خواردەمەنی سەرەکی ئەو نوتفەیە ئەکەوێتە

---

[35]- سیلیا – الاهداب المتحركة – بریتین لە چەند ئامێرێکی نەرم لە شێوەی پەڕی ناسکا، کاری پاك کردنەوە ومالّین ئەنجام ئەدەن لە ناو قورگ و بۆری هەناسە و زۆر شوێنی ترا و هەمیشە لە کاران.

سەرپاڵاوتەی خۆیێ دایکی بە هۆی پەردەیێکی تایبەت بەوکارە، بەڵام دایکەکەش هەندێ مادە لە لەشی منالّەکە ئەچێتە ناو خوێنیەوە، هەندێ جار بەکەڵك و هەندێ جاریش مەترسیدارە بۆ دایکەکە.

بەو جۆرەکۆرپەیێکی نامۆ لە ناو لەشی ئەو دایکەدا جێگیر ئەبێت. بە درێژایی ماوە دیاریکراوەکەی کاریگەری لە سەر ئافرەتەکە هەیە و هەندێ جاریش بە هۆیەوە ژەهراوی(تسمم) ئەبێ.

لە گەڵ ئەوەشا، بارودۆخی فەسیۆلۆجی و سایکۆلۆجی لەشی هەمیشە لە گۆڕانکاریدایە و هەر دەمە بە جۆرێکە.

وەکو سەڵێندراوە، لە ناو هەمو مەمك دەرەکانا، تەنا ئافرەت دوای یەك دوو جار سك کردن، پلەی گەشە کردن فەسیۆلۆجی و سایکۆلۆجی و ئەقڵی تەواو وەدەست دێنێ، ئەو ژنانەی منالّیان نیە و دەوری دایکایەتییان نەدیوە، لە بارو دۆخێکی هاوسەنگی تەواوا ناژین، بێجگە لەوە هەمیشە تووڕە و کەم چیکڵدانە دێنە پێش چاو و باری تەندروستییان تەواو نیە.

بەڵام لە بارەی ئەو کۆرپە بچکولەیەی، هاتوەتە ناو سکی دایکیەوە، بێشك چنراوەی ئەو نوتفەیە زۆرجیاوازە لە چنراوەی دایکی، چونکە هەڵگری هەندێ لە پارچۆڵکەی باوکی و بچوکی قەباری خۆی، لە بەر ئەوە دایکەکە هەست بە بونەوەرێکی نامۆ ئەکا لە ناو خۆیا و باری دەرونی گۆڕانی تێدا پەیدا ئەبێ و توشی گۆڕانکاری جۆراوجۆر ئەبێت.

زانایانی رەگەز ناسانی سەردەم، تا ئێستەش کرداری دیاردەی سك پڕ بوون و منالّ بوون بە تەواوی نازانن، هەروەها گرنگی نادەن بەوەی، دایکایەتی خولێکی زۆر بە نرخە بۆ گەشە کردن و تەواوکردنی باری فەسیۆلۆجی و سایکۆلۆجی خودی ئافرەتەکە. یاخی بوونی ئافرەت لەو بەهرەیە ئەو پەڕی شێتیە.

بە لەدایکبوونی منالّەکە، دوایی بەو دەورە پڕۆزەی دایك نایێت، بەڵکو ماوەیێکی درێژ شیر دەرخواردان و شەو نخونیش هەر بەردەوام ئەبێ. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، بەرهەمهێنانی نوتفە سەرەتای دروست کردنەکەی لای باوك و تەواوکردنی بەرهەمەکە لای دایکەکە ئەنجام ئەدرێ، واتە هەردوکیان هاوبەشن .

کە وابوو ئەبێ جۆرەها خولی تایبەتی لەو بارەوە بۆچینی ئافرەت لە لایەن مامۆستاکان و رەگەز ناسەکانەوە بکرێتەوە و بە شێوەیێکی زانیاری و هۆکاری هونەرە تازەکان گرنگی دایکایەتییان بۆ روون بکرێتەوە.

ئاشکرایە لە نێوان چینی ژن و چینی پیاوا، ناکۆکیێکی نەبڕاوە لەم بارەوە داگرساوە، پێویستە لە سەر مرۆڤە ژیرەکان بە هۆی دیاری کردنی شێوازی راستی بەرهەم هێنانی جێلێکی نوێ، بە بۆچوونێکی زانیارانە لەو بارەوە و بۆ دابین کردنی باشترین شێوەی بەرهەم هێنانی نوێتفە، هەر دوو چینی پیاو و ژن وریا بکەنەوە و ئەم ئاگرە بکوژێننەوە و یاسایێکی راستە قینەی رەگەزناسی شارستانیەتێکی تازەی تر دامەزرێنن..

باسی دەیەم

هەر ئاگادارێیك یا وریا کردنەوەیێك لة پێستەوە بەر هەستی ئادەمیزاد بکەوێت، خێرا لەلایەن ئامێرێ دەمارەکانەوە مێشك تۆماری ئەکات و لەلایەن ئەندام و ماسولکەکانەوە وەڵامی خۆی ئەدرێتەوە.

ئادەمیزاد بۆ تێکوشان لە پێناوی مانی خۆیدا زیاتر ئەقڵی بەکارهێناوە تا لەشی، بە درێژایی تێکوشانەکەی متمانەی لە سەر ئەندامەکانی لەشیەتی وەکو ئەقڵ، سیەکان، لووی ئەندۆکرین و ئەوانی تر، نەیتوانیوە بەکاریان نەهێنی. وەکو ماسولکە و دەست و ئەندامەکانی و شتەکانی کاریان پێ ئەکا تەنانەت چەکەکانیشی.. هەتەد، بۆ بە کار هێنانی هەمو ئەم ئامێرانە، ئادەمیزاد خاوەنی دوو ئامێرێ زۆرگرنگ ترە:

یەك- کۆ ئەندامی سەرەکی یان کۆئەندامی ئامێرە درکاویەکانی مۆخی- بریتیە لە ئامێرێ ئادەمیزاد بەکاری دێنێ بۆ فەرمان دان بە ماسولکەکان بۆ ویستی خۆی بەکاریان بێنیت.

دوو- ئامێرێ سمپاوی[36]ئامێرێکی خۆکارە سەرپەرشتی و فەرمان ئەدا بە ئامێرە خۆکارەکانی لەش، لە هەمان کاتیشا متمانەی لە سەر ئامێرێ یەکەمە.

ئەم ئامێرانە بە جووتە قۆرسایی کارەکانی لەش، بە شێوەیێکی گونجاو و بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکانی لەش ئاسانکاری تێدا ئەنجام ئەدەن. کۆئەندامی سەرەکی پێکهاتوە لە مۆخی سەر و مۆخی ناو بڕەبڕەی پشت و بریتیە لە مادەیێکی سپی واشی نەرمی شێوە دەڵەمەیی زۆر ناسك، ناو مێشك و ناو بڕبڕەی پشتیان پڕکردوە، بە شێوەیێکی راستەوخۆ، کاریگەرە لە سەر دەماری ماسولکەکان و بە شێوەیێکی لاوەکی (غیرمباشر) کاریگەرە لە سەر دەمارەکانی ئەندامی لەش. لەم مادەوە وبە هۆی کۆمەڵێ دەماری ووردی زۆر هەستیارەوە، ئاگاداریەکان و هەواڵ و فەرمانەکانی دەرەوە و ناوەوەی لەش وەر ئەگرن و ئەنجامی ئەدەن، هەمیشە ئەو ناوەندیارە

---

[36]- سەمپەساوی – بریتیە لە کۆئەندامێکی دەماری بە هەر دوو دیوی ناوەوەی بڕبڕەی پشتا هاتوەتە خوارەوە و بەناو سنگو سکدا بلاوبوونەتەوە، کار ئەکاتە سەر هەموو فەرماتیکی خۆکاری ناوەوە، وەك لێدانی دڵ، هەناسەدان و گرژبوون و کشانی گەدە و ریخۆڵەکان و دەسەڵات ئەخاتە سەر هەموو ئەندامەکان.

دەماریانە لە گەڵ شوێنەوارا لە پەیوەندی کردنان و لە هەمان کاتا بە هۆی دەمارە جوڵێنەرەکانەوە فەرمان ئەدەن بە هەموو ماسولکەکان، بەهۆی ئامێزی سامپەثاویشەوە بۆ هەمو ئەندامەکان.

بۆ ئەنجامدانی ئەم کارانە، کۆمەڵێکی زۆر لە کڵافە دەماری زۆر ورد بە هەمو لەشا بڵاو بونەتەوە، سەرەکانیان باریکێکی میکرۆسکۆبیە و ئەگەنە هەمو خانەکانی پێست و دەور و بەری هەمو لووەکان و ناو ئامێزە دەردەرەکان (افرازات) و ئەگەنە ناو توێ دەمارە خوێن بەرەکان و خوێن هێنەرەکان، بۆ

هەموخانەکانی گەدە و ریخۆڵە و ئامێزە خۆکارەکان و سەروبنی هەمودەمارەکان بە ووردو درشتەوە، کە تۆڕە وردەکەی هەمو خانەکانی لەش ئەگرێتەوە، ئەمانە هەموی لەو خانانەوە سەرچاوە ئەگرن و پێکدێن ،کە بە زۆری لە ناو ئامێزی سەرەکی و هەر دوو ریزی گرێ لەمفاویەکانی سامپاوی وگرێ لەمفاویە بچوکەکانی ناو خانەکانی لەشا بڵاون، ئەم خانانە لە هەمو جۆرە خانە ئەبشیلیەکانی ترچالاکترو بە کارترن، هونەرەکانی دکتۆر (رامون کاگاڵ) توانی جوانترین پێکهاتەی ئەم خانانە بخاتە پێش چاو،

کە لەشێکی گەورەتر ولە سەر روی مێشك بە قەبارەی جۆراوجۆر و لە شێوەی شەپوری دا (هرم) ئەبینرین. لەشی ئەم خانانە زۆر ئاڵوزاوە (معقد) تا ئێستەش بەتەواوی ئیشەکانیان نەزانراوە، ئەم خانانە،لە شێوەی ریشاڵێکی زۆر وردا بڵاو ئەبنەوە، بریتین لە ریشاڵی موین و دەماری ریشاڵی، هەندێ لە دەمارە ریشاڵیەکان رووی ئەو مەودا درێژە دائەپۆشن ، روی ئامێزی درکیی لە بەشی خواروی بربڕە جیا ئەکاتەوە. ریشاڵی دەماری و ریشاڵی موین وخانەکەی دایکیان بریتیە لە (نۆرۆن) [37] خانەیێکی زۆر دیار و چالاکن.

دەزولەی خانەیێك، لەگەڵ دەزولەی خانەیێکی تر یەك ناگرن. وەکو لە فلیمی تایبەق سینمادا دەر ئەکەوێ سەرەکانیان لە شێوەی هێشوە پیازی زۆر وردا ئەبینرێن، هەمیشە لە سەر رووی لاسکەکەی خۆیان لە گەڕانان لەبەر وردی کەم ئەبینرێن. ئەمانە بە هۆی پەردەی

37–نۆرۆن – واتە خانەکانی مێشك

(سنباتیك) [38] لە گەڵ دواییەکانی خانەی تەنیشت خۆیان یارمەتی یەك ئەدەن، بەو هۆیەوە دەمار بە هەمو خانەکانی مێشکا بەرەو دوو مەودای (مسافة) تایبەتی بڵاو ئەبنەوە:

مەودای یەکەم / بریتیە لە رۆیشتنی ریشاڵیە دەماریەکان بەرەو ناوەندی مێشك .

مەودای دووەم/ بە پێچەوانەوە، بریتیە لە رۆیشتنی دەمارە ریشاڵیەکان و دوورکەوتنەوەیان لە ناوەند، ئەمانە لەم سەفەرەیانا لە پەردەی سنباتیکەوە تێپەڕئەبن و لە خانەێکەوە ئەچن بۆ خانەێکی تر، لەوهێشوە پیازانەی روی مێشکیش تێپەڕ ئەبن، لەم هاتوچۆیانەدا توشی دۆخێکی سەیر ئەبن.

پێویستە گرنگی کات یان (کرۆناکس) [39] کاتی تایبەتی هەمیشە لە ناو خانە دەماریەکانی تەنیشت، یان لە ناو خانە دەماریەکان و ریشاڵە دەماریەکانا هەبێت. هەروەها هاتوچۆی زۆر لە نێوان دەمارەکانی دوو خانە ئەگەر ماوەکانیان (زمن) وەك یەك بێ، روو نادات، هەروەها ماوە لە نێوان ماسولکەو دەمارەکانی ماسولکە نابێ وەك یەك بێ، بۆ نمونە: ئەگەر بە هۆی ژەهری [40] (کورێر یان ستڕکنین) [41]** کاری نێوان ماسولکە و دەمارەکانی چون یەك کرا، هێزی چالاکی ناگاتە ماسولکەکە و توشی شەپڵە ئەبێ، با ماسولکەکەش ساغ بێت.

ئەم پەیوەندیە جار بەجارلەنێوان دەمارو ئەندامەکانا، بۆکاریگەری ئەندامەکان لە سەر ژیانی رۆژانە پێویستێکی هەمو کاتیە. ئێمە تا ئێستەش وەکو زانا، نازانین لە کاتی ئازارا، یان خۆشی، یان ناخۆشی، یان تورەیی، یان ترس، یان بمانەوێ ئەندامێکمان بجوڵێنین، لە ناومێشکا چی روو ئەدات؟

بەڵام ئەزانین جیاوازی کاریگەری شەپۆلەکانی کارەبای ناولەش، لەکاتی چالاکیدا، بە درێژایی ماسولکەدا ئەڕوات. دکتۆر(ادریان) توانی لە ناو چەند ریشاڵێکی لە لەش دابڕاو، ماوەی رۆیشتنی شەپۆلە سەلبیەکان (-) لە کاتی هەست کردن بە ئازار دیاری بکات چۆن بەرەو مێشك ئەکشێن.

38- سنباتیك – پەردەی پێك گەیشتن.

39- کرۆناکس - گرنگی دان بە ماوەی کاری خانەکان.

40- کۆرێر – جۆرە ژەهرێکە

41- استرێکنین – مادێکی ژەهراویە لە تۆکڵی دارێکی تایبەتی (گوێزی رشێنەرەوە) دەر ئەهێنرێت.

خانەکانی مێشك بە هۆی ئێستگەیێکی تایبەتیەوە، وەکو ئێستگەی کارەبا، پێك ئەگەن و تێکەڵ بە یەك ئەبن، ئینجا ئەبن بە دوو بەشەوە:

یەك- بەشی وەرگر(استقبال) لە گەڵ خانەی دەماری جوڵێنەر، هەڵئەسن بە وەرگرتنی ئاگاداری و وریاکردنەوە لەڕِوداوەکانی دەرەوە و تۆمارکردنی لە ناو مێشکا و جێ بەجێ کردنی ویستەکانی لەش لەو بارەوە.

دووەم بەش- بریتیە لە خانە یەکگرتوەکانی مێشك ، پێکهاتوە لە ژمارەیێکی زۆرگەوەرە وگرێدراو تائێستە ئەقڵی خۆدی ئادەمیزاد پەی پێ نەبردووە و زانیاری زاناکان لە بارەی مێشکی مرۆڤەوە، تەنها گەیشتوەتە ئەوەی بە هەموو دەستە پاچەیێکەوە پێ ئەوەی تەریق بنەوە، بڵێن " مێشکی ئادەمیزاد بە قەد هەمو جیهان گەورەیە". مادەی مێشك نزیکەی / دوانزە هەزار ملیۆن / خانەیە، هەر خانەیێکی بە هۆی دەمارێکی ریشاڵیەوە پەیوەستە بە خانەیێکی ترەوە، هەر ریشاڵێکیش چەند لقێکی لێ جیا بوەتەوە، هەمو ئەم خانانە لە ناو یەکا بە هۆی ریشاڵەکانیانەوە چەند هەزار ملیۆن جارێ پەیوەندی لە گەڵ یەکتری ئەکەن، هەر زانیاری ئەو خوایەی رێکی خستوە ئەزانێ، چۆنە و بۆچی؟

ئەم کۆمەڵە خانە گەورە ورد و ریشاڵیە میکرسکۆبیە نەبینراوانە، لە گەڵ ئەو هەمو ئاڵۆزیە سەر سوورێنەرەی قەت ناکرێتەوە، زۆر بە وردی و رێك و پێکی و بە هەمویان و بە یارمەتی یەك، ئیش وکاری خۆیان ئەنجام ئەدەن، بەبێ یەك تۆزقاڵ هەڵە، هەر وەك بریێ بن لە یەك خانە.

ئەو زانایانەی تا سنورێ، لە ئێنیەکانی دنیای گەردیلە گەیشتوون، تا ئێستە لە هەزار یەکێکی مێشك نەگەیشتوون، هەمو وەڵامێکیان بۆ زانیاریان لە بارەی ئەقڵەوە ئەوەیە و ئەڵێن " ئەقڵ دیاردەیێکی زۆر سەرسوڕێنەوە و زانینەکەی لەو پەڕی سەختیدایە.

کارەگرنگەکان کە ناوەندی مێشك ئەنجامی ئەدات،بریتیە: لە شێوەیێکی گونجاوی وەڵامدانەوەی، داواکان و ئاگاداری لەشوێنەوارەوە، وەری ئەگرێ، واتە بەرهەمی بەرپەرچدانەوە (انتاج رد الفعل الانعکاسی) ئەنجام ئەدەن، بۆ نمونە: ئەگەر سەری بۆقێ بڕێن و دەرزییێك بکەن بە پەنجەیێکی قاچیا، یەکسەر قاچەکە ئەجوڵێ و لە دەرزییەکە دوور ئەکەوێتەوە، ئەم دیاردەیە بریتیە لە بوونی کەوانەیێکی بەرپەرچ دانەوە (قوس انعکاسی) بریتیە لە دوو خانەی مۆخی، یەکێکیان خانەی هەست، ئەوی تریان خانەی جوڵێنەر، لە کاتی پێویستا

هەردوکیان لە ناو بڕبڕەدا یەك ئەگرن وکاری بەرهەڵست ئەنجام ئەدەن. بەڵام لە هەموو شوێنێکدا کەوانەی بەرپەرچ بەو جۆرە ئاسایی نیە، چونکە خۆی بریتیە یان لە یەك خانەی مۆخی و خانە جووڵێنەرەکەی، یان لە هەندێ خانەی یەکگرتوو لەتیوان خانە مۆخیە هەستدارەکان و خانە جووڵێنەرەکانا، ئامێژەکانی خانە مۆخیەکان بەرپرسن لە گێڕانەوەکانی (انعکاسات) هەناسە دان وقوتدان و وەستان و رۆیشتن، هەروەها بەرپرسن لە زوربەی ئەو ئەنجامدانە خۆکارانەی لە ژیانی رۆژانەمانا، لەش ئەنجامی ئەدات، زوربەیان خۆکارن و هەندێکیشیان هەست کاریگەری ئەکاتە سەریان، بۆنمونە: هەناسەدان کردارێکی خۆکاریە، بەڵام ئەگەر تەرکیز بکەینە سەر هەناسەدانەکەمان، بێشك یاساکەی ئەگۆردرێت،* بەڵام ئازادی تەواو لە خۆکاریەکانی دڵ،گەدە، ڕێخۆڵەدا هەیە و لەژێر دەسەڵاتی خۆمانا نین. لەگەڵ ئەویشا ئەگەر بێتو بەتەواوی کرنگی بخەینە سەریان لەوانەیە هەندێ کاریگەری لە خۆکارەکانیاندا ڕوبدات، ئێمە کاتێ بمانەوێ بە هۆی ماسولکەکانەوە بریار بدەین، راوەستین، بڕۆین، راکردن ئەنجام بدەین، پێشەکی ئەو ویستە لە مێشکا تۆما ئەکەین ماسولکەکان فەرمان لە مەغزی درکاوی وەر ئەگرن، ئەویش بە متمانە و یارمەتیدانی مێشکۆلە (مخیخ) فەرمانەکە جێ بە جێ ئەکات.

مێشکۆلە وەکو مەغزی درکاوی گرنگی نادا بە کردارەکانی ئەقڵ. روی دەرەوەی مێشك (سحایة) لە شێوەی فسیفسا ئەندامێکی سەر بە مێشکە وپەیوەندی لەگەڵ هەمو بەشەکانی لەشدا هەیە. تەنیشتی مێشك بەشێکە لە ئەقڵ، بە ناوچەی /ڕولاند/ ناو ئەبرێت، ئەم بەشە هەڵئەسێ بە ئەنجامدانی هەستی تێگەیشتن و جموجۆڵ کردن و ڕێك خستن وکار پێکردنی ئەو زمانەی ئەوکەسە قسەی پێ ئەکات.

بەشی پشتەوە و سەرەوەی سحایە، بریتیە لە ئێش وکاری بینین،کاتێ ئەو ناوچەیە توشی زیان یان بریندار ئەبێ، یا خوێنی بەرئەبێت، هەمو ناوچە پەیوەندیدارەکان، لە پەیوەندی دائەبڕێن و توشی شپرزەیی و پەلەکردن ئەبن، هەروەها ئەگەر ئەو ریشاڵانەی ناوەندی مۆخ ئەبەسن بە بەشی خوارەوەی بڕبڕەی پشتەوە، هەرجۆرە ڕوداێ ببێتە هۆی پساندنی ئەو ریشاڵانە، بە هەمان شێوە پەیوەندی لە زوربەی شوێنە گرنگەکانا نامێنێ و جۆرە ڕەتکردنەوەیێ لە بەشی سحایەدا

دروست ئەبێ، پرۆفیسۆر (بافلوف) ناوی ناوە بەر پەرچ دانەوەی مەرجی/الانعکاسات الشرطیة)

بۆ نمونە: کاتێ سەگ قەپ لە خواردن ئەگرێ، دەمی پڕ ئەبێ لە لیك. وە ئەگەر ئەو سەگە چاوی بکەوێ بەو کەسەی خواردنی ئەداتێ، تەنانەت بێ ئەوەی خواردنیشی بۆ هێنابێت، هەرکە چاوی پێی کەوت دەمی پڕ ئەبێ لە لیك، بەمە ئەڵێن، بەر پەرچی دەستکەوتو، یان مەرجی(انعکاس المکتسب او الشرطی)، ئەم تایبەتمەندیانەی مێشکی ئادەمیزاد و هەندێ ئاژەڵ، ئاسانکارییکی خێرایە بۆ فێربوون. ئەگەر روی مێشك لابرا، بەرپەرچی تێدا نانێژرێت. ە راستیدا، زانیاری ئێمە لەم بارەوە، هێشتا سەرەتاییە. چونکە ئێمە نازانین پەیوەندی نێوان هەست و مێشك لە کاتی کپ کردنی هەڵچون، مێشك چۆن کاری تێدا ئەکات؟ یان کپ بوون بگۆڕین بە هەڵچوون و تورە بون، لەمانەدا مێشك دەوری چیە؟ لە هەمو ئەمانە سەرنج راکێشتر ئەوەیە، ئەو دیاردە گرێدراوانەی ئەقڵ تێی ناگات، سەرچاوەکەی هەر هەمان ئەقڵە، ئەی بۆچی تێی ناگات؟ هەروەها بیرکردنەوە چون دروست ئەبێت؟ مێشك و هەموو مەغزی دڕکاوی، لەگەڵ هەمو دەمار و ماسولکەکانیاندا، ئەندامێکی نەزانراون، ماسولکە و کارەکانی بریتین لە بەشێك لە ئەقڵ و یارمەتی لە ئەقڵ وەرئەگرن. ئەقڵی ئادەمیزاد بە یارمەتی ئێسقانەکان توانی دەستەڵات بخاتە سەر جیهان، خوای مەزن ئەوەندەی هێز بەخشیوە بە ئادەمیزاد، ئەتوانێ بەهۆی پێکهاتەی قەبارەکەیەوە، لە هەمو شوێنەوارێکا ژیان بەرێتە سەر.

جوار پەلی ئادەمی لە چەند نوێڵێ (عتلة) پێکهاتوە و بریتیە لە سێ بەش: بەشی سەرەوە، لەسەر لەوحەیێکی گەڕۆك دامەزراوە، ئێسقانی سێ بەنگە ئێسقانێکی رەقە وناجۆڵیت و ئێسقانی قاچەکانی پێوەبەندە، بە درێژایی ئەم ئێسقانانە وبە هەمو لایێکیاناوبە ماسولکەیبە ئێسقانەکانی دەستەوە جۆراوجۆر ماسولکە هەیە و بەستراوە بەو دەمارانەی دەست و پەنجەکان ئەجوڵێنن.

دەست ئیش و کاری گرنگ و جوان ئەنجام ئەدات، لە کاتی ئیش کردنا کاری هەستیاریش ئەنجامئەدات. ئەگەر بەهرەی دیتنی پێ ببەخشرێت،[42] وەك چاو توانای دیتنی هەیە.

پێویستی دەست خاوەنی پێستێکی تایبەتی هەستیار و ماسوولکە و ئیسقانێکی ئەوتۆیە بە ئاسانی چەك و شتومەکی ژیانی خۆیان دروست ئەکات.

لەش خاوەنی دوو دەستە، دواهاتنی هەر دەستێك بریتیە لە پێنج نوێڵ، هەرنوێڵەی سێ جومگە، و بە هەمویان پەنجەیان لە سەر ئیسقانی لەپ و مەچەك دروست کردووە، بە یارمەتی ئەم ئەندامە گرنگانە، توانیمان بە سەر مادەدا زاڵ بین.

ئەندامەکانی دەست لە گەڵ هەموکارێکی سوك و قورسا خۆی گونجاندووە، بۆ وردترین و جوانترین ئیش، هەمیشە باشترین هونەری بەکار هێناوە. لە سەدەکانی دەوری بەردا، لە باتی چەقۆ بەردە ئەستێی (حجرالصوان) [43] بەکارهێناوە بۆ راو وکارو باری ژیانی خۆی، دوای ئەوە،کرا بە شتومەکی ئاسن وەکو پیك ،گاسن ، چەقو ، شیر،ە تیروکەوان ..هتد، بۆ شەڕکەرەکانی سەدەی ناوەند، ئەو دەستە هەر

کاری کرد تا گەیشتە گرتنی ستێرنی ئۆتۆمبێل و فرۆکە و شتە پێشکەوتووەکانی تر و فرین بۆ گشت لایێکی جیهان و هەروەها بۆ ناو قوڵایی گەردونیش..هتد. هەر هەمان ئەندامە ئادەمیزاد ئەکوژێت، ئەبەخشێت، دزی ئەکات، زەوی تۆو ئەکا نارنجۆك فرێ ئەداتە ناو سەنگەرەوە.

42– چاوی پەنجە– ئەم دیاردە سەر سورپێنەرە بریتیە لەبەهرەی هەندێ هۆکاری روحی، بە توانا، کە بە هۆی پرۆڤەی یۆگا و پرانایامای هەناسە، یان خەڵاتی خوایی، ئەبن بە خاوەنی ئەو بەهرە گرنگە، کە بە هۆی سەری پەنجەکانیشیانەوە و بەچاوی بەسراوەوە شت ئەبینن و شت ئەخوێننەوە، بێجگە لەوە دەیان جۆر هۆکاری روحی هەیە، خاوەنی بەهرەی وان کە بووە بە هۆی سەر سوڕمانی هەمو زاناکان.

43– حجرالصوان– بەردە ئەستێ، بەردێکی رەقی سلیکییە، بریتیە لە سلیکا، لە پیشەسازی سلیکادا بەکاردێنرێ، کوردەکان پێش داهاتنی شقارتە، بۆ ئاگر کردنەوە یا توتن کێشان بە سەبیلە، لە گەڵ پارچە ئاسنێکی پۆڵا و کەمێ لۆکە یا پوشو، کە بریێ بو لە کلۆرێ رزیوی دار، ئەیانخستە سەر بەردەکە و بە ئاسنەکە لێیان ئەدا، ئاگری لێ ئەبووەوە و لۆکەکە دائەگرسا و ئەبو بە ئاگر.

هەروەها لە بارەی ئەندامەکانی قاچەوە، زۆرگرنگە و هۆیێکی سەرەکیە بۆ هەمو جموجۆڵەکانی ژیانمان وەکو قورمیشی کاژمێر، هەڵمان ئەسوڕێنێ، توانای هەڵگرتنی قەبارەی لەشی لە ئەستۆی خۆی گرتوە، بۆ سەر هەمو جۆرە زەوێیکی ساف و خلیسکی وەکو شانۆکان و لەخلیسکانەی سەر بەفری شاخەکان و لە هاتنە خوارەوەی شاخەکانی (روکی)و پێچ و پەناکانی پارکی(ئەڤینو) بە هۆیانەوە ئەتوانین ڕا بکەین، وەرزش بکەین، بە سەر شاخا هەڵگەڕێین، مەلە بکەین، هەروەها بۆ هەمو شوێنێکی جیهان گەشت و گەڕان بکەین.

بێجگە لە دەست و کارە گرنگەکانی، ئامێزئەندامێکی گرنگی تر هەیە لە لەشا، پێکهاتوە لە مادەی مۆخ و دەمار و ماسولکە و هەندێ کرکراگە، ئەم ئامێزە شان بە شانی دەست دەوری گرنگی هەیە لە سەروەری ئادەمیزاد و دەسەڵات خستنە سەر بوونەوەری جیهان، ئەم ئامێزە بریتیە لە زمان و قورگ وبە یارمەتیدانی ئامێزە مۆخەکان، هۆیێکی گرنگن بۆ ئەوەی ئادەمیزاد بەهۆی قسە کردن لەگەڵ هاو ڕەگەزی خۆیا پەیوەندی ئەنجام بدا، بەهۆی دەنگ و زمان و قسە کردن و هونەرەکانی دەستی، بو بە هۆی فراوان بوونی ئەقڵ و هۆشی. بەشی مۆخیی دەست و زمان و قورگ کەوتوەتە ڕوبەرێکی پان لە ناو مێشکا، لە کاتێکا ناوەندی تایبەتی جڵەوێ کاری نوسین و قسە کردن ئەگرێت و بریار لە سەر ئەنجامدانی کارەکانی ئەدا و ڕێکیان ئەخا، سنور بۆ هەریەکێ لەوکارانە دابین ئەکا، بە هاوبەشی وبە بێ هەڵە و تێکەڵ بونی کارەکان، هەر یەکە بەشی خۆی لە هەمان ساتا ئەنجام بدات، بۆ ئەمە یاسایێکی سەر سووڕێنەر بە کار دێنرێ.

هەروەکو ئەبینین لە ژیانی ڕۆژانەدا، ئادەمیزاد جۆرەها کار ئەنجام ئەدات، هەر جۆرەی، بەشێێکی تایبەتی جیاوازی ئەقڵ بەرێوەی ئەبات، وەکو لە کاتی قسە کردن، کاری نوسین، یان ڕۆیشتن یا ڕاوەستان یا ڕاکردن و زۆر شتی تر هەمووی پێکەوە ئەنجام ئەدرێن، بە ئەنجام دانی هەرکارێ، هەمو ماسولکەکانی سەر بەو شوێنکارانە، لە شێوەی گرژ بۆنێکی ڕێك و پێك و سەیرا، بە هاوکاری یەکتری و یارمەتی ئەقڵەکانی ئەوشوێنانە هەڵئەسن بە جێ بەجێ کردنی کارەکانیان. سەڵێندراوە پرۆڤەی تایبەتی هەیە بۆ بەهێزکردنی ئەقڵ و هۆش، وەکو لەکتێبە

فەلسەفیەکانی یۆگادا بەدوورو درێژی باسکراوە، وەکو پرۆڤەی لەسەر سەر وەستان، پرۆڤەکانی هەناسە (پرانایاما) و بیرکردنەوە (تامل)و شەترنج.. هتد، هەر بۆیە ئەرستۆ لەگەڵ قوتابیەکانی، زوربەی کێشە وگرفتە بنەڕەتیە فەلسەفەکانیان لەکاتی پیاسەدا شی ئەکردەوە.

وا دەرئەکەوێ هیچ بەشێکی ناوەندی مۆخ ناتوانێ بە تەنیا کار ئەنجام بدات. چونکە ریختۆڵەکان و ماسولکەکان و بڕبڕەی پشت و مۆخ، هەمو پێکەوە کارەکان ئەنجام ئەدەن. ماسولکەی قەبارە متمانەی لە سەرکۆمەکی ئەقڵ و بڕبڕەی پشت و زۆر ئەندامی تر. فەرمانەکانی لە ئامێری مۆخی سەرەکی و چالاکیەکانیشیان، لە دڵ و سیەکان وئەندۆکرین و خوێن وەر ئەگرن، وە بۆ ئەوەی بتوانن داوا سەختەکان جێ بەجێ بکەن، داوای یارمەتی لە هەمو ئەندامەکانی لەش ئەکەن.

باسی یانزەیەم

ئامێزی دەمارە خۆ کارەکان ،توانا ئەدەن و رێگا خۆش ئەکەن بۆ هەموو ئەندامەکانی لەش، بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارە پەیوەندیەکان لەگەڵ جیهانی دەرەوەی لەش، ئێمە دەستەڵاتمان بە سەرکارکردنی هەندێ لە ئامێرە خۆکارەکاندا نیە وەکو گەدە- جگەر- دڵ-..هەتەد، هەروەها ناتوانین هەر لە خۆمانەوە لە ئەستوری دەمارێکی خوێنبەرکەم کەینەوە، یا زیادی بکەین، یا نەزمی لێدانی دڵ بگۆڕین، یان خۆمان لە ئیش و کاری ڕێخۆڵەکان هەڵ قوتینین، بەهرەی خۆکاری ئەم ئامێزانە ئەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئەو کەوانە رەت کەرەوانەی لە ناو ئامێرەکانا هەیە، ئەم ئامێرە ئاقڵانە لە ناو خانە هێشوویە بچوکەکانی ناو خانەی مێشکدان، و بە ناو هەمو چنراوەکان و ژێرپێست، و بە دەوری دەمارە خوێنینەکانا و هەمو شوێنێکی لەشا بڵاو بونەتەوە، هەروەها لە ناو لەشا بێشمار، ناوەندی رەتکردنەوە هەیە، بەرپرسن لە خۆکاری ڕێخۆڵەکان و متمانەیان تەنها لە سەر ئازادی خۆکاری خۆیانە بۆنمونە: ئەگەر یەکێ لە گرێکانی ڕێخۆڵەی لەشێك دەربێنن وگرێێکی دەستکردی بۆ دانێن، ئەبینین ڕێخۆڵە ئیشی خۆی بەتەواوی ئەکات، ئەگەر بە یەکجاری برێمان و لە لەشەکەمان جیاکردەوە، لە گەڵ ئەوەی بە هیچ دەمار یا ریشاڵێکەوە پەیوەند نیە بە لەشەکەوە،کاری خۆی هەرئەکات، چونکە هەمو شوێنیکی ئەو ئەندامە بەهرەی خۆکاری و سەربەستی دراوەتێ، لە بەرئەوەیە ئەگەر بەتەواوی لە لەش جیاکرایەوە، تا ماوەیێك کارهەر ئەکات.

ئەم ئامێزانە بە هۆی ریشاڵی زۆرەوە پەیوەستە بە هەر دووگرێکانی لەمفاوی سەمپاوی پێشەوەی برپڕەی پشت، هەروەها پەیوەستە بە گرێی لەمفاوی بۆریەکانی دەوری سکەوە، ئەو خانە هێشوییانە، بە هەمو شوێنێکی لەشا بڵاو بونەتەوە، ئیشوکارەکان رێك ئەخەن.

ئەگەر شوێنێکی لەش بۆ ئەنجامدانی کارێکی سەخت، پێویستی بە چالاکی زیاد لە توانای خۆی بوو، ئەقڵ بە هۆی برپڕەی پشت و لەمفاویەکانەوە ئەو یارمەتیە ئەنجام ئەدات. ئەگەرچی گەدە متمانەی لە سەرکۆ ئەندامی دەماری سەرەکیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشا تا سنورێ لە

کارکردنی خۆیا ئازادە، بۆ نمونە: ئەگەر سیەکان و دڵ و جگەر و پانکریاس و ڕێخۆڵەکان و سپڵ و گورچیلە و میزڵان و دەمارەکانیان، لە لەشی سەگێك یا پشیلەیێك هێنایە دەرەوە،

ئەبینین دڵ لە لێدان ناکەوێ و خوێنیش ئەگەڕێت، وە ئەگەر ئەم ئەندامانە بخرێنە ناوگەرماوێك و بە شێوەیێکی زانیارانە ئۆکسجینیان بدەینێ، ژیانیان تێدا بەردەوام ئەبێت و دڵ کار ئەکات و ڕێخۆڵەکان دەست ئەکەن بە هەرس کردن، ئەگەر ڕێخۆڵەکان لە کۆ ئەندامی دەماری سەرەکی، بە شێوەیێکی زۆر ئاسایی جیا بکەینەوە، وەکو زانا (کانون) هەستا بە لابردنی هەمو زنجیرەی سەمبەساوی لەشی پشیلەیێکی زیندوو، ئەو ئاژەڵانەی ئەم تاقیکردنەوەیان تێدا ئەنجام ئەدرێ، تەنها لە ناو قەفەسا لە ژیانان و تەندروستییان باش ئەبێ، بەڵام ئەو ئازادیە لە ژیانیانا نامێنێت یارمەتی لە دڵ و سیەکان وەرگرن، بۆ بە هێزکردنی چنگ و دانەکانیان ۆ پەرە پێدانی ژیانیان.

جوت زنجیرە هێشوییەکانی سەمبەتاوی پەیوەستە بە ئامێزی مۆخی بڕبڕەوە، هەروەها بە هۆی چەند لقێکەوە، ئەگات بە ناوچەکانی مادەی مۆخی سەر و پشت و سێ بەنگە(حوض). دەمارەکانی سەمبەتاوی یان خۆکاری ناوچەکانی سەر، لەگەڵ سێ بەنگە، بەمانە ئەڵێن (پاراسەمپەساوی) بەڵام ئەوانەی تایبەت بەپشتن، پێی ئەڵێن(سەمپەساوی) ئەم دوو بەشە هەمیشە دژی یەك و پێچەوانەی یەك کارئەکەن و کارەکانیان لە یەك جیاوازە:

پاراسەمپەساوی لێدای دڵ هێواش ئەکاتەوە.

سەمپەساوی لێدانی دڵ خێرا ئەکات.

پاراسەمپەساوی ڕەشێنەی چاو ئەکاتەوە.

سەمپەساوی ڕەشێنەی چاوگرژ و بچوك ئەکاتەوە، بەڵام بۆ ڕێخۆڵەکان بە پێچەوانەوە:

پاراسەمپەساوی جمۆجۆڵی ڕێخۆڵەکان زیاد ئەکات.

سەمپەساوی جمۆجۆڵەکەیان هێواش ئەکاتەوە.

بەهۆی زاڵبوونی ئامێزێکیان بەسەر ئەوی تریاندا، مەزاجی جۆراوجۆر لەوکەسەدا پەیدا ئەبێت، چونکە ئەنجامدانی کارەکانی لەش و هەستەکان لە ژێر دەسەڵاتی یاسای ئەم ئامێزانەدایە، بۆ نمونە:

سەمپەساوی لە کاتی هەڵچون و توڕە بونا، دەماری خۆێنبەرەکان تەسك ئەکاتەوە، ڕەنگی کەسەکە زەرد هەڵئەگێڕێ یان لە کاتی نەخۆشیدا، پێستی ئەوکەسە سوور هەڵئەگەڕێ و

رەشێنەی چاو دێتەوە یەك و بچوك ئەبێتەوە. هەندێ لووی تریش، دەوری گرنگیان هەیە، وەکو لووی هیبوفایسس و لووی سوپەر ئەرینالْ، پێکهاتون لە خانەو دەمار،ئەم دوو لووە لە ژێر دەستەلاتی سەمپەتاوی دان، هەروەها لووی ئەدرنالین وەکو سەمپەتاوی ئەبێ بە هۆی گرژ بوون دەمار. ئامێزی دەمارە خۆکارەکان دەستەلاتی خستوەتە سەر هەمو ریخۆلەکان، بە هۆی ریشالەکانی سەمپەساوی و پاراسەمپەساویەوە کاری ریخۆلەکان ئەنجام ئەدرێت. لە لاپەرەکانی داهاتودا، رووبی ئەکەینەوە، ئەو یاسایەی هێزی خۆراگرتن ئەد ابە لەش، زیاتر موتمانە ئەکاتە سەر ئامێزی سەمپەتاوی..

ئامێزی خۆکار پەیوەستە بە کۆئەندامی دەماری گشتیەوە (الجهازالعصبی الرئیسی) دەستێکی بالای هەیە لە چالاکی ئەندامەکاندا و بریتیە لە نوێنەری ناوەندیاری بناغەی مێشك. ئەو ناوەندە، دروستکەری هەستی سۆز و خۆشەویستیە. ئەگەر روداوێك یا بریندارێك لەو ناوچەیەدا روو بدات، ئەبێتە هۆی هەندێ شپرزە بوون ودواخستنی کارەکان.

دەرکەوتوە هەستی بەزەیی و خۆشەویستی بەهۆی لووی ئەندۆکرینەوە روو ئەدات. هەروەها ئەندوکرین ئەبێتە هۆی دروست بوونی هەستی شەرم ، ترس ، رق ، ئەم هەستانە کار ئەکەنە سەردەمارە خوێنینەکانی پێست و رەنگ زەردی، یان سوور بونەوەی دەم وچاو، خاوبوونەوەی رەشێنەی چاو، یان گرژبوون و بچوك بونەوەی .لەم بارودۆخەدا هۆرمۆنی ئەدرنالین ئەرژێتە ناو خوێن و دەردراوەکانی ریخۆلەکان لە کار ئەکەون..هتد.

هەروەها بارودۆخی هەستەکانمان کاریگەرییکی ئاشکرا ئەکەنە سەر کارەکانی ریخۆلە و هۆکارن، بۆ دروست بوونی نەخۆشی، هەروەها بە هۆی نەخۆشیەکانی شپرزەیی مێشك (اضطرابات عصبیة) و ناجۆر بونی، گەدە، دڵ و ئەوانی تری لێ دروست ئەبێ. چونکە سەربەخۆ بونی سەمپەساوی وجیابونەوەی لە ئەقڵ، ئەبێتە هۆی لاوازی ئامێزی سەمپەساوی. کە بە بێ یارمەتی ئەقڵ، ناتوانێ بە تەواوی پارێزگاری ئەندامەکانی لەش بکات، بە تایبەتی لە کاتێکا کە مێشك توشی شپرزەیی یان چەڵەمە ئەبێت.

هەموو ئەندامەکان خاوەنی جۆراوجۆر دەماری هەستیارن، هەموهەواڵ و هەستێکی دەرەوەی لەش ئەنێرن بۆ ناوەندی مێشك و هەندێکی تایبەتیش ئەنێرن بۆ ئەقڵی دەرون (العقل الباطن) [٤٤] .

جاری وا هەیە هەندێ ئاگاداری لەلایەن هێزێکی شاراوە، لە ئەندامەکانمانەوە دەرئەچێت، ئەگەرچی هەندێکیان تەنها بە لای هەستا تێ ئەپەڕێ، بەڵام بەگوێرەی بارستایی هەواڵەکە رەنگ دانەوە لە سەر بیرو هۆش وکرداری رۆژانەمان بەجێ دێڵن، هەندێ جاریش هەست بە مەبەستەکە و هێزە شاراوەکە ناکرێ، بە تایبەتی ئەگەر سەر بە ئەقڵی دەروون بێت، زۆرجار مرۆڤ بە بێ هۆ هەست ئەکات کارەساتێ رووە ئەدات، یان هەر لە خۆیەوە هەست بە دڵ خۆشییێکی زۆر ئەکات، وا دەر ئەکەوێ، هەستێکی نادیار خاوەنی ئەم هەواڵە نادیارەیە، یان لە پڕ ئەندامێکی لەشمان زەنگی مەترسی لێئەدات، یان مرۆڤ کاتێ تەندروست یان نەخۆشە،کتوپڕهەستێ دایئەگرێ، وا ئەزانێ گیانی لەمەترسیدایە و مردنی نزیك بوەتەوە. دور نیە ئەم هەواڵانە هەندێکیان لە هەستی بەرزی دەرونەوە /الشعور الباطن الرئیسی/ بێت، زۆر جار هەواڵەکە راست دەرئەچێ.

ئاشکرایە کارەکانی سەمپەتاوی وەکو چۆنیەتی چالاکی ئەقڵی دانیشتوانی ناو شارێکی ئەم سەدەیە لاسەنگە.

---

[44]-العقل الباطن- لاشعور- ئادەمیزاد دو لەشی هەیە:

ا . لەشی فیزیقی یا مادی بریتیە لەم لەشەی کە لە بەر چاو و دەستمانایە، کە بریتیە لە پێست و گۆشت و ئیسقان،

ب. لەشی اثیری یا تیشکی کە لەشێکی روحیە و لە گەڵ لەشە مادیەکەدا خانە بە خانە تێك هەڵکێشراون، بەڵام لە کاتی مردن یا نوستن یا بیهۆشی دێتە دەرەوە، ئەم لەشە تیشکیە هەڵگری روحە و خاوەن دەسەڵاتیکی بێ سنورە، ئاگاداری هەمو هێنیەکان و پێش بینیەکانی جیهانە، چونکە ئەقڵی دەرون سەر بە لەشە تیشکیەکەیە، کاتێ لەشی تیشکی لە دەرەوەی لەش بێ، هەمو دەسەڵاتیکی هەیە، بەڵام لە ناو لەشە مادیەکەدا بەندە و وەك ناوەندە روحیەکان کپ کراوە، وە هەستی پێ ناکرێ، بۆیە پێی ئەڵێن- لاشعور- کاتێ ئەو کەسە ئەمرێ، لەشە مادیەکەی ئەخرێتە ژێرگڵەوە و لەشە اثیریەکەی رزگار ئەبێ، ئەمە ئادەمیزادە راستەقینەکەیە، کە لە گەڵ روحەکەدا بەرز ئەبێتەوە بۆ جیهانی ئەرواح.

ئامێرە خۆکارەکانی ناو لەشمان توانای ئەوەیان نیە پارێزگاری دڵ وگەدە و ریخۆڵەکان و لووەکان بکەن لە روداوە ناخۆشەکانی ژیان. بەڵام هەر ئەم ئامێرە خۆکارەی ئادەمیزاد، لە ژیانەکانی سەرەتاییدا، کە شارستانیەت بوون نەبووە، توانای پارێزگاری تەواوی تێدا بووە، لە هەمو جۆرە نەخۆشییەك پارێزگاری و ئاگاداری ئەکردن، تەنانەت لە مەترسی ئاژەڵی درندەیش، بەڵام ئێستە ناسك بونەتەوە، یان سەدەی تازە وشارستانیەت ئامێرە خۆکارەکانییشی لە خشتە بردووە و ناتوانن بەربەرەکانی قۆرت و چەڵەمەی ژیانی سەدەی تازە بکەن..



باسی دوانزەیەم

لەشی ئادەمیزاد بە شێوەیێکی ئاسایی دێتە پێشچاو، بەڵام لە راستیدا لە هەمو ئاڵۆزاوێ ئاڵۆزترە-

پێکهاتەی ئادەمیزاد بریتیە لە یەك گرتنێك و پێك هاتەیێکی زۆرگەورە لە خانەی جۆراوجۆر، هەر جۆرێ لەوانە بریتیە لە چەند ملیۆنێ خانە، ئەمانە هەرهەمووی لە ناوتێکەڵەیێکا نوقمن و پێکهاتووە لەکۆمەڵێ مادەی کیمیاوی، هەندێکیان ئەندامەکان دروستێ ئەکەن، هەندێکی تریشیان لە مادەکانی خواردنەوە وەر ئەگیرێن، خانەکانی لەش بە هۆی فەرمانی کیمیاوی، یان دەردراوە، هەر لایە لە گەڵ خانەکانی لایەکەی تری لەشا هەمیشە لە پەیوەندیدان. هەر هەموو ئەو خانانە بەهۆی کۆئەندامی دەماریەوە(الجهازالعصبی) یەکیان گرتوە. زانیاری تازە بۆی دەرکەوتوە ئەم کۆمەڵە خانە لەو پەڕی ئاڵۆزیدا ئاڵۆزن، لەگەڵ ئەوەشاگرنگترین وگەورەترین یەکگرتنیان لە ناوخۆیانا پێکهێناوە وهەرهەمویان وەك تاکە کەسێکی خاوەن توانا پێکەوە کارئەکان. هەوڵەکانی ئێمە لە بواری زانیاریدا پڕیەتی لە کەم و کوڕی، بۆ نمونە: ئەگەر بمانەوێ بەراوردی قورسایی شتێك بەبێ هەڵە بکەین، بۆ ئەم کارە پێویستە توانایێکی زۆر بخەینە کار، هەموو بەشەکانی لەش تیادا بەشداری بکەن وەکو هەستەکان، ماسولکەکان، دەست، چاو، هەروەها خانەی ماسولکەکان لە ژمارە نایێن، ئەمە ئەوە ئەگەیێنێ ئاسایی ئەو شتە راستەقینەیە، بەڵام ئێمە ئاڵۆزییێکی دەست کردمان بۆ دروست کرد. یان رەنگە بیروبۆچونی هونەرەکانی زانیاری ئێمە، ئەو ئاڵۆزاویەی سەپاندبێ بە سەر ئەو شتەدا. بۆ زیاتر روونکردنەوە ئێمە ئەزانین و لەبەر چاومانە، ئاوی دەریا چەند ئاسایی و ئاسان بینە، تەنها ئاوێکی سادەیە و هیچی تر، بەڵام ئەگەر بە هۆی میکروس کۆپێکی گەورەوە هێزەکەی یەك ملیۆن تیرە/قطر/ بێت، سەیری دڵۆپێکی ئەو ئاوەی پێ بکەین، ئەبینین سادەیی لە ئاوەکەدا نەما وئەو ئاوە روونە بوو بە جیهانێك و جەنگەلستانێکی پڕ لە پارچوڵکە /جزیئات/ ی جۆراوجۆر و جیاواز لە یەك و هەریەکە لە شێوەیێکی سەیرو نەزانراوو قەبارە تایبەتی و لەو

دەربایەدا مەلە ئەکەن، ئەمە ئەوە ئەسەلێنێت ئەو مادانەی جیهانی ئێمەی پێکهێناوە بە گـــوێرەی هۆنەرو زانیاریەکانی ئێستەی ئێمە تەرخان کراوە بۆ دەراسە کردن، ئاسایبە و لەهەمان کاتیـــشا ئاڵۆزاوە.

بەڵام لە راستیدا کاری ئاسایی هەمیشە بەسترَاوە بە بناغەیێکی ئاڵۆزاوەوە، ئەمە بنچینەی بڕوای هەمو بۆ چونەکانە ، ناچارین هەر ئەبێ وەریشی گرین. ئەو توخمانەی لە دروستکردن چنراوەکانمانا بەشدارن، جیاوازیێکی زۆر لە نێوانیان دا هەیە پێکدێن لە:

جگەر- سپڵ- دڵ-گورچیلەکان- بریتین لە چەند لووێکی جۆراوجۆر، ئەمانە هەموی بە هەڵە و دوور لە راستی سنوور دارکراون و باسکراون. لە بەر ئەوە نەگونجانی ئەندامەکانی لەش لە گەڵ یەکا بە گوێرەی بیروبۆچونی زانایانی (نەشتەرگەری) هەربەو جۆرەی تێی گەیشتون، نایگۆڕن، لە گەڵ ئەوەشا، بابەتەکە، زوربەی ئاشکرایێکی دوور لە راستیە، لە جیاتی دیاری کردنی کارەکانی لەش، زیاترگرنگی دراوە بە دیاری کردنی شوێنی ئەندامەکانی لەش بۆ نمونە: هەیکەلی ئێسکی، بریتی نیە تەنها لە چوارچێوەی لەش و بەس، بەڵکو بەشێکی گرنگە لە بەرنامەی یاسای گەڕانی خۆێن و هەناسە و خواردەمەنی و دروست کردنی خرۆکەی سوور و سپی خوێن بە هۆی مۆخی ناو ئێسقانەوە هەروەها جگەر، مادەی زراو دروست ئەکات بۆلە ناوبردن میکروبات و ژەهری ناولەش، مادەی جلیکۆجین[45] کۆ ئەکاتەوە، هەروەها شەکری ناو لەش رێك ئەخات و مادەی هیپارین[46] بەرهەم دێنێت.

ئەو لایەنانەی هەڵئەسن بە ئەنجامدانی کارەکانی پانکریاس و سۆپەرئەرینالڵ و سپڵ، تەنیا هەرئەم کارانە ناکەن، بەڵکو هەر یەکەیان چەند کارێکی جۆراوجۆری تریش ئەنجام ئەدەن و دەوری سەرەکی وگرنگیان هەیە لە کارەکانی ناو لەشا، بۆیە ئەڵێین بواری پێکهاتەی ئەم ئەندامانە، لە بواری کارکردنەکانیان تەسکترە، کەسایەتی فەسیۆلۆجیەکەی لەکەسایەتی نەشتەرگەریەکەی زۆر بەرفراوانترە.

45-جلیکۆجین – کلاوکۆجین ، بریتیە لە نیشاستەی گیاندار، کە جۆرێکە لە نیشاستە لە ناو جگەری گیاندارا هەیە

46- هیپارین- مادەیێکە لە جگەردا هەیە، نایەڵێ خوێنی ناو لەش بمەبێ و ئەیشیکەن بە دەرزی بۆ ئەو نەخۆشیە.

مادە پێویستیەکانی لەش، هەندێ لە خانە یەك گرتوەکان بەرهەمی دێنن، لە لایەن چەندکۆمەڵە خانەیێکی تردوە ئەبرێ بۆشوێنی پێویستی خۆی.

هەمو خانە یەکگرتوەکانی لەش لە ژێر دەسەڵاتی یەك ناوەندی مێشکدان، فەرمانەکانی خۆی بە بێ دەنگی ئەنێرێ بۆ هەمو ناوچەکانی لەش.

بەم جۆرە ئامێزی دڵ و دەمارە خوێنینەکان و سیەکان و ئامێزی هەرس ولووی ئەندۆکرین..هەتەد، بریتین لە یەك گرتوێکی ئەنجامدەر، هەمو کەسایەتیە ئەندامەکانیان لە ناو خۆیانا کۆکردوەتەوە.

نەگونجانی ئەندامەکانی لەش و رێك نەکەوتنیان لەگەڵ یەکا، بیروهۆشی زاناکان دروستی کردوە.

ئایا ئەبێ ئێمە بە هۆی جۆرێ لە خانە زۆر وردەکانەوە ئەندام بناسین؟ یان بە هۆی ئەو مادە کیمیاویانەی ئەندامەکە بە جۆرێکی هەمیشەیی دروستی ئەکات؟ یزانایانی نەشتەرگەری،گورچیلەکان دائەنێن بە دوو لووی جیاواز، بەڵام فەسیۆلۆجیەکان دایان ئەنێن بە یەك بوونەوەر چونکە ئەگەر یەکێکیان لابرا، قەبارەی ئەوی تریان یەکسەرگەورە ئەبێ، واتە کارەکانی گورچیلە بریتی نیە لە ژمارەی گورچیلە، بەڵکو ئەکەوێتە سەر چەندیەتی ئەو مادەی دەری ئەدات، ئامێزەکانی لەش وەك یەك کەس کار ئەکەن و یەك شوێنی یەك ئەگرنەوە و پێویستی ئەندامەکان بە تەواوی لەو مادانە ئەنجام ئەدەن، هاتو چۆی مادەکان لە ناو لەشا بە هۆی دەردراوەکانی خۆیانەوە ئەنجام ئەدرێت، بۆ نمۆنە: ئەو مادەی ئامێزی گون ئەیکاتە ناو خوێنەوە رەنگەکەی شینە و بەوکارە رەنگی لەشی نێرینە شین ئەبێ، هەر دو ئامێزی گون ئەبن بە شینێکی تۆخ.

هەروەها ئەو رەنگە، زوربەی چنراوەکان و ئەندامەکان ئەگرێتەوە، تەنانەت دەور و بەری ئێسقانەکان و بناغەی موووەکانیش ئەتەنێتەوە و رەنگی شین هەمو لەش دائەگرێ.

مەودای کات وگەورە و بچوکی لووەکان، بە تەواوی لە گەڵ پێویستی و تایبەتمەندیەکانی لەشا ئەگونجێت.

ئەندام پێکدێ لە ناوەندیاری ناوخۆیی و لە توخمە زانراوەکان، واتە پێك دێت لەو ناوەندیارە ناوەکیەی قەت ناچێتە ژێردەستەڵاتی نەشتەرگەریەوە، بەڵام لە بارەی لووەکانەوە، وەك ئێمە بۆی ئەچین، پێکهاتوە لە قاوغێکی چنراوەیی و خانەی ئەپسیلی و دەمارە خوێنینەکان و

ماسولکە، ئیمە لەشمان بە نەزانی خۆمان لە چوارچێوەیێکی نەزانراوا داناوە، بە کورتی لەشی ئادەمیزاد بە گوێرەی بۆ چونی یاسای نەشتەرگەری، کەسایەتییێکی نەگونجاوە /غیرمتجانس/ بە لام بە گوێرەی یاسای فەسیۆلۆجی،کەسایەتییێکی گونجاوە.

لەش ئیشوکاری خۆی بە جۆرێکی ئاسان وگورج ئەنجام ئەدا، هەر وەکو لەوپەڕی ئاسانیدا بێت، بەلام دەرکەوتوە پێکهاتەی لەشی ئادەمیزاد لەو پەڕی ئالۆزیدایە، بێگومانین ئەم دوو جیاوازیە زەقە، دروستکراوەی ئەقڵی خۆمانە، لەگەڵ ئەوەشا هێشتا هەر خۆمان گێژ ئەکەین و ئەڵێین" پێکهاتەی لەشی ئادەمیزاد وئامێرەکان، وەکو ئامێری ماکینە وایە".

باسی سیانزەیەم

لەشی ئێمە و لەشی ئامێر، هەردوکیان بریتین لە لەش، بەڵام یاسای لەشی ئادەمیزاد لەیاسای لەشی ئامێرەوە زۆر دوور و جیاوازە، چونکە لەشی ئامێر بریتیە لە کۆمەڵێ پارچەی لێکدراوو جیاواز لە یەکتری، هەمویان دەستکرد و هەر پارچە لە شوێنێکەوە هێنراوەو بەگوێرەی یاسایێك کۆکراونەتەوە وکراون بەو ئامێرە، تەنانەت وزەکەیشی کارەبای دەستکردە و وەك مرۆڤ بۆ مەبەستێکی تایبەتی داهێنراوە، واتە مرۆڤ و ئامێر لەو لایەنەوە وەك یەك وان، ئامێر لەسەرەتاوە ئاڵۆز و لەدواییدا ئاسایە، بەڵام ئادەمی بە پێچەوانەوە، لە پێشەوە ئاسایی و لە دواییدا ئاڵۆزاو ئەبێت.

لەبواری سروشتیا ئادەمیزاد و ئامێر جیاوازێکی یەکجار گەورە لە نێوانیاندایە، لەسەرەتای بابەتەکەدا باسی پێکهاتەی ئامێر کرا، چون دروستکراوە، بەڵام ئادەمیزاد پێشەکی لە یەك خانەی زیندو ئەخولقێ، ئەو خانە ئەبێت بە دوو خانە، ئەمانیش هەر یەکە ئەبێ بەدوان، هەروەها هەمویان بەو جۆرە.. تا ئەبن بە لە ژمارە بەدەر، بەڵام یاسای ئەم بەش بوونە، هێلکە (بویضة) ناگرێتەوە، چونکە خانەکان، رِەگەزی خۆیان لە کاتی بەش بوونا بیر ناچێتەوە، لە کاتی دروستبوونیانا (انشطار) سروشتەکەی چۆن بێت، یەکسەر ئەچێتەوە سەر ئەوکارە و ئەو شوێنە.

ئەگەر نمونەیێ لە خانەی ئەپسیلی ئاژەڵێك بۆ ناشتنی چەند مانگێ وەرگرن، لە گەڵ ئەو ماوە درێژەی لە لەشەکەی جیا کراونەتەوە، هێشتا پارێزگاری ژیانی خۆیان ئەکەن و ئەچنە شێوەی فەسیفساوە وەکو ئەوەی شوێنێکی لەش بپارێزن، با ئەو شوێنەش لە ئارادا نەبێت. هەروەها خرۆکە سپیەکانی ناو خوێن، لەناو شوشەی تاقیگادا دانراوە، خۆی ئەخاتە شێوەی ئامادە باشیەوە بۆ لە ناوبردن میکرۆب و مادەی نامۆ، با میکرۆبیشی لێ نەبێت، چونکە سروشتی ئەو دەورەی خوای مەزن بۆی داناون، لە دەستی نادەن و بیریان ناچێتەوە، لە هەمو بارو دۆخێکا بۆ مانەوەی توخمەکانی خۆیان، بە تەواوی پێویستی خۆیان ئەنجام ئەدەن.

ئەو خانانەی لەلەش دور ئەخرێنەوە وئەخرێنە ناو شوشەی تاقیگاوە، لەناو شوشەکەدا سەر لە نوێ هەوڵی رێك خستنەوەی خۆیان ئەدەن وکۆمەڵ دروست ئەکەنەوە. بۆ نمونە: ئەگەر هەندێ خرۆکەی سوور لە خوێن جیاکرایەوە و لە شوشەیێکا و لە گەڵ شلەی پلازما دانران، خرۆکەکان خێرا دوو قەراخ لەو خوێنە لە شێوەی دوو هێلا دروست ئەکەن، دوای ماوەیێکی کەم سەری ئەو هێلانە بە ریشاڵی خوێن ئەچنن وئەچێتە شێوەی بۆری، و خرۆکە سورەکان بە ناویا ئەخزێن، وەکو چۆن لە ناوقاپێکی پڕ لە خوێنا، ئینجا دەوری خۆیان بە پەردەیێکی شەپۆلاوی ئەگرن . لەوکاتەدا شوێنی هاتوچۆی خوێن ئەچێتە شێوەی جامێکی پڕ لە مووی خوێنین/شعیرات دموية/ بە چیێ لە خانە وەرگرەکان (خلایاقابضة) داپۆشرابێت. ئەو خرۆکە سور و سپیەی لە خوێن دائەبڕێن، ئەتوانن شاری بچوك لە خودی خۆیان دروست کەن لەو خوێنەی ناو خۆی و لەو جموجۆڵەی لە خوێنەکەدا هەیە، لە گەڵ ئەوەیشا، کە دڵ و دەورەی خوێنی سەرەکی، یان چنراوەیان لە گەڵا نیە کەڵکی لێ وەرگرن.

کارەکانی خانە وکۆڕ وکۆمەڵیان و هەرەوەزکاریان، وەك هەنگ وایە چۆن هەنگ، شانە جوانەکانی خۆیان، بە شێوەیێکی زانیارانە دروست ئەکەن و ئەوهەنگوینە جوانەی تێدا دائەنێن و بەچکەکانیان گەورە ئەکەن. وەکو هەموو ئەو هەنگانە مامۆستا، یان ئەندازیار بن لەماتماتیك وکیمیا و نەشتەرگەری، هەر هەمویان پێکەوە بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵەکەیان تێ ئەکۆشن بەبێ بیرکردنەوە لە بەرژەوەندی خۆیان.

ئەو جۆرە لە خۆ بوردنە لای ئەو خانانەی شار دروست ئەکەن، وەکو کارکردن بە کۆمەڵی هەندێ بۆنەوەری وەکو هەنگ– مێلوورە.. هتد، کە بیر و بۆچوون تازە ناتوانێ تێی بگات.

هەمو ئەندامەکانی لەشی ئادەمیزاد، بە هۆی هونەرێکی نەزانراوەوە، خۆی دروست ئەکات، ئادەمیزاد تا ئێستەش لەو ڕاستیە نەگەیشتووە.

ئەو دروست کردنە مادەی دەرەکی و نامۆی تێدا بە کار ناهێنرێ، وەکو لە دروستکردنی خانودا خشت وگەچ و شتی تربە کار دێنن، بەڵکو تەنها خانە هەڵ ئەسێت بە دروست کردنی و لە جیاتی خشت و کەرەسە، هەر خانە بەکاردێنن. واتە وەستا هەر خانەیە وکەرەسە هەر خانەیە و شارەکەش بریتیە لە کۆمەڵێکی گەورە لە خانە. بن میچ و دیوار و شوێنی پێویستی خانەکان لە خانە دروست ئەکرێ و خانە خۆی کاری تێدا ئەکات. هەروەها شارەکەش بریتیە لە جۆرەها پێداویستی بۆ خانەکان وەکوگەرمی، شوێنی هاتو چۆ، لە شێوەی پەلجەرە، ڤێنکی ..هەتد، سەیر

ئەوەیە، ئەو خانەی تازە ئەخولقێت، یەکسەر ئەزانێ جۆری سروشتیەکەی چیە و ئەبێ چی بکات و سەر بە کام کۆمەڵەو شارە؟ وەکو ئەوەی ماوەیێکی تەواو لە پەیمانگای ئەوکارەدا یەکەمی هێنابێ. کەرەسەی دروستکردنی شاری خانە و تەنانەت وەستا وکرێکارەکانیش لە پلازمای خوێن و لە خانە زیندووەکانی وەر ئەگرن.

ئەم مادە وکەرەسانەی لەش بە کاری دێنێت ئاسایی نیە، بەڵکو زۆر سەیر و سەرسوورێنەرە، هێشتا ئەقڵی ئێمە نەیتوانیوە بچێتە ناو جیهانی لەشی خۆیەوە، چونکە لە قاڵبێکا دارێژراوە، ئاسانکاریەکەی و ئاساییەکەی لە جیهانی گەردووەنەوە سەرچاوە ئەگرێت، واتە دارشتنەکەی لە قاڵبە ئاڵۆزاوەکانی ناو خۆمان و جیهانی فیزیکیەوە نەهاتووە.

ئێمە ئێستە توانای تێگەیشتنی ئەوەمان نیە لە یاسای لەشی خۆمان بگەین و چۆنیەتی چالاکی دەروونی و ئەقڵی خۆمان بزانین. یاسای میکانیکا – سروشت – کیمیا تەنها بە سەر رەقەمەنیدا جێ بە جێ ئەکرێ، بەڵام بە سەر ئادەمیزادا، لایەنێکی کەمی ئەگرێتەوە.

ئێمە ئەبێ وازبێنین لە بیروبۆچون و ئەندێشەی میکانیکی بێ ئامانجی سەدەی نۆزدەهەم و باوەڕەکانی (جاك لۆیب)و بیروکەی سروشتی- کیمیاوی منالانە کە بۆ ئادەمیزادیان بەکارئەهێنا، بەداخەوە تائێستەش زۆر لە فەسیۆلۆجیەکان و پزیشکەکان لە سەر هەمان باوەڕن، هەروەها پێویستە واز لە خەونی (فەلسەفەی فەلەك) بێنن، چونکە دەراسە و زانیاریمان لە بارەی لەشی ئادەمیزادەوە، لە پێش هەمو ئەمانەوەیە، ئێمە ئێستە ناتوانین لە پێکهاتەی ئادەمیزاد بگەین، پێویستە خۆمان رازی کەین، زانیارانە دەراسەیێکی قوڵی چالاکی ئۆرگانی و ئەقڵی ئادەمیزاد بکەین، بە ویستێکی پۆڵایینەوە بەرەو پێش هەنگاو بنێین و بچینە ناو ئەو نەناسراوستانەوە، بەبێ ئەوەی پرسیار لە کەس بکەین..

باسی چوارەیەم

لەشی ئادەمیزاد زۆر بەهێزە، ئەتوانێ خۆی، لەگەڵ کەش و هەوای هەموو شوێنێ رابێنێ، واتە تەنانەت لەگەرمی هێڵی پشتێنەی زەوی (خط الاستوا) یا لە ناو سەرمای سەختی پۆڵی جەمسەرەکانی (قطب) باشور یا باکور، هەروەها خۆ راگرە لە ئاستی برسیەتی، ماندویەتی، نەخۆشی و جۆرەهای سەختی تری ژیان، لە هەمو ئاژەڵەکانی سەر زەوی بە هێزترە لە گەڵ ئەوەشا خاوەنی لەشێکی زۆر ناسك و تورتە، بەسوکترین لێدان[1]، توشی زیان ئەبێت، وەستانی دەورەی خوێنەکەی ئەبێتە هۆی مردن.

بەڵام جیاوازی نێوان هێز وکزی، وەك ئەو جیاوازیانە وایە لە لایەن نەشتەرگەریەوە ئاراستە ئەکرێ، کە کە ئەندێشەی ئەقڵی خۆمان نەبێت، هیچی تر نیە. ئادەمیزاد هەمیشە شان بە شانی ئالەی میکانیکی کارئەکات، بەڵام زۆر جیاوازی هەیە لە نێوان کارەکانی لەشی ئالە و لەشی ئێمەدا، چونکە هێزوکاری ئالە، بە هۆی ئەقڵی ئێمەوە داهێنراوە و بە وردی پارچەکانی تێکخراوە، بۆ ئەنجام دانی کارێکی تایبەت هێنراوەتە کایەوە، ئالە تەنیا بۆ یەك کار داهێنراوە، هێزی ئالە لەو ووزە کارەباییەوە پەیا ئەبێ و ئەقڵی ئێمە بۆی دابین کردووە، بەڵام هێزی ئادەمیزاد لە هێزەکانی ناو لەشی خۆیەوە و تێکەڵە نەرمە چنراوەکانی لەشیەوەیە، ئەو چنراوانەی هەمیشە لە کاران و خۆیان، خۆیان تازە ئەکەنەوە وکۆن نابن.

لەشی ئادەمیزاد خاوەنی هێزێکی سەر سوورێنەرە،کاتی پێویستی و رووان شتێکی دژ بە لەش، ئەندامەکان لە شێوەیێکی رێك و پێکا، یەك ئەگرن و بەرەنگاری ئەو رووداوە ئەبنەوە، هەروەها بەرگری کردن لە نەخۆشی وکار کردن و شپرزە بوون و هاوسەنگی ئەقڵ وهەستی خۆشەویستی..هەتەد، ئەمانە نیشانەی سەروەری ئادەمیزادە لە جیهانا، بەڵام (ئالە) لەمانە بێ بەشە.

دامەزراوەی شارستانیە پێشکەتوەکانی ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و ئەورووپا دەورێکی گرنگیان هەبوو بۆ بەرەو پێش بردنی زانیاری، هەروەها ئادەمیزاد قەرزاری رەگەزی سپیە، چونکە بە هۆی تێکۆشانی ئەوانەوە ئەقڵی ئادەمیزاد گەیشتوەتە پلەیێکی بەرز و شیاو.

لە گەڵ ئەوەی ئەقڵی ئادەمیزاد ناسکە و زوو هەڵئەچێت، بەڵام، هێمن کردنەوەی لە توانا دەرنەچوە، هەر وەها تا رادەیەك کۆنترۆڵی هەندێ هەستی ناجۆر خراوەتە بەرنامەی نەوەی تازەوە.

ئێمە تا ئێستەش لە خەسڵەتی ئەو هێزە ئۆرگانیە نەگەیشتوین، لە سەرۆکایەتی ئەقڵەوە دەرئەچێت، ئایا لە پێکهاتەی خانەکانەوە دروست ئەبێ، یان لە مادە کیمیاویەکانەوە؟ یان بە هۆی یەکگرتنی هەندێ ئۆرگان و تێکەڵە و مێشکەوە روو ئەدات؟ بە راستی لەم بارەوە هیچ زانیارێکمان لا نیە، ئەم ڕەوشتە ڕەگەزیە لە دەیان سەدەی لەوە پێشـــەوە لە ناوکۆمەڵگادا بڵاوو هەر هەبووە، لە زۆر کۆمەڵگایشا وون ئەبێ بە تایبەتی لای دەوڵەمەندەکان.

مێژووی شارستانیەتەکانی ڕابوردوو، ڕوودانی ئەم ناجۆریانە ڕوون ئەکاتەوە، بێ ئەوەی هۆکاری رودانەکانی ئاشکرا بکات کە ئەم خەسڵەتە چۆن ئەگاتە نەوەکانی دوا ڕۆژ.

ئێمە پێویستە بەهەر نرخ بێت هێزی بەرگری تەندروستی و ئەقڵ و مێشك بپاریزین، چونکە هێزی ئەقڵ و مێشك گەرنگترە لە هێزی ئەندام، ئەگەر فەرمانڕەوای لەش ساغ بێت، بەرگرییێکی سروشتی زۆر دژی نەخۆشی و ماندویەتی و ترس ، لە بەر دەستا ئەبێت، ئەقڵ فەرمان ڕەوایی سەروکایەتی لەش ئەکات،کەم یا زۆر بە تەنگ بەرژەوەندی خۆیەوە نیە و بیر لە خوی ناکاتەوە، هەروەها گرنگی نادا بە پزیشکی و پزیشك، بڕوای بەم سەدە ئاڵتونیە نیە، گۆیا هەمو کیمیاویەکان و فەسیلی زلۆجیەکان جۆری ڤیتامینەکان بە تەواوی پێشکەش بە کۆمەڵگا ئەکەن و بە تەواوی لە هێنیە کانی لووی(ئەندوکرین) ئەگەن، خۆیان بە کەسێ دانەنێن کە ئەو کارانەیان بە زۆر سەپاندبێ بە سەریا و بە نا بەدڵی هەوڵ بدا خۆشەویستی بنوێنێ، بیر بکاتەوە، دەستەڵات دار بێت، هەروەها ئا ئەڵێت" زۆر ئاسایە و سروشتیە دڕندە نێچیرێك تێك بشکێنێ". منیش لە بەر ئاڵۆزی پێکهاتەی ئەم خۆم لەو دڕندەیە بەکەمتر نازانم.

لەش تا تەندروست بێت لە دۆخێکی هێمنیدا ئەژی وکارئەکات و هەست بەکارەکانی ناکرێت، چۆنیەتی یاسای ژیانی ان ئاسەوارێ لە وجورەمان لە سەر بەجێ دێڵێ، هەروەکو ماتۆڕی (وور) [47] لە کاتی بێدەنگی و بیرکردنەوەدا قوڵایی هەستەکانمان پڕ ئەکاتەوە و لەگەڵ یەك گونجانی کاری ئەندامەکان، هەستێکی ئاسایشمان تیا دروست ئەکات، بەڵام کاتێ یەکێ لە

47 –وڕ- بریتیە لە ماتۆڕی شانزە سا لەندەری.

ئەندامەکان تێکچوو، ئەوا ئاشتی لەش تێك ئەچێت و ئازار پەیا ئەبێت، ئازاری لەش بریتیە لە زەنگی مەترسی.

زۆرکۆمەڵ لە گەڵ ئەوەی نەخۆشیان نیە، بەڵام تەندروستیشیان باش نیە، رەنگە هۆکەی بگەڕێتەوە بۆ کەمو کوڕی چنراوەکانی لەش، یان کۆئەندامی دەمارەکانی، زیاد لە پێویست هەستیارە، یاکەم و زۆری لە دەردانی یەکێ لە لووەکان، یا پەیوەندی مەودا و کاتی تێوان کاری ئۆرگانەکانی لەش لە گەڵ یەکا ناجۆرە، یان لاوازی ئەندامەکان لە بەرگری کردنی نەخۆشی وەکو پێویست، ئەو جۆرە کەسانە هەستێکی قوڵ بەلاوازی ئەکەن و ئەتڵێسێنەوە، ئەگەر هەر زانایێك لەمەو دوا بتوانێ هۆکارێکی وا داهێنێ،کەڵك بەخش بێت بۆ ئەوەی چنراوەکانی ئۆرگانەکانی لەش بە گوێرەی پێویست نەشوغا بکەن، ئەبێتە هۆی خەڵاتێکی پڕۆز بۆ ئادەمیزاد وەکو چۆن (پاستیر) ئەنجامی دا و ئادەمیزادی لە چاو پێشودا خستە ژیانێکی خۆشیەوە، لاوازی لەش، هۆکاری زۆرە، هەمومان چاك ئەزانین خواردەمەنی زۆر چەور، یان کەمی ڤیتامین زیانی لاوازی بە چنراوەکان ئەگەیێنێت، هەروەها بەر دەوام بوون لە سەر خواردنەوە – نەخۆشی سوزەنك– مارەکردنی خزم– شەو درەنگ نوستن.هتد، گرنگترین هۆن بۆ لاوازی لەش.

سەڵێندراوە ئادەمیزادی پێشکەوتو بەرگەی کەش و هەوای پشتێنەی زەوی ئەگرێت، بەڵام لەکەش و هەوای سەرمای سەختا سەرکەوتوترە، هۆیەکەی ئەوەیە لەشی مرۆڤ پێویستی بە بەهێزبوونە بۆ تێکۆشانێکی هەمیشەیی هەروەها زوربەی میکرۆبی نەخۆشی لە شوێنی زۆر ساردا ناژی، سەرما لەشی مرۆڤ بە هێز ئەکات و تورتی ئەکاتەوە، خۆ ئامادەکردنی مرۆڤ بۆکەش و هەوای سارد، خۆی لە خۆیا پاراستنی لەشە لە نەخۆشی لەشیی و دەروونی و درێژ بوونی تەمەن و هان دەرە بۆ ئەوەی بەسەر جیهانی دەرەوەدا سەرکەوێ.

باسی پانزدەیەم

هۆی نەخۆشی ئەگەرێتەوە بۆ تێکچوونی کاری ئۆرگانەکان، یا تێکچوونی پێکهاتەی لەش. زۆر جۆری هەیە کە لە ژمارە نایێت، وەکو: لایەنە چالاکیەکان، نەخۆشی گەدە، دڵ، ئامێری هەرس، سیەکان بەڵام لە کاتی نەخۆشی و تەندروستیشا، یەکیەتی لەش بە گوێرەی توانا خۆی ئەپارێزێت.

کاتێ شوێنێك توشی نەخۆشی ئەبێت، هەمو یەکیەتی لەش نەخۆش ئەکەوێ، چونکە هیچ شوێنیکی لەش بە تەنیا توشی نەخۆشی نابێت. دکتۆرەکانی ئاناتۆمی و فەسلەجی و ئەقڵی ئێستە، هەر لەسەر بۆچونی کۆن ماونەتەوە،گوێا هەر ئەندامە بەجیا توشی نەخۆشی ئەبێت، ئەو دکتۆرانەش ئەوانەن هەر یەکەیان پسپۆڕی ئاناتۆمی و فەسلەجی و ئەقڵی یەك بەشی لەشن. نەخۆشیەکان بریتین لە دووکۆمەڵەی گەورە:

یەك- نەخۆشیە درمکارەکان (ساری) بە هۆی ڤایرۆس یا بەکتریاوە پەیا ئەبێ، ئەچنە ناو لەشەوە.

دوو- نەخۆشیە داهێزەرەکان (انحلال).

ڤایرۆس یا بەکتریا، بریتیە لە زیندەوەرێکی زۆر بچوك و نەبینراو، قەبارەکەی لە پارچۆلکەی زۆڵ[48] بچوکترە، ئەچێتە ناو خانەکانی لەشەوە، زۆر حەزی لە مادەی مێشکە، هەر وەها ئەچێتە ناو پێست و لووەکانەوە، چنراوەکانی مرۆڤ و ئاژەڵ تێك ئەدات، یان کارەکانیان ئەگۆڕێ، هەروەها ئەبێتە هۆی شەپڵەی منداڵ، گەرپی، گولیی، ئاوڵە، گرانەتا، تاعون، شێرپەنجە.. هتد.

ڤایرۆس ئەتوانێ خانەکان بگۆڕێ، بە تایبەتی خرۆکەی سپی لە ناوگیانی مریشکا و بیکات بەمیکروباتێکی درندە دژی ماسولکە و ئەندامی زیندەوەرەکە و دوای چەند رۆژێ ژیان لە دەست بدات. ئێمە ئەم زیندەوەرە درندەیە نابینین و تا ئێستەش بەچاو نەبینراوە، بەڵام لە کاتێکا هێرش ئەکاتە سەر ئۆرگانێکی لەش، بە هۆی بەجێ هێشتنی ئاسەوارەکەیەوە خۆی دەر

---

[48]- زۆڵ- پێکهاتووە لە ئۆکسجین و کاربۆن و هێدرۆجین و نیترۆجین، وە لە لەشی هەمۆ گیان دارێك و رووەکێکا هەیە..

ئەخات، زۆر جار چنراوەکان بەرگری ئەو ڤایرۆسانەیان بۆ ناکرێ. ئەگەر بەراوردی نێوان ئەو ڤایرۆسە و ڤایرۆسی بەکتریا بکەین ئەبینین ڤایرۆسی بەکتریا زۆرگەورەترە . ڤایرۆس زۆر بە ئاسانی لە رێگای پەردەلینجی ریخۆڵە و لوت و چاو و قورگەوە ئەگاتە ناو لەش، یا بە هۆی برینیکی روی پێستەوە.

ڤایروس یەکسەر ناچێتە ناو خانەوە، بەڵکو دەوری خانەکان ئەگرێت و پەلاماری شانەکانی نێوان ئۆرگانەکان و ژێر پێست و نێوان ماسولکەکان و بۆشایی سك و ناو پەردەلینجەی دەوری مێشك و مەغزی درکاوی ئەدا، دەس ئەکا بە زیادکردن، دوای زیاد بونێکی لە ژمارە بەدەر، دەست ئەکەن بە ژەهراوی کردنی لەمفاوی نێوان چنراوەی خانەکان، ئینجا ئەچنە ناو خوێن و ئاژاوە و شپرزەیی لە ناو هەمو ئۆرگانەکانا دروست ئەکەن. هەروەها ئەبنە هۆی نەخۆشی داهێزەر(ئالال) وەکو نەخۆشیەکانی دڵ وگورچیلە کە بە هۆی پاکتریاوە رو ئەدات.

هەروەها ئەبن بە هۆی دەرکەوتنی هەندێ مادەی ژەهراوی کە چنراوەی لەش خۆی دروستی ئەکات، لەم دۆخەدا لووی ئایرۆید(دەرەق) توشی ئاوسان ئەبێ و زیاد لە رێژەی خۆی مادەی (سایروکسین) ئەرژێنێ، کە زیان ئەبەخشێت و هەندێ جاریش ژەهراویە، هەروەها هەندێ شپرزەیی لە ناو ئۆرگانەکانا بە هۆی ئەو بەکتریایانەوە روو ئەدات وەکوکەم بونەوەی ئەو دەردراوانەی کە دەورێکی گرنگیان هەیە بۆکرداری هەرس. هەروەها کەم بونەوەی دەردراوەکانی لووی ئەندوکرین و ئایاروید و پانکریاس و جگەر و دەردراوەکانی ریخۆڵە، کە ئەبێ بە هۆی توش بونی نەخۆشی شەکرەی میز وکەم بوونی خوێن لە پانکریاسا..هەتەد، لاواز بوون یا نەمانی ئەو توخمانەی چنراوەکان دروست ئەکەن و ئەیان پارێزن، ئەمەش ئەگەرێتەوە بۆ کەمی ڤیتامین و کەمی خوێی مەعدەیی و هەندێ مەعدەیی پێویست. کاتێ لەش لەو مادە سەرەکیانەی دەرەوەی ئەگاتە ریخۆڵەکان دابڕێت، هێزی بەرگری کردنی نەخۆشیەکانی نامێنێت. پێکهاتەی لەش ژەهر دەر ئەدات و توشی زیان ئەبێت. هەندێ نەخۆشی تر هەیە هەمو پزیشکەکان وپەیمانگاکانی لێکۆڵینەوەی پزیشکی ئەمریکا و ئەوروپا و ئاسیا و ئەوسترالیا، تیادا سەرگەردانن، وەکو شێرپەنجە – نەخۆشیە دەرونیەکان.

سەرەتای سەدەی بیستەم، سەرەتایێکی دڵ خۆشکەر بوو، بۆ پێشکەوتنی ئادەمیزاد لە بواری تەندروستیدا، بۆ نمونە: نەخۆشی سیل بەرەو نەمان ئەروا، هەروەها نەخۆشی سك چوونی منداڵ، وەناق، گرانەتا و هەندێکی تر خەریکن نامێنن، ئەتوانین بڵێین نەخۆشیەکانی بەکتریا ئێستە کەمتر روو ئەدات. رێژەی درێژی تەمەنی ئادەمیزاد لە ساڵی هەزارونۆسەدەکانا نزیکەی چل و نۆ ساڵ

بووە، ئێستە نزیکەی یانزە ساڵی زیاد کردووە، بەڵام لە گەڵ ئەم هەمو سەرکەوتنە لە بواری پزیشکیدا هێشتا مەترسی زۆرنەخۆشی، لانەبراوە و بارگرانێکی ئابوری قورسی خستوەتە سەر شانی کۆمەڵگا و دەوڵەت. ئەوەی بەراستی جێی داخە ئەوەیە، زانیاری پزیشکی تازەی ئێستە، ئەوەندەی ترسی لە دڵی کۆمەڵگادا دروست کردوە، ئەوەندە نەیتوانیوە لە ئێش و ئازاری ئادەمیزاد کەم کاتەوە، راستە تا رادەیەك نەخوشیە درمیەکان کەم بوونەتەوە و بەوە رێژەی مردن دابەزیوە، ئەگەرچی مردن سروشتیە ، رووە هەر ئەدات، بەڵام تا ئێستەش زۆر کەس بە هۆی نەخۆشی داهێزرانەوە لە تەمەنێکی گەنجیدا ئەمرێ.

زانیاری پزیشکی توانیویەتی تا ئێستە هەندێ نەخۆشی لە ناو بەرێ وەکو: وەناق، ئاوڵە، گرانەتا.. هتد، بەڵام هەندێ نەخۆشی تر هەیە هۆی تێکدانی تەندروستی و ئاسایشی کۆمەڵگایە، وەکو: ئاوسانی هەمیشەیی، (التهاب مزمن) شێرپەنجە، شەکرە، نەخۆشیەکانی دڵ، ئاوسانی گورچیلە، بریتی ناو میشك، ئاوسانی خوینبەرەکان، سوزەنك، خوێنبەربونی میشك، نەخۆشیە پەستانەکان، بێجگە لەوەی بەگشتی ئەبنە هۆی شپرزە بونی ئەقڵ و فەسیۆلۆجی ونەخۆشی دەروونی، لە ناوکۆمەڵگادا..

هەروەها زۆر خواردن و وەرزش نەکردن، ئەبێتە هۆی تێکچونی ئەندامە ئیش کەرەکان و زوو ماندو بوون، و نەمانی هاوکێشە (توازن) ونەخۆش کەوتنی ئامێری ماسولکەکانی ناوەوەی لەش وئەبێ بە هۆی نەخۆشی گەدە و ریخۆلەکان.

لەم دواییانەدا نەخۆشی دڵ و شەکرە بە جۆرێکی بێ شمار بڵاوبوونەتەوە. تێکچونی کۆئەندام و ئەبێتە هۆی نەخۆشی گەدە و ریخۆلە، نەخوشی کۆئەندامی دەماری سەرەکی، دەستێکی باڵای هەیە لە رووداتی زۆر لە نەخوشیەکان.

زۆر کەس لە ژیانیا توشی نۆرستانیا[49] وگرفتی دەمار ئەبێ ئەبێتە هۆی هەڵچونی هەمیشەیی و نائارامی ئەو کەسە. هەروەها بە هۆی زانیاری تەندروستی تازەوە، ژیانی ئادەمیزاد کەمێ کەوتوەتە ئاسایش وگوزەرانی باشتر بووە، ئەگەر چی نەیان توانیوە بە سەر هەمو نەخۆشیەکانا زاڵ بن، بە تایبەتی نەخۆشیە کوشندەکان. بۆ نەگبەتی ئادەمیزاد میکروبەکانیش دژی دەرمانی چارەکردنەکان پیلانی خۆیان گێڕیوە و بە شێوەیێکی تازە دێنە مەیدانی تێکدانی لەشەوە و دژ بەو هۆکارە تازانەی پزیشکەکان بۆ چارە کردنی نەخۆشیە درمیەکان بە کاری دێنن.

---

[49]- نۆرستانیا- بریتیە لە ماندو بونی لەش و لاواز بونی دەمارەکان.

لەشی ئادەمیزاد ئامادەیە بۆ توش بوون نەخۆشیە داهێزەرەکان و بەردەوام و بە هۆی ئەو ژەهرانەی هەندێ ئۆرگانی نەخۆش ئەیکەنە ناو لەشەوە، توشی نەخۆشی دەروونی و ئەقڵی ئەبێت، یان بە هۆی پیسی ئاوو هەوا و ژەهراوی بونیان، لەشی ژەهراوی ئەبێت. هەروەها هەندێ ئاسەواری دەروونی و فسیۆلۆجی زیان بە تەندروستی گشتی ئادەمیزاد ئەگەیێنێ، وەکو خەم، ترس نائارامی.. هتد.

خواردەمەنی بێ هێز و بەتاڵ لە ڤیتامین، ئەمرۆ بۆ ژیانی ئادەمیزاد، بە هیچ جۆرێ وەك خواردەمەنیە سروشتیەکانی زەمانی پێش ئەم شارستانیەتە چاك و پاك نیە، چونکە ئەوەی ئێستە لە ئارادایە بریتیە لە ئارد، هێلکە، قاوە، میوە، رۆن.. هتد، ئەمانە لەهیچ بارێکەوە بەخواردەمەن تەواو دانانرێن، چونکە خاوەن بەرژەوەندیەکان بە درێژایی وەرز، زەویەکان بۆ کشت و کاڵ بە کار دێنن بۆ زۆرترین بەرهەم، بە بێ ئەوەی مافی زەویەکە بدەن و بە گوێرەی پێویست خزمەتی زەویەکە بکەن، و پشوی پێ بدەن، بۆیە جار لە گەڵ جار کەڵك و هێز و پێزی کەم ئەبێتەوە، چونکە بۆ زۆر بۆنی بەرهەم، مادەی کیمیاوی بە کار دێنن.

هەوەها لە کێڵگەکانی بە خێو کردنی پەلەوەرا، مریشك ناچارکراوە، بە هۆی دانەوێڵەی دەسکردی کیمیاوی، بەکۆمەڵ هێلکە و جوچکەی بێتام بەرهەم بێنن، ئایا جۆری سروشتی و تامی ئەو هێلکە و گۆشتی ئەو مریشکە نەگۆڕاوە؟ هەروەها لە بارەی شیر و بەرهەمەکانیەوە هەمان پرسیار لە ئارادایە، چونکە مانگا شیر دەرەکان بە درێژایی ساڵ لە تەویلەدا، مۆڵ ئەدرێن و ئالیکی دەست کردیان ئەدەنێ کە زۆر دورە لە لەوەڕی سروشتیەوە.

زانا تەندروستیەکان نەخۆشیە رەگەزیەکانیان (وراثی) پشت گوێ خستوە وگرنگیان داوە بە دەراسەی دیاری کردنی ئاسەواری باری فەسیۆلۆجی و ئەقڵی و تەندروستی لە سەر ژیانی رۆژانەی ئادەمیزادی هاو چەرخ ، بە داخەوە دەراسەکانیان رووالەتیە، و پڕە لە کەم وکورتی و تەنها تا ماوەیێکی کورت بڕ ئەکات.

دەراسە و لێکۆڵینەوە هەڵەکانی زانایانی خواردەمەنی، لە جیاتی پارێزگاری ئادەمیزاد، بڕیاری لاواز کردنی لەش و دەروونی ئادەمیزادیان بە هۆی نەخۆشی داهێزراوەوە دەر کردوە، ئەو نەخۆشیەی شارستانیەت دایهێنا و سەپاندی بە سەر کۆمەڵگادا.

ئێمە تا بە تەواوی لە سروشت و چالاکی ئەقڵی خۆمان نەگەین، بە هیچ جۆرێ لە تایبەتمەندی ئەم نەخۆشیانە ناگەین چونکە ئێمە لەش لە روح جیا ئەکەینەوە، ئەگەر چی لە کاتی نەخۆشی و تەندروستیدا هەر دوکیان پێکەوەن.

بابەتی چوارەم

ا) بیروڕا لەبارەی کرداری هەستەوە، ئەقڵ و روح، پرسیاری بێ مەعنا. ئادەمی بریتیە لەچالاکیە سنوردارەکان.

ب) موغناتیسی وگفتوگۆ لە دورەوە.

ج) چالاکی وێژەیی،گۆڕانکاری کیمیاوی و خۆشەویستی، پێکهاتەی رەوشت، جوانی رەوشت.

د) چالاکی زانیاری جوانی ، هونەری بە ناوبانگ، جوانی وگرنگی کردار.

ھ) ئەو چالاکیەی ئەقڵ پێی نازانێ، بەزاندنی نەفس و/تامل/، بۆچون بۆ ئەو تاقیکردنەوانەی ئەقڵ بۆی ناچێ.

و) ڕێکخستن لە تێوان لایەنە چالاکیەکانی هەستا، هەستەکانی ئەقڵی و رەوشتی بریتین لە لایەنی چالاکیەکانی ئەقڵ و زەوق و ئەوەی ئەقڵ تێ ی ناگات.

ز) یەکگرتنی کردارەکانی هۆش و بیر لەگەڵ کردارەکانی فسیۆلۆجی،کاریگەری لووەکان لە سەر هۆش، ئادەمیزاد بە هۆی مێشك و هەمو ئۆرگانەکانەوە بیر ئەکاتەوە.

ح) کاریگەری چالاکی ئەقڵ لەسەر چالاکی ئۆرگانەکان ، بیرکردنەوە و کارکردن ، نوێژ و موعجیزەکان.

ط) کاریگەری شوێنەواری کۆمەڵایەتی لە سەر لایەنەکانی چالاکی ئەقڵی ، پوکانەوەی هەستەکان.

ی) نەخۆشیەکانی ئەقڵی، ئەقڵ لاوازەکان، ئۆرگانە بنچینەییەکانی نەخۆشیەکانی ئەقڵ ، سەگ، شوێنەواری کۆمەڵایەتی و نەخۆشی ئەقڵی.

باسی یەکەم

ئادەمیزاد پێکهاتووە لە هەموو چالاکیە سنوردارەکان، لەشی ئادەمیزاد خاوەنی چەندەها چالاکی فەسیۆلۆجیە و لە هەمان کاتیشا زۆر چالاکی گرنگی روحیش نیشان ئەدا، ناویان ناوە چالاکی ئەقڵی، ئەم چالاکیانە بریتین لە کاری خۆکاریەکانی ناو لەش و گەرمی ناو لەش و دیاردە کارەباییەکان و گۆڕانکاریە کیمیاویەکان بەهۆی هونەری سروشتی و کیمیاوییەوە پێوانە ئەکری و لێك ئەدرێتەوە، بەڵام ئەقڵ و هەستەکان بە هۆی پشکنینی تیۆرە ئەزانرێن، وەکو ئەوەی پزیشکێکی دەرون ناسی لە گەڵ نەخۆشێکی خۆیا بەکاری دێنێت.

تێگەیشتن لە هەستەکانمان، بریتیە لەو بیرو ڕۆچونانەی لە ناخی خۆمانا لێکی ئەدەینەوە ئەمەیان تایبەتمەندی بە خۆمانەوە هەیە، بۆ ئەوەی بە تەواوی لەو باسە گرنگە بگەین، پێویستە چالاکیەکانی ئەقڵ بەش بکەین بە چەند جۆر هەستەوە، وەکو: هەستی ئەقڵی، ڕەوشتی، چەشتەنی، دینی، ئەگەرچی لە راستیدا ئەم بەشکردنە دەست کردە، چونکە چالاکیەکانی ڕوح زۆر لەوە زیاترە.

لەش و ڕوح وەکو پارەیێکی دوو ڕوو وان بەبێ یەك نابن، جۆراو جۆر باس ولێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنجام دراوە و بە گوێرەی ئەقڵ و بۆچونی خۆمان زانیارمان لە سەر ئەو باسە پیادە کردووە، بە پێی هەندێ بۆچون گۆیا ئەقڵ و مادە پێکەوە ناگونجێن، بەڵام ووشەی "پێکەوە نەگونجان" هەڵەیە، بەڵکو وا راست تر بڵێین : باسی ئەقڵ و مادە وەکو بەربەرەکانی نێوان دوو هونەر یا دوو باس وایە ئەمە ئەوە ناگەیێنێت ئەقڵ و مادە پێکەوە ناگونجێن ، چونکە نامانەوێ ئەو هەڵەی (دیکارت) کەوتە ناویەوە، ئێمە دوپاتی کەینەوە، لای وا بر/ ئەقڵ و مادە لە یەك جیاوازن و پێکەوە ناگونجێن/ وەکو دوو شت هەر یەکە لە توخمێ بن، لە راستیدا ئەم جیاکردنەوەیە ئاسەوارێکی ناجۆری قووڵیی لە مێژوی ئادەمیزادا جێ هێشتوە و جورەها قۆرت چەڵەمەی دەستکردی لە نێوان پەیوەندی ڕوح و لەشا دروست کردووە، ئەگەرچی ئەو جۆرە پەیوەندیە بوونی نیە، چونکە ڕوح و لەش بە جیاجیا تاق ناکرێنەوە.

ئەوەی لای ئێمە رونە ئەوەیە لایەنە چالاکیەکانی بونەوەرێکی ئالۆز، بە پێی داب و نەریت بەش کراوە و بوە بە چالاکی ئەقڵی و فەسیۆلۆجی..

ئادەمیزاد هەر وەکو هەمیشە باسی خواردن ئەکات و ناوی خۆی لە بیرە، بەو جۆرەش باسی روح ئەکات و هەمیشە بیری لێ ئەکاتەوە، چونکە روح لەناخی ئادەمیزادا ئەژی، یان لای ئەو وەکو باسی هەڵاتن وئاوا بوونی رۆژ وایە، ئەگەرچی لە زەمانی گالیلۆوە هەمو کەس تێگەیشت رۆژ ناجوڵێ، هەر وەهاش ئەزانی روحی ئادەمیزادیش لایەنێکی ئاشکرایە ئادەمیزاد لە هەمو ئاژەڵ و زیندەوەرەکانی تری سەر زەوی جیا ئەکاتەوە، بەڵام ئێمە تا ئێستەش بە تەواوی نەمانتوانیوە باسی ئەو بوونە شاراوەیە بکەین، ئەی چۆن و چی بکەین؟ ئەو شتەی خۆمان ناومان ناوە روح و هەمیشە لە ناخمانا ئەژی، بە بێ ئەوەی هیچ شتێك لە ئادە و وزە وخانە وکارەبای ناو لەشمان کاربکا وکەم کاتەوە. ئایا روح پەیوەندی هەیە بە چالاکی شاراوەی تروە؟ تۆ بڵێی ئەم روحە رێکخەری گەردوون نەبێت و زانیاری تا ئێستە پێی نەزانیبێت؟ تۆ بڵێی لە روناکی گرنگ تر بێت؟ بەڵێ!! ئەقڵ لە ناومادەیێکی زیندودا خۆی شاردوەتەوە، بەڵام فەسیۆلۆجیەکان و ئابۆری ناسەکان، ئەوەندە لە ئاستیاکەمتەرخەمن، تەنانەت سەیریشی ناکەن و نازانن گەورەترین هێزە لە جیهانا، ئایا ئەو روحە خانەی ئەقڵ دروستی ئەکات؟ وەك پانکریاس کە ئینسۆلین دروست ئەکات، یا جگەر زراو دروست ئەکا؟ ئایا لەکام مادە دێتە دەرەوە، ئەو مادەی لێی دێتە دەرەوە، لەوە پێش نەبوە؟ وەکو کلوکۆز، لە کلیکۆجین یا لە ڤیبرینۆجین دروست ئەبێت؟ رەنگە روح جۆرێ بێت لەچالاکی و خاوەن یاساییکی تایبەتی بێت و هێشتا زانیاری تازە پێی نەزانیوە، یان تۆ بڵێیت لە خانەی پەردەیی دروست بووین؟ ئایا ئەبێ بە بونەوەرێکی مادی دابنرێت؟ یا لە دەرەوەی بۆشایی زەمەنا و لە پشت دنیای گەردوونی قوولەوە دۆزرابێتەوە وهاتبێ وبە شێوەیێکی نهێنی خۆی خزانبێتە ناو مێشك و ناخی ئادەمیزادەوە. بێشك لە هەمو زەمانێك و هەمو وڵاتێکا، زۆر لە فەیلەسوفە گەورەکان، ژیانی خۆیان تەرخان کردووە بۆ دەراسە و شیکردنەوەی گرێ پوچکەی ئادەمیزاد، بێ ئەوەی بگەنە راستی باسەکە، هەروەها ئێمەش لە سەرهەمان بابەت سوورین و بەر دەوام ئەبین، تاکو ئەگەینە هۆکارێکی تازەی وا بتوانین بگەینە قوڵایی هەستەکان، بۆ ئەوە پێویستمان بە زانیاری وسەر چاوەی راستەقینە هەیە، نەوەك بە ئەندێشە و خەو بینین. ئەگەر بمانەوێ بە راستی لە بنەڕەتی زیندەوەر بگەین، پێویستە بە هۆی هۆکارە هونەریەکانەوە، دەراسەیێکی وردی دیاردە

گرنگەکانی ناو ناخی ئادەمیزاد بکەین، لە پەیوەندیەکانی نێوان چالاکی روح و فەسیۆلۆجیای لەش بکۆڵینەرە، نەترسانە ئەو شوێنە نادیارانەی ناو دەروونمان،کە بە پەردەیێکی هەڵمینی خەست شاراوەتەوە و داپۆشراوە، ئاشکرای کەین و هەمو لاکانی بخەینە بەر چاو.

ئادەمیزاد پێکهاتوە لە زۆر لایەن چالاکی هەمیشەیی و هەندێ چالاکی کتوپڕ، هە وەها بریتیە لەوکردارانەی خۆی ئەنجام دانەکەی بە راست ئەزانێ، و لە کات و شوێنی خۆیا ئەنجامی ئەدا.

کێبەکانی /رایسبرویك/ بە ناوی سەرسووڕێنەر(المدهش) پڕە لە زۆر راستی، وەکو لە کێبەکانی (کلودبرنار) باسی کێبێك ئەکات بە ناوی (نەخش و نیگاری مارە بڕینی روحی) / زخرفة الزواج الروحی/ هەروەها کێبێکی تربە ناوی (دەروازەی دەراسەی پزیشکی تاقیکردنەوە)/مدخل دراسة الطب التجریبی/ بۆدەراسەی هەردوو لای ئەو بۆنەوەرە، لای یەکەمیان کەم بڵاو بوەتەوە وئەوی تریشیان ئاسایی و لە بەر چاوە.

ئەو باسانەی افلاطون لە بارەی چالاکیەکانی ئادەمیزاد نوسیویەتی، زوربەی لایەن سروشتی ئەگرێتەوە، وەکو برسیەتی، تونیەتی، تورەیی، ترس ..هتد. لە سەرەتای سەدەی رابەڕینەوە، گرنگی زۆر ئەدرا بەداب و نەریتەکانی ئادەمی، لەو هەل و مەرجەدا، زاناکان مادەیان لەئەقڵ جیاکردەوە و ئەقڵیان پشت گوێ خست وگرنگی تەواویان ئەدا بە مادە. هەروەها زانیاری فەسیۆلۆجیا وزانستی پزیشکی سەر قاڵی دەراسەی دیاردەکیمیاویەکان و چالاکیە ئاشکراکانی لەش بوون، گەیشتنە ئەوەی دەراسەکردنی شپرزە بونی ئۆرگانەکانی لەش بە هۆی میکرۆباتەوە، کاریگەری هەیە لە سەر پەردە لینجەکان. هەروەها زانیاری کۆمەڵایەتی، لەدەرئامانجی شییکردنەوەکانی، بۆی دەرکەوتوە، ئادەمیزاد توانای بەکار هێنانی ئالەی میکانیکی و بەرهەم دروست کردنی هەیە لە گەڵ پەرە دان بە باری ئابوری.

بەڵام زانیاری تەندروستی گرنگی ئەدا بە باری تەندروستی گشتی وکارکردن لە سەر هۆکارەکانی زۆر بوونی رێژەی ژمارەی دانیشتووان و بەرگری لە نەخۆشیە درمیەکان و پارێزگاری فەسیۆلۆجیای ئادەمیزاد.

هەروەها هونەری (بیداجۆجیا) هونەری فێرکردن لەم هەل و مەرجەدا بایەخی نە ئەدا بە دەراسەی منداڵ، نە لە بواری پەروەردە و نە لە بواری خوێندنا، واتە نەشونمای منداڵ بە تەواوی پشت گوێ خرابوو، کە پێویست بوو بەگوێرەی بیروبۆچونی راست و داواکانی ویژدان، لەگەڵ گەورە و بچوکی کۆمەڵگادا، پێویستیەکانی فێرکردنیان ئەنجام بدایێت، چونکە لەم بارو

دۆخەدا کۆمەڵگا زیاتر پێویستی بە رۆشن بیری و لە یەك نزیك کردنەوەی فەسیۆلۆجیا و زانیاری دەروون هەیە، هەروەها ئەبوایە بە وێژدانەوە گرنگی بدەن بەو زانیاریانەی لە قوڵایی بیرکردنەوەی دەروون و رەوشتی ئادەمیزادەوە هەڵ ئەقوڵێت. چونکە ئەم هونەرانەش هەمان مەبەست ئەگرێتەوە، بەڵام راستیەکەی هەندێ لە خەڵك سەیری بەشی دەرەوەی ئادەمیزاد ئەکەن وگوێ نادەنە ناوەوەی، هەندێکی تریش سەیری ناوەوەی ئادەمیزاد ئەکەن و دەرەوەی لەش لایان ئاساییە، بەڵام ئەبێ ئەوە بزانین ئەوە راست نیە گرنگی لایەکیان بدەین بە سەر لایەکەی تریا، چونکە هەر دوو لا تەواو کەری یەکترین.

باسی دووەم

لە دروست بوونی جیهانەوە دیاردەی تێڕبینی وهونەر لە ناو ئادەمیزادا بە ناوبانگە و زۆرکەس خاوەنی ئەو بەهرە بووە، لەگەڵ جیاوازی لە ئیوان هونەر و تێڕبینی هەر یەکێ لەو نهێنیانە.

زیرەکی بە هۆی هونەرێکی تایبەتیەوە تاق ئەکرێتەوە، هەروەها بە هۆی هونەرەوە چارە سەری چەند جۆرێ زیرەکی ئەکرێ، ئەگەرچی زانیارێکی وردمان لە بارەی ئەقڵەوە ناداتێ، بەڵام بواری دانانی یاسای زیندەوەرمان بە شێوەیێکی رێك و پێك بۆ ئەڕەخسێنی، هاوکار ئاسانکار و رێگا خۆشکەرە بۆ دابەشکردنی کار هەرکەسە بە پێی پلەی زانیاری خۆی، لە بواری کارە سوکەکانا، وەکوکرێکاری و فەرمان بەرایەتیە بچوکەکان، لە بانق یا لە ناو نوسینگەکانا، لەگەڵ ئەوەشا ئەم دابەشکردنە، بوو بەهۆی دەرکەوتنی راستیێکی گرنگ کە بریتیە لە دەرکەوتنی کۆمەڵێکی زۆر ئەقڵ لاواز لە ناو کۆمەڵگادا. ئاشکرایە جیاوازیێکی بەرفراوان هەیە لە ئیوان کەم و زۆری ئەقڵ و ڕەوشتی هەموکەسێك، چونکە هەندێ کەس خاوەن پلەیێکی بەرزە لە ئەقڵ و زیرەکیدا و هەندێکی تریش لەو بوارەدا بێ بەشە.

هەر کەسێ لە دایك ئەبێت هەڵگری توانای زیرەکی و بەهرەیێکی جیاوازە و ئەو بەهرەیە زۆر بێ، یاکەم، خاوەنەکەی بۆ پەرە پێدانی مێشکی خۆی، پێویستی بەپرۆڤەی هەمیشەیی هەیە، لە گەڵ هەندێ مەرج و شوێنەواری تایبەتی وگونجاو، تا بتوانێ بگاتە پلەیێکی بەرز.

هەمو کەس ئەتوانێ بە هۆی بەردەوام بوون لە سەر بیرکردنەوەی قوڵ(تامل) و دەراسەی وێژە، هێزی ئەقڵی خۆی زیاد بکات و لە زمانی ماتماتیك تێ بگات، بە هۆی پەیڕەوی کردنی یاسا جیاوازەکانی ئەقڵ و بە قوڵی بیرکردنەوە، ئەبێ بە خاوەنی بەهرەی بەرزی سەرسوورێنەر، چونکە بیروبۆچونی کورت و ناتەواو و پەلەکردن لە ئەنجامی تێ بینیەکان و رێز نەگرتن لە یاساکانی ئەو بابەتە و پشتگوێ خستنی پرۆڤەکان، ئەبێ بە هۆی دواکەوتن و لاواز بونی ئەقڵ. بەڵام لە بارەی چینی منداڵانی سەدەوە و رێژەی نزمی ئەقڵی ئەو منداڵانەی لە شارەگەورەکانا ئەژین و لە ناو قەرەبالغی خەڵك و ڕوداو و ئۆتۆمۆبێل و شەمەنەفەر و دیتنی هەندێ فلیمی ناجۆر، ئەبێتە هۆی لادانی شێوازی ئەقڵیان بەرەو هێمایێکی خراپ.هەروا لە قوتابخانەکانا

بچوکترین هۆکاری پرۆڤەی ئەقڵی تێدا بە دی ناکرێ، بە پێچەوانەوە پڕە لەو بابەتانەی رێگرێکی بە هێزە لە رێی پەرە سەندنی ئەقڵی منالا بە شێوەیێکی راست، ئێمە ئەزانین ئەم یاسای ئێستەی بەخێوکردنە لە گەڵ جۆری ئەو خوراکەی هەیە، بەشی نەشونمای ئەقڵی منڵ ناکات، زاناکان ئەڵێن " زۆر خواردن و زۆر وەرزش کردن رێگرە لە بەر دەم پەرەسەندنی ئەقڵا" وەرزشکار بە جۆرێکی گشتی، زیرەکیان کەم تێدا هەڵ ئەکەوێ.

پەرەدان بە ئەقڵ پێویستی بە شوێنەواری گونجاو و بارودۆخی تایبەت هەیە. پرۆڤەی تەواو و راست ئەبێتە هۆی دروست بونی زانای خاوەن ئەقڵ و بلیمەت. لە گەڵ ئەوەشا ئێمە تا ئێستە نازانین ئەو هۆکارە راستیانە کامەیە ئەقڵی ئادەمیزاد ئەگەیێنێتە لوتکە، ئێمە ئەوە ئەزانین ئەقڵی منڵ بە پرۆڤە و دەراسە بە هێز ئەبێت.

لە یادمان نەچێت زانیاری بە تەنیا ناتوانێ ئەقڵ بدات بە ئادەمیزاد. بەڵام هۆیێکی سەرەکی وگرنگە بۆ یارمەتی و ئاسانکاری بەهێز بوونی ئەقڵ.

زانیاری هەمیشە هەڵویستی پەرە پێدانی ئەقڵی ئادەمیزادی هەبوە، هەروەها ئەو راستیەی لە بارەی ئەقڵەوە لە زانیاری وەر ئەگیرێ، جیاوازە لەو ڕاستیەی لە دینەوە وەر ئەگیرێ، ئەوەی لە دینەوە سەرچاوە ئەگرێ، ڕاست تر و قوڵتر و بە هێزتر و متمانەدار ترە.

ڕاست بێژی مرۆڤ تێژ بین و درکاندنی هێنیەکانی ئەقڵی دەرون بەهۆی هۆکاری خەوی موگناتیسیەوە لە یەك هێزەوە سەر چاوە ئەگرێ، بەڵام ئەوەی سەرنج راکێشە ئەوەیە، ئەم راستیانە لای زانیاری نامۆ نیە، هەمو ئەزانین بە تەنیا دۆزراوەگرنگەکان بەرهەمی ئەقڵ نین، زانا بلیمەتەکان زۆریان بێجگە لە هێزی ورد بینی و زیرەکی، چاوی روحی و دیتنی شتە نەبینراوەکانیشیان هەیە، کە لە توانای کەسانی سادەدا نیە، بە هۆی ئەو بەهرەوە زۆر پەیوەندی لە گەڵ هێنیەکانی گەردونا ئەنجام ئەدەن و لە رێگای ئەقڵی روحیەوە، ئەوەی نەزانراوە هۆکاری روحی ئەیزانی.

ئەوگەورە پیاوە بلیمەتانەی خوا چاوی روحی پێ بەخشیون، بە پێ شییکردنەوە و تاق کردنەوە لە ڕاستیی هەمو شتێ ئەگەن. زۆر پێشەوای راستەقینەی زیرەك، بۆ هەڵبژاردنی جێگر و یاریدەدەری خۆی، پێویستی بە کارتی واسطە ی ئەم و ئەو نیە، بە ئەقڵی خۆی ئەوکارە ئەنجام ئەدات.

هەروەها دادوەری دادگای بیر تیژ، بۆ دەرکردنی فەرمانێکی دادگایی، بە بێ ئەوەی پەنا بەرێتە بەرگیژاوی بەندەکانی دەستور یەکسەر بە زیرەکی خۆی فەرمانی راست دەر ئەکات، ئەگەرچی پێشەکی دادگاییەکە رەنگە هەر وەکو ئاساییە، پڕبێت لە ووشەی وێژەیی قەڵەو و هەڵەی بەندەکانی ناو دەستورە دروست کراوەکە، هەر وەکو (کاردوزو) ئەڵێت. بەڵام زانای بلیمەت رەمەکی /غریزة / بەهرەکەی، لەو بابەتەدا بەرەو سەرکەوتن رای ئەکێشێ، ئەو دیاردەیە بە بەهرەی خوایی (الهام) [50] ناو ئەبرێت هەزاران ڕوداوی راستەقینە لەو خاوەن بەهرانە ئەگێڕنەوە، ئەقڵ وشکە مادیەکان بۆیان هەرس ناکرێت.

زاناکان بریتین لە دو بەشی جیاواز:

ا) بەشی وێژەیی/منطق/

ب) بەشی بیرتیژ/سریع الادراك/

پێشکەوتنی زانیاری لە ناوکۆمەڵگادا قەرزاری ئەم دو جۆرە زانایانەن، بە هۆی تێکۆشانی ئەم دو جۆرە و پێکەوە، زانستی پەرەی سەند و پێشکەوت وکۆمەڵگا کەڵکی لە ئالیەتی ئەم دو هێزە وەرگرت.

هەر وەکو ئالەی ماتماتیك، بریتیە لە پێکهاتەیێکی دەست کردی شییکردنەوەی ژمارە، کارەکانی خۆی بەخێرایی ئەنجامئەدا، هەروەهاش لە ناو زانا مێشك ماتماتیکیەکانا زانای بیر تیژ و وێژەیی و زانای شییکەرەوەو ئەندازیار زۆرە، بۆ نمونە: (هرمس و برتراس) لە زانا بیرتیژەکان بوون، (ریمان و برترانت) زانای وێژە بوون.

---

[50]- الهام- بریتیە لە بەهرەیێکی خوایی کە بەخشیویەتی بەهەندێ مرۆڤ، سەرچاوەی وەدەس هێنانی ئەم بەهرە پیرۆزە صۆفیەتی یان خۆتەرخان کردنە بۆ ئەنجام دانی پرۆگرامەکانی یۆگا، لای (گورو) مامۆستایێکی بە توانا، و یان بەخششێکی خوای گەورەیە ئەیدا بە کەساتێکی تایبەتی، یا پاشماوەی هەوڵ و چاکی ژیانەکانی پێشوی ئەو کەسەیە کە خاوەنی ئەم بەهرەیە بووە و ئێستە بۆی هاتوەتەوە، چونکە وەکو وتمان هیچ جۆرە کردارێ وون نابێ و لە کاتی مردنا هەمو ئەو کرداوە چاکە و خراپانە لەگەڵ لەشی اثیری ئەچێ بۆ جیهانی ئەرواح، تاکو کە جارێکی تر هاتەوە بۆ دنیای زەوی، هەمان ئەو رەوشتانەی لە گەڵ خۆی دێنێتەوە، کەلای هەندێ کەس هەندێ لەو بەهرانە ئەکەونەوە کار، ئەم بەهرە و هەمو ئەوانی تریش بە هۆی بە خەبەر هاتنەوەی چاکراکانەوە دێنەوە کایە..

هەموکاتێ بەرهەمە دۆزراوەکانی زانا بیرتیژەکان بە هۆی ڕێ پیشان دان و ئەقڵی وێژەییەکانەوە تەواوکراوە.

بیرتیژی هۆزێکی بەهێزە، بەڵام لایەن مەترسیداری ئەوەشی تێدایە بەرهەمەکەی زۆرجار لە لایەن چینی ڕۆشن بیرەوە پەسندە، کە بەشێکی کەمی کۆمەڵگایە. بەڵام لای چینی سادە کە بەشێوەی ئەندێشەو پڕوپاغەندە دێتە پێش چاویان و تێی ناگەن. ئاشکرایە ئەگەرکۆمەڵگا بە بێ تێگەیشتن وکوێرانە، هەر لە سەر متمانە، دوای پڕۆسە بکەوێ، بێشك ئەکەوێتە ناوچاڵێکی قوڵی هەڵەوە، چونکە دەراسەی زانیاری لەشت گەیشتن، پێویستی بەهۆشێکی تەواو وتێکۆشانی راستەقینە هەیە بۆ وەدەست هێنانی ئەو ئەقڵە.

لایەنێك لە لایەنەکانی ئەقڵ بریتیە لە بەهرەی تێزبینی بە هۆی الهامەوە*هەندێ لە پزیشکەکان خاوەنی ئەو بەهرەیەن ،بۆ نمونە: هەر بە یەکەم سەیر کردن نەخۆش بەبێ پشکنین جۆری نەخۆشیەکەی ئەزانێ. هەر وەکو زۆرکەس بە یەکەم جار دیتنی کەسێ، لە هەمو هەست و نست و ڕەوشتی ئاگادار ئەبێ.

تێزبینی پەیوەندی بە ئەقڵەوە نیە، بەڵکو بەهرەیێکی خواییە، زۆرکەس لە خاوەنی ئەو بەهرانە، خۆیشیان نازانن ئەم بەهرەیان چۆن دەست کەوتوە؟ بەڵام بەهرەی ڕوحی، یا الهام لە ڕێگای سۆفیگەری، یان یۆگاوە دەست ئەکەوێ، خاوەنەکەی ئاگاداری هەمو لایەنێکی بەهرەکەیەتی، ئەم بەهرانە وەکو بەهرەی هۆکاری نواندنی موقناتیسی وان، بریتین لە هەستی شەشەم، کە زانای بەرز(چارلس ریخت) باسی ئەکات.

چاوی موقناتیسی و لە دوورەوە قسە کردن (تلپاثی) [51] لای زاناکانی سەدە، زانیارێکی تازەیە،

---

[51] –تلپاتی–تخاطر- لە دورەوە قسەکردن- یەکێکە لە دیاردە سەر سورێنەرەکان، ئەگەرچی لای زۆر لە زانایانی ژیان نەسەلێندراوە، ئێمە لۆمەیان ناکەین چونکە ئەم دیاردانە تایبەتین و ناچنە ئەقڵی ئەو جۆرە کەسانەوە، ئەم دیاردەیە بە ویستی مرۆڤ دەس ئەکەوێ، لە گەڵ ئەوەشا هەل پەرستەکان کۆمەڵێ درو و دەلەسەیان پێوە هەڵواسیوە، بۆ بەرژەوەندی خۆیان و مادە بەکاریان ئەهێنا، لە گەڵ ئەوەی لە هەمو جیهانا و لای زۆر لە زاناکان سەلێندراوە، بەڵام زانا تازەکان بەشێوەیێکی زانیارانە شییان نەکردوەتەوە. ساڵی ۱۸۸۲کۆمەڵێکی شوێنەوار ناسی لە لەندەن بە سەرۆکایەتی (هنری سیدی جۆیك) مامۆستای فەلسەفەی ڕەوشت لە زانکۆی کمبردج دامەزرا، هەروەها ساڵی ۱۹۱۹ پەیمانگای تیودەوڵەتی لە پاریس بە سەرپەرشتی دەوڵەتی فەرەنسە

خاوەنی ئەو بەهرەیە توانای هەیە لە هەمو هێنیەکانی خەڵك بگات بەبێ بەکار هێنانی هۆکاری مادی، هەروەها خاوەنی بەهرەی تلپاتی لە دووری هەزاران کیلۆمەترەوە ئەتوانێ هەر بە بیر کردنەوە لە گەڵ

یەکێکا قسە بکا بە مەرجێ بەرامبەرەکەیشی خاوەنی هەمان بەهرە بێت، با ئەوەش بڵێین بەهرەی تلپاتی یان موقناتیسی بە هۆی پرۆڤە کردنەوە دەس ئەکەوێ.

هەمو کەسێ بەهرەی تلپاتی یا مۆقناطیسی نیە، چونکە دیاردەیێکی دەگمەنە، خاوەنی ئەم بەهرەیە تواناییکی زۆری هەیە لە زانینی هێنی و هەواڵی راست و وەڵام دانەوەی پرسیاری سەخت و ئاڵۆز کە لە توانای هەستەکانی تردا نیە، هەڵگری ئەم بەهرانە بیر و ئەندێشەی خەڵك ئەزانێ، ئەگەر ئەم هۆکارە لە راستیدا ئەم دیاردانە لە گەڵ ئەوەی کەمێ نامۆن، بەڵام لە راستیدا بەشێکن لە چالاکی سروشتی ئادەمیزاد.

دانەری ئەم کتێبە (د. الکسیس کاریل) ئەفەرموێ: کاتێ من لە کۆلێژی پزیشکی بووم، گرنگیێکی تایبەتیم ئەدا بەم باسە وە لە گەڵ تلپاتی و فسیۆلۆجی و کیمیا و پاسۆلۆجی دەراسەی میتافیزیقیاشم ئەکرد، دەراسە کردن و تاقیکردنەوە وە بە دەستی خۆم توانیم هەندێ بەڵگەی راست بە هۆی خۆمەوە وەدەس بێنم، نەك بە هۆی زاناکانی ئەو بەشەوە.

دەراسەی میتافیزیق جیاوازی نیە لە گەڵ دەراسەی فەسیۆلۆجیا و زانیاری دەرون، پێویستە زاناکان بەدڵێکی فراوانەوە ئەو دیاردانە وەرگرن، چونکە زۆر پیرۆز و زاناکان بە هەوڵێکی زۆر وەدەسیان هێناوە، هەروەها لە گەڵ بەهرەی تلپاتی پاشەڕۆژێکی پرشنگداریان هەیە..

لەلایەن مامۆستای ئەو زانیاریەوە بنوێنرێت و ئامۆژگار (ایحا)ی ئاراستە بکات، زۆر هێنی ئاشکرا ئەکات، مامۆستاکە ئەتوانێ لەشە ئیریەکەی، بۆ هەر شوێنێ بیەوێ بنێرێت و باس و هەواڵی ئەو شوێنە بە تەواوی و بە وردی باس بکات. وەکو وتمان، هەرکەسێ بیەوێ ئەتوانێ بە هۆی پرۆڤە و بەردەوام بوون، بێ بەخاوەنی بەهرەی موقناتیسی وبەهرەی هۆکاریەکەی.

دامەزرا، خۆشبەختانە زانای گەورەی بە ناوبانگ (چارلس ریچە) مامۆساە پزیشکی لە زانکۆی لیۆن- یەکی بو لە ئەندامەکانی ئەو دامەزراوە، ریچە کتێبێکی لە بارەی میتافیزیکەوە دەر کرد بە ناوی (دوای مردن) . پەیمانگا هەمیشە گۆڤار و بڵاو کراوەی روحی بڵاو نەکردەوە، وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بە گوێرەی قەبارەی ئەو زانیاریە پیرۆزە سەرەتا گرنگی پێ نەئەدا، لە گەڵ ئەوەشا بەشی زانیاری دەرون لە زانکۆی دیوك بە سەرۆکایەتی دکتۆر (ج . ب . راین) هەندێ باس و تاقی کردنەوەی بە نرخیان لە سەر ئەو زانیاریە بڵاو کردەوە

بۆ وەدەسهێنانی بەهرەی تیلپاتی، هەر بەو جۆرە بەهۆی پرۆڤەی تایبەتیەوە لە ژێردەستی مامۆستا، هەموو کەس بۆی هەیە دوای ڕاهێنانی لەشی بەهۆی یۆگاوە، ئەم بەهرەیە، بەخۆی ببەخشێت.

ڕێ ئەکەوێ هەموکەس لە ژیانیا، ئەقڵی دەروێ خەیاڵی ڕودانی شتێك بە دڵیا بێنێت و شتەکەش ڕوبدات هەروەها زۆرکەس خەو بە ڕوداوێکەوە ئەبینێت و زۆر جاریش ئەو خەوە دێتە دی هەندێ جار یەکێ لە خاوەن بەهرەکان بۆ نمونە: هەواڵی مردنێك ئەدرکێنێ و ڕێ ئەکەوێ بەو شێوەی باسی کردووە، مردنەکە ڕوو ئادات، بەڵکو بە شێوەیێکی جیاواز ئەوکەسە ئەمرێت.

لە ڕاستیدا ئەم دیاردانە ئەگەرچی کەمێ نامۆن بەڵام خۆی لە ڕاستیدا بەشێکە لە چالاکی سروشتی ئادەمیزاد دانەری ئەم کتێبە (د. الکسیس کاریل) ئەفەرموێ: کاتێ کە من لەکۆلێژی پزیشکی بووم، گرنگییێکی تایبەتیم ئەدا بەم باسە.

لەوە ئەچێت ئەم دیاردانە پەیوەندی بە ئێلهامەوە هەبێت، ناچێتە ئەقڵی مادییەکانەوە ،بەڵام من ئاگاداری ئەوەم و هەندێ شتم بە چاوی خۆم دیوە.

سەلێندراوەئادەمیزاد بە هۆی ئەقڵەوە لە شوێنی زۆر دورەوە پەیوەندی لە گەڵ ئادەمیزادا ئەکا لە هەندێ کاتا لە گەڵ ئاژەڵیشا، ئەم دیاردە سەیرە پەیوەندی بە میتافیزیکەوە هەیە (ماورا الطبیعة) ئێمەی زانایان ناچارین بە هەمو شێوەکانیەوە وەری گرین و پێ ی رازی بین، چونکە بەشێکە لەو ڕاستەقینەی ئێمە باسی ئەکەین و بە دوایا وێڵین، کە تا ئێستە لە ئادەمیزاد شاراوە بووە و لایەنێکی بە نرخی ئەقڵی ئەو بونەوەرەش دیاری ئەکات، بریتیە لە بەشێکی زۆرکەم لە هەزاران چالاکی روحی شاراوە کە بەر پرسن لە دروست کردنی هەزاران مرۆڤی بلیمەت و خاوەن بەهرەی نایاب.

ئێمەی ئادەمیزاد بە ناچاری، ناچارین بەو بەشە ئەقڵە بچوکە ڕازی بین و هەوڵ بدەین بە هۆی قوتابخانە و دەراسەوە پەرەی پێ بدەین ، نازانین ئەقڵمان هەزاران لایەن لەوە بە هێزتر شك ئەبات، بەڵام ئەی کەی ئادەمیزاد ئەتوانێ بە کاریان بێنێت؟ لەگەڵ ئەوەیشا مرۆڤی بلیمەتی خاوەن توانای روحی هەیە، کە لێژنە ڕوحیە نێو دەوڵەتیەکان، لە سنور بەدەر کاری گرنگی ڕوحیان پێ ئەنجام ئەدەن

باسی سێیەم

چالاکیە ئاشکراکان و نهێنیەکانی ئەقڵی ئادەمیزاد بە کۆمەڵ وڵە یەک کاتا، دێنە ناوهەستەکانی تری لەشەوە، چونکە هۆێکە بۆ بوونی ئادەمیزاد، ئەوانیش وەکو خۆمان هەمیشە لە گۆڕانان، گۆڕانەکەش وەکو شریتی سینما کە فلیمی لە سەر تۆمار ئەکرێت و هەرساتە رووداوێك و دیمەنێکی جیاواز نیشان ئەدا و هەر دەم لە گۆڕانایە، یان وەك دەشتێك وایە، هەر ساتە جۆرە شەپۆلێك روی تێ ئەکات و ئەبێتە شانۆێك بۆ نیشان دانی جۆرەها رووداوی سروشتی، وەکو باران ، با ، گەرمی ، ساردی ..هەتەد، ئەقڵ وێنەی هەستەکانی خۆی ئەخاتە سەر ئەو شاشەیەی هەمیشە وەکو لەش بە هۆی هەستە خۆش و ناخۆشەکانەوە لە گۆڕانایە، هەرساتە بە جۆرێکە. بۆئەوەی خۆمان لە هەمو هەستە نەبینراوەکانی لەشمان جیا کەینەوە، پێویستە دەراسەیان بکەین و لە راستیەکانیان بگەین.

ئەوکەسەی بە ئەقڵ بیرئەکاتەوە، ئەتوانێ زاڵ بێ بەسەر بارودۆخی خۆش و ناخۆشی هەستەکانی و جموجۆڵی فەسیۆلۆجی ئەو هەستانەی کە لەکاتی چالاکی ئەقڵا هەستی پێ ئەکا. هەمو ئەزانین هەستەکانی خوشەویستی، رق، ترس، ئەبێتە هۆی شپرزەبونی لەش و خەمباری، ئەم هەستانە بۆ دەرخستنی خۆی پێویستی بەگۆڕانکاری کیمیاوی ناو لەش هەیە، هەر چەندە ئەو هەستە بەهێز بێت ئەوەندە ئەوگۆڕانکاریە چالاکتر ئەبێ، ئەوەیش ئەزانین گۆڕانکاری کیمیاوی پێچەوانەی ویستی ئەقڵە، چونکە بۆ ئەوکارە، ئەقڵ زۆر لە گەڵ گۆڕانکاریدا نیە، کارە سەختەکان زۆر لەکاری فەسیۆلۆجیەکانەوە نزیك نین. هەر کەسێ مەزاجێکی تایبەتی ئەدرێتێ، مەزاجی کەس وەکو ئەوی تر نیە، ئەو مەزاجەش پێکدێ لە تێکەڵەی هەندێ مادەی مۆخ و فەسیۆلۆجیا و پێکهاتەی لەش. ئەمەیە ئەو ئادەمیزادە نەناسراوە، هەر خۆیشی بەر پرسیارە لە نامۆیی و لاوازی هێزی خۆی. باشە ئەی ئەو هەڵسوکەوتانە چیە ئەبێتە هۆی لاوازی مەزاجی کۆمەڵێکی دیاریکراو لە ناو گەلێکی دیاری کراوا؟

وادیارە هەرکاتێ پارە و سامان زۆر بو و خۆێندەواری پەرەی سەند و خواردن خۆشتر و چەور تر بوو، هەستی بەزەییو خوشەویستی کەم ئەبێتەوە و دەر ئەکەوێ کاری سەخت بە بێ هۆ

لە ئەقڵ جیا ئەبێتەوە و هەندێ لایەن گرنگی خۆی ئاشکرا ئەکات، لە مانە وا دەرئەکەوێ، ئەو شێوە ژیان و خواردن و فێر بونە، ڕەوشتمان بە هۆیەوە ئەبێ بە ڕەوشتی مەڕ و بزن و هەستی بەزەیی و خۆشەویستیمان بە تەواوی ئاوەژو ئەبێتەوە و تێك ئەچێت.

سروشتی ڕەوشت، هانی ئادەمیزاد ئەدا بۆ هەڵبژاردنی کرداری پەسەند و هەست کردن بە پێویستی سەرشان، خۆی ئەم ڕەوشتە چاکانە، لە بنەڕەتا تایبەتە بە ئادەمی، بەڵام ئێستە ئەم ڕەوشتە لەکەم کەسا ماوە، گەرچی لە گەڵ دروست بونی نوتفەی ئادەمی ئەم ڕەوشتانە هەموی لەو نوتفەدا ئەخولقێ و حاشا لە بوونی نەکراوە.

ئەگەر هەستی وێژە نەبوایە (سقراط) جامە ژەهرەکەی نە ئەخواردەوە، ئەم هەستە لە هەندێ کۆمەڵی تایبەتی ناو وڵاتێکی تایبەتیدا هەیە و لە پێشکەوتنایە.

هەستی وێژەیی لە هەمو سەردەمێکا خۆی دەرخستوە وگرنگی وێژەیی لە سەرەتای مێژوی ئادەمیزادەوە پەیا بووە و پەیوەندی سەرەکی بە هەستی ئەقڵی و دینی و جوانیەوە هەیە، هەستی وێژەیی جیاوازی نێوان هەڵە و ڕاست دیاری ئەکات. ویست و ئەقڵ لای ئادەمیزاد یەك شتە، هەموو ڕەوشتێکی بەرز و جوان لە ئەقڵ و ویستەوە سەرچاوە ئەگرێت.

ئاشکرایە هەستی وێژەیی وەکو چالاکی ئەقڵ متمانە ئەکاتە سەر بارودۆخی پێکهاتەی لەش وکارێکی دیاری کراو، بارودۆخەکەش لە پێکهاتەی چنراوە و مۆخ و لە بەسەر هاتەکانی ژیان پێشوو دروست بوە و پەرەی سەندووە. (شوبنهاور) لە وتارێکا لە کۆمەڵەی زانیاری مەلەکی لە کۆپنهاگن لە بارەی بنەڕەتی ڕەوشت وتی" لە گەڵ دروست بۆنی نوتفەی ئادەمیزاد، بناغەی سەرەتایی وێژەیی تیادا خولقاوە." واتە ئادەمیزاد لە دایك ئەبێ ڕەوشتی خۆپەرستی و بەزەیی و وێژەیی تێداهەیە ئەم هەست و ئارەزووانە لە گەڵ ئادەمیزادا، نەوە لە دوای نەوە هاتوە و ئەقڵی دەرونیش ئاگادارە.

(گالاڤاردین) ئەڵێ:" هەندێ خۆ پەرست هەیە هیچ کاتێ گوێ نادەنە نەگبەتی و خۆشبەختی گەلەکەیان، هەندێ کەسانی تری کینە لە دڵ بە ئێش و ئازار و نەگبەتیو ناخۆشی گەلەکەی خۆیان دڵخۆشن، تەنانەت ئەگەر خۆیشیان هۆکاری ئەو ناخۆشیانە بن،" هەست بە چاکە کردن، لە ناخی مرۆڤا هێزێکە، هانی ئەو کەسە ئەدا بۆ یارمەتی کەسانی ترو جۆرەها چاکە کردن، ئادەمیزاد لە دایك ئەبێ، بێشك هەڵگری هەست بە چاکە کردن، یا هەڵگری هەستی خراپە کاریە، بەڵام هەستی وێژەیی ئەقڵە، پێویستە بە گوێڕەی هێزی ویست و فێرکردن و یاسا،

پەرەی پێ بدرێ و ڕا بێنرێت، چونکە ئەو ڕەوشتانە پەیوەندی هەیە بە پێویستە بنەڕەتیەکانی خەڵك و ژیانی کۆمەڵایەتیەوە کە لە ناویانا باوە، ئەبێ بە گوێڕەی پلەی کۆمەڵایەتیەکان لە هەمو کاتێك و لە ناو هەمو دەوڵەتێکا سنوور بۆ ئەو پێویستیانە دابنرێت. هەمو ئەزانین چاکە هاوترازوی داد و جوانی وکرداری باشە و خراپەیش هاوترازووە لە گەڵ خۆ پەرستی و کینە و تۆڵە و دڵ پیسیدا.

بناغەی یاسای ڕەوشتی تێوری لە شارەکانی سەدە تازەکانا، لە سەر پاشماوەی ڕوخانی ڕەوشتی مەسیحیەکان دامەزراوە و دەسەڵاتیشیان بە سەر کەسا نیە. ئادەمیزادی سەدەی شارستانیەتی تازە، هەمو یاساکانی خستوەتە ژێرپێ ی شەهەواتی خۆیەوە، لە گەڵ ئەوەشا ڕەوشتی بایۆلۆجی و پیشەسازی هیچ نرخێکی بەکاریان نەبوە، چونکە بریتیە لە وێژەیێکی داتاشراو و لە ووشەی ئادەمیزاد بەو لاوە هیچ لایەنێکی تر ناگرێتە خۆی، ئەو ڕەوشتە دروست کراوە، هەندێ لە چالاکیە ڕەوشتە گرنگەکانی خستوەتە پشت گوێ و هیچ هێزێکی بەرگری پێشکەش ناکات بە ئادەمیزاد، بۆ ئەوەی بتوانێ خۆی لە ڕەگەزە خراپەکانی خۆی لادات. ئادەمیزاد پێویستە پەیڕەوی یاسای ناو ناخی خۆی بکات وگوێ لە دەنگی دەرونی خۆی بگرێ و بە پێی توانا، هاوسەنگی ئەقڵ و لەشی خۆی بپارێزێت. هەمو دەوڵەتێ توانای هەیە یاسا بە زۆربسەپێنێ بە سەر خەڵکا، بەڵام ناتوانێ بە زۆر ڕەوشت بسەپێنێ بە سەرکەسا، پێویستە هەموکەسێ خۆی بەرپرسیار بێت لە کرداری چاك و دوورکەوتنەوە لە کرداری خراپ.

ئەقڵ و هێزی ویست و ڕەوشت هەمو ئەمانە پێکەوە پەیوەستن، لە گەڵ ئەوەشا هەستی وێژەیی زۆرگرنگترە لە ئەقڵ، وێژەی هەرکۆمەڵگایێ کەم یا زۆر هەرەس بێنێت، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئەوگەلە بەرە بەرە، لاواز ئەبێ، تا بە تەواوی ئەڕۆخێت.

ئێمە لە بواری دەراسە کردنی بایۆلۆجی،گرنگیێکی تەواوی وامان نەداوە بە چالاکی وێژەیی شایەنی خۆی و پڕ بە پێستی بێت، ئێمە پێویستە وەکو چۆن دەراسەی ئەقڵ ئەکەین، زۆر لەوە باشتر دەراسەی زانیاری وێژە بکەین، لە گەڵ ئەوەی ئەو جۆرە دەراسە،کەمێ سەختە، بەڵام زۆر بەئاسایی لە ناوکۆمەڵگادا ئەو هەستە لە هەندێ کەسا بە ئاشکرا بە دی ئەکرێت.

هەروەها ئەتوانین ئاسەواری فەسیۆلۆجی و دەرونی و ڕەوشتی کۆمەڵایەتی شیی بکەینەوە، ئەگەرچی ئەم جۆرە شیی کردنەوەیە لە تاقیگادا ناکرێ، بەڵکو پێویستی بە دەراسەیێکی مەیدانیە ، چونکە زۆرکەس سیفەتی هەستی وێژەیی تێدایە، زۆرکەسیش بەڵگەی ئەوەی لایە ئەم هەستە

بەرەو نەمان ئەڕوات. هەروەها کەسانێکی تری هەڵگری ئەم هەستەش جۆرەها پلەی جیاوازیان وەدەست هێناوە.

ئێمە دڵنیاین یاد داشتی زاناکان هێشتا پڕە لە چەندین جۆر هەستی چالاکی وێژەیی، دور نیە هەمو یەکێ لە ئێمە لە ژیانیا توشی مرۆڤ رەوشت بەرز و جوان بوبێت، بە چەنەین رەوشتی باشی شارستانیەت رازابوبێتەوە و نمونەیشیان زۆرە، چونکە رەوشتی جوان بۆ مرۆڤ رێز و خۆشەویستیە و رەوشتی بەرزیی وێژەی گەل، ئەبێتە هۆی ئاشتی و بەختەوەری کۆمەڵگا و پەرە سەندنی خۆشەویستی، رەوشتی باش و جوانی رەوشت و وێژەی بەرز، ئەبێ بە هۆی بە هێز بوونی ئەقڵ، هەروەها جوانی رەوشت و وێژە، لە سەروی زانیاریەوەیە و بناغەی شارستانیەتە.

باسی چوارەم

لەسەرەتای بوونی ئادەمیزادەوە، هەست بەجوانی کردن هەیە، هەروەها وەك چۆن لای ئادەمیزادی هاوچەرخ شارستانی ئیستەی پێشکەوتوو، بونی ئەو هەستە بووە، تەنانەت ئەگەر مرۆڤ ئەقڵیشی لاوازبێ، هەستی جوانی لەلا هەر ئەمێنێ، چونکە زۆر مرۆڤی شێت و بێ ئەقڵیش بەرهەمی جوانی هەیە. دروست کردنی هەندێ وێنە، یان چەند نەغمەیێکی خۆش توانای جوڵاندنی هەست بە جوانی کردن لە مرۆڤا ئەورۆژێنێت، یەکەم رەوشتی ئادەمی ئەوەیە بە هەستێکی خۆشەویستیەوە بڕوانێتە ئاژەڵ و گوڵ و دەرخت و ئاسمان و شاخ و زەریا.

ئادەمیزاد پێش شارستانیەت بە هۆی بەردە سێوە وێنەی ئاژەڵ و زیندەوەری لە سەر تەختە و دانە فیل و بەرد دروست کردووە، ئەگەرچی ئیستە بە هۆی زانیاری و نەریتی سەدەوە، ئەم هەست بە جوانی کردنە لە ناخیا پوکاوەتەوە یا بە هۆی ناجۆری کاری کارگەوە ئادەمیزاد بە هۆی هێزێکی دەروونی تایبەتەوە (الهام) لەزەت لە دروست کردنی شتەکە ئەبینێ و هەست بە جوانیەکەی ئەکات. تا ئێستەش لە ئەورووپا، بە تایبەتی لە فەرەنسە، وەستای خواردەمەنی و قەساب و نەقار و خەفاف و قابقابچی و دارتاش و ئاسنگەر و میکانیکی بە هونەرمەند دائەنرێن، هەروەها ئەوانەی هەڵوای جۆراوجۆر و خۆش دروست ئەکەن و ئەوانەی لە ئاسن دەرگا و پەنجەرەی نایاب و جوان دروست ئەکەن، لە گەڵ ئەوانەی کە مۆبێلیای قەشەنگ و ئەوانەی کە لە بەرد و دار پەیکەری جوان و وێچووی جۆرەها شت دروست ئەکەن، هەروەها ئەوانەی وا لە لۆکە و خوری و ئاوریشم سەدان پارچە شتی دڵ رفێن دروست ئەکەن، ئەوانە هەر هەمویان لەزەت لە جوانی هونەرەکانی خۆیان ئەچەژن، وەکو چۆن پەیکەر تاشە گەورەکان، یان مۆسیقارە بەرزەکان و ئەندازیارەکان بە ئەنجامی کارەکەی خۆیانا دڵخۆش ئەبن. بەڵام ئێستە هەست بە جوانی لای زوربەی خەڵك لە ناخیانا تاسێنراوە، چونکە شارستانیەتی پیشەسازی، بە جۆراوجۆر وێنەی ناشیرین دەوری گرتوون،کراون بە ئالە وکرێکار، لە کارگەدا تەمەنی خۆی لەوکارەی ئەنجامی ئەدا ئەبڕێنێتەوە،کە بریتیە تەنها لە یەك جۆرکار و هەمیشە دوپاتی ئەکاتەوە و هیچی تر، ناتوانی ئەقڵی خۆی بەکار بێنێت، وەکو چۆن هێسترێکی چاو بەستراو، ئەبەستێتەوە

بە ناعوری بیرێکەوە و تا ئێوارە ئەسوڕێتەوە، بۆ دەرهێنانی ئاو، یان هارینی دانەوێلە. پیشەسازی ئێستە بە کار هێنانی ئەقڵی لە ئادەمیزاد قەدەغە کردووە رۆژانە هەندێ بە کاری بێنێ بۆ کەمێ سەرگەرمی خۆی، شارستانیەت هەڵەیێکی گەورە ئەکات بەوەی ئەقڵ ئەخاتە پێناوی مادەوە، هەڵەیێکی وا رۆژ بە رۆژ مەترسیەکەی زیاتر ئەبێ، چونکە کەس نیە دژی ئەوە بوەستێت، هەمویان بە ناچاری پێ ی رازی و بێ دەنگن، وەکو چۆن بە ژیانە کولەمەرگیەکەی شارە گەورەکان و بەندیخانەکان و کارگەکان رازین و هیچ ناڵێن، لە گەڵ ئەوەیشا ئەو کەسانەی لە کارەکانیانا کەمێ هەست بە جوانی کارەکانیان ئەکەن، خۆیان لە هەمو ئەوانی تر بە بەختەوەرتر ئەزانن، چونکە بەرهەم بە بێ ئەوەی کرێکارەکە ئەو بەرهەمەی خۆش بوێ، ئەبێتە هۆی لە ناو بردنی ئەوکەسە، بەم جۆرە پیشەسازی دەس رەنگینی و جوانی لە ناخی کرێکارا نەهێشتوە. ستەمی شارستانیەتەکانمان و پەساوتنی هەستی خەڵك ئەگەر کەمیش بێ، بووە بەهۆی لەناو بردنی هەست بەجوانی کردنی زوربەی کۆمەڵگا لە ژیانی رۆژانەدا.

هەست بە جوانی کردن خۆی لە خۆیا ئەوەندەی تر جوانی ئەخاتە سەر ئەو جوانیە،کاتێ هەست بە خۆشی بەرهەمێ ئەکەین، ئەو هەستە هەر لە خۆیەوە ئەکشێ و بە تەواوی لە ناو ناخی بونەوەرێکی ترا نوقم ئەبێت. جوانی پرە لە بەختەوەری بۆ ئەو کەسەی شوێنەکەی بدۆزێتەوە، جوانی لە هەمو شوێنێك هەیە، لە دەستی کەساتێکەوە پەیا ئەبێ، نەخش و نیگاری جوان ئەڕازێننەوە، یان شتی ناو ماڵ ئەنەخشێنن، یا پارچەی نایاب دروست ئەکەن و ئاوریشم ئەچنن و لە مەڕمەڕ پەیکەر ئەتاشن، یان بە نەشتەرگەری ژیانی کەسێ رزگار ئەکەن، بە هۆی ئەو نەشتەرگەریە مەترسیدارەوە ژیان بە مرۆڤ ئەبەخشن، وەکو چۆن هونەری نیگار و مۆسیقا و هۆنراوە ژیان ئەبەخشێ بە مێشك، جوانی جێگیرە لە ناو لێکدانەوەی (گالیلۆ) و بیر و بۆچونی (دانتی) و لە تاق کردنەوەکانی (باستیر) و لە هەڵهاتنی رۆژی رووی زەریا و لە ناو فەرتەنەی زستانی سەر شاخە بەرزەکان و لە هەمو پانایی و بەرینایی جیهانا و لە ناو جیهانی ئاتۆم و ناو ئەقڵە بە هێزەکانا و ناو دڵی ئەو رۆڵە بە جەرگ و چاو نەترسەی ژیانی خۆی ئەکا بە فیدا بۆ پاراستنی گیانی کەسانی تر. جوانی بە هەمو شێوەکانیەوە، لەزەتەکەی بەرێزترین و خۆشترین و پیرۆزترین هەستە کە ئەبێ بە میوانی ئەقڵی ئەو ئادەمیزادەی ئەم جیهانەی دروست کردوە. هەستی جوانی لە خۆیەوە نەشونما ناکات، چونکە ئەو هەستە خۆی هەیە، بەڵام لە ناو ناخمانا پەچێنراوەتەوە و نوستووە، کە لە زروفێکی تایبەتیدا سەرهەڵئەدات. ئەو هەستە، لە ناو هەندێ کۆمەڵا وون ئەبێ،

لەوە پێش سەر بەرزییان ئەنوان و شانازییان ئەکرد بە هونەر مەندە بەرزەکانیانەوە و بەو بەرهەمە گرنگانەی پەنجەی هۆنەرمەندی ئەوانە ئەیان نەخشاند. ئێستە کۆمەڵگای فەرەنسی بە چاوێکی سووك سەیری پاشماوەی ئاسەوارەکانی پاشایەتی زووی فەرەنسە ئەکەن، بێجگە لەوە خەریکن لە ناویشی ئەبەن، هەروەها نەوەکانی ئەو هونەرمەندانەی ئەنتیکەی جوانی دێری (مۆنت سانت میشیل) یان دروست کرد و نەخشاندیان، هیچیان لە جوانیەکەی ناگەن و رێزی لێ ناگرن بەڵام زۆر بە دڵخۆشی و هەڵپەوە رازین بەو دڵ گوشەرانەی لە ماڵە شارستانیەکانی نۆرماندی و بەریتانی دێتە دەرەوە، بە تایبەتی لە ناوچەکانی دەور و بەری پاریس. بەڵام پاریسی مۆنت سانت میشێل لە گەڵ زۆربەی شارو دێهاتەکانی فەرەنسە بەهۆی بازرگانی ناڕەواوە توشی شەرمەزاری هاتووە. هەستی لەزەت و خۆشی و جوانی، شان بە شانی هەستی وێژەیی لەم مێژووە شارستانیەتەدا توشی زۆر قۆرت ئەبێ، نەشوغا ئەکات تا ئەگاتە لوتکە، ئێنجا هەمیسانەوە نزم ئەبێتەوە و لە پڕ وون ئەبێتەوە.

باسی پێنجەم

لەهەندی کۆمەڵگادا هەندی چالاکی هەیە ئەقڵ ئاگاداری نیە، وەکو چالاکی دینی و سۆفیەتی. چالاکی[52] سۆفیەتی تەنانەت لای کۆمەڵگا دواکەوتوەکانیش دەگمەنە و زۆر بڵاو نیە و جیاوازە لە هەستی وێژەیی. لەگەڵ ئەوەشا یەکێکە لە گرنگترین و پێویستترین چالاکی بۆ ئادەمیزاد.

ئادەمیزاد بە سەرچاوەی دین پاراوترە تا فەلسەفە، هەر لە دێر زەمانەوە دین بناغەی خێزان و ژیان و هەموو کۆمەڵگابووە لەشارستانیەتی کۆنا، ئەوکەنیسە و پەرستگایانەی باپیرانمان دروستیان کردووە، لە هەمو ئەوروپادا بڵاوە و تا ئێستەش ماونەتەوە. سیمای چۆڵیەتی لێ نیشتووە، چونکە زوربەی رۆشن بیرانی کۆمەڵگا وەکو ئاسەوارو ئەنتیکەی دینە مردووەکان سەیری ئەکەن، بێجگە لەوە هەڵوێستی ئەو سەیران کەرانەی لە رڵاتانەوە دێن بۆ سەیری ئەو کەنیسە چۆڵانە، وا ئەزانن هەستی چالاکی دینی و چالاکی سۆفیەتی لە ژیانی کۆمەڵایەتی جیا بوەتەوە و لە بیریش چوەتەوە، ئەم خۆ گێل کردنە بووە بە هۆی هەرەس هێنانی کەنیسە و پەرستگا لە ناو دیانەتەکانا، چونکە ئەوکاتە ژیان لە کۆمەڵگادا بەردەوام ئەبێ کە هێزی دین و رەوشتی کۆمەڵگا متمانە بکاتە سەر چالاکی سۆفیەتی، کە خۆی بریتیە لە جوانی رەوشتی ئەو کۆمەڵگایە، چونکە دانەری ئەم کتێبە، گرنگیێکی زۆری داوە بە سۆفیەتی و چلەکێشان، (خلوة) لە هەمان کاتیشا خەریکی دیاردەکانی میتافیزیك بووە چەند کەسێکی لە سۆفیە راستەقینەکان ناسیوە، لەو باوەڕەوە هەمیشە لە کتێبەکانیا ئاماژەی بە سوفیگەری کردووە، چونکە بە چاوی

---

[52]–تصوف– چالاکی خوا پەرستی و سوفیگەری، لە گەڵ ئەوەی دەورێکی گرنگی هەیە لە مێژوی ئادەمیزادا، بەڵام تا ئێستە زانیارێکی تەنانەت سەرەتایش لەو بابەتەوە دەست نەکەوتووە، ئێستە لە ئێمە و لە ئەقڵ بووە بە دەگمەن. ئاشکرایە مێژوی خواناسی و سۆفیگەری زۆرکۆن و درێژە، بەڵام ئەوەی سۆفیە بەرزە مەسیحیەکان نوسیویانە لە بەر دەستمانایە، مرۆڤ ئەگەر بگەڕێ لە شار و دێهات و شوێنی تر، لە نێوان کەسانێکا لە ژن و لە پیاو، توشی کەسانی خاوەن چالاکی سوفیەتی ئەبێت، لە گەڵ ئەوەشا سۆفیەکان بە شێوەیێکی گشتی لەبەرچاوی کۆمەڵ ون و لەناو پەرستگاکانان، یان خەریکی ئیشێکی ئاسایین، لە بەر ئەوە خراونەتە پشت گوێ.

خۆی هەندێ دیاردەی دیوە، بەڵام ئەیزانی بۆ ئەم باسانە زاناکان لە ووشەی شێتی بەولاوە هیچی تر نادەنە پاڵی و لای قەشەکان و زانا دینیەکانیش شایانی باس نابێ، بە بەهانەی ئەوەی دیاردەی سۆفیگەری لابەلایی خۆی هەڵواسیوە بە جیهانی زانیاریەوە.

میتافیزیك و سۆفیگەری لە نێوان ئەم دوو بیر و بۆچونەدا بە هەڵواسراوی ماونەتەوە، بەڵام گەمژەیە ئەگەر ئێمە چالاکی سۆفیەتی بە بناغە دانەنێین بۆ هەمو شتێکی ئادەمیزاد. کۆمەڵگای بێ رەوشت لاواز و روو لە روخانە. هەستی دینی هەمیشە چالاکێیکی گرنگ و پێویست بووە بۆ ئادەمیزاد و بریتی بوە لە ناوەندی زانیاری و لە زوربەی زانا بەرزەکان و مرۆڤە ئاقڵەکانی جیهان. ئەوە سەیرە دێرەکان و پەرستگاکان هەندێکیان رێ گرن لەوکەسانەی بە هۆی دین و سۆفیەتیەوە ئەیانەوێ بچنە ناو جیهانی روحیەوە.

چالاکی دینی وەك چالاکی وێژەیی زۆر لایەنی جیاوازی هەیە.

چالاکی دینی پێکدێ لە پەرستن و بیرکردنەوە لە هێزێکی نەبینراو،کە لە سەروی هەمو ئەقڵ و مادەیێکی دنیاوەیە، هەرەوها جۆری نوێژی بێدەنگ. دین وسۆفیەتی بریتیە لە گەڕان بە دوای روناکێیك و جوانێکی پاکتر و رووتر لە هەمو جوانێێیك و جوانتر لە هەمو هونەرێك و گرنگتر لە هەمو زانیارێك لە جیهانا، هەستێکی چالاکی جوان و خۆشەویستیە ، رێگایە بۆگەیشتن بە جیهانی سۆفیەتی. لەگەڵ ئەوەشا داب و دەستوری ئایینەکان (طقوس) بریتی بوە لە جۆرەها بەهرەی مۆسیقا، زۆر جار ئەگەڕا بە نوێژ. تا ئێستەش جوان ئەو هونەر و ووشە و موناجاتەی سۆفیەکان ئەنجامی ئەدەن، لە سەروی هەمو دەنگ و ئاواز و نەغمە چالاکیە جوانەکانی جیهانە و ئەنجام دەر ئەباتە ئەو پەڕی پلەی بەرزی روحی، بارو دۆخی سۆفیەتی دەنگ و رەنگی نیە و ئەو دۆخەی سۆفی تیادا نوقم ئەبێت، بە هیچ جۆرێ باس ناکرێ، ئەو هەستە پڕۆزە نورانیە لە ناو هەستە جوانەکانی جیهانا وون ئەبێ وبە دەگمەن خۆی ئاشکرا بکات. سۆفیەتی ئەقڵ سەر ئەخات بۆ پلەیێکی بەرزی روحی کە سەرچاوەی هەمو راستێکەو بۆ ناوەندی هەمو نوریکی پڕۆزو بۆ لای خوای خاوەن شکۆ..

لە هەمو کاتێ لە کاتەکانی مێژودا و لە ناو هەمو گەلێ لە گەلانی سەر زەویدا، کەسانێ هەن لە بەرزترین پلەی روحیدان وخاوەنی ئەم دەسکەوتە مەزنەن.

لە ناو دینە جۆراو جۆرەکانی مەسیحیدا، سۆفیەتی بەرزترین و پڕۆز ترین و راست ترینی هەمویانە. پلە بەرزەکانی سۆفیەتی بریتیە لە بەهرەیێکی زانیاری روحی زۆر قوڵ و یاسایێکی زۆر

وردی سەخت و قوڵ، ئەو کەسە پێشەکی بە خوا پەرستی و تۆبە و پاکی، بەگوێرەی مەرجە قورسەکانی ئەو رێبازە دەست پێ ئەکات.

بۆ هاتنە ناو قوتابخانەی سۆفیەتیەوە، پێویستە ئەوکەسە خاوەنی دین بێ و خۆی لە ناز و بازی فیزیقی دنیایی دوور خاتەوە و بە گوێرەی پروگرامی تایبەت بەو رێبازە بجوڵێتەوە، لە هەموبەندەکانیا پرۆڤەی تەواو بکات، تا شایانی ئەوە ئەبێت لەو قوتابخانەدا وەرگیرێ، بۆ نمۆنە: تا مرۆڤ لە وەرزشەکەی خۆیا پروڤەی تەواو نەکات، نابێ بە وەرزشکار. داوخوازی ئەو رێبازەش پێویستە بە هەمو راستییەک و ویستێکەوە پرۆڤەی پاک بونەوە(زهد) بکات و واز لە هەمو لەزەت و خۆشی دنیا و مادە بێنێت، دوای ئەوە واز لە نەفسی خۆی بێنێت و بۆ ماوەیێکی دیاری کراو خەریکی رۆژوو و شەو نوێژ وکەم نوستن بێت، خۆی لە سەرکەم خۆری وبۆ یەکجاری نەخواردنی گۆشت و بەرو بومی زیندەوەر، را بێنێت.

دوای چەند چلەیێک (خلوة) و شەو نوێژ و تەواو کردنی زکرەکان، بەرە بەرە هەستەکانی پاک ئەبێتەوە، ئەمە یەکەم قۆناغو تاریکترین پلەی سۆفیەتی یە، بەو جۆرە، سۆفی خۆی لە نەفسی ویستی شەڕانی(نفس امارة بالسو) ئەبڕێتەوە، وەکو چون دایکێک منالەکەی لە شیر ئەبڕێتەوە، و زوربەی کاتی ئەبێ بە نوێژ و نزا و بیرکردنەوە (تامل) و ئەگاتە ناو جیهانێکی نورانی و ژیانێکی روحی، بێ ئەوەی بتوانێ یا بزانێ ئەوەی ئەی بینێ یا لێوەی تێپەڕئەبێ، باسی بکات، چونکە لەوکاتانەدا ئەقڵ لە بۆشایی وکات (فراغ و زمن) دوور ئەکەوێتەوە.

باسی شەشەم

چالاکیە جۆراوجۆرەکانی ئادەمیزاد، وەك یەك نیە و هەر یەکە جۆرێکە، ئەم چالاکیانە هەر زانایێك بە شێوەیێك باسی کردووەو بەخەڵکیان ناساندووە، و بۆ هەریەکەیان سنورێکی دەست کردیان داناوە.

تاریفی ئەو چالاکیەی دایان ناوە بە تەواوی ڕەوشتەکانی پڕ ناکاتەوە، بە هەر شێوەیێ بیانەوێ، بەو جۆرە ئەیگۆڕن، وەکو (ئەمیبا) چەند ژمارەیێ پەڵی هەیە و هەمیشە لە گۆڕانایە، یان وەکو قۆناغی سەرەتایی فلیمێ یەکەم جار بۆ پرۆژەیە و دیمەنەکان هەمو لەسەر یەك نیە و تێکەڵ و پێکەڵە، تا، ڕێك نەخرێ و نەخرێنەوە سەریەك کەس تێی ناگات.کاتێ ئادەمیزاد لە دایك ئەبێت، هەڵگری هەموچالاکیە جۆراوجۆرەکانی خۆیەتی،

ڕەوشتەکانی لە لایەن زاناکان بە گوێرەی هونەرەکانی خۆیان دابەشیان کردووە بە بەشی فەسیۆلۆجی و ئەقڵی، لە خۆیانەوە شێوە و سنوریان بۆ تەرخان کردوون و هەر ساتە زانایێك وەك ئەمیبا پەڵێکی لێ کەم یا زیاد کردووە، ئەگەر بمانەوێ باسی هەر شتێك بکەین، هەر ئەو باسە داتاشراوانەمان لە بەر دەستایە پێشکەشی بکەین وهەر جارە بە شێوەیێك . ئێمە پێویستە زیرەکانە بیر بکەینەوە و بۆ شت بچین، چونکە مرۆڤ زیرەك بە بێ کارکردن، مۆمی ژێر سەبەتەیە، زیرەك ئەبێ بچێتە ناو ناوەڕۆکی جیهان و هەوڵ بدا، دیاردەکان بە شێوەیێکی هونەری و ڕێژەیێکی گونجاو لە گەڵ چالاکیەکان تێکەڵ بکا، وەکو چالاکی وێژەیی و خۆشەویستی وهێزی ویست ودادوەری و ئەندێشە لە گەڵ هەندێ هێزی ئۆرگانەکان، بە مەرجێ هەوڵێکی چڕ و پڕی تێدا بە کار بێنێت. ئەوانەی ئەیانەوێ بگەنە ڕاستەقینە، پێویستە لە ژێر باری قورسی ماندوو بوناو، بە هەندێ کەم وکورتی ڕازی وخۆ ڕاگر بن.

زانا ئەگەر توانای بیرکردنەوە (تامل)ی نەبێت، نابێت بە خاوەن بەهرەی ئەقڵی. ئەقڵ پێویستە پەیڕەوی بەرنامەی خۆ ڕێك خستن بکات، بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجی خۆی، پێویستە کەڵك لە هەستی وێژەیی وەرگرێت.

هەمیشە کۆمەڵگا بەرێزەوە ئەڕوانێ زاناکان و بە ئاقڵ و دڵسۆز ناویان ئەبەن، بۆیە پێویستە ئەوانیش بە راستی بە دوای راستیدا بگەڕێن، بەڵام بە پێچەوانەوە، ئێستە راستیەکان، زۆربەی زاناکان بە دوای خۆیانا رائەکێشن بەم لاو ئەو لادا، ئەگەر زانا، بە رێکەوت گەیشتە هەندێ راستی، ئەو راستیە وەکو کۆیلە بۆ ویستی خۆی بە کار دێنێ لە کاتی رووداتی هەندێ چەڵەمەدا هەڵەکانی خۆیان ئاشکرا ئەکەن.

ئەو کەسەی بیەوێ بیر لە راستی بکاتەوە پێویستە هێمنی لە ناخی خۆیا بنێژێت و ئەقڵی وەکو دەریاچەیێکی مەنگ ئارام بێت، هەروەها پەرە پێدانی هەستی خۆشەویستی کار تێاکردنێکی زۆری ئەوێ، چونکە خۆشەویستی تیشکێکی پیرۆزە، بۆیە باستیر ناوی ناوە(خوای دەرون). بیرکردنەوەی راست، بریتیە لە ناشتنی خۆشەویستی لە ناو دەرونا و هەوڵدان بۆ ئەوەی، خۆشەویستی وکینە، لێك جیا بکەنەوە وهەریەکە سنوری خۆی بۆ دانێن، ئەوەش پێویستی بە یارمەتی لەش و هەستەکان وکار تێداکردنی ئەقڵ هەیە.

کاتێ بە هۆی تاملەوە ئەقڵ گەیشتە پلەیێکی بەرز، هەمو راستیەکانی لە لا ئاشکرا ئەبێت و بەر چاوی روون ئەبێتەوە و ئەندێشەکانی بە تەواوی وراستی شوێنی خۆی ئەگرێ، لێرەدا و بۆتەواوکردن و چەسپاندنی ئەو قۆناغە، پێویستی بە چوارچێوەی وێژەیی هەیە. لەگەڵ ئەوەشا هەندێ کەس، دژایەتی پەرەسەندنی هەستی جوانی نیشان ئەدەن، دیارە ئەم جۆرە کەسانە هێشتا لە پلەیێکی نزما ماونەتەوە و ئەقڵێکی تەسك و ناتەواویان هەیە و خۆیان گێل ئەکەن لەوەی بواری فێربون زۆرە، بەڵام لە بەر بیرتەسکی خۆیان ئەو راستیەیان لە لا وونە، لە زۆر شوێن نمونەی ئەم جۆرە کەسانە هەیە، گۆیا خۆیان بە رۆشن بیری تازە دائەنێن و بڕوایان بە تصوف نیە.

مەرج نیە ئەو کەسەی هەستی خۆشەویستی و جوانی لایە، ئەبێ زانا بێت، چونکە زۆرکەس هەیە زانیاریەکەی بااڵیە، یان هونەرمەند یان فەیلەسوفە، بەڵام کەم و زۆرگرنگی نادات بە هەستەکانی جوانی و خۆشەویستی و وێژەیی و دادوەری..هەتەد، ئەگەرچی ئەو چالاکیانە، بەگوێرەی پێویست هەریەکێ لەوانە، خۆی تەواوکەری خۆیەتی.

بەختەوەر بونی ئادەمیزاد بۆگەیشتن بە ئاواتەکانی، زیاتر پێویستی بە زانستی وێژەییە، نەك بە زیرەکی، مرۆڤ بە خوێندن و زانیاری پێش ئەکەوێ، چونکە زانست هاوسەنگیی مرۆڤ

رائەگرێ وهێزی خوێراگری و ژیری لە ناو کۆمەڵگادا بۆ دابین ئەکات. هەروەها بۆ پێش خستنی پیشەسازی شارستانیەت، مرۆڤ زیاتر پێویستی بە زانستی وێژە هەیە تاکو زیرەکی، چونکە زیرەکی بە بێ وێژە دەوری نیە.

رێژەی مرۆڤی ئاقڵ لە ناوکۆمەڵگادا جیاوازیێکی زۆری هەیە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر، وە چەندەها کەس بە دیمەن خوێندەوار و رۆشن بیرن،کەچی هێشتا خاوەنی هەستێکی سەرەتایی و نەخوێندەوارانەن، بۆ نمونە: زوربەیان بۆ دابین کردنی ژیانی رۆژانەیان تەنیا کاری ئاسایی وکەم دەرامەت ئەنجام ئەدەن، بە تایبەتی لەم سەدە پێشکەوتوەدا، وکاتی خۆیان بە تەماشاکردنی پێشبرکێ ی وەرزش، یان بە سەیرکردنی فلیمی منالانەی شەڕ و شۆڕ بەسەر ئەبەن، هەمو پێش کەوتنێکیان کە دڵیان پێ ی خۆشە، ئەوەیە لە شوێنێکەوە بە گورجی و بێ ماندوو بوون ئەگەنە شوێنێکی تر. بێجگە لەوە ئەمانە هەڵگری کۆمەڵێ رەوشتی ناجۆری دژ بە کۆمەڵگان وەکو: تەمەڵیی ، دڵ رەقی ، داوێن پیسی ، و دەمارگرژی، بە کورتی دابڕاون لە هەمو هەستێکی جوانی و وێژەیی و دینی، بە داخەوە ئەم جۆرەکەسانە ژمارەیان هەر لە زیاد بونایە، هەر هەمویان هەڵگری ئەقڵێکی منالانە و سەرەتایین، ئەمانە لەو سێ ملیۆنە تاوانبارانە ئەژمێردرێن، بە فەرمانێکی نا مرۆڤانەی دیکتاتۆرێك، لە بەندیخانە بەرەڵاکران و وەك گورگ بەریان دانە گیانی کۆمەڵگا و هەر لە ناوکۆمەڵگایشا ئەژین. بەڵام تاسەر بۆیان نالوێ و لەکاتێکی گونجاوا، هەر هەمو ئەو تاوانبارانە، بە فەرمانێکی گەل ئەبنەوە بە میوانی بەندیخانە و ئەقڵ لاوازەکانیش بە کۆمەڵ راپێچ ئەکرێن بۆ شوێنێکی شایستە بە خۆیان. زوربەی ئەو تاوانبارانەی نەخراونەتە قوتابخانەی چاك کردن (مدرسة اصطلاحية) لە خێزانە بە ناوبانگەکان و دەوڵەمەندەکانن، بەکەسانی بێ وێژدان ئەناسرێن. ئەوکەسەی بە تاوانباری لە دایك ئەبێ وەکو (لامبروزو) ئەڵێ، بووێ نیە، چونکە مرۆڤ بە تاوانباری نایێتە دنیاوە، بەڵام رەنگە لە سەرەتای ژیانیدا لە بەرچەند هۆێێکی ناجۆری کۆمەڵایەتی و خێزانی، ببنە تاوان بار.

لە راستیدا زوربەی تاوانبارەکان مرۆڤی سادەن و بۆ خۆ رزگارکردن لە تاوانەکانی خۆیان، زۆرلە پۆلیس و دادوەر زیرەك ترن. ئەو چەتە و یاخی بوانەی لە سینما و گۆڤاری رۆژانەدا، بە

شێوەی کاوبۆ نیشان ئەدرێن، هەندێ جار رووداوەکە سادە و لاواز، هەندی جاریش ئەو رووداوە لایەنیکی ئەقڵی و جوان و دینی یا کۆمەڵایەتی دەر ئەخا ت و ناوەرۆکەکەی هەڵگری واتایێکی بەرز وبڕ مەعنایە، ئەگەرچی شێوەی وێژەیی تێدا بە دی ناکرێت.

نەگۆنجانی هەستی خەڵکی لە گەڵ یەك، دیاردەیێکی تایبەتی سەدەکەمانە. ئێمە توانیمان لە دابین کردنی تەندروستی بۆ هاووڵاتیانمان سەرکەوتو بین.

لە ناوکۆمەڵگادا هەمو هەستە مرۆڤایەتیەکان لە بەر یەك ترازاوان و پێویستە قەزازی بکرێنەوە، لە گەڵ کۆکردنەوە و رێکخستنی کارە پرش و بڵاوەکانی ناوکۆمەڵگا، ئەوکۆمەڵگایەی هەژاری وکەم چالاکی وکەم وکۆرتییان پێوە دیارە و لە کاری خستوون.

ئەتوانین بە گوێرەی بەراورد، ئەقڵی زۆربەی کۆمەڵگا دانێین بە تانکیێیك ئاوی لێڵ ولە ژێر پاڵەپەستۆیێکی سوکا، وئەقڵی کەمێ لە کەسانی هەمان کۆمەڵگا بە تانکیێك ئاوی روون و پاك لە ژیر پاڵەپەستۆیێکی زۆرا.

بەختەوەرترین مرۆڤ وبەکەڵك ترینیان ئەو کەسانەن، چالاکی ئەقڵی و وێژەیی و بەدەن رێك و پێك بێت، هەڵگری ئەم رەوشتە بەرزانە. هۆیە بۆ رێز لێگرتنیان لە لایەن کۆمەڵگاوە، هێزی ئەم جۆرە چالاکیانە مسۆگەرە بۆ وەدەس هێنانی پلەی بەرز لە ناو خەڵکا، وەکوسەرمایەداری، یا بەرێوەبەرایەتی بانق، هەروەها پزیشکی..هەتەد، هەمیشە بە رێزەوە ناو ئەبرێن، بۆیە پێویستە تێکۆشانمان پتەوترکەین، بۆ بەرهەم هێنانی مرۆڤ تەواو و دوور لە هەمو کەم وکورتیـــێك، چونکە بە هۆی ئەوانەوە ئەتوانین بناغەی شارستانی راستەقینە دانێین، بێجگە لەوە لە ناو کۆمەڵگادا خەڵکانی تر، لەبەرهەندێ رەوشت لە گەڵ کۆمەڵگادا ناگونجێن، بەڵام ناچارین بە بوونیان رازی بین ئەوانە بریتین لە مرۆڤە ناتەواوەکان وەکو: شێت ، تاوانبار ، هەندێکیان سروشت لەشێکی قەبە وکەللەیێك و ورگێکی زلی داونەتێ، چونکە لە بوارێکی کۆمەڵایەتی تایبەتیدا لەوەڕاوون، واتە/ لە تەرئەخۆن و لە ووشك ئەنون/ بەڵام مرۆڤ هونەرمەند، یا زانا بە ناوبانگەکان و فەیلەسۆفەکان، زوربەیان خاوەنی لەشێکی ناسك و بچوك و هەژارانەن، بە دەگمەن خاوەن قەبارەیێکی گەورەیان تیا هەڵکەوێ، ئەمانە بە هۆی ئاسایی

ژیانیانەوە، لە نەشونمای لەش دوا کەوتون و بە هەژاری ئەژین، بەڵام لە گەڵ ئەوەشا بەو پەڕی دڵسۆزیەوە، جوان ترین و پاکترین بەرهەم پێشکەش بە کۆمەڵگا ئەکەن، کۆمەڵگایش لە سەر پەژارە و لاشەی هەژاری ئەوان، بناغەی شارستانی دائەنێت. ئەێ ئەوەش بزانین مرۆڤایەتی لە هیچ کاتێکا کەڵکی لە تێکۆشانی کۆمەڵگا وەرنەگرتووە، بەڵکو مرۆڤایەتی بۆ ئەوە، قەرزاری چەند مرۆڤێکی بلیمەت و زیرەکە، بە هۆی ئەو تیشکە پرشنگدارەی لە گەوهەری مێشکیانەوە دەرئەچێ و بوو بە هۆی بەختیاری مرۆڤایەتی، کە لە ژێر روناکی زانیاری چاکسازی جوانی و خوشەویستیدا توانی بەرەو لوتکە هەنگاو بنێت.



باسی حەوتەم

ئاشکرایە بیرکردنەوە(تامل) بەهۆی چالاکی فەسیۆلۆجیەوە پێکدێت، گۆڕانکاری لەئۆرگانەکانا، پەیوەندی هەیە بەچۆنیەتی هەستەکانەوە، بە پێچەوانەی ئەوەشەوە، هەندێ کرداری تایبەتی ئەندامەکان ئەبێتە هۆی دروست بوونی دیاردەی روحی، هەروەها لەش و هەستەکان، هەمو بە هۆی کردارەکانی لەش و ئەقڵەوە گۆڕانکاریان تێدا روو ئەدات، ئەقڵ و لەش هاوبەشن لە دروست بوونی ئادەمیزاد، واتە ئادەمیزاد بریتیە لە لەش و روح. هەروەکو چۆن شتێوە و بەردی مەڕمەڕ هاوبەشن لە دروستکردنی پەیکەرا، واتە پەیکەری ئادەمی لە مەڕمەڕ، بریتیە لە شتێوەی مروۆەکە و بەردی مەڕمەڕەکە، مرۆڤ تا پەیکەر نەشکێنێ، ناتوانی شتێوەکەی بگۆڕێ . ئەقڵ بناغەی کارە روحیەکانە، چونکە جارجارە گۆرانکاری تێدا ئەکات، هەر وەکو کاتی بریندار بونی لەش، یا کاتی نەخۆشی، هەستی ئەوکەسە شپرزە ئەبێت، لەم بارودۆخەدا، ئەقڵ بە یارمەتی خانەکانی مێشك ئەکەونە چالاکی. لە منالاّ مێشك و زیرەکی پێکەوە نەشونما ئەکەن و گەورە ئەبن، بەڵام مرۆڤ کە بە هۆی پیریەوە پوکایەوە زیرەکیەکەی بەرە بەرە کەم ئەکات. ئەگەر میکروبی نەخۆشی سوزەنك لە دەوری خانە شەپوریەکان کۆ بوەوە، ئەوکەسە توشی شێتی خۆ بە زل زانین (جنون العظمة) ئەبێت. هەرکاتێ ڤایرۆسی نەخۆشی خەو هێرشی کردە سەر مادەی مۆخ، شپرزەی ئەکات وئەبێتە هۆی دابەزینی چالاکیەکانی مۆخی ئەوکەسە. بەردەوام بوون لە سەر خواردنەوەی کحول، ئەبێتە هۆی گۆڕانکاری و تێکچونێکی کاتی لە ئەقڵا و وەستانی هەستەکان، چونکە لەم دۆخەدا خوێن لە گەدەوە کحول ئەبات بۆ مێشك، لە بەر ئەوەی مانەوە و چالاکی ئەقڵ، پابەندە بە بارودۆخی مێشکەوە. لای هەندێ بیروبۆچون : تەنیا هەر ئەقڵ ئۆرگانی هەستەکانە، لە راستیدا ئەو بۆ چونە هەڵەیە، چونکە ناوەندی مێشك، بە تەنیا بریتی نیە لە مادەی مۆخ وبەس، بەڵکو بریتیە لە پێکهاتەیێك لە مادەیێکی شل کە خانەکانی مۆخی تێدا نوقمن و بەهۆی پلازماوە پێکهاتەکانی ئیش ئەکات.

پلازمای خوێن لە دەردراوەکانی لووەکان و چنراوەکانی لەش پێکدێ، هەروەها بارودۆخی ئیمە پەیوەستە بە پێك هاتەی کیمیاویە تێکەڵاوەکانی ئەقڵ و بە بارودۆخی پێکهاتەی خانەکانیەوە. کاتێ ناوەندی ئۆرگانەکان دەردراوەی (سۆپەرئەرینالّ)ی لێ ئەبڕێت، نەخوشەکە دەمارگرژیێکی توند ئەیگرێ و وەك ئاژەڵێکی درندەی لێ دێت تێکچوونی ئۆرگانەکانی لووەکانی (سایاروید) ئەبێتە هۆی هەڵچوونی ئەقڵ و مێشك، یان هۆی بێ ئەقڵی و لە ناو چوونی هەستەکان. لە ناو ئەسیرەکانی جەنگا، بە تایبەتی بریندارەکانیان، زۆریان بە هۆی گۆڕانکاری لە لووی ئایارۆیدا، توشی نەخوشی مێشك و شێتی ببون. بە گوێرەی بۆچونی هەندێ پزیشك، بارو دۆخی هەندێکیان دەری خستّ سك ماکی لەوەدا دەوری هەیە.ئاشکرایە ئادەمیزاد بە هۆی نەخۆشی جگەر وگەدە و ریخۆڵە، بارودۆخی لەشی تێك ئەچێت و ئەگۆردرێ، چونکە ئەم نەخۆشیانە کاردانەوە لە ئۆرگانەکانی لەشا دروست ئەکەن و ئەوانیش مادەیێکی دیاریکراو ئەرژێننەوە ناو شلەی لەش و کار ئەکاتە سەرکرداری ئەقڵ و روح. لووی گون، لە لووەکانی تر زۆر بە هێزترکاریگەری هەیە لە سەر ئەقڵ و رەوشتەکانی ئەقڵ.زوربەی هونەرمەندە گەورەکان و هۆنەرەکان و مرۆڤە روحیەکان و سەرۆکەکان، لە کاری جنسیدا بە هێز بوون.لابردنی لووی جنسی ئەبێتە هۆی گۆڕانگاری و لاواز بونی ئەقڵ و وێژە. دەرهێنانی هێلکەدانی ئافرەت، بیرکردنەوەی تێك ئەدا و هەندێ چالاکی ئەقڵی و وێژەیی لەدەس ئەدات. چارەسەری منالّ نەبوون (عقم) [53] لە هەر مرۆڤێکا ئەنجام بدرێ، چالاکیە لە دەست چوەکانی ئەبووژێتەوە و بە ئاشکرا گۆڕانکاری تێدا دەر ئەکەوێ. ئەو ترسنۆکیە مێژوو لە بارەی (ابارادۆ) باسی ئەکا، لە کاتی گەیشتنی بە خۆشەویستەکەی (هلواز) ئەویش هەر بە هۆی نەگبەتی ئەوکەم ئەندامیە باسکراوەوە بوو، سەپێنرابوو بە سەریا. زوربەی هونەرمەندە گەورەکان، لە ناو سۆزی خۆشەویستیدا نوقم ئەبن، هەروەها ئاشکرایە، الهام متمانە ئەکاتە سەر لووی جینسی و لەکاتێکی تایبەتیدا. کاتێ خۆشەویستی ئەگاتە مەبەستی خۆی، ئەقڵ ئاگادار ئەکاتەوە. ئەگەر (بیاتریس)و (دانتی) خۆشەویستی، یەك بونایە، لەوانە بووکۆمیدیای الهی دەرنەکەوتایە. زوربەی پیاوە ئایینیەکان ئامۆژگاریەکانی /سلیمان/ یان بە کار ئەهێنا،چونکە هێزی جنسی زیاتر هانی ئەدان بۆ

---

[53]- عقم–وەجاخ کوێری–بریتیە لە کارنەکردنی لووی گون، یان نەگەیشتنی سپێرم بۆ شوێنی خۆی یا لاوازی سپێرم.

زیاتر فیداکاری. ژن کرێکارێك ئەتوانێ هەمو رۆژێ داوای کاری جنسی لە مێردەکەی بکات، بەڵام ژن هونەرمەندێ یا فەیلەسوفێ هەموکاتێ مافی ئەوەی نیە. دەرکەوتوە زۆرئەنجام دانی کاری جنسی، ئەبێتە هۆی کێشە بۆ چالاکی ئەقڵ. ئەقڵی بەهێز پێویستی بە لووی جنسی بە هێز هەیە، بە مەرجی راگرتنی کاری جنسی، تا بتوانێ بگاتە ئەو پەڕی هێز. (فروید) ئەڵێ: " کاتێ مرۆڤ ئارەزوی کاری جنسی زۆر بوو، ئەوکاتە ئەنجامی بدات." لێرەدا فروید مەبەسی لە مرۆڤە نەخۆشەکانە، ئەوانە ناگرێتەوە ئەو هێزەیان زۆرە و توانای خۆراگرتنیان هەیە. مرۆڤە لاوازەکان و ئەوانەی مێشکیان هاوسەنگ نیە، هەرکاتێ خۆیان لە کاری جنسی راگرت، زیاتر رەگەزی ئەبن/شذوذ جنسی/ بەڵام مرۆڤی بە هێز و ئاقڵ، بەو خۆراگرتنە، زیاتر بە هێز ئەبێ و توانای روحی پەیا ئەکات. لە راستیدا چالاکی ئەقڵ پەیوەست نیە بەکارەکانی فەسیۆلۆجیەوە، هەروەها ئەو بیروبۆچونە کلاسیکیە هەڵەیە ئەڵێ: روح تەنها لە ئەقڵا هەیە. سەلێندراوە چالاکی ئەقڵی و روحی بناغەی هەمو لەشە. بیرکردنەوۆ دەرئەنجامی لووی ئەندۆکرین و مەغزی بڕبڕەیە (نخاع شوکی) بەڵام دیاردە هەستەکان پێویستی بە لەشی ساغ و بەهێزە، چونکە مرۆڤ بەهۆی ئەقڵ و لەشیەوە شت دائەهێنێ و خۆشەویستی ئەنجامئەداو ئازار ئەکێشێ و بیر ئەکاتەوە.

باسی هەشتەم

هەمو ئۆرگانێ لە هەر بارودۆخێکا، جۆرە گۆڕانێکی تایبەتی خۆی هەیە، بۆغونە: لە کرداری خۆشەویستی دا بە هۆی دەمارە جۆلّینەرەوەکانەوە دەمارە خوێن بەرەکان ئەکرێنەوە و گرژ ئەبن و ئەبنە هۆی گۆڕانکاری لە خوێن و خانە و ئۆرگانە تایبەتیەکانا. بە کرداری دڵ خۆش بوون پێستی دەم و چاو سور هەڵئەگەڕێ، بە هەواڵی ناخۆش پێستی دەم و چا زەرد ئەبێ و لە کاتی تووڕەیدا سپی ئەبێ. هەواڵی خراپ ئەبێتە هۆی گرژ بونی خوێن هێنەرە بۆشەکان و ئەبێتە هۆی کزی دڵ و جاری وایش هەیە ئەبێتە هۆی مردنی کتوپڕ لە هەندێ کەسا، هەروەها هەڵ چونی خۆشەویستی کار ئەکاتە سەر لووەکان،کردارەکانیان ئەگۆڕێ بۆکەم یا زیاد، دەردراوەکان زیاتر ئەکات، یان ئەیوەستێنێت، یا ئەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە پێکهاتە کیمیاویەکانی لەشا.

باسی خواردن یا باسی ترشیات کردن، ئەبێتە هۆی ئەوەی دەم پڕ بێ لە ئاو، تەنانەت ئەگەر ئەو شتەش لەوێ نەبێت، ئەمە جۆرێکە لە گۆڕانکاری کیمیاوی لە لەشا. سەگەکانی (بافلۆف) کاتێ گوێیان لە زەنگی خواردن ئەبوو، لیك بە لا لغاوەیانا ئەهاتە خوارەوە، چونکە کاتی خواردنیان بۆ ئەهات، زەنگیان لێ ئەدا، ئەو هەست و حەزە، ئەبێتە هۆی وروژانی چالاکێکی میکانیکی نەزانراو لە لەشا. کاتێ کەسێ زۆر بۆ پشیلکەیێك دێنێ و ئەیترسێنێ، وەك (کانون) لە تاق کردنەوە بە ناوبانگەکەیا باسی کردوە، ئەو ئاژەڵە دەماری لووی سۆپەرئەرینالّی ئەکشێت و مادەی ئەدرینالین ئەڕژێتە ناو خوێنیەوە و ئەبێ بە هۆی پاڵەپەستۆی خوێن و خێرا کردنی گەڕانی خوێن، ئەو ئاژەڵە ئامادە ئەکات بۆ هێرش کردن، یان بەرگری کردن، هەروەها لە کاتی هەستی خۆشەویستی، بەزەیی، بەخیلی، ترس.. هتد، گۆڕانکاری لە ئۆرگانەکانا روو ئەدات.

هەروەها هەندێ نەخۆشی، لە خەمو خەفەتەوە، تەندروستی تێك ئەدا. لە بەر ئەوەیە، ئەو کەسانەی لە ژیانی رۆژانەدا زۆر ئەچەوسێنەوە و نازانن خەم لە ناو بەرن، هەر لە تەمەنی گەنجیدا خەم لە ناویان ئەبات.

پزیشك و حەکیمەکانی زەمانی زوو، وایان ئەزانی خەمباری درێژخایەن و دڵ تەنگی ئەبێتە هۆی نەخوشی شێرپەنجە . توش بوونی خۆشەویستی گۆڕانکارێکی گەورە لە چنراوەکان و تیکەڵەکانی مرۆڤی هەستیارا دروست ئەکات،

لە بەڵچیکا ئەڵمانیەکان فەرمانی لە سێدارە دانی ئافرەتێکیان دەرکرد، هەر ئەو شەوە هەمو مووی سەری سپی بوو.

هەروەها ئافرەتێکی تر بە هۆی بۆردمانەوە، پەڵەی سور لە سەر دەم و چاوی پەیدا ببو، هەر کاتێ گوێی لە دەنگی تەقینەوەی بۆمبا ئەبوو، پەڵەکە ئەوەندەی تر زیادی ئەکرد. زۆر لەو جۆرە دیاردانە رو ئەدات، هەر لە سەر ئەو باسە (جۆڵێرین) سەلمانی، کارەساتی وێژەیی گۆڕانکاری لە ناو خوێنا ئەنجام ئەدات.

مرۆڤێکی نەخۆش توشی خەمێکی زۆرگەورە هات، پاڵە پەستۆی خوێنی دابەزێ، ژمارەی خڕۆکە سپیەکانی کەم بووەوە، بە درێژی ئەو ماوەیە خوێنی هەمیشە بە خەستی ئەمایەوە. هەندێ ئەندێشە ئەبێتە هۆی نەخۆشی گشتی، هەروەها نەمانی هێمنی لە ژیانا و هەڵچون هەمیشەیی و وون بونی ئاسایش، ئەبێتە هۆی دروست بونی جۆرە هەستێك دەرئەنجامەکەی ئەبێتە هۆی شپرزە بونی مێشك و ئۆرگانەکانی گەدە و ڕیخۆڵەکان. هەروەها ئەبێ بە هۆی کەم بونی خواردەمەنی لە لەشا و ڕێگا دان بە هاتنە ژورەوەی میکروباتی ناو ڕیخۆڵە بۆ ناو خوێن و ئاوسانی گورچیلە و نەخۆشی میزڵان ..هەتەد، ئەمانە بە هۆی لاچون /هاوسەنگی ئەقڵ/ و لاوازی وێژەوە پیادە ئەبن. ئەم نەخۆشیانە لای کۆمەڵگایێکی خاوەن ژیانێکی ئاسایی نامۆیە، بەڵام لە ناو کۆمەڵگای تازەدا کەمترە، چونکە بە شێوەیێکی قوڵ خەم ناخۆن و لە بارەی وێژەوە سەریان سووکە، ئەوکەسانەی لەناوشاری چڕو لەناو هەراو دەنگە دەنگا ئەژین، ئەگەرئاگاداری هێمنی دەروونی خۆیان و تەندروستی لەشیان بن، لە نەخۆشی شپرزە بونی لەش و مێشك بە دور ئەبن. کاتێ بمانەوی وەك ئادەمیزادێ گرنگی بدەین بە بونمان و خۆمان بدۆزینەوە وبمانەوی هەستەکانمان لە وروژان دوور خەینەوە، پێشەکی پێویستە هەوڵ بدەین چالاکی فەسیۆلۆجی تیکەڵ بە چالاکی روح یا هەستەکانی تر نەکەین، چونکە لە کاتی شیکردنەوەی خۆمان، پێویستمان بە ئەقڵێکی ساخ هەیە، لە بەرئەوەی بەکار هێنانی ئەقڵی نەخۆش بۆ بیرکردنەوە، هاوسەنگی ئەقڵ زیاتر تێك ئەدات، باشتر وایە پێش ئەوەی لە خۆمانا قوڵ بینەوە، بەگوێرەی توانا خۆمان لە مادە جیا بکەینەوە و هەوڵ بدەین ئەقڵ پرش و بڵاو نەبێتەوە، بەڵکو لە یەك خاڵی دیاریکراوا کۆبێتەوە،

ئێمە کاتێ چالاکیەکانمان بۆ مەبەستێکی دیاری کراو بە شێوەیێکی راست بە کار دێنین، ئۆرگانەکانی لەش و ئەقڵ یەك ئەخەین، چونکە یەك خستنی ویستەکانمان و ئاراستە کردنی ئەقڵ بۆ یەك مەبەس، هێمنی بۆ ناخ دروست ئەکات، مرۆڤ وەکو بە هۆی کارکردنەوە فیکری بڵاو ئەبێتەوە،هەر بەو جۆرەش بە هۆی لێکدانەوەوە، فیکری بڵاو ئەبێتەوە. پێویستە بیرکردنەوەکانمان قوڵ و ئاراستە بێت، وە تەنیا بە سەیرکردنی جوانی شاخ و دەریا و هەور و وێنە جوانەکانی هونەرمەندان و هۆنراوە و یاسای فەیلەسوفەکان و جۆرەهای شتی تر رازی نەبین، چونکە هەمو شتێکی فیزیکی لە گەڵ روحێکی تایبەتی تێکەڵە، بەو جۆرە ئەگەین بە وێژە و روحی راستەقینەی هەمو شتێ، کە هەر یەکێك لەوانە وەك ئادەمیزاد بریتیە لە تۆێکڵ و ناوەرۆك، واتە لەش و روح.

ئاشکرایە ئەوەی بە شێوەیێکی راست لەم دنیا تاریکەدا بە چرای یاسای دینداریەوە بە دوای روناکی راستیدا بگەڕێ بێشك ئەیگاتێ، ئەوکاتە بە واز لە خۆ هێنانی یەکجاری، لە بناغەی نادیارەکەی ئەم جیهانە تێ ئەگات و ئەبێ بە خاوەنی جۆرەها بەهرەی –معجزة-[54] یەکخستنی

---

[54]– جۆرەها موعجیزە هەیە: یەکی لەوانەی ئێستە ئێمە باسی ئەکەین، چاکردنەوەی نەخۆشیە، ئەم جۆرەیان بریتیە لە کردارێکی فسیۆلۆجی و سایکۆلۆجی کە هەندێ دەگمەنە، لە گەڵ ئەوەشا راستەقینەیێکی سەڵێندراوە. رووداوی دیاردەی موعجیزە بریتیە لە کردارێکی ئۆرگانی و ئەقڵی، زانیاری تازە هیچ شتێکی لێ نازانێ و باوەڕیشی پێ ناکات، بەڵام ئەو دیاردانە دەرئەنجامی خوا پەرستیێکی تایبەتی راستەقینەیە، کاریگەریەکەی سەڵێندراوە و هیچ شکی تێدا نیە و راستیێکی زۆر بە هێزە، ناتوانین بوونەکەی نەسەڵێنین، یان گرنگیێکی تایبەتی بۆ تەرخان نەکەین. موعجیزەی چاکردنەوەی نەخۆش بە دوعاو نوێژ و دیاردەکانی تر، جارێ دوورە لە باوەری زانا مادیەکانەوە، چونکە بە بەشێکی نەزانراویان داناوە، بەڵام لە راستیدا ئەم جۆرە دیاردانە وەکو چاوی موقناطیسی بە هۆی نواندن و قسە کردن لە دوورەوە بە بێ هۆ، چارە سەری روحی لە گەڵ دیاردەکانی تر، ئێستە بە وردی دەراسە ئەکرین و هێشتا بە تەواوی شیی نەکراوەتەوە تا بتوانین یاساێکی زانیاریانەی بۆ دابین بکەین.

دانەری ئەم کتێبە (دکتۆر الکسیس کاریل) کاتی خۆی هەوڵی داوە کە وەکو دکتۆرێ دەراسەی چارەسەرەی روحی بکات، لە ساڵ ۱۹۰۲ دەسی کرد بەو دەراسەیە، بەڵام رێکەوتی کاتێکی کرد کە سەرچاوەی ئەو بابەتانە زۆر کەم بوو بێجگە لەوەی بۆ بارودۆخی دۆکتۆرێکی گەنجی وەکو ئەو ستەم بوو و زیانیشی ئەگەیاند بە دوا رۆژی کارەکەی، لە گەڵ ئەوەیشا هەمو پزیشکێ بۆ سەلماندنی ئەم دیاردانە ئەتوانی سەیری تۆمارگای (لۆرد) بکات بۆ ئەوەی بزانێ رۆژانە چەن نەخۆشی هێوا بڕاو لە چارە سەری پزیشکە

چالاکی هەستەکان، ئەبێتە هۆی رێك کەوتنێکی پتەو بۆکاری ئۆرگانەکان وکاری ئەقڵ دوور ئەبێ لە نەخۆشی ئەقڵی و نەخۆشیەکانی تری لەش و لەو پەڕی بەختەوەریدا ئەژی. هەرکاتێ چالاکی سایکۆلۆجی زیاتر لە سنوری خۆی بە هێز وتایبەتمەند بوو، ئەبێ بە هۆی شپرزەیی لە ئەقڵا و هەندێ ناجۆری لە تەندروستیدا دروست ئەکات. ئەو کەسانەی پەیڕەوی ڕەوشتی بەرز ئەکەن و هەوڵی زانیاری، یان دینداری راست و بەرز ئەدەن، مەبەسیان پارێزگاری لەش یان دڕێژی تەمەن نیە، بەڵکوخۆیان تەرخان کردووە بۆ ئەو نمونە بەرزە. هەروەها دەرکەوتووە لای سۆفیەکان و لە کاتی تاملا، لە بارو دوخێکی تایبەتیدا، لە ناو هەستەکانا گۆڕانکارێکی تایبەتی پاتۆلۆجی دروست ئەبێ.

زۆر لە سۆفیەکان و پیاوە پیرۆزەکان لە ژیانیانا بۆماوەیێکی دیاریکراو، توشی ماندویەتی سایکۆلۆجی و ڕوحی ئەبن. لەکاتی چاودێریدا جاری واهەیە ئەوکەسە توشی دیاردەیێکی دەروونی یا هێزێکی وەکو هێزی موقناتیسی ئەبێت (جذبة). ئێمە لە بارەی دیاردەی سەیر، میژووی زۆر لە پیاوە پیرۆزەکانمان خوێندوەتەوە، چەندەها شتی سەرسوڕێنەریان هەیە، وەکو پێش بینی و چاوی موقناتیسی و قسەکردن لە دوورەوە و دیتنی روداو لە دوورەوە. یەکێ لە سۆفیە مەسیحیەکان درکانی کە توانای زۆر شتی لەو جۆرانەی تێدایە، و باسیکرد کاتێ سۆفی ئەچێتە قۆناغی بیرکردنەوە، بەهیچ جۆرێ ئاگاداری دەورو بەری خۆی نیە، لە دوای ماوەیێك وردە وردە لە ئەرز بەرز ئەبێتەوە. زانیاری تا ئێستە نەیتوانیوە لەم دیاردە و معجزە گرنگانە بگات. بۆ ڕودانی دیاردەی ڕوحی، چالاکێیکی ڕوحی دیاریکراو لە هەندێ ئۆرگانی ئەو سۆفیەدا

ئاسایەکان پەنایان بردووەتە بەر نوسینگەی- لورد- و چارە کراون و بە تەواوی چاك بونەتەوە. (لۆرد) ناوەندێکی پزیشکی تیو دەوڵەتیە و پێکهاتوە لە چەند پزیشکێکی ئەندامی چارەسەری ڕوحی، ناو بانگ و گرنگی راستیەکانی ئەو چارەسەریە سەر سوڕێنەرانە بە هۆی بڵاو کراوەکانەوە و گۆڤارە ڕوحیەکانی خۆیان، گەیشتە هەمو خەڵك بە تایبەتی پزیشکەکان کە گرنگێکی زۆریان دا بەو باسە سەیر و نایابانە،

هەروەها زۆر لەو هەوالانە گەیشتە دەست کۆمەڵەی پزیشکی (بۆردو) کە بریتی بو لە قوتابخانەی پزیشکی و دینی لە ئەکادیمیەی پزیشکی، کە سەرۆکەکەیان دوکتۆر (پیۆسون) بوو.

ئەم کۆمەڵە پزیشکانە و فەیلەسوفە دینیانە ، یەکێ لە ئەندامەکانی خۆیان نارد بۆ ناوەندی (لۆرد) بۆ دەراسە کردن و لێکۆڵینەوەی ئەو موعجیزاتە گرنگانە و دەرئەنجامەکەی پێشکەش بە کۆمەڵە بکات.

رو ئەدات، زۆر لە چنراوە و ئەندامی دیاریکراو، هاوکاری تێدا ئەکەن. زۆرلە دیاردەی سۆفیەکان لە کاتی نوێژ کردنا رو ئەدات، بەمەرجێ، نوێژی راستی و بە دڵ، نە وەك تەنها وتنەوەی ووشەکان، بێ ئەوەی بگاتە ئەقڵ، چونکە ئەوە عبادەت نیە عادەتە. لە کاتی تاملی راستەقینەی سۆفیەکانا، روحەکەی بە لەشە اثیریەکەوە، لەشە فیزیکیەکەی بەجێ دێڵێ و سەر هەمو شتێ ئەکەوێ، ئەم دۆخە روحیە، دۆخێکی ئەقڵ نیە و زاناکان تا ئێستە تێی نەگەیشتوون. مەرجێ رێبازی سۆفیەتی: ئەوکەسە ئەبێ هەڵگری بیروباوەڕ بێت و لە هەمو خراپەیێك بە دوور بێت، خۆشی وبوونی دنیا بە جێ بێڵێت، پڕۆگرام و یاساکانی سۆفیگەری بە تەواوی ئەنجام بدا، هەمو گیان وهەست و روحی خۆشەویستی بێت، واتە خۆشەویستی هەموکەسیك و هەمو شتێکی بێت.

کاتی ئەو رێگا سەختەی بڕێ، ئەو کاتە وەکو چۆن بە ئاسانی هەست بە گەرمی هەتاو ئەکات، بەو ئاسانیەش هەست بە خوای مەزن ئەکات. یێشك نوێژکاریگەرێکی دەرونی ئەکاتە سەر هەمو ئۆرگانەکانی لەش، ئەوکەسە خاوەنی رەوشتێکی تایبەتی ئەبێت. مرۆڤ؛ بەگیان و دڵ نوێژ بکات، بە روح و بە گیان خۆی بە خوا ئەسپێرێ، بە مل کەچیەوە لە خزمەتیا ئەوەستێ وەکو چۆن تابلۆیێك لە بەر دەمی وێنەکێشەکەی یان پەیکەرێ لە بەردەمی پەیکەرتاشا. بە دڵ نوێژکردن پلەی روحی بەرز ئامانجەکەیەتی. هاتنە ناو ئەو رێبازە پێویستی بە لە خۆ بوردن و خۆ لە بیر چونەوەیە، هەمیشە دڵی لای خوا بێت، هەموکەسێکی خۆش بوێت، رق وکینە لە ناخیا نەبێت. زیاتری مرۆڤی هەژار و نەخوێندەوار و بێکەس لەم رێگەیەدا سەرکەوتو ئەبن. کاتێ خۆاپەرستێك، رێبازی راستەقینەی گرت و بە دڵ تیادا نوقم بوو، جۆرەها دیاردەی سەیر و موعجیزەی تێدا پەیدا ئەبێت.

لە هەمو ولاتێك و هەمۆکاتێکا خەلکانێکی زۆر بڕوایان بە موعجیزەی چارە سەری روحی بووە، بە هۆی دوعا یان هێزی موقناتیسی یا عیلاجی روحی، بە هۆی هۆکارە روحیەکانەوە، یا لە ناوکەنیسە و مزگەوت و پەرستگاکان ترا، بەڵام بە داخەوە پەرە سندن ئەم بە ناو زانیاری سەدەی نۆزدەهەمە، بوو بە هۆی جارێ، وون بون و نەمانی بڕوا بەو موعجیزانە، بە جۆرێ مێشکیان پڕ بوە، کە لای ئەوان ئەم دیاردانە نەك نابێت، بەڵکو هەر بوونیشی نیە. بەڵام وەکو یاساکانی سایکۆلۆجی دژی ئەم موعجیزاتانەیە، ئەی، بۆ یاساکانی گەرمیَ دینامیکی، ناتوانێ جوڵە بێ وەستان و بەردەوام بچەسپێنێ؟ بێجگە لە هەڵوێستی نەویستی زانا دەرونیەکان، بەرامبەربە

دیاردە روحیەکان، خوشبەختانە لە ماوەی ئەم پەنجا ساڵەی دواییەدا، ئەو راستیانە وەك تیشکی رۆژکە بێژنگ ناتوانێ بەری بگرێ، لە لایەن مرۆڤ خۆیەوە، دەراسە کرا، هەمو بیروباوەرە کۆنەکانی پوچەڵ کردەوە، ژمارەیێکی زۆر نەخۆشی سەخت و هیوا بڕاو لە ژیان، بە هۆی ئەو دیاردە روحیانەوە بە تەواوی چارەکران، کە لە ناوەندی پزیشکی(لورد)دا تۆمارکراوە، بە جۆرێ زوربەی پزیشکی خاوەن باوەڕ، دیاردەی چارەسەری روحییان سەلماند، و لە زۆر زانکۆی دەروێ جیهانا گرنگی دراوە بە بەشی ئەو بابەتە، بەڵام بیروبۆجوێ باتۆلۆجی ئێمە، لە بارەی کاریگەری روحی، بۆ چارەکردن نەخۆشیەکان، لە دەمی هەر ئەو نەخۆشانەوە سەر چاوە ئەگرێ و ئەڵێن:" چارەکردن نەخۆشیەکانی وەکو سیلی بریتۆن ، بریێ پیس ، ئاوسانی ئیسقان تاعۆن ، دڵ ، شێرپەنجە ..هەتەد، بە ماوەیێکی زۆرکورت چارەکراون".

چارەکردن روحی لە نەخۆشێکەوە بۆ نەخۆشێکی تر جیاوازە، ئەو نەخۆشانەی بەو شێوە چارە ئەکرێن، زۆریان دوای چارەکردنەکە، هەست بە ئازارێکی بە هێز ئەکەن، دوای چەند چرکەیێ یا چەند خولەکێك یان چەند کاژمێرێ، یەکسەرچاك ئەبنەوە و ئاسەواری باتۆلۆجی نەخۆشیەکە نامێنێ و نەخوشەکە، ئارەزوی خواردن ئەکرێتەوە، زۆر جار پێش ئەوەی برین یا ئاوساوی نەخۆشیەکە لابچێت، شپرزەیی ئۆرگانەکان نامێنێت. ئەو ئاسەوارە ناشیرینیانەی بە هۆی نەخۆشی(بوت) یا شێرپەنجە توشی دەم و چاو و پێستی لەشی ئەو نەخۆشە ئەبێت، دوای چاك بونەوەی نەخۆشیەکەی، بە دوو، سێ رۆژ، هەر هەموی لا ئەچێ و شوێنەکەی ساف ئەبێتەوە و وەك جارانی لێ دێتەوە. دیاردی چارە سەری روحی، ئەوەی سەر سوورێنەرە ئەوەیە، ئەو نەخۆشیە سەختە کوشندەیە بە خێرایی لە سنور بەدەر، چاك ئەبێتەوە. بێشك پلەی چاك بونەوەی ئاسەوارە ناشیرینەکانی لەش زۆر خێراتر چاك ئەبێتەوە لەو ماوەی لای پزیشکەکانی نەخۆشخانەکانی دەرەوە.

چارە سەری روحی مەرجی ئەوەی تیا نیە نەخۆشەکە نوێژکەر بێت یان بێ باوەڕ، تەنیا ئەو پزیشکە روحیە، یان ئەو کەسەی نوێژ بۆ نەخۆشەکە ئەکات، پێویستە خوا پەرست بێت و باوەڕی بە خوا پتەو بێت. بێجگە لە چارە بە هۆی دوعا و نوێژەوە، جۆرەها چارەی روحی ترهەیە.

کەسایەتی بەشی روحی، هەڵگری ناوەرۆکێکی پرشنگداری بە نرخە و بەشێکی گرنگە لە ناو گەردوون و ناو بوونەوەرا، باوەڕ نەکردن بە روح، باوەڕ نەکردنە بە نیوەی بوون لە جیهانا.

روح پەیوەندییەکی راستەقینەی دیاریکراوە و خاوەن سروشتێکی تایبەتیە، بەڵام بەداخەوە، تا ئێستە لە ناو جیهانی سایکۆلۆجی و فەسیۆلۆجیدا نەناسراوە و بێ ئاگان لەوەی، ئەم دیاردە روحیانە بە ئاشکرا ئاماژە بە بوونی خۆی ئەکات، زاناکانی تەندروستی و پزیشکەکان وکۆمەڵ ناسان، پشت گوێیان خستوە. بەڵام ئاشکرایە زانیاری روحی، دەرگای جیهانێکی زانیاری تازەی بۆ ئادەمیزاد کردەوە.

باسی نۆیەم

هەر وەکو شلەی لەش کاریگەری گرنگی هەیە لە سەر لەش، هەر بەو جۆرەش شوێنەوارکاریگەرێکی گەورە ئەکاتە سەر ئەقڵ.

ئەقڵ وەك کارەکانی فەسیۆلۆجی، بە هۆی پڕوڤە و راهێنانەوە بە هێزئەبێت. ئاشکرایە کارکردن بۆ دابین کردنی ژیانی رۆژانە، ئەبێتە هۆی جوڵە وکارکردنی ماسولکە و ئێسقان و ئۆرگانەکانی لەش و هۆی بە هێز بون و نەشونمای لەش. رێپیشان دەرانی شاخی (الب) هێزو توانای لەشیان زۆر زیاترە لە هێز و توانا و چالاکی لەشی دانیشتوانی نیۆرك، تواناکانیان پڕ بەپێستی ئیش وکارەکانیانە. بەڵام ئەقڵ جۆرێکی ترە، هەر لەخۆیەوە بەهێز نابێت و پەرە ناسێنێ، بۆ نمونە: منداڵی زانایێك زانیارییەکەی باوکی وەك میراث لە باوکیەوە وەرناگرێ. ئەگەر ئەوکوڕە، بە تەنیا خرایە دورگەیێکی چۆڵەوە و لەوێدا گەورە بوو، وەك مرۆڤێکی کۆمەڵگای (کرومانیۆن) [55] ی لێ دەرئەچێ، چونکە کە فێر کردن نەما، ئەقڵی مرۆڤ رەوشتی ئەقڵیی و وێژەیی باوو باپیرانی زووی وەر ئەگرێ. چونیەتی سایکۆلۆجی کۆمەڵگا و هەڵس و کەوتی خەڵکەکانی، نمونەیە بۆ رەوشتی ئەوکۆمەڵگایە. ئەقڵ لە شوێنەواری مام ناوەندی دا بە هێز نابێت، هەرکاتێ خراپەکاری دەوری خەڵکی تەنیی، هەستەکان پوچەڵ ئەبنەوە، چونکە هەروەکو چۆن هەمو خانەی چنراوەکانی لەش نوقمن لە ناو شلەی ئۆرگانیدا، بەو جۆرەش ئادەمیزاد نوقمە لە ناو داب و نەریتی دەور و بەرەکەیا و وەکو ئەو خانانە دەسە و پاچەی بەرگری کردنن لە خۆیان دژی کاریگەری ئەو دەور و بەرە.

بەرگری کردنی لەش دژی گەردون بە هێزترە لە بەرگری کردنی لە جیهانی روحی، لەشی ئادەمی بە هۆی پێست و پەردەلینجەکانی ئامێزی هەناسە و هەرس، لە هێرشی دوژمنە سروشتیەکان وکیمیاویەکانی

---

[55]-کرۆمانیۆن- جۆرە زەماتێکە و کەسانی فیری ئەبن، هەر لە منداڵیەوە لە کۆمەڵگا دوور بخرێنەوە و لە شوێنێکی دوور دانرێن و گوێیان لە هیچ زمانی نەبێ، ئەو منداڵانە لە ناو خۆیانا زمانی دروست ئەکەن بێ سەرەو بەرە و هەر خۆیان لە یەك تێنەگەن.

پارێزراوە، بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەوە، سنوری ئەقڵ کراوەیە و هەستەکان توشی شەپۆلی ئەقڵی و روحی ئەبن و بە گوێرەی رەوشتی ئەو شەپۆلانە، ئەقڵ و فام نەشوناما ئەکەن بۆ پلەیێکی مام ناوەندی یان بۆ پلەیێکی نزم.

نەشونماو بەهێز بونی ئەقڵ، بە زۆری متمانە ئەکاتە سەر چۆنیەتی ئەو شوێنەوارەی تیادا ئەژی وسەر جۆری زانستی،

و متمانە ئەکاتە سەر یاسای ناوخۆ وبیرو بۆچونی ئەوکۆمەڵگایە، بە شێوەیێکی وێژەیی و رەو شتی جوان و یاساکانی ماتماتیك ئەقڵ پەروەردە بکرێت، بەهۆی ئەو دەراسە و پێداویستیانەی بۆ ئادەمیزاد تەرخان کراوە، وەکو قوتابخانە ، کۆلێژ، کتێبخانە ،کارگە ، مامۆستا ، کتێب، گۆڤار و ئەو شتانەی بە کەڵکن بۆ پەروەردەکردنی ئەقڵ، تەنانەت ئەگەر مامۆستاش نەبێت، ئەتوانن بە هۆی کتێبەوە بگەن بەو ئامانجە.

سەرەتا ئادەمیزاد لە ناو شوێنەوارێك و کۆمەڵگایێکی دواکەوتودا سەر هەڵئەدا، لەگەڵ ئەوەشا بە هۆی تێکۆشان و خۆ ماندو کردنەوە، زانیارێکی بەرز وە دەس دێنێ.

فێرکردن و پەروەردە کردنی ئەقڵ ئاسانە، بەڵام ناشتنی تۆوی چالاکی وێژەیی و خۆشەویستی دینی..هەتەد، لە ناو ئەو ئەقڵەدا زۆر سەختە، چونکە ئاسەواری جۆراوجۆری شوێنەوار،کۆمەڵێ کاریگەری ئەخات سەر ئەم هەستانە ناتوانێ چاکە لە خراپە و جوانی لە ناشیرینی جیاکاتەوە، لە بەر ئەوەی، لەو بارەوە پەیرەوی یاسا ئەکەن، ئێمە ئەزانین رەوشت و هونەر و دین و چالاکیەکانی تر، وەکو ماتماتیك و مێژو و رێزمان بەوانە ناخوێنرێن، چونکە هەست لە گەڵ زانیاری، دوو شێوازی لێك جیاوازن.

خوێندنی قوتابخانە تەنها ئەگاتە ئەقڵ،کاریگەری لە سەر چالاکی هەستەکان نیە، بەڵام وەدەست هێنانی هەستی وێژەیی و دینی و جوانی و ئەوانی تر، ئەکەوێتە سەر بوونی ئەو هەستانە لە ناو ئەوکۆمەڵگایەدا، بە مەرجێ ئەو هەستانە بەشێك بن لە ژیانی رۆژانەیان.

هەروەك لەوە پێش ئاماژەمان پێکرد، پەروەردە و بە هێز کردنی ئەقڵ پێویستە بە هۆی پرۆڤە و راهێنانەوە بێت. بەڵام لایەنی هەستیەکان،کەسانێ بن کە خاوەن و شایستەی ئەو هەستانە بن، و بەرپرسیاریی هەستەکان هەڵگرن.

شارستانیەت تا ئێستە نەیتوانیوە شوێنەوارێکی شایستە بۆ چالاکی ئەقڵی ئامادە بکات.

هۆی دابەزینی ڕێژەی ئەقڵی و ڕوحی زۆربەی ئادەمیزاد، ئەگەڕێتەوە بۆ کەم وکۆڕتی لە ناو ناخوو دەروونی خۆیانا، چونکە دەستەڵاتی مادە زاڵە بە سەریا و بێجگە لەوە، بیرو باوەڕی پیشە سازی بوە بە هۆی لە ناو بردنی ڕۆشن بیری و جوانی و ڕەوشت. ئەم نەگبەتیە دیانەتی مەسیحی، یان زانیاری تازەیشی گرتوەتەوە.

هەروەها ئەوکۆمەڵگا بچوکانەی خاوەنی کەسایەتی وکلتوری تایبەتی خۆیانن، ئەوانیش بە هۆی ئەوگۆڕانکاریەی بە سەرکلتورەکەیاندا هات، هەرەسیان هێنا. چینی ڕوناك بیرەکانیش، بڵاو کراوەی لە ژمارە بەدەری ڕۆژنامە وگۆڤار و وێژەی لاواز و وتارە بێ تامەکانی ڕادیۆکان و فلیمی پڕوپوچ، گێژی کردوون و لە هەڵدێران. چەند دەراسەی پڕۆگرامی جۆراوجۆر و بە نرخ و زانیاری بە کەڵك لە قوتابخانەکان وکۆلێژەکان و زانکۆکانا بکرێ و بخوێنرێ، ئەوەندە ڕێژەی چینی نەفامەکان ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیاد بونایە. واتە راستە، لە شارستانیەتی بە زۆر داهێنراو، چەند زانیاری زیاتر بڵاو بێتەوە، ئەوەندە گێژی مێشك زیاد ئەکات، هەروەها منداڵ و خوێنکارەکانی قوتابخانە، ئەقڵیان بەو بەرنامە سەخیفانە پەروەردە ئەکرێ، بە ناوی یاریەوە بۆ خافڵاندنی گشتی (تسلیةعامة) بڵاوی ئەکەنەوە، شوێنەواری کۆمەڵایەتی لە جیاتی ئەوەی کار بۆ پەروەردە کردنی ئەقڵ بکات، بە هەمو هێزیەوە بە ناوی حەز لە جوانی، بەربەرەکانی نەشونمای ئەقڵ ئەکات، بۆ نمونە: ئەمریکا مۆسیقای پێشکەوتوو و بەرزی هێنایە ئەوروپاوە، مۆزە خانەکانیشی بە شێوەیێکی بێ وێنە رازاندوەتەوە، ئەمە ئەوە ئەگەیێنی هۆنەری دەستکرد و داتاشراو بۆ ئەوەی پێش کەوێ، خنرایە ناو هونەری ئەندازیاریەوە.

قەسرە گەورە دروست کراوەکانی سەر لە کەشکەلان، شێوە و جوانی شارە گەورەکانی گۆڕیوە، کەس بە تەواوی ناتوانێ سەر بەستانە، هەستی ویست و خۆشەویستی خۆی دەربڕێت.

شارستانیەتی تازە، بە تەواوی وێژە و ڕەوشتی پێ شێل کردووە، ئێمە هەموکردارەکانیانمان ئاشکرا کردوە و نوسیویشمانە لە گەڵ ئەوەشا هەر خۆمان بە بەرپرسیار ئەزانین، ئەوانەی پاکن و خاوەن شەرمن و چاکە و خراپە لێك جیا ئەکەنەوە و ماڵی کەس ناخۆن و پەیڕەوی یاساکانی ویژدان و دین ئەکەن، هەمیشە لە ناو کۆمەڵگادا بە چاوێکی سووك سەیر ئەکرێن و بە هەژاری سەر ئەنێنەوە. هەروەها ئافرەتی خاوەن منداڵ، ژیان و خۆشی خۆی تەرخان کا بۆ پەروەردە کردن و فێرکردن و پێگەیاندنی منداڵەکانی، بە شێت و دوا کەرتو دائەنرێ. ئەگەر پیاوێ هەندێ پارەی کۆکردەوە بۆ دوا ڕۆژی ژن و منداڵەکانی، چاوی تێ ئەبڕن، خاوەن پڕۆژەکان و

دەوڵەمەندەکان بە جۆراوجۆر فێڵ و تەڵەکەبازی پارەکەی لێ ئەکێشنەوە، یان کار بە دەستان بە بەهانەیێکەوە لێ ی ئەستێنن و بە درۆی یارمەتیەوە، ئەیدەن بەوکەسانەی خۆیان مەبەسیانە و خراپە کاری و هیچ و پوچی خۆیان، توشی هەژاری کردون.

هونەر مەندەکان و پیاوە زاناکان ژیانی خۆیان ئەخەنە پێناوی ئەوەی بە هۆی هونەری جوانی و تەندروستی و وێنە کێشی..هەتەد، دارایی وگەورەیی و ورگی زل بدەن بە گورگەکانی کۆمەڵگا، خۆیشیان لە دواییدا بە هەژاری لە برسا ئەمرن. لە لایێکی تریشەوە، دزەکانی ناوکۆمەڵ، لە دۆخێکی ئاسایشدا وەك پاشا ئەژین. هەروەها پۆلیس پارێزگاری چەتەکان ئەکات و حاکمەکانیش رێزیان لێ ئەگرن، ئەمانە لای زۆری خەڵك پاڵەوانن و لە فلیمە کاوبۆییەکانی سینمادا، منالاّن چەپڵەیان بۆ لێ ئەدەن ولە یاریەکانیانا لاساییان ئەکەنەوە.

پیاوە ماقوڵە دەوڵەندەکان، مافەکانیان بێ سنورە، بۆ نمونە: ژنەکەی نەخێ کەوتە تەمەنەوە رێزی ئەشکێنێ، هەروەها دایکی بە جێ دێڵێ و بێکەسی ئەکات و ئەیکا بە نێچیری هەژاری و لە برسا ئەمرێت. ئەگەر هەرکەسی، یەکێ لەو دەوڵەمەنانەی بە پاك زانی و لە هەل و مەرجێکا ئەوەی شکی ئەبات، بە ئەمانەت خستیە بەر دەستی، کاتێ داوای کردەوە، حاشای لێ ئەکات و توشی چەڵەمەیشی ئەکات، چونکە بوختانی بە ئاغا کردووە؟ بێ ئەوەی ئاغایش گوێ بداتە ویژدان و حەرام و هاوڕێ و هەتیو و کەسوکار.

بێجگە لەوانە،رەوشتی پیسی داوێن پیسی بە جۆری بڵاو بوەتەوە، یاسای ژن و مێردایەتی بە هۆی ئەو شێت گیریەوە، بە جۆرێك لە ناو چوە، تەنانەت شیی کردنەوەی پزیشکە دەرونیەکانیش چاری ناکات.

کێشە و جیاوازی لە نێوان چاکە و خراپە، ستەم کاری و دادوەری نەماوە. تاوان باران بە ئازادی لە ناو کۆمەڵگادا دێن و دەچن و کەسیش بۆی نیە باسیان بکات. لە کەنیسەکان و مزگەوتەکانا بۆ هەر قەسێ یا مەلایێك موچەیێکی دیاریکراو بڕاوەتەوە، ئەوانیش لارە ملی ئەو بەخشیشەن، ئەمە یاسا نادیارەکەی /یاسای روحی/ پوچەڵ کردوەتەوە، هەروەها وتاری بێ تامی کەنیسە و پەرستگا چۆڵەکان حەفتانە ئامۆژگاری دینی وکۆمەڵایەتی بۆ رەوشت نزمەکان ئەخوێننەوە، ئەگەرچی زۆر لە رۆشن بیرەکان لەم گێژاوە، دوورکەوتونەتەوە و هەڵنەخڵەتاون، ئەم رابەرە دینیانە لە زۆربەی کرداریانا دەوری پۆلیس ئەبینن و پارێزگاری لە بەرژەوەندی دەوڵەمەن وگورگەکانی ناوکۆمەڵگا ئەکەن، بۆ مانەوەی ئەو بارو دۆخە گونجاوە، خۆیشیان وا

نیشان ئەدەن، مەبەسیان بەرژەوەندی کۆمەڵگایە. ئادەمیزاد بەرامبەر ئەم هەمو جەنگە دەرونیانە، هێز و دەرەتانی نامێنێ و ناچار ئەبێ خۆی بدا بە دەستەوە. ئاشکرایە، ئەگەر مرۆڤ ماوەیەك لە گەڵ تاوان بار و نەفاما تێکەڵ بوو، ئەویش خووی ئەوان ئەگرێت، چارەی ئەمەش تەنها جیا بوونەوەیە لەوکۆمەڵە و تەنیا نشینی لە شوێنێکی دوور لەوانەوە، بۆ ئەوەی لەوگێژاوە رزگاری بیت. بەڵام دانیشتوانی شار لە کوێ خۆیان بشارنەوە و تەنیایی هەڵبژێرن؟ وەکو زانا (مارکۆس ئۆریلیوس) ئەڵێت: " تۆ ناتوانی بەگوێرەی ویستی خۆت، خۆت بخنیتەوە ناو خوتەوە" ئەگەرچی هیچ شکست هێنانێ، لە شکست هێنانی دڵ /روح / ناخۆشتر نیە". بەڵام ئێستە بە داخەوە ناتوانین بۆ ئەوگرێ پوچکانە هیچ کارێ ئەنجام بدەین، چونکە جارێ توانای جەنگی کۆمەڵگای دەور و بەرمان نیە.

باسی دەیەم

ئەڵێ وەك لەش بەهێزنیە، لەگەڵ ئەوەشا نەخۆشی ئەڵێ لە هەمو نەخۆشیەکانی تر زیاترە، لە بەر ئەوەیە نەخۆشخانە دەرونیەکان پڕە لەو نەخۆشانە و زۆر جاریش شوێن نامێنێ بۆنەخۆشی تازە.

لەو بارەوە دکتۆر(س.و.پێرس) ئەڵێ "لە شاری نیۆرکا هەرلە بیست دووکەس یەکێکیان ئەبێ لە شێتخانە دانرێت ". لە وڵاتە یەکگرتوەکانا نەخوشخانە دەرونیەکان چاوەدێری و چارەی زۆرکەسی ئەڵێ لاواز ئەکەن، هێشتا لە دەرەوەی نەخۆشخانەکانن و ژمارەیان هەشت جار بە قەد ئەوانەیە، بە هۆی نەخۆشی ئەڵێەوە،لە نەخۆشخانە دانراون، هەمو ساڵێ نزیکەی ٨٦،٠٠٠ نەخۆشی تازەی تر دێنە ئەو نەخۆشخانانە و دامەزراوەکانی تری ئەو بەشە. ئەگەر شێت بوون بەو رێژە بەردەوام بێت، نزیکەی یەك ملیۆن منداڵ وگەنجی قوتابخانە و زانکۆکان، دەرەنگ یا زوو ئەبرێن بۆ چارەسەری ئەڵێ.

ساڵی ١٩٣٢ ژمارەی شێتەکانی نەخۆشخانە حکومیەکان گەیشتە ٣٤٠،٠٠٠ ، ژمارەی ئەڵێ ناتەواوەکان وەك دارەکا لە ناو نەخۆشخانە تایبەتیەکانا، گەیشتە ٨١٥٨٠ کەس، ژمارەی ئەو ئەڵێ لاوازانەی بە خاترانە لە نەخۆشخانە هێنراونەتە دەرەوە، بریتی بو لە١٠٩٣٠ ئەمە بێجگە لەوانەی لە دەرەوە بە هۆی پزیشکی تایبەتیەوە چارە ئەکرێن.

بێجگە لە شێتەکان، نزیکی ٥٠٠،٠٠٠ ئەڵێ ناتەواوی تر لەو وڵاتەدا هەیە.

لە راپۆرتێکا لە لایەن لژنەی نیشتمانی تەندروستی ئەڵێ، هاتووە ئەڵێت : بە لانی کەمەوە، ٤٠٠،٠٠٠ منداڵ رێژەی ئەڵێان لە پلەیێکی نزمایە و توانای ئەوەیان نیە لە قوتابخانەکانا خوێندن ئەنجام بدەن.

لە راستیدا ژمارەی ئەوکەسانەی ئەڵێان تێك چوە، زۆر زیاترە لەوانەی باسمان کرد ، بەسەدان لەو نەخۆشخانە سەرەیان گرتوە بۆ پشکنینی پزیشکیان و دڵنیا بون لە ساغی ئەڵێان.

ئەم هەمو ژمارانە، ئەوە ئەگەیێنی، مرۆڤی سەدەی تازە، تا چەند بەرەو هەرەس هێنانی ئەقڵی ئەڕوات، چۆن تەندروستی ئەقڵی گرنگترین قۆرت و چەڵەمەی بۆ سەدە و شارستانیەتی تازە دروست کردووە؟

ئەقڵی و دەروونی، زۆرمەترسیدارترە لە نەخۆشی سیل ، شێرپەنجە ، دڵ ، گورچیلە ، تیفۆ، نەخۆشی تاعۆن..هەتەد، پێویستە ئەو پەڕی ئامادە باشی بۆ بکرێ وگرنگی پێ بدرێت. چونکە ئەو نەخۆشیە، نەك هەر تەنها ئەبێتە هۆی زۆر بوونی تاوانبار لە ناوکۆمەڵگادا، بەڵکو ئەبێتە هۆی لاواز بوونی ئەو دەست کەوتەی ئێستەی رەگەزی سپی دوای ساڵەها تێکۆشان وەدەستی هێناوە. پێویستە ئەوەیش بزانین، ئەوەندەی مرۆڤی ئەقڵ ناتەواو هەیە، ئەوەندە تاوانبار لە ناوکۆمەڵا نیە.

هەروەها کۆمەڵێکی زۆر لە جۆراوجۆر شێت لە بەندیخانەدان، لە گەڵ ئەوەشا ژمارەیێکی زۆریش لە رۆشن بیر و خوێندەواری شێت، لە دەرەوەی نەخۆشخانەکان ئەژین.

ئەم ژمارە مەترسیدارەی نەخۆشی مێشك، لە ناوکۆمەڵگادا، بەڵگەیێکی ئاشکرایە بۆ ئەوکەم وکورتیەی شارستانیەتی تازە بە دەستیەوە ئەنالێنێت و ئەوەش ئەسەلێنێت یاسای ژیانی ناو شارستەنیەتی ئێستە، هێشتا نەیتوانیوە تەندروستی ئەقڵی مرۆڤ بپارێزێ.

هەروەها زانیاری پزیشکی وکۆمەڵناسی وئەوانی تر، تا ئێستە بیریان لەوە نەکردوەتەوە نەخشەی یاسایێك بکێشن بۆ هەڵسەنگاندنی ئەقڵی مرۆڤە بلیمەتەکان و مرۆڤە خاوەن بەهرەکان، هەر یەکە بەگوێرەی قەبارەی بەهرەکەی خۆی ئامادەکاری بۆ بکرێ و پشتگیری ئەو هونەرە یا ئەو بەهرەیە بێگیرێت و یارمەتی بدرێ.

بە داخەوە پزیشکەکان بە تەواوی بێدەسەلاتن بەرامبەر دوژمنە ئاشکراکان و دوژمنە هێنیەکانی ئەقڵی ئادەمیزاد، بەڵکو هەر نایشیان ناسن.

راستە، لە لیستەی نەخۆشخانەکانا /اعراض/ نیشانەی نەخۆشیە ئەقڵیەکان و بەشەکانی تری ئەو نەخۆشیە و لاوازی ئەقڵ جیاکراوەتەوە و هەر یەکە ناوێکیان سەپاندووە بەسەریا، بەڵام لە بارەی رەوشتی ئەو نەخۆشیانەوە ئێمەی بە ناو زانا بە تەواوی لێیان تێ ئاگاین و تا ئێستەش دڵنیا نین، نەخۆشیەکانی تێك چوونی ئەقڵ، ئایا توشی پێکهاتەی ئەقڵ ئەبێت، یان بە هۆی گۆڕانکاری و تێك چوونی پلازمای خوێن، یان بە هۆی هەردوکیان پێکەوە، روو ئەدات؟

چونکە وا دیارە چالاکی لووەکان و چالاکی سایکۆلۆجی هەردوکیان پێکەوە و لە یەك کاتا مۆتمانە ئەکەنە سەر بارودۆخی اناتۆمی خانەکانی مۆخ و سەر ئەو مادانەی لووی ئەندۆکرین و

چنراوەکانی تری لەش ئەیرژێننە ناو خوێنەوە، هەروەها موتمانەیش ئەکەنە سەر بارۆدۆخی ئەقڵ، هەندێ جاریش بە هۆی لە کارکەوتنی لووەکان و هەندێ نەخۆشی تر کە توشی پێکهاتەی مێشك ئەبێت، ئەقڵ تێك ئەچێت.

ئێمە ئەگەر بە تەواویش ئەو نیشانانە بزانین، هێشتا ناتوانین بە گوێرەی پێویست لەو بوارەدا سەرکەوتن وە دەست بێنین. چونکە پاتۆلۆجی ئەقڵ موتمانە ئەکاتە سەر سایکۆلۆجیا، هەروەك پاتۆلۆجیای ئۆرگانەکان موتمانەیان لە سەر فەسیۆلۆجیایە، هەموشمان ئەزانین، فەسیۆلۆجیا زانیاریە، بەڵام سایکۆلۆجیا زانیاری نیە. لەگەڵ ئەوەیشا سایکۆلۆجیا زۆر پێویستی بە (کلۆدبرنارد) یان(باستیر)ێکی تر هەیە، بێ بە هاواریەوە.

لەسەدەکانی پێشودا، هەروەك (لافوازیە) لە کیمیادا دەوری هەبوو، بەو جۆرەش سایکۆلۆجی بەو پەڕی گرنگیەوە دەوری هەبوە.

لە گەڵ ئەم هەموکەم وکورتی و سەر نەکەوتن لەو بوارەدا، رەوا نیە رەخنەی رۆخێنەر لە دەرون ناسان و هونەر و ئامێرەکانیان بگرین، چونکە هێشتا ئەوانە لە قۆناغی سەرەتایی ئەو زانیاریە گرنگەدان، هەروەها سەختی وئاڵۆزی بابەتەکە هۆێکی سەرەکیە بۆ دواکەوتنی زانینی ئەو زانیاریە. بێجگە لەوە، تا ئێستە هونەرێك و زانیارێکی ئەوتۆ نیە بگاتە مۆخ و دامەزراوەی ئەقڵ. تا ئێستە نەتوانراوە روناکیێکی وورد بخرێتە سەرهیچ پەیوەندیێ لە نێوان دیاردە بە یەکاچوەکانی ئیشوکاری ئەقڵ و نێوان گۆڕانکاری پێکهاتەی مۆخی بڕبڕە،کە ئەبێتە هۆی هەندێ نەخۆشی دەروونی وەکو نەخۆشی (شیزۆفرینیا)*

لە گەڵ ئەو هەمو هەوڵ و تێکۆشانەی دراوە، بۆ زانینی نەخۆشیەکانی ئەقڵ لە لایەن دکتۆر(رۆبلین) و سەدان زانای دەروون تر، تائێستە بە ئەنجامێکی سەرەتاییش نەگەیشتوون، چونکە دەراسەی ئە ناتۆمی هێشتا رەوشتی ئەونەخۆشیانەی ئاشکرا نەکردوە. لەگەڵ ئەوەیشا ئەقڵ کارەکانی خۆی هەر ئەکات و پشتگوێی ناخات، واتە : لە بۆشاییدا نایان هێڵێتەوە، لەکاتێکا سستی کارەکانی ئەگەڕێتەوە بۆ تێکچوونی یاسای کات و ماوەی دیاردەکانی مێشك ولە یەك جیا بونەوە و ترازانی ماوە وکاتی خانەکانی ئامێری کارکردنی مێشك لە یەکتری. ئێمە ئەزانین ئەو نەخۆشیانەی توشی ناوچەیێکی دیاریکراوی مێشك ئەبن، یان بە هۆی میکرۆبی سوزەنکەوە رروو ئەدات، یان بە هۆی هەندێ هۆکاری نەناسراوەوە دێنە ناو ئەو شوێنە و بۆ ماوەیێك خۆیان لە دۆخی (سبات) دا مات ئەکەن و ئەبنە هۆی گۆڕانکاری لە رەوشتی

ئەوکەسەدا، بەڵام ئەم بۆچونە بە تەواوی نەسەلمێندراوە. ئێمە پێش ئەوەی دەراسەی تەواوی رەوشتی نەخۆشیەکان بکەین، پێویستە یاسایێك و زانیارێیکی گونجاوی گشتی دانێین بۆ پاراستنی ئەقڵ و بەرگری کردن لە نەخۆشیە دەرونیەکان، هەروەها دەراسە کردنی هۆکارەکانی ئەو نەخۆشیانە، چونکە دۆزینەوەی هۆکارەکان، لە زانینی رەوشتی نەخۆشیەکان گرنگتر و لە پێشترە، هەر وەها، ئاسانکارێیکی زۆرە بۆکردنەوەی گرێ پوچکەی ئەو نەخۆشیانە.

با ئەوەش بزانین پەرە سەندنی ئەم مەترسیە، ئەگەرێتەوە بۆ پەرە سەندنی شارستانیەتی پیشەسازی تازە و گۆڕانکاری لە ژیانا، کۆمەڵگا بەم نەخۆشیانە باجەکەی ئەدا.

هەروەها هۆێیکی تری هەندێ لەم نەخۆشیانە لە دایك و باوکەوە، بە شێوەی سکماکی ئەگاتە منالەکانیان، وەکو نەخۆشی شیزۆفیرنیا[56]، بە زۆری لە کەساتیکا دەر ئەکەوێ هاوسەنگی مێشکیان لاواز بێت.

ئەم نەخۆشیە زۆر جار کتوپڕ توشی ئەوانە ئەبێت، کەس و کارەکەی هەڵگری جیناتی ئەو نەخۆشیە بن و پاشماوەی دایك و باوکیان بێت، زۆربەی ئەندامی ئەو خیزانە هەڵس و کەوت و رەوشتیکی جیاوازیان هەیە، وەکو زۆر هەسیاری و تورەیی..هتد، بەڵام مەرج نیە ئەو نەخۆشانە میراتی بن ، زۆر جار لە ئەندامی ناو خێزانیکا دەرئەکەوێ هەڵگری ئەو نەخۆشیانە نین و هیچ جۆرە نەخۆشیێکی دەروونییان تێدا دەر نەکەوتووە و مێشکیان تەواوە، دەرکەوتووە بێجگە لە هۆی میراتی زۆر هۆکاری تر هەیە بۆ توش بوونی ئەو نەخۆشیە، یەکی لەو هۆکارە گرنگانە، ژیانی سەردەمی تازەیە، پێویستە دڵنیا بین و بزانین تا چەند شارستانیەتی تازە کاریگەری ئەکاتە سەر ئەقڵ. ئەم نەخۆشیانە تەنها لە ناو ئادەمیزادا سەر هەڵنادا، بۆ نمۆنە: دەرکەوتوە نەخۆشی شیزۆفیرنیا مێشك بە زۆری لە ناو سەگە باشەکانا پەیدا بووە و بەرەو زیاد بونیش ئەڕوات، ئەم نەخۆشیانە بە زۆری توشی ئەو سەگانە ئەبێت، لە ناو ژیانی دەست کردا ئەژین و بەگوێرەی یاسا و ناز و باز بە خێو ئەکرێن و خواردنی تایبەتی و جیاوازیان بۆ دابین کراوە، بە پێچەوانەی خواردەمەنی نەژادەکانی پێشۆیان گۆرگ خنکێن بوون و لە هەمو ئەم نەخۆشیانە بەدور بوون، بەڵام ئێستە ئەو ژیانە دەستکردە تازەیەی سەپێنراوە بە سەر ئادەمیزادا، ئەبێتە

56- شیزۆفیرنیا- ئەم نەخۆشیە ئەبێتە هۆی لێك جیا بوونەوەی فەرمانەکانی مێشك ، وە جۆرێکە لە نەخۆشی دەروون کە ئەو نەخۆشە خۆی بە دوو کەسی جیاواز دائەنێت

هۆی جۆرەگۆڕانکارییەك لە ئامێرەکانی هەرسا، لە بەرژەوەندی ژیانی ئادەمیزاد و سەگا نیە، لە بەر ئەوە، پێویستە دەست بکرێ بە تاق کردنەوەیێکی دوور خایین، بۆ زانینی هۆکارەکانی ئەم هەرەس هێنانە. چونکە ئەو توخمانەی ئەبنە هۆی توش بوونی ئەو نەخۆشیانە، زۆر سەخت و ئاڵۆزن.

هەروەها سەرهەڵدانەوەی ئەو نەخۆشیانە بە شێوەیێکی خولی(دەوری) زۆرتری لە ناوکۆمەڵێکا روو ئەدات،شێوەی ژیانیان رێك وپێك نەبێ، بۆنمونە: خواردنی زۆر چەور و شیرینی وکۆشتی قەڵەو خواردن، یان چینی هەژار، خواردنیان لەو پەڕی خراپیدا بێت. ئەم دوو چینە هەمیشە ئەو جۆرە نەخوشیانەیان تێدا پەیدا ئەبێت. یان لە ناوکەسانێ نەخۆشی سوزەنکیان هەبێ. یان کۆئەندامی دەماریان(جهازالعصبی) لاواز بێت.

هەروەهاکاتێ یاسای وێژە (تربیة) لەناو کۆمەڵگایێکا دەم کوت کرا و خۆپەرستی پەرەی سەند، و زوربەی کەسەکانیان هەست بە بەرپرسیاریەتی نەکەن، وناکۆکی بڵاو بێتەوە..هەتەد، ئەمانە هەموی ئەبێ بە هۆی شپرزە بوونی ئەقڵ و نەخۆشیە دەرونیەکان لە ناو ئەوکۆمەڵەدا. ئەم ژیانە تازە دەست کردەی تەکنۆلۆژیای سەردەم، سەپاندوینێ بە سەرمانا،کەم وکورتیێکی مەترسیداری لەناخی خۆیا شاردوەتەوە، هەوێنی سەرەکی هەمو ناجۆرییەکانی ناوگەلە.

لە گەڵ ئەوەیشا گەل خاوەنی شارستانیەتیکی پێشکەوتو و تەکنۆلۆژیا و لەو پەڕی دەستەڵاتایە، بەڵام کەسایەتی ئادەمیزاد بە داخەوە بەرەو هەرەس هێنان و رۆخان ئەڕوات، چونکە ئەو تەکنۆلۆژیا بەر فراوانە، لەو ئەقڵە گرژ و نەکشاوەی ئەوا، جارێ جێی نابیتەوە.

بابەتی پێنجەم

ا) تەمەن- پێوانەی تەمەن بە کاژمێر، کشانی شت بۆ ناو بۆشایی و کات، کـــاتی ژمـــارە یـــا وەرگیراو، بیروبۆچون لەبارەی کاتی مادی و سروشتی .

ب) تاریفی کاتی ناوەکی-کاتە فەسیۆلۆجیەکان وکاتە سایکۆلۆجیەکان،

پێوانەی کاتی فسیۆلۆجی، ڕێژەی نەشونمای پلازمای خوێن، جیـــاوازی ئـــەو نەشـــونمایانە بەگوێرەی تەمەنی کات.

ج) تایبەتمەندیەکانی کاتی فەسیۆلۆجی و نەشیاوی بۆ ڕەد کردنەوە،

د) بناغەی کاتی فسیۆلۆجی-هاوبەشی ڕێکخستنی خانەکانی ناوەندیارەکان، گۆڕانکاری یەك لەدوای یەکی پلازمای خوێن لەماوەی ژیان ھ) درێژی تەمەن، ماوەی ژیان زیاد ناکات، هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە، لەوانەیە تەمەندرێژ بکرێتەوە، ئایا پێویستە تەمەن درێژ بکرێتەوە؟

و)گێڕانەوەی تەمەن گەنجی دەستکرد، ئایا تازەکردنەوەی تەمەن گەنجی ئەکرێ؟

ز) بیرو بۆچوٚنی کردەنی، ماوەی ناوەکی، نرخی ڕاستەقینەی کاتی مادی لە درێژایی تەمەن گەنجی و تەمەنی پیریدا.

ح) بەکارهێنانی بیرکردنەوە لە کاتی ناوەکیدا، ڕێژەی تەمەن ئادەمیزاد و شارستانیەت، کاتی فەسیۆلۆجی و کۆمەڵگا، کاتی فسیۆلۆجی و تاکە کەسی.

ط) ڕێکخستن لە نێوان کاتی فسیۆلۆجی و نێوان ڕازاندنەوەی دەستکرد بۆ ئادەمیزاد.

باسی یەکەم

تەمەن ئادەمیزاد بەپێی قەبارەکەی، بە گوێرەی پێوەر یان بەراورد، جیاوازی تێدا هەیە، بۆ نمونە: تەمەنی ئادەمی لە چاو تەمەنی مشك و پەپولەدا، درێژە، لە چاو تەمەنی دار وکێوا کورتە، ئەگەر ئەو تەمەنە بخرێتە ناو چوار چێوەی زەویەوە، شتێکی نابود دەرئەچێ. ئێمە تەمەن بە گوێرەی کاژمێر وخولەك و چرکە حساب ئەکەین، هەر بەو شێوەیەش کاتی گەڕانی زەوی بە دەوری خۆیا و بە دەوری رۆژا ژمارە ئەکەین. واتە تەمەنمان بە گوێرەی یەکەی (وحدة) ماوەی رۆژێی حساب ئەکرێ، ئەکاتە نزیکەی بیست و پێنج هەزار رۆژ، نزیکی ٦٩ ساڵ رێژەی تەمەنی ئادەمیزاد ئەگرێتەوە، چونکە ئەوکاژمێرە ژمارەی ئەوکاتە ئەکات، وەك ئەوکاژمێرە وایە رۆژەکانی منالێك و دایك و باوکی ئەو منالّە ژمارە ئەکات،لە راستیدا هەربیست وچوارکاژمێر، بەشێکی زۆر بچوکە لە پاشەرۆژی منالّ و بەشێکی گەورەیە لە پاشەرۆژی دایك و باوکەکە، هەروەها بە تێروانینێکی تر، بەشێکی زۆر بچوکە لە رابوردوی پیاوێکی پیر، و بەشێکی گەورە وگرنگە لە رابوردوی منالّێکی شیرە خۆرە، لێرەدا بە گوێرەی بیروبۆچونمان دەر ئەکەوێ، نرخی کاتی (زمن) مادی ئەگەر بگەڕێتەوە بۆ رابوردو، یا پێشکەوێ بۆ داهاتوو، جیاوازی تێدا بە دی ئەکرێ، ئێمە ناچارین تەمەنی خۆمان ببەستین بەکاژمێرەوە، چونکە ئێمە لە گێژاوی مادەدا نوقمین، کاژمێرەکەش لایێکی دووری ئەم مادە حساب ئەکات، و ئەم دووریانە لە سەر زەوی بە هۆی هەندێ رەوشتی تایبەتیەوە لێك جیا ئەکرێنەوە، هێڵی ئەستوێن (افقی) بریتیە لە دیاردەی راکێشان، ئێمە ناتوانین جیاوازی لە نێوان دووری ئاسۆکەدا بدۆزێنەوە، بەڵام ئەگەر مێشکمان تایبەتمەندی ئاماژەکەرێکی مۆقناتیسی (ابرة مغناطیسة) هەبوایە، ئەمانتوانی بە ئاسانی لێکیان جیاکەینەوە. بەڵام ماوەی دووری چوارەم یان /کات/ رووێکی سەیری هەیە، لە کاتێکا دووری سێهەمی شت لە سەر زەوی کورت دێتە بەر چاو و وەك نەجوڵێ وایە، کەچی ئەگەر رابکێشرێن، درێژ دێتە بەرچاو و وەك وەستانی نەبێ وایە.

ئێمە زۆر بە ئاسانی لە سەر ئەو هێڵی دوو پوپی ئاسۆیە سەفەر ئەکەین، بەڵام ناچارین فرۆکە، یا باڵۆن، یا قاڵدرمە بۆ سەرکەوتن بەرەو دووری سەرەوە بەکار بێنین ، پێویستە بەربەرەکانی راکێشان(جاذبیة) بکەین، بەڵام گەشت بۆ ناوکات(زمن) بە هیچ جۆرێ ناشێ.

زانای بەرز(وێلز)ئێنی ئامێزە داهێنراوەکەی خۆی، نەدرکاند، نەفەرێکی لە ژووری تاقیگاکەی خۆیەوە بە هۆی دووری چوارەمەوە (بعدالرابع) نارد بەرەو داهاتووجیاوازێکی گەورە هەیە لە نێوان بۆشایی وکاتا لە بارەی لەشی(فیزیقی) رەق ئادەمیزادی سەر زەوی، بەڵام دووری چوارەم بۆ لەشی ئەو ئادەمیزادە روحیانەی لە بۆشایی دنیاکانی دەرەودا (عالم الارواح) ئەژین، هاو وێنە وگونجاون لە گەڵ یەکترا.

وەختێ بایۆلۆجی و پزیشکی کات لێکئەدەنەوە، ئەتوانن فەرق نێوان کات و بۆشایی بکەن، بەڵام ناتوانن نە لە سەر ئەم زەویە و نە لەسەر زەویەکانی جیهانی ئەرواح لە یەکیان دوور خەنەوە.

کات و بۆشایی هەر دوکیان لە سروشتا یەك گرتوون، چونکە لایەنێکی پێویستە بۆ زیندەوەری مادی(فیزیقی) لە لە بەر ئەوەی لەسەر زەوی هیچ شتێکی (فیزیقی)نیە تەنها سێ دووری فراوانیی (ثلاثة ابعاد اتساعیة) هەبێت، ئەو شتانەی سەر زەوی وەکو بەرد، دار، ئاژەڵ.. هتد، ئەمانە ناکرێ خێرا بن. ئێمە ئەتوانین هەر بە ئەندێشە، بۆ هەمو شتێ، سێ دووری بۆ ئەندێشە بکەین، بیان هێنینە پێش چاوی ئەندێشەمان، بەڵام با ئەوەش بزانین هەمو شتێکی رەق چوار دووری هەیە، ئادەمیزاد لە یەك ساتا ئەچێتە ناو کاتیش و ناو بۆشاییشەوە. ئەگەر مرۆڤێك لە سەر ئەم زەویە، زۆر لە ئێمە بە سست تر بڕی، قەبارەیێکی باریکتر و زۆر درێژ تر لە قەبارەی ئاسایی دێتە پێش چاو وەکو ئەستێرەی کلك دار دەنوێنی، بێجگەو لەوە شێوەیێکی تری هەیە و سنوری نامێنێ، چونکە لەو بارو دۆخەدا هەر هەمو قەبارەکەی هاتوەتە ناوگێژاوی مادییەوە. بەڵام بیروبۆچون ناچێتە ناوکات و بۆشاییەوە، و ئەم گێژاوە مادییە، بە جۆرێکی گشتی چالاکی وێژەیی و هەستی جوان، ناگرێتەوە،

بێجگە لەوە ئێمە ئەزانین چاوی موقناتیسی و دیاردەی روحی، بێشك شتی شاراوەی زۆر لەوە پێش و زۆر لەمەودوا ئەدۆزیتەوە، هەندێ کەس بە راستی روداوی راستەقینەی رابوردوو و داهاتوو بە وردی باس ئەکات. پێویستە لەوە ورد بینەوە، ئەوانە وەکو روداوەکانی لەوە پێش ئەزانن، هەر وا وبە راستی ئەوەی لە مەو دوا روو ئەدات، باسی ئەکەن و زۆر جار بە تەواوی

تاق کراونەتەوە، بەڵام هەندێ جاریش و هەندێکیان، رووداوەکانیان لا تێکەڵ ئەبێت و رووداوی داهاتو، بە رووداوی لەوە پێش ئەزانن ئەگەرچی رووداوەکە بە راستی باس ئەکەن. لەوەدا وا دەرئەکەوێ، هەندێ کەس لە جیهانی ئەرواحا، بەسەر بۆشایی وکاتا دێن و ئەڕۆن و ئاگاداری رووداوەکانن.

سروشتی کات جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو شتانەی ئەقڵمان بیری لێئەکاتەوە، ئەوکاتەی لە سروشتا بە دیی ئەکەین خۆیەتێکی جیاوازی هەیە، ئەوە تەنیا رێگایە بۆدیتنی شتی رەق، ئێمە خۆمان کات و ژمارەکردنەکانمان دروست کردووە، واتە ئەقڵی ئێمە دروستی کردوە، پێویستیێکە بۆ دامەزراندنی زانیاری، ئێمە بە ئاسانی لەگەڵ هێڵێکی راستا بەراوەردی ئەکەین، هەمو ساتێکی لە خاڵە ریزکراوەکانیا پێك دێ. بەڵام ئەو یاسایە لەزەمانی گالیلۆوە گۆڕدرا بە یاسایێك و زانیارێکی تری یەك سەری.

فەیلەسۆفەکانی سەدەی ناوراست، کات دائەنێن بە هۆیێك بۆ پتەو کردنی بناغە، ئەم بیروبۆچونە زیاتر لەبیرو بۆچونەکانی (منکۆفسکی) ئەچێت، نەك، وەك بیروبوچونی گالیلۆ، چونکە گالیلۆ و منکۆفسکی و ئەنیشتاین و زانا سروشتیەکان وایان دائەنا، کات لە بۆشایی جیا ناکرێتەوە.

بۆیە گالیلۆ شتی ئەدایەو پاڵ رەوشتەکانی پێشوی، بۆ ئەوەی شایانی پێوانە و ژمارەکردن بێت، بەڵام گالیلۆ شتەکانی لە رەوشتە یاساییەکانی جیا ئەکردەوە، ئەم ئاسان کاریە، بو بە هۆی پەرە پێدان و ئاسان کاری، زانیاری سروشت، لە هەمان کاتیشا بوو بەهۆی بیروبۆچونە نەشیاوەکانی زانیاریەکانی جیهان، بەتایبەتی زانیاری بایۆلۆجی. ئێمە ئەبێ گوێ لە برجسۆن بگرین مافە رەواکانی کات بگێڕینەوە بۆ خۆی، هەرهی خۆیەتی، رەوشتەکانی دووەم/الصفات الثانوية/ بگێڕینەوە بۆ مادە بێگیانەکان و زیندەوەرەکان.

بیروبۆچونی تایبەتی بەرانبەر بە کات، وەکو ئەوە وایە، ئێمە بمانەوێ تەمەنی ئەو شتانە بزانین کە لە جیهانەکانمانایە زانینی تەمەنی شتێکیش بە هۆی پێوانی هەمو لایەنەکانی بە هۆی یەك پێوەرەوە پێکدێت، ئەمە جۆرێکە لە جۆڵەی خودی شتەکان ، بۆ نمونە: زەوی بە پێ وەستان بە دەوری تەوەرەکەی خۆیا ئەسوڕێتەوە، پێ ئەوەی رەوشتی بنەڕەتی خۆی تێك بدات، هەر جارە خۆی بە شێوەیێك دەرئەخات، جارێ روناك و جارێکیش تاریك، شاخەکان هەمیشە بە هۆی کەش وهەوای سارد وگەرم و بەفر و باران، شێوەکەی ئەگۆڕدرێ و کەم ئەکا، لە گەڵ ئەوەشا

هەربە شاخی ئەمێنێتەوە، درەخت گەورە ئەبێ، بەڵام درەختایەتی خۆی وون ناکات ئادەمیزادیش تا وەکوکرداری ئۆرگانی و ئەقڵی، هۆی ژیانی لەکارا بێت، کەسایەتی خۆی ئەپارێزێ. هەمو بۆنەوەرێکی بێگیان یان گیاندار، خاوەنی جوڵەی ناوەکی و دۆخە یەك لە دوای یەکەکانی یاسا تایبەتیەکانیەتی، ئەم جوڵەیە بریتیە لەکاتێکی رەمەکی/فطری/ بە بەراوەرد کردن لە گەڵ جوڵەی شتێکی تر، پێوانە ئەکرێ. هەرلە سەر ئەو یاسایە، و بە هۆی بەراوەرد کردن لە گەڵ کاتی رۆژیدا (شمسی) ئەتوانین تەمەنی خۆمان بزانین، چونکە ئێمە لەسەر زەوی ئەژین، بەڵام ئاسانتر ئەوەیە، تەمەنی خۆمان بخەینە ناو چوارچێوەی دوور و فراوانی کاتی ئەو شتانەی لەسەرزەوی هەیە.

ئێمە بە هۆی مەترەوە درێژی خۆمان ئەپێوین، بریتیە لە یەك بەش لە چل ملیۆن لە نیوەی هێڵی درێژی زەوەی، هەروەها گەڕانی زوەی، یان تێپەڕینی کاژمێرەکان، تێپەر بونی کات لە سەر زەوی دیاری ئەکات، بێجگە لەوە ئاسایە، بە هۆی تێپەڕ بونی شەو و رۆژەوە تەمەنی خۆیان دیاری بکەن و ژیانیان رێك بخەن. لە گەڵ ئەوەشا بە هوی مانگەوە ئەتوانن هەمان کار ئەنجام بدەن، بەڵکو کات و وەخت، بە مانگ گرنگتر و تەواو ترە، لە هی رۆژ، بە تایبەتی بۆ ئەو راوچیانەی لە قەراخ دەریاکانا کار ئەکەن،کاتی ئاوی دەریا بە هۆی کرداری راکیشانەوە بەرز ئەبێتەوە و بەوە رێك و پێکی لە ژیانیانا لە هەمو بارێکەوە دێتە بەرهەم، کەم و زۆری ئەم بەرهەمانە ئەکەوێتە سەر بەرز و نزمی ئاوی دەریاکە.

بە کورتی وەخت رەوشتێکی دیاری کراوە بۆ زۆر شت، رەوشتەکە بە گوێرەی پێکهاتەی شتەکە دیاری ئەکرێ. ئادەمیزاد باسی تەمەنی ژیانی خۆی و تەمەنی شتی تر، بە پێ ی ساڵ و مانگ و رۆژ وکاژمێر ئەکات. ئەگەرچی کاتی ناوخۆ جیاواز و جیایە لەوکاتە دەرەکیە، وەکو چۆن لەشمان لە فراوانیدا (اتساع) جیاوازە لە رۆژ و لە زەوی..

باسی دووەم

کاتی ناوەکی، گۆڕانکاری لەش و لایەنە چالاکیەکانی ژیانی ئادەمیزاد دیاری ئەکات، لە گەڵ دۆخە یەك لە دوای یەکی پێك هاتەکانی لەشی بەرانبەرە و بەقەد یەکن، هەروەها لە گەڵ تێکەڵە و فەسیۆلۆجی ئەو ئەقڵەی کەسایەتیمانیان دروست کردووە، لەبەرئەوە ئەوکاتە بریتیە لە کەسایەتیەکەمان.

ئەگەر بە ئەندێشە و بە هۆی ئەم کاتەوە پارچەیێکمان(بە قەستی) لە لەش و روحمان کردەوە، وەکو ئەو پارچانە رێك دەرناچێ زانا نەشتەرگەریەکان بە کاری دێنن بۆ شێ کردنەوەی باسی فراوانی تەوەری سێ لانە (محاور الاتساع الثلاثی) هەروەکو (وێلز) لە کتێبەکەیا بە ناوی (ئامێزی کات) ئالة الزمن- ئەڵێت،"شێوەی ئادەمیزاد لە تەمەنی هەشت ساڵی و پانزە ساڵی و حەڤە ساڵی و بیست و سێ ساڵی..هتد، وێنەیێکن لە سێ جۆر دووری زیندەوەرێکی خۆراگر، قەت ناگۆزردرێ، پێکهاتوە لە چوار دووری، لە یەك نەچون ئەم بەشانە زیاد کردنی گۆڕانکاری ئۆرگانی و ئەقڵی لە پێکهاتەی ئەوکەسانەدا نیشان ئەدات. لە بەر ئەوە پێویستە کاتی ناوەکی بەش بکرێ و بکری بە کاتی فەسیۆلۆجی و کاتی سایکۆلۆجی."

بەڵام کاتی فەسیۆلۆجی دووریێکی خاوەن سنوورە و بریتیە لە هەمو زنجیرە گۆڕانکاریە ئۆرگانەکان، لە سەرەتای نوتفەییەوە تا مردن توشی ئادەمیزاد ئەبێ، ئەیشکرێ دانرێ بە کردگارێکی یەك لە دوای یەکی ئەوتۆ بە ئاشکرا دووری چوارەمان دامەزرێنێ، هەندێ لەم کردارانە هەم گونجاو و هەم پێچەوانەن، وەکو لێدانی دڵ- گرژ بونی ماسولکە- ژەنینی گەدە- کارەکانی ریخۆڵە- دەردانی لووەکانی ئامێزی هەرس- لەگەڵ دیاردەی بێ نوێژی، هەندێکی یەك لە دوای یەکن و راستەوانەن، وەکو وشك بونەوەی پێست- زیاد کردنی خرۆکەی سوری ناو خوێن- رەق بونی چنراوە و دەمارە خوێن بەرەکان، بەڵام ئەم کارە هاوجۆری و پێچەوانانەش لە قوناغەکانی تەمەنا رێك ئەبنەوە، بەرەنگاری گۆڕانکاری یەك لە دوای یەکەکانی راستەوانە

ئەبنەوە، هەروەها پێکهاتەی چنراوە و تێکەڵەکان پێکەوە و لە یەك کاتا رێك ئەبنەوە. ئەم کارە گرێ پوچکە نەزانراوە، بریتیە لە کاتی فەسیۆلۆجی.

لایەکەی تری کاتی ناوەکی (الزمن الداخلی) کاتی سایکۆلۆجیە، چونکە هەست لە ژێر ئەوکاریگەریە وریا کەرەوە، لە جیهانی دەرەوە دێت، تۆمار ئەبێت بریتیە لەزنجیرەیێکی خودکاری. (برجسون) ئەڵێ:" کات مادەی ژیانی خودی سایکۆلۆجیە. تەمەن بریتی نیە لە یەك سات شوێنی یەکێکی تر بگرێت، تەمەن خۆی بریتیە لە چونە پێشەوەیێکی هەمیشەیی ئەو رابۆردووە، داهاتو قووت ئەدا، تا بچێتە پێشەوە، زیاتر دەئاوسێ" .

کەڵەك بونی رابوردو لە سەر رابوردو بەر دەوامە، بێ ئەوەی نەخێ کەمی کەنەوە. لەراستیدا رابوردو بە جۆرێکی خودکار خۆی ئەپارێزێ، رەنگە ئەو رابوردووانە هەر هەمویان هەمیشە بە دوامانەوە بن.

بێشك ئێمە تەنیا بیرلە بەشێکی کەم لە رابوردوی خۆمان ئەکەینەوە، چونکە ئێمە بە راستی، ئەمانەوێ، بریار ئەدەین، هەوڵ ئەدەین، بۆ رابوردووی خۆمان کار ئەکەین، هەر بەو جۆرە لە بارەی پەیوەندی راستە قینەمان لە گەڵ روحمانا. ئێمە بریتین لە مێژوو، زیاتر باس لەدەسکەوتەکانی ژیانی ناوەکیمان ئەکات، تا ژمارەی تەمەنمان.

ئێمە هەست بەوە ئەکەین کە ئەمرۆ وەکو دوێنێ نین، وا دەرئەکەوێ رۆژگار زۆر بە خێرایی بفرێ.

هەروەها لە نێوان ئەم گۆڕانکاریانەدا بابەتێکی وردی ئەو تۆ نیە بەردەوام و ئاشکرا بێت، تا بتوانین پێوانەی بکەین، هەروەها چالاکی هەستی ناوەکیمان شایانی دیاری کردن نیە، لە ناخمانا لایەن دیاری کراوی چالاکی سایکۆلۆجی هەیە لەمەو دوا گۆڕانکاری تێداناکرێت، بەڵام ئەگەر ئەقڵ کەوتە ژێر پاڵەپەستۆی نەخۆشی و پیریەوە تێك ئەچێت، هەستی کاتی ناوەکی (زمن داخلی) بە یەکەی پێوەری رۆژی(شمسی) بە وردی پێوانە ناکرێ، لەگەڵ ئەوەشا بە هۆی یەکەی رۆژ و ساڵەوە بە ئاسانی رووداوەکانی سەر زەوی ژمارە ئەکرین، ئەگەرچی ئەم شێوەیە، زانیارێکی تەواومان ناداتێ، رێك و پێکی کردارەکانمان و گۆڕانیان بریتیە لە کاتی ناوەکیمان.

ئاشکرایە تەمەنی کاتی بە قەد تەمەنی فسیۆلۆجی نیە، هەندێ جار باڵق بوون لە کەسانێکی جیاوازا، چەند ساڵێ پێش ئەکەوێ یا دوا ئەکەوێ، تەمەن دۆخێکی ئۆرگانی وکارکردنە،

پێویستە بە گوێرەی پێکهاتنی گۆڕانکاری، ئەو بارو دۆخانە پێوان بکرێت، ئەم رێك خستنە جیاوازی هەیە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر، هەندێ کەس چەند ساڵێ بە منداڵی ئەمێنێتەوە، بە پێچەوانەوە هەندێکی تر زۆر زوو لەشیان تێك ئەچێت و ئەرۆخێ.

تەمەن ژیانی مادی ئینسانێکی نەرویجی باڵا بەرز، درێژ ترە لە ژیانی مرۆڤێکی ئەسکیمۆی باڵا کورت. بۆ ئەوەی بەراوەردمان بۆ تەمەن فەسیۆلۆجی تەواو دەرچێت، پێویستە، یان لە چنراوە، یان لە تێکەڵەکانا لەوانەیە دیاردەی پێوانە بدۆزرێتەوە، هەمیشە و بە درێژایی تەمەن ئەنجام بدرێ .

ئادەمیزاد لە ناو دووری چوارەما، خۆی بە هۆی زنجیرەیێك رێکخراوەی یەك لە دوای یەك رێك ئەخات و تێکەڵ بە کات ئەبێ، پێشەکی تۆو، نوتفە، منداڵ، گەنج، پیاو، پیر، ئەم لایەنە مۆرفۆلۆجیانە بریتین لە رۆداوی کیمیاوی و ئۆرگانی و سایکۆلۆجی، زۆرتری ئەم جیاوازکاریانە بە هیچ یەکەیێك ناپێورێن و ژمارە ناکرێن، بەڵام کە رێکەوت و توانرا پێوانە بکرێت، رەنگە لە ماوەیێکی دیاریکراوی ژیانی ئەوکەسەدا روو بدات. بەڵام تەمەن فەسیۆلۆجی، هەمو درێژیەکەی بە قەد دووری چوارەمی ئێمەیە.

سستی گەورە بونی کاتی منداڵی، دیاردەی باڵق بوون (مراهق) و دیاردەی ناهومێدبونی پیری، کەم وکورتی بنەڕەتی لە تازە بوونەوەی خانەکانا و سپی بوونی قژ..هەتەد، بریتیە لە دیاردەی قۆناغە جیاوازەکانی تەمەن جیهانی فیزیقیمان.

لە تەمەن پیریدا نەشونمای چنراوەکان کەم ئەبێتەوە ونەشونماکردنەکەی وەکو ئەوە وایە لە ناو شوشەی تاقیکردنەوە دانرابێ، ئەگەرچی بەم کردارە بە تەواوی تەمەن ئەو چنراوە نێژراوە نازانرێت.

لە ماوەیێکی ژیانی فەسیۆلۆجیدا هەندێ چنراوە خێرا و هەندێکی تر درەنگ نەشونما ئەکەن.

هەموئۆرگانێ بە گشتی بە گوێرەی گونجان لەگەڵ لەشەکەیدا جیاوازی تێدا هەیە، لەگەڵ ئەوەشا هەندێ دیاردەی راست کردنەوەی لەش رو ئەدات،بۆ نمونە: دواکەتن و زوو ساڕێژ بونی بریێی سەر پێست، بە گوێرەی تەمەن کەم و زۆر، جیاوازە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر، خێرایی چاك بونەوەوی برین بەگوێرەی دوو هاوکێشە لێك ئەدرێتەوە زانای بەرز (کۆمت دی نوای) داینناوە، ئەو دوو هاوکێشانە، یەکەمیان: بەئەنجام (معامل) ی دەرئەکات، پێی ئەڵێن رێژەی ساڕێژ بونی برین، متمانە ئەکاتە سەر رووبەری برینەکە و کۆن و تازەییەکەی. کاتێ ئەم

رێژەیە خرایە ناو هاو کێشەی دووهەمەوە، بە هۆی حەفتەی دوو جار پێوانی روی برینەکە، زۆر بە وردی ماوەی سارێژ بوونی برینەکە ئەزانرێت. تا برینەکە بچوك و برینداڕەکە تەمەنی بچوك بێ، رێژەی زوو چاك بونەوە، زیاتر ئەبێ.

کۆمت دی نوای- بە هۆی ئەو رێژەوە ژمارەیێکی دۆزیەوە بریتیە لە چالاکی دڕەنگ و زووبی تازە بونەوە، هەر یەکە و بە گوێرەی تەمەنی خۆی . ئەو ژمارەیە بەرامبەرە لە گەڵ دەرئەنجامی رێژەی ڕەگی دوجای (جذرتربیعی)، روی برینەکە و ئەندازگەی (منحنی) گۆڕانگاریەکەی، ئەوە ئەگەیێنێ کە ئەو برینداڕەی تەمەنی بیست و یەك ساڵ بێ، زوو برینەکەی سارێژ ئەبێ، ئەوەی تەمەنی چل ساڵ بێ، بە دوو ئەوەندەی ماوەی منالّەکە چاك ئەبێتەوە، بە هۆی ئەم دو هاوکێشەوە و ماوەی سارێژ بونی برین، تەمەنی فەسیۆلۆجی ئادەمیزاد ئەزانرێت.

بە تەواوی دەرکەوت ئەو زانیاریەی لەم بارەوە وەدەست هات، بە هەمو متمانەیێکەوە، لە تەمەنی دە ساڵیەوە تا چلو پێنج ساڵی، سارێژی برینەکانیان مسۆگەرە، هەروەها رێژەی سارێژ بونی برین، لەو تەمەنە منالّتر، یان گەورەتر، جیاوازیەکانیان زۆرگرنگ نیە.

زۆربەی چاك کردنەوە و چنینەوەی ئەو برینە بە درێژایی تەمەن تەنها بە هۆی پلازمای خوێنەوە ئەنجام ئەدرێ، لەم کارەدا بە گشتی، پیر بوونی خوێن، دیاری ئەکرێ.

ئێمە ئەزانین پلازما پێکهاتوە لە دەردراوە پێویستیەکانی هەمو چنراوەکان و نۆرگانەکانی لەش، بەڵام لە بەر ئەوەی پلازما و چنراوەکان ئامێرێکی داخراون، هەرگۆڕانگارییك لە مروڤا رو بدات،کار ئەکاتە سەر پلازما هەروا بە پێچەوانەیشەوە، ئەو ئامێرە هەمیشە لە ماوەی ژیانی ئادەمیزادا لەگۆڕانکاریدایە، بەهۆی شییکردنەوەی کیمیاوی، هەندێ لەوگۆڕانکاریانە ئاشکرا ئەبێت، هەروەها دۆزرایەوە پلازمای هەندێ ئاژەڵ کەوتبێتە تەمەنەوە،کاریگەرێکی بەر چاوی هەیە لە بەرگری کردنی نەشونمای کۆمەڵەی خانە.

هەروەها رادەی شوێنی ئەوکۆمەڵە خانەی لە پلازمای خوێنا ئەژین، بەرامبەرە لە گەڵ ئەوانەی کە لە ناو خوێواوکا دانراون. بەمە ئەڵێن تێکرایی نەشونما. تا ئاژەڵی هەلگری پلازماکە، زیاتر لە تەمەنا بێ، رێژەی ئەو تێکڕاییە کەمتر ئەبێ، بەم شێوەیە یاسای کاتی فەسیۆلۆجی ئەزانرێت، لە کاتی رۆژەکانی یەکەمی ژیانا ، پلازما بە بێ دانانی کۆمەڵە خانەکان نامێنێتەوە ، وەکو ئەوەی کە لە ناوگیراوەی راگر(محلول ضابط) دا بێت، لەم ساتەدا نرخی تێکرایی لە

یەکەکە(وحدة) نزیك ئەبێتەوە، وە تا تەمەن ئاژەڵەکە زیاد بکات، پلازماکەی زۆر بە کاریگەرییەکی بە هێزەوە بەرگری زیاد بوێ (تکاثر) خانەکان ئەکات و تێکڕاییەکە (معدل) کەم ئەبێتەوە. لەسااڵەکانی دوایی تەمەنا، ئەو تێکڕاییە لە گەڵ صفرا (هیچ) بەرامبەر ئەبێت. لە گەڵ ئەوەی کە ئەم هۆکارە تەواو نیە، بەاڵم هەندێ زانیاری لە یاسای کاتی فەسیۆلۆجی سەرەتای ژیان نیشان ئەدا، لە کاتێکا کە ژیان بە خێڕایی تێپەڕ ئەبێت، هەروەها ئەم هۆکارە لە قۆناغەکانی دوایی تەمەنا، کە تێپەڕ بوونی تەمەن زۆر هێواش ئەڕوات، بەش ناکات.ئەگەر بێتو درێژی تەمەن سەگێ بکەین بە دە یەکەی کاتی فەسیۆلۆجی بە هۆی جیاوازی تێکراییەکانی نەشونماکەی، ئەتوانین تەمەنی ئەو ئاژەڵە بە شێوەیێکی نزیکی، لە جیاتی سااڵ بەو یەکانە لێك بدەینەوە، بەوجۆرە ئەتوانین کاتی فەسیۆلۆجی، بەکاتی رۆژیی، بەراوەرد بکەین. ئاشکرایە جیاوازیێکی گەورە لە نێوان یاساکانیاندا هەیە، چونکە ئەندازگەی کورتی تێکرایی چاالکی کرداری کاتی، لە سااڵی یەکەما زۆر خێرا دێتە خوارەوە، لە دواییدا هاتنە خوارەوەکەی کەمتر ئەبێ، لە سااڵی دووەم و سێهەما ئەو دابەزینە کەمتر ئەبێ. بەشی نەشونما وکامڵ بوون، بەرە بەرەکەوانەکەی زیاتر ئەکرێتەوە، تا ئەبێ بە هێڵێکی راست، بەاڵم ئەو بەشە تەمەنە پێشکەوتووە، بەرەو پیری ئەروات و لە سەر هێڵی راست لانادات. ئاشکرایە هاتنە ناو تەمەنەوە، سەرەتاکەی زۆرخێراتر ئەڕوات تا دواییەکەی. بەراورد کردنی تەمەنی منااڵنی لە گەڵ پیرێ، بە هۆی کاتی رۆژی (شمسی)یەوە، وانیشان ئەدا کە تەمەنی منااڵی کورت و تەمەنی پیری زۆر درێژە، بە پێچەوانەی ئەوەوە،کاتی تەمەنی منااڵنێك و پیرێ، بە یەکەی کاتی فسیۆلۆجی لێك ئەدەینەوە، وا دەر ئەکەوێ تەمەنی منااڵنی زۆر درێژ و تەمەنی پیرێ، بە کورتی دوایی دێت.

باسی سێهەم

وتمان کات (زمن)ی فەسیۆلۆجی جیاوازیێکی زۆری هەیە لە گەڵ کاتی سروشتیدا، تەنانەت ئەگەر هەمو خێراییەکانی کاژمێرەکانی جیهانیش کەم کەنەوە، یا زیادی بکەن، وە ئەگەر زەویش لە گەڵیانا رێك کەوت و یاسای گەڕانەکەی خۆی گۆڕی، بە هیچ جۆرێ گۆڕانکاری لە تەمەنی ئێمەدا روو نادات، رەنگە لەو بارو دۆخەدا وا دەرکەوێ کە کەم یان زیاد ئەکات. بەم شێوەیە ئەوگۆڕانکاریەی لەکاتی رۆژیدا روو ئەدات روون و ئاشکرایە.

لە کاتێکا کە ئێمە بەرەو پێشەوە بۆ خزان بە سەر کاتی مادی دا کۆم بۆینەتەوە ا، لە سەر یاسای کرداری ناوەکی ئەرۆین کە تەمەنێکی فەسیۆلۆجیە، بە راستی ئێمە تۆزی خۆڵ نین کرابێتینە سەر رووی ئاوی چەمێك، بەڵکو چەند دڵۆپێکی چەورین بە سەر رووی ئاوا بڵاو بوینەتەوە و لە خۆمانەوە شەپۆل بەرەوە پێشەوە ئەمانبات. کات (زمن)ی سروشتی بۆ ئێمە نامۆیە، لە کاتێکا کە خۆمان کاتی ناوەکین، دوا رۆژمان ناچێتە ناو نەبوونەوە، کە وەکو فەنەری (بندۆڵ)ی کاژمێر، لە ناو ئەقڵ و چنراوە و خوێنمانا، لە یەك کاتا هەمو شتێ تۆمارکات، وە ئێمە بۆ هەمو رۆداوەکانی ژیانمان، ئاسەواری ئۆرگانەکان و تێکەڵاوەکان و سایکۆلۆجی لە ناو خۆمانا هەڵ ئەگرین و ئەیانپارێزین. ئێمە دەرئەنجامێکین لە دەرئەنجامەکانی مێژوو، وەکوگەڵ و دەوڵەتە کۆنەکان شارەکان وکارگە و وەرزێر و دەرەبەگ و پەیکەرەکانی ئەوروپایی رۆمانی وکاتدرایی قوتیەکان و باخ و بێستان و کشت وکاڵ. وە کەسایەتیمان هەمیشە بە پیت و بە کارە بۆ هەمو ئەزمونەکانی ئۆرگانی و تێکەڵە و هەستەکانمان، بۆ هەمو بیرو بۆچونی، بۆ هەمو کارێ، وە بۆ هەمو نەخۆشیێك، دەرئەنجام هەیە. لە بەر ئەوەی خۆمان بە هیچ شێوەیێك لە رابوردومان جیا ناکەینەوە. بێشك لە نەخۆشی و ئاسەوارە خراپەکانی رزگارمان ئەبێت، بەڵام تا دوایی ئاسەوارەکەی هەر ئەمێنێت.

کات بە شێوەیێکی گونجاو و رێك پێك ئەڕوات و ماوەی قۆناغەکانی رۆیشتنەکەیشی بە قەت یەکن ، هەر وەها هێڵەکانی قەت ناگۆردرێن، بە پێچەوانەی ئەوەوە، کاتی (زمن)

فەسیۆلۆجی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازی هەیە، لە هەندێ نەتەوەدا کە تەمەنیان درێژە، کاتی فەسیۆلۆجی هێواشتر دیارە، بەڵام لەو نەتەوانەی کە تەمەنیان کورتە، خێراتر هەست ئەکرێ، ئەم رووداوە یەکەم جار خێرا و لە دواییدا هێواشتر ئەبنەوە، رووداوە خۆشەکان و بە پیتەکانی فەسیۆلۆجی ئەکەوێتە سااڵەکانی دوایی تەمەن و قوناغی پیری. ژمارەی یەکەی کاتی سروشتی کە پێشەکی بە قەت یەکەی کاتی فەسیۆلۆجیە، بەرە بەرە زیاد ئەکا، بە کورتی لەشی ئادەمیزاد بریتیە لە کۆمەڵێ چالاکی ئۆرگانی کە یاساییکی تایبەتی لە قۆناغی منااڵیدا زۆرخێرا بەرێوەی ئەبات، کە لە قۆناغی گەنجیدا هێواش وە لە قۆناغی پیریدا زۆر هێواش چالاکی ئەنجام ئەدەن، بەڵام ئەقڵمان لە کاتی لاواز بوون چالاکی فەسیۆلۆجی ئەگاتە لوتکەی نەشونما.

کاتی فەسیۆلۆجی دووەم لە دوایی هاتن، وە هەمیشە کردارەکانی ئۆرگانی توشی گۆڕانکاری تایبەتی جۆراوجۆرئەبن، چونکە یاساکەی هەمیشەیی نیە، وە لە کاتی رووانی ناجۆری لە ژیانی مرۆڤا، سستی خۆی نیشان ئەدا، وە ئەو نارێکیە لە ژیانا ئەبێتە هۆی دروست بوونی زیان لە پەیوەندی ئەو دیاردە فەسیۆلۆجیانەی تەمەنمان پێك دێنن، بە جۆرێ لامان وایە لە هەندێ ساتا پێشکەوتنی تەمەن رائەوەستێ، لە هەندێ ساتی ترا، وا دەرئەکەوێ، بەرەو پێش رۆیشتنی تەمەن زیاد ئەکات. هەروەها هەندێ قۆناغی تر هەیە کەسایەتی مرۆڤ تیادا زیاد ئەکا، لە هەندێکی ترا، وا نیشان ئەدا ئەوکەسایەتیە ئەپوکێتەوە.

هەروەکو لە پێشەوە باسمان کرد کاتی ناوەکی ئەگەر بناغەکەی سایکۆلۆجی ناوەکی بێت، خاوەنی یاسای کاتی رۆژی نیە، لەوانەیە گەنجایەتی راستەقینە بگەڕێتەوە بۆ مرۆڤ بە هۆی رووانی دیاردەیێکی وەکو هەواڵێکی زۆر خۆش، یان رووانی هاوسەنگییکی گونجاو لە ناوکارەکانی فەسیۆلۆجی و سایکۆلۆجی چنراوەکانی ئەوکەسەدا، یان لەوانەیە دیاردەیێکی خۆشی و ئەقڵی و ئۆرگانی وا رو بدات ببێتە هۆی گۆڕانکاری لەو تێکەڵەی تایبەتە بە گێڕانەوەی گەنجی راستەقینە، یان هاوسەنگ بونێکی دەگمەن و سەیر. هەروەها خەم و خەفەت و ماندوویەتی ئیش و کارو نەخۆشیە درمیەکان و نەخۆشیە داهێزەرەکان، زۆر زوو ئەبێتە هۆی تێك چونی ئۆرگانەکانی لەش.

ئەگەر شرنقەیێکی نەزۆکی بدرێ لە سەگ، دۆخی پیریەتی تیا دەر ئەکەوێ و بەرەبەرە لەشی لاواز ئەبێ و ماندویەتی تێدا پەیا ئەبێ، لەهەمان کاتا خوێن و چنراوەکانی بەرپەرچ دانەوەی فەسیۆلۆجی قوناغەکانی پیری تێدا روو ئەدا، هەرکاتێ بیانەوێ ئەم بەرپەرچ دانەوە لا بەرن

لەشی ئاژەڵەکە ئەگەڕێتەوە دۆخی جاران و ئۆرگانەکانی ئاسایی ئەبنەوە. شێوەی مرۆڤ پیر ساڵ لە دوای ساڵ، گۆڕانکارێکی کەمی تێدا پەیا ئەبێ، چونکە قوناغی پیریەتی ئەگەر نەخۆشی لەگەڵ نەبێت، ماوەیێکی زۆر هێواشە و درەنگ تەواو ئەبێت. هەر کاتێ قوناغی پیریەتی خیرایی تیا پەیا بوو، ترسی ئەوە هەیە بێجگە لە کرداری فەسیۆلۆجی پیری، دۆخێکی خراپی تر هاتبێتە ئاراوە، چونکە دیاردەی زوو پیر بوون، لەوانەیە، هۆکەی بریێ بێت لە بوونی بەکتریا، یان تێکچونی یەکێ لە ئۆرگانەکانی لەشی، یا نەخۆشی شێرپەنجە، لە بەر ئەوەی زوو پیر بوون وا دەر ئەخات، نەخۆشیێکی ئۆرگانی یا دەروونی لەو لەشەدا پەیدا بووە.

کاتی سروشتی وەکوکاتی فەسیۆلۆجی وایە ناگەڕێتەوە،چونکە کاتی سروشتی خۆی بەرپرسیارە لەکردارەکانی خۆی. تەمەن لە ئاژەڵی زیرەکا بە هیچ شێوەیێك ئاستی خۆی ناگۆڕێ، بەڵام لەو ئاژەڵانەی بە زستانا ئەنوون(سبات) هەندێ سست ئەبێتەوە. لەئاژەڵی ئاویدا لە کاتی خولی خۆیا(سبات) بە تەواوی ئەوەستێت، ئەو ئاژەڵانەی خوێن خۆرن، کاتێ شوێنەکەیان گەرم دادێ، ئۆرگانەکانی لەشیان، رێکترو چالاکتر ئەبن.

دکتۆر (جاك لۆیب) هەندێ مێشێ لە شوێنێکا دانا، گەرمیەکەی لە ئاسایی زیاتر بوو، مێشەکان خێرا دەستیان کرد بە پیربوون و مردن، هەروەها ئەگەر پلەی ناوەندیاری تیمساحی ئەمریکی بەرز بکرێتەوە بۆگەرمی لە ٣٠ تا ٤٠ پلەی سانتیگراد، شێوەی کاتی فەسیۆلۆجی ئەو ئاژەڵە گۆڕانکاری تێدا پەیا ئەبێ. واتە رێژەی ساڕێژ بوونی بریێ دەرەکی بە گوێرەی پلەی گەرما، لە دۆخێکی سەر و خوارایە. بەڵام بە کارهێنانی ئەم شێوەیە ســـادەیە وکاریگەرێکی تەواوی نابێت بۆ چنراوەی لەشی ئادەمیزاد، چونکە یاسای کاتی فەسیۆلۆجی، گۆ ڕانکاری وەرناگرێ مەگەر بە هۆی کردارێکی بنە ڕەتی دیاری کراو و لە سەر شێوەی پێکهاتەکەی، و ناتوانێ دیاردەی پیربوون دوا بخەین و یاسای بگۆ ڕین، مەگەر ئەێنی ئەو پێکهاتە بزانین تەمەن بەکاری دێنێ و متمانەی ئەکاتە سەر..

باسی چوارەم

زانیاری لەبارەی تەمەن فەسیلۆجی و رِەوشتەکانی،ئەگەرێتەوە بۆ تاقیکردنەوەی جۆرێ لە پێکهاتەی مادەی زیندو، ئەویش بریتیە لەوەی، پارچەیێك لە بونەوەرێکی زیندوو، جیا ئەکەنەوە هەڵگری خانەی زیندوو بێت، لە بەر ئەوەی زەمەن فەسیلۆجی لە هەمو پێکهاتەکانی لەشی خانە .و لەشی ئادەمیزاد، متمانە ئەکاتە سەر ئەوگۆڕانکاریەی ناوەندیار لە پاشماوەی خواردەمەنیەکانا ئەنجامی ئەدا و بەشداری کردنی خانەکان لەوگۆڕانەدا. کۆمەڵگای خانەکان لەگەڵ کۆبونەوەی پاشماوەی خواردن، دەست ئەکەن بە تۆمارکردنی زەمەن فەسیلۆجی، بەهۆی ئەو کارەوە رِێکبوونەوەی ناوەندیارەکە ئەنجامئەدرێ.

ئاسایی ترین ئامێر چاوەدێری دیاردەی پیر بوون بکات لەو ناوەندەدا، بریتیە لە کۆمەڵێ خانەی چنراوە و لەشێوەی کێڵگەیێکی زۆر بچوك، لە ناوەندیاری خواردەمەنیەکەدا. لە ناو ئەوکێڵگەیەدا، ناوەندیارەکە گۆڕانگارییکی زیاد بە هۆی بەرهەمە خواردنەکەوە ئەنجام ئەدا، هەروەها خانەکانیش ئەگۆڕدرێن، لە ئەنجامدا پیریەتی و مردن رِووئەدات، لێرەدا یاسای کاتی فەسیلۆجی ئەکەوێتە سەر پەیوەندی نێوان شانە و ناوەندیارەکەی، ئەویش بە گوێرەی قەبارە و چالاکی و شێوەی خواردن و رەوشتی کۆمەڵە خانەکان وکەم و زۆری شلە و ناوەندیاری خواردەمەن و پێکهاتە کیمیاویەکەی جیاوازی تێدایە، ئەو هونەرەی هەڵئەسێ بە ناشتنی ئەم پارچەیە، بەرپرسیارە لە یاسای ژیان ناو ئەم پارچە نێژراوە، بۆ نمونە: ئەگەر پارچەیێکی وەرگیراو لە دڵ لە ناو قاپێکی پەلا و لە کەش و هەوایێکی گونجاوا، دابنرێت، و دڵۆپێ پلازمای بکرێ بە سەرا. هەروەها پارچەیێکی تری وەك ئەو بخرێتە ناو شوشەیێکەوە و پڕکرێ لە شلەی خواردەمەن و گازی پێویست، دەرئەنجامی ئەم دوو نێژراوە لەیەکتری زۆرجیاوازن، چونکە کۆ بونەوەی کەم و زۆری پاشماوەی خواردەمەن لەناو ناوەندیارەکەدا و چۆنیەتی رەوشتی ئەم پاشماوانە، بریاری تایبەتمەندی تەمەن چنراوەکە دیاری ئەکەن،کاتێ پێکهاتەی ناوەندیار مسۆگەر

ئەبێت،کۆمەڵە خانەکانی هەتا هەتایە لە سەر چالاکی خۆیان ئەمێننەوە، چونکە تۆمار کردنی زەمەن بەهۆی گۆڕانکاری کیمیاویەوە ئەنجام ئەدرێ، نەك بە هۆی جۆرەکەیەوە.

ئەگەر بە هۆی کارێکی هونەریەوە، زیادکردنی قەبارەی پێکهاتەکەیش رابگیرێت، هێشتا هەر قەت پیر نابێت، بۆنمونە: هەر بۆ هەمان تاقیکردنەوە، لە مانگی شوباتی ١٩١٢ پارچەیێکی بچوك لە دڵی بەچکە خرایە ژێر هەمان تاقیکردنەوە، تا ئێستەش ماوەی ٢٣ ساڵی بە سەرا تێپەڕ بووە، هەرماوە و لە چالاکیدایە و هەر ئەیشمێنێ هەتا هەتایە.

پەیوەندی لەنێوان خانەکان و ناوەندیار لەناو لەشی ئادەمیزادا ئاڵۆزاویەکەی زۆرگەورەترە لەو ناوەندیارە دەس کردەی ناو تاقیگا، بۆ ناشتنی خانە بەکار دێنرێت و لاسایی ئەوەی ناو لەش ئەکاتەوە، چونکە لەگەڵ ئەوەی پلازما و خۆێن ناوەندێکی ئۆرگانییان پێك هێناوە، هەمیشە بەهۆی بەرهەمی خواردەمەنی خانەکان رێك ئەخەنەوە هەمیشە کەڵك و پەیوەندیەکانیان بە هۆی سیەکان و گۆرچیلە و جگەر.. هتد، بەخۆراگری ئەمێننەوە، لەگەڵ ئەو هەموو رێکو پێکیەی ئەو ئامێزە گرنگانەی ناو لەش، هەندێ جار جۆرە گۆڕانکارێکی زۆرکەم و هێواش لە ناو تێکەڵەکان و چنراوەکانا روو ئەدات، بە هۆی پەیا بوونی جیاوازی لە نێوان نەشونما و رێژەی پلازما و خۆ راگری چالاکی کرداری تازە بوونەوەی پێست ئاشکرا ئەبێت . هەروەها ئەوگۆڕانکاریە یەك لە دوای یەکانە، ئەگاتە ناو پێکهاتەی کیمیاویە تێکەڵەکا ن و ئەبێتە هۆی زۆربونی پرۆتینی ناو پلازمای خۆین و رێك کردنی سیفاتەکانی، چونکە رۆن مادەیێکی پێویست و سەرەکیە بۆ پلازمای خۆین وکەڵکە تایبەتیەکانی لێ وەرئەگرێ بۆ دەسەڵات خستنە سەر چەند جۆرە خانەیێکی دیاریکراو و بەرگری کردن لە زوو زیاد (تکاثر) کردنیان، چونکە ئەم چەوریانە ئەبێ بە هۆی زیاد بوونی خانەکان و گۆڕانکاری سروشتیان لە کاتی ژیانیانا، وەگۆڕان لە پلازمای خوێنی ناوندیارا، بە هۆی زۆر بوونی مادەی چەوری یان کۆبۆنەوەی رۆن و پرۆتینەوە نیە ، بۆ نمونە: ئێمە ئەتوانین زوربەی خۆێنی سەگێ لابەرین و پلازما لە خڕۆکە سپیەکەی جیا کەینەوە و شیکراوەیێکی خۆی بکەینەوە شوێنەکەی، لە پاشا بە شرنقە ئەو خوێنە بە پرۆتین و چەوریەکانەوە بگێڕینەوە بۆ ناو لەشی ئاژەڵەکە، لە دوای کەمێ لە دوو حەفتە ئەبینین چنراوەکە بەبێ هیچ گۆڕانکارێك لە پێکهاتەکەیا، پلازماکە تازە ئەکاتەوە ، دۆخەکەی متمانە ئەکاتە سەر دۆخی چنراوەکە نەك سەر مادە نامو و زیان بەخشەکان.

ئەم بارودۆخە هەموو گەرانێکیش ئەگرێتەوە تەنانەت ئەگەر چەند جارێکیش پلازماکە لا ببرێت، چونکە بە گوێرەی ئەو تایبەتمەندیەی لە گەڵ تەمەنی ئاژەڵەکەدا ئەگونجێت، تازە ئەبێتەوە. بەم جۆرە دەرئەکەوێ کە دۆخی تێکەڵە لە قۆناغی پیریدا بە هۆی مادەکانی ناو لەشەوە تازە ئەبێتەوە، وەکوئەوەی کە ژێرخانی بێت قەت دوایی نەیـــێت.

چنراوەکانی لەشی مرۆڤ، لەو ماوە درێژەی ژیانیا توشی زۆر گۆڕانکاری گرنگ ئەبن، بۆ نمونە: ئاوی ناو لەشی بەرە بەرە و بە رێژەیێکی زۆر،کەم ئەکات، هەروەها زۆر لە مادە سەرەکیەکانی ژیان لە ناو لەشیا بەرە بەرە ئەمرێ، زۆربەی دەمارەکانی رەق و گرژ ئەبن و خۆێن بەرەکان توند ئەبنەوە، گەڕانی خۆێن هێواش ئەبێتەوە، مرۆڤەکە لە ژێر ئەم هەمو قورسایی و بێ هێزیەدا بە تەواوی ماندۆ ئەبێت. گۆڕانکاری گرنگ لە پێکهاتەی لووەکانا روو ئەدات،خانە ئەپسیلیەکان بەرە بەرە سیفاتەکانیان لە دەس ئەدەن، دەردراوەکانیان کەم ئەبێتەوە. ئەم گۆڕانکاریانە بە پێی قەبارەی ئەو ئەندامە جیاوازی تێدا هەیە،

چونکە هەندێ ئەندام زووتر لە ئەندامەکانی تر پیر ئەبن، بەڵام تا ئێستە هۆی ئەم دیاردەیە نەزانراوە، هەندێ ئۆرگان هۆکارە بۆ ئەم پیر بوونە ناوچەییانە، وەکو خۆێن بەرەکان، دڵ، مێشك، گۆرچیلە.. هتد، هەروەها پیر بوونی ئۆرگانێکی چنراوە، پێش ئەوانی تر، کارێکی زۆر مەترسیدارە، چونکە ئەگەر هەمو بەشەکانی لەش وەکو یەك و پێکەوە پیر بن، تەمەنی ئەو کەسە درێژتر ئەبێت، واتە ئەگەر هەمو تۆخمەکانی پێکەوە و بە یەك رێژە پیر ببن، تەمەنەکەی درێژتر ئەبێت، ئەگەر ماسولکەی قەبارەی لەش چالاك بێت، بەڵام جگەر و دڵ و خوێن بەرەکان توشی ماندووبون هاتبن، مەترسیدارە بۆ هەمولەش، ئۆرگانی بەهێز بە شێوەیێکی نائاسایی لە ناو لەشیکی پیرا زیانی زیاترە لە ئۆرگانی پیر لە ناو لەشی مرۆڤی گەنجا، هەروەها مانەوەی هەر ئامێرێك لە ئامێرەکانی لەش، لووی زاووزێ، یان ئامێری هەرس ، یان ماسولکە، لە دۆخی هێزی گەنجا، لە ناو لەشی مرۆڤی پیرا، زۆر مەترسیدارە بۆی ، ئاشکرایە نرخی وەختی ئۆرگانەکانی لەش وەك یەك نیە، ئەم جیاوازیە تەمەن کورت ئەکاتەوە ئەگەر یەکێ لە ئەندامەکانی لەش ناچارکرا بۆکارکردن زیاتر لە توانای خۆی، تەنانەت ئەوانەیش چنراوەکانیان بە هێزە، بە ماوەیێکی زوو پیری روی تێ ئەکات، چونکە هەر ئەندامێ زیاتر لە توانای خۆی ماندوو بکرێ، لە ئەندامەکانی تر زووترکۆن ئەبن و پەکی ئەکەوێ، و پیری ئەکا و بەرەو مردن ئەبات.

ئیمە ئەزانین کاتی فەسیۆلۆجی هەروەکوکاتی سروشتی بوون نیە،کاتی سروشتی بریتیە لە پێکهاتەی کاژمێرو یاسای رۆژی شمسی)، هەروەها کاتی فەسیۆلۆجیش بریتیە لە پێکهاتەی چنراوە و تێکەڵەکان و هاوبەشی پەیوەندیەکانیان. تایبەتمەندی تەمەن بریتیە لە تایبەتمەندیەکانی کرداری پێکهاتە و ئەنجامدانێکی دیاریکراوی جۆرێ لە پێکهاتەی لەش. درێژی تەمەن بە هۆی ئەو ئامێرانەوەیە مرۆڤ لە شوێنەوار جیا ئەکاتەوە و هێزی تایبەتی پێ ئەبەخشێ، هەروەها بەهۆی ئەو نەختە خۆێنە و ئەو چالاکیانەوەیە، هەڵئەسن بە پاککردنەوەی تێکەڵەکان، ئەگەرچی ئەم ئامێرانە ناتوانن بەرگری بکەن لە هەندێ زنجیرە گۆرانکاری لە ناو پلازما و چنراوەکانا، چونکە چنراوە بە تەواوی لەو تڵپەیە پاك نیە بەهۆی گەڕانی خوێنەوە دروست ئەبێ، هەروەها لەوانەیە چنراوەکانیش خواردەمەنی تەواو وەر نەگرن.

ئەگەر قەبارەی ناوەندیاری ئۆرگان زۆرگەورە بێ و فرێدانی پاشماوەکان بە شێوەیێکی تەواو و رێك و پێك بەرێوە بچێت، دوور نیە ئادەمیزاد ماوەیێکی زیاتر بژی، بەڵام لەشی ئیمەی ئێستە لەم بارودۆخەدا زۆر بەربڵاوو شل و بێ هێزە، هەروەکو ئاژەڵە گەورەکانی پێش مێژووی ئێ هاتووە و هەر ئەوەندەمان زانی بە تەواوی لەو چالاکی و خێرایی و هونەرەی ئێستە هەمانە، ناهومێد بوین.

کات (زمن)ی سایکۆلۆجی هەروەکو کاتی فەسیۆلۆجی بریتیە لە یەك وێنە لە ئیمە، لەگەڵ سروشتێکی نادیار (مجهول) وەکو سروشتی بیرکردنەوە، بیرکردنەوەش بەر پرسیارە لە تێگەیشتنمان لە بارەی تێپەڕ بوونی کات، بەڵام سایکۆلۆجی لە هەندێ مادەی تر پێك دێ.

کەسایەتی لە چەند بەشێ لە بیرەوەری پێك دێ. هەروەها پێك دێ لەو کاریگەریەی لە سەر لەشمان کۆ ئەبێتەوە، کە بە هۆی جۆرەها رووداوی سروشتی و کیمیاوی و فەسیۆلۆجی یان سایکۆلۆجی لە ژیانمانا روو ئەدات. ئیمە بە بێ ئەوەی بە خۆمان بزانین، هەست بە تێپەڕ بوونی وەخت ئەکەین، ئەتوانین ئەم تەمەنە بە گوێرەی کورتەی رێزمانە سروشتیەکان بەراوەرد بکەین لە کاتێکدا هەست بەرۆیشتنەکەی ئەکەین، هەر وەکو توخمە دەماریەکان و توخمە ماسولکەییەکانیش هەستی پێ ئەکەن.

هەمو جۆرە خانەیێك بە شێوەیێکی تایبەتی خۆی، کاتی سروشتی تۆمار ئەکات، رەنگە بەراورد کردنی کات لە لایەن چنراوەوە بگاتە هەست، ئەویش بەر پرسیار ئەبێ لە هەستە

دیاریکراوەکەی ناو قوڵایی دەروونمان، خاوەنی رویشتنی ئاوێکی روون و بێ دەنگە و هەڵگری دۆخە هەستەکانمانە، وەك پزیشکە ئاگرێکی رونـاك وایە بە سەر روی روبارێکی پان و تاریکەوە.

ئەزانین ئێمە گۆڕانکاریمان بە سەرا دێت، ئێمە وەکوکەسایەتیەکەی زەمانی پێشوی ئێستەی خۆمان نابین، بەڵام هەر هەمان کەسین. ئەو ماوە نێوانیەی لێوەی سەیری دواوە ئەکەین، بۆ ئەوەی کاتی منالّی خۆمان بەدی بکەین، خۆی لە راستیدا بریتیە لە دووری لەش وئەو هەستەی بە دووری فراوانی بەراورد ئەکەین، بەڵام ئێمە هیچ شتێ لە دووری ئەوکاتە ناوەکیە نازانین، مەگەر ئەو کاتەی ئەو، لە یاسای ژیانی ئۆرگانی ئازاد بێ، یان ئازاد نەبێ. تا بکەوینە تەمەنەوە زیاترو خێراتر ئەجوڵێین.

باسی پێنجەم

گەورەترین هیوای ئادەمیزاد ئەوەیە تەمەتێکی گەنجی هەتاهەتایی وەدەس بێنێ. لە زەمانی (مارلین)ەوە تا زەمانی (گالیۆستڕۆ و براون سیکوارد و فۆرۆنۆف) هەوڵی هەمان مەبەس دراوە، بەڵام هەمیشە سەر نەکەوتن بەشیان بووە، کەسیان ئەو نەێنیە گەورەیان نەدۆزیەوە، لە گەڵ ئەوەیشا هەڵپەو پیویستیمان بۆ زانینی ئەو نەێنیە رۆژ بە رۆژ زیاد ئەکات، شارستانیەتی تازە زانیاری جیهانی روحی دۆزیەوە، دەوڵەتی مادە دەرگاکەی بۆ ئادەمیزاد کردەوە و پێویستە پارێزگاری ڕاگرتنی لەش و ئەقڵی کۆمەڵگا بکات، چونکە تەنها هێزی گەنج پشتی ئەگرێ بۆ تێر بوون لە شەهەواتی فەسیۆلۆجی و دەستەڵات گرتن بە سەر جیهانی فیزیقیدا، بە هەر جۆر ئێمە بە گەیشتن بە هەندێ لە خەون و هیواکانی باوو باپیرانمان هەندێ سەرکەوتنمان وەدەس هێنا، ئێستە ئێمە لەوان گەنج تر، یان لاسایی گەنج ئەکەینەوە، بەڵام بە داخەوە بۆ درێژکردنی تەمەن سەرکەوتوو نین.

مرۆڤ لە تەمەنی چل و پێنج ساڵیدا ئەو هەڵەی بۆ نەڕەخسا، هەوڵ بدا تا تەمەنی هەشتا ساڵی بژی، وەکو باوو باپیرانمان لە سەدەی رابوردودا ئەو هەڵەیان وەدەس هێنا. سەرنەکەوتنی زانیاری تەندروستی و پزیشکی، سەرنج راکێشەرێکی زۆر سەیرە، چونکە لە گەڵ ئەوەمو پێش کەوتنەی وەدەستمان هێناوە لە بواری خزمەتگوزاری مادی، وەکو ساردی وگەرمی و فێنکی و روناکی ماڵەکان و زانیاری خواردەمەنی وگەرماوی جۆراوجۆر و وەرزش و پشکنینی پزیشکی ساڵانە، و زۆری ژمارەی پزیشك و پسپۆڕ لە هەموبوارێکا، بەڵام نەیانتوانی تەمەنی ئادەمیزاد یەك رۆژ زیادبکەن، ئایا تۆ بڵێی ئەو هەمو زانا تەندروستیانە وکیمیاویانە و پزیشکانە، هەر هەمویان تێکڕا لە بارەی ڕێك خستنی یاسای ژیانی کۆمەڵگاوە لە سەر ڕێگایێکی هەڵە بڕۆن؟؟

ئەو ژیانە تازەیە و ئەو ڕەوشتانەی ژیانی تازە سەپاندویەتی بە سەرکۆمەڵگادا، لەوانەیە لە گەڵ یاساکانی سروشتا نەگونجێت، چونکە شێوەیێکی سەیر لە دەم و چاوی ژنان و پیاوانا پەیا بوە،

ئەگەرچی خەڵك بەگشتی ئەبێ لە جاران زیاتر بەختەوەر بێت، بە هۆی زانیاری تەندروستی و وەرزش و یاسای خواردن و پیشانگا جوانکاریەکان و ئەو چالاکیە سەرەکیانەی کە بە هۆی تەلەفۆن و ئۆتۆمبێل لە بەردەستی خەڵکایە، کەچی زۆر سەیرە، ئەو ئافرەتەی لە تەمەن پەنجا ساڵیدایە، ئێستە بە کچێکی بچکۆلە دێتە پێش چاو، لە گەڵ ئەوەیشا پێشکەوتنی سەدە لە جیاتی سکەی ئاڵتون پارەی قەڵب دابەش ئەکات.

کاتێ ئەو دەم و چاوە نەرم و جوانەی خانمەکان دێتە پێش چاو کە پێستەکەی لە لایەن نەشتەرگەری جوانکاریەوە راکێشراوە و نەرم و جوان کراوە، بەڵام شکی تیا نیە، جارێکی تر چرچ و لۆچ ئەبێتەوە و پەنا ئەبەنەوە بەر چارە سەری سروشتی و شێلان و رووپۆشی دەرمانات (قناع) بەڵام ئەوەش چاری ئەو هەمو چەوری و مادانە ناکات لە ژێر پێستی دەم و چاویانا کۆ ئەبێتەوە، دەم و چاوە جوانەکەی پێش ماوەیی کە وەکو دەم و چاوی کچێکی منداڵ ئەدرەوشایەوە، ئێستە و بە هۆی ئەو هەمو کردگارەوە لە دەم و چاوی خۆیا ئەنجامی داوە، لە دەم و چاوی نەنکە گەورەیشی چرچ و لۆچ تر ە. ئەو پیاوە بە تەمەنە فشەکەرانەی لاسایی گەنجێ ئەکەنەوە، یاری تەنس ئەکەن و ئەچن بۆ دیسکۆ و لاسایی تەمەن بیست ساڵەیێ ئەکەنەوە، ژنەکانیان کە لە تەمەنان، بەجێیان ئێڵن، کچێکی منداڵ کار بە پارە هەڵئەخڵەتێنن و مارەی ئەکەن، ئەوانە توشی ئەقڵ سوکی و نەخۆشی دەروون هاتوون، ئەوەندە ناخایێنێ توشی نەخۆشی دڵ وگۆرچیلە ئەبن، زۆریان لە پڕ لە ناو جێگاکەیان، یا شوێنێکی تر وەکو قاعەی گۆڵف ، دڵیان ئەوەستێ. باوو باپیرانیان هەر لەو تەمەنەدا بە دەستێکی پۆڵاینەوە زەوییان هەڵئەگێڕایەوە و ئەیان کێڵا.

هۆی هەرەس هێنانی ژیانی تازە تا ئێستە بە تەواوی نەزانراوە، وەکو خۆیان ئەڵێن هۆکەی لە بەر ئەم دیاردە رۆخێنەرانەیە، کە هەندێکیان باسکرا، ئێمە ناتوانین لۆمەی زانا تەندروستیەکان، یان پزیشکەکەن بکەین، دوور نیە ئەم نەگبەتیەی کە خەڵکانی سەدەی تازەی گرتوەتەوە، هۆکەی نەبونی پاراستنی ئابوری یان ماندویەتی کارکردن یان نەمانی یاسای وێژەیی و هەمو جۆرە خراپەکاریەکانی تر نەبێت.

زانیارمان لە بارەی کردگارەکانی کاتی فەسیلۆجی، زانیارێکی باشە، ئەتوانین کێشەی درێژی تەمەن شیی بکەینەوە، بەڵام زانیاری ئادەمیزاد هێشتا سەرەتایە وکەڵکی تەواوی نیە،

ئێمە پێویستە دڵنیابین لە بەکار هێنانی تاقیکردنەوەی تەواو، بۆ ئەوەی بتوانین لە هەندێ ولاتی جیهانا تەمەن درێژ بکەینەو، هەندێ کەس تەمەنیان لە سەد ساڵ تێپەڕ بووە، ئەم دیاردەیە ئەگەرێتەوە بۆ کاریگەریەتی کات (زمن)، لە گەڵ ئەوەشا، شیکردنەوەی دەراسەی فەسیۆلۆجی ئەوکەسە بە تەمەنانە تا ئێستە نەگەیشتوەتە ئەنجامێکی کردەیی.

بەڵام ئەوەی ئاشکرایە درێژی تەمەن هەندێ کەس میراتێکی سکماکیە، بێجگە لەوە هەندێکی تریش پەیوەندی هەیە بە بارودۆخی نەشونماوە، هەروەها کاتی هەندێ لەوانەی بنەماڵەکانیان بەگشتی تەمەن درێژن، دێن ولە شارەگەورەکانا جێ نشین ئەبن و لە گەڵ کەش و هەوای شارستانیەتی تازە تێکەڵ ئەبن، لە دوای وەچەیێك یان دوو وەچە، بەهرەی تەمەن درێژی لەدەس ئەدەن. لەوانەیە دەراسەی ئاژەڵی وەچە پاك، ئەوانەی ناوبانگیان دەرکردووە و بەوە بە ناوبانگن وەچەکانی پێشویان بە هێز و خاوەنی پێکهاتەی لەشێکی پتەوبووبن، ئەمە ئەو ئەسەلێنێ کە تا چەندە شوێنەوار، ماوەی ژیان زیاد ئەکات، هەروەها شێوە تاقیکردنەوەیێکی تریش لە چەند جنسێ لە جۆرە مشکێکی تایبەتی،کە بۆ ماوەی چەند نەوەیێك خۆشك و برای ئەو مشکانەیان لە گەڵ یەك جوت کردووە، تەمەن درێژییان بە تەواوی تێدا جێگیر بووە، لە گەڵ ئەوەشا ئەگەر ئێمە ئەو ئاژەڵانە، لە جیاتی ئەوەی بیانخەینە ناو قەفەس، کردمانە ناوکولانەیێکی زۆرگەورە و لە شێوەیێکی بەرەڵاییدا رێگای ئەوەیان بدرێتی زەوی هەڵکەنن و بگەڕێنەوە بۆ ژیانەکەی پێشویان، بێشك لە تەمەنێکی کورتا ئەمرن و درێژی تەمەن لە دەس ئەدەن. هەروەها زاناکان بۆیان دەرکەوتووە، بە لابردنی هەندێ مادەی دیاریکراو لە ناو خواردنا، درێژی تەمەن کەم ئەبێتەوە، هەروەها بە پێچەوانەوە، بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی ئاژەڵ، هەندێ خواردەمەنی دیاریکراو دەرخواردی ئەو ئاژەڵانە ئەدرێ، یان ئەگەر ناچاری کەن، وەکو رۆژووگرتن بۆ چەند جارێکی دیاری کراوو بۆ چەند وەچەیێك هیچ نەخوات، ئەبێتە هۆی درێژی تەمەنی ئەو ئاژەڵە.

ئاشکرایە هەندێ گۆڕانکاری ئاسایی لە ژیانا ئەبێتە هۆی درێژی ژیان، بێجگە لەوە زۆر هەڵی تر لە ژیانا هەڵئەکەوێ بۆ درێژ کردنی تەمەن، یەکێ لەوانە کە لە هەمویان راست تر و ئازمودە تر، یۆگا کردن و پرۆژەی هەناسەیە (پرانایاما).

هەروەها پێویستە خۆمان نەدەین بەدەست پرۆپاغەندەی پزیشکەکانەوە بۆ بەکار هێنانی ئەو دەرمانانەی گۆیا تەمەن درێژ ئەکات.

دڕێژکردنی تەمەن، هیوایێکی خۆشە بۆگەنج، نەك بۆ تەمەنی مرۆڤی پیر، دڕێژکردنەوەی تەمەنی پیر بەڵایێکی گەورەیە، چونکە قورسایی ئەخەنە سەر خێزانەکانیان و سەرکۆمەڵگا و هیچ کەلکیشیان نیە، ئەگەر تەمەن بگاتە سەد ساڵ،گەنجەکانی کۆمەڵگا توانای هەڵگرتن و بە خێوکردنی ئەو هەمو پیرانەیان نابێت. پێش ئەوەی ئێمە بیر لە دڕێژکردنەوەی تەمەن بکەینەوە، ئەبێ هەوڵ بدەین هۆکاری بدۆزینەوە پارێزگاری چالاکی ئۆرگانی و ئەقڵی مرۆڤ بکەین، بە مەرجێ ڕێژەی کەم ئەندامان و شێت وکەم فام زۆر زیاد نەبێت، لە گەڵ ئەوەشا ئەگەر ئێمە لەو پڕۆسەدا سەر کەوتین، راست نیە ئەگەر تەمەنی هەموکەس درێژ کەینەوە، چونکە زیاد بوونی خەڵك لە هەمو جۆرێ، مەترسیەکەی ئاشکرایە، باشە؟ بۆ چی تەمەنی درێژ بدەین بە کەسانی بەدبەخت، یان خۆپەرست یان بێ کەڵك؟ پێویستە ژمارەی پیرەکان زیاد نەبێ، تا بتوانین بەرگری بکەین لە داهێزرانی ئەقڵی و وێژەیی و نەخۆشی پیری درێژ خایەن.

باسی شەشەم

ئەگەر ئێمە بتوانین بەهەر شێوەیەك بێت، تازە کردنەوەی گەنجیی لە یەکێکا دروست بکەین، خاوەنی ڕەوشتی فەسیۆلۆجی و ئەقڵی تەواو بێ، ئەوە زۆرکەڵك بەخشە، ئێمە ئەتوانین تازە کردنەوەی گەنجێ بە هۆی یەکێ لە نەشتەرگەریەکانەوە دابنێین بەتازەکردنەوەیێکی تەواوی کات (زمن)ی ناوەکی، چونکە ئەوکەســـە ئەگەڕێتەوە بۆ قۆناغەکانی زیانی پێشووی ئەو دۆخە، ئەوکەسە بەشێك لەدووری چوارەم (بعد الرابع) ئەبڕێت کە پێچەوانەی ناتەواوی ژیانەکەیە (عکس غیرکامل للحیاة) بۆ مەبەسی نەشتەرگەریەکە. ئەبێ کاتی سابکۆلۆجی نەگۆردرێ، هەروەها پێویستە پارێزگاری مانەوەی هۆش و بیر بکرێ و پێوبستە چنراوەکان و تیکەڵەکانی ناو لەشیش گەنج بکرێنەوە. ئەو کاتە بە هۆی ئۆرگانەکانی هێزی گەنجی، مرۆڤ ئەتوانی ئەو تاق کردنەوانەی لە درێژایی تەمەنیا وەدەسی هێناوە، ئەنجامی بدا.

وشەی تازە کردنەوەی گەنجی لە سەرروناکی ئەو نەشتەرگەریانەی زانایانی بەرز(شیناخ و فۆرۆنۆف) و چەند زانایێکی تر ئەنجامیان دا، ئاماژە بەوە ئەکات ئەوکەسە تەندروستیێکی تەواوی تێدا پەیا ئەبێتەوە و هەست بە هێز و چالاکیێکی زۆر ئەکات، لە گەڵ تازە بوونەوەی چالاکی جنسی، بەڵام ئەنجام دانی ئەم گۆڕانکاریانە لە لەشی مرۆڤی زۆر پیرا، ئەوە ناگەیێنێ چارەکردنەکە تەواوە، چونکە دەراسە کردنی پێکهاتە کیمیاویەکانی پلازمای خوێن و کار لێکردنەکانی (تفاعلات) فەسیۆلۆجی، هۆی سەرەکین بۆ دەرخستنی هەڵگەڕانەوەی تەمەنی فەسیۆلۆجی، و زیاد کردنی هەمیشەیی لە ڕێژەی پلازمای خوێنا، کە ڕاستی دەرئەنجامی زانا نەشتەرگەریەکان ئەسەلمێنێ، چونکە تازە کردنەوەی گەنجی هاوسەنگە لە گەڵ گۆڕانکاری و ڕێك خستنەوەی فەسیۆلۆجی وکیمیاویێکی دیاری کراوکە لە ناو پلازمای خوێنا ڕوبدات وئامادە بێ بۆ بەراورد کردنی بە جۆرێکی زانیاری، لە گەڵ ئەوەیشا نەبونی ئەو کردارانە ئەوە ناگەیێنێ تەمەنی مرۆڤ ناگۆردرێ، چونکە هونەرەکانمان هێشتا دووڕە لە سەرکەوتویی تەواو و

جارێ ناتوانێ بە لانی کەمەوە تا چەند ساڵێکی تر، هەڵگەڕانەوەی کاتی فەسیۆلۆجی لە لەشی پیرا بدۆزێتەوە.

ئەگەر سەگێکی تەمەن چواردە ساڵ بگێڕینەوە بۆ دە ساڵان،گۆڕانکاری لە نەشۆنمای رێژەی پلازمای خوێنا نابینرێت.

لە ناو ئەو بۆچونە هەڵە پزیشکیەی زەمانی زوو، بۆ گێڕانەوەی گەنجی لە مرۆڤی پیرا، ئەو بۆچونە سەیرە بوو، خوێنی مرۆڤی گەنج بکەنە ناو لەشی پیرەوە، گۆیا بەوە ئەتی بەخاوەنی هێزی گەنجێکی بە توانا، لە سەر ئەوە دکتۆرەکان خوێنی سێ گەنجیان کردە ناو لەشی پاپا (ئینوسنت)ی هەشتەم، بەڵام لە دوای ئەم نەشتەرگەریە، ژیانی لە دەس دا.

لە سەر هەمان تاقیکردنەوە و بە هیوای ئەوەی ئەگەر خوێنی گەنج بکرێتە ناو دەمارەکانی پیرەوە، لەوانەیە گۆڕانکارێکی باش ڕوو بدات، سەیر ئەوەیە ئەم جۆرە کارە جارێکی تر دوپات نەکرایەوە، ڕەنگە پشت گوێ خستنی ئەم نەشتەرگەریە، هۆیەکەی بگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستیەی کە پزیشکەکان گرنگێکی تەواو ئەدەن بە لووی ئەندوکرین، چونکە کاتێ (براون سیکوارت) شرنقەێکی پاڵاوتەی گونی تازەی لە خۆی دا باوەڕی پەیاکرد، گەنجیەتی گەرایەوە ناو لەشی، ئەم دۆزراوەیە بو بەهۆی ناوبانگێکی گەورە، لەگەڵ بڕواکردن بەوەی هێلکە گون سەرچاوەیە بۆئەو مەبەسە.

لە سەر ئەو بیرو باوەڕە تاق کردنەوە هەر درێژەی کێشا بۆ ئەنجامدانی گێڕانەوەی گەنجی، بەڵام لە دوای ماوەێکی کەم، براون سیکوارت ژیانی لە دەستدا.

هەروەها (شیناخ) ناوێ بە قسەی خۆی سەلماندی بەستنی دەماری گون(خەساندن) لووی ئەندوکرین بە هێز ئەکا بە مەبەسی ئەوکارە نەشتەرگەری بۆ زۆر مرۆڤی پیر ئەنجام دا، بەڵام دەرئەنجامەکەی دوو دڵی تێدا بوو، دوای ماوەێك هەمدیسان (فۆرۆنۆف) دەستی کردەوە بە تاقیکردنەوەکانی (براۆن سکوارت)و پەرەی پێدا، لە جیاتی بەکار هێنانی شرنقەی پاڵاوتەی گونی ئادەمیزاد، شرنقەی گونی مەیمون جۆری شەمپازی بە کار ئەهێنا بۆ ئەوانەی زووتر لە پێش کاتی خۆیانا پیر ئەبوون، ئەوچارەکردنە بە شێوەێکی گشتی ئەبو بە هۆی چاك بوونەوەی نەخۆشی و بە هێز بونی کرداری جنسی ئەوکەسانە. بەڵام مادەی گونی مەیمۆن زۆر لە ناو لەشی مرۆڤا ناژی، ئەگەرچی لە کاتێکا ئەو مادە دانەبەزێتە ناو خوێن، هەندێ دەردراوەی دیاریکراو ئەرژێنێتە ناو لەشی ئەوکەسەوە، کاریگەری ئەو مادانە لەکاتی تێپەڕ بوون بە ناوخوێنا تا

ماوەیەك لووی جنسی و لووی ئەندوکرین وهەندێکی تریش چالاك ئەکات، بەڵام ئەم نەشتەرگەریانە ئەنجامی هەمیشەییان نیە، چونکە وەکو ئەزانین هۆکاری پیر بونی تەمەن، گۆڕانکارێکی گەورە لە هەمو چنراوە و تێکەڵەکانا دروست ئەکەن و ئەبنە هۆی ئەوەی تەنیا یەك لووکەمێ کاریگەر بێ، بەڵام لووەکانی تر هەر هەموی لەکار ئەکەون، با ئەوەش بزانین لووی جنسی نابێتە هۆی پیری، بەڵکو یەکێکە لە دەرئەنجامەکانی.

ئەگەر چی شیتناخ و لافۆرۆنۆف هیچ کامێکیان راستی تازە بونەوەی گەنجیان نەدی، بەڵام سەر نەکەوتنەکەیان ئەوە ناگەیێنێ تازە بونەوەی گەنجی هەتاهەتا سەر ناکەوێ.

ئێمە لەو باوەڕەداین رۆژێ دێ، بتوانین بەشێ لە کاتی فەسیۆلۆجی ئاوەژوو کەینەوە.

وەکو وتمان "تەمەن" بریتیە لە کرداری پێکهاتە وکردگاری دیاریکراو، تەمەنی راستی ئەکەوێتە سەر گۆڕانکاریە یەك لە دوای یەکەکانی ناو چنراوەکان و تێکەڵەکان، تێکەڵە و چنراوەکانیش بریتین لە یەك ئامێر.

ئەگەر لووەکانی منااڵیکی ساوا و خوێنی گەنجێکی منااڵکار درا بە پیر، لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ گەنجیەتیەکەی خۆی، بەڵام هێشتا زۆر قۆرت و چەڵەمەی تێدا ئەمێنێ کە پێویستە چاری بکرێ، ئەنجامدانی ئەم جۆرە نەشتەرگەریە پێویستی بە هۆکاری هەیە بۆ هەڵبژاردنی ئەندامێ کە بەکەڵکی کەسێکی دیاریکراو بێت، بەڵام تا ئێستە، یاساێکی وا لە ئارادا نیە، چنراوە بخاتە شێوەیێك بە پێی ئەو ئامێرە تازەی دانراوە یارمەتیدەر بێ وکاری خۆ تازە کردنەوە ئەنجام بدا. لە گەڵ ئەوەشا و لەم کاتەدا زانیاری زۆر بە خێرایی لە پێشکەوتنایە، پێویستە بە هۆی ئەو هۆکارانەی ئێستە هەیە و ئەوەی بۆ ئەم بابەتە ئەشێ، بەردەوام بین

لە گەران بە دوای ئەو ڤێنیە گەورەیەدا،

ئادەمیزاد بۆگەڕان بە دوای هەتا هەتایی دا (خلود) زۆر ماندووە، بەڵام هێشتا تا ئێستە وەدەسی نەهێناوە، چۆنکە پەیوەستە بە یاساێکی دیاریکراوی پێکهاتەی ئۆرگانیەوە، بێشك لە دواییدا هەر سەرئەکەوێ و لەوانەیشە سەر کەوتنەکەی لە دڵی خۆیا بێ و هەر بە ئەندێشە بێر لەو بابەتە بکاتەوە، چونکە تا ئێستە کاتی فەسیۆلۆجی هەر رەقە و نەرم نەبووە.

ئادەمیزاد بە هیچ جۆرێ ناتوانێ بە سەر مردنا زاڵ بێ، چونکە مردن ئەو نرخەیە ئەبێ ئادەمیزاد بیدا بە ئەقڵی خۆی و بەکەسایەتی خۆی، بەڵام رۆژێ لە رۆژان زانیاری پزیشکی ئادەمیزاد فێرئەکات. لەشی ئادەمـــیزادی بە تەمەن دورلە نەخۆشی بەدەن و روحی، ئاسایە و

مەترسی تیا نیە، لەبەرئەوەی زوربەی خەم و ناخۆشی بە هۆی دەرد و نەخۆشیەوەیە، بە هۆی پیریەوە نیە.

گرنگی کاتی سروشتی مادی ئادەمی بەسڕاوە بە سروشتی کاتی ناوەکیەوە، هەروەکو لەوە پێش باسمان کرد،کاتی فەسیۆلۆجی بریتیە لە هەڵقوڵان و تێ رژانی بێگەڕانەوەی ناو چنراوە و تێکەڵەکان، ئەتوانین بەراوردی ئەوە بکەین بەوەی ئەوانە بریتین لە چەند هێزێکی تایبەتی و هەر هێزە بەرپرسیارە لە کارێکی تایبەتی لە ناو پلازمای خوێنا، هەر هەمویشیان متمانەیان لە سەر پێکهاتەی لەش و لە سەرکارەکانی ئەو فەسیۆلۆجیەیە کە بەسڕاوە بەم جۆرە پێکهاتەوە، ئەویش بەرانبەر بە هەمو جۆرێك و هەمو کەسێ سنوردارە، واتە هەر کەسەو بە گوێرەی تەمەنی خۆی.

باسی حەوتەم

بەگشتی، بەکاتی فەسیۆلۆجی ئەڵێن کاتی مادی، واتە بەگوێرەی کاتی کاژمێر لێك ئەدرێتەوە، چونکە ئێمە بەشێکین لە جیهانی مادی، قوناخە سروشتیەکانی ژیانمان بە رۆژ و ساڵ پێوانە ئەکرێ و ئەژمێردرێ.

منالّی و گەنجیمان ئەگاتە هەژدە ساڵی، ئینجا مرۆڤ و پیری ماوەیێکە لە نێوان پەنجا ساڵ تا شەست و پێنج ساڵ، بەو جۆرە تەمەنی ئادەمیزاد بریتیە لە ماوەیێکی کورتی نەشونما و ماوەیێکی تێز تێپەڕ، بۆتەواو بوون و داهێزران بە پێچەوانەوە ئەگەر کاتی مادی بگەڕێتەوە بۆ کاتی فەسیۆلۆجی و ژمارەکردنەکەی لە جیاتی کاژمێر بە گوێرەی رێزمانی تەمەنی ئادەمی ژمارە بکرێ، لەمەدا دیاردەیێکی سەیر رِوئەدات، نرخی کاتی مادی لێ کەم ئەبێتەوە و ئەوەی ئەمێنێتەوە بریتیە لە یەکەکانی (وحدات)کاتی فەسیۆلۆجی کە شایەنی گۆڕانە و جیاوازە لەگەڵ هەمو کەسێك و هەموو قۆناغێ لە ژیانی تاکە کەسیدا.

مرۆڤ باش ئەزانێ کەم و زۆری ژیانەکەی پەیوەندی هەیە بە کاتی (زمن) مادی و هەمیشە لە ژیانیا دووبات ئەبێتەوە، قوناغی رۆیشتنی تەمەنی منالّی زۆرهێواش ئەنوێنێ، و قوناغی پیاوەتی و پیری خێراتر تێپەڕ ئەبێ، بە جۆرێ مرۆڤ سەرسام ئەبێت. ئێمە کەم هەستی پێ ئەکەین، چونکە بەپێ ئەوەی بە خۆمان بزانین کاتی مادی لە چوارچێوەی تەمەنی فەسیۆلۆجیمانا دائەنێین، لەم دۆخەدا ئاسایە کە بەو جۆرە بێتە پێش چاو وکاتی مادی پێچەوانەی کاتی فەسیۆلۆجیە.

یاسای تەمەنمان هەمیشە لە هێواش بوونەوەدایە کاتی مادی بە خێرایی بۆ پێشەوە ئەروات و وەکو چەمێك وایە بە ناو شیوێکی لێژا تێپەڕ بێت، ئادەمیزادیش لە سەرەتای ژیانیەوە بە خێرایی بە سەر قەراخی ئەو ئاوەدا، بە پێی تێژی ئاوەکە را ئەکات، لە سەرەتادا خێراییەکەی لە تێژی ئاوەکە زیاترە، گەیشتە نیوەڕۆ هەنگاوەکانی هێواشتر ئەبێتەوە و لە گەڵ خێرایی ئاوەکە وەکو یەکی لێ دێت.کاتێ شەو داهات، مرۆڤەکە ماندوو ئەبێت وخێرایی ئاوەکە زیاتر ئەکا مرۆڤەکە بەجێ ئەمێنێ، ئەوەندەی پێ ناچێ ئەوکەسە بە تەواوی رائەوەستێ و ئینجا بە یەکجاری ئەکەوێ.

بەڵام ئاوەکە لە رۆیشتنەکەی خۆیا هەر بەردەوامە، بێ ئەوەی هیچ رێگرێ بێتە بەر دەمی. لە راستیدا ئەو ئاوە خیراییەکەی زیادی نەکرد، بەڵام هێواش بونەوەی جار لە دوای جاری هەنگاوەکانی خۆمان وای دێنێتە پێش چاوی ئەندێشەمان، هەر بەو جۆرەش خێرایی لە بەشی یەکەمی ژیانمانا و هێواشی لە بەشی دواییدا، ئەمان بات بۆ ئەو راستیە ناسراوەی ئەڵێت: "ساڵ بریتیە لە بەشە رابوردووەکان جیاوازێکی زۆری هەیە بۆ منداڵ و بۆ پیر " و لەوانەیە هەستمان لە بارەی فەسێۆلۆجی، سوسەی هێواشی کاتەکەمان ئەکات هەمو یەکێ لە ئێمە بە سەر کەناری ئاوەکەدا لە راکردنایە و سەیری ئاوی کات (زمن) ئەکات کە بە گوڕڕ ئەروات.

نرخی سەرەتای رۆژانی منداڵی زۆرگرنگە، پێویستە هەمو ساتەکانی ژیانی بۆ فێرکردن تەرخان بکرێت، چونکە لە کیس چونەکەی قەرەبو ناکرێتەوە، پێویستە دەراسەیێکی روناك بیرانە پێشکەش بە منداڵ بکرێ و پشت گوێ نەخرێت و وازیان لێ نەهێنن وەکو ئاژەڵی بچوك و دڕەخت نەشونما بکەن، بەڵام ئەو دەراسەیە پێویستە لە گەڵ فەسێۆلۆجی و سایکۆلۆجیدا رێك بخرێت، ئەم شێوەیە تا ئێستە بە خزمەت مامۆستاکانی سەدەی تازە نەگەیشتووە، یان بەرنامەی لەو جۆرەیان بۆ هەڵنەکەوتوە، یان نەیان زانیوە.

بەڵام دوا ساڵەکانی پیاوە گەورە و بەساڵا چووەکان تەنها گرنگی فەسێۆلۆجیێکی ئاسایی لە خۆ ئەگرێ،

کە بەتاڵە لە گۆڕانگاری ئۆرگانی و ئەقڵیەوە، پێویستە ئەو بۆشاییە تەمەنیە بە چالاکی کارکردن پڕ بکرێتەوە، لە بەر ئەوە پێویستە لە سەر مرۆڤ بە ساڵا چوو لە ئیش کردن رانەوەستێ، هەروەها هەر بە ئارەزو خانەنشین نەکرێ، چونکە نەبونی چالاکی بۆشاییەکەی فراوانتر ئەکا مەترسی لە سەر مرۆڤی بە تەمەن زیاترە تا وەکو مرۆڤی گەنج، بوشایی لەو تەمەنەدا کاری پێچەوانە ئەکاتە سەر باری دەروونییان، پێویستە لە سەر بەرپرسیارانی کۆمەڵناسی ئیش وکاری گۆنجاو بۆ ئەو کەسانە دابین کەن تا دانیشتنی زۆر ئەوەندەی تر پەکیان نەخات، لەم قۆناغەدا بە گوێرەی باری فەسێۆلۆجی لە گەڵیانا هەڵس و کەوت بکرێ.

وا باشە، ئەو تەمەن درێژانە توشی هەرکێشەیێك هاتن، بخرێتە ژێر پەردەیێکی سایکۆلۆجییەوە، بۆ نمونە: /بە ویستی خوای دانێن / ئەگەر رۆژەکانی ژیانمان پڕ بوو لە کرداری ئەقڵی و روحی، هەمیشە روداوەکانی دێتەوە بەر چاومان و یادی ئەکەینەوە، لە گەڵ یادە خۆشەکانی رۆژانی گەنجیمان.

باسی هەشتەم

تەمەن بە شێوەیێکی قوۆڵ وەکو شێوە و مەڕمەڕی پەیکەر بـــە نـــادەمیزادەوە پەیوەســـتە، ئادەمیزاد روداوەکانی ئەم جیهانە ئەخاتەوە سەرخۆی، ئادەمیزاد بە درێژایی تەمەن بەیەکەیێکـــی کاتی (وحدة زمنية) دائەنرێ بۆ بەراووردکردن و ژمارەی تەمـــەن ســـەر زەوی و رەگـــەزی ئادەمیزاد و شارستانیەت و درێژی ماوەی ئەوکارانەی ئەنجامی ئەدات. بەڵام بـــەهیچ جـــۆری تاکە کەس و کۆمەڵگا پێکەوە لە کێشێکی کاتیدا کۆ ناکرێنەوە و نابێ بەو چـــاوەی ســـەیری کێشەی کۆمەڵی پێ ئەکەن، هەر بە هەمان چاو سەیری کێشەی تاکە کەسی پێ بکرێت، چونکە چارە کردنی کاتێ تێ بینی و تاق کردنەوەکانمان بە شێوەیێکی گشتی سست، بڕوات کێشەکانمان دوا ئەکەوێ، ئاساییە، ئەگەر زۆریش لامان گرنگ نەبێ، بەڵام دەرئەنجامی رووداوی رێك خستن لە بارودۆخی مادی و ئەقڵی ژیانی کۆمەڵێ لە کۆمەڵەکان، بە دەگمەن خۆ دەرخستنەکەی لـــە یەك سەدە کەمتر بێ. لە گەڵ ئەوەشا وا باشە دەراسەی پرسیارەکانی بایۆلۆجی گەورە بـــدرێتە دەست کەسانی لێهاتوو. ئەگەر چی کەسی تر نیە دوای مردنیان شوێنەکانیان بگرێتـــەوە، بـــۆ ئەوەی کارەکانیان بەردەوام بێت. هەروەها دامەزراوە زانیاریەکان و رامیاریەکان بە هۆی تاکە کەسەوە بەرێوە ئەچێت، ئەوەش ئەو پەڕی هەڵەیە، چونکە ڕەوڕەوەی پێشکەوتنی ئـــادەمیزاد زۆر هێواش ئەڕوات هەروەها لە ناوچوونی نەوەیێك لە میژوودا روداوێکی ئاســـاییە، تەمـــەن مرۆڤ لە بەردەم بەرز بوونەوەی ئادەمیزادا نرخی نیە وەکو چۆن لە یەکەی پێوانی کاتیدا.

هاتنی شارستانیەتی زانیاری پێویستی بە دوپات کردنەوەی وتووێژە لە بارەی گشت پێویستیەگرنگەکانەوە، چونکە ئێمە بە چاوی خۆمان چاومان لە سەرنەکەوتنەکانی وێژەیی و ئەقڵی کۆمەڵایەتیەکانە.

بێشك ئێمە لە ژێر تەم و مژی ئەندێشەیێکدا ئەژیاین گۆیا دێمۆکراتیەت بە هۆی ئەو تێکۆشانە لاوازە کورت بینە وە ئەستێنێت کە هەندێ نەزان گرتویانەتە دەست، ئێمە ئەزانین ئەوانە خۆشبەختانە لە بڕانەوەدان، ئەبێ چارەیێك بدوزرێتەوە بۆ ئەو تەنگانەی هەرەشە لە دوا رۆژی

رەگەزە سەرەکیەکان ئەکات، چار نیە و پێویستە ئێمە خۆمان ئامادە کەین بۆ رودانە دڕێژخایەنەکان و نەوە بچوکەکانمان بە نمونەیێکی بەرز برازێنینەوە کە جیاواز بن لە ئێستەی ئێمە و لە فەرمان رەوایی کۆمەڵگاکان، لەلایەن کەسانێکی کورت بین کە کات بە گوێرەی تەمەن بەراورد ئەکەن و ئاشکرایە بەرەو شپرزەیی و سەر نەکەوتن ئەروات، کە واتە پێویستە ێ روانینە کاتیە (زمن) کانمان ئاراستەی پشتەوەی خۆمان بکەین. بەڵام بۆ ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیە کاتیەکان (وقتی) وەکو کۆمەڵەی منداڵ یان کۆمەڵێ کرێکار، بەراوردەکەی بە پێچەوانەوەیە، لێرەدا پێویستە بە تاکە کەس سەیر بکرێن، چونکە ئەندامانی تری کۆمەڵەکان ناچارن بە گوێرەی یەك یاسا کار بکەن، وە چالاکی ئەقڵی منداڵانی قوتابخانەکان هەر یەکە بە گوێرەی پۆلی خۆی لە یەك پلەدا بن، پێویستە کرێکاری کارگە و بانق و ژێرخانەکان و زانکۆکان ، کارەکانیان لە کاتێکی دیاری کراوا ئەنجام بدەن، بەڵام ئەوانەی لەشیان بە هۆی نەخۆشی یا پیری دانەهێزرێ، ئەوانە قۆرتن لە بەر دەمی پێشکەوتنی گشتیدا، تا ئێستە گۆیا خەریکن بەگوێرەی تەمەن کاریان بۆ بکەن. ئەو منداڵانەی هەمو لە یەك تەمەنان، پێویستە لە یەك پۆلا دانرێن، هەروەها مێژوی خانە نشینی بە پێ ی تەمەن دیاری بکرێ.

لەگەڵ ئەوەشا وەکو لە زۆر کەسا بەدی ئەکرێ، بارودۆخی لەش پەیوەندی نیە بە تەمەن کاتیەوە، لەبەر ئەوە پێویستە بە گوێرەی تەمەن فەسێلۆجی ئەوکارە لەگەڵ کرێکارەکانی هەمو شوێنکارەکان ئەنجام بدرێ.

لە هەندێ لە قوتابخانەکانی نێوركا، مێرد منداڵەکان بەکاردێنن، وەکو هۆکارێ بۆ ڕێك خستنی منداڵ، بەڵام تا ئێستە هۆیێکی راست و تەواو نیە بە هۆیەوە و لە کاتێکی گونجاوا خانە نشینی ئەنجام بدرێ، چونکە تا ئێستە شێوەیێکی گشتی نیە بۆ دیاری کردنی تەواو کە کارمەند تیادا خانە نشین بکرێ، هەروەها شێوەیێکی گشتی نیە بۆ پێوانەی ڕێژەی تێك چونی ئۆرگانی وئەقڵی کەسێکی دیاریکراو، ئەگەرچی ئێستە تاقیکردنەوەی فەسێلۆجی پێشکەوتوە و قۆناغێکی باشی بڕیوە، ئەتوانن بە هۆیەوە، بە وردی بارودۆخی فرۆکەوانەکان هەڵسەنگێنن و بە گوێرەی تەمەن فەسێلۆجی خانەنشین بکرێن، نەك بە گوێرەی تەمەنی کاتی. لە بەر ئەوەی پیاوی بە تەمەن وگەنج، هەر هەمویان لە بۆشایی یەك شوێنا ئەژین و هەر یەکێ لەوانە لە جیهانێکی کاتی جیاوازا ئەژی، ئێمە بە پێی تەمەن بە ێ هۆ لە یەکتری جیاوازین، دایك ناتوانێ

بێ بە خوشکی کچەکەی، هەروەها زۆر دەگمەنە منآڵ لە دایك و باوکیان بگەن، لە هەموی دەگمەنتر ئەوەیە لە باپیریشیان ناگەن.

ئاشکرایە، ئەوکەسانەی سەر بە چوار نەوەی لەوە پێشی یەك لە دوای یەکن، کەم لە گەڵ یەك ئەگونجێن. یان باپیر و نەوەکەی لەگەڵ یەك نامۆن. تا ماوە لە نێوان نەوەکانا کورت تر بێت، کاریگەری گەورە لە سەر بچوك بە هێزترە. پێویستە دایك تەمەن بچوك بێ تا بۆشایێکی گەورە لە یەکیان جیا نەکاتەوە،بۆشایێکی وا بەهیچ شتێ پڕ نەکرێتەوە، تەنانەت بە خۆشەویستیش.

باسی نۆیەم

هەندێ لە بنەماکانی کاریگەریمان لەسەر بوونەوەری زیندو لەکاتی (زمن) فەسیۆلۆجیەوە وەر ئەگیرێت، چونکە نەشونمای ئۆرگانی و ئەقڵی رەق نیە، ئەیشکرێ تا بواریکی دیاریکراو بە گوێرەی ویستی خۆمان راستی کەینەوە، چونکە ئێمە خاوەن چالاکین و بریتین لە کۆمەڵێ نمونە لە چوارچێوەی یەکیەتی خۆمانا، لەگەڵ ئەوەی ئادەمیزاد جیهانێکی داخراوە بەڵام رووی ناوەکی و دەرەکی لە بەردەم کاریگەریە زۆرەکانی سروشتی و کیمیاوی و فەسیۆلۆجیدا کراوەن، ئەم کاریگەریانە توانای رێکخستنی چنراوەکان و ئەقڵمانیان هەیە، و سات و شێوە و یاسا و هاتنە ناوەوەیان متمانە ئەکاتە سەر بناغەی کاتی فەسیۆلۆجی، دووری کاتی لە قۆناغی منالێیدا و لە کاتی بە هێزی چالاکیەکانیانا، بە جۆرێکی تایبەت بەسەرکرداری کارەکانا بڵاو ئەبێتەوە ، چونکە لەوکاتەدا ئۆرگانەکان و ئەقڵ تازە و نەرمن ولە توانادا هەیە بە شێوەیێکی کاریگەر، یارمەتی پێکهاتەکانی بدرێ، بەڵام کاتێ روداوە ئۆرگانیەکانی هەمە رۆژە زۆر ئەبێ و ئەچنە سەر یەك، کۆمەڵ بونەکەی ئەتوانێ بە شێوەیێکی ئاسایی کاریگەرێکی هەمیشەیی بخاتە سەر مرۆڤ، کاتێ شوێنەوار بناغەیێکمان بۆتەرخان ئەکا، پێویستە لایەن سروشتی تەمەن و پێکهاتەی دووری کاتەکەمان لە بەر چاو بگیرێت، هەرەوها پێویستە هاتنمان بۆ ناوکاتی ناوەکی گونجاو بێت چونکە ئادەمیزاد وەکو شلەمەنیێکی لینج وایە لە سەرشیوەی مادیەتیەکەی خۆی هەمیشە لە رۆیشتنایە و ئەتوانێ خێرا خۆیشی لابدات، پێویستە هەوڵی ئەوە نەدەین، شێوەی ئەقڵی و بناغەییەکەی، هەر لە خۆمانەوە بگۆڕین بەکردارێکی تر، هەروەکو پەیکەرێکی ئادەمی مەرمەڕ لە ژێر لێدانی چەکوشی پەیکەر تاشێکا چۆن بوێ وای لێ بکا، چونکە تەنها هەر نەشتەرگەری ئەتوانێ رێکخستنی بە کەڵك لە چنراوەی لەشی ئادەمیزادا ئەنجام بدات.

لە گەڵ ئەوەیشا، چارە کردن بە هۆی چەقۆ خێراکانی نەشتەرگەریەوە کاتی ئەوێ، لە دوای ئەوە ئێمە لە توانامانداو نیە بە خێرایی، گۆڕانکاری قوڵ لە ناو لەشمانا ئەنجام بدەین، پێویستە

کارەکانمان لە گەڵ کارەکانی فەسیۆلۆجی بە گوێرەی پەیڕەوی کردنی یاساکەی تێکەڵ بکرێن، ئەوە بناغەی کاتی ناوەکیە، ئەوە وەك کارێکی منالآنە وایە، بۆ نمۆنە: ئێمە منالێکی نەخۆش ناچارکەین بە وەی بۆ چارە کردنی، پڕ شوشەیێك رۆنی ماسی بە یەك جار بخواتەوە، لە کاتێکا کە ئەکرێ ڕێکخستنی دەرمان خواردنی ئەو منالە ڕۆژانە و هەر جارەکەمێك و بۆ ماوەی چەند مانگێك، دووری و شێوەی قەبارەکەی ئەگۆڕێ و چا ئەبێتەوە، هەر بەو شێوەیەش هۆکارەکانی ئەقڵی کاریگەریەکانی بەرە بەرە بەو یاسایە دێتە کایەوە، هەرکارێ لە لایەن ئێمەوە بۆ بنیاد نانی لەش و هەست لە گەڵ یاسای تەمەنمان بگونجێ کاریگەرێکی تەواوی ئەبێت.

ئەتوانین بۆ نمۆنە منالەکە دانێین بە جۆرگەلە ئاوێك، ئاشکرایە، هەر ڕوداوێ لە بنی ئەو جۆرگەلە، یان لە ڕەنگی ئاوەکەدا ڕو بدات، ئاوەکە ئەو شێوە و ڕەنگە وەر ئەگرێت، بەڵام جۆرگەلەکە، هەر ئەوەی جارانە، لە دواییدا ئەچێتە ناو دەریاچە یان ئەبێ بە لافاو.

هەروەها مرۆڤ بەرەبەرە لە ژێرکاریگەری شوێنەوارا کەم ئەکات تا بە تەواوی لاواز ئەبێت، لە گەڵ ئەوەشا خۆی ڕائەگرێ و هێزێکی گەورە وەدەس دێنێ.

نەشونمای کەسایەتی متمانە ئەکاتە سەر ڕێکخستنی هەمیشەیی خۆمان، چونکە ئادەمیزاد بۆ پێشکەوتنی، لە سەرەتای ژیانیا، زۆرکاری گەورەی ئەنجام داوە ئێستە ئەبێ بۆ تەواوکردنی نەشونماکەی لە دوا سنوری ڕەوشتی باوو باپیرانەوە دەست پێ بکات و تەواوی کات، لە بەر ئەوە ناچار ئەبێ لە هەر ساتێکا جۆرێك ژیان هەڵبژێری. لە هەمو هەڵبژاردنێکیشا یەکێ لەتواناکانی لە کیس ئەچێ، لە بەر ئەوە و بە پێی پێویستی، ناچارە لەو هەمو ڕێگا کراوانە، یەك ڕێگا هەڵبژێرێ بۆ بەردەوامی ژیانی و لە ڕێگاکانی تر دوورکەوێتەوە. بەو جۆرە دیتنی شار لەخۆی حەرام ئەکا، ئەگەر ڕێگایێکی تری پەسند کردایە ئەیتوانی بچێت،.

ئێمە لە ناوەڕۆکی خۆمانا ژمارەیێکی زۆر بوونەوەری ڕاستەقینەمان لە قۆناغێکی منالیەوە هەڵگرتوە ئەم زیندە وەرانە یەك لە دوای یەك ئەمرن، بەڵام لە تەمەن پیرمانا چوارلامان بەو پاسەوانانە ئەگیرێ، کە شایەن بوون بۆ گەورە بوون، ئەو پاسەوانانەی کە فەوتان بریتی بوون لە هێزەکانمان.

هەمو کەسێ لە سەرەتاوە بریتیە لە مادەیێکی شل ئەمەیێت، لە هەمان کاتیشا بریتیە لە کەنزێ، بەرە بەرە تەواو ئەبێت. یان مێژوێکە لە بەر دەسی دروست کردنا، کەسایەتێکە ئەم وئەو دروستیان کردووە، پێشکەوتنمان و ژێرکەوتنمان ئەکەوێتە سەرکردگارەکانی سروشتی

وکیمیاوی و فەسیۆلۆجی وسەر ڤایرۆس و بەکتریا وسەر کاریگەریەکانی سایکۆلۆجی ئینجا سەر ویستی خۆمان، ئیمە بە بەردەوامی بە هۆی شوێنەوار وکەسایەتی خۆمانەوە دروست ئەبین، و تەمەنیش بریتیە لە ماوەی خودی ژیانی ئۆرگانی و ئەقڵی.

بابەتی شەشەم

ا) کارەکانی راهاتن پەیوەندی هەیە بەتەمەنەوە.

ب)گۆنجانی ئۆرگانی ناوەکی، یاسای خۆکاری قەبارە وپێکهاتەی خوێن و تێکەڵەکان لە گەڵ سروشتیەکەی و سروشتی-کیمیاوی و فەسیۆلۆجی .

ج) پەیوەندی پێکهاتەی چاو.

د) چاك کردنەوەی چنراوە.

هـ) دیاردەی راهاتن و نەشتەرگەری تازە.

و) مانای نەخۆشی، بەرگری نەخۆشی سروشتی و دەسکرد.

ز) نەخۆشیە تەشەنیەکارەکان و نەخۆشیە داهێزەرەکان، تەندروستی سروشتی و تەندروستی دەسکرد.

ح) راهێنانی ئۆرگانی تری زیاد، راهێنان بەگوێرەی شوێنەواری مادی.

ط) گۆڕانکاری هەمیشەیی سەپێنراو بەسەر لەش و هەستا بەبیانوی گونجاندنەوە

ی) تایبەتمەندی کاری راهێنان، بنەمای (مبدا) لوشاتلییە، بارودۆخە چەسپیوەکان یاسای تێکۆشان

ك) بەکار هینانی کاری راهێنان بە شێوەیێکی خراپ لە شارستانیەتی تازەدا.

ل) چالاکی پێکهاتە خۆکارەکانی راهاتن بۆ ئەو پەڕی نەشونمای ئادەمیزاد پێویستە.

م) گرنگی زانیاری بۆکارەکانی راهاتن.

ن) راهێنان یان گونجاندن.

باسی یەکەم

هەندێ جیاوازی سەرنج راکێش هەیە لەنێوان تەمەن و رەوشتە کاتیەکانی لەشمانا، ئادەمیزاد پێکهاتوە لە مادەیێکی نەرم، بە شێوەیێکە، لە ماوەی چەند کاژمێرێکا، رێك ئەخرێ و لە بەر یەکیش هەڵ ئەوەشێنرێ، لە گەڵ ئەوەی تەمەنێکی زۆر درێژی نیە، بەڵام وەکۆ لەشی لە ئاسن دروست کرابێ وایە هەمیشە و بە بێ دوا کەوتن سەر ئەکەوێ بە سەر ئەوکێشە مەترسیانەی لە جیهانی دەرەکیەوە بەرەو رووی ئەبنەوە، ئەو لە ئاژەڵ زیاتر هۆکاری حەسانەوە بۆ خۆی ئامادە ئەکات هەمیشە ئامادە باشی ئەکا بۆ ئەوگۆڕانکاریانەی لە شوێنەوارەکەیا روو ئەدات، لە گەڵ ئەو هەمو گۆڕانکاری سروشت و نارێکی ئابوری وکۆمەڵایەتیانەشدا، چنگی لە ژیان گیرکردووە، ئەم هێزی بەرگری و خۆ راگریەی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو چالاکیە سەر سووڕێنەرەی لە چنراوە و تێکەڵەکانیەوە سەر هەڵئەدا. وا دەر ئەکەوێ لەش هەمیشە ئامادەیە بۆ بەرەنگاری هەمو رووداوێ، لە باتی ئەوەی خۆی بدا بە دەسەوە، بە گوێرەی ئەو رووداوانە ئەگۆردرێ، و هەمیشە ئامادە باشی دروست ئەکات، بۆ بەربەرەکانی هەمو دژێکی تازەی نامۆ، ئەم هۆکارانە ئەو پەڕی هێزی خۆ راگرتمان ئەداتێ. کرداری فەسیۆلۆجی بناغەی کاتی ناوەکیە، هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە ئادەمیزاد ماوەیێکی زۆر تەمەن درێژ بێت، ئەم کرداره سەیرە، ئەم ئاگا لێ بوونە خۆکارە ناوخۆییە، ئەو پەڕی ئاسان کاریە بۆ ژیانی ئادەمیزاد و رەوشتەکانی، بەمە ئەڵێن /رێك خستن وگۆنجاندن/ راهاتن/.

هەمو لایەنە چالاکیەکانی فەسیۆلۆجی تایبەتمەندی خۆ رێك خستنیان پێ بەخشراوە. رێك خستن یان گۆنجاندن، لە ژمارە بەدەر جۆری هەیە، بەڵام ئەتوانین بیانکەین بە دوو بەشی سەرەکیەوە :

یەکەم رێك خستنی ئۆرگانی ناوەکی. دووەمیان رێك خستنی دەرەکی:

رێك خستنی ئۆرگانی ناوەکی- بەرپرسیارە لە ئیشەکانی هۆکاری ئۆرگانی و لە پەیوەندیەکانی چنراوە و تیکەڵەکان، هەڵنەسێ بە سنوور دانان بۆ پەیوەندی لە نێوان ئۆرگانەکانا و چاك کردنەوەی رووداوی کتوپڕی چنراوە و چاك کردنەوەی نەخۆشی.

رێك خستنی دەرەکی- هۆکارێکی رێك خەرە لە نێوان مرۆڤەکە و نێوان جیهانی مادی و سایکۆلۆجی و ئابوری ، یارمەتی دانی ئادەمیزادە بۆ ئەوەی لە ناو شوێنەواری خراپا هەڵ بکا و بژی و لە گەڵیان را بێت.

لە ژێر ئەم دوو جۆرە بەشەدا، کارەکانی رێك خستن و گۆڕانجاندن هەمیشە لە ساتەکانی ژیانمانا لەکاران، واتە ئەمانە بناغەیێکی پێویستن بۆ دامەزراندنمان.

باسی دووەم

لەم جیهانەدا هەر چەندە ئادەمیزاد توشی خۆشی و ناخۆشی وخەم و خەفەت و جۆرەها ناڕەحەتی بێت، لەش یاسای ناوەکی خۆی هەر ئەپارێزێ و نایگۆڕێ، نە کەمی ئەکا و نە زیادی ئەکات، چونکە ئالۆگۆڕە کیمیاویەکانی خانەکان و تیکەڵەکانی ناو لەش ناگۆڕڕێن، هەمیشە خۆین لە گەڕانایە و ئەڕژێتە ناو خوێن بەرەکان و بەگورجی ئەچێتە ناو دەمارە موویینەکانی ناو ئەو چنراوانەی لە ژمارە نایین، لێرەدا جیاوازییکی گەورە هەیە لە نێوان یاسای ئەو دیاردەی لە ناو لەشمانا ڕوو ئەدات و لە نێوان ئەو جۆراو جۆرە گۆڕانەی لە ناو شوێنەوارەکامانا ڕو ئەدات و ناتوانێ کاریگەری بکاتە سەر دۆخی ئۆرگانیمان و ببێتە هۆی گۆڕینی هێمنیەکانی، چونکە چالاکییک و هێزێکی شاراوە هەیە پارێزگاری ڕێك و پێکی بەردەوامی کارکردنی ئۆرگانەکانی ئەکا و دۆخێکی هاو سەنگی بۆ ئامادە ئەکا، لە بەر ئەوەی پێکهاتەی خۆین، خۆڕاگری و گەڕانەکەی خۆی هەمیشە ڕێك و پێك ڕاگرێت، هەروەها ئەم کارە بە هۆی کارکردنی ئامێرە کانەوە، پێویستی بەزۆرکرداری فەسیۆلۆجی هەیە بۆ تەندروستی چنراوەکانی لەش. لە گەڵ ئەوەیشا، هەرچەندە ئێمە لە ژیانا یاسا پێ شێل کەین و خراپە بکەین، ئەوەندە تێکۆشانەکانی ئامێرەکانی ناو لەشمان بە هێزتر ئەبێ، پێویستە پەیوەندیە خراپەکانمان لەگەڵ جیهانی گەردوونیدا بەهیچ جۆرێ نەبێتە هۆی تێك چونی ئاشتی خانەکان و تیکەڵەکانی جیهانی ناوەکیمان. پەسان و قەبارەی خوێن توشی گۆڕانکاری گەورە نابێت، لە گەڵ ئەوەشا بە شێوەیێکی نائاسایی ئاوی ناو لەش زۆرکەم ئەکا. لە دوای هەمو خواردنێ، خوێن ئەو شلانەی لیکاوی ڕێخۆڵەکان و لیکاوی پانکریاس لە خواردن و گوشراوە هەرسیەکانی ئەمژن و ئەبێ بە هۆی زیاد بوونەوەی ئاوەکەی. هەر وەها لە بارودۆخێکی تری تایبەتیدا لە کاتی هەرس کردنی خواردن، خوێن چەند لیترێ ئاوکەم ئەکات، کە گەدە و ڕیخۆڵە وجگەر و پانکریاس بە کاری دێنن بۆ دروستکردنی دەردراوەکان. دیاردەیێکی هاو وێنەی تریش لە کاتی ماندو کردنێکی زۆری ماسولکەکانا ڕوو ئەدات وەکو یاری مستێن بەرزکردنەوەی قورسایی ، لووەکانی ڕوی پێست ئارەقیکی زۆر

دەرئەدەن، هەروەها لە کاتی هەندێ نەخۆشی یا برینداری ، وەکو: نەخۆشی کەم خوێنی وکۆلێرا..هتد، لەم کاتانەدا برێکی زۆر ئاو بە ناو بۆریە موویینەکانا ئەچێ بۆ ناو ڕێخۆڵەکان، هەر بەو جۆرە بەکار هێنانی دەرمان بۆ سك چون، ئەویش کەم بونەوەی ئاوی ناو لەشی بە دواوەیە، لەم دۆخانەدا پێکهاتەیێکی خۆکاری لەناو لەشا هەڵئەسێت بە ڕێك خستنی چەندیەتی خوێن و ڕاگرتنی هاوسەنگی ئەو ئاوەی لەش لە دەستی داوە و بە شێوەیێکی خۆکاری چارەی ئەکات.

ئەم کۆمەڵە خۆکارانە لە ناو هەمو لەشا بڵاون و ئەمانە پارێزگاری خۆ ڕاگری خوێن و قەبارەکەی و پەسانەکەی ئەکەن. پەسانی خوێن پەیوەندی بە کەم و زۆری خوێنەوە نیە، بەڵکو متمانە ئەکاتە سەر پەیوەندی نێوان ئەو بڕە خوێنە و نێوان دەمارە موویینەکانی ئامێزی گەڕانی خوێن، بەڵام ئەو ئامێزە وەکو ئامێزی ڕاکێشانی ئاو نیە بریتی بێ لە مەکینە و بۆری ئاسن و شتی وا، واتە بە هیچ جۆرێ لەو ئامێرانە ناچێ ئادەمی دروستی ئەکا، چونکە ئامێزی لەش، خوێن هێنەر و خوێن بەرەکان، خوێان هێزی خوێان تازە ئەکەنەوە،کردارێکی گرژ بوون و شل بوونی دەماریە، بە هۆی پەردە ئۆرگانیەکانی ئامێزەکەوە ئەنجام ئەدرێ، هەروەها دیوارە موویینەکان شتی لێوە تێپەڕ ئەبێ، ئەو ئاوەی لە ناو خوێنایە ئازادە بۆ چونە ژورەوە یا هاتنە دەرەوە لە ئامێزی گەڕانی خوێنەوە بە هۆی گورچیلەکانەوە، هەروەها کونە وردەکانی ڕوی پێست و لیکی گەدە لە لەش دەر ئەچێت، و بە هۆی سیەکانەوە لە کردگاری هەناسەدا هەندێکی ئەبێ بە هەڵم و لە لەش ئەچێتە دەرەوە.

لەم کاتانەدا دڵ بە هۆی موعجیزەی خۆ ڕاگرییەوە پەسانی خوێن وەدەس دێنێ، پەسانی خوێن لە ناو بۆریەکانا هێزو خۆراگریەکەی ئەگۆڕێ، بۆ هەمیسان گەڕانەکەی خۆی بە جۆرێکی هەمیشەیی. کاتێ خوێن ئەیەوێ بە برێکی زۆر لە دڵا کۆ بێتەوە،کارێکی پێچەوانە ئەنجام ئەدا، لەگوێچکۆلە (اذین) ی ڕاستەوە دەست پێ ئەکات، ئەوکارە پێچەوانەیە، ئەبێتە هۆی زیاد بونی ڕێژەی لێدانی دڵ، بەمە خوێن زۆر بە خێرایی لە دڵ دەر ئەچێت و ئەرژێتە ناو بۆریەکان، بێجگە لەوە پلازمای خوێن لە دیوارە موویینەکانەوە تێپەڕ ئەبێ و ئەچێتە ناو چنراوەکان و ماسولکە پەیوەستەکانەوە (عضلات الرابطة). بەم شێوە ئامێزی گەڕانی خوێن ئەو شلە زیادیانە، بە جۆرێکی خۆکاری فڕێ ئەدات. بەڵام ئەگەر قەبارە و پەسانی خوێن کەم بوەوە، بۆ ئەمەیان هەندێ دەماری تایبەتی بە شێوەیێکی شاراوە لە ناو دیواری چاڵەکانی خوێن هێنەرە

نوستووەکانان (الشریان السباتی)گۆڕانکاری تۆمار ئەکەن و دەست بە کارئەبن، ئەم جۆرە پێچەوان کاریە ، بۆریەکان گرژ ئەکەن و بەوە هێزی ئامێری گەڕانی خوێن کەم ئەکەنەوە، لە هەمان کاتا ئەو شلەی لە گەدەدایە، ئەینێژن بۆ ئامێری بۆریە خوێنینەکان بە هۆی کرداری پاڵاوتنەوە و بە ناو دیوارە موینەکانا (جدارالشعیرات) ئەڕژێتە ناو بۆریە خوێنەکانەوە، ئەم پێکهاتە سەرسوورێنەرە میکانیکیە بەر پرسیارە لە چەسپاندنێکی گۆڕاو لە بڕ و تێکچوونی خوێنا. پێکهاتەی خوێن هەمیشە نەگۆڕە، لە بارو دۆخێکی ئاساییدایە، جیاوازیێکی زۆرکەم هەیە لە نێوان بڕی خڕۆکەی سووری خوێن و پلازما و خوێ و پرۆتین و چەوری و شەکرا، هەمیشە بوونی ئەم مادانە زیاترە لەوەی چنراوە پێویستی پی بی وەکو یەدەك بۆکاتی پێویستی، چونکە هەمیشە شتی کتوپڕ روو ئەدات وەکو: لە خواردن دابڕان، یا خوێن بەربون، ماندووکردنی ماسولکە بۆ ماوەیێکی زۆر.. هتد، ئەم رووداوانە مەترسی ناخەنە سەر شلەمەنی ئۆرگانەکانی لەش، چونکە چنراوەکان پڕە لەبڕێکی زۆر لە مادەی (احتیاط)ی ئاو و خوێ و چەوری و پرۆتین و شەکر بۆ کاتی روداو، بەڵام ئۆکسجین لە هیچ شوێنێکی لەشا ژێرخان ناکرێ، لە بەرئەوە پێویستە سیەکان هەمیشە و بە بێ راوەستان خوێن بنێژن بۆ لەش، چونکە لەش بۆ ئاڵوگۆڕە کیمیاویەکانی پێویستی بە بڕێکی زۆر لە ئۆکسجین هەیە، لە هەمان کاتا زۆر، یان کەم دووەم ئۆکسیدی کاربۆن دروست ئەکەن، لە گەڵ ئەوەشا، لە هەندێ دۆخا ئەم گازانە بە شێواوی لە ناو لەشا ئەمێننەوە، ئەم دیاردەیە ئەگەڕێتەوە بۆ میکانیکی سروشتی- وکیمیاوی فەسیۆلۆجی. هاوسەنگی سروشتی- کیمیاوی سنور دانەێ بۆ بڕی ئەو ئۆکسجینەی خڕۆکە سورەکان هەڵی ئەگرن لەکاتی تێپەڕ بونیان بە ناو سیەکانا، بۆ ئەوەی لە کاتی گەڕانی خڕۆکەی سوور بە ناو بۆڕیە مۆینەکانا بیگەێننە چنراوەکان، ئەو دووەم ئۆکسیدە کاربۆنەی چنراوەکان دەری ئەدەن خوێن ئەیمژێ، ئەم ترشەڵۆکە ئەبی بە هۆی زیادی کارەکانی هیمۆگڵۆبین و ئۆکسجین لە خڕۆکە سورەکانەوە بۆ هەمو خانەکانی لەش. گۆڕانکاری ئۆکسجین و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لە نێوان چنراوە و خۆێنا بە هۆی توخمە کیمیاویەکانی هیموگڵۆبین و پرۆتین و خوێ ی ناو خوێن بە شێوەیێکی تایبەتی ئەنجام ئەدرێ. لێرەدا کرداری فەسیۆلۆجیش بەر پرسیارە لەو بڕە ئۆکسجینەی خوێن هەڵی ئەگرێ و ئەیبات بۆ چنراوەکان، چالاکی ماسولکەکانی هەناسە و چالاکی خێرایی یا هێواشی، لە کاتی هەناسە دانا، دابین ئەکا بۆ قەفەسەی سنگ، هەروەها هەڵئەسێت بە رێك خستنی چونە ژورەوەی هەوا بۆ ناو سیەکان بە هۆی خانەکانی مێشکەوە،

کە کەوتونەتە سەروی مەغزی دڕکاوییەوە، ئەم ناوەندە هەڵئەسێ بە ئەنجام دانی ئەم یاسایە بە هۆی جۆری گرژ بونی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و پلەی گەرمی لەش و بە هۆی کەم یان زۆری ئۆکسجین لەگەڕانی خوێنا. لێرەدا خۆکاری سروشتی-کێمیاوی و فەسیۆلۆجی تێکرا هەڵئەسن بە رێك خستنی تفتی ئەیۆنی پلازمای خوێن، چونکە ناوەندیاری ئۆرگانی ناوەکی قەت ترش نابێت، ئەم راستیە سەیرە ئەبێتە هۆی سەرسوڕمان، چونکە چنراوە بە بێ راوەستان بڕێکی یەکجار زۆر ترشی کاربۆن و لبنیکوکبریتیك و شتی تر دروست ئەکات و ئەیکاتە ناو لیمفاوە، بەڵام ئەم ترشانە کارەکانی(تفاعل) پلازمای خوێن ناگۆڕێ ئەویش بە هۆی بوونی بیکاربۆنات و فۆسفاتەوە ئەبێتە هۆی هاوسەنگی لە نێوانیانا، بەوە زۆر لە ترشەڵۆکی تێدا کۆ ئەبێتەوە، بە بێ ئەوەی پلەی ترشی ئاسایی ئەو پلازمایە زیاد بکات، لە گەڵ ئەوەشا ئەبێ فرێیان بدات. دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بە هۆی سیەکانەوە لە لەش ئەچێتە دەرەوە، ئەو ترشانەی نابن بە هەڵم، بە هۆی گورچیلەکانەوە فرێ ئەدرێنە دەرەوە. چونە دەرەوەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بەهۆی پەردە لینجی سیەکانەوە ئەنجام ئەدرێ کە بریتیە لەدیاردەیێکی سروشتی-کیمیاوی، بەڵام فرێدانی میزوکارکردنی قەفەسەی سنگ و سییەکان پێویستی بە کارێکی فەسیۆلۆجیە. هاوکێشەی سروشتی- کیمیاوی خۆڕاگری ناوەندی ئۆرگانی، بە تەواوی مسۆگەر ئەکا و ئامادەی ئەکا بۆ یارمەتیە خۆکارەکانی کۆ ئەندامی دەماری

باسی سێهەم

ئۆرگانەکانی لەش، بەهۆی شلەمەنی ئۆرگانی و کۆ ئەندامەوە هەمیشە لە گەڵ یەکا لە پەیوەندیدان، هەر توخمێ لە توخمەکانی لەش، بە هۆی توخمێکی تری ناو لە شەوە خۆی رێك خات، ئەو توخمەی تریش بە هۆی هەمان توخمەوە خۆی رێکنەخات، شێوازی خۆ رێکخستنەکە پێویستییکی تیلیۆلۆجییە، زانیاری ئادەمیزاد/، وەکو زانا میکانیکیەکان و زانای ژیان ئەڵێن، ئەگەر چنراوەکانمان وەکوخۆمان ئاقڵ بونایە،کارەکانی فەسیۆلۆجی، بۆ وەدەس هێنانی ئەو ئەنجامانە، کاتی خۆیان هەمۆیان یەکیان ئەگرت و ئەبون بە یەك. هەمو ئۆرگانێ لە ئۆرگانەکانی لەش پێویستیەکانی ئێستە و داهاتوی ئەزانێ و بە پێی ئەوە بۆ ئەنجامدانی ئەو داهاتووە کار ئەکات .

گرنکی کات و فراوانی بە پێی چنراوەکان و ئەقڵمان، وەك یەك نیە، لەش هەروەکو هەست بە دوور ئەکات، بەر جۆرەش هەست بە نزیك ئەکات، هەر بە هەمان شێوە بۆ ئێستە و بۆ داهاتووش. کاتێ لە دایك بونی منداڵێك نزیك ئەبێتەوە، چنراوەکانی گیانی ئافرەت پڕ ئەبێ لە شلەمەنێکی تایبەت، و نەرم و شل ئەبێتەوە، ئەوگۆڕانگاریە، لە پێکهاتەی چنراوەکەدا ئاسانکاریە بۆ تێپەڕ بونی منداڵەکە ، هەر لە هەمان کاتا، ژمارەی خانەی لووەکانی مەمکی دایك زیاد ئەکات بۆ ئامادە بوون و ئەنجامدانی پێویستی ژیانی منداڵەکە. ئاشکرایە هەمو ئەم کارانە بریتیە لە ئامادە باشی، چونکە ئۆرگانەکانی لەشی ئەو دایکە ئەزانن بەم نزیکانە کارێکی دیاریکراو روو ئەدات. ئەگەر بێت و نیوەی لووی ئایارۆید لابەرین، نێوەکەی تری قەبارەی خۆی گەورەتر ئەکا، بە شێوەیێکی ئاسایی زیاتر لە پێویست خۆی ئامادە ئەکا، چونکە لەش هەروەکو(ملتز) باس ئەکات، پڕە لە هۆکاری پاراستن، هەروەها ئەگەر یەکێ لە گورچیلەکان لابرێت، یەکسەر ئەوی تریان گەورە ئەبێ و ئەو تاکە گورچیلەیە کرداری میزکردن لەو پەڕی ئاسانی و تەندروستیدا ئەنجام ئەدات، ئەگەر لەشی ئادەمی داوای هاوکاری لە لووی ئایارۆید، یان گورچیلە بکا بۆ ئەنجام دانی کارێك و ماندو بونێکی زیاتر، ئەو دوو لووە توانای ئەوەیان

هەیە بەو کارە زیادیە هەستن و ئەو داوا کتوپڕە جێ بەجێ بکەن. بە درێژی ماوەی ئەو نوتفەیە لە ناو سکی دایکیا، چنراوەکان هەمیشە لە دۆخی ئامادە باشی دوا رۆژا ئەبن، پەیوەندی ئۆرگانی بە ئاسانی و لە کات و ماوەی جیاوازا ئەنجام ئەدرێت، وەکو لە نێوان شوێنەکانی دەرەوەدا ڕوو ئەدات، ئەم ڕاستیە زانیارێکی سایکۆلۆجی سەرەتاییە، وەکو یاسای میکانیکی و فیزیقی لێك نادرێتەوە.

پەیوەندی تلیۆلۆجی لە نێوان کرداری ئۆرگانی دۆخی دوای خوێن بەربون، بۆ تازە کردنەوەی خوێن کردارێکی سەیر و ئاشکرایە و بەم جۆرەیە: پێشەکی بۆریەکانی خوێن گرژ ئەبن وڵە دواییدا ڕێژەی قەبارەی ئەو خوێنەی لە لەشا ماوە، لە خۆیەوە زیاد ئەکات، بەوە پەسانی خوێن هێنەرەکان ئەچێتەوە پلەیێکی ئاسایی بۆ بەردەوام بونی گەڕانی خوێن و شلەمەنیەکان لە ناو دیواری بۆریە موینەکانەوە ئەخزێنە ناو چنراوەکان و ماسولکەکان و ئەگەنە ناو دەمارەکانی گەڕانی خوێن، نەخۆش هەست بە تونیەتێکی زۆر ئەکات و هەر شلەیێك بگاتە ناوگەدەی نەخۆشەکە، خوێن یەکسەر ئەیڕێ و قەبارەکەی بەرەبەرە ئەچێتەوە دۆخی سروشتی خۆی، هەروەها خڕۆکە سورەکان لەو شوین برینەی بە مەبەسی چارەکردن تیادا کۆبونەتەوە، بڵاوەی لێ ئەکەن، اینجا مۆخی ئیسقانەکان دەست ئەکەن بە دروستکردنی خڕۆکەی سور بۆ تازە بونەوەی خوێن. بە کورتی هەمو ئەندامەکانی لەش بەشداری ئەکەن لە پەیوەندی دیاردەکانی فەسیۆلۆجی و سروشتی – کیمیاوی و پێکهاتن. ئەم دیاردانە یاسای ڕێك خستنی ئەم خوێن بەربونە ڕێك ئەخەنەوە. ئاشکرایە ئەو بەشانەی کە ئەندامی لێ دروست ئەبێت، وەکو چاو، بۆ مەبەسێکی دیاریکراوی ئیستە و دوا ڕۆژیش لە کاتی کرداری بینینا هەر لە کارا ئەبێ، ،ئەو پێستەی تۆرە بچوکەکەی چاوی داپۆشیوە، روناك ئەبێتەوە، هەر وەك لەوەپێش باسمان کرد، ئەبێ بە ڕەقینە (قرنیة) و زەرەبین، ئەم گۆڕانە بە هۆی جۆرێ مادە ڕوو ئەدات بەشی مۆخی چاو و تۆرە بچکولەی بینین(حویصلة) دروستی ئەکەن، بەڵام شیی کردنەوەی کێشەکەی و تێگەیشتنەکەی هەر وا ئاسان نیە، چۆن ئەم تۆرە بچوکەی چاو ئەو مادە ئەرژێنێ هێزێکی وای هەیە پێستەکە بخاتە شێوەی نێوان روناکی و تاریکی؟ بە کام هێزە، تۆڕی چاو ئەتوانێ وا بکات بتوانێ پێست بکا بە زەرەبین و توانای هەبێ وێنەی دنیای دەرەوە بخاتە سەر دەور و بەری دەمارەکانی؟ یان ڕەشێنە (قزحیة) ی چاو خۆی ئەکا بە جۆرەها پەردە لە بەر دەمی زڕەبینی چاو و بە گوێرەی کەم و زۆری روناکی، گرژ ئەبێ و ئەکشێ، هەر لەو

کاتەدا هەستی تۆڕی چاو زیاد یا کەم ئەکات، بێجگە لەوە زەڕەبینەکە، لە خۆیەوە خۆی ئەگۆڕێ و خۆی ئامادە ئەکا بە گوێرەی دوور و نزیکی ئەو شتە. ئەم جۆرە پەیوەندیە گرنگانە راستییەکی لە بەر چاو و بەڵگە نەویستە، بەڵام تا ئێستە تێی ناگەین و نازانین چۆن؟ لەوانەیە بەو جۆرەی ئێمە ئەیزانین وایش نەبێت، و بەو جۆرەش گرێدراو نەبێت، و ئەم دیاردانە زۆر ئاسایی بێت، بەڵام ئێمە هێشتا تێی نەگەیشتوین، چونکە لە راستیدا ئێمە شتە گشتیەکە بەش بەش ئەکەین، سەیری بەشەکە ئەکەین سەرمان لێ ئەشێوێ، بە تایبەتی کاتێ ئەبینین ئەم بەشە لە گەڵ بەشەکانی تر رێك ئەکەوێ و هەمویان پێکەوە ئەگونجێن، ئێمە بە شێوەیێکی دەست کرد، لێکیان جیا ئەکەینەوە. کاتێ ئێمە سنور بۆ ئۆرگان دائەنێین، لەوانەیە ئەو سنورە راست نەبێت، ئێمە بەو پەیوەندیەی نێوان بەشەکانی ئۆرگانەکە نەزانین، لە راستیدا هەمویان پێکەوە ئەگونجێن، بۆ نمونە: پەیوەندی لە نێوان چووکی پیاو وگوڵنگی (مهبل) ئافرەتا، ئێمە زانیاری ئەو هاوکاریەمان نیە لە نێوان دووکەسا رو ئەدات بۆ ئەو تاقە کرداره فەسیۆلۆجیەی کە تروکاندنی گەرایە، زانیاری زیندەوەری سپێرمی، هەر لە خۆیەوە نیوە و نیوە چڵ باسی ئەکات. ئەم دیاردانە بە گوێرەی بیر و بۆچونی ئێستەی ئێمەی زانا، بۆ زانیاری لە سەر تاکە کەسی و لەش و بۆشایی و کات، نەزانراوە.

باسی چواردەم

کاتێ پێست یا ماسولکە یا دەماری خوێن یا ئێسقان بە هۆی لێدان یا چەقۆ یا ئاگر توشی زیان ئەبێ، لەش یەکسەر خۆی تەرخان ئەکات بۆ روبە ڕو بۆنەوەی ئەو ڕوداوەی لەش، زۆر شت ڕوو ئەدات وەکو ئەوەی لەش پێشەکی ئامادە باشی کردبێت بۆ ئەمە و پێشەکی ئاگاداری هەبێت لە ڕودانی ئەوکارە و هەندێ پێداویستی ئامادەکردبێت، هەندێکیان دژەنگ و هەندێکیان زوو. بۆ چاك کردنەوەی ئەو زیانە ئامادە کراوە، هەر وەکو لە ڕودانی خوێن بەر بوونا باسمان کرد، لەگەڵ ئەمەدا لە یەکەوە نزیکن، مەبەسیش چاك کردنەوەی ئەو شوێنە زیان پێ گەیشتووەیە.

کاتێ دەمارێکی خوێنبەر بریندار ئەبێ، بەگوڕخوێنی ڵێ دێتە دەرەوە، پەساوتنی خوێنبەر نزم ئەبێتەوە، بریندارەکە گێژ ئەبێ، ئینجا خوێن هاتنەکە کەمتر ئەبێتەوە، خوێنەکە ئەمەیی و فێبرین دەمی بریندەکە ئەگرێ و خوێنەکە بە تەواوی ڕائەوەستێ. بۆ ڕۆژی دوایی، خرۆکەی سپی و خانەی چنراوەی فێبرینە مەیوەکە هێژش ئەهێنن، وردە وردە دەست ئەکەن بە تازە کردنەوەی دیواری خوێن بەرە دڕاوەکە.

هەر بەوجۆرە، لەش بریێ بچوك لە ناو ڕێخۆلەدا بە شێوەیێکی تایبەتی جیاواز چاك ئەکاتەوە، وەکو شێوەی باسکراو بەڵام پێشەکی ئەو شوێنە ی چاك بوەتەوە، ناجوڵێ وەکو ئەوەی توشی لە کارکەوتن بوبێ، لە بەر ئەوە لەش ناهێڵێ مادەی ڕەق و تڵپە بە ناو سکا بڕوات، لەوکاتەدا ڕێخۆلەیێکی ترلەو شوێنە نزیك ئەبێتەوە، یان پەردەیێکی پیوین، یان پارچەیێك ڕێخۆلەی یەدەك، لە بریەکە نزیك ئەبێتەوە و پێوەی ئەنوسی، بە گوێرەی یاسا تایبەتمەندیەکان (بریژن)[57] دوای چوار پێنج کاژمێرێك، دەمی ئەو بریە بەهۆی ئەو پیوەوە دائەخرێ و چاك ئەبێتەوە،

---

[57]-پریژن- پەردەیێکی لینجی پیویە، واتە چەوری ناو سك، بۆشایی ئەندامەکان ناو سکی داپۆشیوە، کە بۆ جارە سەری ناو سك دەورێکی گرنگی هەیە.

تەنانەت ئەگەر ئەو برینەش بەهۆی نەشتەرگەریەوە چارە بکرێ و دەمی برینەکە بدرونەوە، ئەو پزیشکە ناچارە کە هەر پەردەی (بریتۆن) کە بریتیە لەچەوری ناوسك، بەکار بێنێت بۆ قەپات کردنی برینەکە.

کاتێ بە هۆی رووداوێکەوە قاچ یا دەسی مرۆڤ ئەشکێ، سەرە تیژەکانی ئێسقانە شکاوەکە، ماسولکە وەدەمارەکان کون ئەکەن، بەڵام ئەو ئێسکە شکاو و شوێن دڕاوانە، فیبرین بەپەڵەیێکی چارەکردن دەوری ئەگرێ، گەڕانەکەی چالاکتر ئەبێ، شوێنەکە ئەئاوسێ بەهۆی خوێنەوە مادەی پێویست و نەزانراو دێت بۆ ئەو شوێنە بۆ تازە کردنەوەی پێست، هەمو ئەوکردارە رو ئەکاتە شوێنە شکاو و بریندارەکەو دەور و بەری، چنراوەکەش لە گەڵ ئەو چارەسەریەدا خۆی ئەگونجێنێ. وپارچەیێك لە ماسولکەی نزیك شوێنە شکاوەکە ئەبێ بە کڕکڕاگەیێکی ڕێك بە قەت ئەو شوێنە بێ کەم و زیاد، ئەم کڕکڕاگەیە بریتیە لە ئێسقانێکی نەرمی زیادی و دانراو، وەکو یەدەك بۆ ئەم رووداوانە، لە دوای ماوەیێك ئەوکڕکڕاگە یە ئەبێ بە چنراوەیێکی ئێسکی، هەروەها دوای ماوەیێکی تر بە هۆی مادەیێکی تایبەتیەوە، لە باتی ئێسقانە لە ناو چووەکە، ئێسقانێکی تری وەکو خۆی بۆ دروست ئەکرێتەوە، دوای چەند حەفتە بۆ ئەوەی بە تەواوی چاك بێتەوە، هەندێ لەکرداری دیاردەی کیمیاوی و ماسولکەیی و خوێنی و دامەزرانەوە ڕوو ئەدات، ئەو خوێنەی کاتێ رووداوەکە کۆ بوەتەوە و ئەو مادانە لە مۆخی ئێسقانەکان پەیا ببو، لە گەڵ ماسولکە دڕاوەکان، بە هەر هەمویان دەست بە کار ئەبن بۆ تازە کردنەوەی فەسیۆلۆجی و دیاردەکانی پێشو دوپات ئەکرێتەوە، لەم کارە گرنگەدا هەندێ ڕەوشتی کارەبایی تەواو لە ناو خانەکانا ئەدەنە پاڵ بارودۆخی سروشتی-کیمیاوی پێکهاتەی کیمیاوی ئەو شلەی ئەڕژێتە ناو چنراوە، ئەم ڕەوشتە کارەباییە ڕاستیە، هێزێکی زۆر ئەدا بە پێکهاتە تازە بووەکان.

هەمو چنراوەیێك ئامادەیی و توانای رووداوێکی کتوپڕی دوا ڕۆژی نادیاری تێدایە، بۆ بەرەنگار بونەوەی هەموو گۆڕانکارێکی سروشتی- کیمیاوی، یان کیمیاوی کە لە ناو ناوەندیاری ئۆرگانەکان ڕوو بدات، بە جۆرێ بەرژەوەندی هەمو لەشی تێدا بێت. لایەن گونجاندن بۆ چاك بونەوەی برین لە گەڵ بریی ڕوی پێست زیاتر ئاشکرایە، چونکە ئەو جۆرە برینە ئاسانە بۆ بەڕاورد کردن و بە بەر چاوەوە، پلەی چاك بونەوەکەی بە گوێرەی یاساکانی (کۆمت دی نوای) پێوانە ئەکرێ، بەو جۆرە چاك بونەوەی برین دیاری ئەدات. ئێمە ئەزانین کاتێ برین چاك ئەبێتەوە، مەبەس لەو چاك بونەوەیە ئەوەیە، بەکەڵك بێت بۆ لەشەکە. ئەگەر

شوین برینەکە داپۆشرێ گۆیا ئەپارێزن لە میکرۆب و پیس بون،کرداری تازە بونەوە روو نادات ، بەڵکو لەم جۆرە دۆخەدا زیان بەخش ئەبێت، برینەکە سارێژ نابێت و هەر وەکو خۆی ئەمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر سەری برینەکە بەرەڵا کرا و کەمێ خوێنی تێزا، و هەندێ میکرۆبی ناو لەش و خانەکان هێرشیان هێنا و جەنگ دەستی پێکرد، لە ماوەیێکی کەما ئەو برینە بە تەواوی سارێژ ئەبێت. وەکو ئەزانین پێست پێك هاتووە لە چەند چینێك لە خانەی پان (خلایا مسطحة) لە گەل خانەی ئەپسیلی، ئەم خانانە کەوتونەتە ژێر پێستەوە، سەرو چینە نەرمەکەیەوە، ئەم چنراوانە بریتین لە زۆر دەماری وردی خوینین،کاتێ پارچەیی لە پێست لا ئەبرێ، سەیر ئەکەین شوێنەکەی بریتیە لە چنراوەیێکی چەور و ماسولکە، لە دوای سێ چوار رۆژ شوێنەکەی سور و ساف ئەبێت، لە پڕ ئەو شوێن برینە بە خێرایێکی سەیر، بچوك ئەبێتەوە، ئەم دیاردەیە ئەبێتە هۆی جۆرێ لە گرژ بونی ئەو چنراوە روتکراوە، لە هەمان کاتا خانەکانی پێست ئەڕژێنە سەر شوێنە سوور بووە سافەکە، لە شێوەی قەراغێکی سپیدا، دەوری ئەو شوێنە ئەدەن، ئینجا بەرە بەرە قەراخە سپیەکە بچوك ئەکەنەوە و ئەو ئەلقە سپیە بچوکتر ئەبێتەوە، تا شوێنەکە بە تەواوی دائەپۆشرێ وچاك ئەبێتەوە، ئەم چاك بوونەوەیە پێکهاتەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ بەشداری کردنی دوو جۆر چنراوە لەکرداری/چنراوەی پەیوەستی/ النسیج الرابطة) [58] ئەوەی کە برینەکەی پڕکردەوە، لە گەڵ ئەو خانە ئەپسیلیانەی لە قەراغەوە ئەڕژێنە سەر برینەکە. چنراوەی پەیوەستی بەرپرسیارە لە بچوك کردنەوەی برینەکە، بەڵام چنراوەی ئەپسیلی بەرپرسیارە لە دروست کردنەوەی ئەو پێستەی سەری برینەکە و بە تەواوی سارێژی ئەکات، بەڵام چرچ بوونی شوێنی برینەکە، ئەوە ئەگەیێنێ کەم وکورتی لەو چارە سەریەدا هەبووە، چونکە ئەگەر ئەوکەسە سەری برینەکەی بەست، واتە نەیهێشت خانە ئەپسیلیەکان و چنراوەی پەیوەستی، بەکاری خۆیان هەڵسن، چاڵ و چرچی شوێنەکە ساف نابێتەوە، هەروەها ئامادە نەبونی لایەکیان، بە خێرا کارکردنی لایەکەی تریان قەرەبو ئەکرێتەوە، دەرئەنجامی هەر دیاردەیێك ئەکەوێتە سەر ئەو مەبەسەی پێویستە جێ بە جێ بکرێ، ئەگەر لایەنی کارمەندەکانی تازە کردنەوە لە کارکەوت، خێرا لایەنێکی تر دێتە شوێنەکەی، لە مەدا دەر ئەنجام ناگۆزردرێ، نەوەك شێوەی کارەکە.

---

[58]- النسیج الرابطة- بریتیە لە مادەی چەق و شانە دەمار، لە شێوەی کرکراگە، وە جۆمگەکان پێکەوە ئەبەستێت.

بە هەمان شێوە بۆ چەسپاندنی پەساوتنی خوێنبەرەکان و قەبارەی خوێن لە دوای بریندار بون، بەهۆی پێکهاتنی دوو کاری لە یەك جیاوازکارەکە پێکدێ، یەکێکیان گرژکردنی بۆری خوینبەرەکان بۆکەم کردنەوەی توانایان، دوەمیان هێنانی بڕێ لە شلەی چنراوەکان لە ئامێری هەرسەوە، ئەم دوکارە خۆکارانە توانای ئەوەیان هەیە، کاری ئەوی تریان قەرەبوو بکەنەوە.

باسی پێنجەم

بێشك ئەم كرداره سروشتیەی ناو لەشی ئادەمیزاد بۆ سارێژ بونەوەی بریی لەش، زانایان فێری نەشتەرگەری تازە كرد، ئەگەر ئەو رێك خستنەی ناو لەش و یارمەتی مادەكان ناو لەش نەبوایە، نەشتەرگەری سەركەوتو نەدەبو، واتە زاناكان توانای سارێژكردن بریبان نیە ئەگەر چالاكی لەم خۆكاریانەی لەشەوە وەر نەگرن، بۆ نمونە: ئەوان ئامادە باشی ئەكەن بۆ قەراخی برین، هەروەها بۆ قەراخی ئێسكی شكاو، ئامادەیێكی وا كە كرداری تازەبونەوە،خێرا ئەنجامی بدرێ، بێ ئەوەی شوێن بریبكی ناشیرین و چرچ و لۆچ بەجێ بێلێ. بۆ ئەوەی نەشتەرگەرەكان بریبكی خاوەن كێم، بكەنەوە، یان چارەسەری شكاوێ بكەن، یان نەشتەرگەرێكی قەیسەری بكەن، یا منالدانی دەربێنن، یان پارچەیێك لە گەدە یا رێخۆلە ببڕن، یا قەپاغی سەر هەڵگرن، یا دومەڵێ لە مۆخ لادەن، ئەبێ پێشەكی لەو شوێنەدا بریبكی درێژ و پان دروست كەن، بەڵام لە دواییدا، ئەگەر لەش توانای چاك كردنەوەی ئەو دەلاقەیەی نەبێ، تەنیا بە درونەوەی پزیشكەكان، ئەو دەلاقەیە چار ناكرێ، بۆیە نەشتەرگەری تازە متمانە ئەكاتە سەر ئەم دیاردانە، فێری ئەوە بوون چۆن كەڵك لە رێك خستنی لەش وەرگرن، ئەگەر زیرەكی خۆكارەكانی لەش بلیمەتانە نەبوایە وكارەكانی جێ ی هیوا نەبوایە، ئەوەی پزیشكیی سالەهای سالە هیوا داریەتێ و خەونی پێوە ئەبینێ، وە دەسی نە ئەهێنا، هەروەها ئەو دەسكەوتە گرنگ و سەرسوورێنەرانەی پزیشكی لێی وەدەستهێناوە، بە هۆی خۆكارەكانی لەشەوە، بە باشترین سەركەوتنی زانیاری بایۆلۆجی دائەنرێت، نەشتەرگەری توانی بگاتە لوتكەی سەروەری لە هونەرەكەیا و توانی لە ناوەرۆكەكەی بگات، زانیارێكی تەواو لە ئادەمیزاد و زانیاری نەخۆشیەكانی وەدەس بێنێ، وەكو زانینی بەشێ لە نەخێنیەكانی خوا وایە، چونكە هێزی ئەوەی هەیە لەش بكاتەوە و بچێتە ناو ئۆرگانەكانیەوە، بۆ چاكردنەوەی خراپ بووەكانیان، بەبێ ئەوەی نەخۆشەكە بكەوێتە مەترسیەوە، تەندروستی و هێز و ژیان بۆ زۆركەس بگێرێتەوە تەنانەت ئەوانەش نەخۆشیەكانیان سەخت و بێ چارەیە، نەشتەركاری زێرەك ئەتوانێ هەندێ لە باری

لەشی نەخۆش سوك كات، ئەوجۆرە زانا نەشتەرکارانە دەگمەنن، بەڵام ئەتوانن بە ئاسانی ژمارەیان زۆرکەن ئەگەر دەراسەیێکی باشی هونەری و وێژەیی و زانیاری راستەقینە وەرگرن. هۆی ئەم سەرکەوتنە گرنگە ئەوە بوو، زانیاری نەشتەرگەری ئەوە فێر بوو، پێویستە گیروگرفت بە هۆی میکروبەوە نەخرێتە بەردەم ساریژ بونی برین، بۆ ئەوە هەوڵیان دا و یاسای ئەوەیان دانا، میکروب دوور خەنەوە لە برین. پێش دوزراوەکانی باستیر و لستر، برین هەمیشە ئەکەوتە بەر هێرشی میکروب، ئەم هێرشی میکروباتە ئەبو بە هۆی کێم کردن و (غنغرینا) ی گازی یان سەقاقلوس (تیراوی) هەمو لەش توشی ئاوسان و نەخۆشی شیی بونەوە ئەبن، لە زۆرکاتا ئەبێتە هۆی مردن، بەڵام زانیاری و هونەری تازە لە کاتی نەشتەر گەریدا بە تەواوی رێ لە میکروب ئەگرێ بۆ هاتنە ناو ئەو شوێنە، بەو شێوەیە ئەم هونەرانە ژیانی نەخۆش ئەپارێزن و بە زووی چاك ئەبێتەوە، چونکە جەرسوم هێزی ئەوەی هەیە چەڵەمەی دواکەوتنی کرداری رێك خستن و چاك کردنەوە ئەنجام بدات، هەرکاتێ توانییان برینەکە لە میکروب بپارێزن، بە زوترین کات برینەکە روو ئەگاتە ساریژ بوون و چا بونەوە. لەو کاتەوە توانییان برین بپارێزن لە بەکتریا، هونەری نەشتەرگەری دەستی کرد بە پێشکەوتن، هۆکارەکانی بە هۆی زانایان (اولیە) و(بێلرۆث) و(کوشر) و قوتابیەکانیان، زۆر بە خێرایی پەرەی سەند. لە ماوەی چارەکە سەدەیێکا، پەرە سەندنی هۆنەری نەشتەرگەری بە هۆی (هالستید)و (توفیە)و (هارفی) و (کاشنگ) و بنەماڵەکەی مایۆو نەشتەرکارە گەورەکان، ناوبانگێکی جیهانی دەرکرد.

بێشك هۆی ئەم سەرکەوتنە مەزنە لەو بوارەدا، ئەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتن لە دیاردە رێکخستنەکانی ناو لەش، لەگەڵ ئەوەشا، ئەبن برینەکە لە کولانەوە و ئاوسان بپارێزرێ، لەکاتی ئەنجامدانی نەشتەرگەریەکەدا گرنگی بدرێ بە بارودۆخی پێکهاتە و ئۆرگانی ناوچەکە، چونکە چنراوە بە هۆی بەکارهێنانی زۆربەی دەرمانە (مطهر) پاکەرەوەکانەوە و بە توندی کار لە گەڵ کردن و دەسکاری کردنی برینەکە، توشی زیانی مەترسیدار ئەبن،. زانا (هالستید) و قوتابیە نەشتەرکارەکانی مەکتەبەکەی ئەڵێن: " ئەگەر بتانەوێ هێزی تازە کردنەوەکەی لە دەس نەدەن، پێویستە زۆر بە هێواشی کار لە گەڵ برین بکرێ، چونکە دەرئەنجامی نەشتەرگەری بریتیە لە بارودۆخی چنراوە نەخۆشەکە"، لە بەر ئەوە نەشتەرگەری تازە متمانە ئەکاتە سەر هەمو هۆکارێکی بە توانا بۆ رێك خستنی لایەن چالاکی فەسیۆلۆجی و دەرون،کە پاریزگاری نەخۆش بکات لە مەترسی ترس و سەرما و لە دەست دانی هەستەکان، هەروەها بپارێزرێ لە نەخۆشی و

جەڵتەی مێشك و خوێن بەربوون. ئەگەر بەهۆی هەڵەیێکەوە لەکاری نەشتەرگەریەکەدا، مەترسیێك ڕوبدا، ئەتوانین بەئاسانی چارەی بکەین. دوورنیە لەدوا ڕۆژدا ئەم هونەرە بەرفراوانتر نەبێ، یا بەهۆی هێزی ڕوحیەوە زانیاری باشتر و خێراتر وەدەس بێنین، چونکە پلەی خێرایی چاك بوونەوە ئێستە ئەکەوێتە سەر ڕەوشتی دیاریکراوی تێکەڵە و بەتایبەتی شانە گەنجەکان، ئەگەر بتوانرێ ئەم ڕەوشتانە بدرێ بەخوێن و شانەی نەخۆشەکە، نەشتەرگەریەکە زۆر خێراو سەرکەوتو ئەبێت. لەبەرئەوەی هەندێ مادەی کیمیاوی دیاریکراو ئەبێتە هۆی زوو زیادکردنی خانەکان، ڕەنگە لەدوا ڕۆژا ئەو مادە کیمیاویانە بەکاربێنرێت بۆ وەدەسهێنانی ئەم مەبەستە. هەر هەنگاوێ بنرێت بۆ زانینی میکانیکی تازە بۆ ئەو بابەتە، بێشك ئەبێتە هۆی پێشکەوتنی هۆنەری نەشتەرگەری، بەڵام سارێژ بوونی برین لە ناو نەخۆشخانەیێکی پێشکەوتو، یان لە دەشتێکا یان لە ناو جەنگەڵستانێکی دواکەوتودا، ئەکەوێتە سەر هۆکارە ڕێکەوتوەکانی ناو لەش (تنسیق).

باسی شەشەم

هەر کاتێ جەرسوم و فایرۆس، سنوری لەشیان بڕی و هێرشیان کردە سەر چنراوەکان، کاری ئۆرگانەکانی لەش تێك ئەچێ و نەخۆشی روو ئەدات، چنراوە و ئۆرگانەکان، رەوشتە باشەکانی پێشویان لە دەس ئەدەن و بەرهەڵستیان کەم ئەبێتەوە. بۆ نمونە: گرانەتا بریتیە لەوەی لەش ناچار ئەکرێ بەکرێیاو ڤایرۆس وەرگرێ، ئەو ڤایرۆسانە لەش ناچار ئەکەن ژەهر بکاتە ناو خوێنەکەی خۆیەوە ولە گەڵ کەم کردنەوەی هەندێ مادەی دیاریکراوی پێویست بۆ لەش، لەگەڵ رودانی تێکچوونی چالاکی هەندێ لە لووەکان، نیشانەکانی نەخۆشی (برایت)[59] ئەسقەربوط نەخۆشی چاو دەرپۆقان،[60] کاتێ لەش پڕ ئەبێ لە میکرۆبات، کە گورچیلە نەخۆشەکان لە بەر کەمی جۆرێ لە ڤیتامینەکان، ناتوانن دەریان کەن، یان بە هۆی ژەهراوی بونی لەش،کە لووْی سایارۆید ئەیرژێنی، کاری بەرگری نەخۆشی پێویستی بە دوو جۆر بەرگرییە :

یەکەم بەرگری لە هێرشی ئەو مادە نامۆیانە بکات کە لەشیان داگیرکردووە و لەناوبردنیان. دووەمیان چاکردنەوەی ئەو زیانەی کە ئەو مادە نامۆیانە لە ناو لەشا دروستیان کردووە وکارکردن بۆ لابردنی ئەو ژەهرەی لە لەشا دایان ناوە.

هەندێ نەخۆشی ترهەیە ئەبێ بە هۆی زیاد بونی ئەم کاروکردارانە و هۆیێکە بۆ زۆرکردنی هێزی بەرگری لە ناو لەشا، لەش بە هێز ئەکا و لە سەر مانەوە زیاتر پێ دائەگرێ، بەڵام لە هەندێ کاتا نەخۆشی بریتیە لە تێکچوونی یەکێ لە ئۆرگانەکان، یان یەکێ لە هەستەکان، بۆ نمونە: وەکو نەخۆشی شێر پەنجە یا شێتی.

---

[59]- برایت–اسقربوط- اسکربوت– نەخۆشیێکە بەهۆی کەمی ڤیتامین سی پەیدا ئەبێت، ئەبێتە هۆی خوین بەربوونی دەزولەی ژێر پووك لەگەڵ پێست و ریخۆڵەکان.

[60]- جحوظ العین – چاو دەرپۆقین، هۆی ئەم نەخۆشیە کەمی هۆرمۆنی سێرۆکسینە کە لووی سایرۆید دەری ئەدات

ئاشکرایە لە هەمو شوێنی میکروب و جەرسۆم هەیە، لە ناو هەوا ، ئاو ، ناوخواردەمەنی، هەمیشە بە زۆری لە سەر روی پێست کۆمەڵ ئەبن، هەروەها لەناو پەردە لینجەی ئامێری هەناسە و ئامێری هەرسدا ، لەگەڵ ئەوەشا زۆرکەس لە زیانیان بەدووڕە و هەندێکی تریش زو توشی نەخۆشی ئەبن، بەرگری کردنی هەندێ لەش لە نەخۆشی ئەگەرێتەوە بۆ شێوەی پێکهاتەی چنراوە و تێکەڵاوەی لەشی ئەوکەسە، ناهێڵن ئەو مادە زیان بەخشانە نزیکی لەش بکەون و یەکسەر لە ناویان ئەبەن.

ئەم جۆرە کەسانە خاوەنی بەرگری سروشتین، ئەم رەوشتە بەرگرییە بە نرخترین سیفاتە هەمو مرۆڤێ خۆزگەی پێ ئەخوازێ، چونکە ئەو جۆرە بەرگرییە، خاوەنەکەی لە زۆر نەخۆشی دور ئەخاتەوە، بەڵام ئێمە تا ئێستە رەوشتی ئەم بەرگرییە سروشتیەمان بۆ دەر نەکەوتووە، لەوانەیە ئەم رەوشتە بەرگرییە هەندێکیان بگەڕێنەوە بۆ سیفاتی باوو و باپیران، لەکاتی نەشونمایانا ئەوسیفاتانەیان تێدا دەرکەوتوە. هەنەێ خێزان زوو توشی هەندێ نەخۆشی دیاریکراو ئەبن وەکو سیل، ریخۆڵە کۆێرە، شێرپەنجە، ئەقڵ تێکچوون.. هتد، هەروەها هەندێ خێزانی تریش هەن کە بەرگری لە هەموو نەخۆشیەکان ئەکەن نەخۆشی داهێزران (انحلال) نەبێ کە لە تەمەنی پیریدا روو ئەدات، بەرگری سروشتی تەنیا هەر لە باوو باپیرانەوە نیە، بەڵکو زۆری لە شێوەی ژیانی باش و خواردەمەنیەوە دابین ئەبێ، یان بەهۆی وەرزشە جۆراوجۆرەکانەوە کەگرنگەکەیان وەرزشی یۆگایە. لەم بارەوە (رید هانت) لە ماوەیێکی زۆر لەوە پێشەوە لە کاتێکا چارەی نەخۆشی تیفۆی مشکەکانی ئەکرد، سەلماندی، کە هەندێ خواردن هەستی مشك زیاد ئەکات، هەروەها لە توانادا هەیە رێژەی نەخۆشی سنگ بە هۆی خواردنەوە کەم کرێتەوە.

لە تاقیگای شاری رۆکفلر بۆ تاقی کردنەوە لە سەر مشك، بۆیان دەرکەوت ئەو مشکانەی لە یەك رەگەزن لە سەدا پەنجایان، لە کاتێکا خواردنی ئاسایان ئەدرێێ، بە نەخۆشی سنگ ئەمرن، هەروەها بۆ کۆمەڵێ مشکی تر خواردنی جۆراوجۆر دابین کرابو، کە رێژەی مردنیان دابەزی بۆ لە سەدا سی و دوو ئینجا. چوارەد.. تاگەیشتە هیچ لەسەدا، ئەمە ئەکەوێتە سەرجۆری خواردنەکە.

ئێمە پێویستە بزانین ئایا ئەتوانین بە گوێرەی ئامادە کردنی بارودۆخێکی دیاریکراو، بەرگری سروشتی دژی نەخۆشیەکان لە ئادەمیزادا دروست کەین،؟ هەرەوها کوتایی گشتی بە دەرمانی دژی هەمو نەخۆشیێك؟ پشکنینی هەموکەس بەجۆرێکی پزیشکیانەی یەك لەسەر یەك، یان

دامەزراندنی نەخۆشخانەی گەورە، لەگەڵ ئامێر و هۆکاری باش، ئەگەرچی هۆکارێکی کاریگەر نیە بۆ نەهێشتنی نەخۆشی و بەهێزکردنی تەندروستی کۆمەڵگا، چونکە ئەو تەندروستیەی ئێمە هەوڵی بۆ ئەدەین و ئەمانەوێ سروشتی بێت و ئەو بەرگریە سروشتیەی هێز و ئازایەتی ئەدا بە مرۆڤ، قەت دەس ئێمە ناکەوێ، چونکە هەمیشە پشت بە پزیشک ئەبەستین.

شان بە شانی بەرگری سروشتی نەخۆشیەکان، بەرگری وەدەس هاتوو هەیە، کە رەنگە ئەم بەرگریانە سروشتی، یا دەستکرد بێ، لەش هەمیشە خۆی ئامادە کردوە بۆ بەرگری لە میکرۆب و ڤایرۆس، بە هۆی دروست کردنی مادەیێک بۆ لە ناو بردنی ئەو هێرش بەرە دژانە. هەروەها نەخۆشی دفتریا و گرانەتا و ئاوڵە و سورێژە لە ناو لەشی ئەوکەسانەی توشی ئەم نەخۆشیانە هاتوون، جۆری بەرگری لەو نەخۆشیانە لە لەشا بەجێ دێڵن، تا ماوەیێکی زۆر لەو نەخۆشیە پارێزراون، ئەم پاراستنە ئامادەیی لەش دیاری ئەکات بۆ هەڵوێستی تازە.

ئەگەر مریشکێ بە خوێنی کەرۆیشکێکی ماڵی بکوترێ، کەرویشکەکە کوتانی مریشکەکە وەر ئەگرێ، لە دوای چەند رۆژێ، مادەیێکی کوتانی زۆر لە خوێنی کەرۆیشکەکەدا پەیا ئەبێ، بەوە مریشکەکە پارێزراو ئەبێ لە نەخۆشی زلاڵی کەرویشک، هەر بەوجۆرە ئازەڵێ بە ژەهری بەکتریایێ بکوتین، لەشی ئازەڵەکە جۆرە مادەیێک دروست ئەکا بۆ بەربەرەکانی ئەو ژەهرە، بەڵام ئەگەر هەر ئەو ئازەڵە لە جیاتی ژەهری بەکتریا بە هەمان بەکتریا بکوترێ، بابەتەکە گرێدراوتر ئەبێ، چونکە لەو دۆخەدا ئەو بەکتریایە ئەو ئازەڵە ناچار ئەکا مادەیێ دروست کا، بەکتریاکان کۆ کاتەوە و بیان فەوتێنێ. لە هەمان کاتا خرۆکەی سپی و چنراوەکانی ئەو ئازەڵە و ئەبنە خاوەنی هێزێک بۆ لە ناو بردنی یەکتریاکان، هەر وەک لە تاق کردنەوەکانی (مچسنکۆف) دەرکەوت. هەروەها دیاردەی جۆراوجۆر دەر ئەکەوێ کە هەڵگری کاریگەری پێچەوانەیە و لە ژێرکاریگەری هەڵگری نەخۆشیەکانا ئەبێتە هۆی لە ناو بردنی میکرۆبە هێرش بەرەکان.

ئەم کردارانە هەڵگری هەمان رەوشتی باشن لە ئاسایی و لە گریدراویشدا، لەشیش هەر وەکوکاری فەسیۆلۆجیەکانی تر وایە.

ئامادەیی لەش بۆ وەرگرتنی کاری رێک خستن، (تنسیق) متمانە ئەکاتە سەر چەند مادەیێکی کیمیاوی دیاریکراو، هەندێ لە بەشەکانی(پۆلیساکاریدز) لە لەشی بکتریادا هەیە، کاتێ لە گەڵ پرۆتینا یەک ئەگرن، رەتکردنەوەیێکی دیاریکراو لە خانە و چنراوا دروست ئەکەن، لە جیاتی

پۆلیساکاریدزی بەکتریا، چنراوەی لەشمان هەندێ کاربۆهیدرات و مادەی چەوری خاوەن هەمان رەوشت دروست ئەکات، ئەم مادانە هێز ئەدا بە لەش بۆ هێرش بردنە سەر پرۆتینی خانە دژە نامۆکان، ئەم شێوەیە وەکو ئەوە وایە جەرسوم، لەشی ئاژەڵێ داگیر بکا، لەم دۆخەدا خانەی ئاژەڵەکە دەست ئەکا بە دروستکردنی میکرۆباتی بەرگری لە ئاژەڵێکی ترا، لە دواییدا ئەم خانانە بە هۆی میکرۆبی بەرگرییەوە لە ناو ئەبرێن، لە بەر ئەوەیە گواستنەوەی گونی مەیمون بۆ ئادەمی سەر ناکەوێ . بەرپەرچ دانەوەی ئەم رێك خستنە کەڵکی متوربە (تطعیم) کردن وکوتانی چارەسەری دۆزییەوە.

کرداری بەرگری دەسکرد کە ئەبێتە هۆی دروست بونی برێکی زۆر لەجەرسومی بەرگری لە لەشی ئەو ئاژەڵەی کە شرنقەی جەرسومی مردو، یا لاواز یا ژەهری بەکتریای لێ بدرێ.

ئەگەر ئاژەڵێکی نەخۆش بە خوێنی ئاژەڵێك کە هەمان نەخۆشی هەبێت، بکوترێ زۆر جار چاك ئەبێتەوە، چونکە ئەو مادانەی ئەداتێ بۆ لەشی ئەو ئاژەڵە پێویستە و ژڕی ژەهر و بەکتریایە، وە هێزێکی وای ئەداتێ ئەوان تر ئەو هێزەیان نیە، و بەوە سەرئەکەوێ بەسەر نەخۆشیەکە

باسی حەوتەم

نەخۆش لەگەڵ ئەو میکرۆبانەی هێرش ئەکەنە سەر لەشی و داگیری ئەکەن، ئەجەنگێ، جا خۆی بەتەنیا یان بەیارمەتی کوتانی تایبەتی و یا بەهۆی ئەو حەب و دەرمانانەی پزیشك بۆی دائەنێ.

لەم کاتەدا لیمفا وخوێن بە هۆی ژەهری بەکتریا و پاشماوە تیکچوەکانی لەشی نەخۆشەکەوە،گۆڕانکاری تیدا ڕوو ئەدات و هەمو لەش ئەگرێتەوە، نەخوشەکە (تا) ئەیگرێ و دەس ئەکا بە وڕێنە، ئاڵ وگۆڕی کیمیاوی زیاد ئەکا، ئەمە لە هەندێ نەخۆشیدا مەترسیدارە، لە نەخۆشی گرانەتا و سیل و ژەهرداربونی خوێن، ئەندامەکانی دڵ و سیەکان و گورچیلە توشی زیان ئەبن، لەوکاتەدا ئەو خانانەی خاوەنی تایبەتمەندی دیاریکراون، تا ئێستە نەکەوتونەتەکار وکارەکانیان دژی بەکتریایە، هەمو لایەنە چالاکیە ئۆرگانەکانی لەش ئاگادار ئەکەنەوە، خڕۆکە سورەکان دەست ئەکەن بە زیاد کردن و مادەی تازە دەر ئەدەن ئەوەی چنراوە پێویستیەتی بە وردی ئەنجامی ئەدەن، خۆیان ئامادە ئەکەن بۆ ئەو شتە کتوپڕانەی هۆکاری نەخۆشیەکە و لاوازی لەش وکۆبۆنەوەی ژەهری بەکتریاکە پیادەی ئەکەن.

ئەو دومەڵانە لە ناوچە نەخۆشەکانا گەیشتون و پڕن لە کێم و پیسایی و میکرۆبی ناو دومەڵەکان، توانای توانەوەی چنراوەی زیندویان هەیە، ئەو خانانە ڕێگا ئەکەنەوە بۆ ئەو کێمو زوخاوانە کە بچنە ناو بۆشایی پێست، بەو جۆرە لە لەش دوور ئەخرێنەوە.

نیشانەکانی نەخۆشی بەکتریا و میکرۆب بۆمان ڕوون ئەکاتەوە، تا چەندە چنراوە و تیکەڵە بەرامبەر بە دوژمنەکانی لەش بەرگری ئەکەن و ئەجەنگن و تێ ئەکۆشن تا لەش بگێڕنەوە بۆ شێوەی سروشتی و تەندروستی خۆی.

لە نەخۆشی داهێزرانا وەکوگرژ بونی خوێن بەرەکان و ئاوسانی ماسولکەی دڵ و ئاوسانی گورچیلە و نەخۆشی شەکرەی میز و شێرپەنجە و تیك چوون بە خواردەمەنی خراپ(تسمم)، لەم نەخۆشیانەدا کرداری فەسیۆلۆجی خۆی بە جۆرێکی خۆکار ڕێك ئەخاتەوە، بە شێوەیی لەگەڵ

ژیانی لەشا بگونجێ، ئەگەر دەردانی یەکێ لە لووەکان بەشی نەکرد، لووڕێکی تر لە بەشی خۆی زیاتر دەردراوە دروست ئەکا، تاکەمایەتی لووە ماندووەکە پڕکاتەوە.

کاتێ ئەو زمانەی(صمام) پارێزگاری دەرگای نێوان گوێچکۆلەی چەپ و سکۆلە ئەکات، ڕێگا ئەدا بە گەڕانەوەی خۆین بۆ دواوە، ئەو کردارە سەیرە ئەبێتە هۆی گەورە بوونی قەبارەی دڵ و زیاد بونی هێزی دڵ، بۆ ناردنی خوێنی تەواو بۆناو(اورطی)، ئەم دیاردە ڕێك خەریە، ڕێگا ئەدا بە نەخۆشیەکە، چەند ساتێ لە دۆخێکی ژیانی ئاساییدا بمێنێتەوە، کاتێ گورچیلە تێك ئەچێت، پەساوتنی خوێن بەرەکان بەرز ئەبێتەوە، تا وەکو بڕێکی زۆر لە خوێن بتوانێ بە ناو(المرشح العاجز) پاڵێوەری لاوازا تێپەڕ بێ، لەش هەوڵ ئەدا قەرەبوی کەمی لەو ئەنسۆلینە بکاتەوە پانکریاس لە سەرەتای نەخۆشی شەکرەدا وەستاندبوی، ئەم نەخۆشیانە هەوڵ ئەدەن لاوازی لەش بە هەل بزانن و لە گەڵ لەشا خۆیان بگونجێنن، هەروەها هۆکاری تریش هەیە بۆ دروست کردنی نەخۆشی کە چنراوە ناتوانێ بەرگریان بکات، هۆکارە گونجاندنە خۆکاریەکانی ناو لەش دەورێ نیە بۆ نمونە: ئەگەر جەرسومی سوزەنك کە ناوی (ترێپۆنیمابالیدوم)ە هاتە ناو لەشەوە، دوای ئەوەی شوێنەکە توشی ئەو نەخوشیە بوو، ئەو شوێنە بەجێ دێڵێ و ئەچێتە ناو پێست و بۆریە خوێنەکان و ناو مۆخی ئێسقانەوە، خانەکان و چنراوەکان ناتوانن لە ناویان بەرن، بەڵکو چارە کردنێکی پزیشکی درێژ خایەنی ئەوێت، هەروەها شێرپەنجە توشی هیچ بەرگرێکی ناولەش نابێت، دومەڵ لەجۆری پاك یا پیس، لەسەر شێوە و ڕەنگی چنراوە لە ناو لەشا خۆی ئەشارێتەوە، لەش ناناسی و بەلەشێکی نامۆی نازانێ. زۆر جار ئەم برینانە لە ناو لەشی هەندێ کەسا پەیا ئەبێ، تا ماوەیێکی زۆر پێی نازانن، دەرکەوتنەکەیشی بە هۆی بەرپەرچ دانەوەی لەشەوە ڕوو نادات، بەڵکو بەهۆی زیان و ڕژتنی ژەهر و ئەو ئازارەوە ئەزانرێ کتوپڕ پەیا ئەبێ و ئەبێتە هۆی تێك و پێکدانی یەکێ لە ئۆرگانەکانی لەش، هەروەها نەخۆشی شێرپەنجە بە قیرسچمەیی پەرە ئەسێنێ، چونکە چنراوە و تیکەڵەکان توانای بەربەرەکانی خانەکانی شێرپەنجە یان نیە.

لەش لەکاتی نەخۆشیدا توشی جۆرە دۆخێ ئەبێ کە هیچ کات بە سەریا نەهاتووە، لەگەڵ ئەوەشا هەمیشە هەوڵ ئەدا بەگوێرەی ئەم بارۆدۆخە تازەیە، خۆی بگونجێنێت و هۆکاری نەخۆشیەکە لە ناو بەرێ و زیانەکانی لەش چاك بکاتەوە.

ئەگەر ئەم هێزەگونجاندنە نەبوایە، هیچ زیندەوەرێ نەیئەتوانی خۆی لە بەر هێرشەکان و زیانەکانی ئەم نەخۆشیانە راگرێ، هەمیشە بەرەو ڕووە لە گەڵ هێرشی ڤایرۆس و بەکتریا، هاوکار سەرنەکەوتنی پێکهاتەی ئامێری ئۆرگانی ئەو تۆخمانە لە ژمارە نایێن. بەڵام مانەوەی خەڵك بە تەواوی ئەکەوێتە سەر هێزی خۆگونجاندن، لەکاتێکا شارستانیەتی تازە بەیارمەتی زانیاری تەندروستی و هۆکاری خۆشگوزەرانی و خواردنی باش و ژیانی ناسك و نەخوشخانەی جۆراوجۆر وپزیشك و سیستەر، هەمیشە دەس بەکارە بۆ زۆرکردنی کەسانی لاواز بۆ ناو کۆمەڵگا و ئەو مرۆڤە لاوازانەش بەشدارن لەم ژیانە لاوازە دەسکردەدا.

بەراستی، پێویستە واز لەم جۆرە تەندروستیە دەسکردە بێنێن، و تەنها دوای تەندروستی سروشتی بکەوین، چونکە هەر ئەو بەرهەمی تەواوە بۆکارەکانی خۆگونجاندن کە بەرگرێکی سروشتی بە هێز ئەبەخشێ بە ئادەمیزاد بۆ بەربەرەکانی هەمو نەخوشیێك.

باسی هەشتەم

گونجاندنی ئۆرگانی دەرەکی، ئەکەوێتە سەر رێکخستنی بارودۆخی ناوەکی لەش و جۆری ئاڵوگۆڕی شوێنەوار، کە بەهۆی ئەو خۆکارانەوە ئەنجام ئەدرێ و بەرپرسیارن لە بە هێزکردنی چالاکی فەسیۆلۆجی و ئەقڵی ناو لەش و دابین کردنی تاکە کەسی لەش.

کرداری گونجاندنەکان کارێکی راستەقینەیە بۆ هەمو ئەو گۆڕانکاریانەی دەورەی ئادەمیزادیان داوە، ئەوکاتە ئادەمیزاد توانای راهاتنی ئەبێ لە گەڵ ئەوگۆڕانکاریانەی بەسەر جیهانی دەرەکیدا دێت، ئادەمیزاد پرکێشی هەمو ئەوگۆڕانکاریانە ئەکا کە لەدەورو بەریا رووئەدات، هەروەها زۆر ئاساییە هەمیشە کەش وهەوای دەرەوە، یان زۆر ساردترە لە پێستی مرۆڤ، یان زۆرگرمترە، لە گەڵ ئەوەیشا گەرمی ئەو تێکەڵانەی چنراوەیان داپۆشیوە، هەروەها گەرمی ئەو خوێنەی بەناو بۆریەکانا ئەگەڕێ، قەت ناگۆڕدرێ، ئەم دیاردەیە بریتیە لە کاری هەمیشەیی لەش، بەڵام بەگوێرەی پێویست، لەکاتی گەرمی کەش و هەوادا گەرمی لەش زیاد ئەکا، یان لەکاتی نەخۆشی و تا ئێ هاتنا، ئاڵوگۆڕی کیمیاوی لەشمان زیاتر چالاك ئەبێ، لەکاتێکا بۆ نمونە: توشی (تا) ئەبین و هەناسە خێراتر ئەبێ، بڕێکی زۆر ئاو لە بۆری هەناسەوە ئەبێ بە هەڵم و ئەبێ بە هۆی دابەزینی پلەی گەرمی خوێن لە سیەکانا، هەر لەوکاتەدا دەماری ژێر پێست ئەکشێت و رەنگی پێست سوور هەڵئەگەڕێ و خوێن ئەرژێتە سەر رووی پێست، هەرکە هەوای بەرکەوت فێنك ئەبێتەوە، بەڵام ئەگەر هەوا زۆرگەرم بوو، پێست لە کونە بچوکەکانیەوە ئارەق دەرئەدات و روی پێست فێنك ئەبێتەوە و ئەبێ بە هۆی نزم بوونەوەی پلەی گەرمی خوێن، ئەوکاتە ئامێری کۆدەمارەکان و ماسولکەکانی سەمبەساوی چالاکیەکانیان زیاتر ئەکەن و لێدانی دڵ خێراتر ئەبێت، بۆریە خوێنینەکان ئەکشێن، نەخۆش هەست بە تینویەتی ئەکا..هتد، بە پێچەوانەوە، ئەگەر پلەی هەوا دابەزی و دنیا سارد بوو، بۆری خوێنەکانی رووی پێست گرژ ئەبێت و پێست سپی هەڵئەگەڕێ، خوێن بە هێواشی بە ناو بۆریە موینەکانا هاتوچۆ ئەکات،

ئەگەڕێتەوە ناوگەڕانی خوێن، بەوە گەڕانەکەی خێراتر و ئاڵۆگۆڕە کیمیاویەکانی زیاتر ئەبن، بەو جۆرە بەربەرەکانی ناوەکی ئەکا وەکوکە بەربەرەکانی گەرما ئەکات بە هۆی گۆڕانکاری دەماری و خوێنی و خواردەمەنی لە ناو لەشا هەمو ئۆرگانەکان لەگەڵ پێست پارێزگاری چالاکیەکانی هەمیشەیی خۆیان ئەکەن، دژی سەرما وگەرما و روداوەکانی کەش و هەوا. کاتێ کە لەورۆژانی کەش و هەوا دوور ئەکەوینەوە،کردگارەکانی لەش بۆ رێك خستنی پلەی گەرمی و تفتی خوێن.. هتد،گرنگی نامێنێ. ئێمە ئامادەین بەرامبەر هەمو گۆڕانکارێکی نائاسایی، لەدەرەوەی لەشمانا روبدات، هەرچەندە کاریگەری گۆڕانکاریەکە، لە سەر ئامێزەکانی هەستمان بەهێز یان لاواز بێت، کاریگەرێکی ئەوتۆی نابێ. تیشکی رۆژی بە هێز مەترسیدارە، تەنانەت ئادەمیزادی سەرەتایی بە هۆی ئەقڵی سروشتیەوە خۆیان لێ ئەپاراست. لە ناو لەشا چەندین کرداری میکانیکی هەیە بۆ پاراستنی لەش لە تیشکی رۆژ، پێڵو، چاو ئەپارێزێ، برۆکان رەشێنە ئەپارێزن لە کەمو زۆری روناکی، لە هەمان کاتا تۆڕی چاو هەستەکەی خۆی کەم ئەکاتەوە. هەروەها پێست لەش ئەپارێزێ لە چونە ژورەوەی تیشکی رۆی بەهێز بۆ ناو لەش، بەوەی مادەیێکی رەنگاورەنگ ئەرژێنیتە سەر پێست. کاتێ ئەم پاریزگاریە سروشتیانە بەشی نەکرد بۆ پاراستنی لەش، تۆڕی چاو و پێست توشی زیان ئەبن، هەروەها تیشکی رۆژی بەهێز، ئەبێ بە هۆی تێکچونی ریخۆڵەکان وکۆئەندامی دەماری، لەوانەیە نزم بونەوەی کاری بەرپەرچدانەوە لەئامێزی کۆئەندامی دەماریەکانا هەر بەهۆی تیشکی زۆژەوە ڕوبدات. ئەبێ لەبیرمان نەچێت، ئەسکەندناڤیەکان خەڵکانێکی زۆر پێشکەوتوو و لەرەگەزی سپین، لە چەند جیلێ لەوە پێشەوە، لە وڵاتێکا ژیاون زۆربەی رۆژەکان، لە سااڵ کەم روناکی بووە، هەروەها دانیشتوانی باکوری فەرەنسە لە زۆر لە خەڵکانی قەراخ دەریای سپی ناوەند پێشکەوتوترن. بەڵام ڕەگەزە دواکەوتوەکان بە گشتی لە شوێنێکا جێ نشین ئەبن روناکی تێدا زۆر بە هێز بێ وپلەی گەرماکەی بەرز بێت، لەمە وا دەرئەکەوێ، کە راهاتنی رەگەزی سپی لە گەڵ هێزی روناکی وگەرمیدا، ئەکەوێتە سەر مێشك و نەشونمای ئەقڵی، بێجگە لە تیشکی روناکی، ئامێزی کۆ ئەندامی دەماری پێشوازی لە گەڵ هۆکاری ئاڵۆزی جیهانی گەردوون ئەکا، ئەمانە هەندێ کات بە هێز و هەندێ کات کزن، ئەتوانین ئادەمیزاد بەراورد بکەین بە شاشەیێکی فۆتۆگرافی هەستیار، جۆراوجۆر پلەی روناکی بەهەمان شێوە تۆمار ئەکا، وە کاریگەری روناکی لە سەر ئەو شاشەیە بە هۆی پەردەیێکی دیاری کراو، رێك ئەخرێ وکاریگەرێکی دیاریکراوی بۆدابین

کراوە. بەڵام لەش شێوەیێکی تر بە کاردێنێ بەوەی خۆی رادێنێ لە گەڵ ئەو رۆناکیە جۆراوجۆرانە هێزی بەربەرەکانی خۆی زیاتر ئەکا، یان کەمتری ئەکاتەوە، ئاشکرایە تۆڕی چاو،کانی روناکی بەهێز لێیئەدا هەستەکەی کەم ئەکاتەوە، هەر بەو جۆرە پەردە لینجەی لوت، تا دوای ماوەیێکی کەم هەست بە بۆنی ناخۆش ناکا، ئەگەر دەنگێکی زۆر و توند بە جۆرێکی هەمیشەیی و لە سەر یەك شێوە روو بدات ئەبێتە هۆی پەس کردنی خەڵك، هەروەها دەنگی شەپۆلەکانی دەریا،کاتێ بەر بەردەکانی قەراغ دەریا ئەکەوێ، یا دەنگی شووتی شەمەنەفەر خەو ئەزڕێنێ، ئێمە بە شێوەیێکی تایبەتی سەیری جیاوازی پەس بون ئەکەین،(وێبر) وا بیر ئەکاتەوە کاتێ دەنگێکی گەورەی ئاگادارکەرەوە بخرێتە دوای/ دوا بە دوای ئەندازەیی/(متوالی هندسیة) ، هەستیاری تەنها دوا بە دوای ژمارەکە زیاد ئەکات. هێزی زیاد کردنی هەست زۆرکەمتر لە خێرایی شتە پەس کەرەکە. ئێمە بەهێزی دەنگە زلەکە، پەس نابین، بەڵکو بەو جۆرە هێزانەی، یەك لە سەر یەکن، پەس ئەبین، ئەم کردارە خۆکارانە زۆر بە باشی پارێزگاری ئامێری مێشکمان ئەکات، بەڵام لە گەڵ ئەوەی یاسای (وێبر) بە تەواوی ئاشکراو روون نەبو، تا سنورێ بە شێوەیێکی نزیك بونەوە باسی ئەکات، بەڵام کرداری گونجاندنی خۆکاری کۆئەندامەکانمان وەکو ئامێری ئۆرگانەکانی تر نەشونما ناکات. شارستانیەت ئاگاداری کردینەوە، هۆکاری وامان نیە بە هۆیەوە بەرگری لە خۆمان بکەین و مێشکمان لە زیانی ئەو ئاگادارکردنەوانە و ئەو دەنگە ناسازانە بە دوور بگرین، لە گەڵ ئەوەشا، لەشمان هەوڵ ئەدا خۆی لە گەڵ هەمو جۆرە شتێکی پەست کەر لە شارە گەورەکان وکارگەکانا رابێنێ، هەروەها لە گەڵ هۆکارە وروژێنەرەکانی ژیانی تازە و دڵەکوتێ و زۆر بوونی ژمارەی خەڵك لەم رۆژانەدا. ئێمە فێری کەم نوستن نین، هەروەها ناتوانین بەربەرەکانی بڵاو بونەوەی مادە سڕکەرەکان بکەین وەکو تریاك وکۆکایین ..هتد، زۆر سەیرە ئێمە خۆمان لە گەڵ ئەم هەمو جۆرە ناگوزێریانە راهێناوە، بەبێ ئەوەی گلەیی بکەین. بەڵام ئەم خۆراهێنانە، یا خۆرێکخستنە، زۆر دوورە لەخۆ رێکخستنێکی راستەقینە و سەرکەوتووی وا، ئەنجامەکەی ببێتە هۆی رووداتی گۆڕانکارێکی ئۆرگانی و ئەقڵی و بەرامبەر بێ لەگەڵ روخانی خەڵکانی شارستانی تازەدا.

باسی نۆیەم

ئەتوانین هەر بەگۆڕانجاندن(تنسیق) رێکخستنی هەمیشەیی لە لەش و هەستماندا، دروستبکەین، بەم شێوەیە شوێنەوار کۆمەڵگا لەگەڵ خۆیا رادێنێ، کاتی شوێنەوار بۆ ماوەیێکی درێژکاریگەری خۆی ئەخاتە سەر گەنجەکان، بە یەکجاری لەگەڵ شوێنەوارەکەیانا را دێن، بەو شێوەیە لایەنی پێکهاتەیی و ئەقڵی تازە لە خەڵکا دیاری ئەدا، تەنانەت لە بواری جنسیشا، چونکە وا دیارە شوێنەوار بەرە بەرە کاریگەری ئەکاتە سەر خانەکان و سەر لووی جنسیی، ئەم جۆرە گۆڕانە دیارەکە سکماکیە. بە راستی مرۆڤ رەوشتە تایبەتیە وەدەس هاتوەکانی ناگوێزێتەوە بۆ نەوەکانی، بەڵام کاتێ شوێنەوار تێکەڵەی ژیانی مرۆڤێ ئەگۆڕێ، بێشك چنراوە جنسیەکەی خۆیشی، بە گوێرەی ئەوگۆڕانکاریە ئەگونجێنێ، بۆ نمونە: رووکی وڵاتی نۆرماندیا و درەختەکانی و ئاژەڵەکانی زۆر جیاوازن، لەوانەی لەوە پێشی باوو باپیرانیان لە بەریتانیا، ئەوان رەوشتێکی زەمینەی تایبەتییان هەڵگرتبوو، چونکە خواردنی دانیشتوی لاد یێکی زەمانی زوو، بریتی بووە لە بەرهەمی شوێنەکەی کە بارو دۆخی دانیشتوەکانی، زۆر جیاوازی هەبوە لەگەڵ شوێنەکانی تری ئێستە.

با ئێمە وردبینەوە لە خۆ راهێنانی ئاژەڵ لە بارەی برسیەتی و تونیەتیەوە، مەڕو مااڵتی دەشتی ئەریزۆنا ئەتوانن، سێ چوار رۆژ بە تونیەتی خۆی راگرێ. سەگ تەنها حەفتەی دوو جار خواردنی ئەدرێێ، لەگەڵ ئەوەیشا لەو پەڕی تەندروستی وچاخیدایە، ئەو ئاژەڵانەی کە درەنگ ئاو ئەخۆنەوە، چنراوەکانی خۆیان وا راهێناوە لە ناو لەشی خۆیا ئاوێکی زۆرپاشە کەوت بکەن بۆ چەند رۆژ، هەروەها ئەو ئاژەڵانەی درەنگ خواردن ئەخۆن، خۆیان وا را ئەهێنن، لە ماوەی یەك دوو رۆژی حەفتەکەدا، برێکی زۆر خواردن بخۆن،کە بەشی رۆژەکانی تری ئەو حەفتەیە بکات. هەر بەوجۆرە لەبارەی نوستنەوە، ئەتوانین بە جۆرێ خۆمان رابێنین،کە بەێ

نۆستن، یان جار بە جارێ کەمێ نوستن کارەکانی خۆمان ئەنجام بدەین، دوای تەواوکردنی کارەکان، ئینجا تێر بنوین.

ئێمە زۆر بە ئاسایی خۆمان لە زۆر خۆری و زۆر خواردنەوەدا نوقم ئەکەین، ئەگەر منالێ ناچاری زۆر خواردن بکەین، ئەو منالە زۆر زوو فێری زۆر خۆری ئەبێ، لە دوای ماوەیەک زۆر قەڵەو و قورس ئەبێ و ناتوانێ وازی لێ بێنی، تا ئێستە زانیاری نەیتوانیوە لە دەرئەنجامەکانی ئۆرگانی و ئەقڵی کرداری زۆرخواردن بگات، بەڵام وا دیارە کە دەرئەنجامی زانینەکەی لە شێوەی قەبارە و درێژی لەش وکزی چالاکی گشتی ئەو زۆرخۆرەدا خۆی ئەبینێتەوە، هەروەها دیاردەیەکی تری هاو جۆرکە لە کەرۆشکی کێوی دا روو ئەدات، کاتێ کە ئەیکەن بە کەرۆشکی ماڵی. لە گەڵ ئەوەیشا، بە تەواوەتی ساغ نەبوەتەوە،کە خوو و رەوشتی ژیانێکی تازەی تایبەتی هەبێ، کە بتوانێ ئادەمیزاد بباتە ئەو پەڕی لوتکەی نەشونما، بەڵام ئەم ژیانە تازەی ئێستە، لە بەرئاسانی وخۆشی، خۆی لە گەڵ خەڵکا راهێنا، کەلە راستیدا جیاوازیێکی زۆری هەیە لە گەڵ شێوەی ژیانی باوو باپیران و لە گەڵ ئەوکۆمەڵە ئادەمیزادانەی تا ئێستەش بەربەرەکانی شارستانی پیشە سازی ئەکەن، ئێمەش تا ئێستە نازانین ئەوانە، لە ئێمە باشترن یان خراپ تر؟

ئادەمیزاد لەناوچەی هێڵە پانە بەرزەکانا، خۆی رائەهێنێ وگۆڕانکاری دیاریکراو بۆ راهاتن لە گەڵ ئەو شوێنەدا لە خۆین و ئامێزە خوێنەکانی هەناسە و قەبارە و ئۆرگانەکانیا روو ئەدات. هەروەها خرۆکە سورەکانی خوێنیش لەگەڵ پلەی گەرمی ئەوێدا هاوکارن وکرداری خیرایی راهاتن لە نێوانیاندا پەیا ئەبێت. ئەو سەربازانەی نێردران بۆ سەر لوتکەی شاخی ئەڵپ، لە چەند حەفتەیێکا، توانییان بڕۆن و بە سەریا سەرکەون، وە چالاکیەکانیان لەسەر لوتکەی شاخەکە زۆر بە باشی ئەنجام ئەدا و وەکو خوار شاخەکە لایان ئاسان بوو، چونکە لەکاتی سەرمای زۆر سەختا، پێست بڕێکی زۆر مادەی رەنگاو ڕەنگ دەر ئەدات، کە وەکو بەرگێکی پارێزەر وایە بۆ زیانی بەفر و سەرما، ئەگەر ماوەی چەند مانگێ لە سەر شاخەکە بمێننەوە، قەفەسەی سنگ و ماسولکە بەئاشکرا نەشونما ئەکەن، وەئامێزە ماسولکەکان رادێن لەسەر ئەو هەوڵدانە قورسە،کە

ژیانی ئەو شوێنە پێویستیەتی. شێوەی لەش ئەگۆردرێ، وە گەڕانی خوێن و ئیشی دڵ خۆیان را دێنن لە سەر ئەو ژیانە هەمیشەییەی کە ئەو شوێنە داوای ئەکات، وەکرداری یاسای خوێن بە گوێرەی ئەوکەش و هەوایە خۆی ئەسازێنی. لەش فێر ئەبێ کە چۆن بەربەرەکانی سەرما بکات و خۆراگر ئەبێ لە بەر دەم گۆڕانکاریەکانی کەش و هەوادا. کاتی دانیشتوانی سەر شاخەکان دێنە خوارەوە بۆ دەشتاییەکان،

ژمارەی خرۆکە سپیەکانی خوێنیان ئاسایی ئەبێتەوە، بەڵام ئامادە بوون قەفەسەی سنگ وسیەکان و دڵ و بۆریەکانی خوێن لە کەش و هەوای فێنکا، بۆ کاریگەری سەرما و هەوا سەختەکان بۆ سەرکەوتنە سەرشاخ هەمو رۆژێ، نیشانەیێکی هەتا هەتایی لە سەرلەش جێ ئەهێڵن. هەر بەو جۆرە چالاکی ئۆرگانی زۆر و لە سنور بەدەر،گۆڕانکاری هەمیشەییمان تێدا دروست ئەکات، بۆ نمونە: گالەوەڕێنەکانی ئەمەریکا/کاوبۆی/ هێز و بەرگری و لەش سوکێیکی ئەوەندە زۆر زوو وە دەس دێنن،کە زۆر زیاترە لە هی ئەو وەرزشکارانەی، لە ناو ژیانی حەسانەوە و هۆکارە خزمەتگوزاریەکانی زانکۆکانیان پەروەردە کراون، کە بە هیچ جۆرێ ئەو توانایانەیان تێدا بە دی ناگرێت، هەروەها لە بارەی بەهرەی ئەقڵیەوە، ئادەمیزاد ئەگەر بۆ پەرە پێدانی ئەقڵی، خۆی زۆر ماندووکرد، ئەوشتە هەمیشە ئەمێنێ و نافەوتێ، ئەگەر چی ئەو جۆرە چالاکیانە دەگمەنە، بە تایبەتی لەم بارودۆخە میکانیکیەی ئێستە ئەسەپێنرێ بە سەرکۆمەڵگادا، بەڵام لەوانەیە لە ناو کۆمەڵە بچوکەکانا ئەو راهێنە ئەقڵیانە سەرکەوتو بێت، وەکو چۆن لە ناو تەلەبە باشەکانی (باستیر) کە باشترین نمونەی ئەقڵی تێدا خولقاندن، ویستی زانیاری تەواوی تێدا وروژاندن. هەروەها ئەوگەنجانەی لە دەوری (ولش) کۆ ببونەوە لە کاتی ژیانی زانیاریەکەیدا لە زانکۆی /جۆن هوپکنس/ بە درێژایی هەمو تەمەن، یارمەتی پێشکەش کردن، پلەی بەرزیان لە یاسای ئەقڵدا وەدەس هێنا، بە تایبەتی لەو مادەی کە ولش سەر پەرشتی تێدا ئەکرد.

بەڵام لێرەدا لایەنێکی تری چەواشە کردن هەیە، خاوەن ناو بانگێکی کەمتر، بۆ راهێنانی چالاکی ئۆرگانی و ئەقڵی سەر بە شوێنەوار، بریتیە لە راهاتنی لەش لە گەڵ ئەو مادە کیمیاویانەی

ناو خواردن، ئێمە ئەزانین ئەو شوێنەی مادەی کالسیۆم لە ئاوەکەیا بێت، قەبارەی دانیشتوان زۆر قەڵەو و قورس ئەبێ ، بە پێچەوانەی ئەو شوێنانەی ئاوەکەی پاك و روون بێت، هەروەها ئەزانین ئەوکەسانەی خواردەمەنیەکانیان بریتیە لە شیر وهێلکە و سەوزە و دانەوێلە، جیاوازن لەوانەی خواردەمەنیاکانیان بریتیە لە گۆشتی چەور و قەیماخ و رۆن، چونکە مادەی زۆر چەور،کاریگەری ئەکاتە سە قەبارەو شێوەی لەش و هەستەکان و زیانکارییان تێدا دروست ئەکا. بەڵام ئێمە لە چونیەتی ئالیاتی ئەم گۆڕێنە نازانین، لەوانەیە لووی ئەندوکرین و کۆئەندامی دەمارەکان بە گوێرەی جۆری خواردنەکانی، گۆڕانکارییان تێدا روو بدات، چالاکیەکانی ئەقڵی لەوانەیە بە گوێرەی پێکهاتەی چنراوەکان جیاوازی تێدا روو بدات، بە راستی ئەوە ئەقڵ نیە، ئێمە کوێرانە دوای قسەی پزیشکەکان و زانا خواردەمەنیە خاوەن خۆ بە ئاقڵ زانەکان بکەوین، بە هۆی ئەوەی گوێا پسپۆرن، ئەویش لە یەك لایەن لەشی مرۆڤا. ئەگەرچی پێشکەوتنی ئادەمیزاد، لە زڵی و قەڵەوی و تەمەن درێژەوە سەر چاوە ناگرێت. وا دەرئەکەوێ ئالیاتی خۆکارەکانی راهاتنی ناو لەش، ئۆرگانەکان ئاگاداری ئیشەکانیان ئەکەنەوە، رودانی گۆڕانکارێکی کاتی لە کەش و هەوادا بە کەڵکە بۆکەسانی کەمێ نەخوش و لاواز، هەروەها هەندێ گۆڕانکاری لە شێوەی ژیان و خواردن و نوستن و نیشتەجێ دوبارە کەڵکی هەیە، گونجانی مرۆڤ لە گەڵ بارودۆخی ژیانی تازەی ئەبێتە هۆی زیاد کردنی چالاکی کرداری فەسیۆلۆجی و ئەقڵی بۆ ماوەیێکی کاتی، و پلەی ئەوگونجاندنە ئەکەوێتە سەرجۆری هۆکاری یاسای کاتی(زمن) فەسیۆلۆجی.

منڵ زوو لەگەڵ گۆڕانی کەش و هەوادا رادێت، بەڵام گەنجەکان کەمێ درەنگتر رادێن، بۆ ئەوەی دەرئەنجام هەمیشەیی بێت، پێویستە کە ماوەی کاریگەری شوێنەوارەکە درێژتر بێت. شارستانیەتی وخو و رەوشتی تازە، ئەتوانێ گۆڕانکاری راهاتنی یەکجاری لە قوناغی گەنجیدا بچەسپێنێ، لە بەر ئەوە ئەو ماوە سەربازیەی(اجباری) کە ئەسەپێنرێ بە سەرگەنجەکانا و راهاتن لە گەڵ مەشق وکارە سەختەکانیا ئەبێتە هۆی بە هێز بونی لەش، چونکە جۆرێ لە ژیانی تازە ئەسەپێنرێ بە سەریانا، کە بریتیە لە ژیانێکی پڕ لە ماندویەتی وکاری زۆر و زیاد بونی

بەرپرسیاری، چالاکی ئەقڵ و چاو نەترسی یاسایێکی تایبەتی ئەدا بەوکەسانەی کە نەیان بووە، یان نەیان ماوە. پێویستە خو و ڕەوشتی ناسك و تەمەڵی و خاوو خلیچکی قوتابخانە و زانکۆ، بگۆڕین بە ژیانێکی پڕ لە بیاوەتی و ئازایەتی و چاو نەترسی.

ڕاهێنانی مرۆڤ لە سەر یاسای فەسیۆلۆجی وئەقڵی و ڕۆشنبیری،گۆڕانکاری هەمیشەیی ئەنێژێ لە ئامێری(کۆئەندامەکان و لووی ئەندۆکرین و ئەقڵدا، بەم شێوە، لەش تەواوێکی باشتر وەدەس دێنێ، لە گەڵ هێزێکی گەورە و توانایێکی زۆر، بۆ سەرکەوتن بە سەر تەنگ و چەڵەمەکان و مەترسیەکانی ژیانا.



باسی دەیەم

ئادەمیزاد ناچارە خۆی لە گەڵ شوێنەواری کۆمەڵایەتی و هەر بەو جۆرەش لە گەڵ شوێنەواری سروشتیدا رابێنێ. چالاکی ئەقڵی وەکو چالاکی فەسیۆلۆجی بە باشترین شێوە بەرەوگۆڕانداڕ دامەزرانی لەش ئەروات،

هەر دوکیان بریاری راهێنان لەگەڵ بارودۆخی دەور و بەری خۆیان ئەدەن. ئاسایە مرۆڤ بەپێ هەوڵدان ناگاتە ئەوشوێنەی لە ناوکۆمەڵگادا حەز ئەکات دەسی کەوێ، هەموکەسێ حەز لە دەوڵەمەن و زانیاری و هێز و خۆش گوزەرانی و هەمیشە بە گوێرەی ڕەوشت و ئارەزو، بۆ شەهەواتی جنسی، هەوڵ ئەدات، بەڵام هەمیشە خۆی لە شوێنەوارێکا ئەدۆزێتەوەکە ئاوڕی لێ نادەنەوە، جاری وایە دژیشی ئەوەستێ. لە پاش ماوەیێ دور یا نزیك تێ ئەگات پێویستە هەوڵبدات بۆ ئەو مەرامەی ئەیەوێ بیگاتێ، وە بەرپەرچ دانەوەکەی بۆ بارودۆخی ئەو کۆمەڵایەتیەی دەوری داوە، ئەکەوێتە سەر پێکهاتەی ئەوکەسەی بۆی ئەلوێ بەسەر ئەوکێشەیەدا سەرکەوێ، هەندێکی تر را ئەکەن لە دەسی.

بەشێکی تر، یاساکەی ڕەت ئەکاتەوە و وەری ناگرێ. بەڵام هەڵوێستی مرۆڤی ئاسایی بەرامبەر هاو ڕەگەزەکانی خۆی ، بریتیە لە هەڵوێستێکی هەوڵ دان و تێکۆشان، وەڵامی هەستی دژایەتی بە هەمان شێوە ئەداتەوە، ئەوکاتە زیرەکی و ئەقڵ پەرە ئەسێنێ و هەوڵی فێربوون زانیاری نەشونما ئەداتە دەس ویستی کار و بوون دەستەڵات، هەستی خۆشەویستی بە گوێرەی خاوەنەکانی پەرە ئەسێنی و هەر یەکە بە گوێرەی زروفی خۆی و بە هۆی ئەو هەستەوە، خۆبەخت کردنەکانی (مغامرات) دەرئەکەوێ. ئەوەی پاڵی نا بە (باستیر) ەوە زانیاری پزیشکی چاك بکا و تازەی کاتەوە و هاندانی مۆسۆلینی بۆ دروست کردنی کۆمەڵگایێکی گەورە و ئەنیشتاین بۆ دروست کردنی جیهان،کەچی بە داخەوە هەر هەمان ڕوحە ئەپێ بە توخمی هاندان بۆ ئەوەی مرۆڤی ڕۆشنبیر دزی بکات و پیاو بکوژێ.

هەروەها بۆکارکردن لە پرۆژەی دارایی و ئابۆری بۆ پێشکەوتنی شارستانیەت و ئەپێ بە هۆی دروست کردنی نەخۆشخانە و زانکۆ و کارگە و پەرستگا، خەڵك هان ئەدا بۆ دەوڵەمەندی و بۆ مردنیش، هەرەها بۆ ئازایەتی و تاوان، بەڵام قەت هانیان نادا بۆ خۆشبەختی.

شێوەی راهێنانی (تنسیق) هەندێکی تر راکردنە، هەندێ کەس واز لە تێکۆشان دێنی نزم ئەبێتەوە بۆ ریزی کۆمەڵایەتی کە لەوێدا تێکۆشانی تێدا ووونە، ئەبێ بەکرێکار لە کارگەکانا، هەندێکی تریان ئەچنەوە ناو خۆیان و لە هەمان کاتیشا هەوڵ ئەدەن ریز ببەستن بۆ چونە ناو کۆمەڵایەتی، هەندێ جار سەر ئەکەون بە بێ ئەوەی توندی و تیژی بەکار بێنن، ئەوانە تەنها بە روالەت لە کۆمەڵگادا ئەندامن ، چونکە لە ناو جیهانێکی تایبەتی خۆیانا ئەژین، هەندێکی تریش زرۆفی دەور وبەری خۆیان لە بیر ئەچێتەوە و ناچار ئەبن بە بێ راوەستان کار بکەن هەمیشە ئامادەن بۆ هەمو رووداێ.

ئەو ژنەی منالەکەی ئەمرێ و ناچارە ئاگاداری منالەکانی تری بکا، کاتی ئەوەی نیە بیر لە خەم و خەفەتی خۆی بکاتەوە. ئیش کردن بۆ یارمەتی خەڵك زۆرکاریگەرترە لە تریاك و مۆرفین، بۆ خۆڕاگرتنیان بەرامبەر بەکارە پێچەوانەکان، هەندێ کەسی تر هەن ژیانیان تەرخان کردووە بۆ خەو بینین و بیرکردنەوە لە دەس کەوتنی سامان و تەندروستی و خوش بەختی، بەڵام با ئەوەش بزانین هیواو ئەندێشە هۆکارێکی بە هێزن بۆکرداری راهاتن، و هیوا گەیاندەری کارە، بە شێوەیێکی بە هێز بەشداری ئەکا لە گونجاندنی مرۆڤ لە گەڵ زرۆفی ناجۆرا، ئەمە لایێکە لە لایەکانی تری راهێنان، لە بەرئەوە خەم و خەفەت زووتر لە خۆشی لە بیر ئەچێتەوە، بەڵام تەمەڵی و بێکارەیی زیاتر ماندومان ئەکات و ئازارمان ئەدات.

زۆر کەس هەیە بە هیچ جۆرێ لای خۆیان و لای کۆمەڵگاکەیان سەرکەوتو نین، تەنانەت لە گەڵ بێئەقڵەکانیشا ناگونجێن، ئەوانە لە ناو کۆمەڵگای تازەدا جێیان نابێتەوە، مەگەر لە ناو دامەزراوەی تایبەتیدا، هەندێ منالی ئاسایی لەخیزانی خراپ و تاوان بار لە دایك ئەبن و لە قاڵبێکی تایبەتیدا و لەو زرۆفەدا و لە ناو ئەو خێزانانەدا گەورە ئەبن، لە دواییدا بە هیچ جۆرێ لە گەڵ ژیانی ئاساییدا ناگونجێن، کۆمەڵێکی گەورە لە دز و تاوان بار پێك دێنن و لە ناو بەندیخانەکانا یەك ئەگرنەوە، ئەم جۆرە کەسانە دەرئەنجامێکی نەگبەتی خراپەکاری فەسیۆلۆجی و ئەقڵین، شارستانیەتی پیشەسازی هێناوێ. بەڵام خەتای خۆیشیان نیە، هەر وەها ئەوگەنجانەی لە قوتابخانە تازەکاندا لە ژێر دەستی ئەو مامۆستایانە پێ ئەگەن نازانن پێویستی تێکۆشان چیە؟ و بیر کردنەوەی ئەقڵی و یاسایی وێژەیی بەری بە کوێوەیە، کاتێ ئەم جۆرە قوتابیانە گەورە ئەبن و ئەبن بە پیاو و بە ژن، ژیان لابەلایی بە سەر ئەبەن وگوێ نادەنە هیچ جۆرە هۆکارێکی پێشکەوتوانە، بە دەس ماندوێیەتی مادی و ئەقڵیەوە گێژئەبن، ئەوکاتە بە دوای پشو و پاراستن و

پارانەوەدا ئەگەڕێن بژین، کاتێ ئەو شتانەیان دەس ناکەوێ، بە هۆی تاوان و دزی، وەدەستێ دێنن، تەنانەت ئەگەر خاوەنی هێزی ماسولکەش بن، لە بەر پەرج دانەوەی ئەقڵ و وێژە ناهومێد و بێ بەشن، توشی تەنگانەش ئەبن، داوای خواردن و جێ و شوێن لە دایك و باوکیان و لە کەسانی تر ئەکەن، ئەوانە کەسانێکن تەمەڵ و نەگبەت و تاوان بار، بە کەڵکی ئەوە ناشێن لە ناوکۆمەڵگای تازەدا شوێنیان هەبێت.

جۆرەها شێوە ژیانی تازەی دیاریکراو هەیە کۆمەڵگا بەرەو نەمان ئەبات، هەروەها زۆر بارودۆخی کۆمەڵایەتی هەیە وەکو محۆرکە و شێ، ڕەگەزی سپی لە ناو ئەبەن، ئێمە وەڵامی هەژاری و دڵتەنگی وخەم بە کارکردن و تێکۆشان ئەدەینەوە. ئەتوانین بەرگەی یاخی بوون و شۆڕش و جەنگ بگرین، بەڵام ناتوانین لە گەڵ بێ شانسی و فشەڵی، سەرکەوتوبین. هەژاری خۆکرد، گەل و مرۆڤ لاواز ئەکات، دەوڵەمەندیش هەر بە هەمان شێوە مەترسیدارە، بەڵام لە گەڵ ئەوەیشا، هێشتا زۆر بنەماڵە هەیە پارێزگاری لە بوونی خۆی ئەکات بۆ ماوەی چەند سەدەیێ دەوڵەمەن و ڕێز و بەرژەوەندی خۆی ئەپارێزێ.

دەوڵەمەن و سەروەت و هێز لە زەمانی زوودا، بە هۆی زەوی و زارەوە دەس ئەکەوت، لەو کاتانەدا دەسکەوتێ زەوی و باخ و باخات هەوڵێکی زۆر و هێزێکی تەواوی ویستووە، کارمەندیەتی لە بەرێوە بردنی ئەو سەروەتە و ئەو تێکۆشانە پتەوە و ئەو سەرپەرشتیە، بێشك ئەو سامانە لە فەوتان دوور ئەخاتەوە، بەڵام ئەمرۆ دەوڵەمەن و سامان بەرپرسیاری لە گەڵ خۆی ناهێنێ بۆکۆمەڵگا. وە بەرپرسیار نەبون تەنانەت لە کاتی نەبوونی سامانا،کارێکی مەترسیدارە، بێ ئیشی بۆ دەوڵەمەن و بۆ هەژار، فەوتانی کۆمەڵگای بە دواوەیە.

هەروەها سینما و ئاهەنگی مۆسیقاو ڕادیۆ و ئۆتۆمبیل و یاریە وەرزشیەکان هیچیان شوێنی کاری ئەقڵ پڕ ناکەنەوە و بە چالاکی ئەقڵ دانانرێن.

ئێمە زۆر دورین لەوەی بتوانین ئەم چەڵەمە کاتیانە لا بەرین، وەکو تەمەڵی و ئەو هۆکارانە، فشەڵی و ئامێرە تازەکان و بێکاری دروستیان کردووە. شارستانی زانیاری، بە هۆی ئەو بێکاریەی سەپاندویەتی بەسەر خەڵکدا، بووە بەهۆی پیادە کردنی زۆر لەناجۆریەکان، لەبەرئەوە ئێمە ناتوانین دەرئەنجامی تەمەڵی و بەرپرسیار نەبوون لە ناو بەرین، هەر وەکو ناتوانین شێرپەنجە و شێتی لەناوبەرین.

باسی یانزەیەم

کاتێ چنراوە و تێکەڵەکان هەڵوێستیکی تازە وەرئەگرن،کارەکانی راهێنان بە گوێرەی ئەو هەڵوێستانە گۆرانکاری تازە ئەنجام ئەدەن، بەڵام ئەوە بۆ هیچ ئامێرێکێ ئۆرگانی گۆڕانکارێکی تایبەتی نیە، بەڵکو تەنها بریتیە لەدوا دەرئەنجام، ئەگەرچی هۆکارەکانی جیاوازە، بەڵام هەریەك مەبەسە، ئەو مەبەسەش مانەوەی مرۆڤە لە ژیانا.

ئەگەر سەیری لای جیاوازی و تەنیایی راهێنان بکەین و وورد بینەوە، وا دێتە پێش چاو هۆکارێکە بۆ مانەوە و چاك کردنەوەی ئۆرگان، هەروەها هۆزێکی بە کارە بۆ رێك خستنی ئەندام لە رێگای کارەکەیەوە، وە بریتیە لە ئەڵقەیێکی تەواوکەری چنراوە و تێکەڵەکان و هەمویان ئەخاتە کار، لەگەڵ ئەو هەمو هێزشە جیهانیەی دەرەوەیش بۆ سەر لەش، وەکو یەك پارچە وایە، بێشك تاریف کردنەکەی بەم شێوەیە تاریفی رەوشتە تایبەتیەکانی ئاسان ئەکات، لەراستیدا راهێنان بریتیە لە لاییك لە هەموکردارەکانی فسیۆلۆجی و توخمەکانی و بریتین لە سروشتی- کیمیاوی کاتێ هاوکێشەی ئۆرگانێکی ناو لەش رێك ئەبێت، هۆکارێ پەیا ئەبێت کە ئەو هاو کێشەیە رێك بکات بەرپەرچ دانەوەیێك دژی ئەو هۆکارەدروست ئەبێت، بۆنمونە: ئەگەر شەکر لەناو ئاوێکدا بتوێننەوە پلەی گەرمی دائەبەزێت، کەم بونەوەی پلەی گەرما توانای توانەوەی شەکرەکە کەم ئەکاتەوە، ئەمە خۆی یاسای (لوشاتلییە) یە، لەکاتێ

بە کارهێنانی ماسولکە بۆ پرۆڤەیێکی قورس، ئەبێتە هۆی زیاد کردنێکی زۆر لە بڕی خوێنی ناو ئەو دەمارە خوێن هێنەرانەی ئەڕژێتە ناو دڵ، ئەم کارە بە هۆی ماسۆلکەکانی گوێچکە بچکۆلەی راست ئەگاتە کۆئەندامی سەرەکی دەمارەکان و خێرا بریاری خێراکردنی لێدانی دڵ ئەدات، بەوە خوێنە زیادەکەی بە خوێن بەرەکانا تێپەر ئەبێ. یاسایێکی تر هەیە وەکو یاسای لۆشاتلییە وایە، بریتیە لە راهێنانێکی فەسیۆلۆجی لە شێوەی یەکەما بە هۆی هۆکاری سروشتیەوە پارێزگاری هاوکێشە ئەکا. لە شێوەی دووەما، دۆخە هەمیشەییەکان جێگیر(ثابت) ئەبن، بە

هۆی یارمەتی پێکهاتەی فەسیۆلۆجیەوە هاوکێشە نابن، ئەگەر لە جیاتی خوێن، چنراوە هاوکێشە بوو، لە شێوەکەیا دیاردەیێکی وەك ئەو روو ئەدات.

بڕینی پارچەیێك لە پێست بەڕەچ دانەوەیێکی ڕەتکردنەوە دروست ئەکا، ئەبێ بەهۆی ڕێك خستنەوەی لووەکان بەهۆی ئامێزە پێچەوانەکانەوە، لەهەر دوو دۆخەدکەدا خوێنە زیادیەکەی ناو خوێنبەرەکان و بریندکە، ئەم دوو هۆکارە ئەیانەوێ هاوسەنگی لەبارودۆخی لەشا دروستکەن، هەروەها ئەم دوو هۆکارە بەهۆی پەیوەندی کرداری فەسیۆلۆجی، لە شێوەی یەکەما ئەبێتە هۆی زیادبوونی لێدانی دڵ، لە شێوەی دووەما ئەبێتە هۆی سارێژ بوونی برین، هەرچەندە ماسولکە زیاتر بە کار بێنرێت ئەوەندە زیاتر بەهێزئەبێ، چونکە چالاکی لەجیاتی ماسولکەکان کۆن بکا یان بیان سوێنێ، زیاتر بەهێز و، چالاکیەکانی تارە ئەبێتەوە، ئاشکرایە هەر ئامێزێ لە لەشا بەکارنەهێنرێ و کاری پێ نەکرێ، ئەپوکێتەوە،کارەکانی فسیۆلۆجی- ئەقڵی بە ئیش کردن نەشونما ئەکات و ئەگاتە لوتکە، هەر بەو جۆرە ئەقڵ و هەستەکان وەك ئەندامەکانی لەش، بە، بەکار هێنان بە هێز ئەبن، ئەگینا ئەوانیش ئەکوژێنەوە، بەمەدا بۆمان دەرئەکەوێ، یاسای تێکۆشان وکارکردن بۆ ژیانی مرۆڤ،گرنگترە لەراگرتنی ناوەندیاری ناوەکی، هەر وا پەرەپێدانی فەسیۆلۆجی و ئەقڵی ئادەمی متمانە ئەکاتە سەر چالاکی وکارکردنی ئۆرگانەکان، کەمتەرخەمی لە بەکار هێنانی ئامێزی ئۆرگانەکان، بەرەو هەڵدێر و فەوتانمان ئەبات.ڕاهێنان، بۆ ئەنجام دانی مەبەسەکەی خۆی، زۆر چالاکی بە کار دێنێ، لە بەر ئەوە، تەنیا پەیتی (ترکیز) ناکاتە سەر یەك ناوچە یان یەك ئۆرگانی لەش، بەڵکو بە هەمو لەشا ئەگەڕێ بۆ نمونە: تورە بوون، بەئاشکرا هەمو ئامێزە ئۆرگانیەکان ئەگۆڕێ، ماسولکەکان گرژ ئەبن، ماسولکەکانی سەمپەساوی و لووی سۆپەرئەرینالّ زیاتر ئامادە ئەبن بۆکارکردن، ئەبنە هۆی ڕودانی پەساوتنی خۆێن و زیاد بوونی لێدانی دڵ، و جگەرمادەی گلوکوز دەر ئەدات، بو وزەی ماسولکەکان بۆغونە وە کوچۆن لە ش بە کاری دێنێ بۆ بەربەرەکانی دژی سەرما، هەروەها ئامێزەکانی خوێن و هەناسە و هەرس و مێشك ناچاری کارکردن ئەبن، بە کورتی لەش توشی وەڵامی جیهانی دەرەوە وگۆ ڕانکارییکی گشتی ئەبێت، لە گەڵ جوڵاندنی هەمو لایەنە چالاکیەکانی، لە بەر ئەوە پرۆڤە کردن لە کارە جۆراوجۆرەکانی ڕاهێنان زۆر پێویستە بۆ نەشونمای لەش وهەستەکان وەکو پێویستییکی مادی بۆ ماسۆلکەکان.

گۆنجاندنی خۆمان لە گەڵ یاخی بوونی کەش و هەوا و کەمی نوستن و ماندویەتی و برسیەتی..هتد، هەمو کردارەکانی فەسیۆلۆجی ئەوروژێنێ. بۆ ئەوەی مروڤ بگاتە ئەو پەڕی بارودۆخێکی بەرز، پێویستە هەمو تواناییێکی بە کار بێنێ.

دیاردەی راهێنان هەمیشە روو ئەکاتە مەبەستێکی دیاریکراو، بەڵام هەمو جارێ ناگاتە مەبەستەکەی خۆی، چونکە ئیشەکەی خۆی زۆر بە تەواوی ئەنجام نادات، لە سنوورێکی دیاریکراوا کار ئەکات، هەموکەسی لە بەر دەمی ژمارەیێکی زۆر لە بەکتریا و بڕێ لە ژەهرەکانیان خۆی رائەگرێ، بەڵام ئەگەر ژمارەی بەکتریا و ژەهرەکەی لەو سنوورە زیاتری کرد، بێشك لەش خۆراگریەکەی لە دەس ئەدات و نەخۆش ئەکەوێ، هەر بەو جۆرەش بۆ ماندوبون و گەرمی و ساردی ..هتد.

ئاشکرایە هێزی راهێنانی مێشك ، وەکو لایەنە چالاکیەکانی تر بە پرۆڤە و راهێنان زیاد ئەکات، ئەمیش وەکو ئەوان شایەنی فێربوون و تەواو بوونە، لە بەر ئەوە پێویستە لە سەر هەموکەسێ بە شێوەیێکی دەسکرد توانای راهێنانی خۆی بە تەواوی زیاد کات، تا وەکو هەمو کەسێ پێش ئەوەی نەخۆشی و میکرۆبات توانای لێ ببڕێت، توانای پارێزگاری خۆی تێدا بمێنێت. بەکورتی راهێنانمان داناوە بە ناوونیشانێك لە تایبەتمەندیە بنەما گرنگەکانی چنراوە، وە بریتیە لە لایێك لە لایەکانی خواردەمەنی.

کردارەکانی فەسیۆلۆجی،کاتێ توشی هەڵوێستێکی کتوپڕئەبن، بە زۆرشێوە خۆیان هاوکێشە ئەکەن.

زۆر سەیرە، ئەم کردارانە خۆیان ئامادە ئەکەن بۆ ئەو مەبەسەی ئەیانەوێ بیگەێ، بەڵام وا دەر ئەکەوێ کاتی ئەو مەبەسە و زروفەکەی وەکو ئەقڵی ئێمە لێك ناداتەوە چنراوەکان خۆیان بە ئاسانییێکی ئەوتۆ رێك ئەخەن بگونجێ لە گەڵ زروفی گونجاوی ناو لەشا، تەنانەت ئەگەر زروفەکەش نەگونجاو بێت. لە کاتی نەشونمای نوتفە لە سکی دایکا، تۆڕی چاو و زڕەبین یەك ئەگرن بۆ بەرژەوەندی ئەو چاوەی هاتنەکەی لە ئەگەر و نەگەرایە، چونکە توانای گونجان، توخمێکە لە توخمەکانی راهێنانی چنراوە، وەکو چنراوەکان و هەمو لەش.

وا دەرئەکەوێ خانە تاکەکان بۆ بەرژەوەندی گشتی کار ئەکەن، وەکو هەنگ بۆ بەرژەوەندی شانەکەی خۆی، بەم جۆرە دەرئەکەوێ چنراوە لە پاشە رۆژ، ئەزانێ، خۆی ئامادەکردوە بۆ زۆرگۆڕانکاری کتوپڕ لە قەبارەکەی وکارەکانیا روو بدات.

باسی دوانزەیەم

ئیمە کرداری راهاتنەکانمان زۆرکەمتر لە هی باوو باپیرانمان بەکاردێنین، لە ماوەی ئەم چارەکە سەدەی دواییەدا بە شێوەیێکی تایبەتی بەدەستی ئەنقەست، بە هۆی ئەو شێوازەی ئەقڵمان بە باشی زانی، دوور لە شێوازی فسیۆلۆجی، خۆمان لەگەڵ شوێنەکەماندا گونجاند. بەهۆی زانیارییەوە هەندێ هۆکارمان وەدەس هێناوە بۆ پاراستنی هاوسەنگی ئۆرگانەکانی ناوەکی، ئەم هۆکارانە زۆر باشترن لە کردارەکانی سروشتی چونکە مەرۆڤ کەمتر ماندوو ئەکەن.

باسمان کرد چۆن رێگا نەدەین بە بارودۆخی مادی، ژیانی رۆژانەمان بگۆڕێ، چۆن پرۆڤەی ئەقڵ و خواردن و نوستنمان بەگوێرەی یاساییێکی دانراو بێت، چۆن شارستانیەتی تازە، تێکۆشان و بەرپرسیاری و وێژەی لە ناو برد، چۆن شێوەی چالاکی ئامێزەکانی ماسولکە و مێشك و خوێن و لووەکانی ئیمەی یەکسەر بەرەو دواوە هەڵگێڕایەوە. هەروەها بوو بە هۆی ئەوەی لە راستی ئەوە بگەین دانیشتوانی شارستانیەتی تازە، ئێز لەمەودوا وەکو باوو باپیرانی لەوە پێشیان، پێ ناکرێ کە بۆ ماوەیێکی زۆر لەژێر سەخێتی سەرما وگڕەی گەرمادا بەسەریان ئەبرد، بێجگە لە مەترسی ئەوگەرمی و گازە مەترسیدارەی

لەڤڕنە دارەکانیانەوە ئەهاتە دەرەوە، ئێرگۆێ نادەنە گەرمی هەوا و خۆ پاراستن، بە هۆی ئەو خانوە تازانەی وەدەسیان هێناوە، هەروەها پێویست ناکات ئێز لەشیان بەربەرەکانی سەرما بکات وەکوئەوانەی پێشوو، وەکاریان بەوە نەماوە وەکو زنجیرەیێك لە کرداری فەسیۆلۆجی هاوبەش بینە هۆی گۆڕانکاری لە ناو لەشا، دەوری هەمو چنراوەکان بگۆڕن.

کاتێ مرۆڤ، جل و بەرگی تەواوی لە بەر نەکرد و بۆی رێ نەئەکەوت بە گوێرەی پێویست جل لە بەرکات، لەش ناچاری ئەوە ئەبێ، بۆ ئەوەی گەرمی ناو خۆی بە کردارێکی خۆکاری کتوپڕی خێزا، لە سەرما بپارێزێ، هەمو ئامێزە ئۆرگانیەکانی بە سەخێتی ئەخاتە کار بۆ بەربەرەکانی لەو سەرمایە، بەڵام ئەگەر لەم بارودۆخەدا، ئەو کەسە، جلی لە بەر کرد، هەمو



ئامێرەکانی لەشی لە دۆخێکی شلی و تەمەڵیدا ئەمێننەوە، بێجگە لە ئامێری گەرم کەرەوەی ناو ئۆتۆمبێل، یان بەدیوارو بنمیچی هۆدەی دانیشتنەکەیانەوە.

پێستی مرۆڤ سەدەی تازە هەوای بەرناکەوێ، وە قەت وەکو ئەوانەی پێشوو،بۆ ماوەیێکی دوور و درێژ بەرگەی ئەوە ناگرێ، توشی هێرشی بەفر و باران و تیشکی رۆژی سوتێنەر بن ، لەم دۆخانەدا، ئامێرە خۆکارەکانی لەشیان بەرپرسیار بون لە رێك خستنی پلەی گەرمای خۆێن و چنراوەکان،

هەمیشە بە هۆی بەربەرەکانی دژی هەوا چالاك و بە هێز بوون.

بەڵام ئێستە ئەم ئامێرە خۆکارانەی ناو لەش، هەمیشە لە پشودان، لەگەڵ ئەوەشا کارەکان و خزمەت کردەنەکانیان هەر ماوە و لە ئامادە باشیدان، نەك هۆکارێکی دژ، لە پرِ رێگا لەکرداری نەشوئما بگرێت.

ئەێ ئەوە بزانین کارەکانی راهێنان پەیوەندی بە هیچ یاسایێکی تایبەتیەوە نیە، کاتێ پێویستی پێی نەبوو، ئەیخاتە لاوە، ئەگەرچی بە پێچەوانەوە، خۆی راهێنان بریتیە لە هەمو لەش.

کاری ئیشکردن بەماسولکە زۆر پێویستە و ناتوانین لە ژیانی تازەدا، بە یەکجاری لای بەرین، بەڵام زۆر بە کار ناهێنرێت، چونکە لە جیاتی ئەوان، جۆرەها ئامێری ئیش کردن هاتوەتە ناو

ژیانی رۆژانەوە ماسولکە تەنیا لە یاری وەرزشەکانا بە کار دێنرێن، یاسای ئەنجامدانەکەیشی، بە شێوەیێکی گشتی دانراوە، ئەگەرچی لەوانە نیە ئەم پرۆڤە دەسکردانە ئەو شوێنە بگرێتەوە لەوە پێش باوو باپیرانمان بە شێوەیێکی سروشتی خاوەنی بوون، ئەو ئافرەتانەی دانس ئەکەن و حەفتەی یەك دووکاژمێرێ یاری تەنس ئەکەن، لای خۆیان بە وەرزشی دائەنێن ئەو هێزەیان ناداتێ، بتوانن تەنانەت بە سەر قاڵدرمەیشدا سەرکەون و بێنە خوارەوە و ئەنجام دانی کارو باری ماڵەوە بەبێ یارمەتی ئامێرێ تازە ئەنجام بدەن، پیاسە کردن بۆ ماوەیێکی زۆر، هەر بیری لێ ناکەنەوە، ئافرەتەکانی ئێستە لە زوربەی خانوەکانیانا پلیکانەی کارەبایی لەخزمەتایە و بە حاڵێکو دوو بەڵا لە سەر پێڵاوی پاژنە عانە لەنجە ئەکەن، وە ئۆتۆمبێلی تایبەتی یا گشتی بە کار ئەهێنن بۆ هاتوچۆ، هەرەوها لە بارەی پیاوەکانەوە، یاری گۆڵفی رۆژانی پشوی حەفتە، قەرەبوی ئەو چالاکیانەیان بۆ ناکاتەوە پێویستە لە حەفتەکانا ئەنجامی بدەن بۆ ئەوەی چالاکیە سەرەکیەکانی لەش، لە تەمەڵیدا نەپووکێنەوە، بەڵام ئێمە بە دوورکەوتنەوەمان لە بەکار هێنانی ماسولکە لە ژیانی رۆژانەماندا و بە بێ ئەوەی بە خۆمان بزانین، توشی پەچاندن (کبت) ئەبین، لە بەر ئەوە پێویستە هەمیشە ماسولکەکان بە کار بێنرین بۆ ئەوەی پارێزگاری خۆ راگری ناوەندیاری ناوەکی بکەین، سەڵێندراوە کارکردنی ماسولکە، شەکرو ئۆکسجینێکی زۆرکار ئەکات گەرمایی دروست ئەکا و ترشی لبنیك ئەرژێنێتە خوێنەوە لەکاتی گەڕانیا لە بەر ئەوەی لە گەڵ ئاڵوگۆڕەکانا خۆی بگونجێنێت، دەست ئەکا بە جوڵاندنی ئامێرەکانی دڵ و هەناسە و جگەر و پانکریاس و گۆرچیلە و لووی ئارەق و ئامێرەکانی مۆخی درکاوی و سەمبەساوی ..هتد، و چالاکی ئەدا بە هەمویان.

بە گشتی ئەو پرۆڤە و وەرزشانەی مرۆڤە سەدەییەکان ناو بەناوێ ئەنجامی ئەدەن، وەکو یاری گۆڵف و تەنس ، ناگاتە ئەو چالاکیە ماسولکەییە هەمیشەییانەی لە ژیانی پیاوەکانی پێشودا ئەنجام ئەدرا، هەوڵدانی ئەمرۆ بۆ مادە تەڤا لە کات و رۆژانی دیاریکراوا روو ئەدات، بەڵام دۆخە هەمیشەییەکانی ئامێرە ئۆرگانیەکان و بۆری خوێنەکان و لووە ئارەقیەکان و لووی ئەندوکرین دۆخێکی داهێزراوەیە، هەروا ئامێرێ هەرسیش گۆڕانکاری گرتویەتیەوە، چونکە خواردەمەنی ئێستە بریتی نیە لە شتی رەق و تونگ و ووشك، وەکو نانی رەق و گۆشتی پتەو، وە وا دیارە پزیشکەکان لە بیریان چوەتەوە شەویلکەکان بۆیە دروست کراون و ددانی تیدا دانراوە بۆ ئەوەی خواردنی رەق بهارن، گەدە بۆیە دانراوە ئەو خواردنەی بەروبومی سروشتیە ، هەرسی بکات.

هەروەکو لەوە پێش باسمان کرد، منآل بە شێوەیێکی سەرەکی شیر ئەخوا، لە بەر ئەو ئاسان کاریە، منآل کاکیلە و ددان بە کار ناهێنێ بو هەرسی ناوگەدە، هەروەها دۆخی شەویلکە و دانەکان و لووەکانی هەرسیشیان هەر بەو جۆرەیە. بەآلم لە بارەی زۆری ژەمە خواردنەکانی خەآلك و یاساکانیان و زۆری جۆرەکانیان، ئەبێتە هۆی پوچەآل کردنەوەی کارەکانی راهێنانی تایبەت بە بەشی خواردەمەنی.

لە زەمانی زوودا ئادەمیزاد بۆ ماوەیێکی زۆر بە روژو ئەبوو و کەسیش ترسی ئەوەی نەبووە لە برسا بمرێت، بۆ ئەو مەبەسە بۆ ماوەیێکی زۆر خۆیان لە خواردن و خواردنەوە دوور ئەخستەوە. هەمو دینەکان رۆژو گرتنیان پێویست کردووە، چونکە کەآلکێکی زۆر ئەبەخشێ بە تەندروستی ئەوکەسە، نەخواردن پێشەکی هەستی برسیەتی ئەوروژێنی، هەروەها هەندێ جار ئەبێتە هۆی ئاگادار بونەوەی مێشك، مرۆڤ لە الوازی ئەپارێزێ، بەآلم هەندێ دیاردەی دیاریکراوی نمێنی زۆرگرنگ لە دەرونا ئەچەسپێنێ. بێجگە لەوە شەکری جگەر و چەوریەکانی ژێر پێست ئەجۆآنێنێ، پرۆتینی ماسولکەکان ولووەکان ئەکەونە چالاکی جۆآندن. هەمو ئەندامەکانی مادەکانی خۆیان پێشکەش ئەکەن بۆ ئەوەی خوێن و دآل لە دۆخێکی ئاساییدا بمێنێتەوە.

واتە رِوژوو شانەکان پاك ئەکاتەوە و رێکی ئەخات. ئادەمیزادی شارستانیەتی تازە بە گوێرەی پێویست یان زۆر ئەنوێ یان کەم، چونکە ناتوانێ بە ئاسانی خۆی فێری زۆر نوستن بکات، نوستنی پچڕ پچڕ بۆ ماوەیێکی زۆر زیان بە تەندروستی ئەگەیێنێ، باشتر وایە ئادەمیزاد خۆی وا رِا بێنێت، بۆ ماوەیێك بە بەخەبەری بمێنێتەوە تا بە تەواوی خەو دایئەگرێ، ئەو کاتە بنوێ، چونکە بەربەرەکانی لە گەآل خەوا، هەندێ ئامێری ئۆرگانی تایبەتی ئەوروژێنێت، بەو پرۆڤەیە هێزی خەو لێکەوتن نەشونما ئەکات و بە هێزتر ئەبێت. لەم جۆرە پرۆڤانە زۆر هەیە ئەبێتە هۆی چاککردن و بەهێزکردنی زۆر لەو خۆ و رەوشتەی بە هۆی شارستانیەتی تازەوە الوازو بووە بە هۆی پەستکردنی ئارامی ژیان، بێجگە لەو هەمو شپرزەییەی هەستی پێ ئەکا لە ژیانیا بۆ ئەنجامدانی چالاکی وەرزشی بێ نرخ و خێرایی هاتوچۆ. ئامێرە ئۆرگانیەکان بەرپرسیارێکی گرنگن لە کارە راهێنانەکانا،کە بە سستی ماونەتەوە، بەکورتی ئەو شێوە ژیانەی شارستانیەتی تازە پیادەی کردووە، رێگای دا بەهەندێ میکانیك و یاسا، ژیان و چالاکی هەزاران سالّی رەگەزی ئادەمیزاد، پێشێلکەن و بەبێ کەآلکی بیهێآلنەوە.

باسی سیانزەیەم

سەلماندمان پرۆژە کردن بەشێوەیێکی تەواو لەسەرکارەکانی راهاتن بۆ نەشونمای ئادەمیزاد زۆر پێویستە، لەشی ئێمە لە ناو ناوەندیارێکی مادی دا خۆلقاوە، شایەنی گۆڕانە، بەڵام جێگیر بوون بارودۆخی ناوەکیمان بەهۆی چالاکی ئۆرگانێکەوەیە راوەستانی نیە، ئەو چالاکیەش تەنها بۆ یەك ئامێر یان یەك بەش نیە، بەڵکو هەمو ئامێرەکانی ناو لەش ئەگرێتەوە، هەمو ئامێرە ئەناتۆمیەکانمان بۆ بەرژەوەندی ژیانمان، بەربەرەکانی هەمو جیهانی دەرەوە بە باشترین شێوە ئەکەن، تۆ بڵێیت ئەم رەوشتە بنەڕەتیە هەر بمێنێتەوە، بێ ئەوەی ببێتە هۆی پەست بوون لەشمان؟ ئایا بۆیە دروست نەکراوین هەردەم لە بارودۆخێکی گۆڕاو و نارێکا بژین؟ نەشونمای ئادەمیزاد وگەیشتنە لوتکە،کاتێ دێ بەوەرزە ناجۆرەکانا تێپەڕ بین و بەماندویەتێکی زۆر سەخت خواردەمەنی زۆر بە گران دەست کەوێت، هەروەها پێویستە لە سەر ئادەمیزاد ماسولکەکانی بە هێز بکا و خۆی ماندو بکات، ئینجا پشوو بدات، بجەنگێت، ئازار بکێشێت، دڵ خۆش بێت، خۆشەویستی بەکاربێنێت، وە ئازا بێت، چونکە ویستی ئەو پێویستی بەتێکۆشانی سەخت و پشودان و هێواش بوونەوەی یەك لەدوای یەك هەیە، ئەبێ بەربەرەکانی هاو رەگەزەکانی خۆی بکا، یان بەربەرەکانی خودی خۆی، چونکە بۆ ئەم جۆرە ژیانە خولقاوە، وەك چۆن گەدە بۆ هەرسی خواردن خولقاوە. کاتێ کارەکانی خۆی بە شێوەیێکی راهێنان بە جۆرێکی پتەوو باش ئەنجام دا، ژیانی بە تەواوی پەرە ئەسێنێ، چونکە لە پەندە گرنگەکانی گەورە پیاوانا هاتوە: کە بارودۆخی سەخت، دوا قۆناغەکەی خۆشبەختی و تەندروستیە. ئێمە ئەزانین ئەو کەسانە خاوەن هێز و مادی و وێژەیین، لە منالیەوە لە سەر یاسایێك راهاتون، بە گوێرەی ئەقڵی خۆیان دایان ناوە، هەروەها ساردی و گەرمی ژیانیان چەشتووە و

بە سەرکێشەکانیا سەرکەوتوون . دوای ئەوەی خۆراگریان پەیا کرد بەرامبەر بە نەبوونی وکولەمەرگی، و توانییان خۆیان لە گەڵ ئەو هەمو زروفە ناهەمواوە رابێنن. بەڵام ئێمە ئەبینین هەندێ کەس نەشونما تەواو ئەکەن بێ ئەوەوی تێکۆشن دژی هەژاری و سەختی ژیان،

ئەوکەسانە جۆرێ راهاتنیان تێدایە، بەڵام بە شێوەیێکی جیاواز، ئەوانە خۆیان ئەو راهاتنانەیان بە سەر خۆیانا سەپاندووە، یان لە کەسانێکی ترەوە یاسایێك، یان جۆرێ لە دەست گرتنەوە (تقشف) دووری خستونەتەوە لە زیانکاری دەوڵەمەن و بۆشایی لە ژیانا. منالّی ئەشرافەکان سەدەی ناوەند، ناچاری پرۆڤەی سەختی لەشی و وێژەیی ئەکران. پاڵەوانێکی بەریتانی (برتراند دی جۆیسلین) سەپاندێ بە سەر خۆیا هەمو رۆژێ خۆی توشی سەختی کەش و هەوا بکات، وە هەمیشە لە گەڵ هاو تەمەنانی خۆیا بجەنگێ، لە گەڵ ئەوەی لەشێکی بچوکی هەبوو، بەڵام بوو بە خاوەن لەشێکی بەهێز، تا ئێستەش باسی ئەکەن.

لەسەرەتایێکی پەرەسەندن وڵاتە یەك گرتوەکانا، ئەو پیاوانەی هێڵی شەمەنەفەریان دامەزراند توانییان بناغەیێکی پیشەسازی گەورە دامەزرێنن، وە شارستانیەتیان بۆ رۆژ ئاواییەکان دامەزراند، وە توانییان هەمو پێش گیری و چەڵەمەکان بە هێز و چاونەترسی خۆیان پاك کەنەوە، ئێستە زۆری نەوەی ئەو پیاوانە خاوەن سامان و کۆمپانیا و دەسەڵاتن، بێ ئەوەی کۆششی خۆیانی تێدا بێت، ئەمانە بە هیچ جۆرێ دژی شۆڕشەوارەکەیان هەوڵیان نەداوە، بەڵام هێزی باوو باپیرانیان ئەم هەڵەی بۆ ڕەخساندن، هەروەها لە ئەوروپاش لە سەدەی نۆزدەهەما دیاردەیێکی وەك ئەوە، لە ئێوان نەوەی سەرمایە دارەکان و ئەرستۆقراطیەکان خاوەن سامانە زۆرەکان و پیاوانی پیشەسازیدا رویدا. کاریگەری کەمێ گونجاندن یا راهاتن و بۆ نەشونمای ئادەمیزاد، هێشتا بە تەواوەتی تا ئێستە نەزانراوە، لەشارە گەورەکاندا، کەسانێکی زۆر هەیە، چالاکی راهاتنیان زۆر سستە، وە دەرئەنجامی ئەم دیاردەیە لەهەندێ جارا بەزەق دەرئەکەوێ، بە تایبەتی لە ناو منالّی پیاوە دەوڵەمەنەکانا، واتە لەوانەی بە دەوڵەمەنی بە خێو ئەکرین، ئەو منالّانە لە سەرەتای تەمەنیانەوە لەژیانێکی وادا ئەژین، هۆیێکی گەورەیە بۆ پوکانەوەی ئامێرە راهێنانەکانیان، ئەوانە ئەخرێنە ناو شوێنی فێنك،کاتێ دێنە دەرەوە، جلی قورسی گەرم لەبەرئەکەن، جلەکانیان لەجلەکانی ئەسکیمۆ ئەچێت، ورگیان بەخواردنی جۆراوجۆر ئاخنن، بە گوێرەی ویستی خۆیان ئەنون و هیچ جۆرە بەرپرسیارێك هەڵناگرن، هیچ کۆششێکی ماسولکەیی و ئەقڵی یا وێژەیی ئەنجام نادەن، هەمیشە خەریکی ئەو شتانەن پێوەی ئەخافڵێن، هیچ جۆرە هەوڵدانێکیان نیە، دەرئەنجامی ئەم جۆرە کەسانە ئاشکرایە، با بە شێوەیێکی ڕێك و پێکیش بێنە پێش چاو، هەندێکیان بە هێز دێنە پێش چاو، بەڵام زوو ماندوون، بێجگە لەوەی کە خۆ پەرستییە بێ سنورەکەیان، بوەتە هۆی ئەقڵ سوکییان، هەستی وێژەیی و هێزی مێشکیان

زۆر لاوازە و ئەمانەیان بە سکماکی وەرگرتووە. ئەمانە ئەم جۆرە ڕەوشتانەیان لەنەوەکانی ئەوکەسانەوە وەرگرتووە کەبیشەسازی ئەمریکایان دامەزراندووە، هەروەها ئەم دیاردەیە لە ناو منالّە پەنا بەرەکانیشا بە دی ئەکرێ. ناکرێ ئێمە واز لە کارێکی گرنگی وەك ڕاهاتن بێنین، بەڵێ ئەوەی کە بە ڕیك و پێکی بە کاری بینین و ناجۆری نەبێت، چونکە یاسای تێکۆشان بۆ ژیان، پێشەکی پێویستە فەرمانەکانی جێ بەجێ بکەین، وە ئەو کەسانەی سەر پێچییان لە یاساکانی ڕاهاتن کرد، بێشك لەش و ڕوحیان لەکیس ئەچێ. بۆ گەیشتنە لوتکەی نەشونما، پێویستیمان بە چالاکی هەمو ئامێرە ئۆرگانەکانی لەش هەیە، کەم و کورتی لەنرخی ئادەمیزادا بەهۆی نەمانی کارەکانی ڕاهاتن ڕوو ئەدات، چونکە ئەڵێ ئەوکارانە هەمیشە لە چالاکیدا بن، بە تایبەتی چالاکی فیزیکی و ڕۆشن بیری، چونکە ئەم دوو ڕەوشتە، هاوکێشەیان وەك یەك وایە، ماسولکە ئەو دەورەی نەماوە بگاتە ئەقڵ، چونکە ماسولکە تەنها هێز ئەدا بە لەش،لە بەر ئەوە پێویستە ئێمە لەجیاتی پیاوانی وەرزشکار مرۆڤی تازەی وا دروستکەین، هەڵگری ڕەوشتی بەرگری مێشك و زیرەکی و چالاکی وێژەیی بن، هێزی ماسولکەش پێویستی بە وەدەس هێنانی ئەو ڕەوشتانەیە چونکە ئەم جۆرە کەسانە نابێ بەرەنگاری ژیان و شوێنەواری بن خۆیان بۆ ئامادە نەکردبێت. ئاشکرایە هەمیشە گێژە شێوێنی و ئاژاوە، سەر بە هیچ جۆرە ڕێکخستنێك و ئامادەباشییەك نیە، هەروەها زیادە ڕەوی جنسی و جەربەزەیی وکەش و هەوای پیس و خواردەمەنی تێکچوو، ئەگەر شێوەی ژیان بەم جۆرە بێت، پێویستە جۆری ژیان و شوێنەوار بگۆڕدرێن. ئامانجی شارستانیەت بریتی نیە لە پێشکەش کردنی زانیاری و ئامێر، بەڵکو بریتیە لەوەی پێشەکی ئادەمیزاد پێشکەوێ.

باسی چواردەیەم

خۆگونجاندن یا خۆرێکخستن، گرنگترین رێگایە بۆ مانەوەی هەمو چالاکیە فەسیۆلۆجیەکان و ئەقڵیەکان. ئەو بابەتە بریتی نیە لە بوونێك، بەڵام بە شێوەیێکی ئالی هاوترازووە لەگەڵ هەمو چالاکیەکانا و بە جۆرێ هەمو هێزی ژیانی مرۆڤ مسۆگەر ئەکات، هەروەها بریتیە لە (تیۆلۆجی) فەلسەفەی مەبەس بەهۆی چالاکی راهاتنەوە، ناوەندیاری ئۆرگانی بە چەسپاوی ئەمێنێتەوە و لەش پارێزگاری یەکیەتی خۆی ئەکات و لە هەمو نەخۆشێك رزگاری ئەبێت، خۆ راگر ئەبین و ئەژین، با چنراوەکەشمان بەرگە نەگرێ و زوو تێکچێ.

خۆراهێنان کارێکی زۆر پێویستە و گرنگی خواردەمەنی هەیە ناتوانین وازی لێ بێنین، چونکە راهاتن بەشێکە لە خواردەمەنیەکانی لەش و هۆی ژیانی لەش، لە گەڵ ئەوەیشا کەس بە قەد گرنگی خۆی نرخێ بۆ دانانێ و نازانن راهێنان بەرز ترین هۆیە بۆ تەواوترین ژیانی ئادەمیزاد.

کاتێ یاسای ژیانیان دانا، بیریان لە بەکار هێنانی راهێنان نەکردەوە، بەڵکو تەنانەت ناویشیان نەهێنا، ئەوە هۆرێکی سەرەکی بوو، بۆ تێك چونی لەش و ئەقڵ. شێوەی چالاکی /راهێنان/ زۆر پێویستە بۆ نەشونمای تەواوی لەش، نەبونی ئەم چالاکیە شان بە شانی چالاکیەکانی تری لەش ئەبێتە هۆی پوکانەوەی کارەکانی خواردەمەنی وکارەکانی ئەقڵی، جیاوازیێکی وای نیە لە گەڵ چالاکی راهێنان، خۆگونجاندن ئەبێتە هۆی جولاندنی کاری هەمو ئۆرگانەکان پێکەوە و بە گوێرەی یاسای سومبولی فەسیۆلۆجی وگۆڕانکارێکی نەبینراوی ناو شوێنەوار، کە هەرگۆڕانکارێك لە شوێنەوارا روو بدات، بەهۆی کارێگەری کردارەکانی فەسیۆلۆجی و ئەقڵیەوەیە، چالاکی ئەم ئامێرە ئۆرگانیانە، زانیاری ئادەمیزاد نیشان ئەدا بۆ راستیە دەرەکیەکان، ئەوانە هەڵئەسن بە ئەنجام دانی /اصطدام/ واتە بەریەك کەوتنی مادە و سایکۆلۆجی ئادەمیزاد هەمیشە بەبێ وەستان ئەیان قۆزێتەوە، چونکە گرنگترین هۆکارن بۆ پێك هاتن و پێشکەوتنی ئادەمیزاد، هەروەها رەوشتێکی ئەوپەڕی گرنگ بەخشراوە بە ئادەمیزاد، ئەویش

ڕەوشتی ئاسانی خۆ ڕێك خستنە بە هۆی هۆکاری کیمیاوی و سروشتی و فەسیۆلۆجییکی تایبەتی، کە ئەزانین چۆن بەکاری بێنین.

ئێمە ئەتوانین ئەو هۆکارانە وەکو بۆنمونە: چەکوش و مشار و گاز، بەکاربێنین، بەوە و بەشێوەیێکی سەرکەوتوو دەسکاری لایەنی چالاکی ئادەمیزاد بکەین و بەرەو بناغە دانانی بەرین.

لە راستیدا زانینی بە کار هێنانی میکانیکی راهێنان، هێزئەدا بە ئادەمیزاد بۆچاککردن و ڕێکخستنی خۆی.

بابەتی حەوتەم

ا) ئادەمیزاد و خۆی (ذات)، بەربەرەکانی لە نێوان کۆمەڵەی واقعیەکان و کۆمەڵەی ئەگەریەکان، شپرزەیی هێما (رمز) و راستیە ئاشکراکان.

ب) کەسایەتی چنراوە و تێکەڵەکان ،

ج) کەسایەتی سایکۆلۆجی ، رەوشتەکانی کەسایەتی.

د) کەسایەتی نەخۆشی ، پزیشکی و گەردوونیەکان (الکونیون) .

هـ) سەرچاوەی کەسایەتی ، بەربەرەکانی لە نێوان زانایانی رەوشت و زانایانی کرداری جنسی، رێژەی گرنگی زکماکی وشوێنەوار.

و)کاریگەری هۆکاری نەشونما لە سەر مرۆڤ و جیاوازی کاریگەری ئەم هۆکارانە بەپێی تایبەتمەندی سروشتیەکانی چنراوە.

ز)سنووری کراوەی تاکە کەس، سنووری ئەناتۆمی (تشریحی)و سایکۆلۆجی تێکۆشانی مرۆڤ بۆ پشت پێکهاتەی ئەناتۆمیەکەیەوە .

ح)سنووری کاتی (زمن) مرۆڤ، پەیوەندی لەش و ئەقڵ لە گەڵ رابوردوو و داهاتودا

ط) تاکە کەسی .

ی) ئادەمیزاد پێکدێ لە بونەوەرێکی ئادەمی وکەسایەتی.

ك) ناچارین بە راستی و سەلماندن (الحقیقة و الاعتبار) .

ل) گرنگی زانیاری بۆ ئەم جۆرە زانستیانە.

باسی یەکەم

بەربەرەکانی لەنێوان کۆمەڵە واقعیەکان و کۆمەڵەی ئەطەریەکاندا شپرزەیی هێما و راستیە تەواوەکانە. ئادەمیزاد لە سروشتا لە هیچ شوێنێکا بوونی نیە، بەڵکو ئەوەی هەیە بریتیە لە کەسایەتی (ذات)، کەسایەتی جیاوازە لە ئادەمیزادێ بریتی بێ لە شتێکی رەق، ئەو رەقەمەنیە شتێکە، ئیشەکا، ئاشق ئەبێ، ئازار ئەکێشێ، شەڕئەکا، ئەمرێ.

بەپێچەوانەوە، وشەی ئادەمیزاد بیرۆکەیێکی ئەفلاتونیە لەناو ئەقڵ و تونێی کتێبەکانمانا ئەژی. لە چەند کورت کراوەیێ پێکدێ، زانایانی فەسیۆلۆجی و سایکۆلۆجی و زانا کۆمەڵایەتیەکان دەراسەیان کردووە، بەڵام تایبەتمەندیە جیاوازەکانی بریتیە لەوەی گەودوونیەکان باسی ئەکەن، ئێمە ئەمڕۆ بەرەو روی کێشەیێك بوینەتەوە مێشکی فەیلەسوفەکانی سەدەی ناوەندی وروژاندووە، مەبەسیان چەڵەمەی بیر و رای گشتیە.

لەکاتی خۆیا (ئانسلم) جەنگێکی مێژویی دژی (ابیلارد) هەڵگرسان لە بەرگری کردن لە گەودوونیەکان، تا ئێستەش دەنگ و باسی ئەو جەنگە مێژوییە هەشتا ساڵە، هەر باس ئەکرێ، لەم جەنگەدا ابیلارد بەزی، لەگەڵ ئەوەیشا ئانسلم و ابیلارد و راست گۆکان (واقعیین) بڕوایان بە راستی گەردوونیەکان هەیە، کۆمەڵەی وابزانەکان (اعتباریین) بڕوایان پێی نیە، هەمویان راستیان ئەکرد، لە راستیدا ئێمە پێویستمان بە گەردوونیەکان و تایبەتمەندیەکان هەیە لە بارەی ئادەمیزاد و خۆیەتیەکەیەوە/کەسایەتی/، چونکە راستگۆیی گەردوونیەکان هۆیە بۆ دامەزراندنی زانیاری، لەبەرئەوەی بیرۆبۆچونمان لە نێوان هەڵبژاردنەکانا ئاسانتر کار ئەکات، گەردوونیەکان یارمەتیمان ئەدەن بۆ تێگەیشتن لە تایبەتمەندیەکانی، بەگوێرەی ئەو پاك سازیە زانیاری ئادەمیزاد دۆزیویەتەوە، ئەتوانین هەرکەسەمان لیستەیێکی گونجاو بدەینە دەستی، لەگەڵ ئەوەیش ئەم لیستە رێك بە قەد کەسەکە نەکێشراوە، بەڵام لە مەبەسەکەوە نزیکە و لە هەمان کاتا ژمارەی تاقیکراوەی راستی سنوری رەقەمەنی، نەشونما و پێشکەوتن و لێستە و بیرو بۆچونی گەردوونیەکان دیاری ئەکات.

لە راستیدا ئێمە پێویستمان بەهەر دو /نظرية) ی تیۆری (تعمیم) و تایبەتمەندیش (تخصیص) هەیە، بۆ ئادەمی و کەسایەتیەکەی، چونکە بە راستی تعمیم، یان گەردوونیەکان بۆ دامەزراندنی زانیاری، دەوری هەیە، لەبەرئەوەی ئەقڵمان لە نیوان پاکسازیەکانا بە ئاسانی کار ئەکات، هەروەها بیر و بۆچونی زانا تازەکان، وەکو بیرو بۆچونەکانی ئەفلاتون وایە، هەر ئەویش تاقە راستیە، پاکیی ئەم راستیە ئەقڵمان بۆ لای شتە رەقەکان (صلب) رائەکێشێت، بە هۆی گەردوونیەکانیشەوە لە بەشی تایبەتمەندیش ئەگەین.

ئێمە لە دوجیهانی جیاوازا ئەژین، جیهانی راستەقینە و جیهانی هێما (رمز) بۆ ئەوەی زانیارێمان لە بارەی خۆمانەوە دەست کەوێ، ئێمە تێ بێنی وکورتە باسی زانیاریەکان بەکار دێنین، بەڵام کورتە باسەکانی لە بارەی رەقە مەن رەنگە هەڵە بن، لەم بارو دۆخەدا، راستیەکان بە هێما دائەنرێن، کەسایەتی ، خۆیی ،(ذات) ئەبەستین بە ئادەمیزادەوە، چونکە هەمو ئەو هەڵەو نارەواییەی مامۆستاکان و پزیشکەکان و زاناکان وکۆمەڵایەتیەکان تێی کەوتون ئەگەرێتەوە بۆ ئەو خۆ شپرزەکردنە و خۆ چەواشەکردنی راهاتنی زاناکان، لە سەر بەکار هێنانی بەهرەی میکانیك و کیمیاو سروشت و فەسیۆلۆجیا، لە کاتێکا فەلسەفە و رۆشن بیری ئەقڵیان لە لا نامۆبو، لە بەر ئەوە ئەوان هەمیشە ئامادەن بۆ هەڵەی تێکەڵ کردن و لێ تێکچوونی وێژە جیاوازەکان، ناتوانن بە تەواوی،(گشتی) لە(تایبەتی) جیا کەنەوە، لە بەر ئەوە، زانیارێمان بەرانبەر بە ئادەمیزاد داوامان لێ ئەکات، هەستین بە دەوری ئەو بەشەی تایبەتە بە ئادەمی و ئەو بەشەی تایبەتە بە خۆیی/ذات/ بە تەواوی دەست نیشانی بکەین، بیداجوجیا و زانیاری کۆمەڵایەتی و هەمو پەیوەندن بە مرۆڤەوە، ئەوان زۆر هەڵەن، ئادەمیزاد بە هێما و بەش دائەنێن، بە راستی کەسایەتی بنەڕەتی ئادەمیە، وە ئەوە تەنیا لایێك نیە لە لەش، بەڵکو ئەچێتە ناو هەمو دەروغانەوە، ئەو، بوونی ئێمە ئەکات بە رووداوێکی گرنگ لە مێژوی زانیاریدا، ئەو لەش و هەستەکان و هەمو گشتیێکی ناو دەروغان بە تامغەیێکی تایبەتی مۆر ئەکات، تەنانەت ئەگەر نادیاریش بێت.

بۆ ئاسانی باسەکە، لە جیاتی ئەوەی مرۆڤ بە یەك پارچە دابنێین، دەست ئەکەین بە باس کردنی لایەنە ئۆرگانیەکان و تێکەڵاوەکان و ئەقڵیەکانی ئادەمی، هەر یەکە بە جیا..

باسی دووەم

ئادەمی زۆر بە ئاسانی یەك لە یەك جیا ئەكرێنەوە بە هۆی دەم و چاو و دەنگ و ڕەنگ و ڕۆیشتن و ڕەوشتی ئەقڵی و وێژەی تایبەتی و ناوو ناو بانگ، لە گەڵ ئەوەی /كات/ گۆڕانكاریە تایبەتیەكانی خۆی ئەخاتە سەر شێوەی هەمو كەسێ، لە گەڵ ئەوەشا هەموكەسێ ئەناسرێتەوە، ماوەیێكی زۆر لەوە پێش (برتلون) سەلماندی بە هۆی جیا كردنەوەی چەند بەشێكی دیاریكراو لە قەبارەی ئادەمیزاد و دوور خستنەوەیان لە یەكتری، بەڵام هێڵەكانی پەنجە گەورە، ناسینەوەیێكی تەواو بۆكەسەكە، دیاری ئەكا، مۆری پەنجە گەورە ئیمزای ڕاستەقینەی ئادەمیزادە. كە وابو پێكهاتەی پێست تەنها لایێكە لە لایەكانی چنراوە، بەڵام ئاساییە چنراوە بە هیچ ڕەوشتێكی پێكهاتە، لێك ناكرێتەوە، خانەی لووەكانی ئایارویدو جگەر و پێستی..هتد، هەموكەسێ وەك خانەی كەسێكی تر وایە لێدانی دڵی هەموكەسێ نزیك یەكترن، گرنگ نیە ئەگەر جیاوازیێكی زۆركەم لە نێوانیاندا هەبێتە وا دیارە پێكهاتەی ئۆرگانەكان و كارەكانیان دوای ڕەوشتی خاوەنەكەی ناكەون، لە گەڵ ئەوەشا ئەتوانرێ تایبەتمەندیەكانی مێشك بە هۆی هۆكاری تاقیكردنەوەی زۆر وردەوە بزانرێت. هەندێ سەگ خوای گەورە هەستی بۆنێكی زۆرگرنگی داونەتێ، ئەتوانێ لە ناو خەڵكێكی یەكجار زۆرا بە بۆن خاوەنەكەی خۆی بدۆزێتەوە، بێجگە لە چەندین بەهرەی تری سەیرتر، هەروەها پێست توانای ناسینی پێستی كەسێكی تری هەیە.

لە بارەی تایبەتمەندی پێستەوە، بەم جۆرە تاقی كرایەوە: بۆ بڕینی پێستی نەخۆشێك، پارچەیێكی بچوكیان لە پێستی ئەو بڕینداڕە خستە سەر پێستی بڕینەكەی خۆی، بۆ پێنە كردنی بڕینەكەی، بۆ پینە كردنی شوێنێكی تری هەر ئەو بڕینداڕە، پارچەیێكی تریان لە پێستی خزمێكی یا هاوڕێكی وەرگرت و بڕینەكەیان پێ داپۆشێ، دوای ماوەیێك ئەو پێستەی لە هەمان نەخۆش

خرابووە سەر برینەکە بە تەواوی پێوەی نوسابو وشوێنەکەی سارێژ ببوو وەپێستەکە ببو بەبەشێ لەو لەشە، بەڵام شوێنی ئەو پارچە نامۆکەی تر، پینەکە لە پێستەکە جیا ببوەوە، برینەکە هەر وەکو خۆی وا بوو. دوای ماوەیێك پارچەکە مرد، بەڵام لە هەندێ دۆخی دەگمەنا رێ ئەکەوێ دوکەس بە تەواوی لە یەك بچن و بتوانن چنراوەی پێستیان بۆ یەکتری بەکاربێنن. چەند ساڵێ لەمەو پێش، ژنێکی مەسیحی پارچەیێك لە لووی ئایارۆیدی ماسێزەیێکی لە لووی کچە بچکۆلەکەیا کە بە تەواوی کاری نەدەکرد، ناشت،کچەکە چاك بوەوە، لە پاشا لە دوای نزیکەی دە ساڵ شووی کرد و سکی پڕ بوو، بەڵام ناشتنەکە، نەك هەر تەنیا زیندو بوو، بەڵکو قەبارەی لووەکە گەورە ئەبو و هەر وەکو چۆن لە کاتی سك پڕ بونا ئاساییە و ئەچێتە دۆخێکی تایبەتیەوە، بەڵام وەکو وتمان ئەم جۆرە دەگمەنانە بە هەڵکەوتە، کاری ناشتن لە نێوان دوو کەسی دووانە کە بە تەواوی وەکو یەك بن، بێشك سەرکەوتو ئەبێ، بە گشتی چنراوەی هیچ کەسێ، چنراوەی کەسێکی تر وەر ناگرێ. چونکە کاتێ دەمارەکانی ئەدروونەوە و هەمیسان خوێن ئەچێ بۆ گورچیلە، ئەو ئەندامە یەکسەر میز فرێ ئەدات، لە سەرەتاوە کارەکەی ئاسایی ئەبێت، بەڵام لە دوای چەند حەفتەیێك زۆڵ و ئینجا خوێن لە ناو میزەکەیدا پەیا ئەبێ، ئینجا گورچیلەکە ئەئاوسێ، ئەبێتە هۆی پوکانەوەی ئەو ئامێزە. لە گەڵ ئەوەیشا ئەندامی ئاژەڵێ بۆ هەمان ئاژەڵەکە خۆی، ئەگەر دابنرێت، هەمدیسان دەست ئەکاتەوە بە کارەکەی خۆی بە شێوەیێکی ئاسایی. کە وابو ئاشکرایە تێکەڵەکان لەش لە ناو چنراوەدا جیاوازی سەیر لە پێکهاتە دیاریکراوەکانیا هەیە، بە هیچ ئامێزێ دەرناکەوێ و نازانرێت، چونکە خانە بۆ خاوەنەکەی تایبەتمەندێکی دیاریکراوی هەیە، ئەم تایبەتمەندیە تا ئێستە نەیهێشتووە ناشتن یا پینە کردن لەش بۆ مەبەسی چارە، پەرە بسێنێت. تێکەڵەش هەر هەمان تایبەتمەندی و رەوشتی هەیە، بەڵام ئێمە ئەتوانین ئەم تایبەتمەندیە بزانین بە هۆی ئەوکاریگەریەی پلازمای خوێن ئەیکاتە سەر خڕۆکەی سووری مرۆڤیکی تر، چونکە ئەو خڕۆکانە بە زۆری لە ژێرکاریگەری پلازمادا لینج ئەبنەوە، شکی تیا نیە خڕۆکەی کەسی خوێن دەر، ئەبێ بە مادەیێکی لینج بە هۆی پلازمای خوێنی نەخۆشەکەوە. بە گوێرەی دۆزراوە گرنگەکانی (لاند ستنر) بۆ یاسای گوێزانەوەی خوێنی یەکێ

بۆ یەکێکی تر، ئەو کەسانە ئەکرێن بە چوار کۆمەڵەوە و بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیە پێویستە، بە تەواوی پەیڕەوی یاساکەی بکرێت، چونکە پلازمای خوێنی هەندێ کەس، کە سەر بە کۆمەڵێکی دیاریکراون لە لەشی ئەوی ترا ئەبێ بە مادەیێکی لینج، یەکێ لەم کۆمەڵانە کۆمەڵەیێکی گشتین و تایبەتین،کە خانەکانیان لە پلازمای هیچ کۆمەڵێکی ترا نابێ بە مادەی لینج، ئەم تایبەتمەندیەی، بە درێژایی هەمو تەمەن هەرئەمێنێت. هەروەها لە نەوەیێکەوە بۆ نەوەیێکی تر، هەر بەم شێوەیە ئەڕوات و بە گوێرەی یاسای (ماندل) بەو جۆرە ئەمێنێتەوە.

دوای ماندل /لاندستنر/ توانی کە ٣٠ کۆمەڵی تر بدۆزێتەوە، لەگەڵ ئەوەی گرنگی کاریگەرییان لە کاتی گوێزانەوەی خوێنا کەمترە، بەڵام لە ناو هەندێ لایەن لە یەك چوونەکانی کۆمەڵەکانا،کەمێ جیاوازی ئەبینرێت، لەگەڵ ئەوەی تاقێکردنەوە لە سەرگۆڕانی خرۆکەی خوێن بۆ مادەی لینج بە هۆی پلازمای خوێنەوە کەڵکی زۆرە، بەڵام هێشتا تەواو نەبووە، ئەو تەنیا پەردە لە سەر ئەو پەیوەندیە دیاریکراوانە هەڵئەگرێ کە لە نێوان کۆمەڵە خەڵکەکانا هەیە، بەڵام ئەو تایبەتمەندیەی هێشتا دەرنەخستوە زۆرشاراوەیە، ئەوەی کەسێ لە کەسێکی تر جیا ئەکاتەوە لە بارەی ئەوانەی سەر بەوگرووپەی ئەوون.

تایبەتمەندی جۆری ئاژەڵ بە پێ ی دەرئەنجامی ناشتنەکەی دەر ئەکەوێ، چونکە هۆکارێکی ئاسان نیە بۆ زانینی ئەو تایبەتمەندیە، هەروەها ئەگەر خوێنی یەکێ بکرێتە ناو لەشی یەکێکی ترەوە کە هەر دوکیان خوێنەکەیان یەك گروپ بێت، رەد کردنەوە روو نادات و هیچ جۆرە جەرسومێکیش دروست نابێ و تا چەند جارێکیش بە هەمان شێوە و لە یەك جۆر خوێن، گوێزانەوەی خوێن زیانی نیە، چونکە تێکەڵە کار ناکاتە سەرخرۆکەی خوێن و پلازمای ئەوەی خوێنەکە ئەدات، بەڵام جیاوازی جۆری (نوعی) خوێنی کەسەکان ئەبی بە هۆی سەرنەکەوتنی بەخشینی خوێنەکە، بۆ دەرخستنی ئەم کارە پێویست بە هونەر و ئامێزی تازەی پێشکەوتوو ئەکات.

تایبەتمەندی چنراوە و تێکەڵە ئەکەوێتە سەرپرۆتین و ئەوکۆمەڵە کیمیاویانەی زانا (لاندستنر) ناوی نا (هاپنس). هاپنس بریتیە لە مادەی کاربۆ- هێدرات و چەوری، ئەگەر تێکەڵەیێك لە

بەرهەمی هاپنس لە گەڵ پرۆتین بدرێ لە ئاژەڵ، ئەبێ بە هۆی دەرکەوتنی جەرسومی پارێزەر، جۆرێکە لە بەرگری هاپنس لە ناو خوێنی نەخۆشەکەدا

چۆنیەتی کەسەکە ئەکەوێتە سەر پێکهاتەی پارچۆڵە گەورە ناوەکیەکان لە هاپنس و پرۆتین دروست ئەبن ، لە بەر ئەوە، ئەوکەسانەی سەر بە یەك گروپن زیاتر لە یەك ئەچن و باشترن لەوانەی لە یەك جیاوازن، چونکە پارچۆڵکەی پرۆتین و کاربۆهیدرات لە کۆمەڵێکی زۆر لە گەردیلە پێك دێن، گۆڕانکاری نێوان ئەوکۆمەڵانە سنوری نیە، لە بەر ئەوە لەوانەیە لە سەر ئەم زەویە ولە نێوان چەند ملیۆن کەسێکا، دوکەس نەبێت پێکهاتەی کیمیاویەکانیان وەك یەك بێت. چنراوە پەیوەستە بەو پارچۆڵکانەی بەشداری ئەکەن

لە پێکهاتنی خانە و تێکەڵە بە شێوەیێکی سەر سوورپێنەر، تا ئێستە نەزانراوە، دوای ئەوە کەسایەتیمان رەگەکەی لە ناو ناخیایەتی، هەڵسوکەوتی ئادەمی بە گوێرەی پێکهاتەی بەشەکانی لەشیەتی و بریتیە لە کرداری فەسیۆلۆجی و پێکهاتەی کیمیاوی تێکەڵەکان و خانەکان، لە بەر ئەوە هەرکەسە بە شێوەیێکی تایبەتی لە گەڵ جیهانی دەرەکیدا کار تێکردن (تفاعل) هەیە لە بارەی – غەڵبە غەڵب و مەترسی و خواردن و سەرما و گەرمی و هێرشی میکرۆب و ڤایرۆس.

کاتێ ئاژەڵێکی رەگەز پاك شرنقەی برێکی وەك یەك پرۆتینی نامۆ، یان بەکتریای لاوازیی لێ بدەن، ئەو ئاژەڵە بەم شرنقەیە بە شێوەیێکی ئاشکرا هەستیاری نیشان نادا، بۆیە ئادەمیزاد لەکاتێکا زۆر نەخۆشە، بە گوێرەی هەڵس و کەوتی خۆی پێشوازی لە نەخۆشیەکەی ئەکات، هەندێك توش ئەبن و ئەمرن، هەندێکی تریش کە توش بون چا ئەبنەوە بەشی سێیەمیش لەشێکی پارێزراوی بە هێزی هەیە توش نابێت، دوا بەشیش توش ئەبێ و تەنها کەمێ نەخۆشی پێوە دیارە، بەڵام هیچ ئاسەوارێکی نەخۆشی پێوە دیار نابێت هەر یەکێ لەو بەشانە خاوەنی جۆرێ لە بەرگری و راهاتنی تایبەتی خۆیەتی، لە گەڵ خۆ راگرتن و هێزی لەش بەرانبەر بەو نەخۆشیە، هەروەکو (رێخت) ئەڵێ: وەکو کەسانی تێکەڵەیی هەیە ، کەسانی ئەقڵانیش هەیە. کاتی (زمن) فسیۆلۆجی شێوەی کەسایەتیمان هەڵئەگرێ، نرخەکەی وەکو بزانین بۆ هەموکەسێ وەك یەك نیە، بێجگە لەوە بە درێژی تەمەنمان لە ناو لەشمانا هەمیشە گۆڕانکاری هەیە ، هەرکاتێ

رووداوێ لە ناو لەشمانا تۆمارکرا، کەسایەتی ئۆرگانیمان و تێکەڵەییمان سنووردارتر ئەبێت، بە تایبەتی لە قۆناغی پیریدا، و لەگەڵ هەمو کردارێکی ناوەکیمانا، زیاترگەشە ئەسێنێ، چونکەخانەکان و تێکەڵەکان وەك ئەقڵ،خوای مەزن، بیرکردنەوەی داونەتێ، لەش لە هەمو نەخۆشییکا زیاتر چالاکی پەیدا ئەکات، هەر شرنقەیێك، یا دەرماتێکی بەرگری هەر هێرشێ کە قایرۆس یان بەکتریا یان مادەی کیمیاوی نامۆ بیکاتە سەر چنراوە، و ببێت بە هۆی هەستیارێکی بە هێزی لەش بەرامبەر بە هەندێ مادە، لە ناو دەرونا، یان هەندێ بارودۆخی تایبەتی ببێتە هۆی گۆڕانکاری لە بەرگریمانا، ئەبن بە هۆی پتەو بوونی هێزی بەرگری، چنراوە و تێکەڵەکانمان و ئەبن بەخاوەنی کەسایەتییکی گرنگ و بەهێز، بەڵام بیرۆکەکان یەك لە گەڵ یەکا، وەك بیروکەی منالّ وایە، بەم جۆرە هەر ئادەمیزادێ لە جیهانا وەك ئادەمیزادێکی تر نیە.

باسی سێهەم

کەسایەتی ئەقڵی و کەسایەتی پێکهاتن و کەسایەتی تێکەڵەکان بە شێوەیێکی تەواو تا ئێستە نەزانراوە چۆن تێکەڵ بە یەکتر ئەبن، هەر یەکێ لەوانە پەیوەندە بەبوونی ئەوی ترەوە، و بە گوێرەی ئەو پەیوەندیەی لایەنە چالاکیەکانی فەسیۆلۆجی وکردارەکانی مێشك وکاری ئۆرگانەکان لە گەڵ یەك هەیانە و ئازادی کەسایەتیمان پێ ئەبەخشن، وا لە ئادەمیزاد ئەکەن خۆی خۆی دروست کات، نەك یەکێکی تر دروستی کات، تەنانەت دووانەی ناو یەك گەرا، پێکهاتەی رەگەزییەکەشیان وەك یەکە ، بەڵام لە راستیدا بریتین لە دووکەسی جیاواز لە یەك. رەوشتی ئەقڵی / دیاریکەری کەسایەتی/ زیاتر وورد بین ترە تاکو رەوشتی ئۆرگانەکان و تێکەڵەکان، هەمو کەسێ لە یەك کاتا لایەنەکانی چالاکی فەسیۆلۆجی و تاریفەکەی و هێزەکەی خۆی دیاری ئەکات، لە راستیدا کەسانێ نین هەمویان ئەقڵیان وەك یەك بێت، مەگەر ئەوانەی دوا کەوتوون، یان مرۆڤی سەرەتایی رەنگە ئەقڵیان بە زۆری لە یەك بچێت.

تارێژەی مرۆڤ زیادبێت رێژەی جیاوازی لە نێوانیانا زیاتر ئەبێت، هەروەها بە دەگمەن هەڵئەکەوێ هەمو لایەنە چالاکیەکان، لە یەك کەسا و لە یەك کاتا،کۆ بێتەوە و نەشوغا بکات. لە زوربەی خەڵکا هەندێکیان لاواز یا فەوتاون، لەوێدا جیاوازیێکی بەر چاو نەك تەنیا هەر لە ناو هێزی کارەکانیانا، بەڵکو لە ناو رەوشتیشیانا هەیە، بێجگە لەوە توانای یەك گرتنیان سنوری نیە، ئەگەر چی هیچ کارێ بە قەد شییکردنەوەی پێکهاتەی کەسێك سەخت نیە، بە تایبەتی ئەگەر ئەوکەسە خاوەنی ئەقڵێکی ئاڵۆزاو بێت، تاقیکردنەوە سایکۆلۆجیەکانیش بەشی ئەو شییکردنەوەیە ناکات، چونکە زۆر سەختە مرۆڤ بخرێتە یاسای ریزکردنەوە (تبویب) مەگەر بە گوێرەی رەوشتی ئەقڵیان، یا بە گوێرەی رەوشتی وێژەیی و جوان ناسی و دینی و هەستی خۆشەویستی، بکرێن بە کۆمەڵ کۆمەڵ، ئینجا بەپێی ئەو رەوشتانە لە یەك جیا بکرێنەوە، هەروا بە پێی پەیوەندییان بە جۆرە چالاکیەکانی فەسیۆلۆجی، لە یەك جیا ئەکرێنەوە.

هەندێ پەیوەندی ئاشکرا هەیە لە نێوان جۆرەکانی سایکۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی کە لایەنە مادیەکانی ئەو کەسە کاریگەرە لە سەر دروست بوونی چنراوە و تێکەڵە وئەقڵ، و ژمارەیێکی

زۆر لە ناوەند لە ناو جۆرەکانی ترا هەیە، ریزکردنی ئەمانە لە سنور دەرئەچێ، لە بەر ئەوە ئەم یاسای ریزکردنە گرنگی پێ نادرێ.

خەڵك بەش ئەکرێن بە دوو ئەقڵ و دوو هەست و دوو هەڵبژاردە، لە ناوهەربەشێکا رەوشتی دوودڵی، پەستکەر، زۆربڵێ، قیزکەر، لاواز، بیر پرتوبڵاو، دڵتەنگ.. هتد، هەیە، هەروەها پرە لە کەسانی : بیرتیژ، زاڵ بەسەرخۆیدا، دەستپاك، قورس. لەناو ئەوکۆمەڵانەدا کەسانی هەن خاوەن ئەقڵێکی گەورە و پێ سنور. لە زۆرکاتا ئەقڵ توانای شیکردنەوە و وورد بینی زیاترە تاکو بیرکردنەوە لە باسی پێکهاتەیێکی گرنگ وگرێ دراو، هەروەها دوو کۆمەڵی تر هەیە، یەکەمیان قسە زانەکان (منطقیین) و دوەمیان بەڵگە نەویست (بدیهیین)، زوربەی پیاوە گەورەکان سەر بە بەشی دووەمن، هەروەها کۆمەڵێکی تر هەیە ئەقڵی خۆیان تێکەڵ بە هەستی خۆشەویستی کردوە، بێجگە لەوانە، رەنگە لە ناو ئەوانەدا مرۆڤ هەبێ پێشەوایێکی زیرەك و دڵ سۆز بێت، دور نیە مرۆڤی ترسنۆك و لاواز و رۆخاویش، خۆی لە ناوبانا حەشار دابێ، ئەگەر لە ناو ئەوانەی باس کران، فەیلەسوف هەڵکەوت، ئەوا، ئەوە سەیر و دەگمەنە.

هەروەها زۆر جۆری تر پێکهاتە هەیە لە نێوان ئەو کۆمەڵانە، ناو ئەبرین بە وێژەیی و جوان دۆستی و دینی، لە ناو کۆمەڵگادا ئەو پەڕی رێزیان لێ ئەگیرێ. ئەمە وا دەرئەخات، جیاوازیێکی زۆر هەیە لەنیوان چینی ئادەمیزادا، لەبەرئەوە بوو، دەراسەی تاکە کەسایەتی سایکۆلۆجی هەڵخڵەتێنەر بوو، هەروەها دەراسەی کیمیایش هەڵخڵەتێنەر ئەبوو ئەگەر توخمە کیمیاویەکان بێ سنور بونایە.

هەمو کەسێ وا ئەزانی خۆی تاکە، ئەم بۆ چونە وایە، بەڵام لێرەدا جیاوازیێکی گەورە هەیە لەپلەی تاکیەتیەکەدا. هەندێ کەس زۆر دەوڵەمەنە، هەندێکی تر زۆر بەهێزە،کۆمەڵەی سێیەمیش لاوازن، بەڵام بە ئاسانی لە گەڵ شوێنەوار و زروفا خۆیان ئەگونجێنن.

لەنێوان بارۆدۆخی ئاسایی لاوازی کەسایەتی و نێوان دۆخی توشبوێ نەخوشی ئەقڵی یا دەروێ /نەك ئۆرگانی/ بارو دۆخی مام ناوەندی هەیە، ئەو کەسانەی شپرزەیی مێشکیان هەیە هەست ئەکەن خەریکە کەسایەتیان ئەتوێتەوە، هەروەها نەخۆشی نوستن زیانێکی مەترسیدار دروست ئەکات، ئەبێ بە هۆی گۆڕینێکی گەورە لەوکەسەدا، بۆنمونە: نەخۆشی شەپڵەی گشتی، گۆڕانکاریە سایکۆلۆجیەکەی، تەنها لە هەندێ نەخۆشی ترا کاتیە، بۆ نمونە: هیستیریا جوتەکەس دروست ئەکات، وا دەر ئەخا ئەو نەخۆشە بوە بە دووکەسی لە یەك جیاواز، هیچ

یەکێ لەوانە بۆ چون وکرداری ئەوی تر پەسند ناکات، هاوکار مرۆڤ ئەتوانێ لە کاتی نوستنی موقناتیسیدا کەسایەتی هۆکارە نوستوەکە، بگۆڕێ، ئەگەر ئەو کەسەی نوێنراوە، کەسایەتێکی تری بسەپێنرێ بە سەرا، یەکسەر دۆخەکانی ئەوکەسە وەر ئەگرێ و هەست بە هەستەکانی ئەکات، بێجگە لەوانەی ئەبن بە دووکەس، هەندێ کەس هەن کەسایەتیەکەیان یەك گرتووی گشتی نیە، ئەم بەشە بریتین لە زۆرکەسانێ مێشك نەخۆش، هەندێ لە خاوەن کرداری سەیر و لاواز و ئەقڵ لاسەنگ، لە ناوکۆمەڵگادان و لە ژمارە نایین. لە گەڵ ئەوەیشا لە ناو ئادەمیزادا، خاوەن چالاکی سایکۆلۆجی ئەقڵی بەرز هەیە، بۆ ئەنجام دانی چالاکی روحی هەمە جۆرە، لەوانە هەزاران هۆکاری روحی بەرز بووە و ئێستەش هەر هەیە. ئەێنی دوای مردن و جیهانی ئەرواح و هەستی کاتی سەرە مەرگ ئەدرکێن، لە گەڵ باسی دانیشتوانی ئەو جیهانانە، و باسێکی تاقی کراوەی راستی هەمو جۆرە مردنێك. پشکنینی کەسایەتی فەسیۆلۆجی پشکنینێکی ورد و تەواو و پێوانی هەمو بەشە پێکهاتوەکانی تا ئێستە نەزانراوە ئەنجام بدرێ، ئێمە ناتوانین سروشتەکەی بە تەواوی دیاری بکەین، بۆچی و چۆن یەکێ لە یەکێکی تر جیاوازە؟ تەنانەت ئێمە لە رەوشتی بنەرەتی مرۆڤ هیچ شتێ نازانین، بێجگە لەوە زانیارمان لە توانایا نیە، پێویستە لە سەر هەمو گەنجێك لە گەڵ ناوەندیارەکەی خۆیا تێکەڵ بێت، بە گوێرەی ئامادەیی و چالاکی ئەقڵی و فەسیۆلۆجی تایبەتی دەس بە کار بێ، ئەگەر چی ناتوانی ئەوانە ئەنجام بدا، چونکە خۆی ناناسێ، بە ئاشکرا و بە بەرچاوەوە جۆرەها هۆکاری روحی لێ پەیا ئەبێت و جۆرەها دیاردەی سەر سۆرپێنەر ئەنجام ئەدەن ، هەروەها باوك و دایك و مامۆستاکانیشی بەشداری ئەو نەناسینە ئەکەن، هەروەها نازانن چۆن رەوشتی کەسایەتی منالٌ ئاشکرا بکەن، تەنا ئەیانەوێ لە سەر ئەو بە ناو یاسایە پەروەردەیان بکەن کە مامۆستایانی دایان ناوە، هۆکارەکانی پیشە سازی تازە هیچ ئاوڕێکی لەبارۆدۆخی کرێکار نەداوەتەوە، واتە لە کەسایەتی کرێکار، ئەوانە خۆیان گێل ئەکەن لەوەی هەمو خەڵك لێك جیاوازن، زوربەیان ئامادەیی تایبەتی خۆیان نازانن، ئەگەرچی هەمو کەسێ ناتوانێ هەمو شتێ بکات، بەڵام بە گوێرەی رەوشتەکانی بە ئاسانی لەگەڵ کارێکی دیاریکراو، یا هۆکارێکی ژینا خۆی ئەگونجێنێت، سەرکەوتن و خوش بەختیەکەی ئەکەوێتە سەر پەیوەندی لە نێوان کەسەکە و شوێنەوارەکەی. پێویستە لەسەر ئەو کەسە لەگەڵ شوێنەوارەکەیا بگونجێ وەکو گونجانی کلیل لە گەڵ قوفڵەکەیا.

پێویستە باوکان و مامۆستایان هەمیشە و پێش هەمو شتێ ئاگادار بن لە زانیاری تەواو لە رەوشتی سروشتی و توانای هەمو منالێك، بەڵام بە داخەوە زانیاری سایکۆلۆجی ناتوانێ یارمەتییکی کاریگەریان پێشکەش بکات، ئەو تاق کردنەوەی سایکۆلۆجیە لاواز و نەزانەکان ئەنجامیان ئەدا لە گەڵ قوتابی قوتابخانەکاندا، زۆرگرنگی نەبو، نەك لە بەر ئەوەی قوتابیەکان لە پلەی ئەو زانیاریەدا نین، بەڵکو لەبەرئەوەی سایکۆلۆجی هێشتا نەبوە بەزانیاری، کەسایەتی سایکۆلۆجی و تواناکەی جارێ ناپێورێن، بەڵام سەرنج دەری زیرەك، مامۆستای دەراسەی مرۆڤە، هەندێ جار ئەتوانێ لە رێگای رەوشتی بە پەلەی کەسێکی دیاریکراو، پاشە رۆژ دیاری بکات.

باسی چوارەم

نەخۆشی بوون نیە، ئێمە کەسانێ ئەبینین توشی نەخوشی سیل و سوزەنك و شەکرەی میز و گرانەتا و زۆری ترهاتوون و ئێمە بە ئەندێشەی خۆمان بوونیك بۆ ئەم نەخۆشیانە دائەنێین، لە گەڵ شێوەیێکی تایبەق و ناومان ناوە/ فلان نەخۆشی/ لە راستیدا، نەخۆشی بەم جۆرە تاریف ئەکرێ: نەخۆشی بریتیە لە لخۆگونجاندنێ ژەهر بۆ هۆکاری هێنانێ نەخۆشی، یان، تێك چونێ لەش بە هۆی هۆکاری گونجاندن یا راهێنان یان تێکدان ، بریتیە لە رەنگ و رووی نەخۆشەکە و یاسای کاتی ناوەکی. لەش بە هۆی داهێزرانەوە تێك ئەچێ، ئەم نەخۆشیانە لە تەمەنێ گەنجیدا خێراتر و لە تەمەنێ پیریدا سس تڕە. لەش وەڵامی هەمو دوژمنەکانێ، بە شێوەیێکی دیاریکراو ئەداتەوە ئەو وەڵام دانەوەیەش، ئەکەوێتە سەر رەوشتی سروشتی چنراوەکان، بۆ نمونە: نەخوشی سنگ گیران/ذبحة صدرية/ توشی یەکێ ئەبێ، پێشەکی بە ئازارێکی زۆر دەست پێ ئەکات، ئەو نەخۆشە وا هەست ئەکا کە چنگیان خستوەتە ناو دڵیەوە، زۆری ئازار، لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر ئەکەوێتە سەر هەستیاری نەخۆشەکە، ئەگەر کەسەکە زۆر هەستیار نەبێ، نەخۆشیەکە شێوەیێکی تر وەر ئەگرێ، یێشك بەبێ ئاگادار کردنەوە و بەبێ ئازار نەخۆشەکە ئەکوژێ. گرانەتا وەکو ئەزانین بە تایێکی گەرم دەست پێنەکا لەگەڵ سەر ئێشە و سکچوون وگرژبونی هەمو لەش،گرانەتا نەخۆشیێکی مەترسیدارە، پێویستی بە کەوتن لە خەستە خانە و چارە سەرێکی زۆر هەیە.

هەندێ کەسی تر، کە توشی ئەم نەخۆشیە ئەبن، بۆی ناکەون و ئیش و کاری خۆیان هەر ئەکەن. هەندێکی تر توشی نەخۆشی هەڵامەت یا دەفڕیا یا لەرز و تا .. هتد ئەبن، تەنها هەست بە تایێکی سووك و کەمێ ماندووبی ئەکەن و نیشانەی نەخۆشیشیان پێوە دیار نابێ، بەڵام نەخۆشیەکەیان لە لەشایە، بەرگری کردنیان بەرامبەر ئەم نەخۆشیانە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو هێزە بەرگرییە سروشتیەی هەیانە. ئەو ئالیاتە رێکخراوانەی لەش ئەپارێزن لە جەرسومەکان و ڤایرۆس،

لە لەشی هەر کەسێکا بە جۆرێکە و جیاوازییان هەیە، کاتێ بەربەرەکانی لەش دژی میکرۆب لە ناو لەشاکزئەبێ، وەکو لە شێرپەنجەی مەمکا، ئەبێ بە هۆی

مردن گەنج لە ماوەیێکی زۆر کەم، هێزی بەرگری بەرە بەرە کز ئەبێ بە گوێرەی یاسای سروشتی خۆی پاشە کشێ ئەکا، وەکو شکانی لەشکرێ لە جەنگا، چۆن بەرە بەرە ئەکشێتەوە، بەپێچەوانەوە ئەگەر خانێکی بە تەمەن توش هات، زۆر هێواش و بە پێی چۆنیەتی لەشی ،نەخۆشیەکە زیاد ئەکات

نەخۆشی روداوێکی کەسایەتیە بریتیە لەوکەسە، زۆر جۆر نەخۆشی هەیە کە ئەگاتە ژمارەی نەخۆشەکان. بە کورتی ئەگەر بە گوێرەی زۆری ژمارەی بیر و بۆ چون بێ لە بارەی نەخۆشیەکانەوە، بیشك دامەزراندنی زانیاری پزیشکی سەر نە ئەکەوت پێویستە پالاوتەکانی راستیەکان بکرێن بە لیستە و بە شێوەیێکی ئاسان شیی بکرێنەوە بەم شێوەیە نەخۆشی لە دایك بوو و کتێبە پزیشکیەکان دانران. جۆرێ لە زانیاری لە سەر شێوەی کۆن بە ناتەواوی دانرا، بەڵام دەراسەکەی ئاسان بوو، بەداخەوە ئێمە بەو دەرئەنجامە رازین، چونکە لەوە ناگەین ئەو کتێبەی باسی نەخۆشی ئەکات تەنها بریتیە لە بەشێکی زۆرکەم لەو زانیاریەی سنوری نیە و پێویستە بۆ ئەو کەسانەی بە باشی سەرپەرشتی نەخۆش ئەکەن، بە سەر زانیاریەکەدا زاڵ بن، هەروەها پزیشك پێویستە جیاوازی بکات لە نێوان مرۆڤی نەخۆش وئەو باسەی لە کتێبا نوسراوە و لە نێوان ئەو نەخۆشیە سەختەی پیویستە چارەی بکات، نەك هەر تەنها بێخوێنێتەوە، بەڵکو ئازارەکەش لە لەشی ئەو نەخۆشە سوکتر بکا و دڵخۆشی باتەوە بۆ چاك بوونەوە کاری پزیشك ئەوەیە رەوشتە تایبەتیەکانی ئەو نەخۆشە بدۆزێتەوە و بگەڕێ بە دوای هۆکاری بەربەرەکانی ئەو میکرۆباتانە و بە گوێرەی سروشتی ئەو لەشە و پلەی هەستیاری ئازارەکانی و هێزی ئۆرگانەکان، هەروەها رابوردو و داهاتوی نەخۆشەکە پێویستە لە سەری پێش بینی دەرئەنجامەکەی بۆ نەخۆش باس بکات، نەك هەر بە ووشەی وابزانم، بەڵکو بە هۆی شیی کردنەوەی زۆر ورد و تەواوی ئۆرگانەکانی وتیکەڵە و باری سایکۆلۆجی. زانیاری پزیشکی پشت گوێ خستنی تیا بو، واتە پارچەیێك لە لەشی ئەو زانیاریە بوەتەوە.زۆر پزیشك تا ئێستە سورن لە سەر بە دوا چونی پالاوتەکانا، بەڵام هەندێکیان باوەڕ ئەکەن ناسینی نەخۆش گرنگیەکەی وەکو گرنگی ناسینی نەخۆشی (تشخیص) وایە، بەشی یەکەم لە پزیشکەکان وایان لا باشە هەر لە ناو مەملەکەتی هێماکانا بمێننەوە، بەڵام بەشی دووەمیان لای وایە پێویستە پزیشك

لە نەخۆش تێ بگات. لە سەر ئەوە و لە سەر قوتابخانە پزیشکیەکان، هەمیسان شەڕە دەنووك لە نێوان واقعیین و اعتبارین پەیا بوو، زانیاری پزیشکی هەر لە کۆشکەکەی خۆیا هێشتا دانیشتوە، لەوێوە بەبەرەکانی ئەکات، وەکو قەسەکانی کەنیسە لە سەدەی پانزەهەما بەربەرەکانییان ئەکرد لە گەردونیەکان ونەفرەتیان لە کۆمەڵەی اعتباری ئەکرد چونکە دوای قسەکانی (ابیلارد) ئەکەون، وا دائەنێن گەردونیەکان بە هۆی نەخۆشی ئەقڵی خۆمانەوە پەیا بوون وا سەیری نەخۆش ئەکەن بریتیە لە راستیێکی تاقانە، بەڵام لە راستیدا پزیشك ئەبێ راستگۆ بێت، وەکو چۆن دەراسەی نەخۆشیەکە ئەکات، بەو جۆرەش دەراسەی کەسەکە بکات، باوەڕ نەکردن خەڵك بە پزیشك یان کەم و کۆڕی لە چارە کردنا یا خراپی چارە کردنەکە، زیان بەخشە،کە هۆکەی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو شپرزەییەی باوەڕکردن بە هێمای پزیشك لاواز کردنە، ئەو هێمایەی زانیاری پزیشکی، لە سەر دائەمەزرێت و پەیوەندی هەر بە چارەکردن نەخۆشەوەیە، هۆی سەر نەکەوتنی پزیشکە، چونکە ئەو پزیشکە لە جیهانێکی ئەندێشەدا ئەژی، لە جیاتی نەخۆشەکان ببینێ، ئەچێ سەیری لیستەی ئەو جۆرە نەخۆشیانە ئەکات کە لە کێبێبەکانا ریزکراون، وە کوژراوی ئەوەیە باوەڕی بە گەردونیەکان پتەوە، بێجگە لەوە بیر و باوە ڕی یاسای زانیاری و تەکنۆلۆجیا و هۆکارەکانیان تێکەڵ بە یەك ئەکات. بە تەواوی تێ نەگەیشتووەکە تاکە کەس بریتیە لە گشت (کل) کردارەکانی راهێنان ئەچنە ناو هەمو ئامێرە ئۆرگانیەکانەوە، دابەش کردن ئەناتۆمی دەسکردێکی تەواوە، بەشکردن لەش بۆ بەشی بچوك بچوك تا ئێستە نرخی خۆی هەر ماوە، بەڵام جیاوازیێکی مەترسیداری گرنگە بۆ نەخۆش و بۆ پزیشکیش. ئەبێ پزیشك، لایەنی سروشتی ئادەمیزاد و یەکیەتی و تاقانە بونەکەی، لە بەر چاو بگرێ ومەبەسی تەنها بریتی بێت لە نەهێشتنی ئازاری نەخۆشەکە و چا کردنەوەی، بەڵێ! پێویستە پزیشك گیانی زانیاری ر هۆکارەکانی بە کار بێنێ ، ئەبێ توانای هەبێ بۆ زانینی نەخۆشی و چارە سەریەکەی یان باشتر نەهێشتنی تۆش بوون، چونکە پزیشکیی یاسایێکی ئەقڵی نیە و هۆیێکی وا بە هێزیش نیە ئادەمیزاد، پزیشکی بەکار بێنی بۆ خۆ هەڵگێشان یا بۆکەڵك و بەرژەوەندی خۆی، وەك ئەوانەی کردویانە بە پیشە، بەڵام ئەبێ چا بونەوەی نەخۆشەکان ئامانجی سەرەکییان بێت، پزیشکایەتی سەخت ترین مەبەسە لە مەبەسەکانی ئادەمیزاد و پێویستە لە گەڵ هیچ زانیارێتێکی ترا بەراوەرد نەکرێ، مامۆستایی پزیشکی کارێکی ئاسان نیە، زۆر جیاوازە لە مامۆستاکانی تر، هاوڕێکانی ئەو پزیشکە لە بواری اناتۆمی و فەسیۆلۆجیا و کیمیا و پاتۆلۆجیا و فارمۆکۆلۆجی

(صیدلة)..هتد، پسپۆڕیان وەدەس هێنا، زانیاریەکانیان هەر یەك لە بواری خۆیا سنور دارە، بەڵام پزیشك پێویستە خۆی زانیاری گشتی و جیهانی وەدەس بێنێ، بێجگە لەوە ئەو پێویستی بە چەسپانی فەرمانەکانی خۆیەتی، لە گەڵ هێزێکی بەدەنی خۆ راگری گەورە، خاوەنی چالاکیێکی هەمیشەیی و نەسرەوت بێت، رەوشتی ئەم زۆر بەرزتر و تایبەتی تر بێ لەو پزیشکەی لە کارگەدا کار ئەکا، کارەکەی زۆر لە کاری زاناکان گرنگ تر‌ە چونکە پیاوی زانا بۆی هەیە هەمۆ کار و چالاکیەکا نی خۆی بخاتە جیهانی هێماو و ئامێزی ژمارەوە، بەڵام پزیشك بە پێچەوانەی ئەوانەوە، ناچارە لە گەڵ راستی زانیاریەکەی و پاڵاوتەکانی بەرەو رو بێتەوە، وئەقڵ و هێماکان و دیاردەکان پێکەوە لێك بداتەوە و بە ناو ئۆرگانەکان و هەستەکانا بگەڕێ، لە گەڵ نەخۆشەکە، پێکەوە بچنە ناو جیهانی تایبەتی ئەو نەخۆشیە. بێجگە لە پێویستە قورسەکانی سەر شانیان، داوایان لێ ئەکرێ، تێکۆشن بۆ ئەنجام دانی کاری گرنگ و بۆ دامەزراندنی زانیاری ئادەمیزاد، چونکە لە توانایانا هەیە هۆکارە باشەکانی خۆیان بە کاربێنن بۆ چەسپاندنی زانیاریەکانیان بۆ بەرژەوەندی هەمو نەخۆشێ. بۆ نمونە: هەر وەك چون بازرگانی بۆ فرۆشتنی قاپوتێ، بیەوێ بیفرۆشێ، هەر بە ووتەی بازار رەواجی، وای لێ ئەکات و وا خەڵك تێ ئەگەیێنێ بۆ هەمو قەبارەیێك ئەشێ.

بەڵام پزیشکەکان ناتوانن بە سەرکەوتوێی کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن، مەگەر بە تەواوی سروشت و رەوشتی تایبەتی هەمو نەخۆشێ بدۆزنەوە، چونکە سەرکەوتنیان بریتی نیە تەنها لە زانیاریەکەیان، بەڵکو بریتیە لە توانای تێگەیشتنیان لە بارەی ئەو رەوشتە تایبەتیانەی ئەێ بە هۆی ەوەی – هەر کەسە تاکە کەسێکی جیاوازە .

باسی پێنجەم

بۆ ئەم تاك ئادەمیزادە سەر چاوێکی دووانە هەیە، لە یەك کاتا لە پێکهاتەی گەرا و لە نەشونماو لە مێژو پەیا ئەبێت، ئیمە لەوە پێش باسمان کرد، (گەرا) پێش پێکەوە نوسان، نیوەی ئەتۆمەکەی فڕێ ئەدات و هەروەها نیوەی هەموکرۆمۆسۆم، واتە نیوەی هۆکاری ڕەگەزی (جنیس) بریتیە لە زنجیرە هێلێکی دڕێژ لە کرۆمۆسۆم.

ئەزانین دوای ئەوەی نیوەی کرۆمۆسۆمەکەی فرێ ئەدا، سەری ئاژەڵی سپێرمی،گەراکە کون ئەکا، چۆن لەش و هەمو ڕەوشت و هەستەکان لە پێکەوە نوسان و یەك گرتنی کرۆمۆسۆمی پیاو و ژن لە ناو ناوکی گەرا پێکدێ؟ لەم بارودۆخەدا بوون ئەو تاکە کەسە لە ئەگەر و نەگەرایە، ئەویش ئەکەوێتە سەر بەرپرسیاری هۆکارە دەسەڵات دارەکانی ڕەوشتە ئاشکراکانی دایك و باوکەکە، هەروەها ئەکەوێتە سەر هۆکارە شاراوەکان لە درێژایی تەمەن دایك و باوکەکەدا، بە گوێرەی ڕێژەی ئەوکرۆمۆسۆماتەی لە نوتفە تازەکەدا هەیە، توخمە تایبەتیە ناوەکیەکان بۆ یارمەتی ئەو نۆتفە، دەس بە کاری چالاکی ئەبن، ئەگەر نا، بە هۆی هەندێ هۆکاری بە هێزترەوە، هێزی کاریگەری لە نوتفەکە دوور ئەخرێتەوە.

لەم بارەوە زانا ڕەگەز ناسەکان ئەڵێن : ئەم ڕەوشتانە بریتین تەنها لە ئارەزو و توانا، ئەم ئارەزووە ئەبێ بە ڕاستەقینە، یان ئەمێنێتەوە بۆ زروفێ نوتفەکە یا منالەکە یا گەنجەکە یا پیاو،کە لە ژیانا توشی ئەبن.

مێژوی هەمو مرۆڤێ تاکە، وەك تاکی سروشت و یاسای ڕەگەز لە گەرا پێك هات، بەم جۆرە ڕەگەزی مرۆڤ بریتیە لە سك ماکی و نەشونما.

ئیمە ئەزانین تاکە کەسی لەو دو سێ سەرچاوەوە پێکدێ، بەڵام ئەو دەورە چیە کە هەر یەکەیان ئەنجامی ئەدا بۆ پێکهێناغان؟ ئایا سك ماکی لە نەشونما گرنگترە، یان بە پێچەوانەوە؟ (واطسون) وکۆمەڵەی ڕەوشتی (سلوکی) ئەڵێن: خوێندن و شوێنەوار توانایان هەیە شێوەی مرۆڤ بە جۆرەها شێوە بگۆڕن، بەڵام ئەمە ئەوە ئەگەیێنێ خوێندن هەمۆ شتێکە، و سك ماکی

هیچ نیە، زاناکانی رەگەز(جنیس) باوەڕیان وایە سڵک ماکی خۆی ئەسەپێنێ بە سەر ئادەمیزادا وەکو دۆڵپا، و نەشونمای رەگەز خۆی لە خوێندنا نابینێتەوە، بەڵکو بە هۆی چاڵک کردنی رەگەزەوە نەشونما دروست ئەبێ. بەڵام ئەم دوو قوتابخانە، یان ئەو دووکۆمەڵە، لە بیریان نیە ئەم کێشەیە بە قسە کردن لاناچێ، تەنها بە تێ بینی و تاق کردنەوە چاڵک ئەبێت.

تێ بینی و تاقیکردنەوە فێرمان ئەکات ئەو دەورەی سڵک ماکی و نەشونما پێی هەڵئەسن، لە هەرکەسێکا جۆرێکی جیاوازە،کەم و زۆری رێژەکەی دیاری ناکرێ، لە گەڵ ئەوەشا ئەو منالانەی لە یەڵک دایڵک و باوکن و پێکەوە و بە گوێرەی یەڵک یاسا گەورە ئەبن، لە بارەی شێوە و قەبارە و پێکهاتەی لەشی و ئەقڵی و رەوشتی وێژەییەوە زۆر لە یەڵک جیاوازن، ئاشکرایە ئەم جیاوازیانە ناگەڕێتەوە بۆ باوو باپیر. هەروەها ئاژەڵیش هەر بە هەمان شێوە، بۆنمونە: توتکە سەگی زۆر بچوک، جۆری پاسەوانی مەڕومااڵت، ئەگەر لەو جۆرە دە توتک وەرگرین و لێیان ورد بینەوە، ئەبینین جیاوازی نێوانیان ئاشکرایە، هەندێکیان لە دەنگی کتوپڕ وەڵک دەنگی گوللە رائەپەڕێ، بەرپەرچی کرداری هەندێکیان ئەوەیە، لە سەر زەوی پاڵ ئەکەون، هەندێکی تریان لە سەر هەر دوو پاشو ڕا ئەوەستن، یان بەرەو شوێنی تەقەکە ئەڕۆن، هەندێکی تریان یەکسەر ئەچنە لای دایکیان دەس ئەکەن بە شیر خواردن، هەندێ بە پێ دەنگی ئەمێننەوە، هەندێکیان توتکەکانی تریش لە گەڵ خۆیانا لە دایکیان دوور ئەخەنەوە، هەندێ لە دایکی دوور ئەکەوێتەوە ئەچێ بۆگەڕان، هەندێکی تریان لای دایکیان ئەمێننەوە، هەروەها ئەگەر یەکێ دەستیان لێ بدات، هەندێکیان قسە ناکەن، وە هەندێکی تر نایێڵن.

کاتێ سەڵک لە یەڵک شوێنا و پێکەوە گەورە ئەبن، رەوشتیان بە نەشونما ناگۆردرێ. سەگی شەرمن و ترسنۆڵک، هەتا هەتایە هەر بەوجۆرە ئەمێنێتەوە، بەڵام هەندێ سەگی ئازاو چاالک ئەگەر پیر بوو ئەم رەوشتانە لە دەس ئەدات، لە گەڵ ئەوەشا ئازایەتی و چاالکی هەر تێدا ئەمێنێتێ با کەمێکیش بێت. هەندێ سەگ رەوشتی رەگەزی پێشوی وەرناگرێ، بەڵام هەندێکی تر وەری ئەگرێ. توتکەی دووانە، ئەوەی لە یەڵک گەرا دێنە بەرهەم، پێشەکی هەمان رەوشتی سروشتییان هەیە و زۆر لە یەڵک ئەچن، بەڵام ئەگەر لە سەرەتای ژیانیانەوە لە یەڵک جیا کرانەوە و هەر یەکە لە وڵاتێکا و بە هۆکارێکی جیاواز پەروەردە کران، ئەوانە یەڵک جۆرییان نامێنێ، لە دوای پانزە ساڵ یا بیست ساڵ جیاوازێکی زۆر لە نێوانیانا پەیا ئەبێ، بە تایبەتی لە بارەی ئەقڵیەتەوە.

لەوەوە وا دەرئەکەوێ، ئەگەر لە شوێنێکا پێکەوە دانەنرێن، پێکەوە لە دایك بوونەکەیان و لە یەك چونەکەیان دیاری ناکات. ئاشکرایە جیاوازی شوێنەوار، شێوەی لە یەك چون لانابات، لە بەر ئەوە هەندێ بۆ چۆن بە گوێرەی بارودۆخی گەورە بون راست دەرئەچێت، بەم جۆرە ئەو دوانەی لە یەك ئەچن جیاوازییکی زەق پەیدا ئەکەن. ئەوکاریگەریە کامەیە (جنیس) ئەیکاتە سەر گەردیلە خاوەنی ناوك (ذرة) کە سەرچاوەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ باوك و باپیرانمان لە بارەی پێك هێنانی مرۆڤ و دامەزراندنی لەش وهەست؟

تا چەندە پێکهاتەی کەسێ ئەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی گەرا؟

ێ بینی و تاق کردنەوە ئاشکرای کرد، هەندێ لایەنی دیاریکراوی ئادەمی بەراستی لە ناوگەرادا هەیە، هەندێکی تر بە شێوەیێکی رەنگە بۆی ئەچن، ئینجا جنیس کاریگەری خۆی بە زۆر و بە قیرسچمەیی جۆرێ لە رەوشت ئەسەپێنێ بە سەر ئەو نوتفەیەدا، یان بە شێوەیێکی مەترسیدار نەشونما ئەکات، یان بە جۆرێکی ئاسایی، جاری وایشە ئەوکاریگەریە پوچەڵ ئەبێتەوە، ئەوەیش ئەکەوێتە سەر زروفی نەشو نمای نوتفەکە.

لە راستیدا نوتفەی رەگەزی تاك، هەر لە ساتی پێکەوە نوسانی تۆوی باوك و دایك ، بە تەواوی دیاری ئەکرێ. گەرای نێرینەی دوا رۆژ، یەك کرۆمۆسۆمی کەمتر لە گەرای مێینە، یا لە کرۆمۆسۆمی پوکاوە، بەم شێوەیە هەمو خانەی لەشی پیاو جیاوازە لە هەمان ئەو خانانەی لەشی ژن.

دەرکەوتوە نەخۆشی لاوازی ئەقڵ – شێتی – خوێن پژان – کەڕی – لاڵی – کەم و کوڕی سکماکی هەووەها گوێزانەوەی نەخۆشی شێرپەنجە ، سیل و زۆری تر، لە جیناتی باوکەوە دێت بۆ نەوەکان، بەڵام تەنها وەك ئامادەیی.

لە زۆرکاتا زروفی نەشونما دژی دەرکەوتنی ئەم نەخۆشیانە ئەوەستێ و لە هەندێ زرۆفیشا، نەشونما لە بارەی هێزی چالاکی و ویست و زیرەکی یارمەتی دەرکەوتنیان ئەدات ، ئەمانە لە زۆرکاتا هێزی سك ماکی دیاریان ئەکات، بەڵام لە بەر ئەوەی رەگەزی ئادەمیزاد بە پاکی نەهاتوەتە خوارەوە، ناتوانرێ پێش بینی بکرێ بۆ رەگەزێ لە پێکهاتنی خێزانێ یا ژن و مێردێ، لە گەڵ ئەوەشا وا ئاشکرایە ئەو منالانەی

لە کەسانی سەرکەوتو ئەکەونەوە، زیاتریان سەرکەوتوتر ئەبن لەو منالانەی لە کەسانی کەم دەرامەت و پلە نزم لە دایك ئەبن، بەڵام لە بەر هەندێ رێکەوتی سەیر، روو ئەدات لە کاتی یەك

گرتنی (نوية) بەشی بنچینەیی نوتفە، نەوەی پیاوە گەورەکان مام ناوەندی دەرئەچن، لە هەمان کاتا پیاوی گەورە و بە ناو بانگ، لە خێزانێکی زۆر لاواز پەیا ئەبێ. چونکە ویستی بەرز بوونەوە و سەرکەوتن قەت بەری ناگیرێت، تەنانەت ئەگەر ئەو ویستە بۆ شێتی یا بۆ سەلبیاق تریش بێت.

زانایانی چاك کردنی وەچە (نسل) لە بەرهەم هێنانی جۆرێکی زۆرباش لە وەچە سەرکەوتنیان وە دەس هێنا، بەڵام پیویستیان بە جۆرێ لە زروفی دیاری کراوی گۆڕاو هەیە بۆ نەشوناما و خوێندن، لە راستیدا ئەم زروفە هێزێکی جادوگەری شك نابات و ناتوانێ خەڵك بەکۆمەڵ چاك بکات، لە کاتێکا کە هیچ جۆرە یارمەتییەك نادرێت.

باسی شەشەم

گۆڕانەوەی ڕەوشتی پێشینیانمان و ئارەزووەکانیان، بۆ لایێکی دیاریکراو و نەشونمای نەوەکان وکەڵك وەرگرتنی نەوەکانمان، یاساکانی (ماندڵ)و یاساکانی تر، دەست نیشانیان کردوە، بۆ ئەوەی ئەم ئارەزووە خۆی دەرخات پێویستی بە یارمەتی شوێنەوار هەیە.

پێویستیەکانی چنراوە و هەست بە هۆی هۆکارەکانی کێمیا و سروشتی و فەسیۆلۆجی و ئەقڵی بە هۆی شوێنەوارەوە جێ بە جێ ئەبێت، ئادەمیزاد ناتوانێ بە شێوەیێکی گشتی ویستی سروشتی لە ویستی دەس کەوتوو جیا بکاتەوە، راستە ڕەوشتی دیاریکراو خاوەن ڕەسەنێکی سك ماکیە، وەکو ڕەنگی چاو و قژ و چاوکزی و ئەقڵ سوکی. بەڵام هەندێ ڕەوشتی تر هۆکەی ئەکەوێتە سەرکاریگەری شوێنەوار لە سەر ئەقڵ و لەش و لە گەڵ چەندێن ناجۆرێ ترکە ڕوو ئەکاتە لەش، ڕەوشتە سروشتیەکەی ئەبێ بە ڕاستەقینە، یا هەربە تەمەڵی ئەمێنێتەوە. ئاشکرایە ویستیکی (میل) سك ماکی دیاری کراو لەگەڵ زروفی پێکهاتەمانا

بە شێوەیێکی زۆرگەورە خۆی ئەگونجێنێ، ئێمە هەمدیسان ئەبێ بزانین، هەموکەسێ بە گوێرەی یاسایێکی تایبەت و ڕەوشتێکی تایبەت نەشونما بە چنراوەکەی ئەکات، بێجگە لەوە هێزی ویستی نەتەوەییمان و توانای ئەنجام دانەکەی جیاوازە، بەوە دوارۆژی هەندێ کەس بە تەواوی سنوردار و دوارۆژی هەندێکی تر بە تەواوی ئەوەستێ، لە کاتێکا پاشە ڕۆژی بەشێکی تریش کەم یا زۆر ئەکەوێتە سەر بارودۆخی نەشونماکەیان.

پێش بینی کردن لە جۆری ویستی منڵ بۆ فێرکردن و شێوەی ژیانی و دەورو بەری کۆمەڵایەتیەکەی، کارێکە قەت ناکرێ، چونکە بناغەی پێکهاتەی چنراوەی ئادەمیزاد تا ئێستە نەزانراوە، ئێمە نازانین (جینات) باوك و دایك و ئەژداد و ئەژدای ئەژدادێ لەوگەرایەی کە لێی دروست بوو چۆن دۆزیەوە؟ هەروەها نازانین ئایا ئەوگەردیلە ئەتۆمیانە لە لایەن یەکێ لە باپیرەگەورەوە، لە بیر چووە و تیادا دانەنراوە، یان چۆن گۆڕانکاریێکی خۆ کرد لە (جینات) نابێتە هۆی کتوپڕ دەرکەوتنی هەندێ ڕەوشت؟

جار بەجاری روو ئەدا منالێك کتوپڕهەندێ هەڵوێست نیشان ئەدا ئەگەرێتەوە بۆ هەڵوێستی لەوە پێشی باوو باپیرانی، هەر چۆن بێ، دەرئەنجامی کاریگەرێکی تایبەتی سەر بە شوێنەوارێ لە کەسێکا سەر هەڵئەدا، بەڵام تا سنورێکی دیاریکراو، سەرنجدەر بۆی هەیە لە واتەی رەوشتی نەشونمای منالّ تێ بگات، هەروەها نەشونمای توتکە سەگیش هەر بەو جۆرەیە.

ئاشکرایە کەس ناتوانن منالێکی لاواز و نەفام و ئەقڵ پرتوبڵاو و ترسنۆك و تەمەڵ بکا بە یەکێکی باش و ئازا، یا سەروەری کۆمەڵێ، چونکە چالاکی ئەقڵ و ئازایەتی هەر هەموی لە ناو شوێنەواراکۆ ئەبێتەوە و شوێنەواریش ناتوانێ ئەم رەوشتە بپوکێنێتەوە، راستیەکەی تەنها بارودۆخی نەشونما لە سنوری ئامادە بوون سك ماکیا و شان بە شانێ رەوشتی چنراوەکان و سروشتی بوونی هەستەکان، دەست بە کار ئەبێت.

ئێمە شێوەی ئەم ئامادەکاریەمان بە تەواوی نەئەزانی، پێویستە بە گوێرەی ئەوە و لەگەڵ ئەو راستیەدا

کار بکەین، لەوانەیە هەمو کەسێ بە هۆی فێر بونەوە بگاتە ئەوەی نەشونمای رەوشتەکەی خۆی پێش بخات و لە سەر ئەوە بەردەوام بێت، تاکاتێ بە تەواوی بۆی دەر ئەکەوێ کە ئەم رەوشتانە بوونی نیە.

بێشك هۆکارەکانی کیمیاوی و فەسیۆلۆجی و سایکۆلۆجی شوێنەوار یارمەتی ئەوە ئەدەن، ویستی سروشتی نەشونما بکا و پەرە بسێنێ، هەروەها ئەیشبێتە هۆی رێگر و نەهێشتنی ئەم پەرە سەندنە.

راستیەکەی، ئەم ویستانە(میل) ئەتوانن تەنها خۆیان بخەنە قاڵبێکی ئۆرگانی دیاریکراو.

ئەگەر مادەی کالسیۆم و فۆسفۆر لە لەش قەدەغەکرا کە زۆر پێویستن بۆ دامەزراندنی قەبارەی لەش، یان فیتامینات، یان دەردراوەی لوەکان،کە کرکراگە بەکاریان دێنێ بۆ پێکهێنانی ئیسقان، لەم دۆخانەدا تێکچونی قاچ و دەست لە نوتفەدا و هاتنەوە یەکی سێبەنگە روو ئەدا، کە ئەبێتە هۆی نەزۆکی هەندێ ئافرەت، کە دوور نیە ئەو ئافرەتانە منالّی وەکو (لنکۆلن) یا پاستیرێکی تریان ببێت، هەروەها لە بارەی نێرینەوە، کەمی لە ڤیتامینات و مادەی پێویست، ئەبێتە هۆی پۆکانەوەی لووی گون یا لووەکانی تر، کە هۆیێکی سەرەکیە بۆ وەجاخ کوێری لە پیاوانا، بەڵام بوونی ئەم مادانە ئەبێتە هۆی نەشونمای کەسانێکی هەڵگری رەوشتی باوو باپیرانیان و سەرکەوتنیان بۆ پلە بەرزەکانی ناو کۆمەڵگا و بلیمەتی و سەرۆکی کۆمەڵگا.

بارودۆخی سروشتی وکیمیاوی شوێنەوار، ئەتوانێ کاریگەری بکاتە سەر رەوشت، بەڵام زۆڕ دەگمەنە لایەنی ئۆرگانی و ئەقڵی هەموکەسێ بۆ ماوەیێکی دوور ببەسترێ بە کاریگەری ئەم بارودۆخە تێکەڵ کراوەوە.

هۆکاری سایکۆلۆجی کاریگەرییکی گەورە ئەکاتە سەر خەڵك، چونکە ئەبێ بە هۆی ئەوەی ژیان شێوەی ئەقڵی و وێژەیی وەدەس بێنێ، ئەو یاسا دروست ئەکات یان جیا بونەوە ئەخولقێنێ، ئەوە هاڵمان ئەدا بۆپشگوێ خستنی خۆمان، یا دەسەڵات گرتن بە سەر خۆمانا، هەروەها ئەو شێوەی پێکهاتەی لەش و لایەنە چالاکیەکانی ئەگۆڕی بە هۆی گەڕانی خوێن وگۆڕانی لووەکانەوە، چونکە یاسای ئەقڵ و ئامادەیی فەسیۆلۆجی کاریگەرییکی تەواویان، نەك تەنها هەر لە سەر بارۆدۆخی سایکۆلۆجی کەسەکە هەیە، بەڵکو لە سەر پێکهاتەی ئۆرگانی و تێکەڵەکانیشی، لەگەڵ ئەوەیشا ئێمە نازانین ئەو ئەقڵە کاریگەرەی لە شوێنەوارەوە سەرچاوە ئەگرێ، تا چەن وێستەکانی باوو باپیرانمان، تێك ئەدەا، یا چاکی ئەکات، چونکە بێشك ئەوە دەورێکی سەرەکی ئەبینێ لە دوا رۆژی خەڵکا و جار بە جارێ گرنگترین رەوشتی ئەقڵی لە ناو ئەبات، نەشونمای هەندێ کەسیش بە جۆرێ پێش ئەخات کە قەت بەو شێوە چاوەروان نەئەکرا، هەر ئەویشە یارمەتی مرۆڤی لاواز ئەدات، هەروەها مرۆڤی بە هێز بە هێزتر ئەکات.

(بۆناپارت)ی بچوك کێبی (لوتاریخ) ی خۆێندەوە، وێستی بیر بکاتەوە، وەکو گەورە پیاوانی کۆن بڵێ. ئەو کارێکی کەم نیە، منالێ (بیت روث) یان (جورج واشنطن) یان (شارڵ شاپلن) یان(لند برج) بپەرستێ، هەستانی منالێ بە نواندن دەوری پاڵەوانێکی ناو فلیمی چەتە گەری، بە قەت ئەوە نیە دەوری سەربازێ ببینێ.

بێشك وێستی باوو باپیرانمان هەر چۆن بووبێ، کەم یا زۆر، کاریگەری کردوەتە سەر نەشونمای ئێمە هەموکەسێ لە سەرکاریگەری نەشونما هەڵسوکەوت ئەکات، ئینجا ریگاکەی یا ئەچێ بۆ چۆڵەواری، یان بۆ شاخەکان یان بۆ ناو گردە جوان و ئاوەدانەکان، یان بۆ ناو قوڕ و لیتەی زونگاوەکان، بەڵام ریگا خۆش ئەبێ بۆ ژیانی زۆربەی پیاوە شارستانیەکان.

کاریگەری شوێنەوار لەسەر تاککردنەوەی کەسێ، ئەکەوێتە سەر بارودۆخی چنراوە و هەستەکانی، بە واتەیێکی تر ئەو کرێکارەی لە ماوە جیاوازەکانی ژیانیا کاریگەری ئەکاتە سەر هەندێ کەس، یان یەك کەس ، لەوە زیاتر کاریگەری تری لا نامێنێ، هەروەها هاو بەشی کردنی ئەندامێ لە گەڵ شوێنەوارا، ئەکەوێتە سەر وێستی سك ماکی، بۆ نمونە: ئەگەر قۆرتێ یەکێ

بوەستێن، ئەگەر ویستی یەکێکی تریش بوەستێنێ، پێویستە هێزێکی زیاتر لەوەی یەکەم بە کار بێنێ و هەندێ شتی تیدا وەدەس کەوێ، کە تا ئێستە شاراوە بووە. نمونەیێکی تر: لەشی ئادەمیزاد پێش توشبوونی نەخۆشی و دوای ئەوە، لە چەند ماوەیێکی یەك لە دوای یەکی ژیانیا، ئامادەیە بۆکاریگەریەکانی هۆکاری نەخۆشی بە شێوەی جیاواز، کاریگەری زۆر خواردن، یا زۆر نوستن بۆگەنج یا پیر، وەك یەك نیە.

نەخۆشی سورێژە زۆرگرنگ نیە بۆ منالْ، بەلاّم نەخۆشیێکی مەترسیدارە بۆگەورە. بێجگە لەوە بەرپەرچ دانەوەی پێچەوانەیی هەندێ کەس و هەستیاریەکانیان، ئەکەوێتە سەر تەمەن فەسیۆلۆجی و مێژووی لەوە پێشیان، و ئەکەوێتە سەر سروشتی کەسایەتیەکەیان.

بە کورتی، ئەو دەورەی شوێنەوار پێی هەلّئەسێت بۆ وەدەسهێنانی ویستی میراتی لە بارەی کەسێکەوە، بە تەواوی دیاریکراو نیە، چونکە رەوشتی کچ و بارودۆخی نەشوناکەی، بە جۆرێکی گرێ پوچکەیی، لە گەلّ پێکهاتەی لەش و روحیا تێکەلّ بووە.

باسی حەوتەم

ئاشکرایە هەندێ مرۆڤ بریتیە لە ناوەندی چالاکیە سنور دارەکان،کە جیاوازە لە جیهانی رەقەمەیی (فیزیقی) و لە ئادەمیزادەکانی تریش، لە هەمان کاتا پەیوەندی هەیە لە گەڵ شوێنەوارەکەی و نیشتمانەکەی خۆیا، چونکە بە بێ ئەوان ناژی، یەکی لە رەوشتەکانی ئەوەیە رزگارە لە جیهانی گەردووین و رزگاریش نیە، بەڵام هیچ نازانین لە بارەی چۆنیەتی پەیوەندیەکانی لە گەڵ بوونەوەری ترا، چونکە خاوەنی سنورێکی سایکۆلۆجی[61] فراوانی وکاتیە (زمن).

دانەری ئەم کتێبە خۆی ئەزانێ ، خوێنەوارە لاوازەکان و زۆربەی ئەوانی تریش دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە، دانەڕەکەی بەساویلکە یان بە کافری دائەنێن، هەروەها، زانا روحیەکان و ژیان ناسان و زانایانی میکانیکا، بە تێکچووی دائەنێن. لەگەڵ ئەوانەیشا دانەر ئەڵێ من ناتوانم لە راستی لادەم، بەپێچەوانەوە، پێویستە زیاتر بە دوایا بگەڕێم.

ئێمە ئەزانین میتافیزیك لەسایکۆلۆجی ئاسایی، لە بارەی رەوشتی ئادەمیزادەوە زیاتر زانیاری گرنگمان ئەداتێ. لەم دواییەدا کۆمەڵەی میتافیزیکی و روحی جیهانی، بە تایبەتی کۆمەڵەی بەریتانی بۆ هەموکەسێکیان سەلماند، زانیاری موگناتیسی و دیاردەی تیلپاثی،کاتی ئەوەیان هاتووە وەك فەسیۆلۆجی دەراسەیان تیدا بکرێ، هەروەها پێویستە لە سەر ئەوکەسانەی حەزیاری ئەم زانیارانەن، پزیشکی گەورە یان فەیلەسوف یان هەرچی..هتد، زۆر لەم زانیاریە مەترسیدارانە قوڵ نەبنەوە، چونکە چوونە دەرەوەی ئادەمیزاد بۆ ئەولای سنووری فیزیکی (جیهانی ئەرواح) خۆی وگەڕان بە دوای زانیاری روحی راستەقینە یان لاهوت دا، مەترسی هەیە بو هەموکەسێ تەنانەت بۆ زانا بەرزە روحیەکانی وەکو (اسحاق نیوتن) و (ولیام کرۆکس) و(ئۆلیڤرلۆدج)، بەڵکو ئەوە کاری ئەو مامۆسا بەرزە روحیە تاقیکارانەیە لە بوارێکی بەرزی چارەسەری روحیدا

---

[61]- سنوری سایکۆلۆجی/روحی/ ئادەمی لە بۆشایی و کاتا، تا ئێستە هەر قسەیە، ئەگەر چی ئەو قسانەش سەیر و سەرسوڕێنەرن، بەڵام بێشك ئەبێتە هۆی کۆبونەوەی ئەو راستیانەی ئێستە کە زانینەکەی سەخت دێتە پێش چاو، لە راستیدا مەبەسەکە، تەنها هەرئەوەیە، داوای تاقیکردنەوەی تازە ئەکات.

کار ئەکەن و دەیان ساڵە لەو جیهانەدا سەرگەرمی ئەوکارەن خاوەنی گەورەترین شارەزایین لە بواری سایکۆلۆجی و شپرزەیی مێشك و یاساکانی موگناتیسی و راستی بابەتەکان و ناسینی پسپۆرە درۆزنەکانی ئەوکارە و فێڵ و ساختەی هەندێ هۆکار وکەسانی هەڵ پەرست و ئاشکرا کردنیان.

هیوای دانەر ئەوەیە، بابەتی /سنووری فراوان وکاتی/ تایبەت بە مرۆڤ، بە هۆی تاقیکردنەوەیێکی تەواو و راست و بە هۆی هونەرەکانی فەسیۆلۆجیا و سایکۆلۆجیا، تاق بکرێتەوە و نەشونمای پێ بدەن و راستیەکەی بۆ هەمو جیهان بسەلمێنن. با ئەوەندە ئەو زانیاریە گرنگ و پڕۆزە، کە بریتیە لە راستی دوا رۆژی ئادەمیزاد، نەبێتە هۆی گاڵتە پێکردن وپێکەنین و لچ هەڵقورچاندنی هەندێ مێشك پووچ...

زۆر بە راستی لە باوەڕاین ،کەسایەتیەکەی بچێتە دەرەوەی قەبارەی مادیەوە، سنورەکەی بکەوێتە ئەو دیوی لەشیەوە، دیاری کردنی سنوری ئەناتۆمی مرۆڤ بە گوێرەی بیر و باوەری مادیەت، تەنها ئەندێشەیە و هیچی تر، چونکە هەمو یەکێ لە ئێمە زۆرگەورە ترە و فراوان ترە لە قەبارەی لەشی خۆی، ئێمە ئەزانین سنوری بەدی کراوە فیزیقیمان لە لایێکەوە پێستە و لە لایێکی تریشەوە پەردە لینجەکانی هەرس و هەناسەیە، تەندروستیمان و ماناان ئەکەوێتە سەر پاراستنی ئەو سنورانە، چونکە تێك چونی چنراوە، یان هێرش هێنانی بەکتریا، ئەبێ بە هۆی داهێزرانی لەش و مردن. ئەزانین کە ئەم چنراوەیە ئامادەیە بۆکون بوون و هاتنە ژورەوەی تیشکی گەردوونی و ئۆکسجینی هەوا و روناکی و گەرمی و شەپۆلەکانی دەنگ و ئەو مادانەی سەر بە هەرسی خواردنن، بە هۆی ئەم روکەشەوە جیهانی ناوەکی لەشمان هەمیشە لە گەڵ جیهانی گەردوونی لە پەیوەندیدان و ئەم سنورە ئەناتۆمیە فیزیقیە تەنها لایێکی ئەوکەسەیە، بەڵام کەسایەتی ئەقڵی لەگەڵ نیە، خۆشەویستی و رق بریتین لە دوو هێستی راست، لە رێگای ئەم دوو هەستەوە ئادەمیزاد بە تەواوی پێکەوە ئەبەسترێنەوە، بەبێ لە بەرچاوگرتنی دوور و نزیکی ماوەی نێوانیان.

ئازاری دایکێ بۆ لە دەس دانی منالەکەی، زیاترە لەوەی دەسێکی خۆی لە دەس بدات، پچڕانی پەتی خوشەویستی هەندێ جار ئەبێتە هۆی مردن.

ئەگەر بمان توانیایە، لەم پەیوەندیە رۆحیانە بگەیشتینایە، ئەوکاتە ئادەمیزاد شێوەیێکی سەیر تری وەر ئەگرت، چونکە ئەگەر ئەو جۆرە پەیوەندیانە نەبوایە، هەندێ کەس نەیان ئەتوانی بگەنە ئەو لای سنوری ئەناتۆمیەکانیانەوە، هەندێکی تریش نەیانئەتوانی ئەو ماوە دوورە ببڕن.

ئەمێنێتەوە سەر بەشی سێهەم کە زۆرگەورە دێنە پێش چاو، وە خاوەنی لە ژمارە بەدەر لق و پەلی هەستیارن (زوائد قرنیة) کە بە هەمو لایێکا بڵاوی ئەکەنەوە و پەیوەندی ئەکەن بە کەس وکاریانەوە یان بە هاوڕێکانیانەوە، یا لە گەڵ ماڵی خۆیان، یا بۆ ناو هەور و کێوەکانی نیشتمانەکەیان، هەرەوەها بە هۆیانەوە سەرەك کۆمەڵەکان و پیاو چاکەکان و پیاوە پیرۆزەکان، وەك روداوە ئەفسانەییەکان، بە قەبارەیێکی زۆرگەورە، دێنە پێش چاو، بە هۆی پەل و پۆ زۆر و درێژەکانیانەوە، باڵیان کێشاوە بە سەر شاروکێشوەر و هەمو جیهانا.

لێرەدا پەیوەندیێکی پتەو هەیە لە نێوان ئێمە و شوێنەواڕە کۆمەڵایەتیەکەمانا، هەرکەسە شوێنێکی دیاری کراوی لە ناوکۆمەڵگادا هەیە بە هۆی پەیوەستێکی راستیەوە پێوەی بەندە، ئەوکەسە ناوەندی کارەکەی لە ژیانی خۆی خۆشتر ئەوێ، تا ئەوەی ئەگەر بە هۆی روداوێ یا زیانێ یا نەخۆشیێك یان تاوانێك، ئەو کارەی لە کیس چوو، خۆکوشتنی لە لا زۆر ئاسایە.

واتە دەرکەوت مرۆڤ لە هەمو بارێکەوە لەو لای سنوری ئەناتومیەوە خۆی ئەدۆزێتەوە، با ئەوەش بزانین ئادەمیزاد بە هەمو بۆشایی گەردوونا ئەکشێت، تائێستەش ئەو راستیە هەر بەو جۆرەیە و سەلێندراوە، بۆ غونە: لە دیاردەی تلپاثی (تخاطر) دا، ئەو کەسە بەشێ لەخۆی بە شێوەیێکی تایبەتی ئەنێرێ بۆ پەیوەندی کردن لە گەڵ یەکێکی تر لە دوورەوە، بەو شێوەیە ئادەمیزاد ئەتوانی بکشێ و بگاتە ماوەیێکی زۆر دوورو بە بێ کات، لەکیشوەر و زریاکانی تێپەڕ ئەبێ. خاوەنی دیاردەی تلپاثی، ئەتوانی لە دوورەوە بەو وزە روحیە و لە گەڵ هەرکەسێ بیەوی گفتوگۆ بکات، بە مەرجێ بەرامبەرەکەیشی خاوەنی هەمان دیاردە بێت، بۆ وەدەس هێنانی ئەم دیاردەیە پرۆڤەی تایبەتی هەیە. بێجگە لەوە، هەر لە جۆری ئەم دیاردەیە و بۆ پەیوەندی روحی، هۆکاری پێشکەوتوی خەولێخستنی موقناتیسی کاتی، نوێنرا و لە ژێر فەرمانی ئاماژەی مامۆساکەیا، بۆ هەر شوێنێ بیەوەێ ئەینێرێ و بەبێ کات ئەگاتە ئەو شوێنە و هەمو هەواڵێکی راستی ئەو شوێنە بە تەواوی باس ئەکات. بەڵام جیاوازی نێوان تلپاثی و نوستن بە موقناتیسی ئەوەیە، خاوەنی دیاردەی تلپاثی، لە شێوەی بە ئاگاییدا پەیوەندیەکە ئەکات، بەڵام هۆکاری

مۆقناتیسی نوستووە و لەشە تیشکیەکەی و روحەکەی، لە تیژی تیشکا ئەرۆن وکارەکە ئەنجام ئەدەن.

بێجگە لەم دوو دیاردانە، زۆرکەسانی تر خاوەن دیاردەی روحی جۆراوجۆر هەیە، بە ئاسانی سنوری ئەناتۆمی خۆیان بە جێ ئێلن و ئەکشێن بۆ ناوبۆشایی گەردوون و هەر یەکە لە بواری تایبەتی خۆیا لە کارایە.

بە پێی بۆچونی زاناکان وا دەرئەکەوێ ئەو ووشەو وتەی تلپاثی لە شێوەی شەپۆلی کارەبایی- موقناتیسی لە بۆشاییدا هاتو چۆ ئەکات، بەڵام خێراییەکەی تا ئێستە نەزانراوە و پێوانە نەکراوە، چونکە بایۆلۆجیەکان و زانا دەرونیەکان و فەلەکیەکان هێشتا، هەستیان بە بوونی دیاردەی میتافیزیك نەکردووە، و قسەکردن لە دووڕەوە زانیارێکی سەرەتاییە، تا ئێستە لە گەڵ زانیاری میتافیزیك لە ژێر لێکۆڵینەوەدان.

بەڵام ئەگەر رۆژی لە رۆژان، زاناکانمان خەبەریان بوەوە و بۆیان دەرکەوت، وتو وێژی تلپاثی لە شێوەی تیشکا بە بێ کات، بەناو بۆشایی گەردوونا ئەروات، هەربەو جۆرە هەمۆ چالاکیە روحیەکانی تریش، ناچار ئەبین هەمو بیرو بۆچونەکەمان لە بارەی پێکهاتەی جیهانەوە بگۆڕین. ئەگەرچی زاناکان هێشتا لە خەوان و بۆیان دەرنەکەوتووە قسە کردن لە دووڕەوە بەبێ هۆکاری فیزیقی ئەنجام ئەدرێ و هیچ بۆشایی لە نێوان ئەوانەدا نیە و بە بێ هۆ پەیوەندی بە یەکترییەوە ئەکەن، ئێمە ئەزانین ئەقڵ لە دریژایی ناو دووری چوارەمی مادی خۆیا، باسێکی تەواوی بۆ تەرخان نەکراوە، چونکە ئەقڵ لە ناو جیهانی مادیدا هەیە و لە هەمان کاتیشا لە شوێنێکی تریشا هەیە، بێشك خۆی ئەخاتە ناو خانەیێکی مۆخەوە، لە بۆشایی وکاتا بڵاو ئەبێتەوە، وەکو قەوزە کە ئەنوسێ بە روی بەردێکی قەراخ دەریاوە و رەگەکانیشی بڵاو ئەبێتەوە و لە تاریکی دەریاکەدا مەلە ئەکات، ئێمە هیچ شتێ لەو راستیانە نازانین، کە کەوتونەتە دەرەوەی بۆشایی وکاتەوە. با وا دانێین پەیوەندی بە قسەکردن لە دووڕەوە، بریتیە لە پێش بڕکێ لەولای دووری جیهانەکەمانەوە، لە نێوان هەندێ اثیری سەر بە دوو ئەقڵ، بەڵام ئاسانتر وایە کە سەیری ئەم دیاردەیە وابکەین کە ئەمە بە هۆی بڵاو بوونەوەی خەڵکانەوەیە لە بۆشاییدا، وەکو دکتۆر رئووف عبید ئەڵێ: (الجسم روح لاجسد).

توانینی مرۆڤ بۆچونە ناو(امتداد) راکشاوەی بۆشاییەوە، راستیێکی هێشتا نەزانراوە، بەڵام هەندێ خەڵکی سادە هەن قسەی ناو دڵی کەسانی تر ئەخوێننەوە، وەك هۆکاری نوستنی

موقناتیسی ئەنجامی ئەدا، هەروەها هەندێکی ترهەن کە خاوەنی هێزێکی وان، ئەتوانن کاریگەری جۆراوجۆر بکەنە سەرکۆمەڵێکی زۆر لە خەڵك بە هۆی قسە کردنی ئاساییەوە، خەڵك بەرەو خۆشی یا بەرەو فیداکاری بەرن، هەر بەو جۆرە قەیسەر و ناپلیۆن و مۆسۆلینی و زۆر لە سەرۆکە ناوداراەکان بە هۆی ئەو ویست و هێزی مۆقناتیسیەی لە لەش و قسە کردنەکانیانا بووە، کۆمەڵێکی زۆریان لە سەرۆك و ئەفسەر و سەرباز لە خۆیان کۆکردوەتەوە و لە ژێر فەرماندەی خۆیانا بە کاریان هێناون

اشکرایە پەیوەندی نەزانراوو نهێنی هەیە لە نێوان هەندێ کەس و سروشتا، ئەوکەسانە ئەتوانن بە ناو بۆشایی و کاتا بڕۆن و بڵاو بنەوە و لە راستیە سەختیەکان بگەن. وا دیارە ئەوانە خۆیان لە جیهانی مادی و لە خۆیان شاردوەتەوە، هەندێ جار ئەندامی هەستی خۆیان بە بیهودە لە پشت سنوری جیهانی مادیەوە نیشان ئەدەن و ئەگەڕێنەوە.

باسی هەشتەم

ئادەمیزاد وەکو ئەچێتە ناو کاتەوە، بەو جۆرەیش ئەکشێتە ناو بۆشایی ئەو دیوی سنوری لەشیەوە، سنوری کاتیەکەی لە سنوری فراونیەکەی جێگرتر و وردتر نیە، خۆی ئادەمیزاد بەسڕاوە بەرابوردو و داهاتوەوە. وەکو ئەزانین تاقە کەسایەتیەکەمان، لەوکاتەوە پەیا بووە زیندەوەرە سپیرمیەکەی چوە ناوگەراکەوە، بەڵام توخمە کەسایەتیەکانمان، لە پێش ئەو ساتەوە هەرهەبووە و لە ناو چنراوەی دایك و باوکا بڵاو ببونەوە، هەروەها باوو باپیران و ئەوانەی پێش ئەوانیش هەر بەو جۆرە لەوێدا بوون، چونکە ئێمە لە خانەکانی دایك و باوکمان دروست بووین، بونمان ئەکەوێتە سەر بارودۆخی ئۆرگانەکانی رابوردو و هەر بەو جۆرەش لە ناو ناخی خۆمانا ئەمێنێ، پارچۆلکەی بێ ژمارمان لە لەشی باوکو باپیرانمان هەڵگرتووە و هەموکەموکوڕێك و رەوشتێکمان ئەگەڕێتەوە سەرکەم وکۆڕی ڕەوشتی ئەوان، چۆن ئەویش هەڵگری رەوشتی رەسەنی خۆیەتی، ئێمەیش هەر بەو جۆرە، ئێمە ناتوانین مێژو پشتگوێ بخەین،

بە پێچەوانەوە، پیویستە رابوردو بکەین بە ئامێرێکی پێش بینی بۆ داهاتو، بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان ئامادە بکەین بۆ پێشوازی لە دوا رۆژی خۆمان. زۆر ئاشکرایە ئەو رەوشتانەی مرۆڤ لەژیاندا وەدەسی دێنێ، ناگاتە بەر دەس نەوەکان، لەگەڵ ئەوەشا، پلازمای جەرسومی هەر لە خۆیەوە نیە، بەڵکو بە هۆی کاریگەری ناوەندیاری ئۆرگانیەوە دروست ئەبێ، یان بە هۆی ژەهری نەخۆشیەکە و خواردن وامادەی دەردراوەی ئەندۆکرین روو ئەدات . کاتێ دایك و باوك توشی سوزەنك ئەبن، ئاڵۆزیێکی قوڵ لە لەش و هەستی منالّەکانیانا رو ئەدات، لە بەر ئەوەیە لە نێوان نەوەی پیاوە بەرزەکانا، کەسانی لاواز و ئەقڵ لاسەنگ زۆر هەڵئەکەوێ، ئەوەندەی نەخۆشیە پیسەکان لە خێزانە بەرزەکانی کوشت، قەت لە شەڕەکانی جیهانیدا ئەوەندە نەکوژراوە. منالّی سەرخۆش و تریاك کێش وکۆکایین خۆر، هەمویان شێواو وکەم ئەندام و بێ ئەقڵ دەرئەچن، ئەمانە بە درێژایی تەمەنیان هەڵگری سزای ئەو رەوشتە پیسانەی باوکیانن، لە وانەیە دەر ئەنجامی تاوانی مرۆڤ، بە ئاسانی بگاتە نەوەکانیان، بەڵام بەهرە و چاکە و زانیاری و

پیشەوەری باشیان پێ ناگات، هەمو کەسێ شوێنەوارەکەی و ماڵەکەی خۆی بۆ نەوەکانی ئامادە ئەکا و ئەینەخشێنێ، لە ژیانا وا بیر ئەکاتەوە کە تەنها کەسایەتیەکەی ئەو لەوێدا بوونی هەیە، وە بەهۆی کردارەکانیەوە، ڕەوشتەکانی خۆی بۆ نەوەکانی بە جێ دێڵێ ، یان پێیان ئەبەخشێ، چونکە مناڵ تا ماوەیێکی زۆریش متمانە ئەکاتە سەر دایك و باوك، وە هەمۆ ڕەوشتێ لەوانەوە فێر ئەبن و هەمو توانای بەکار دێنێ بۆ لاسایی کردنەوەی دایك و باوکی وهەوڵ ئەدا وەکو ئەوان بکات، منالەکان هەمو ڕۆژێ ڕاستەقینەی دەم و چاوی باوك و دایکیان ئەبینن، نەك ڕوپۆشەکەی /قناع) ناوکۆمەڵگایان، هەستی مناڵ بەرامبەر دایك و باوك، لە زەردە خەنەیێك و پشتگوێ خستنێکا خۆی ئەبینێتەوە، لەگەڵ کەمێ تورەیێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا لاسایی خراپی و خۆ پەرستی و ترسنۆکییان پێ کەم و زیاد ئەکەنەوە.

زۆر جۆر دایك و باوك هەیە، هەندێکیان دڵپاکی و هەست بە جوان کردن و ئازایی، بە میراتی بۆ نەوەکانیان بەجێ دێڵن، مردیشن، بە هۆی ئەو بناغە چاکەی دایان ناوە، وئەو باخچە جوانەی ناشتویانە کەسایەتییان هەر ئەمێنێ، شارستانیەت بە هۆی ئەو جۆرە پیاوانەوە دامەزرا کاریگەری مرۆڤ لە سەرپاشە ڕۆژ، هاوکێشە نیە لە گەڵ کشانی کەسایەتی لە ناوکاتا، ئەویش بە هۆی گوێزانەوەی چەند پارچەیێك لە خانەکان، بۆ منالەکانی، یان بە هۆی دانانی ئاسەوارەکانی دین و ڕامیاری و فەلسەفە..هتد، لە ناو جیهانی هونەرا، لە گەڵ ئەوەیشا، وا دەر ئەکەوێ کەسایەتی، ئەکشێتە پشت کاتی فەسیۆلۆجیەوە، چونکە لە ناو خەڵکا چەند کەسانێکی ڕوحی هەیە توانای گەشتیان هەیە بە ناوکاتا. وەکو لەوە پێش باسمان کرد هۆکاری مۆقناتیسی نەك هەر ڕوداوی ئاسایی ئەبینێ، بەڵکو ڕوداوەکانی ڕابوردو و داهاتویش ئەبینن، وا دیارە هۆکار بە ئاسانی بە ناوکات و بۆشاییدا ئەگەڕێ، یان لە جیهانی فیزیقی و مادی دائەبڕێت بۆ ئەوەی بڕوانێتە ڕابۆردوو و داهاتوو، وەکوکە مێشێك ئەتوانێ سەیری وێنەیێك بکات، ئەگەر بە سەریشیا نەڕوات، لە نزیکیەوە بە سەریا ئەفڕێ. ئەم ئەنجامە ئەمان باتەوە بۆ باسی ڕاستی پێش بینی کردن بۆ چونە ناو جیهانێکی نەزانراو، وا دیارە ئەوە ئاماژەیە بۆ بونی بیرو باوەڕێکی ڕوحی کە دەورەی سنوری لەشی داوین. پسپۆڕە تایبەتیەکان واتەی زانیاری ڕوحی وا لێك ئەدەنەوە: کە بریتیە لە دیاردەیێکی دیاری کراو لە ژیانی هەستەکانی دوای مردن.هۆکارێکی ڕوحی وتی: " ڕوحی یەکێکی مردوو، چوەتە ناولەشەوە، باسی هەندێ شت ئەکات" کە ئەو ڕوداوانە تەنها هەر مردوەکە ئەیزانی، لە دواییدا، ڕاستیەکەی دەرکەوت. (برود) ئەڵێ " ئەتوانین

بڵێین ئەم راستیە بریتیە لەوەی روحەکە بەبێ بەکار هێنانی هەستی ئەقڵی، بۆ ماوەیەکی کاتی ئەچێتە ناو لەشی هۆکارەکە،کاتێ ئەم پێکهاتەیە قسە لە گەڵ مرۆڤ ئەکا، جۆرێ لە هەست دروست ئەبێ لە نێوان هۆکارەکە و مردووەکەدا، وە ئەم هەستە کاتیە، لە دواییدا نامێنێ". بێجگە لە وانە وەکو بۆ رونا‌ك بیرە روحیەکان ئاشکرا بووە و زۆر لە سەرچاوەکانیشیان ئاماژەی پێ ئەکەن، لەشی ئادەمیزاد خاوەن کۆمەڵی ناوەندی روحی بەهێزە، زانیاری تازە تا ئێستە هیچی لێ نازانن. ئەو دەرئەنجامەی لە مەوە دەستمان کەوت، لە بارەی تاق کردنەوەی زانیاری بانگ کردنی روح، لایەنێکی گرنگی زۆرگەورەی هەیە، بەڵام بۆچونی زانایان بۆ دەراسە کردنی، زۆر ورد نیە. با ئەوەش بزانین هیچ ڤێنیێك نیە لە چاوی هۆکاری موقناتیسی شاراوە بێت، دیارە ئێستە هێشتا ناتوانرێ جیاوازی لە نێوان ژیانی یاسای روحی و دیاردەی هۆکاری مۆقناتیسیدا بکرێ.

باسی نۆیەم

بە کورتی، تاکە کەس بریتی نیە تەنها لە لایەکانی لەش، بەڵکو بریتیە لە رەوشتێکی بنچینەیی لە هەمو بەشێکی پێکهاتەی ئەم لەشە، ئەم لەشە ئەگەرچی لە ناوگەرا تروکاوەکەدا هەر بە بەراوردی ئەمێنێتەوە، بەڵام ئەوەندەی پێ ناچێت رەوشتەکانی خۆی بەرە بەرە دەر ئەخا و لە ناوکاتا بڵاو ئەبێتەوە.

ویست و رەوشتەکانی باوو باپیران لە ناو ناخیایەتی، لە کاتێکا لەگەڵ شوێنەوارا لەکێشەدان، بەناچاری خۆی دەرئەخات، چالاکیە رێکخراوەکانی بەسەر لایێکی دیاری کراوا بڵاو ئەکاتەوە. لە راستیدا تایبەتمەندی سروشتی لەش، زروفی دەور و بەرێ خۆی بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاردێنێ. هەر یەکە بە گوێرەی تایبەتمەندی خۆی لەم زروفە کەڵك وەر ئەگرێ و بە پێی توانای خۆی لە مادەکانی جیهانی دەرەکی کەڵك وەرئەگرێ، واتە ئەبێ بە ناوەندێ بۆ لایەنی چالاکی دیاری کراو. لە گەڵ ئەوەی، ئەو چالاکیە ئاشکرایە بەڵام نابینرێ، چونکە روح لە لەش - قەبارە لەکارکردن - خانە لە ناوەندیار - کۆمەڵ لە یەکیەتی - سنوردار لە سنور- قەت جیا ناکرێنەوە.

ئێستە ئەزانین روی لەشمان، سنورە راستیەکەمان نیە، بەڵکو تەنیا هۆکارێکە لە نێوان ئێمە و جیهانی گەردونا، وە دەشتێکی پڕ لە چاڵو چۆڵی دروست کردووە، ئەبێتە هۆی چالاکیەکانمان، ئێمە لە سەر شێوەی قەڵاکانی سەدەی پانزەهەم دروست کراوین، دەورمان بە چەند خەندەقێکی قوڵ و سەنگەرێ زۆر پتەوگیراین، هۆکارە بەرگریەکانی ناو لەشمان لە ژمارە بەدەر و هەر هەمو یەکیان گرتوە. پێست ئەو روپۆشەیە و پێویستە دوژمنە میکروس کوبیەکان لێوەی تێپەڕ نەبن، بەڵام زۆر جارئێمە لێوەی دێینە دەرەوە و ئەگەینە ئەولای بۆشایی و کاتەوە، ئێمە ناوەندی مرۆڤ ئەزانین، بەڵام نازانین سنوری دەرەوەی کەوتوەتە کوێ، راستیەکەی ئەوەیە ئەم سنورانەی دانراون، لەوانەیە هەر بوونیشیان نەبێ، هەمو کەسێ پەیوەندیدارە بە کەسانی پێشو و، بەوانەی، دواییشەوە، بە شێوەیێك لە شێوەکان تێکەڵ بە یەك ئەبن، وادەئەکەوێ

ئادەمیزاد لە گەردیلەی جیاواز پێك نەهاتووە، وەکو غاز لە گەردیلە پێك دێت، ئادەمی وەکو تۆرێکی گرێ پوچکەیە و بریتیە لە دەزوی درێژ درێژ و بە ناو بۆشایی کاتا بڵاوو درێژ بونەتەوە و پێکهاتوون لە زنجیرەیی لە کەسەکان.

بێشك تاکە کەسی راستەقینەیە، بەڵام بەو جۆرە نا کە ئێمە تێی گەیشتوین، وە جیا بونەوەی هەمو کەسێ لەوانی تر و لە جیهان، ئدێشەیە، وا نیە.

لەشمان لە مادە کیمیایەکانی شوێنەوار پێکدێ، ئەم مادانە بە پێی کە سایەتیەکە، لە ناو لەشا ئەگونجێ و دەست ئەکەن بە دانانی بناغەی چنراوە و تێکەڵە و ئۆرگانی، هەرکاتێ ئەوانە تەواو بوون، سەر لە نوێ و بە بێ راوەستان بە هەمان شێوە، دەست ئەکەن بە دروست کردنەوەی ، تا دوایی تەمەن، کاتێ ئەو مادانە ئەمرن، سەر لە نوێ زیندو ئەبنەوە.

هەندێ پێکهاتەی کیمیاوی دیاریکراو هەیە، هەر یەکێ لەوانە شێوەیێکی تایبەتی رەگەزی، یاکەسایەتی ئێمەی هەڵگرتووە، ئەمانە یارمەتی مانەوەی چنراوەکان ئەدەن، بە بێ ئەوەی رەوشتەکانیان وەرگرن، هەروەها ئەو مادانە کاتی دروست کردنی جۆرەها شێوە، پێکهاتەی کیمیاویەکەی ناگۆڕن. ئەو مادانە

وەك چەم بەگوڕئەڕژینە ناو لەشەوە، و خانەکان هەریەکە بە گوێرەی جۆری خۆی، مادەی پێویستی بۆ پاراستنی چالاکی و نەشونمای خۆیانی ێ وەرئەگرن. سۆفیە مەسیحیەکان ئەڵێن " ئێمە پێشوازی لە زۆرکەسانی روحی ئەکەین لە جیهانی روحەوە دێن بۆ لامان، نوری خوا دێتە ناو لەشو روحمانەوە و لەگەڵ لەشمان تێکەڵ ئەبێت، هەروەکو چۆن ئۆکسجین و نایترۆجین لە خواردن پێکدێ لە ناو چنراوەکانا ئەتوێتەوە.

کەسایەتی ئادەمیزاد بە درێژایی ژیانی بە خۆ راگری ئەمێنێتەوە. لە گەڵ ئەوەی جۆرەها گۆڕانکاری بە سەر چنراوە و تێکەڵەکەیدا دێت، هەروەها ئۆرگانەکان و ناوەندیارەکانیان، لە ناو ئەڵقەیُ یاسای کاتی فەسیۆلۆجیدا ئەسوڕێتەوە، یا بە واتەیێکی تر لە ئەڵقەی کرداری چەسپیوی بۆ شۆڕشەکانی دوایی و ئینجا مردن، بەڵام هەمیشە پارێزگاری رەوشتی سروشتی خۆی ئەکا و هیچ مادەیێك ناتوانێ بیگۆڕێ، وەکو داری (تنوب) ی زیوین وایە کە بریتیە لە داریکی سەخت و پتەو، لە سەر هەندێ شاخ هەیە و سەرما و با و باران کاری ێ ناکات و تەختەکەی زۆر گرانە، بەڵام ئاشکرایە کەسایەتی بە گوێرەی چونیەتی شوێنەوار بە هێز یا لاواز

دەرئەچێ، وە ئەگەر بارودۆخەکەی ناهەموار بێت لەوێدا کەسایەتی ئەرۆخێ، جاری وا هەیە کەسایەتی ئەقڵ لە کەسایەتی ئۆرگانەکان کەمتر دیارە.

ئادەمیزاد ئەتوانێ بزانێ ئایاکەسایەتی ئەقڵ، هێشتا لە ناو پیاوانی شارستانیەتی تازەدا بوونی ماوە؟ چۆنکە هەندێ سەرنجدەر لەوەدا دوو دڵن.

(تیۆدۆر.دریزر) لای وایە ئەقڵ لای پیاوی سەدەی تازە، ئەفسانەیێکی درۆیە – راستیەکەی – دانیشتوانی شارە تازەکان، شێوەیان وا دەرئەکەوێ، لە ئەقڵ و وێژەدا لاوازن، زوربەی کەسەکانی یەك شێوەن. هەمویان بریتین لەکەسانێکی مێشك تێك چوو، هەست ناشیرین، دەمار زل، باوەڕ بەخۆ بڕاو، خاوەن ماسولکەی بێ هێز، هاواریانە لە دەس شەهوانیەت، لەگەڵ ئەوەی، زوربەیان لادانی رەگەزیی و داوێن پیسی شێتی کردوون، ئەم بارو دۆخە، شپرزەیێکی قووڵ لە پێکهاتەی کەسایەتیدا دروست ئەکات، چونکە کەسایەتی تەنیا لە دۆخێکی ئەقڵی، یا شێوەیێکی تایبەتی پێك نایێت کە بتوانین بە ئاسانی بیگۆڕین، یان لە نەشونمای کەسێکی کەم ئەندام ، یان پێکەوە لە هەردوکیان، بەڵکوئەو داهێزرانە تا سنوری لە رەگەزەوە سەرچاوە ئەگرێ، پەیڕەو نەکردنی رەوشتی راست، ئەبێ بە هۆی لاوازی پێکهاتە و هەستی منداڵ، هەروەها ئەبێ بە هۆی ئەوەی ئەو منداڵانە لە کەم و کورتیدا بژین، چونکە ئەوانە توانای ئەوەیان نیە پارێزگاری بەرهەمەکەی خۆیان بکەن، تا ئێستە رێژەی هۆکاری ئەم داهێزرانە، نەزانراوە.

وەکو لەوە پێش باسمان کرد، زانینی جیاوازی نێوان کاریگەری رەگەز وکاریگەری شوێنەوار زۆرسەختە، لە هەمان کاتیشا ئاشکرایە، لاوازی ئەقڵ و شێتی، هۆیەکەی سك ماکیە، بەڵام کزی زیرەکی هۆیەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ قوتابخانە و زانکو و شێوازی نەشونما و ناوکۆمەڵگا، نەك بۆ سك ماکی.

کاتێ ئەوگەنجە تەمەڵ و بێ ئەقڵانە، لە شوێنەواری خۆیانەوە ئەگوێزرێنەوە بۆ ناو ژیانێکی سەرەتایی تر، ئەوانە جاری وایە بەوگۆڕانکارییانە. چاکتر ئەبن و ژیانیان تیا دروست ئەبێتەوە، ئەو پوکانەوەی بە سەرشارستانیەتی ئەوانا هات، ئەبێ چاك بکرێتەوە، بەڵام توانەوەی رەگەز، چاك بونەوەی سەختە، لە ناو کۆمەڵە لاوازەکان و کەم ئەندامەکانا هەندێ کەسێ ئەندام تەواو هەیە، بەڵام ئەگەر بە ووردی سەیریان بکەین، ئەبینین ئەوانە بە گوێرەی ئەو لیستە وێژەییەی کە بۆیان دانراوە، باشتر دێنە پێش چاو.

ئەو مرۆڤەی خاوەنی هەمو توانای خۆی بێت، لەوانە ناچێ، پسپۆڕەکان بیری لێ ئەکەنەوە، وە بریتی نیە لەو پارچە هەستەی زانایان دەرونی ئەیانەوێ وێنەکەی بکێشن، هەروەها لە ناوکارتێکردنەکانی کیمیاوی و کرداری ئۆرگاندا نین، یا ئەو ئەندامانەی پزیشکەکان لە نێوان خۆیانا بەشیان کردووە، ئەمانە ناگرێتەوە، وە ئەو پاڵاوتەیەش نین، کەس بتوانێ دیاردە سەختەکەیان رابێنێ و تاقیبان کاتەوە، راستی بابەتەکە ئەوەیە کە هیچ پسپۆڕێ لەو بونەوەرە ناگات، مەگەر ئەو پسپۆڕەی ئامادە بێ وەک یەک پارچە(کل) سەیری بکات، نەک بەش بەش.

ئادەمیزاد زۆرگەورەتر و زیاترە لەوکۆمەڵە بە ناو زانیاریە راستیانەی زانا تایبەتیەکان کەڵەکەیان کردوەتە سەر یەک. ئێمە لە گشتیەکەی (کل) ناگەین، چونکە بریتیە لە ناوچەیێکی زۆر بەرین و بێ پایان و نەزانراو، خاوەنی توانایێکی لە بن نەهاتووە. ئادەمیزاد دیاردەیێکی گرێدراو وگەورە و نەزانراوە، هەر وەکو دیاردە سروشتیە نەزانراوەکانی تر لە جیهانا، بەڵام کاتێ لە ژێر تیشکی یەک گرتنی ئەندام و روحیا، سەیری ئەکەین، ئەبینین بریتیە لە یەک پارچە تیشک، هەست بە خۆشەویستیێکی زۆر قوڵ و جوان ئەکەین لەگەڵ نرخاندنی ئەو هەمو جوانیە پرشنگدارە، بە راستی ئەم بونەوەرە گەردوون و جیهان و ناوەندەکەی رازاندوەتەوە.

باسی دەیەم

کۆمەڵگای تازە تاکە کەسییان پشتگوێ خستووە و تەنها گرنگی ئەدەن بە ئادەمیزاد. ئەو باوەڕی بە بیرو باوەڕێکی گەردوونیەکان هەیە و وەك پاڵاوتە، لەگەڵ خەڵکا رەفتار ئەکات، تیك هەڵپرژانی بیروڕاکان لە بارەی تاکە کەس و ئادەمیزاد، بو بەهۆی ئەوەی، شارستانی پیشەوەری بکەوێتە ئەو هەڵە بنەڕەتیەی، گۆیا یاسایێکی دانراو بۆخەڵك پیادە ئەکەن، لە راستیدا، ئەگەر ئێمە لە هەمو شتێکا، هەر هەمومان وەك یەك بین، ئەبوایە وەك گاگەڵێ یا مالاتێکی گەورە، بمان لەوەڕێنن وکار بکەین و بژین. ئەێ ئەوە بزانین هەر یەکی لە ئێمە خاوەنی کەسایەتێکی تایبەتی خۆیەتی، ناکرێ وەك هێما، سەیر بکرێین، هەرزەها منالّ نابێ لە تەمەنێکی کەما بخرێتە قوتابخانە و بە کۆمەڵ فێر بکرێن. ئاشکرایە زۆربەی پیاوە گەورەکان بە تەنیا فێری خوێندن بوون، یان نەیان ویستووە بچنە ناو بەندیخانەی قوتابخانەوە. بەڵێ، راستە، چار نیە،کە قوتابخانە بۆ دەراسەی هونەرەکان پێویستە و تا سنورێ بەرژەوەندی منالّ دابین ئەکا بۆ تێکەڵ بون و پەیوەندییان لەگەڵ منالانی ترا، بەڵام بە مەرجێ قوتابخانەکە، رێگر نەبێ لە ئامۆژگاری راست و پێویست، ئەمەیان ئەکەوێتە سەر شانی دایك و باوك، بە تایبەتی دایك، هەر لە منالیەوە رەوشتە باشەکانی فەسیۆلۆجی وئەقڵی وکارو رەوشتە جوانەکانی بەرە بەرە تێدا بنیژێ. کۆمەڵگای تازە هەڵەیێکی گەورەی کرد،کاتێ فێربونی قوتابخانەیان کرد بە خوێندنی هەڕەمەکی خێزانی، لە بەر ئەوەی دایکەکان منالەکانیان بدەنە دەس شوێنی منالّ بە خێوکردن (رعایة الاطفال) وخۆیشیان بەتالّ بن بۆکارکردن، یان بۆ چاوچنۆکی کۆمەلایەتی و پارە پەیا کردن، یان بە بەهانەی کاری هونەری، یا بە بیانوی وەرزش و تێنس و بریدج و سینما، بەو جۆرەکاتی خۆیان لە بێکاری و تەمەڵیدا بەسەر ئەبەن، بێجگە لەو پارەی وەك کاتەکەیان بە فیرۆ ئەچێ. ئەم جۆرانە بەرپرسیارن لە تێکدانی یەکێتی خێزان و لە ناو بردنی ئەو پەیوەندیەی منالّ ئەبەستی بەگەورەوە بۆ فێر بونی زۆر رەوشت و شتی بە نرخ.

بۆ نمونە: ئەو توتکە سەگانەی لە گەڵ توتکی تری وەکو خۆیانا گەورە ئەبن، نەشوناکەیان وەك ئەو توتکانە باش دەرناچێ کە لە گەڵ دایك و باوکیاناگەورە ئەبن. هەر بەو جۆرە منالیش، ئەگەر لە گەڵ کۆمەڵێ منالا گەورە بێت، یان لە گەك دایك و باوکی خۆیا، چۆنکە منال چالاکی فەسیۆلۆجی و ئەقڵ وخۆشەویستکەی، بە گوێرەی دەور و بەری نەشونما ئەکا، منال زۆر شت لە منالێکی هاو تەمەن خۆیەوە فێر نابێ، ئەگەر هەر خۆیشی بە تەنیا لە قوتابخانە بێت، بە ناتەواوی ئەمێنێتەوە، بۆ ئەوەی مرۆڤ بگاتە ئەقڵێکی بەهێز، پێویستە پەیوندی لە گەڵ چەند کۆمەڵێ خێزانی دیاری کراوەوە ببەستێ کە بریتی بن لە مرۆڤ تێگەیشتو و خاوەن ئەزمون.

پشتگوێ خستنی مرۆڤ لە لایەن دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانەوە، بەرپرسیاریە لە پوکانەوەی گەنجەکان، چونکە یەکێ لە سیفاتەکانی مرۆڤ ئەوەیە، بە تایبەتی لە کاری کارگەکانا، دژی کاری خراپ و چەوسانەوەیە بۆ تاقە یەك کار بۆ هەر کارمەندێ و دووپات کردنەوەی هەمیشەیی هەمان کاری نیوە و ناتەواو، بە درێژایی ساڵ مرۆڤ تەنیایە، وەکو ئەوە وایە، لە کارگە گەورەکانا بە کۆ دروست کرابێ، بریتیە لە کالایێکی ئابوری یا لە پارچەیێك ڕانە مەڕ لە ناو ماڵاتا- واز لە تەنیایی خۆی دێنێ- بەرپرسیاری نیە- خۆی بە زل دانانێ، ئەم کۆمەڵە گەورەیە، هەر هەموی لە ژێر دەسەڵات و چەپۆکی کۆمەڵێ دەوڵەمەن وگەورەی بە هێز و دزەکانی ناوکۆمەڵگادان، ئەوان تر بریتین لە چنگێ پرزۆڵە خۆڵ و پڕوپوش، نرخیان بۆ دانەنراوە.

تاکەکەس، ئەگەر سەر بە کۆمەڵێکی تەنانەت بچۆکیش بێ، لە ئادەمیزاد دانابڕدرێ، ئادەمی بەبێ کەسایەتی وەك پەیکەرێکی بێگیان وایە، بەڵام کە لە ناوکۆمەڵێکی گەورەترا بژی، رێژەی کەسایەتییەکەی بەرزتر ئەبێ، هەروەها بەرە بەرە و بە هۆی هەوڵی خۆیەوە ئەتوانێ ببێ بە خاوەن دەسەڵات، لە گەڵ ئەوەیشا، سەیرکردنی تاکەکەس بە چاوێکی سووك، ئەبێتە هۆی لە ناو چوون. بێجگە لەوانە لێرەدا هەڵەیێکی زەقتر هەیە، ئەبێ بە هۆی تێکچون و تێکەڵ بوون هەمو بیروڕاکان لە بارەی تاقانەیی ئادەمیزادەوە و چونیەك کردنی دیموکراتیەت، بەڵام ئەم بیرۆکە ئێستە کەوتوەتە ژێرکوتان و لێدانی تاقیکردنەوەکانی گەل، و پێویست ناکات دوای درۆ و دەلەسەکانی بکەوین، ئەگەرچی سەرکەوتنی دیموکراتیەت، تا سنورێکی سەیر تەمەنێکی درێژی بڕی، بەڵام چۆن ئادەمیزاد بە درێژایی ئەو هەمو ساڵانە، توانی بەو جۆرە بیرۆکەیە رازی بێت، چونکە دەرکەوتوە ئەوانە دژی پێکهاتەی لەش و هەستی ئادەمیزادن، چونکە تاکە کەسیەکەی

وەك رەقەمەن ناچێتە ژێر تاقیکردنەوەوە، راستە مرۆڤ هەمو وەك یەكن، بەڵام تاكە كەسەكان وەك یەك نین و یەكسانی مافەكانیان جۆرێكە لە ئەندێشە. مرۆڤی بێ ئەقڵ یا شێت لە گەڵ زیرەك و زانا، لە بەردەمی یاسادا، نابێ مافیان وەك یەك بێ، مرۆڤی دەوڵەمەن بێئەقڵ و هەرزە، توانای بیر كردنەوەی نیە ونابێ هەوڵی ئەوە بدات بڕوانامەی خوێندنی بااڵ وەدەس بێنێ و بۆی نیە مافی هەڵبژاردن بدا بە خۆی، لە كاتێكا شایەنی كەسانێكی تری خاوەن بیر و هۆشە. هەروەها هەر دوو رەگەز، ژن و پیاو، وەك یەك نین و پشتگوێ خستنی ئەو راستیە، هەڵەیێكی گەورەیە. ئەگەر بیرو باوەڕی دیمۆكراتیەت دژی نەشونمای مرۆڤە بلیمەتەكان راوەستێ، بەشداری كردنە لە رۆخانی شارستانیەتا. زۆر پێویستە رێز لە یاسای یەكسانی نەبوون بگیرێ، چونكە مرۆڤی چاك لە ژێر پێی خراپەكانا پێشێل ئەبێ. راستە كە كۆمەڵگای تازە، پێویستی بە هێزی گەورە و بچوك و ناوەندی هەیە، بەڵام ئەبێ رێگای ئەوە نەدرێ پێگەیاندنی چینی بەرز، هەر بە هەمان هۆكاربێت كە لە پێگەیاندنی چینی نزما بە كاری دێنرێت.

یەكسانی لە ناو خەڵكا بە پێی پڕوپاغەندە و یاسا دیمۆكراتیەكان و دروشمی هەمە رەنگەیان، لە هەمو شوێنێكا بوو بە هۆی سەركەوتنی لاوازی بە سەر هێزا، و هەمیشە لاواز لە سەر بە هێزەوەیە، چونكە هەمو جۆرە پشت گیرێكیان پێشكەش ئەكرێ، لە هەمو شوێنێكا رێزی بێ جێیان لێ ئەگرن، وەكو نەخۆش و شێت و تاوانبار زوربەی خەلك یارمەتییان ئەدەن، یاسای یەكسانی و دوا كەوتنی دروشمی راستەقینە و سوك نرخاندنی تاكەكەس، بەرپرسیار و تاوان بارە لە فەوتانی تاكەكەس.

كاتێ نەیانتوانی دەستی چینی نزم بگرن و بەرزیان كەنەوە، بۆ یەكسانی دیمۆكراتی لە ناو خەڵكا، هەمو خەڵكیان هێنایە خوارەوە بۆ پلەی نزم، بۆ وەدەس هێنانی ئەو یەكسانیە و بوو بە هۆی لە ناو چونی كەسایەتی لە ناو چو.

ئەمە یەكەم جار نیە بیرورای تاكە كەسی تێكەڵ بە بیرورای ئادەمیزاد بكرێ، بیرورای دوایی ئەم جارە، فێڵی لێ كرا، بەوەی هەندێ تۆخمی نامۆیان تێكەڵ بە بیرۆكەكە كرد و هەندێ تۆخمی تایبەت بە خۆیانیان لێ سەندنەوە. ئەوەی لە گەڵ ئالەدا ئەگونجا، سەپاندیان بە سەر ئادەمیزادا، بیركردنەوەمان

لە لێ بوردن و خۆبەخت كردن و جوان و ئاشتی خستە پشتگوێ. ئێمە وەك مادەی كیمیاوی و ئالە،

یا پارچەیێ لەوانە هەستوکەوتمان لە گەڵ ئادەمیزاد ئەکرد، کردگاری وێژەیی و جوانکاری و دینیمان

لە ناو برد و هەندێ لایەنی فەسیۆلۆجی ئادەمیزادمان لە بیرخۆمان بردەوە، لێمان نەپرسرا چنراوە و هەست چۆن ئەتوانن خۆیان رێك خەن و دەس بەکار بن بەرامبەر بەم گۆڕانگاریانەی لە رێگای ژیانەوە سەپێنرا بەسەرمانا، ئەو دەورەگرنگەمان لە بیرچو کە کارەکانی راهاتن پیی هەڵئەسن، لە گەڵ ئەو دەرئەنجامە مەترسیدارەی گۆیا بۆ بەرژەوەندیمان سەپێنراوە بە سەرمانا.

لاوازی ئێستەمان لە رێز نەگرتن لە تاکەکەسی و نەزانینمان لە پێکهاتەی ئادەمیزادەوە سەر چاوە ئەگرێ.

باسی یانزەیەم

ئادەمیزاد بەرهەمی سك ماکی و شوێنەوار و رەوشتی ژیان و ئەو بیرو بۆچونەیە کۆمەڵگای تازە ئەیسەپێنی بە سەریا، پێشەکی باسمان کرد چۆن ئەم رەوشتە کاریگەری ئەکاتە سەر لەش و هەستی ئادەمیزاد.

زانیمان ئادەمیزاد ناتوانێ خۆی رابێنێ لە گەڵ ئەو شوێنەوارەی تەکنۆلۆجیا دروستی کردووە ، چونکە ئەم جۆرە شوێنەوارە ئەبێ بە هۆی رۆخاندن و توانەوەی ئەو ئادەمیزادە و زانیاری و میکانیکا بەر پرسیارنین لە خراپی بارو دۆخەکەی بەڵکو ئێمە خۆمان بەرپرسیارین. چونکە نەمان توانی جیاوازی بکەین لە نێوان (ئەبێ و نابێ)دا، یاسای سروشتمان پێشێل کرد، و تاوانێکی گەورەمان ئەنجام دا، لەو جۆرە گوناهانە، گوناهبار هەمیشە سزا ئەدرێ، یاسای زانیاری دینی و وێژەی پیشەیی،کەوتە ژێر قورسایی بایۆلۆجیەوە بۆ هێشتنی چونە ژورەوەی ناو زەوی قەدەغەکراو، ژیان تەنها یەك جار وەڵام ئەداتەوە، وەڵامەکەش خاوەن پرسیارەکە ئەشڵەژێنێ، شارستانێ بەرەو روخان ئەروات، چونکە زانیاری بێگیان بەرەو وڵاتێکی نامۆمان ئەبات و ئێمەش کوێرانە و بێ ئاگایانە نرخەیکەیمان وەرگرت. کەسایەتی پوکایەوە- رەوشتی دابەزی- دەستەڵاتی بە سەر خۆی و دامەزراوەکانیا نیە- بەڵام لە هەمان کاتا زانیاری بایۆلۆجی بە نرختڕین ڤێنی بۆ ئاشکرا کردین کە بریتیە لە – یاسای نەشونمای لەشمان و هەستمان – ئەم یاسایە موژدەی زانیاری خۆ تازەکردنەوەی بۆ ئادەمیزاد هێنا، جا لە بەر ئەوەی رەوشتەکانی سك ماکی لە رەگەزا ماوە، بێشك لە توانادا هەیە وێستی مرۆڤ تازە هێزو ئازایەتی و چاو نەترسی باوو باپیرانیان لە خۆیانا زیندوکەنەوە، بەڵام با بزانین، ئایا ئەوان هێشتا ئەو توانایەیان تێدا ماوە، بتوانن لەم هەوڵەدا سەرکەون؟

بابەتی هەشتەم

ا) ئایا ئادەمیزاد ئەگاتە تازە کردنەوەی خۆی ؟

ب) پێویستی گۆڕینی ڕواڵەتی ئەقڵمان- هەڵەی ڕاپەڕینەکە.

ج) ئەبێ خۆمان لە زاڵبوونی (چەند) بەسەر (جۆر)دا رزگارکەین- هەروەها لەزاڵبوونی مادە بەسەر ڕوحدا.

د) چۆن زانیاریەکانمان بخەینە خزمەتی ئادەمیزادەوە ؟ چۆن باسێ دامەزرێنین بۆ پێکهاتەی ئادەمیزاد؟ ئایا تەنیا یەك زانا ئەتوانێ باسی دامەزراندنی پێکهاتەی ئادەمیزاد بنوسێ ؟ ئایا تەنیا یەك زانا ئەتوانێ لە گەڵ ئەم هەمو کۆمەڵە زانیاریانە را بێت؟

هـ) ئەو پەیمانگایانەی پێویستمانە بۆ نەشونمای زانیاری ئادەمیزاد.

و) پێویستی تازە کردنەوەی ئادەمیزاد بەگوێرەی یاسای سروشت، پێویستە کاریگەری بکرێتە سەر تاکە کەس لە ڕێگای شوێنەوارەکەیەوە.

ز) هەڵبژاردنی تاکە کەسەکان، چینە کۆمەڵایەتیەکان و چینە بایۆلۆجیەکان .

ح) پەروەردەکردنی مرۆڤ نایاب، سنوردانان بۆ منالبون بە پێی ڕەزامەندی گەل، ئەروستوقراتی سك ماکی .

ط) ئەو هۆکارە سروشتی وکیمیاویانەی ئەبن بە هۆی پێکهاتەی تاکە کەس .

ی) هۆکارەکانی فسیۆلۆجی

ك) هۆکارەکانی ئەقڵی .

ل) تەندروستی .

م) نەشونمای کەسایەتی.

ن) جیهانی ئادەمیزاد.

س)داڕشتنەوەی ئادەمیزاد.

باسی یەکەم

ئەو زانیاریەی، بوو بەهۆی ئەوەی، جیهانی فیزیقی هێز بدا بە ئادەمیزاد بۆگۆڕانکاری لە خۆیا، هەندێ لە میکانیکیەکان هێنی ژیانی لا ئاشکراکردن، لە گەڵ ئەو یاسایەی چۆن کارەکانی رێك بخات، چۆن لەشی و روحی لەو قاڵب و نمونەیەی ئارەزوی خۆی دایڕشتووە بپارێزێ.

ئەمە یەکەم جارە لە مێژودا، ئادەمیزاد بە یارمەتی زانیاری، سەروەرایەتی پاشەرۆژی خۆی بگرێتە دەست، بەڵام ئایا ئەتوانین ئەم زانیاریە بە هۆی خۆمانەوە بۆ بەرژەوەندی راستەقینەی خۆمان بەکار بێنین؟ ئەێ ئادەمیزاد، داڕشتنی خۆی تازە کاتەوە تا بتوانێ سەر لە نوێ بەرەو پێش هەنگاو بنێ، بەڵام تا ئازار نەچەژێ ناتوانێ خۆی دارێژێتەوە، چونکە خۆی لە هەمان کاتا، هەم مادەی مەڕمەڕ و هەم پەیکەر تاشەکەیە، بۆ ئەوەی بە تەواوی خۆی بناسێت، پێویستە مادەکەی خۆی بەو پێکەی دەستی، ورد و هار بکات، بەڵام ئادەمیزاد قەت خۆی نادا بە دەست ئەم کارەوە، مەگەر پێویستی و ناچاری، زۆری لێ بکا

و پاڵی پێوەنێ، چونکە چوار دەورەی، بە جۆراوجۆر بریق و باقیی هەڵخڵێتێنەری فیزیقی و جوانی رابواردن و هۆکاری حەسانەوەگیراوە، کە میکانیکا و تەکنۆلۆجیا دایانهێناوە، ئەو نازانێ ئەنجامدانی ئەوکارە چەند پێویست و بە پەلەیە، وە هەستی ئەوەشی نیە خەریکە لە ناو ئەچێ.

بەڵام کە تێنی ئەگەیێنن، ئەپرسێ، ئایا بۆچی لە گەڵ ئەم هەمو ناز و بازەدا، ئەێ هەوڵی گۆڕینی ئەم ژیانە و بیرو بۆچونانەم بدەم؟

بەڵام، بە خۆش حاڵیەوە، ئەوەی بە ئەندێشەی ئەندازیاران و ئابوری ناسان و رامیارانا نەئەهات، رویدا،

لە پڕ کۆشکی دارایی ئەمریکا روخا.

پێشەکی کۆمەڵگای ئەمریکی بڕوایان بەم کاولکاریە نەدەکرد، بەڵام لە دواییدا گوێیان لە وتاری ئابوری ناسان ئەگرت هیوای بیناکردنەوەی کۆشکەکەیان ئەخواستەوە. کۆمەڵگا زۆر چاوەڕوانی کرد، نە هەرزانی گەڕایەوە و نە بارودۆخ وەك پێشوی لێهاتەوە.

لە سەرئەوە سەرۆکی هەمو ئەو ڕانە و لە هەموان زیرەکتر، بە دوو دڵیەوە ئەپرسێ، ئایا هۆی تەنگ و چەڵەمەی وڵات، تەنها ئابووری و پارەیە؟ ئایا ناکرێ تاوان بدەینە پاڵ گەنەڵی و پیسی و بێ ئەقڵی گەورەکان و دەوڵەمەندەکان و نەزانی و ئەندێشەی ئابووری ناسان؟ ئایا رێژەی نزم بونەوەی ژیانی تازە، دانەبەزیوە تا بگاتە نزمی زیرەکی و ڕەوشتی گەڵ؟ بوچی ساڵانە ئەبێ چەند ملیۆن خەرج کەین بۆ راونانی تاوانباران؟ بۆچی دزو چەتەکان لە هێرش بردنە سەر بانقەکانا هەمیشە سەر ئەکەون؟ بیجگە لە پۆلیس کوشتن و خەڵك فڕاندن و تۆقاندنی خەڵك، یان کوشتنی منداڵ، سەرەڕای ئەو هەمو پارەی کە ئەدرێ بە بەربەرەکانێ کردنیان، بۆچی ئەو ژمارە زۆرە لە شێت و بێئەقڵ لە ناوکۆمەڵگای شارستانیەتا ئەژین؟ ئایا ئەم چەڵەمە جیهانیە، هۆکەی ناگەڕێتەوە بۆخەڵك و هۆکاری کۆمەڵایەتی، کە لە هۆکاری ئابۆری کاریگەرترە؟ هیوادارین شێوەی گۆڕینی ئەم شارستانیەتە و خۆشەویستی و بەزەیی هاناان بدات بۆ سەرلە نوێ چاو پیا خشاندنەوەیێك. ئایا ناسۆری ئەم شلۆقیە لە ناخمانا و لە ناو پەیمانگاکەمانا نیە؟ واتە ئەبێ بزانین لە تازەکردنەوەی خۆمان بەو لاوە هیچ چارێکی ترمان نیە.

ئەو کاتە تەنها یەك قۆرتمان لە بەر دەما ئەبێ، ئەویش ئەوەیە. لە شوێنی خۆمانا چەقیبوین، بەڵام یەك جاری بەوجۆرە نا کە ئادەمیزاد جارێکی ترنەتوانێ هەستێتەوە. لە راستیدا شلۆق ئابووری و قاتو قڕی پەیا بوو پێش ئەوەی،کە ڕەوشتەکانی کەسانی پێشومان بە هۆی ژیانی تەمەڵی وگەنەڵی وخراپە کاریمانەوە بڕۆخێ. ئێمە ئەزانین سوکی ئەقڵ و خراپی ڕەوشت و تاوان ، سك ماکی نیە، زۆر منداڵ لە دایك ئەبێ، هەڵکری تواناکانی دایك و باوکیەتی، ئێمە لە توانامانا هەیە ئەگەر زۆر بە هێزو پڕ بە دڵ هەوڵ بدەین، ڕەوشتی سروشتی لە خۆمانا بنێژین، ئێمەش هێزی هەمو زانیاریەکانمان لە ژێر دەستایە، هێشتا زۆر پیاوی وا هەیە بە بێ خۆپەرستی ئەتوانن ئەو هێزانە بەکار بێنن، چونکە کۆمەڵگای شارستانیەت هێشتا هەمو سەرچاوە زانیاریەکان و ئەقڵیەکانی بە تەواوی لە ناو نەبردوە و زۆر ڕەوشتی باش هێشتا لە ناوکۆمەڵگادا ماوە، چاو نەترسی و وێژەیی و چاکە وئازایەتی هێشتا مۆمەکەی هەر ئەسوتێ، خراپەش چاك ئەکری، بەڵام تازە کردنەوەی مرۆڤ پێویستی بە گۆڕینی ئەم ژیانە بەناو تازەیە هەیە. ئەویش پێویستی بە هەڵگرسانی شۆڕشێکی مادی و ئەقڵی هەیە، بەڵام هەربە دەم نا، بڵێین "ناچارین گۆڕانکاری ئەنجام بدەین،"یا هەر لە دڵی خۆمانا لێکی بەینەوە و هیچی تر، یان بڵێین پێویستە هۆکاری زانیاری تەواومان هەبێ بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە. خۆ تێك شکاندنی شارستانیەتی تەکنۆلۆجیا، ئەبێتە هۆی ئازاد بونی هاندانی

پێویست، بۆ لە ناو بردنی ئەم ڕەوشتە نەویستەی ئێستەمان و ڕازاندنەوەی ڕێگایێکی تازەی ژیانی تر.

ئایا تۆ بڵێی ئەوەندەمان هێز و چالاکی و زیرەکی تیا مابێت، بتوانین بەو ئەرکە گەورە و پڕۆزە هەستین، لە ڕاستیدا پیشەکی کە لێی ورد ئەبیتەوە، هیوایێکی سەرکەوتنی تیا نابینرێت، چونکە ئادەمیزاد بۆ هەمو شتێ، بۆ پارە نەبێ، توشی نەخۆشی گۆڕی مەدەری بووە. لە گەڵ ئەوەیشا هەندێ هۆکاری ترهەیە هێوامان ئەداتێ، ئەویش ئەو ڕەگەزانەیە بەرپرسیارن لە دامەزرانی جیهانەکەمان، کە نەبڕاونەتەوە و هێشتا توانای باوو باپیران، لە پلازمای نەوە لاوازەکانیانا ماوە، جا ئەگەر ئەم توانایانە کە دوا هیوایانە، بکرێن بە هۆکار، سەرکەوتنمان مسۆگەرە. لەڕاستیدا، نەوەی پیاوە چالاکەکانی پێشو، ئەوەندەی نەمابوکە هەناسە بڕ بکرێن لە ناوکۆمەڵەی (پلۆریتاریا)دا ئەوکۆمەڵەی پیشەسازی،کوێرانە دروستی کرد، ئەگەرچی ژمارەیان کەمە، بەڵام خۆیان نادەن بە دەستەوە، چونکە هێزێکی گەورەیان هەیە، با، هێزەکەیشیان شاراوە بێت.

ئەو دەسکەوتە مەزنەی لەدوای ڕۆخانی ئیمپەڕاتۆریەتی ڕۆمان، وەدەسمان هێنا، پێویستە لە بیرمان نەچێت، بێشك سەرکەوتین لە پارێزگاری کردن لە پاشماوە کۆنەکانی ڕۆشن بیری سەدەی ناوەندی و لە ناو ناوچەیێکی تەسکی وڵاتەکانی ڕۆژ ئاوای ئەوروپا و لە ناوەڕاستی جەنگێکی درێژ خایێن، لە گەڵ برسیەتی و قاتو قڕی و نەخوشی، لەو سەدە تاریکەدا، کە لە هەمو وڵاتەکانا، لە پێناوی دینا خوێنمان ئەڕژا.

ئاخری، لە توانا بە دەر واتە (موعجیزە) ڕویدا، زانیاری لە مێشکی ئەو پیاوانە فڕی، یاسای قوتابخانە مێشکی دەمەزەرد کردبونەوە، بەڵام لەوە سەیرتر، ئەوە بو، بەرهەمی زانیاری بە هۆی کەساتێکی ڕۆژ ئاواییەوە بڵاو کرایەوە، زانیارێك کە خاوەنی مەشخەڵی ڕاستی و جوانی خۆی بوو، بێ ئەوەی ئەوکەسانە خۆیان پێوە ڕاوەشێنن بێ ئەوەی بەخیلی بە هەندێ کەسانی خۆ پەرست و هەڵ پەرست بەرن، وەکو لە ڕۆژ هەڵات ڕویدا، بە تایبەتی لە چین، ئەم زانیاریە لە ماوەی چوار سەد ساڵا، جیهانی لە دۆخێکەوە بردە دۆخێیکی تر. باوو باپیرانمان کۆششێکی زۆریان ئەنجام دا، بەڵام زوربەی نەوەکانی ئەوروپی و ئەمریکی، ڕابوردویان لە بیرچوەوە هەروەها مێژویش ئەوکەسانەی پشت گوێ خست، لەم کاتەدا کەڵك لە شارستانیەتە مادیەکەمان وەرئەگرن و ڕەگەزی سپی لە سەدەکانی پانزەهەما، لە بەرەکانی جەنگی ئەوروپادا

هاوسەنگەرییان نەکردین، هاوکار رەگەزی زەرد و گەنمی و رەش، پەرەسەندنەکەیان بە شێوەیێکی زل کراو، ترسی خستبووە دڵی(سینگلر). بەکورتی، ئەوەی کە توانیمان یەك جار وەدەستی بێنین، ئەتوانین جارێکی تریش دەستمان کەوێتەوە.کاتێ شارستانیەتەکەمان ئەڕۆخێ، پێویستە یەکسەر شارستانیەتێکی تردامەزرێنینەوە، بەڵام ئایا پێش ئەوەی بگەین بە یاسا و ئاشتی، هەرئەبێ ئازاری شپرزەیی بکێشین؟ ئایا ناتوانین جارێکی تر هەڵسینەوە بێ ئەوەی توشی ئازاری خوێن رشتن ببین، بەهۆی تازە بونەوەی کاولکاریە گشتیەکەوە؟ ئایا ئەتوانین خۆمان تازە کەینەوە و خۆمان دوورخەینەوە لەو فەرتەنانەی نزیکی رووداندە و بەردەوام بین، لە سەر خستنی خۆمان؟

باسی دووەم

تاپێشەکی ڕەوشتی بیرکردنەوەمان نەگۆڕین، ناتوانین خۆمان و شوێنەوارەکەمان تازە کەینەوە، کۆمەڵەی شارستانی تازە لە دامەزراندنیەوە بە هۆی هەڵەی ئەقڵییەوە تا ئێستە لە ئازارایە ولە سەدەی ڕابەڕینەوە، ئەو هەڵەیە هەر دێت و ئەچێت و لە دوپات بوونەوەدایە. تەکنۆلۆژیا لە سەر بیروبۆچونێکی میتافیزیقی هەڵە ئادەمیزادی پێك هێنا، نەوەك بە هۆی گیانێکی زانیاریەوە، وا ئێستە کاتی ئەوە هاتووە واز لەو بیرو بۆچونانە بینین ئەو شوورە برۆخێنین کە لە نێوان مادە فیزیقیەکان و لایەنە جۆراوجۆرە دەرونیەکانی لەشمانا هەڵچنراوە و لێکی جیاکردونەتەوە. لەهەمان کاتیشا، بەهۆی شیکردنەوەی ووتەیێکی دڵسۆزانەی بە هەڵەی (گالیلۆ تا ئێستە کێشەی بەر پرسیاری لە سەر ئەو هەڵە هەر ماوە: باسەکەی گالیلۆ کە زۆر بە ناوبانگە، ئەمەیە : ڕەوشتەکانی یەکەمی شتی شیی کردنەوە بریتیە لە دووری وکێش (ابعاد والوزن) بە ئاسانی پێوانە ئەکرێن، وە لە بارەی ڕەوشتەکانی دووەم کە بریتیە لە شێوە و ڕنگ و بۆن، ئاشکرایە پێوانە ناکرێن و جیاکردنەوەی / بڕ لە جۆر/. بڕ،کە بە هێما و زمانی ژمارەیی لێکی ئەدەنەوە، زانیاری بۆ ئادەمیزاد هێنا، بەڵام جۆر خرایە پشت گوێ.

جیاکردنەوەی شت لە ڕەوشتەکانی یەکەمی، کارێکی ڕەوا بوو، بەڵام چاوپۆشی لە ڕەوشتەکانی دووەم ڕەوا نیە، ئەو شتانەی ناپێوریێ زۆرگرنگترە لەوانەی پێوانە ئەکرێ، بۆ نمونە: بیرکردنەوە گرنگە وەك چۆن هاوکێشەی سروشتی- کیمیاوی بۆ پلازمای خوێن.

کاتێ(دیکارت) بیروباوەڕی جووت کردنی لەش و ڕوحی دانا، جیاوازیێکی بەر فراوان کەوتە نێوان بڕ و جۆرەوە، دیاردەکانی ئەقڵ نەئەزانرا یان شایەنی ڕوونکردنەوە نەبوون. کاتێ مادە بە تەواوی لە ڕوح جیاکرایەوە، ئەوکاتە پێکهاتەکانی ئۆرگانی و فەسیۆلۆجی، ڕاستیێکیان دەسکەوت، زۆر لە بیرکردنەوە و خۆشی و خەفەت وجوانی گرنگتڕو گەورەتر بوو.

بەکورتی هەڵەی گالیلو پاڵی نا بە شارستانیەتەوە بۆسەر ڕێگایێك، بوو بە هۆی سەرکەوتنی زانیاری و ئازادی ئادەمیزاد.

بۆ ئەوەی جارێکی تر ڕێگای ڕاست بدۆزینەوە، پێویستە بگەڕێینە بۆ سەر ڕێبازی شۆڕشگێڕەکانی پێشو، وە لە ئاوی سەرچاوەی گیانیی وگرنگی تێ بینی تاقیکردنەوەکانیان و ڕقیان لە یاسای فەلسەفی، خۆمان پاراوکەین. بۆ جیاوازی لە نێوان ڕەوشتی یەکەم و ڕەوشتی

دووەمی شتەکان،کارلە سەر بوچونی ئەوانەی پێشو بکەین، لە گەڵ جیاوازی ئەوەی کە گرنگی دان بەهەردو بەشەکە وەك یەك بێ، هەروەها واز لە بیروبۆچونەکەی (دیکارت) بێنین لە بارەی جوت کردنی لەش و روح، تا ئەوکاتەی هەڵەکەی خۆی راست ئەکاتەوە و ئەقڵ ئەگێڕێتەوە پاڵ مادە، ئەو کاتە دیاردەکانی ئەقڵی و فەسیۆلۆجی لە بەر دەسی خۆمانا ئەبێت.

ئاشکرایە دەراسەی(جۆر) زۆر سەخت ترە لە دەراسە کردنی (بڕ)، چونکە زوربەی زاناکان کاری تاقیکردنەوەی ئاسان هەڵئەبژێرن، بەڵام ناێ زانیاری بۆ خودی ئەو زانیاریە وکەشخە و جوانی هۆکارەکانی بڵاو بکرێتەوە، بەڵکو پێویستە دەرئەنجامەکەی بە مەبەسی کەڵکی روحی و لەشی ئادەمیزاد بێت، هەروەها ئەێ بە قەدەرگرنگی زانیاری جوواڵە (علم الحرکة)گرنگی بدەین بە چالاکی هەستەکان، بە مەرجێ هەمو بیرو بۆچونەکانمان لایەن راستی بگرێتە بەر و لە جیاتی ئەوەی دەرئەنجامی تاقیکردنەوەکانی زانیاری لەوە پێش لادەین، لە سەر شێوەی تازە،کاریان لە سەر ئەکەین و ناتەواویەکانیان تەواو ئەکەین و وازیان لێ ناهێنین بە سەرەڕۆیی (بڕ) و سەروەرایەتی ئامێر و سروشت و کیمیا رازی نابین. ئەو هەڵوێستە بە ناو ئەقڵیە رەت ئەکەینەرە، راپەڕین (النهضة) بە زۆرداری دژ بە راستی دایناوە، پێویستە پارێزگاری هەمو ئەو دەسکەوتانە بکەین لەوە پێش وەدەسمان هێناوە، هەروەك گالیلو ئەفەرموێ: "روح و هۆکارەکانی بە نرخ ترین شتە کە ئێمە هەمانە".

زۆر لە سەر شان گرانە، واز لە باوەڕێ بێنین نزیکی سێ سەد ساڵە دەستەڵاتی گرتوە بە سەر ئەقڵی کۆمەڵە رۆشن بیرەکانا. زوربەی زاناکان بڕوایان بە راستی (گەردون)یەکان هەیە، لە گەڵ مافی تایبەتی بۆ مانەوەی (بڕ) و سەروەرایەتی مادە و جیاکردنەوەی لەش و روح و دانانی ئەقڵ لە پلەی دووەما، ئەوانە بە ئاسانی واز لەم باوەڕە ناهێنن، چونکە واز هێنانیان، گۆڕانکاریێکی گەورە دروست ئەکات کە ئەبێتە هۆی هەژاندنێکی بە هێزی بنچینەی هونەری فێر بوون و پزیشکی و تەندروستی و سایکۆلۆجی و زانیاری کۆمەڵایەتی، وە ئەو باخچە بچوکەی هەمو جیهان بە ئاسانی ئەینێژن، ئەێ بە جەنگەڵستانێکی چڕ، ناچار، ئەێ پاك بکرێتەوە. ئەگەر شارستانیەتی زانیاری واز لەو شێوازە بێنێ کە لە سەدەی راپەڕینەوە گرتویەتە بەر و بە شێوەیێکی ئاسایی بگەڕێتەوە بۆ تێ بینی لە مادە رەقەمەنیەکان، بێشك رووداوی سەیر وکتوپڕ روو ئەدات، و مادە سەروەریەکەی لە دەس ئەدا و چالاکی ئەقڵی وەك چالاکی فەسیۆلۆجی گرنگ ئەێ، و دەرئەکەوێ کە چار نیە و پێویستە، دەست بکرێ بە دەراسەی کارەکانی ئەقڵ و جوانکاری و دینی، بەرە بەرە دەراسەی ماتماتیك و سروشت وکیمیا، ئینجا هیچ و پوچی هۆکاری دەراسەی ئێستەمان لێ ئاشکرا ئەبێت. قوتابخانەکان و زانکۆکان ناچار ئەبن بەرنامەکانیای بگۆڕن، زانا

تەندروستیەکان ئەکەونە بەردەم کۆمەڵێ پرسیار و بەرپرسیاری، لەوەی بۆچی تەنها گرنگیان داوە بە بەرگری کردن لە نەخۆشیە ئۆرگانیەکان، نەخۆشی ئەقڵی و شپرزەیی مێشکیان پشتگوێ خستووە و باسیان نەکردوە، لەگەڵ ئەو پرسیارەی بۆچی گرنگی نادەن بە تەندروستی روحی؟ و بۆچی نەخوشیە تەشەنەکان جیا ئەکەنەوە و بۆچی ئەوانە جیا ناکەنەوە نەخۆشی ئەقڵی و وێژەیی بڵاو ئەکەنەوە؟ و بۆچی ئەو رەوشتانەی بەر پرسیارن لە نەخۆشی ئۆرگانی، بە رەوشتێکی خراپی دائەنێن؟ بەڵام باسی ئەو رەوشتانە ناکەن ئەبێتە هۆی گەنەڵی و تاوان و شێتی لە ناوکۆمەڵگادا؟

بێشك کۆمەڵگا ناهێڵێ ئەو پزیشکانەی کە تەنیا لە بەشێکی کەمی لەشا شارەزان چارەیان بکەن. پێویستە لە سەر پسپۆڕەکان، پزیشکی گشتی جیا کەنەوە، یان لە شێوەی گروپا و لە ژێر فەرماندەی دکتۆرێکی گشتیدا کار بکەن، بەو جۆرە پاتۆلۆجیەکان خەریکی دەراسەی ئەو زیانانە ئەبن بە هۆی نەخۆشییەوە توشی تێکەڵە و ئۆرگانەکان ئەبێت و کاریگەری لە سەر چنراوەکان و پێچەوانەکەی لە بەر چاو بگرن، هەروەها با ئابوری ناسان لەوە بگەن ئادەمیزاد بیر ئەکاتەوە و هەست ئەکا و ئێش و ئازار ئەکێشێت، بێجگە لەوە پێویستی بە کار و خواردن و پشو و شتی تریش هەیە، هەروەها پێداویستی روحی، شان بە شانی پێداویستی فەسیۆلۆجی.

بێشك ئادەمیزاد لە هۆکارەکانی چەڵەمەی ئابوری پارە تێ ئەگات، کە لە وانەیە هۆکارەکانی، وێژەیی و ئەقڵی بێت، زۆریشمان لە سەر نیە لە شارەگەورەکانا بە ژیانی دووا کەتویی رازی بین، هەروەها رازیش نین بە زۆرداری ناوکارگەکان و نوسینگەکانیان و لە ناوچوونی رەوشت لە پێناوی بەرژەوەندی ئابوری و پارە پەرستیدا، هاوکار پێویستە واز لەو داهێنراوە میکانیکیانە بێنن بۆ ئەوەی تەگەرە ئەخەنە بەردەم نەشونمای ئادەمیزاد.

لەوە ناچێ ئابۆری ناسان، تاقە سەرچاوە بن بۆ هەمو شتێ. خۆ رزگارکردن ئادەمیزاد لە بیر و باوەڕی مادییەتی، ئەبێتە هۆی گۆڕانکارێکی گشتی بۆ هەمو لایەنەکانی ژیان، لە بەر ئەوە بێشك کۆمەڵگای ئێستە بە هەمو .هێزێکیەوە ئەکەوێتە دژایەتی و بەربەرەکانی گۆڕانکاریەکە، ئەبێ لەو پەڕی وریایی و ئامادە باشییا بین، تا بە هۆی واز هێنان لە یاسای مادییەت بەرپەرچ دانەوەیێکی روحی رو نەدات، چونکە ئەگەر تەکنۆلۆجیاو مادییەت پەرستی تێك شکا و کەوت، بە ناچاری پەنا ئەبەنە بەر هاندان و تەفرەدانی خەڵکانی ساویلکە، بۆ پروپاغەندە و هەڵبژاردنی تەهلیلەی تایبەتی (طقوس) دژی ئەوگۆڕانکاریە تازەیە. با ئەوەش بزانین سەروەرایەتی سایکۆلۆجیا لە هەندێ کاتا مەترسیەکەی کەمتر نابێ لە مەترسی فەسیۆلۆجیا و سروشت و کیمیا.

ئەو زیانەی (فروید) گەیاند بە کۆمەڵگا،کاولکاریەکەی کەمتر نیە لە مەترسی زیانە ستەمکارەکانی زوربەی زانایانی میکانیکا.

کۆکردنەوە و دانانی ئادەمیزاد و ئەقڵ، لە قاڵبێکی بچوك وکورتکەرەوەدا، کاولکاریەکەی وەك هی ئالیاتەکانی سروشتی وکیمیاوی وایە.

پێویستە دڵنیا بین لە رەوشتی سروشتی پلازمای خوێن و هاوکێشە بوونی ئەیۆنەکەی و ئامادە بوونی بۆ تێکەڵ بونی پروتۆپلازم و.. هتد.

هەروەها دەراسە کردنی دیاردەی بالق بون و خەوبینین و شاوەت و کاریگەری سایکۆلۆجی لەسەر نوێژو ذکر و تەهلیلە.. هتد. گۆڕینی بیروباوەڕی روحی بۆ بیروباوەڕی مادییەت، ئەو هەڵەیە پڕ ناکاتەوە کە راپەڕین (نهضة) کردی.

دور خستنەوەی مادە، زیانی لە دورخستنەوەی ئەقڵ زیاترە بۆئادەمیزاد، بەڵام رزگار بوون لەوەدایە، بە تەواوی واز لە هەمو باوەڕێ بێنێت، لە گەڵ رازی بۆنێکی تەواو بە زانیاری تێ بینیەکە و تێگەیشتنی ئەو راستیەی کە ئەڵێ: "ئادەمیزاد، نەکەمترە و نەزیاترە لەو زانیاریانە ".

باسی سێیەم

پێویستە زانیاری، بناغە بێت بۆ پێکهاتەی ئادەمیزاد و یەکەم پێویستی کە لە سەرمانە ئەوەیە زانیاریەکەمان کەڵك بەخش بکەین، ئێمە ئاگادارین، هەمو ساڵێ لە بارەی پێشکەوتنی زانیاریەکانی رەگەزناسی، بایۆلۆجی،کیمیا، سروشت، سایکۆلۆجی، پزیشکی، تەندروستی، لووی ئەندوکرین، پزیشکی دەرون، پاراستنی مرۆڤ، زانیاریە دینیەکان، ئابوری.. هتد، دەرئەنجامی زانیاری لە بارەی کاری ئەم زانیاریانەوە، بە شێوەیێکی سەیر زۆرکەم بوەتەوە، ئەم زانیاریە زۆرانە، بە جۆری لە گۆڤارە هونەریەکانا وکتێبەکانا بڵاو ئەکرێنەوە، یان لە ناو مێشکی زاناکان خۆیانا، کە کەس پەی پێ نەبات. بەڵام ئێستە پێویستە لە سەرمان، پارچۆلکە جۆراوجۆرەکانیان کۆکەینەوە و هەوڵ بدەین ئەم زانیاریانە، بە لانی کەمەوە، لە ناو مێشکی چەند کەسێکا جێگیرکەین، ئەوکاتە زانیاریەکانن بەرهەمدار ئەبن. بەڵام لێرە لە بەردەم ئەم پرۆژەدا کێشەیێکی گەورە هەیە، کە چۆن دەست بکەین بە دامەزراندنی ئەو پێکهاتەیە؟ کام مرۆڤە بکەین بە نمونە بۆ شێوەی هەمە جۆرەی مروڤەکانی تر، کام چالاکیەیان لەوانی تر زۆرگرنگترە، ئایا ئەو چالاکیە ئابوری - سیاسی – کۆمەڵایەتی – ئەقڵی یا ئۆرگانیە؟ کام زانیاریە بکەین بە هەوێنی نەشونما کە توانای هەبێ زانیاریەکانی تر هەڵمژێت. ئاشکرایە، دووبارە تازەکردنەوەی ئادەمیزاد و جیهانە ئابوریەکەی وجیهانە کۆمەڵایەتیەکەی، ئەبێ پێشەکی لەش و روحی پرکەین لە زانیاری وورد و پێویست، واتە زانیارێیکی تەواوی فەسیۆلۆجی و سایکۆلۆجی و پاثولۆجی ئادەمیزاد. پزیشکی گونجاوترین زانیاریە بۆ ئادەمیزاد، هەر لە نەشتەرگەریەوە تا ئەگاتە ئابوری رامیاری، لە گەڵ ئەوەیش کە ئادەمیزاد زۆر دوورە لە زانینی مەبەسەکانی خۆی. پزیشکەکان خۆیان رازین بەوەی، هەڵسن بە دەراسەی قەبارەی ئادەمیزاد و لایەنە چالاکیەکانی و تەندروستی و نەخوشیەکان و هەوڵدان بۆ چاکردنەوەی نەخۆشەکان، ئەم هەوڵدانەیان وەکو ئەزانین تا سنورێکی باش سەرکەوتنی وەدەس هێناوە، وەکاریگەریەکەی لە سەرکۆمەڵگای تازە، هەندێ جار بە کەڵك و هەندێ جاری تریش زیان بەخش بووە، بەڵام هەمیشە لە پلەیێکی مام

ناوەندیبا بووە، تا کاتێ زانا پزیشکیە پیشەسازیەکان دەستیان کرد بە یارمەتی دان و چاکردنی نەشونمای دانیشتوانی شار. پزیشکەکان، بە هۆی تەسکی بیرو ڕاکانیانەوە توشی شەپلە هاتون، بەڵام ئەتوانن ئەگەر بیانەوێ، پێشەکی لەو بەندیخانەیە دەرچن ، بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوەیێکی باشتر یارمەتی بدەن.

پێش سێ صەد ساڵ، فەیلەسۆفێ هەمیشە خەوی بەوەوە ئەدی، - ژیانی خۆی ببەخشێ لە پێناوی خزمەتی ئادەمیزادا – واتە ئەوکرداڕە پیرۆزەی پزیشك ئەتوانێ ئەنجامی بدا، (دیکارت) لە کێبەکەی خۆیا نوسی: لەبارەی ووتارێك "ئەقڵ متمانەیێکی پتەو ئەکاتە سەر مەزاجی ئۆرگانەکانی لەش و ویستەکانی، ئەگەر بە جۆرێ بمان توانیایە، هەندێ هۆکار بدۆزینەوە، بە هۆیانەوە بتوانین گۆڕانکاری، بەگشتی لە پیاواندا ئەنجام بدەین و زیاتر لە جاران زیرەکتر و بلیمەت تر بن" من وا ئەزانم ئێمە پێویستە لە ناو زانیاری پزیشکیدا، بە دوای ئەم هۆکارانەدا بگەڕێن، راستە ئەو پزیشکیەی ئێستە کاری لە سەر ئەکرێ، بریتیە لە هەندێ کەڵکی باش، بەڵام من لەو باوەڕەدام بەهەمو راستیێکەوە، لە نێوان ئەوانەی لە ناو پزیشکیدا کار ئەکەن ، کەسێکیان نیە نەزانێ، - ئەو شتانەی تا ئێستە لە بارەی لەشی ئادەمیزادەوە زانراوە، بەشێکی زۆر بچوکە،

لە چاو ئەوەی پێویستە پزیشك بیزانێت - پێویستە پزیشك هەمو کەسێ لە بڵاو بونەوەی نەخۆشی لەش و ئەقڵ و لە داهێزرانی تەمەن بپارێزێ، بە مەرجێ هۆکاری ئەو نەخۆشیانە بە باشی بزانن، بتوانن ئەو چارسەریەی سروشت بە ئادەمیزادی بە خشیویەتی، بە باشی بە کاری بێنن. پزیشکی بە هۆی نەشتەر گەری و فەسیۆلۆجیا و سایکۆلۆجیاو پاثۆلۆجیا، لە بارەی لەشی ئادەمیزادەوە گرنگترین شێوەی زانیاری وەدەس هێنا و لە توانایدا هەیە بوارەکەی خۆی بە ئاسانی فراوانترکات و پەیوەندیەکانی لە گەڵ لەش و هەستا پتەوتر بکا، هەروەها زانیاری کۆمەڵایەتی و ئابوری تێکەڵ بە یەك بکرێن و بن بە تاکە زانیاری بۆ ئادەمیزاد، ئەوکاتە مەبەسەکەی تەنها چاکردنەوەی نەخۆشیەکان نابێ، بەڵکوئەبێتە هۆی هاندان، بۆ نەشونمای هەمو لایەنە چالاکیەکانی ئۆرگان و ئەقڵی وکۆمەڵایەتی، بە جۆرێ بتوانێ لە سەر یاسای سروشتی کەسایەتی ئادەمیزاد دامەزرینێ، بۆ هاندانی کەسانی بەرپرسیار بۆ دروست کردنی شارستانیەتێکی راستەقینە. دامەزراوە رۆشنبیریەکان و تەندروستیەکان و دینیەکان و یاسای پلانی جوانکردنی شارەکان وکۆمەڵایەتی و ئابوری ناسان، ئێستە بە دەس کەساتێکەوەن، تەنها لە یەك تەنشتەوە

ئادەمیزاد ئەبینن وکەسیان بیریان لەوە نەکردوەتەوە ئەگەر بۆ ماوەیێکی کاتیش بێ، واز بێنن لە پیشەی ئەفەندیەتی و کۆرِ وکۆمەڵ و پارێزەر و هۆنەر و فەیلەسوف و بیانگۆرِن بە ئەندازیاری کارگەی ئاسن و پۆڵا، یان کارگەی کیمیاوی. چونکە ئەم جۆرە کەسە لێ هاتوانە، ئیش وکاری هەمە جۆرە ئەخەنە سەر شانی خۆیان، وەکو یارمەتی کۆمەڵگا لە چالاکیەکانی فەسیۆلۆجی و ئەقڵی وکۆمەڵایەتی ، تەنانەت بۆ دەوڵەتە گەورەکانیش. کاتێ پزیشکی لە سەر یاسای (دیکارت) پەرە بسێنێ و بڵاو بێتەوە، بە جۆرێ هەمو زانیاریەکانی ئادەمیزاد بگرێتەوە، ئەوکاتە ئەتوانێ چەندین ئەندازیار، پێشکەش بە کۆمەڵگا بکات کە پسپۆرِ بن لە ئالیاتەکانی لەش و روحی ئادەمیزاد و لە پەیوەندیەکانی جیهانی گەردوونی وکۆمەڵایەتی.

ئەو کاتە ئەو زانیاریە پیرۆزانە کەڵکی ئەبێت کە ئەقڵمان لە مەیدانی پێویستیدا چالاکی هەبێت، نەوەك لە گۆرِستانی نوسینگەی کارگەدا زیندە بە چاڵ بکرێت. بەڵام ئایا تەنها تاکە ئەقڵێ ئەتوانێ ئەم کۆمەڵە زانیاریە زۆرە هەرس بکا؟ ئایا تەنها یەك کەس ئەتوانێ، ببێت بە مامۆستای نەشتەرگەری و فەسیۆلۆجیا و کیمیا و بایۆلۆجیا و سایکۆلۆجیا و میتافیزیك و پاثۆلۆجی و پزیشکی؟ چونکە ئەوکەسە ئەبێ شارەزایێکی زۆر تەواو بێت لە زانیاری چاکسازی: رەگەز - خواردەمەنی – هونەری فێرکردن – هونەری جوانی – رەوشت – دین – کۆمەڵایەتی – ئابوری؟ کوا شتی وا هەیە؟ دیارەگەیشتن بەم ئامانجانە زۆر سەخت نیە، ئادەمیزاد ئەتوانێ ئەم زانیاریانە لە ماوەی بیستوپێنج سال بە بێ دابڕان فێر بێت، واتە: ئەوکەسانەی خۆیان پێشکەش بەم یاسایە کردووە، ئە توانن لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا، بە جۆرێکی کردەیی، پێکهاتنی ئادەمیزاد و شارستانیەتەکەی، لە سەر بناغەیێکی سروشتی راستی و تەواو دامەزرێنن. ئەو چەند هونەرمەندانەی، ژیانی خۆیان بۆ ئەم کارە پیرۆزانە تەرخان ئەکەن پێویستە خۆیان دوور خەنەوە لەو ژیانەی کە ئێستە لە ئارادایە، واتە ئەوانە نابێ هاتو چۆی هەندێ شوێنی نەشیاو بکەن وەکو: گۆڵف ، بریدج، رایسز، یان چونە سینما وگوێ گرتن لە رادیۆ و وتار و میواندارى و مێز رازاندنەوە و بەشدارى کردن لە کۆنفرانسیە دەوڵەتیەکان..هتد، بۆ ئەوەی کاتە پیرۆزەکەیان بە هەدەر نەچێت، بەڵکو پێویستە وەك سۆفی یا قەشە بژین، نەك وەك مامۆستای زانکۆ، یان کارمەند.

لە مێژوی گەلە گەورەکانا، زۆرکەسان بە ناوبانگ، خۆیان لە رێی رزگاری کردنی گەڵ و نیشتمانەکانیانا بەخت کردووە، چونکە ئازادی و پێشکەوتن، فیداکاری ئەوێ. ئێستە لەم کاتە

و هەروەها لە زەمانی پێشویشدا، زۆر مرۆڤ وا بووە لە پێناوی گەلەکەیا، ژیانی خۆی داناوە، بۆنمونە: ئەگەر دانیشتوانی لەنگەرگای ولاتێك، لەکاتی جەنگا، لە لایەن دوژمنەکەیانەوە تووشی هێرشێکی ئاسمانی هاتن، هیچ فڕۆکەوانێکی لەنگەرگاکە، دوا ناکەوێ لەوەی، بە خۆی و فڕۆکەکەی و بۆمباکانیەوە خۆی بکێشی بە سەر بنکەی دوژمنەکەیا. ئەی بۆچی ئێستە،کەسێکی وا نیە کە لە خۆی ببوڕێ، بۆ وەدەس هێنانی ئەوگۆڕانکاریانەی ئەبێتە هۆی تازە بونەوەی ئادەمیزاد و شوێنەوار. ئەگەر چی لە راستیا کارێکی گرانە و چاو نەترسێیکی زۆرگەورەی ئەوێ. بەڵام ئەتوانین خاوەنی ئەقڵێکی وا پەیا کەین، لە هەمو بارێکەوە لە ئاستی بەرپرسیاریدا بێت، بە راستی هۆی لاوازی ئەو مامۆساو زانایانەی ئێستە گۆیا لە ناو زانکۆ وکارگەکان، دەست بەکارن، ئەگەڕێتەوە بۆکورتی و لاوازی لە بەرنامەی کار وگەمژەیی و تەسك بینی لە ژیانی کارەکانیانا، ئادەمیزاد،کاتی نەشونما ئەکات و سەرئەکەوێ، ئامانجێکی پڕۆژەهانی بدات و پاڵی پێوە نێ، بۆ ئەنجام دانەکەی، و بیرێکی قوڵ لە ئاسۆیێکی فراوان و روناك بکاتەوە.

خۆ بەختِ کردن زۆر سەخت نیە بۆ ئەوانەی ویستی بەهێز لە ناخیانا هانیان ئەدا بۆ ئەو خزمەتە گەورەیە، چونکە وەکو هەمو ئەیزانین، هیچ کارێك و هیچ خۆ بەخت کردن، گرنگتر و مەترسیدارتر نیە لە تازە کردنەوەی ئادەمیزادی شارستانی ئێستە.

باسی چوارەم

تازە کردنەوەی ئادەمیزاد پێویستی بە دانانی پەیمانگای تایبەتی هەیە تیادا لەش و ئەقڵ پێك بێنرێت، بەڵام بە پێی یاسای سروشتی نەك بە گوێرەی یاساکانی هەریەکە لە رەنگێکی قوتابخانەی مامۆستاکان، بەڵکو ئەبێ هەر لە فام کردنەوە، منداڵ لە بیرو باوەڕەکانی شارستانی پیشە سازی رزگار بکرێ، واتە لەو باوەڕەی کۆمەڵەی شارستانی پشتی پێ بەستورە. بۆ دەس کردن بە کاری دروستکردنی زانیاری ئادەمیزاد کە پێویستی بە دامەزراوەی زۆر وگران نیە، وە ئەتوانێ کەڵك لە دامەزراوەکانی ئێستە وەرگرێ، بە مەرجێ بە شێوەیێکی گونجاو لە گەڵ ئەم مەبەسە تازەیەدا، چاکسازی تێدا بکرێ. بێشك سەرکەوتنی ئەم پڕۆژەیە لە هەر شارێکا، ئەکەوێتە سەر هەڵویستی دەوڵەتەکەی، و لە هەندێکی ترا، ئەکەوێتە سەر هەڵوێستی کۆمەڵگا. بۆ پێویستی، بە پەلە هەندێ جار، لە وڵاتێکی وەکو ئەڵمانیا و ئیتالیا و روسیا، هەندێ دامەزراوە و پەیمانگای تایبەتی دروست ئەکەن، بۆ بەرژەوەندی دیکتاتۆرەکانیان، کە تێیدا منداڵ لەسەر یاساییێکی بەرمەجە کراوی تایبەتی پەروەردە بکرێ، لەگەڵ دارشتنی قەبارە و ئەقڵی گەنجەکان و شێوەی ژیانیان، لە قاڵبێکی دیاری کراوی تایبەتی و گونجاو لە گەڵ مەرامی ئەو سەرۆکانە. بەڵام لە وڵاتە دێموکراتیەکان، پێشکەوتن لە هەڵوێستی کۆمەڵگاوە سەر چاوە ئەگرێ. لە هەر وڵاتێکی دێمۆکراتی،کاتێ هەرەس هێنانی بیرو بۆچونی زانیاری و پزیشکی و ئابوری وکۆمەڵایەتی بە تەواوی ئاشکرا ئەبێ، ئەوکاتە کۆمەڵگا، چارە سەر بۆ هەمو لایەنەکانی ئەدۆزێتەوە.

لە کاتی خۆیا، تێکۆشانی هەندێ کەس، بوو بە هۆی بەرز بونەوەی هەستی دینی و زانیاری و زانستی. نەشونمای زانیاری تەندروستی لە وڵاتە یەکگرتەوەکانا، هەموی ئەگەڕێتەوە بۆ تێ بینی روحی(الهام) لای چەند کەسێ، بۆ نمونە: (هرمان بیگز) شاری نیۆرکی کرد بە گەورەترین شاری تەندروستی لە ئەمەریکادا، هەروەها ژمارەیێ لە گەنجی نەناسراو، لە ژێر چاوەدێری (ولش) دکتۆری چارەسەری روحی لە دوورەوە، قوتابخانەی پزیشکی (جۆن هۆپکنز) یان دروستکرد و پێشکەوتنێکی گەورەیان لە زانیاری پاتۆلۆجی و نەشتەرگەری و تەندروستی، لە

وڵاتە یەکگرتوەکانا وەدەس هێنا. کاتێ ئەڵمانی(باستیر) زانیاری بەکترێۆلۆجی، داهێنا، پەیمانگای باستیرلە پاریس بە یارمەتی کۆمەڵگای فەرەنسە دامەزرا، هەروەها(جۆن د. رۆکفلر) پەیمانگای رۆکفلری لێکۆڵینەوەی لە نیۆرك دانا، چونکە پێویستییەکی زۆریان بەداهێنراوەی تازە هەبو بۆ شاری تەندروستی.

(لولش) و (تێۆبالد سمیث) و(ت. میشیل برادین) و (سیمۆن فلکنر) و (کریستیان هرتر) و هەندێکی تر لە زاناکان، لە زۆر زانکۆکانی ئەمەریکادا زۆر لە مرۆڤە چاکە رۆشنبیرەکان و پیاوانی ئادەمی دۆست، کارگەی لێکۆڵینەوەیان دامەزراند، بۆ زیاتر پێشکەوتنی فەسیۆلۆجیا و زانیاری بەرگری کردن لە نەخۆشیەکان وکیمیا..هتد بەڵام دامەزراوەی کارنجی و رۆکفلر لە هەمو ئەوانی ترگرنگتر و بە ناوبانگتربون بۆ زانست و سەرخستنی رێژەی زانیاری زانکۆکان و هاندان بۆ ئاشتی لە ناوکۆمەڵگاکانی جیهانا و بەرگری کردن لە گشت نەخۆشیە تەشەنە کارەکان و بەخشینی تەندروستی بە کۆمەڵگا بە هۆی زانیاریەکانیانەوە.

ئەم چالاکیانە هەمیشە پێویستی دایئەهێنێ، دامەزراندنی هەر پەیمانگایێك یان هەر دامەزراوەیێك، بریتی بووە لە وەڵامدانەوەی پێویستیەکان لە لایەن کۆمەڵگاوە.

لەکاتی دروستکردنی دامەزراوەکانا، دەوڵەت لە سەرەتاوە، بەشداری نەدەکرد، بەڵام دامەزراوە تایبەتیەکان، بە هەمو توانایانەوە یارمەتییان ئەدا و بوون بە هۆی پێکهاتن و پێشکەوتنی دامەزراوە گشتیەکان، بۆ نمونە: لە فەرەنسە زانیاری بەکترێۆلۆجی، پێشەکی تەنها لە پەیمانگای باستیر ئەخوێنرا، بەڵام لە دواییدا کورس و پەیمانگا و کارگەی بەکترێۆلۆجی لە هەمو زانکۆکانی وڵاتا دامەزرا.

لەو باوە ڕەداین، ئەگەر دامەزراوە پێویستەکانی تازەکردنەوەی پێکهاتەی ئادەمیزاد، بە شێوەیێکی باش بەرەو پێش بڕوات، بێشك رۆژی دێت هەمو یەکێ لە قوتابخانەکان یان پەیمانگاکان یا زانکۆکان، لە گرنگی ئادەمیزاد بگەن، ئەگەرچی لە راستیدا ئەو هەوڵەی بە شێوەیێکی راست دراوە زۆرکەمە، بۆ نمونە: ئەو پەیمانگایەی زانکۆی (بێڵ) دایمەزراند، بوو بە شوێنی دەراسەی پەیوەندیەکانی ئادەمیزاد، هەروەها دامەزراوەی (ماکی) دانرا بۆ نەشونمای بیرو بۆچونی ئادەمیزاد لە بارەی فێربونی تەندروستی بە شێوەیێکی راست، هەروەها پێشکەوتنێکی تری گەورە لە (جنوە) رویدا بەسەرپەرشتی (نیقۆلابند)، لە ناو ئەو پەیمانگایەی دایمەزراند بۆ دەراسەی ئادەمی. لەم کاتەدا زۆر لە پزیشکە ئەمریکاییەکان هەستیان بە پێویستی ئەکرد بۆ

فراوان بوونی مێشکی ئادەمیزاد، بەڵام ئەم هەستە بە شێوەیێکی تەواو دەستی پێ نەکرا، وەکوکە لە ئیتالیا پەرەی سەند. هیوامان وایە ئەم دامەزراوانەی ئێستە بگۆڕن و بە پێی پێویستی ئێستە، ئاڵۆگۆڕیان تێدا بکرێ، بە جۆرێ کە بگونجێ لە گەڵ پرۆژەی تازە کردنەوەی ئادەمیزاد، بۆ نمونە: پێویستە هەمو پاشماوە ئالیاتە کۆنەکانی سەدەی رابوردوو لە خۆمان دوور خەینەوە و دەست بکەین بە پاکسازی و لابردنی ئەو بیرو بوچونانەی کە لە بایۆلۆجیدا بە کار دێنرێ و هەموی لە یەك بەشا کۆکەینەوە، لە گەڵ پەروەردە کردنی زانایانی راستەقینە. پێویستە دەرئەنجامی ئەو زانیارانەی تایبەتن بە ئادەمیزاد، وەکو: کیمیا و بایۆلۆجی، نەخرێنە ژێر ئاڵۆزی ئابوری رامیاریەوە و نەخرێنە ژێر دەستی پسپۆڕەکان، چونکە پسپۆڕ، زیاتر گرنگی ئەدا بە وتنەوەی وانەی تایبەتی، بەڵکو پێویستە بخرێنە ژێر سەر پەرشتی زانایانێ کە توانای کۆکردنەوەی هەمو زانیاریەکانیان تێدا بێت، پێویستە پسپۆڕەکان تەنها هۆکاری ئەقڵیی پێکهێنان بن و هەر هەمویان وەکو مامۆستایێکی ناو زانکۆگەورەکان بەکار بێنرێن بۆخزمەت کردن لە کارگەی کلینیکەکانی بەشی پاتۆلۆجی و بەکتریۆلۆجی و فەسیۆلۆجی وکیمیا..هتد، بەڵام ئەوکەسانە هیچیان مافی چارەسەری نەخۆشییان نەدرێتێ.

با ئەوەش بزانین، پیاوانی ئابوریناس، کارمەندانی کارەکانی لووی ئەندۆکرین، شیکەرەوەی دەرون، کیمیاوی بایۆلۆجی، ئەمانە هیچیان ئادەمیزاد ناناسن، واتە لە کارەکەی خۆیان زیاتر، هیچ کارێکی تریان لە بارەی ئادەمیزادەوە نادرێتێ. ئەێ لە یادمان نەچێ، زانیاری لە بارەی ناسینی ئادەمیزاد، هێشتا سەرەتایەتی، هەمو ئەوگرێ وچەڵەمانەی لە ناو ئەم کتێبەدا لە بارەی ئادەمیزادەوە باسکراوە، تا ئێستەش لانە براوە، لە گەڵ ئەوەشا ئەێ وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە کە پەیوەندی هەیە بە پاشە رۆژی سەدان ملیۆن ئادەمیزاد و دوا رۆژی گەشی شارستانیەتەکەیەوە، بەڵام رەنگە لە پەیمانگای تۆژەوەری چاك سازی ئادەمیزاد، ئەم وەڵامانە بە تەواوی بدرێنەوە، چونکە تەنها هەر ئەوان، ئەوکارە ئەنجام ئەدەن. کارگەکانی بایۆلۆجی و پزیشکیەکان، چالاکیەکانیان تەرخانکردووە بەس بۆکاروباری تەندروستی- دروست کردنی ئالیاتی کیمیاوی سروشتی- کیمیاوی، کە لە کاتی دیاردەکانی فەسیۆلۆجیدا دەرئەکەوێ.

پەیمانگا ی (باستیر) سەرکەوتنێکی باشی وەدەسهێنا، بە هۆی ئەو یاسایەی داینا وە، هەموو پسپۆڕەکانی لەژێر چاوەدێری (دۆکلۆرو) لە بواری لێکۆڵینەوەی بەکتریاو ڤایرۆس، تایبەت مەندییان وەرگرت، لەگەڵ هۆکاری جۆراوجۆر بۆ پاریزگاری ئادەمی، لەهێرشەکانیان،

هەروەها دۆزینەوی دەرمان و مادەی کیمیاوی بۆ کوتان (مصل) بۆ بەرگری لە نەخۆشی یا چارەکردنی.

لەلایەکی تریشەوە پەیمانگای (رۆکفلر) لە لێکۆڵینەوەیێکی فراوانتر دەراسەی ئەوکار تێکردنەیان ئەکرد، ئەبێتە هۆی نەخۆشی وکاریگەری کردنە سەر چالاکی سروشتی وکیمیاوی، و سروشتی – کیمیاوی و ئەو فەسیۆلۆجیەی لە لەشا دەرئەکەوێ. پێویستە ئەم لێکۆڵینەوانە، زیاتر پێش کەوێ ، هەروەها ئەبی هەمۆ باسەکانی ئادەمیزاد بە تەواوی بچێتە ناو جیهانی بایۆلۆجیەوە و پێویستە هەر پسپۆرێ تەنها لە بەشەکەی خۆیا دەس بە کار بێت، بە مەرجێ هیچ لایێکی گرنگی ئادەمیزاد بە نەناسراوی نەمێنێتەوە، پێویستە بە گوێرەی توانا کەڵك لە یاساکانی (سیمۆن فلکستر) وەرگیری کە لە پەیمانگای پزیشکی رۆکفلردا لە کاران بۆ دوا رۆژی پەیمانگای بایۆلۆجی و پەیمانگا پزیشکیەکان. چونکە لەو پەیمانگایە وە بۆ دوا رۆژ پتەو کردنی زانیاری بایۆلۆجی و پەیمانگا پزیشکیەکان، مادە زیندووە سەرەکیەکان لە پێکهاتەی پارچۆلکەوە تا پێکهاتەی ئادەمی بە شێوەیێکیی گشتی دەراسە ئەکرێ،

لەگەڵ ئەوەشا فلکستر، هیچ بەرنامەیێکی نەسەپاند بە سەرکارمەندی ئەم پەیمانگە گەورە تۆژەوەرەدا، بەڵام رازی بو، چەند زانایێك هەڵبژێرێ، کە ئامادەییان تیا بێ، بۆ چونە ناو هەمو بابەتەکانەوە، هیوا هەیە ئەم کارە بێ بەهۆی پەرەسەندنی ئەوکارگایانەی دەراسەی چالاکی سایکۆلۆجی وکۆمەڵایەتی و کیمیاوی و فەسیۆلۆجی ئەکەن. بۆ ئەوەی پەیمانگاکانی بایۆلۆجی، لە دوا رۆژا بەرهەمی هەبێت، پێویستە خۆمان لەو بیرو بۆچونە تێکەڵە و پێکەڵانە بپارێزین، وەکو وتمان ئەبێ بە یەکێ لە هۆیە نەزۆکیەکانی لێکۆڵینەوەی پزیشکی. زانیاری پیرۆزی سایکۆلۆجیا پێویستی هەیە بە یارمەتی و پشتگیری هۆکارەکانی زانیاری فەسیۆلۆجیا و ئەناتۆمی و میکانیکا وکیمیا وکیمیای سروشتی و زانیاری مادە و ماتماتیك، واتە پێویستیمان بە هەمو ئەو زانیاریانە هەیە یەك لە دوای یەك و بەگوێرەی گرنگی زانیاریەکانیان، لە پشت ئەو زانیاریە پێشەوایەوە ریز ئەبن. ئێمە ئەزانین بیرو بۆچونی زانیارێکی ریزی پێشەوە، ناکرێ دابەزێ بۆ بیرو بۆچونی زانیاریەکانی ریزی دواتر، بەڵام گرنگی دیاردەی گەورە، هاوتایە لە گەڵ گرنگی دیاردەی لەوە بچوکتر، دەرئەنجامی سایکۆلۆجی وەکو دەرئەنجامەکانی سروشتی-کیمیاوی راستەقینەیە، ئێمە لاریمان نیە لە زانیاری ماتماتیك و سروشت و کیمیا، ئەگەرچی زانیارێکی بنەڕەتی نین لەو باسانەی پەیوەندی هەیە بە زیندەوەرەوە، بەڵام پێویستیمان بە هەر هەمویان

هەیە، لە گەڵ ئەوەشا و لە بەر ئەوەی ئەم زانیاریانە، ناتوانن بیرو باوەڕێکی تەواو لە بارەی ئادەمیزادەوە، دیاری بکەن، لای مێژوو نووس، تەنها نوسین و قسەیە و هیچی تر. لە زانکۆکانا، ئەو پەیمانگا تۆژەرانەی دەراسەی تەندروستی و نەخۆشی ئادەمیزاد خراوەتە ئەستۆیان ، پێویستە لە ژێرسەرپەرشتی ئەو زانایانەدا بن کە زانیارێکی زۆریان، لە بواری فەسیۆلۆجی وکیمیا و پزیشکی و سایکۆلوجیدا هەیە، هەروەها پێویستە لە سەر زاناکانی بەکترێۆلۆجیای دوارۆژ، ئەوە بزانن کە ئامانجەکەیان بریتیە لە بوونەوەری زیندوو، نەك لەو ئالە و ئامێر و نمونەگەریەی بە دەست دروست ئەکرێ، ئەم فەسیۆلۆجیا گشتیە لە بەرچاوی (پایلیس) بەشێکی زۆر بچوکە لە فەسیۆلۆجیای گشتی، ئێمە ناتوانین دەستەلآت بخەینە سەر دیاردەکانی پێکهاتە و ئەقڵ، پێویستە ئەو دەراسە و تاقیکردنەوانەی لە کارگەکانی لێکۆڵینەوەی پزیشکی ئەنجام ئەدرێ، هەمو ئەو مادانە بگرێتەوە کە پەیوەندییان بە چالاکی ئادەمیزادەوە هەیە وەکو: سروشتی وکیمیاوی و پێکهاتە وکارەکانی و فەسیۆلۆجیا لە گەڵ پەیوەندی ئەم چالاکیانە بە شوێنەواری گەردوونی وکۆمەلآیەتیەوە.

ئێمە ئەزانین پێشکەوتنی ئادەمیزاد زۆر سست ئەروات و دەراسەی کێشە و هۆکارەکانی، درێژی تەمەنی چەند جیلێك لە زانایان ئەکێشێت، ئێمە پێویستمان بە پەیمانگایێکە، بتوانێ بەشداری بکات لە لێکۆڵینەوەی ئادەمیزاد بۆ ماوەی بە لانی کەمەوە یەك سەدە و بێ بڕانەوەو لە سەر یەك، پێویستە ناوەندێکی رۆشن بیری و ئەقڵێکی هەتاهەتایی بە کۆمەڵگای تازە پێشکەش بکات، تا بتوانێ لە دوا رۆژی خۆی بگات و تۆژەرە بنەڕەتیەکانی خۆی راست کاتەوە بۆ پێش خستن وسەرکەوتن، بێ ئەوەی گوێ بدەنە مردنی زانای تۆژەر، یان نابووت بوونی پەیمانگاکە. دۆزینەوەی ئەم جۆرە دامەزراوانە، رزگار بونی رەگەزی ئادەمیزادی تیدایە و هاندانی بۆ پێشەوە بۆشارستانیەت. پێویستە ئەم ناوەندە بیرکاریە، وەکو ئەوەی لە دادگای بەرزی وڵاتە یەکگرتوەکانا هەیە، بریتی بێ لە چەند راهێنەرێ، بۆ فێرکردنی زانیاری ئادەمیزاد، بۆ ماوەی چەند ساڵێك. هەروەها پێویستە ئەم ناوەندە بەشێوەیێکی ئالی تەمەنی خۆی بکات بە هەتاهەتایی، تا هەمیشە تیشکی بیرو باوەڕی تازەی لێ بدرەوشێتەوە.سەرۆکە دیموکراتیەکان و دیکتاتۆریەکان، پێکەوە ئەتوانن لە" ناوەندی زانیاریە راستیەکان" ئەو زانیاریانە وەدەس بێنن کە پێویستیانە بۆ نەشونمای شارستانی راستەقینە،کە لەگەڵ بەرژەوەندی ئادەمیزادا بگونجێ، لەم بارو دۆخەدا، پێویستە ئەندامەکانی لێژنەی بەرزی ناوەندەکە، لە سەرکاری تۆژەوەری و وتنەوەی

وانە دەراسیەکان و لە سەر وتارەکان (محاضرة) لا ببرێن و ژیانی خۆیان تەرخان کەن بۆدەراسەی دیاردەکانی ئابوری وکۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجی و فەسیۆلۆجی و لەگەڵ ئەو پاتۆلۆجیەی کە گەلە پێشکەوتوەکان ئەو پەڕی گرنگی پێ ئەدەن و یەك یەك پێکهاتەکانی دەراسە ئەکەن و ئەنجامی ئەدەن، بۆ پەرە پێدانی زانیاری وکاریگەریەکانی لە سەر رەوشت و ژیان و بیرو بۆچون. ئێمەش، پێویستە هەوڵ بدەین ئەو فێنیە بدۆزینەوە تاوەکو بە هۆیەوە شارستانی تازە بتوانێ، تازە بونەوەی ئادەمیزاد ئەنجام بدات، بێ ئەوەی هیچ جۆرە، رەوشتێکی گرنگی لە کیس بچێت. بیرکردنەوەی ئە و پیاوانە، بێشك دانیشتوانی شارە تازەکان ئەپارێزێ لەداهێنانی ئەم میکانیکیەی ئەبێتە هۆی مەترسی لە سەر لەش و ئەقڵمان و تێکچونی بیروبۆچون و ژەهرداربونی خواردەمەنی و ناجۆری رەوشتی پسپۆڕ، لەبواری فێرکردن و خواردەمەنی و رەوشت و زانیاری کۆمەڵ..هتد، و لەگشت ئەو داهێنراوانەی بەرژەوندی کۆمەڵگای تیا نەبێت و تەنها بریتی بێ لە بەرزکردنەوەی لوتی داهێنەرەکەی، لە گەڵ ئەوەشا ئەو پەیمانگایەی لە سەر بناغەی راستەقینەی تەواو دامەزرێ، بێشك لە توانایا هەیە، خۆی پرچەکی هێزی زانیاری بکات و دژی خراپە کاری بوەستێ، و دەست بە کار بێ بۆ خزمەتی کۆمەڵگای رۆشنبیرو پەرە دان بە نەشونمای ئۆرگانی و ئەقڵی. پێویستە ئێمە وەك کار بە دەستانی دادگای بەرزی ئەمەریکا، زانا بلیمەتەکانمان پارێزگاری بکەین لە پروپاغەندەی بێ نرخ و درۆ، چونکە ئەم زانایانە زۆر لەسوێندخۆرەکانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بەنرختر بۆ ئێمە، چونکە کاریان تەنها سەرپەرشتی چەسپاندنی یاسایەو هیچی تر، بەڵام ئەم کەسانەی ئێمە، ژیانی خۆیان تەرخان کردوە بۆ بەرگری کردن لە لەش و روحی ئەو رەگەزە مەزنەی لە راپەڕینە مەترسیدار وگرنگەیا، دژ بە کوێرە ماری زانیاریی مادە لە جەنگایە.

باسی پێنجەم

پێویستە بە هەمو تواناێکەوە خەڵك خۆیان لەو پوکانەوە ئەقڵی و وێژەیی و فەسیۆلۆجیەی شێوەی ژیانی تازە هێناویەتێ، بپارێزین و هەمو چالاکیێکی پێویستیان تێدا بنێژن، هەروەها بە گوێرەی توانا تەندروستیان بۆ دابین کەین، لە تەنیایی رزگاریان کەین و هێمنی و ئاشتییان بۆ دابین کەین، ئەوەی پێویستیانە لە گەڵیانا بیگونجێنین هانیان بدەین بۆ بەکار هێنانی رەوشتە سك ماکیەکانی چنراوە و هەستەکانی، ئەو قاڵبە وورد بکرێ کە زانستی و کۆمەڵگای مادی بە دەوریا دایان رشتووە، لە سەرمان پێویستە کاری ئۆرگانی ئەقڵی و بنەڕەتی بە سەر کەینەوە، چونکە ئەوکار تیاکراوانە خۆدی ئادەمیزادە، ئەگەرچی ئادەمیزاد بە داخەوە جارێ بوونێکی سەربەخۆی نیە، چونکە بەستراوە بە شوێنەوارەکەیەوە، وە بۆ ئەوەی سەر لە نوێ دروستی کەینەوە پێویستە جیهانەکەی بگۆڕین. پێویستە سەر لە نوێ شێوەی چوارچێوەی کۆمەڵایەتیەکامان تازە کەینەوە، لە گەڵ دیمەنی رەوشت و ژیانی باری ئەقڵیمان، بەڵام شوێنەوار ناگۆردرێ، یان ناتوانین بە یەك سات شێوەکەی بگۆڕین، لە گەڵ ئەوەشا پێویستە بەر پرسیارانی یاسای تازە کردنەوەمان، لەم بارودۆخەی ئێستەی ژیانمان دەست بە کار بن، چونکە هەموکەسێ توانای ئەوەی تێدایە شێوەی ژیانی خۆی رێك خات، هەروەها ئەتوانێ شوێنەواری بە دەوری خۆیا دروست کات کەمێ جیاوازی هەبێ لە گەڵ شوێنەواری ئەوکەسانەی بیر لەوە ناکەنەوە، بۆ ئەوەی توانای هەبێ خۆی جیا بکاتەوە، بەوەی پەیرەوی یاساکانی فەسیۆلۆجی و ئەقڵی و رەوشتی تایبەتی بکا و دەستەڵات بگرێ بە سەر لەش و ئەقڵی خۆیا، بەڵام ئەگەر بە تەنیا مایەوە، ناتوانێ بەربەرەکانی شوێنەوار و شێوە مادیەکەی و ئەقڵە ئابۆریەکەی بکات هەتا هەتایە. ئاشکرایە دوژمنی بوونی ئێمە، ئەم شوێنەوارەیە، بۆ ئەوەی بەرامبەر بە شوێنەوار بوەستین و سەرکەوین بە سەریا پێویستە لەگەڵ کەسانێکی هاو بیر و هاو مەبەس، یەك بگرین، چونکە هەمو شۆڕشێ، پێشەکی بە کۆمەڵێکی بچوك دەست پێ ئەکات، بەرە بەرە ویستی کەسانی تریشی تێدا چەکەرە ئەکات و ئەبێ بەکۆمەڵێکی گەورەی بە هێز.لە سەدەی هەژدەهەما، لەبارودۆخێکی وەکو ئێستەی ئێمەدا، کۆمەڵیك پێك هات بۆ نەهێشتنی یاسای

پاشایەتی لەفەرەنسە، شۆڕشەکە بەرپا بو، خۆی هاندانی هەڵگرساندنی شۆڕشەکە، زیاتری ئەگەڕایەوە بۆ هەندێ هاندان و نامیلکەی شۆڕشگێڕی نیشتمانی، نەوەك بۆ یاقوبیەکان، وەکو هەندێ کەس ئەڵێن. پێویستە ئێمە زۆر بە هێزەوە، لەگەڵ بیرو باوەڕی زۆرداری شارستانی ئابۆری بجەنگێن، هەروەکو چون بڵاو کراوەکانی کۆمەڵە ئینیەکان دژی یاسای زۆر دار ئەکەونە جەنگ، بەڵام با ئەوەش بزانین، تێکۆشانەکە زورسەخت ئەبێت، چونکە شێوەی ئەو ژیانەی تەکنۆلۆجیا (زانیاری پیشە سازی و هونەرو چاکسازیەکانی) دایان رشتووە، بەشێوەیێکی تەفرەدان و زمانی لووس سەپاندویانە بەسەر کۆمەڵگادا، کاریگەری تریاك وکۆکاینی کردوەتە سەر کۆمەڵگا. لە بەر ئەوە پێویست بووکە هەندێ کەس لەوانەی بە گیانی شۆڕشگێڕانە پەروەردە کراوون، لە شێوەی چەند کۆمەڵێکی ئینی، خۆیان ڕێك خەن. بێجگە لە چەندین باری ناجۆری، تەنانەت پارێزگاری منداڵ لەم کاتەدا لە دەگمەن ئەچێ، بۆئەوە: کەس ناتوانێ بە تەواوی و لەم کاتەدا، لەکەڵك وەرگرتنی منداڵەکانی بگات لە قوتابخانەکانیانا، تایبەتی بێ، یان گشتی. ئەو منداڵانەی، باوکیان بە بیرتێژی خۆیان، لە ناڕەوایەتی پزیشکی و فێرکردن وکۆمەڵایەتی خۆیان رزگاریان ئەکەن، لەو جۆرە قوتابخانانە دەریان ئەهێنن، بەڵام لە بەر تێکە و لێکەی بارودۆخەکە، بەرەنگاری ڕەخنە و تەشەر ئەبنەوە لەلایەن کەسانێ کە خۆیان بە ناچاری لە گەڵ ڕانە مێگەلەکەدا ملی ڕێیان گرتوەتەبەر. بۆ خۆ تازەکردنەوە، پێویستە مرۆڤ تێکەڵ بە کۆمەڵێکی گەورە و زۆر بکرێن و ئەوکۆمەڵەش لەوانی تر جیا بوبێتەوە و لە ژێرکاریگەری ناوەندی بیرو بۆچونێکی تری تازەدا، قوتابخانەی تایبەتییان بۆ دانرابێت. هەندێ زانکۆ بڕیاریان دا و وازیان لە فێرکردنی کلاسیکی هێنا، وە بە یارمەتی یاساکانی دامەزراوەی ڕەوشتی راستەقینەی ئادەمیزاد، گەنجەکان ئامادە ئەکەن بۆ ژیانی دوارۆژ. کۆمەڵی یەك دڵ، هەرچەندە ژمارەیان کەم بێ، ئەگەر بریاریان دا، خۆیان رزگارکەن لە کاریگەریە زیان بارەکانی شوێنەوار و دەورە مێژوییە خراپەکەی، پێشەکی پێویستە، خۆیان لە گەڵ ڕەوشتێك و یاساێکی خۆ دابڕین ڕابێنن، وەکو یاسای صۆفیەتی یا ڕەهبانی یا شێوە هەژاری یاجۆرێکی تر. ئەم شێوە ژیانە، ئێمە داینا هێنین و تازە نیە، بەڵکو لە دێر زەمانەوە هەیە و زۆر جار بۆ زروفی تایبەتی و بە زۆری لە سەدەی ناوەندیدا بەکارهێنراوە و سەرکەوتو بووە. هەندێ مرۆڤی بلیمەت بۆ ماوەیێکی زۆرو بۆ مەرامێکی تایبەتی، لەخێزانەکانیان جیائەبونەوە وگۆشە گیریان هەڵئەبژارد، یاساێکی زۆر قورسیان بەسەر خۆیانا ئەسەپاند، بۆ ئەوەی بگەن بەمەرامی پیرۆزی رزگاربوون و لەبەندو باوی

خراپی شوێنەوار و یاسای ستەمکاریی کاربەدەستان. یان گۆشەگیرێکی یەکجاری صۆفیەتی، یان رەهبانی، بۆ رزگاربوون لەژیانی فیزیقی و مادییەتی و تێکەڵبوون لەگەڵ نوری یەزدانا. نمونەیێکی تر: هەرلە هەمان ئەو سەر دەمەدا، لە بەر زروفی ئەوکاتە و لە بەر سەختی ژیان،کۆمەڵگا ببون بە چەند بەشێکەوە و هەر بەشەی بە ناچاری کارێکی بۆ خۆی هەڵبژارد، بۆ نمونە: ئەوکارانەی ئەوکاتە لە ئارادا بو، بریتی بوو یەك- یاسای صۆفیگەری، یان رەهبانیەتی. دوو- سوار چاکی. سێ- کۆمەڵەی یەکیەتی کرێکاران. هەندێ لەوانە چوونە ریزی سوارچاکانەوە. وە ئەوانەی خۆیان تەرخان کردبو بۆکاری دینی، چونە ناو پەرستگاوە. هەندێکی تر بۆ ئیشی کرێکاری، بون بەئەندامی یەکیەتی کرێکاران. ئەوەی مایەوە لەو ناوەدا بەبێکاری ئەسوڕایەوە، بەڵام هەر هەمویان کەوتنە ژێر دەسەڵاتێکی فەسیۆلۆجی و ئەقڵی سەختەوە، واتە لەش و روحیان هەمیشە لە شەکەتی و ئازارا بوو. سواڕەکان، هەر یەکەی چوە لای کۆمەڵێك و یاساێکی جیاوازی هەڵبژارد، ئەوانە هەندێکیان لە بارودۆخێکی ئاڵۆزی تایبەتیدا،گیانی خۆی بەخت کرد. کرێکارەکان لەگەڵ بێ ئیشەکان، لە بەر ئەوەی هەر پۆلێ لەوان لە بەر برسیەتی، چوبونە ریزی کۆمەڵێکی دینی تایبەتیەوە، بەهۆی یاسای سەخت، لە لایەن بیرو بۆچونی باوەڕەوە، لە یەکێتی و لە کۆمەڵگا دابڕان و پەیوەندییان کەم بوەوە. چونکە هەرکۆمەڵێك، ڕەوشتێکی جیاوازی خۆی هەبوە لەگەڵ پڕۆگرام و ئاهەنگ و طقوسێکی دینی تایبەتی. بە کورتی، ئەندامانی ئەوکۆمەڵانە، ژیانی ئاسایی، خۆشی یا ناخۆشی پێشویان لە بیر چوەوە و ببوون بە مرۆڤێکی تر. ئایا ئێمەش ناتوانین لاسایی کرداری رەهبانی و سوارچاکی وکرێکاری سەدەی ناوەند بکەینەوە؟ بەڵام بە شێوەیێکی جیاواز و یاساێکی تر. بۆ پێشکەوتنی ئادەمیزاد، دوو مەرجی سەرەکی هەیە:

یەك : مەرجی جیابوونەوەی رێژەیی، (العزلة النسبية) . دوو: مەرجی یاسا.

هەموکەس تەنانەت دانیشتوی شارەتازەکانیش، ئەتوانن، پەیڕەوی ئەم دوو خالە بکەن، چونکە ئادەمیزاد هێزی ئەوەی تیایە بتوانێ دەسەڵات بە سەر هەندێ ڕەوشتی خۆیا بگرێ و لە خۆی قەدەغە بکات، بۆ نمونە: نەچێ بۆ سینما یا نمایشگایێکی دیاریکراو، یا نەناردنی منالەکانی بۆ قوتابخانە نەشیاوەکان، یا گۆی گرتن لە بەرنامەیێکی ناجۆر، یا خوێندنەوەی هەندێ گۆڤار و پەرتوکی گومان لێکراو. ئێمە بە هۆی ڕەوشت و ئەقڵی باش و بە هێز و فرێدانی ڕەوشتی ئاژەڵی و بازاری، ئەتوانین، خۆمان دامەزرێنینەوە. هەروەها کۆمەڵگا گەورەکان، ئەتوانن بە

تەواوی، ژیانی تایبەتی خۆیان دابین کەن. (دۆکهۆبر) سەلماندی: ئەوانەی خاوەنی توانای ویستی بەهێزن، ئەتوانن رزگاری تەواو وەدەس بێنن، تەنانەت لە ناوەندی شارستانیەتی سەردەمیشا، بێشك مەرج نیە بۆگۆڕانکاری لە کۆمەڵگا تازەکەدا، ئەبێ ژمارەی کۆمەڵ زۆر بێت، چونکە ئەمە راستییکی سەلێندراوە، رێکخستنی تەواو، هێزێکی گەورە ئەدا بە مرۆڤ. بۆغۆنە: چەند کەسێ لە صۆفیە راستتەقینەکان، بە هۆی یاسای چلە گرتنەوە، لە دوای ماوەیێکی کەم، ئەبن بە خاوەنی هێزێکی ئەوتۆ، هەمو مرۆڤە ئاساییە داهێزراوەکان، ناتوانن بەرگریان بکەن، ئەم چەند کەسە کەمە، لە ئاستی هێزێکدان ئەتوانن بە خۆشی یا بە زۆر، شێوەیێکی تر لە ژیان بسەپێنن بە سەر هەمو ئەوانی ترا، چونکە هیچ جۆرە یاساییك نیە لە جیهانا گۆڕانکاری تێدا نەکرێت، ئەوکارگە گەورانە، ئەوکۆشکە بەرزە سەر لە کەشکەلانانە، ئەو شارە دور لە مرۆڤایەتیانە، ئەو رەوشتە دەس کردانە، لە گەڵ بڕواکەیان بە بەرهەمی زۆر وگەورە، دڵنیا بن، وەکو ئێوە تێی گەیشتوون وا نیە، ئەمانە فڕیان بە شارستانیەتەوە نیە، بەڵام ئەتوانن بە شێوەیێکی ئاقڵانە تر، بیرو بۆچون و ژیانی راستەقینە وەدەسبێنن. بێشك، ئەم خەڵاتانە ئەگێڕینەوە بۆ ئادەمیزاد: رۆشن بیری بەبێ پشو، جوانی بەبێ رابواردن، ئامێزی کارگە بە بێ کرێکاری کۆیلە، زانیاری بێ مادە پەرستی، زانستی و هەستی وێژەیی و چالاکیەکان بۆ ئادەمیزاد و سەر خستنی بەرەو لوتکەی نەشونما.

باسی شەشەم

پێویستە لەناو کۆمەڵگای پیشەکەوتودا هەڵبژاردن ئەنجام بدەرێ. وەکو لەوە پێش ئاماژەمان پێکردکە هەڵبژاردنی سروشتی، زۆر لە مێژە دەوری خۆی نەدیوە، خزمەتەکانی تەندروستی و پزیشکی و پارێزگاری لە ژیانی، زۆر مرۆڤی رەوشت نزم کردووە، بەڵام لە هەمان کاتیشا، ناتوانین لە دایك بوونی لاوازەکان قەدەغە کەین، چونکە بە شێت و تاوانباری لە دایك نابن، هەروا نایشتوانین منالّی کەم ئەندام و نەخوش و شێوە تێکچوو لە ناو بەرین، وەکو ئەوەی لە گەڵ توتکە سەگی لاواز و تێکچوو ئەکرێ.

تاقە رێگا بۆ ئەوەی، مرۆڤی لاواز و شێت بە رێژەیێکی وا زیاد نەکەن کە دەستەڵات بگرنە دەست، ئەوەیە تا ئەتوانین مرۆڤی بە هێز و تەواو بەرهەم بێنین. بەڵام بیرکردنەوە لە چاك کردنی مرۆڤی خراپ، سەرکەتووو نیە،

کە وا بوو، پێویستە گرنگی بدەین بە نەشونما و پێگەیاندنی مرۆڤی باش. ئێمە ئەگەر بتوانین بەهێزەکان بەهێزتر کەین، ئەوکاتە ئەتوانین یارمەتی مرۆڤە لاوازەکان بدەین، چونکە کۆمەڵگا هەمیشە لە بۆچونی پیاوە گەورەکان و لە داهێنەرەکانیان کەڵك وەر ئەگرێ. لە جیاتی ئەوەی نارێکی ئۆرگان و ئەقڵ پێکەوە رێك کەینەوە، پێویستە بازنەی ئەو نارێکیانە فراوانترکەین و زیاتر دەراسەیان بکەین، ئەوسا پیاوانی زانا و

گەورە دروست کەین. ئەبێ ئەو منالّانەی خاوەن توانای بەرزن و بلیمەتییان تیا ئەدرەوشێتەوە، لەوانی تریان جیا کەینەوە و ئەو توانایانەیان تا ئەو پەڕی توانا، نەشونما پێ بکەین، بەوە ئەروستوقراتی بێ سك ماکی پیشکەش بە کۆمەڵگا ئەکەین، ئەتوانین ئەم جۆرە منالّانە لە ناو هەمو تۆێژەکانی کۆمەڵگادا بدۆزینەوە، ئەگەر چی پیاوە بە ناو بانگە بەرزەکان، زیاتری لە ناو خێزانە بەرزەکانا دەر ئەکەون، تا لە ناو خێزانەکانی ترا. لەوانەیە نەوەی دامەزرێنەرەکانی شارستانیەتی ئەمەریکا، هێشتا هەر رەوشتی باوو باپیرانیان بەکار بێنن، بەڵام ئەم رەوشتانە هەندی جارخۆی لە پشت پەردەی چەند جاری داهێزران.(انحلال) ئەشارێتەوە، ئەم

داهێزرانانەش، زۆریان بە ئاشکرا روو ئەدەن، ئەوەش ئەگەڕێتەوە بۆ جۆری فێرکردن و تەمەڵی و نەمانی بەرپرسیاریەتی و یاسای وێژەیی، لە بەر ئەوە پێویستە منداڵی دەوڵەمەن و منداڵی مرۆڤی تاوانبار هەر لە منداڵیەوە لە شوێنەوار دوور خرێنەوە، چونکە جیا کردەنەوەیان بەو شێوەیە لە کەس وکاریان، لەوانەیە ببێتە هۆی دەرکەوتنی هێزی سك ماکیان. هەروەها لە ناو خێزانی ئەرستوقراتیەکانی ئەوروپادا،کەسانێ هەن لەو پەڕی هێز و چالاکیدان، چونکە نەوەی پیاوانی شەڕی خاچ، هێشتا لە ناو نەچوون.

یاساکانی رەگەز، ئاماژە بەوە ئەکەن، دوور نیە چاو نەترسیی و سەرکێشی و شەڕ ئەنگێزی سەرلەنوێ، لە ناو نەوەی دەرەبەگە گەورەکانا سەر هەڵباتەوە، وە لەوانەیە وەچەی تاوانبارە زلەکان خاوەنی بیرێکی فراوان و ئازایەتی و چاونەترس وکاربەدەست بن و لەگەڵ وەچەی پاڵەوانە شۆوشگێڕەکانی فەرەنسە و روسیا، بەردێکی پتەو بن بۆ تەلاری کەمایەتیە خاوەن پرۆژەکان. ئاشکرایە تاوان کردن سك ماکی نیە مەگەر بە هاوکاری لاوازی ئەقڵ، یان کەم ژیریەوە بکرێت، هەروەها زۆر دەگمەنە توانای بە هێز لە منداڵی پیاوەگەورەکان و پیاوە زیرەکەکانا بە دی بکرێ، لە گەڵ ئەوانەی لە ژیانی کارکردنیانا توشی نەگبەتی هاتوون و تێك شکاون و بە ناچاری بۆ نان پەیا کردن کاری بچوك و هەژارانە ئەنجام ئەدەن، یان لە ناو ئەو لادێیانەی لە یەك ناوچەدا، چەندین جیلە ژیاون و هەرئەو ژیانە کولە مەرگیە یە و نەیان وێراوە بیگۆڕن بەڵام جاری وایش هەیە، لەو جۆرە مرۆڤانە و لەو بارودۆخانەدا، وەچەی هۆنەری بە ناو بانگ و هونەرمەند و ئازاو هەندێ جاریش مرۆڤی پیرۆز و بە دین پەیا ئەبێت.

هاوکار،خێزانێکی زۆر بە ناوبانگ و خاوەن کومپانیا و سامانێکی زۆر. کە نێستە دانیشتوی نیۆرکن، لەوەبێش لە زەمانی شارلمانەوە تا کاتی ناپلیۆن. لە پارچە زەوویکا، لە باشوری فەرەنسە خەریکی کشت و کاڵ بوون.

هەندێ جار، ئازایەتی و جەربەزەیی،لە پڕ لە ناو خێزانێکا پەیا ئەبێ، کە لە وەبێش لە کەسی ناو ئەوخێزانە، ئەو رەوشتانە نەبینراوە.

بێشك، زۆر جار لە ئادەمیزادا گۆڕانکاری فیزیقی و ئەقڵی و سایکۆلۆجی ڕوو ئەدات، هەر وەکو چۆن هەندێ گۆڕانکاری سروشتی لە ئاژەڵ و رووەکا روو ئەدا، لە گەڵ ئەوەشا ئادەمیزاد بە تەمای ئەوە نەبێ بتوانێ لە ناو لادێیەکانا و خەڵکی ئاسایی ناو شار،کەسانێ بدۆزێتەوە بەهرەی ئەقڵێکی گەورەی هەبێت. لە راستیدا دابەشکردنی دانیشتوانی وڵاتە سەربەستەکان، بۆ چەند

چینێکی جیاواز،کارێك نەبووە هەر لە خۆیەوە رویدا بێت، یا لە داب و نەریتێکەوە هاتبێت، بەڵکو لە سەر بناغەی بایۆلۆجییێکی پتەو دامەزراوە و هەروەها لە سەر رەوشتی فەسیۆلۆجی و ئەقڵی دانیشتوەکانی پیادە کراوە.

لە وڵاتە دیموکراتیەکانی وەك وڵاتە یەك گرتوەکانی ئەمەریکا و فەرەنسە و لەم سەدەی دواییەدا، هەرکەسە بە گوێرەی لێهاتویی خۆی، هەڵی ئەوەی بۆ رەخساوە، کارێك و پیشەیی وەدەس بێنێ وپلە و پایەیێك وەرگرێ. بەڵام ئەمرۆ زوربەی خەڵکانی کۆمەڵگای ئەو وڵاتانە، ئەو کار و پلە و پایەی هەیانە، بە هۆی لاوازی سك ماکی لە لەش و ئەقڵیانا دەستیان کەوتوە، یان لە رێی بەزەیی پێدا هاتن، یان هەندێکیان لە رێ دەستەڵاتی کەس وکاریانەوە وە دەسیان هێناوە، بۆ نمونە: زوربەی جوتیار و لادێیەکان، لە ماوەی سەدەی ناوەندا لە کشت وکاڵەکانی خۆیانا ماونەتەوە و بێ گۆڕانکاری، هەر ئەو کارە ئەکەن، چونکە راهاتن و ئازایەتی و چاو نەترسی لە خوێنیانا نیە، لەگەڵ زۆری کە م و کورتی لە بیرکردنەوەیان و رازی بونیان بەوکارە، ئەو بارودۆخە بووە بە هۆی ئەوەی هەرئەوە بەشیان بێت.

بەڵام، لە لایێکی ترەوە و رووێکی ترەوە و جۆرێکی تر لە کەسانی لێهاتوو، هەتا هەتایە مێژوو باسیان ئەکات: ئەو سەر بازە نەناسراوانە و پێکهاتووانە لەو جوتیارە ساوێلکانەی کە زەوی وکشت وکاڵ لایان ئەو پەڕی بەرێز و خۆشەویست بوو و بریێ بوون لە برپرەی پشتی کۆمەڵگای ئەوروپی، لە گەڵ ئەوەی ئەوانە، لە چاو بارۆنەکانی سەدەی ناوەڕاست، ئەقڵێکی ساویلکە و قەبارەیێکی لاوازیان هەبو، بەڵام توانییان وڵات لە داگیرکەر بسێننەوە و بە هێز و خوێنی خۆیان دوژمن لە وڵات دەرکەن.

لە راستیدا ئاغا هەر بە ئاغایی و کۆیلە هەر بە کۆیلەیی لە دایك بوون، بەڵام ئەمرۆ پێویستە مرۆڤە دروستکراوە لاوازەکان، لە سەر بنکەی دارایی و هێزی دەوڵەت دوورخرێنەوە. لە لایێکی تریشەوە چار نیە، ئەبێ چینەکانی کۆمەڵایەتی لە گەڵ چینەکانی بیۆلۆجی وەك یەك بن. ئەبێ هەرکەس بە گوێرەی توانای لەشی و زانیاری ولێهاتویی خۆی ،کاری گرنگ، یان کاری ئاسانیان بۆ دابین بکرێت، ئەوکەسانەی خاوەنی زانیاریێکی تایبەتی و توانایێکی باشن، بە گوێرەی خۆیان، لە ناو کۆمەڵگادا شوێنیان بۆ دیاری بکرێ، کۆمەڵگای تازە، بە پەروەردە کردنی مرۆڤ بەهێز و خاوەن ئەقڵ، خۆی رزگار ئەکات، نەوەك بە داڵدە دانی مرۆڤ لاواز و بێکارە.

باسی حەوتەم

زیادکردنی مرۆڤ بەهێز پێویستی بەچارەکردنی وەچە هەیە، پێویستە لەسەر خاوەنی رەگەزە پاکەکان، لە باشترین تۆخمی خۆیان، کۆمەڵگای خۆیان پەرە پێ بدەن، لە گەڵ ئەوەی رێژەی منداڵ بوون، لە ناو زوربەی کۆمەڵە پێشکەوتوەکانا، لە کەم کردنایە، وە ئەوەی لە دایك ئەبێ یا کەم ئەندام یا لە ئۆرگانێکا لاوازە، چونکە ئافرەتەکان بە هۆی خواردنەوەی وێسکی و جگەرە کێشانەوە، بە دەسی خۆیان خۆیانیان فەوتاندووە، بێجگە لەوەی زۆریان توشی نەخۆشی رێجیم هاتون، بۆ خۆلاوازکردن وکەمەر باریك کردن، زوریان منداڵ بونیان ناوێ، ئەم کەموکوڕیە ئەگەڕێتەوە بۆ زەین کوێری لە ئەقڵا و خۆ پەرستی و وەزعی ناجۆری ئابووری و لاسەنگی هاوسەرایەتی، بێجگە لە لاسەنگ بونی لاکانی ئۆرگانی و ئەقڵی، لە گەڵ مەترسیێکی زۆریان لەوەی منداڵی کەم ئەندام و لاواز ئەقڵ بەشیان بێت.

بەڵام ئەو ژنانەی وەچەی رەگەزی لەوەپێشن و ئامادەن بۆ بەرهەم هێنانی منداڵی خاوەن سیفاتی پاك وباش و پەروەردە کردنیان بەگوێرەی توانا و بە شێوەیێکی تازە، بە داخەوە ئەوانیش بە هۆی کاریگەری شوێنەواری ناهەمواروە و خواردەمەنی بە کیمیا پەروەردەکراوەوە، زوربەیان نەزۆکن.

ئەو جوتیارانەی تازە هاتونەتە ئەوروپاوە، ئەگەرچی زۆریان لە نەوەی خێزانە گەورەکانن، بەڵام دەرکەوت نەوەکانیان زۆر دوورن لە وەی سیفەتی باش وەدەس بێنن، هەروەکو ئەو پەنا بەرانەی کە لەباکوری ئەمەریکا دا نیشتەجێن.

وەکو ئاماژەمان پێ کرد و سەلماندمان، وا دیارە لە بارەی مەترسی کەم کردنی رێژەی منداڵەوە هیچ چارە نیە، مەگەر بەرپا کردنی شۆرشێ دژی بیر و بۆچۆن و ژیان و پەیا بوونی هەمو شتێکی تازە و شوێنەوار و کەسانی ناجۆر، تا ئاسۆی گەشی ژیانی راستەقینە روناك بێتەوە.

چاکردنی وەچە ئەبێتە هۆی کاریگەرێکی گەورە بۆ دوا رۆژی کۆمەڵگا پێشکەوتوەکان، ئاشکرایە رێك خستنی زاوزێ، وا بە ئاسانی لە ئادەمیزادا سەر ناکەوێ، وەکوکە لە ئاژەڵا.

لە گەڵ ئەوەشا پێویستە کەسانی شێت و کەم ئەقڵ و هەڵگری جیناتی شێتی، بە تەواوی لە زاووزێ دوورخرێنەوە، هەروەها کوڕ وکچ، پێش ماڕەبڕین ئەبێ پشکنینی پزیشکییان بۆ ئەنجام بدرێ، بەڵام وەك ئەو پشکنینە وردەی کە بۆ ناو نووسکردنی سەر بازی دەریایی، یاکارمەندانی خەستەخانە، یا چێشتخانە گرنگەکان ئەنجام ئەدرێ و پێش دەسکردن بە کار، بەڵام هەندێ جار ئەو متمانە نامەی، پشکنینی پزیشکی، ئامادەی ئەکات تەواو نیە، دوای ئەوە ئەو بڕوانامە لە یەك نەچوانەی لەو بارەوە، بەرپرسیاران پێشکەشی دادگاکانی ئەکەن، دەری ئەخات، پشکنینەکان،بە دەگمەن راستی تیا بێت.

لەبەرئەوە، باشتر وایە، چاکردنی رەگەز، ئەگەر بمانەوێ راستەقینە و تەواو بێت، پێویستە خۆ ویست بێ،(اختیاری). بۆ دەسکەوتنی ئەم مەبەسە، ئەبێ هەموکەسێ زانیارێکی گشتی تەواو وەرگرێ ولای ئاشکرا بێ، چۆن نەگبەتیێك و ماڵ کاول بوونی لە کەمینایە و خۆی مات داوە بۆ ئەوگەوجانەی، ژن لەو خێزانانە دێنن خوێنیان پرە لە ژەهری نەخۆشی سوزەنك- شێرپەنجە - سیل- جیناتی شێتی و لاوازی ئەقڵ، ئەبێ گەنجەکان دووركەونەوە لەم جۆرە خێزانانە، وەکو چۆن لە خێزانە هەژارەکان دوور ئەکەونەوە، بە راستی ئەو خێزانە ژەهراویانە زۆر لە چەتە و دز و پیاوکوژ، مەترسیدار ترن، لە بەر ئەوەی ئەو نەگبەتی وکاولکاریەی ئەوانە بڵاوی ئەکەنەوە، چەتە و دز، ئەوە ناکات، بۆ نمونە، تەنها باسی یەکێ لەو بەڵایانە ئەکەین: ئەو خێزانەی هەڵگری جیناتی شێتین، هەمو یەکێ لەم کەسانە لە ناوکۆمەڵگادا، بە ئاسایی دێتە پێش چاو، زۆریان خاوەن پلە و پایەی بەرزن لە ناوکۆمەڵگادا وکەسیش سڵیان لێ ناکاتەوە، چونکە بە رووالەت مەترسییان تیدا نابینرێ، خۆیشیان بە خۆیان نازانن، یان خۆیان گێل ئەکەن، ئەمانە منالەکانیان و نەوەکانیان ونەوەی نەوەکانیان و..هتد، ژەهرەکەیان، وەك تاعون تەشەنە ئەکا بۆ ناو هەزاران هەزارکەس و هەر نایشبڕێتەوە، ئەمە نمونەیێك بوو لە یەکێ لەو مەترسیانە، و باسی ئەوانی تر، خۆت بیری لێ بکەرەوە. چاکردنی خۆویستی رەگەز، (اختیاری) ئەوەندە سەخت نیە نەکرێت، با ئێمە وا دانێین وەکو ئەڵێن خۆشەویستی بە ئازادی وەك با بڵاو ئەبێتەوە، زۆریش لەو باوەڕەی دڵنیایە، گۆیا خۆشەویستی ئەو رەوشتەی تیایە، بەڵام بە گوێرەی راستیێکی بەر چاوی هەموان، ئەم ووتەیە درایەوە دواوە، چونکە زۆر لە گەنجەکان خۆیان ئەخەنە ناو بە ناو خوشەویستی کچە دەوڵەمەندەکانەوە، هەر وەها بە **پێچەوانەوە** کچیش، کە واتە ئەگەر خاوەنی

خۆشەویستی، خۆی بدا بە دەس پارەوە، هەربەو جۆرەش بۆ پارە، خۆی ئەدا بە دەس باری هەمو جۆرە تەندروستییێکی مەترسیدارەوە.

وەکو چەندەها جار دوپاتمان کردەوە، مرۆڤ نابێ بۆ ژن هێنان نزیك ئەو خێزانانە بکەوێتەوە کە هەڵگری نەخۆشی میراتی شاراوەن، زوربەی ئەو نەگبەتی وکوێرەوەریانە، لە سك ماکیەوە تەشەنە ئەکات و لە ناو خانەکانی چنراوە و ئۆرگانەکانا رەگ دائەکوتێ، واتە بە هیچ جۆرێ ژن لە خێزانی ئەو نەخۆشانە مەهێنن و ژنیشیان مەدەنێ، هیچ کەس بۆی نیە، نەگبەتییێکی هەتاهەتایی بێنێ بە سەرکەسێکی ترا، هەروەها ئەو خێزانە نەخۆشانە بۆیان نیە منداڵ دروست کەن و بیخەنە قوڕاوی ئازار و شکەنجەی هەمیشەییەوە.

لە رێگای پاك کردنەوەی رەگەزا، کەسانێکی زۆری تیدا ئەفەوتێ، ئەم فیداکاریانە رونکردنەوەیێکە

بۆ یاسای سروشت، کە لە هەمو ساتێکا لە پێناوی ژیانی هەندێ گیان لە بەرا، ژیانی زۆری تر لە ناو ئەبات.

ئێمە گرنگی ئەدەین بە تازەکردنەوەی رەگەزی کۆمەڵایەتی و تاکە کەسی.

هەموکۆمەڵگاکانی جیهان، ئەوپەڕی رێز و سەروەری، پێشکەش بەو شەهیدانە ئەکەن، کە خوێنی خۆیان لە پێناوی رزگاری وڵاتەکەی خۆیانا بەخت کرد، پێویستە لە سەرهەمو، فیداکاری ئەو پاڵەوانە نەمرانە بنرخێنین و خاوەنەکەی شایانی پەیکەر بێ. کە واتە گرنگی فیداکاری پێویستێکی گرنگی کۆمەڵگایە و مەرجە لە ناخی هەمو مرۆڤێکی هاو چەرخا بنەخشێت.

با ئەوەش بزانین سنور دانان بۆ وەچە، نابێتە هۆی لاواز بوونی مرۆڤە بە هێزەکان، نابێتە هۆی ئەوەیش سەرکەتویی یەکجاری وەدەس بێنن، بەڵام تەنها پاکترین وەچە بەرز ئەبێتەوە بۆ پلەیێکی بەرزی دیاریکراو،

لە گەڵ ئەوەشا،جار بەجارێ،کەسانێکی شازی نەناسراو پەیا ئەبن، چونکە ئەو هۆکارانەی کە سنوری گەورە دیاری ئەکەن، نەزانراون.

ئێمە ناتوانین بەرە بەرە زیادکردن لە جەرسومی پلازمادا دروست کەین، یا مرۆڤێکی نمونەیی بە هۆی گۆڕانکاریێکی گونجاوەوە بەرهەم بێنین، واتە ئەبێ رازی بین بە ئاسانکاری، بۆ باشترین توخمی رەگەزی ئادەمیزاد بە هۆی فێرکردن و هۆکارە ئابوریە پێویستەکانەوە، پەرە سەندنی هێزی مرۆڤ ئەکەوێتە سەر بارۆدۆخی نەشونماکەیان، لە گەڵ جۆری ئەو سیفاتانەی باوك و

دایکیان، لە ژیانیانا وەدەستیان هێناوە وگۆڕاویانەتەوە بۆمنالّەکانیان. ئینجا پێویستە کۆمەڵگای تازە دۆخێکی گۆڕاو بخولقێنێ بۆ دابین کردنی پێویستیەکانی ژیان بۆ هەمۆکەس، دابەش کردنی خانوی تازە و جوان و خاوەن باخچە، بە سەر هەمو کەسێکا، هەر یەکە بەگوێرەی لێهاتوویی خۆی، لە گەڵ تەرخان کردنی باخچەو شوێنی یاری بۆ منالّان

لە هەمو گەڕەکێکا، وە کردنەوەی باخی گشتی و ناوەند و لۆکاڵ بۆ پتەو بوونی پەیوەندی لە نێوان خەڵکا . هەروەها تەرخان کردنی لۆکاڵ بۆ بە سالاّ چووان و کەم ئەندامان و خزمەت کردنیان بەگوێرەی پێویست و سەر پەرشتی کردن و تەرخان کردنی موچە بۆئەوانەی سەرچاوەیێکیان نیە بۆ ژیان.

لە قوتابخانەکانا هانی منالّ بدرێ بۆ پەیڕەوی کردنی رەوشتی باش و ڕێزگرتن لە دایك و باوکیان وگوێ گرتن لە ئامۆژگاریەکانیان، پێویستە ئەو دیاردەیە راگرین کە کۆمەڵێکی زۆر لە جوتیاران وکرێکاران و هونەرمەندان و مامۆستایان، کارەکانی خۆیان جی دێڵن و کاری لا بە لا ئەنجام ئەدەن، یان دوای ماوەیی وەرزش، خۆیان ئەکەن بە فس فس پاڵەوان، کە دەست و قسە نەێ هیچی تر شك نابەن. بوونی ئەو جۆرە کەسانە، شوورەیێکی هەمیشەییە بۆ شارستانی پیشە سازی، هەروا، ئەوانە هاو بەش بوون لە نەمانی چەند خێزانێ، خێزان بریتیە لە یەکەی (وحدة) کۆمەڵایەتی، ئەوانە ئەبن بە هۆی لاوازکردنی هەستی ڕەوشت، بەکورتی، هۆی رۆخانی پاشماوەی شارستانیەتن. هەروەها هەمو جۆرە بەرەڵایی و نەخوێندەواری قەدەغە بکرێ، پێویستە هەموکەس لە ئاسایشا بژی و شوێنی هەمو ژیانێکی بۆ دابین بکرێ بۆ پێکهێنانی خێزان، لە گەڵ قەدەغە کردنی ژن هێنانی کاتی، وەکو سامبۆ لە ئەوروپا، یان سیغە لە ناو هەندێ کۆمەڵگای رۆژ هەڵاتا.

پێویستە ماوەی گرێ بەندی پیرۆزی ژن و مێردایەتی، بە لانی کەمەوە، ئەوەندە بمێنێ، تا منالّەکانیان وایان لێ دێت پێویستیان بە سەرپەرشتی ئەوان نەمێنێ، هەروەها پێویستە یاساکانی فێرکردنی منالّ لە بەر چاو بگیرێ، بە تایبەتی ئەو بەندانەی پەیوەندیان بەکچەوە هەیە، وە بەندەکانی یاسای کۆمەڵایەتی لە بارەی ژن هێنان، تەلاق..هتد، پێش هەموشتێ ئەبێ بەرژەوەندی منالّ دابین بکرێ، پێویستە ژنان خوێندنی بالاّ تەواو کەن، نەك بۆ ئەوەی ببن بە پزیشك یان پارێزەر یا مامۆستای زانکۆ، بەڵکو بۆ ئەوەی منالّەکانیان بە شێوەیێکی زانیارانە پەروەردە بکەن و بیانکەن بە مرۆڤی بەکەڵك بۆ دوا رۆژی خۆیان و وڵاتەکەیان.

تەنها ئەنجامدانی بەربەست کردنی زاووزێ بە ئازادی، نابێتە هۆی پەروەردەکردنی کەسانی بە توانا، بەڵکو ئەیشبێتە هۆی لە دایکبونی خێزانی خاوەن هێز و خۆ راگر و زیرەك و ئازا، ئەم خێزانانە پێویستە

بۆن بەو چینە گرنگە ئەروستوقراتیەی هیوادارین مرۆڤ بلیمەت و زانای بە ناوبانگیان تیا هەڵکەوێ، هەروەها پێویستە کۆمەڵگای تازە ئەو پەڕی هەوڵ بدا و هەمو هۆکارێ بەکار بێنێ، بۆ دروست کردنی رەسەنی ئادەمیزادی باشتر و پاکتر. هیچ شتێ لەوە بە نرختر نیە بۆکۆمەڵگا، کە خێزانەکان بە هۆی ئەو جووت گرتنە پیرۆزەوە، واتە/ژن و مێردایەتی/، بتوانن رۆڵەی بلیمەت و زانا بەرهەم بێنن.

بێشك ئاڵۆزی شارستانیەتەکەمان زۆر و بێ سنوورە و جارێ لە توانای ئادەمیزادا نیە دەسەڵات بخاتە سەر هەمو میکانیکیەکانی، لە گەڵ ئەوەشا، لە هەڵێکی رەخساوا، ناچارین ئەبێ دەسەڵات بگرین بە سەریانا، بەڵام لە راستیدا پێویستمان بە کەسانی خاوەن ئەقڵی گەورە و رەوشتی باش هەیە، ، بتوانن ئەم کارە

بە تەواوی ئەنجام بدەن. بێشك دامەزراندنی کۆمەڵگایێکی ئەروستوقراتی بایۆلۆجی سکماکی، بە پێی چاکردنی رەگەزی خۆویست،کارێك و هەنگاوێکی گرنگە بۆ لابردنی کێشەکانی ئێستەی کۆمەڵگاکەمان.

باسی هەشتەم

لەگەڵ ئەوەیش کە زانیارمان لە بارەی ئادەمیزادەوە ناتەواوە، بەڵام ئادەمیزاد هێزێکی وامان ئەداتێ کە بتوانین بچینە ناو پێکهاتەکەی و یارمەتیدەر بین بۆ دۆزینەوەی هەموو تواناییەکی ئەو بوونەوەرە و بە گوێرەی ویستی خۆمان رێکی خەین، بە مەرجێ رێك خستنەکە لە گەڵ یاساکانی سروشتا بگونجێت.

بۆ ئەو مەبەسە، سێ بەشی جۆراوجۆرمان لە ژێر دەسەڵاتایە:

یەکەم – هۆکارەکانی سروشتی وکیمیاوی، لە دروستکردنی چنراوە و تێکەڵە و ئەقڵا، دواگۆڕانکاری ئەنجام ئەدەن.

دووەم – بە هۆی ئالۆگۆڕلە شوێنەوارا، ئالیاتە رێك خەرەکانی ئادەمیزادن، کە ئەخرێنە کار.

سێیەم – ئەمەیان بریتیە لە هۆکارەکانی سایکۆلۆجی، کە کاریگەری ئەخاتە سەر نەشونمای ئۆرگانەکان و مرۆڤ هان ئەدات بۆ دامەزرانی خۆی و بە تێکۆشانی خۆی.

رامیاری ئەم هۆکارانە بابەتێکی سەخت و پێویستی بە تاق کردنەوەیە، بەڵام جاری هیچ شتێك لە بارەیانەوە نازانرێ و تائێستە بە تەواوی نایان ناسین، چونکە کاریگەریەکەیان بە تایبەتی ناخەنە سەر یەك لایەن مرۆڤ، لەگەڵ ئەوەیشا بە هێواشی کارئەکەن، تەنانەت لەقۆناغی منالّی وگەنجیا، بەڵام هەمیشە گۆڕانکاری گەورە لە لەشا دروست ئەکەن.

رەوشتی سروشتی و کیمیاوی کەش و هەوا و خاك و خواردن، ئەمانە بۆ چاکردنی مرۆڤ، ئەتوانین وەکو هۆکار بەکاریان بێنین. هێزی خۆراگرتن و هێزو توانای لەش، هەمیشە لە ناوچە سەختە شاخاویەکان و کەش و هەوای سەخت، یان لە وڵاتێ کە هەمیشە کاتەکانی هەڵماوی و تیشکی رۆژ دەگمەن بێت، هەروەها شوێنێ هەمیشە رەشە باو و فەرتەنە و زەویەکانی سەخت و بەردەڵانی بێت. ئەو شوێنەی هەمیشە خاوەن رەشە باوو فەرتەنە و زەویەکانی روتەنی و بەردەڵانیە زۆر باش ئەگونجێ بۆ پەروەردە کردنی مرۆڤ بە هێز و چاو نەترس، بۆئەو مەبەسە پێویستە فێرگەی تایبەتی لە سەر ئەو شوێنە سەختانە بکرێتەوە، لەگەڵ سەخت ترین پرۆڤەی راهێنان.

بەڵام کردنەوەی ئەم جۆرە فێرگانە، لە ناوچەی باشور و لە بەر تیشکی رۆژ و کەش و هەوای گەرم، ئەبێتە هۆی خاوو خلیچکی مرۆڤ بۆئەوە: وڵاتی فلۆریدا و رێڤیرا لە فەرەنسە، لە گەڵ بارودۆخی لەشی مرۆڤی لاواز و پیرو بێ هێزا ئەگونجێ، بەڵام بۆ پشوێکی کورت

لە بارەی منالانەوە، پێویستە هەر لە منالیەوە لە گەڵیانا دەس بە کار بین، بۆ پڕکردنی لەشیان لە هێزی بەرگە گرتن و هاو سەنگی ئەقڵ وبەرگری ئۆرگانەکان، بە هۆی مەشق و راهێنان لە شوێنی سارد و هەوای وشکا، لە بەر هەتاوی تیژ و باران و بەفر، هەروەها پرۆڤە پێکردنی منالان لە کەش و هەوای باکورەکانا، ئەبێ بە هۆی بەرهەم هێنانی بە هێزترین لەش.

ناوبانگی هەندێ لە پیاوە بە هێز و وەرزشکارەکانی ئەمەریکا، لە بەرگە گرتنی ماندویەتی، ئەگەرێتەوە بۆ راهێنانی لەشیان وهێزی بەرگرییان، بە هۆی ئەنجام دانی پرۆڤەی سەخت، لە ناو ناخۆشترین کەش و شوێنە زۆر سارەکان، هەروەها لە ژێر سورە هەتاوی تیژی ئیسپانیا و سەرمای سەختی ئەسکەندناڤیا، یان لوتکەی باکورەکانی زەوی.

بەڵام لەم رۆژانەدا،کەش و هەوای ناخۆش باوی نەماوە و بیرو بۆچونی خەڵك لەو بارەوە، هەڵگەڕاوەتەوە،کە بە چەندەها شێوە خۆی لە مەترسی کەش و هەوا ئەپارێزێ، بە هۆی ئامێر و تەکنیکی تازەوە و لە هەمو شوێنێکی ژیانیا، هەر هەموکەشەکان تێکەڵ بە یەك کراون، و هەمو وەرزەکان، فێنکن.ئەو تێکەڵە کیمیاویانەی لە خواردنەکانمانا هەیە، تا ئێستە نازانین چ جۆرە کاریگەرێك ئەکاتە سەر چالاکی فەسیۆلۆجی لەش و ئەقڵمان. بیرو بۆچونی پزیشکەکانیشمان لە بارەی پرسیار لەم کێشەیە، وەڵامەکانیان هەر چی بێت قەبارەی ئەو پرسیارە داناپۆشێ، چونکە تا ئێستە تاقیکردنەوەیێکی تێروپڕ، بۆ لێکۆڵینەوە لە کاریگەری هیچ خواردەمەنیێکی دیاری کراو، لە سەرئادەمیزاد ئەنجام نەدراوە، ئاشکرایە چەنیەتی و چۆنیەتی خواردن کاریگەری ئەخاتە سەر هەستەکان، ئەوکەسانەی هەوڵ ئەدەن، بۆ ئەوەی پێیان بڵێین /پیاوێکی ئازایە/، دەست ئەکەن بە زۆر خواردن، یان زیاتر لە توانای خۆیان کار ئەنجام ئەدەن، بێشك خۆیان توشی زیانێکی وا ئەکەن، قەت چاری نەکرێ. چونکە، پێویستە بە قەت ئەو کرێکارانە خواردن نەخۆین کە کاری دەستی قورس ئەکەن، یان وەك ئەوانە کەم نەخۆین وازیان لە دنیا هێناوە و لە قوژبنی پەرستگایێکا، بەرۆژووە و خەریکی خۆ راهێنانی روحین.پێویستە بزانین، کام خواردنە ئەگونجێ بۆ ئەو تەمەڵانەی لە نوسینگە، یا کارگەدان، کام مادە کیمیاویە کەڵکی هەیە بۆ زیادکردنی زیرەکی و ئازایەتی و چالاکی دانیشتوانی شار.

بە خواردنی چەوری و قەیماغ و بەروبومی شیرو پاقڵاوە و جۆرەها خواردن و جۆراوجۆر ڤیتامینات منالْ و گەنج گەشەو نەشونما ناکەن، باشتر وایە بگەڕێین بە دوای تێکەڵەیێکی تازە، بـــێ بە هۆی بە هێز بونی مێشك و چالاکی ئەقڵ، نەك بە دوای قەبارەی قەبە و ورگی زل و ماسولکەی ئاوساو وکێشی قورسا.

هیوامان وایە، رۆژی لە رۆژان، زانایێك ئەگەر بە رێکەوتیش بێ، بگاتە ئەێنی ئەوەی، چۆن لە منالێکی ئاسایی پیاوی گەورە و بلیمەت بەرهەم بێنین؟ هەر وەکو چۆن لە ناو شانەی هەنگا، بە هۆی جۆرە خواردنێکی تایبەتی تەنها هەنگەکان خۆیان ئەێنیەکەی ئەزانن، لە نوتفەی خۆیان، نوتفەی شاهەنگ پەروەردە ئەکەن، واتە نوتفەی ئاسایی خۆیان بە گیراوەێکی کیمیاوی تایبەت،ئەکەن بە نوتفەی شاهەنگ.

لە سەر روناکی گرنگی ئەم نمونەیە، ئەڵێین : لەوانەیە توخمێکی کیمیاوی بە تەنها نەتوانێ چاکسازی تەواو لە ئادەمیزادا دروست بکا، رەنگە پێویست بە پێکهاتەیێك بکات، باشە! سولەیمان پێغەمبەر لە کوێ بهێنین ئەم ئەێنیە لە هەنگەکان بپرسێت؟ ئەێ وای دانێین پەرە سەندنی هەر جۆرێ لە جۆرەکانی ئۆرگان و ئەقڵ، ئەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵەی سکماکی و ئەو بارودۆخەی یارمەتی نەشونما ئەدەن، پێویستە لەکاتی نەشونمادا هۆکارەکانی کیمیاوی لە هۆکارەکانی سایکۆلۆجی جیا کەینەوە.



باسی نۆیەم

ئاشکرایە، راهێنان، ئۆرگانەکان وریا ئەکاتەوە و هەمیشە لە دۆخێکی هێز و چالاکیدا رایان ئەگرێ و ئەبێتە هۆی بەهێز بوونی کارەکانی چنراوە و ئەقڵ. کاتێ ئالیاتی بەر پرسیار، بۆ مەبەستێکی دیاریکراو، کۆمەڵێ هێزی کرداری رەتکردنەوە ئەنێرێ بۆ ئامێرێکی تایبەت بەو مەبەستە، بە ئاسانی و لە هەمان ساتا ئەنجام ئەدرێ، هەمومان ئەزانین کە ئیش کردنی ماسولکە پێویستی بە هێزە و ئەویش پێویستی بە پرۆڤەی گونجاوە، ئەگەر بمانەوێ ماسولکەکان بە گشتی بە هێز بن، پێویستە مەشقی تایبەتی وگونجاو بدەین بە ئەندامە کارمەندەکانی ئەوکارە، هەروەها بەو ئامێرانەیش بەر پرسیارن لە خواردەمەنی هێزی ئەندامە کارمەندەکان و بۆ ئەو ئامێرانەیش لە کاتی درێژ خایێنی کارەکەدا، توانای بەرگرێکی زیاتر ئەدەن بە ئەندامەکان بۆ بەرگە گرتنی زیاتر، لە گەڵ سوك کردنی ماندو بونیان، ئەمەیە سەر سووڕێنەری لەگرنگی ئادەمیزادا.

بەڵام ئێمە پێویستە جۆرێ پرۆڤە بەکار بێنین، جیاواز بێت لەو پرۆڤەکلاسیکیانەی ئێستە ئەنجام ئەدرێت و لەو بارەوە بگەڕێینە بۆ دواوە، واتە ئەو پرۆڤە و راهێنانەی لە زەمانی پێشودا ئەنجام ئەدرا، چونکە ئەو وەرزشانەی لە قوتابخانە و زانکۆکان ئەدرێ بە قوتابیەکان، هێزی خۆراگری راستەقینەیان ناداتێ. پێکهاتەکانی لەش بریتین لە: ماسولکەکان – بۆریەکان، دڵ، سیەکان، مۆخ، شانەکان، برپرەی پشت، ئامێری هەرس .. هتد، واتە هەمو لەش پێویستیان بە هێزە بۆ بەڕێوە چونی ژیانی کەسەکە، هێزیش بە هۆی پرۆڤەی گونجاوەوە پەیا ئەبێ.

را کردن بە سەر شوێنی بەردەڵانیدا ، هەڵگەڕان بە شاخا، زۆران گرتن ، مەلەکردن، کارکردن لە دارستان و باخەکانا و لە هەمو کەش و هەواکانا ، دیتنی جۆرەها خەم و خەفەت وکێشەی ژیان وکاری قورس..هتد، لە هەمویان گرنگتر وەرزشی یۆگایە، ئەمانە هەندێکن لەو هۆکارانەی ئەبێتە هۆی راهاتنی ئۆرگانەکان و ئیسقان و ماسولکەکان و هەست و ئەقڵ.

بێجگە لە بە سەر هاتی ژیانی قورس و نالەبار لە بە سەر بردنی ژیانی رۆژانەدا کە بریتین لە بەشی ئاسایی ئەو کەسە، ئەگەر ئەو کەسە یا هەر کەسێکی تر بیەوێ هەمو لەشی بە تەواوی

بەهێز و خۆراگر بێت، پێویستە ئەو وەرزشانەی باس کرا بە تەواوی و بێ دابڕان ئەنجامیان بدا، تا بتوانێ لە گەڵ دەور و بەری خۆیا رابێ و بە خۆشبەختی بژی، چونکە ژیان بە لەشی تەندروستەوە ژیانە و ئەکسیری تەندروستیش پرۆڤەکانە.

چونکە هەڵگەڕان بە شاخا یا بە دارا، چالاکی ئەو ئامێرانە ئەخاتە کار، کاروباری پێکهاتەی پلازما و گەڕانی خوێن وهەناسە ودڵ ڕێك ئەخات، و دانیشتن لە نزیك هێڵی پانی بەرز، چالاکی ئەدا بە ئۆرگانە بەرپرسیارەکان بۆ دروست کردنی خرۆکەی سوور و هیمۆگلۆبین، هەروەها ڕاکردن بۆ ماوەیێکی زۆر، لەش رزگار ئەکات لەو ترشەڵۆکەی ماسولکەکان دەری ئەدەن، لە گەڵ بڵاو بونەوەی چالاکی بە ناو هەمو لەشا.

تینویەتی، بە بێ ئاو خۆاردنەوە، ئەبێتە هۆی پاك کردنەوەی ئاوی زیادی لە ناو لەشا. ڕۆژو گرتن، پرۆتین و چەوری ناو لەش ڕێك ئەخات و زیادیەکەی لا ئەبات و بە گوێرەی پێویستی لەش ساردی ئەکا بە گەرمی و گەرمی ئەکا بە ساردی و چالاکی ئەدا بەو ئالیاتە زۆرانەی گەرمی لەش ڕێك ئەخەن.

ئێمە ئەتوانین بە زۆر شێوە چالاکی ئامێری راهاتنەکان زیاد کەین. کارکردن هەمیشەیی ئەبێ بە هۆی بە هێز بوون و چالاك بوونی ئۆرگانەکانی لەش و ئامادە باشی بۆ جێ بەجێ کردنی هەموکارەکانی لەش.

ڕێك خستن وگونجاندنی کاری ئۆرگانەکان و سایکۆلۆجی،گرنگترین ڕەوشتی ئادەمیزادە. وەدەس هێنانی ئەم گونجاندنە ئەکەوێتە سەر جۆری ڕەوشتی ئەوکەسە، بەڵام پێویست بە هەوڵێکی خۆ ویست ئەکات.

هاوسەنگ بوون، بە شێوەیێکی گشتی ئەکەوێتە سەر ئەقڵ و خۆ ڕاگرتن، چونکە ئادەمیزاد هەمیشە حەزی لە رازی کردنی ئیشتیاکانی سروشتی خۆیەتی، وەکو خواردنەوەی شەراب وخێرا لێخورین و گۆڕینی مۆدێلەکانی بە تازەتر، بەڵام کاتێ لەم شتانە تێ بو، دائەهێزرێت، باشترو ڕاست تر ئەوەیە، ڕێزی خۆی لە قوڕاوی بوونەکەی بشواتەوە وبێتەوە سەر شیوەی ڕەگەزە پاکەکەی خۆی. بەوەی واز لەو ژیانە بوگەنەی ئێستەی بێنێ و خۆی لە سەر برسیەتی و نەنوستن و خۆ ڕاگرتن لە شاوەتی جنسی ماڵ وێران کەر ڕابێنێ، ئەگەر چی، واز هێنان لە کاری جینسی و شەراب و کۆکایین و تریاك و جگەرە..هتد، و سەرکەوتن بە سەر ئەم هەمو خراپانەدا، پێویستی بە هێزێکی پۆڵایینە، دڵنیابە نامریت، هەر هەموئەو ڕەوشتە خراپانە، وەك

بەفری بەر هەتاو ئەتوێتەوە، ئەو کاتە بە چاوێکی ترجیهان ئەبینێ. هەروەها، زۆر خواردن بە قەت، هەرهیچ نەخواردن مەترسیدارە، بەم شێوە بەرنامانە، لەش و ئەقڵ هاوکێشە ئەبنەوە. هێزی مرۆڤ بریتیە لە توانای بەربەرەکی کردنی هەڵوێستی دژ بە روداو، بەپێ راوەستان و بەئاسانی. گەیشتن بەم بەهرەی بەرگری (ردفعل)، بە هۆی چاندنی جۆرەها بەرپەرچ دانەوە و رەتکردنەوەی رەمەکی، لە ئادەمیزادا دێتە بەرهەم، تا ئەوکەسە منداڵ بێت، چاندنی رەتکردنەوەکان و فێر بونیان ئاسانتر ئەبێ.

منداڵ ئەتوانێ برێکی زۆر لە زانستی لە ناو ئەقلی دەرونی خۆیا کۆکاتەوە کە ئەبێتە هۆی ئاسانی، بۆ وەرگرتن و ئەنجامدانی ویستەکانی خۆی. زیرەکی منداڵ لەم کاتەدا، وەک زیرەکی سەگی شوانی مەڕ وایە، چونکە لەم تەمەنەدا هەمو جۆرە جوڵانە پێویستەکان ئەنجام ئەدات، هەر لە خۆیەوە دەست ئەکا بە راکردن و ماندویش نابێت، وەک بەچکە پشیلە خۆی ئەدا بە عەرزا بۆ یاری کردن و هەر خۆیشی هەڵئەسێتەوە بێ ئەوەی ئازاری بگات، بە دار و بەرد و پەیژە و هەمو شتێکا هەڵئەگەڕێ، شت ئەشکێنێ، رائەوەسێ، ئەڕوا، دەس و قاچی بە شێوەیێکی ڕێك و پێك ئەجوڵێنێ، بە قوونڵی لە شت وورد ئەبێتەوە، بە ئارەزوی خۆی یاری بە هەمو شتێ ئەکات، زۆر پرسیاری سەیر سەیر ئەکا، ئەم چالاکیانە هەموی ئامێرە رەت کردنەوەکانی لە لاسایی کردنەوەی دایك و باوك وکەس وکار وەری ئەگرن و بە منداڵەکەی بەکار ئەهێنن.

هەروەها توتکە سەگیش، فێری هەمو شتی ئەکرێ، رەوشتی جۆراو جۆری بە گوێرەی ویست و بە پێی یاسای (پافلوف) تێدا ئەنێژن، بەر پەرچە خۆکارەکانی رائەهێنن و فێری ئەکەن، هێمن بێ و دزی نەکات، لە خۆیەوە پەلامار نەدا..هتد، ئەویش بە دوپات کردنەوەی رەوشتەکانە، بە کردارو هێما، نەك بە قسە کردن و روون کردنەوەی بابەتەکان.

فێرکردنی منداڵ، جیاوازە لە فێرکردنی ئاژەڵ، چونکە هەر بەشەی هێماو ئاماژەی تایبەتی خۆی هەیە، ئەم ئاماژانە بریتین لە هێمای ویست و نەویست، بۆ نمونە: دەنگی جەرەس یان تەقەی گولە یان شریقەی قامچی، بۆ سەگ بریتیە، لە ئاماژەی ویست، واتە کردنی ئەو شتە، وە فەرمان دانە بەوەی، خواردن بخوات.

نمونەیێکی تری بەرپەرچ دانەوە لە ئادەمیزادا، گریمان مرۆڤ لە گەشتێکیا لە شوێنێکی نامۆ، رێ لێ تێك چوو، ئاساییە بۆ دۆزینەوەی شوێنەکەی، بە درێژایی ئەو رۆژە بگەڕێ، بێ ئەوەی بیرلە خواردن و خواردنەوە یا پشودان بکاتەوە، یا نارەحەت و ماندو بێت، چونکە ئامێرە

بەرپەرچ دانەوەکانی کێشەیێکی گرنگتریان لە بەر دەمایە، ئەویش گەڕانە بەدوای ئەوشوێنەی کە ووڵی کردووە. هەروەها ئەگەر یەکێ لە پرۆژەیێکا سەرکەوتنێکی گەورەی دەست کەوت، هەر خەفەت و ئازار و نەخوشی و ماندویەتێکی هەبێت لە بیری ئەچێتەوە و تا ماوەیێکی زۆریش هەست بە برسیەتی وتونیەتی ناکات.

ئادەمیزاد لە کاتی ئەنجام دانی سەرکێشێکی (مغامرة) گەورەدا، گاڵتە بە مردن ئەکات، هەر بەو جۆرە لەکاتی خۆبەخت کردنیشا. وە لەکاتێکیشا روحی ئەگاتە پلەیێکی پرشنگدار، حەزی لە مردنە.

باسی دەیەم

هۆکارەکانی نەشونمای سایکۆلۆجی کاریگەرێکی گەورەی هەیە لە سەر مرۆڤ، بە گوێرەی ئەو هەستە گرنگەی روح و توانای تایبەتی خۆی، شێوەیێکی رێك و پێکی تەواو بۆ لەش و ئەقڵ دابین ئەکات.

وەکو لە سەرەوە باسمان کرد، چۆن بە هۆی دامەزراندنی بەرپەرچ دانەوەیێکی راست لە منالاّ، بۆ رو بە رِو بونەوەی هەڵوێستێکی دیاریکراو و بە شێوەیێکی تەواو، ئەوکەسانەی لەو چالاکیە بەرپەرچ دانەوە دروست کراوانە و سروشتیانەدا، بەرهەمێکی زۆری هەبێ، لەگەڵ چالاکیە سروشتیەکانی ترا تێکەڵ ئەبن و هێزێکی بەرگری گەورەی رو بەرِو بونەوە پێك دێنن، بۆ نمونە: وەك لە ئەفلامە کاو بۆکانا هەیە، ئەگەر هێرشێ کرایە سەر ئەوکەسە، خێرا ئەتوانێ بە ئاسانی، بۆ وەڵام دانەوەکەی، دەمانچەکەی دەرێنێ، تەنانەت ئەگەر بە تەواوی و بە گوێرەی پێویستیش، ئامادەیی تێدا نەخولقابێت. وەڵام دانەوەی هەمو رووداوێکی کتوپر ئەکەوێتە سەر ئامادەکاری ئەو رەوشتانەی دراوە بەکۆئەندامی سەرەکی و ئۆرگانەکانی ئەقڵ، ئەتوانین بۆ رووداوە کتوپڕەکان، ئەو رەوشتانەی لە لەشا دروست بوون بە هۆی هۆکارەکانی سایکۆلۆجیەوە پەروەردەیان بکەین و پەرەیان پێ بدەین.

ئێمە ئەزانین یاسای ئەقڵی و رەوشتی، ئەبێتە هۆی رودانی چالاکی باشترلەوەی وەکو لە لووی سەمپاتاویدا، وە بۆتەواو بوون و زیاتر پەرە سەندن لە بواری هەمو چالاکیەکانی ئەقڵ و ئۆرگانەکانا، ئەتوانین ئەم هۆکارانە بکەین بە دوو بەشەوە:

بەشی یەکەم- بریتیە لەو هۆکارانەی لە دەرەوەدا لەکاران وەکو: هەمو ئەو بەرپەرچانە و هەستە دۆخیانەی بەهۆی خەلکەوە ئەسەپێنرێ بە سەرکەسانێکی ترا، یان لە شوێنەوارەوە ئاراستە ئەکرێت، هەروەها بارودۆخی ئاشتی یان پێچەوانەکەی هەژاری، دەوڵەمەنی، تێکۆشان، تەمەڵی، وە بەرپرسیارێکی وا،کە دۆخێکی ئەقـــڵی تایبەتی ئەوتۆ لە ئادەمیزادا بخولقێنێ کە بکەوێتە شێوەیێکی تایبەتیەوە.

بەشی دووەم – بریتیە لەو هۆکارانەی لە ناوەوە، مرۆڤ رێك ئەخات، وەکو بیرکردنەوە– بیرکردنەوەی قوڵ (تامل) - ئەندێشە – هێزی ویست – خۆشەویستی - خۆراگری لە ئاستی برسیەتیدا بۆ رۆژوو یان چلە گرتن..هتد.

بەکار هێنانەکانی ئەقڵ بۆ دروست کردنی مرۆڤ، کارێکی وورددە، لە گەڵ ئەوەشا ئەتوانین پێکهاتەی ئەقڵ ئاراستەی منداڵ بکەین، ماموستا زیرەکەکان وکێبە گونجاوەکان، ئەتوانن بەرنامەی باش و راست تەرخان بکەن، کار بکاتە سەر بەرز کردنەوەی چنراوەکان و ئەقڵی جیهانی ناوەکی ئەو منداڵە .

وەك لەوە پێش باسمان کرد، نەشونمای لایەنە چالاکیەکانی تری ئەقڵ، وەکو هەستی وێژەیی و جوانی و دینی، جیاوازە لە ئەقڵ و فێربونی ئاسایی، هۆکارە سایکۆلۆجیەکان وەك پرۆڤە بە کار دێنرین بۆ خودی هەر ئەو چالاکیانە، کە بەشێکن لە شوێنەواری کۆمەڵایەتی، پێویستە منداڵ لە ناوکۆمەڵێکی گونجاوا دابنرێ، بە مەرجی بە ناوەندیاری ئەقڵێکی گونجاوی دیاریکراو دەورە درابێت. زۆرستەمە، ئێمە دەرئەنجامی ناهومێدی و تێکۆشان و ماندوەتی خۆمان پشکەش بکەین بە منداڵ، ئەو دەرئەنجامەی پرپەتی لە ماندووبی و تەنگ و چەڵەمەکانی فێربوون و کێشەی ژیانی رۆژانە،کە لە کێشی ئەقڵی ئەوا نیە، لە راستیدا، ژیانی ناوەکی خۆی هێنیە و هاوبەشی وەر ناگرێ چونکە دیموکراتی نیە،کە ئەمە لای بە خێوکەرە بێلایەنەکان تاوانێکی نەفرەت لێکراوە، لەگەڵ ئەوەشا، ئەو شتە سەرچاوەی چەڵەمەی هەموکرداوە گەورەکانە، چونکە بریتیە لە رێگایێکی کراوە بۆ ئەوەی مرۆڤ کەسایەتی و هاوسەنگی خۆی بپارێزێت، لە گەڵ پەرەدان بە نەشونمای کۆئامێزەکان و ئەقڵی خۆی، لە ناو ئاژاوەی پڕ شلۆق شارە تازەکانا.

هەر کەسە بە جۆرێك، هۆکارەکانی ئەقڵی کاریگەری ئەکاتە سەری، لە بەر ئەوە پێویستە ئەو هۆکارانە، لە گەڵ ئەو کەسانە بە کار بێنرێن، بە تەواوی لەو رەوشتە سایکۆلۆجی و ئۆرگانیانە بگەن،کە ئادەمیزاد لێك جیا ئەکەنەوە.

کاتێ مرۆڤ لاواز، بەهێز، زۆر هەستیار، بێ هەست، خۆپەرست، سادە، زیرەك، گەمژە، چالاك، تەمەڵ.. هتد، هەر یەك لەمانە بە شێوەیێکی تایبەتی خۆی، لە گەڵ هۆکارەکانی سایکۆلۆجی کار ئەکات، بەڵام لێرەدا مسۆگەر نیە، ئەنجامدانی ئەم کارە گرنگ و وردانە ، بە بێ مەترسی لە دامەزراندنی لەش و ئەقڵا ئەنجام بدرێ، لە گەڵ ئەوەشا لێرەدا بارودۆخێکی گشتی تایبەتی هەیە، وەکوکۆمەڵایەتی و ئابوری،کە بەشێوەیێکی باش یا خراپ،کاریگەری ئەکاتە سەر هەموکەسێ لە کۆمەڵگایێکی دیاری کراوا.

زانایانی کۆمەڵایەتی و ئابۆری ناسان، پێش ئەوەی هەستن بە دانانی پلانی گۆڕینی باری ژیانی کۆمەڵگا، پێویستە، پێشەکی دەراسەی جۆری چاکە و خراپەی ئەوکاریگەریە بکەن کە ئەیکاتە سەر ئەقڵی کۆمەڵگا، چونکە وا دەرکەتووە، ئادەمیزاد، لە وەزعی زۆر هەژاری و زۆر هەرزانی و لە بارودۆخی ئاشتیدا، یان لە ناوکۆمەڵگایێکی بچوك، یا دوور لە کۆمەڵگای گەورە و تەرە لە ئاوەدانی، نەشونما ناکات، بەڵام لەوانەیە، لە کەش و هەوایێکی ئاسایشی سایکۆلۆجی و وەزعێکی ئابۆری سادەی دەرونیش ئاسـا وبە ئارەقی ناو چاوان نان پەیاکردن، ئەوئادەمیزادە پێشکەوێ، جیاوازی کاریگەری ئەم جۆرە زروفە، ئەکەوێتە سەر جۆری رەگەز و ئەقڵی کەسەکە. روداو زۆر کەس لە ناو ئەبات و هەندێکی تریش پاڵ پێوە ئەنێ بۆ هەڵگرساندنی شۆڕش و سەرکەوتن.

پێویستە جیهانێکی ئابوری بۆ ئادەمیزاد پێك بێنین، لە گەڵ جۆرێ لە زرۆفی سایکۆلۆجی ئەوتۆ، بتوانێ ئامێزی ئۆرگانە تەواوکەرەکانی هەمو چالاکیەکانی بپارێزێ. ئەم هۆکارانە زیاترکاریگەری لە سەر منداڵ وگەنج هەیە، تا مرۆڤ بە تەمەن. پێویستە بە درێژی ماوەی دەورەکەی، هەمیشە پرۆڤەکەی دووپات بکرێتەوە. با ئەوەش بزانین کاریگەریەکەی سەرەتا کەمتر دیاری ئەدا، بەڵام ئەو ئەنجام دەرە تا لە ژیانایە، لەزەتی ئەو چالاکیە سایکۆلۆجیانەی هەر لە روحایە و لە بیری ناچێتەوە و لە مێشکیا چەسپاوە، بەڵام کە گەیشتە قۆناخی پیری، نرخی دنیا، بەرە بەرە لە بەر چاوی دائەبەزێ و روناکی چالاکیە سایکۆلۆجیەکانی پێشوو، بەرە بەرە لە شوێنە بەتاڵەکانی مادەکانا، جێگیر ئەبن. ئەو چالاکیە سایکۆلۆجیانە، زیاتر لە قۆناغی پێریدا کەڵك بەخشن، بە راستی لە جێی خۆیایەتی.

مرۆڤ لە ناوەندی تەمەن و قوناغی پێریدا، زیاتر لە منداڵ پێویستی بە ئەنجام دانی یاساێکی قورس و خۆڕاگرە چونکە زوو پەك کەوتن و داهێزران، بە رێژەێکی لە ژمارە بەدەر، بەشی ئەو کەسانەیە کاری/ دەس پەڕ/ ئەنجام ئەدەن، وە توخمی رەگەز ئەفەوتێنن، هەر ئەو توخمانەن چوارچێوەی ئادەمیزاد دائەڕێژن و لە قۆناغی پیریشدا، لە تێك چون و شەپڵە وپەك کەوتن ئەپارێزن وکەسایەتیەکەی را ئەگرن، چونکە بریتین لە هێزێکی پیرۆزی لە بن نەهاتوو.

بە کار هێنانی کاریگەریەکانی سایکۆلۆجی لە سەر شێوەی یاساێکی ئەقڵی، ئەبێتە هۆی دوا خستنی کارەساتی پەك کەوتنی ژمارەێکی زۆر لە ئادەمیزاد و رزگارکردن گەوهەری ئەقڵ و وێژە، لە نوقم بوون لە ناوچاڵی خڵەفاوی و تێك چون مرۆڤا، پێش کاتی ئاسایی خۆی.

باسی یانزەیەم

ئاشکرایە، تەندروستی بریتیە لە دوو جۆر: تەندروستی سروشتی و تەندروستی دەسکرد. بێشك زانیاری پزیشکی، تەندروستی دەسکردی بەخشی بە مرۆڤ، بوو بە هۆی پارێزگاری کردن لە زۆر نەخۆشی تەشەنەکار، بە راستی خزمەتێکی گرنگە بۆکۆمەڵگا، بەڵام لە راستیدا ئادەمیزاد بەو تەندروستیە رازی نابێ، با نەخۆشیشی تێدا نە بێت، چونکە ناچارکراوە کە متمانە بکاتە سەر خواردەمەنی، بە کیمیا پەروەردەکراو، وە ئامادە کراوەکانی (مستحضرات) ئەندۆکرین و ڤیتامینە جۆراو جورەکان، بێجگە لە پشکنینی پزیشکی و دەرزی لێدان و سەرپەرشتی نەخۆشخانە و سیستەر، سەرەڕای خەرج کردنی پارەیێکی زۆر و سەرەو ژێر بوونەوەی بۆ ناوگیرفانی هەل پەرستەکان.

ئادەمیزاد پێویستی بە تەندروستی راستەقینەی سروشتیە، ئەویش بە هۆی وەرگرتنی هێزی بەرگری سروشتی، دژی نەخۆشیەکان، بە هۆی نەخۆش کەوتنەوە، کە ئەو بەرگرییانە لە ناو لەشا دروست ئەکات، و بریتین لە هێزێکی بەرگری کاریگەری فەسیۆلۆجی و سایکۆلۆجی و هەتا هەتایە لە لەشا ئەمێننەوە و دژی نەخۆشیە تەشەنەکارەکان و نەخۆشی داهێزران و لاسەنگی کۆئەندامی سەرەکی و ئەقڵ ئەجەنگێ. پێویستە ئادەمیزاد، وا دامەزرێنرێتەوە کە بە باشی بژی ، بێ ئەوەی خەمی تەندروستی هەبێ. زانیاری پزیشکی ئەبێ بە خاوەنی گەورەترین سەرکەوتن، کاتێ داهێنراوەیێکی سروشتی بدۆزێتەوە، بێتە هۆی پاراستنی لەش و ئەقڵی مرۆڤ لە نەخۆشیەکانی ترس و ماندوبوون.

کاتێ ئادەمیزادمان تازەکردەوە، پێویستە ئەم جارەیان ئەو ئازادیە و خۆشبەختیەی بو دابین بکەین کە لە تەندروستیێکی تەواوی، چالاکی نۆرگانی و ئەقڵی سەر چاوە ئەگرێت.

ئەم بیرو بۆچونەمان لە بارەی تەندروستی سروشتیەوە، شڵەژاندن و رەخنەیێکی زەق لە ناو بازاری زانیاری پزیشکیدا ئەخولقێنێت، چونکە بیرو بۆچۆنی تەندروستی سروشتیەکەی ئێمە، پێچەوانەی داب و نەریتی رەوشتی پزیشکی ئێستەیە، پزیشکی مادی وا بیر ئەکاتەوە، تەندروستی

دەسکرد، بریتیە لە پەروەردەکردنی جۆرێ لە فەسیۆلۆجیاکە بێ بە غونەی بلیمەتی، بۆ دەسکاری کردن و چۆنە ناو دنیای ئالۆزی چنراوەکان و ناو ئۆرگانەکان، بە هۆی مادە کیمیاویەکانیانەوە، لاوازیەکانی ئەو ئامێرانە چاك کەنەوە، یا بیانگۆڕن، لە گەڵ زیاد کردنی بەربەرەکانی لەش دژی نەخۆشیە تەشەنە کارەکان، هەروەها زیادکردنی خێرایی بەرپەرچ دانەوەی تێکەڵەکان و ئۆرگانەکان لە بەر دەم میکرۆباتەکانا.

ئێمە هێشتا بە چاوی مەکینەیێکی شەق و شڕ، سەیری ئادەمیزاد ئەکەین، وا ئەزانین پێویستە پارچەکانی توند کەینەوە و هەمیشە بەم جۆرە ئەو چاکسازیەی تیا بکەین و ئیتر تەواو.

لە ووتارێ لە لایەن (هنری دێڵ) لە بارەی ئەو سەرکەوتنە مەزنانەی لەم چل ساڵەی دواییدا وەدەس هات، بۆچارە کردن بە مادە کیمیاویەکان و دۆزینەوەی کوتان و شرنقە دژی ژەهردار بوون، هەروەها بەرهەمەکانی بەکتریا و هۆرمۆنات و ئەدرینالین و سایرۆکسین..هتد، هەروەها تێکەڵە ئۆرگانیەکانی زەرنیخی و ڤیتامینات وئەو مادانەی چالاکی جنس رێك ئەخەن..هتد، وە ئەو ژمارە زۆرە لێکدراوانەی (مرکبات) لە کارگەکانا دروست ئەکرێن، بۆ ئازار شکاندن، یا بۆ بوژانەوەی هەندێ چالاکی سروشتی لاواز لە لەشا، وەبە دامەزراندنی کارگە گەورەکان بۆ بەرهەم هێنانی مادەکیمیاویەکان، دڵ خۆشیێکی زۆری نیشان ئەدا.

لە راستیدا ئێمە دوو دڵ نین، لەوگرنگیە گەورەیە، لە بارەی وە دەست هێنانی ئەم مادە کیمیاویە فەسیۆلۆجیانە کە زانستیێکی شاراوەی زۆری لە ئالیات وکارەکانی ناو لەش ئاشکرا کرد. بەڵام ئایا ئەبێ دەس خۆشییان لێ بکەین،گۆیا ئەوانەن سەرکەوتنە گەورەکەی ئادەمیزادە لە بارەی تەندروستیەوە؟ ئەمە زۆر لە راستیەوە دوورە، چونکە فەسیۆلۆجیا لە گەڵ ئابوریدا بەراورد ناکرێت پێکهاتەی ئۆرگانی و رەوشتی و ئەقڵی، زۆرگریدراوترە لەو دیاردە ئابوریە وکۆمەڵایەتیە، جاری وایشە، بەرنامەی ئابوری سەرکەوتووە، بەڵام بەرنامەی فەسیۆلۆجیا روخاوە و لەوانەیشە هەر بەو جۆرە بمێنێتەوە. بەختەوەری ئادەمیزاد تەنها بە تەندروستی دەسکرد تەواو نابێ، پشکنین و سەرپەرشتی پزیشکی، بریتین لە دوو هۆی ماندووەتی، زۆرجار ئەم دوو شتە، لە باتی کەڵك بەخشین، زیان ئەگەیێنن، ئەوە بێجگە لە گرانی نرخی پشکنین و وێنەی تیشکی و دەرمانات، ئەگەر خوا نەخواستە هیچیشت نەبوو، خوێن پشکنین و وێنەی تیشکی، هەر پێویستە چونکە وێنەی تیشکی دوکتۆرەکەیە، بەلام خۆی دکتۆرەکە هیچ، خۆئەبێ بزانێ چیتە؟ لە گەڵ ئەوەشا ژن و پیاو ومنداڵ هەمیشە بە رێگای خەستەخانە وکلینیکی

پزیشکەکانەوەن، تەنانەت ئەگەر تەندروستیشیان باش بێت، باوەڕیان بە خۆیان نەماوە و ئەوەش وای لێ کردون هەمیشە نەخۆش بن، ئەوەندە هێزیان نیە بتوانن وەك ئادەمی بە تەواوی بە دەوری خۆیان هەڵسن، زۆری خەڵك لە پیشەی پزیشکی رازی نین ، چونکە پزیشك تا نەگاتە دەراسەی رەوشتە راستیەکەی نەخۆشەکە، ناتوانێ ئەو جۆرە تەندروستیەی مرۆڤ پێویستیەتی نۆی دابین بکا ت. زانیمان ئۆرگانەکان و تێکەڵەکان و ئەقڵ بە گشتی بریتین لە ویستی سك ماکی و دۆخی نەشونما وکارلێکەرەکانی شوێنەوار، لە کیمیاویەکەیەوە تا سروشتی و فەسیۆلۆجیا و ئەقڵی، هەروەها زانیمان تەندروستی متمانە ئەکاتە سەر لێکدراوەی دوا دامەزراوەی هەمو بەشێك، هەروەها لە سەر سیفاتی تایبەتی هەمو لەش. پێویستە یارمەتی ئەم گشتە (کل) بدەین بۆ جێ بەجێ کردنی کارەکانی خۆی بە تەواوی، لە جیاتی ئەوەی خۆمان لە کاری یەکە یەکەی هەمو ئەندامەکان هەڵقوتێـــنین بەجیا جیا. هەندێ مرۆڤ توشی نەخۆشی تەشەنەکار و نەخۆشی داهێزرا و نەخۆشی زوو پیر بوون نابن، واتە بەرگری سروشتیان هەیە، وا باشە دەراسەی ئەو هۆێنیە گرنگە بکەین و وەکو ئەوان بکەین، ئەبێ لە بارەی ئەو ئالیاتەی لە ناو لەشا بەرپرسیارە لەو هۆێنیە سروشتیە، ئاگادار بین، چونکە بێشك وەدەس هێنانی تەندروستی سروشتی، خۆشبەختێکی هەتاهەتایی ئەبەخشێ بە ئادەمیزاد. ئەو سەرکەوتنە گرنگەی زانیاری تەندوستی دەسیکەوت، دەرئەنجامی دەراسەی نەخۆشیە تەشەنە کارەکان و دەردە گەورەکان، رێگای کردەوە بۆ لێکۆڵینەوەکانی بایۆلۆجی، باشترایە، گرنگیش بدەن بە باکتریا وڤایرۆس، و بە کردارەکانی فەسیۆلۆجی و ئەقڵی، نەوەك زانیاری پزیشکی رازی بکەن و زیانەکانی ئۆرگانی، دیزە بە دەرخۆنە بکەن و بیشارنەوە. پێویستە پزیشك زیان بە ئۆرگانەکان نەگەیێنێ، بەڵکو بە گوێرەی توانا چاکیان کاتـــــەوە، بۆ نمونە: ئەنسۆلین نیشانەکانی نەخۆشی شەکرەی میز وون ئەکا، بەڵام نەخۆشیەکە چا ناکاتەوە، ئێمە ناتوانین نەخۆشی شەکرەی میز بخەینە ژێر دەسەڵاتی خۆمانەوە، مەگەر هۆکاری توش بونەکەی بدۆزینەوە و ئەو شتانەی ئەیێتە هۆی چا بوونەوەی، یان بە گۆڕینی خانە تێکچوەکانی پانکریاس. چونکە ئێمە بە دڵنیاییەو ئەڵێین، کە تەنا دەرماناتی کیمیاوی، لە زیان بەو لاوە کەڵکی چا بوونەوەی نیە بۆ نەخۆش، بەڵکو پێویستە رێگا چارەیێکی وا بدۆزینەوە کە لەش لەناو خۆیا بە شێوەیێکی سروشتی ئەو ئۆرگانە تێك چووانە چاکاتەوە.ناسینی ئەو ئالیاتانەی بەرپرسیارن لەتەندروستی لووەکان، گرنگترە لەزانینی بەرهەمەکانی ئەم لووانە. ئێمە تا ئێستە بە ئاسانترین رێگادا رۆیشتوین، بەڵام ئەبێ لەمەولا، بەسەر

رێگا ناخوشەکان و خاوەن پێچاو پێچو پەنا و نەناسراوەکانا هەنگاو بنێین.هیوای ئادەمیزاد ئەوەیە، نەخۆشیە داهێزراوەکان و نەخۆشیەکانی ئەقڵ نەمێنێ وچارە بکرێن، نەوەك هەر بە دەوری نیشانەکانیانا بسووڕێنەوە.

پێشکەوتنی پزیشکی، تەنها بریتی نیە لە دروست کردنی خەستەخانەی بەرزتر و گەورەترو تاقیگای پڕ لە ئامێری سەیر سەیر، و دروست کردنی باشترین دەرمان و چاکترین دەرزی، بەڵکوبریتیە لە بیرکردنەوە و ناسینی نەخۆشی و دڵسۆزانە کارکردن لەناو بێدەنگی کارگەکانی نەخۆشخانەدا، لەگەڵ سەرپۆش لادان لەسەر ئەوەی خراوەتە پشت پەردەی لێکدراوەکانی کیمیاوی و هێنیەکانی ئۆرگانی و ئەقڵی.

باسی دوانزەیەم

پێویستە ئادەمیزاد لەگەڵ هەمو سیفاتە پیاوەتیەکانی دروست کرێتەوە، ئەو سیفاتانەی ژیانی هاوچەرخ و پێوەرەکانی، دوای لاوازکردنی، داگیریان کرد.

پێویستە هەر دوو رەگەز، نێر و مێ هەمدیسان دیاری بکرێنەوە، هەر یەکێ لەوان، سنوری خۆی بزانێت و لەکاری جنسی یا لە پوشینی جل و بەرگ یان لە رەوشت و هەڵسوکەوتا، لاسایی رەگەزەکەی تری نەکاتەوە هەروەها لاسایی ئەو ئامێژەش نەکەنەوە هەر خەریکی بەرهەمی بەکۆمەڵە، بە پێچەوانەوە، پێویستە لە کەسایەتیە تەنیاکەی خۆی دلنیا بێت. بۆ ئەوەی بتوانین ئەوکەسایەتیە دامەزرێنین، پێویستە قەبارەی قوتابخانەکان وکارگەکان و نوسینگەکان تێك هاڕین و نەفرەت لە شارستانیەتی تەکنۆلۆجیا بکەین و وازی لێ بێنین. ئەم گۆڕانکاریە و تازە کردنەوەی زانستیە، بە تایبەتی پێویستی بە هەڵگێڕانەوەی رێژەی گرنگی دایك و باوك و مامۆستاکان هەیە، لە پێگەیاندنی منداڵ. ئێمە ئەزانین ناکرێ بەکۆمەڵ خەڵك دروست کەین، وە ناشکرێ قوتابخانە بکەین بە شوێنی فێرکردنی تایبەتی، زۆر جار مامۆستایانی فێرکاری، بە گوێرەی پێویست کاری خۆیان ئەنجام ئەدەن، بەڵام هەستی دڵداری و جوان دۆستی و چالاکی دینی، پێویستی بەوە هەیە نەشوناماى پێ بدرێت.

پێویستە دایك و باوك زۆر چاك ئەوە بزانن، دەوریان لە پەروەردە کردنا مایەی ژیانە و ئەبێ خۆیانی بۆ ئامادە بکەن. ئایا سەیرنیە؟ بەرنامەی فێرکردنی کچان، هیچ بابەتێکی وای تیا نیە پەیوەندی هەبێ بەساواو منداڵەوە، هیچ جۆرە بابەتێك، لە بارەی رەوشتی فەسیۆلۆجی و ئەقڵی تایبەت بە ئافرەت، باس ناکرێ و نەخراوەتە، پڕۆگرامی وانەکانەوە.

پێویستە کاری رەوشتی سروشتی تایبەت بە ئافرەت، بدەنەوە دەس خۆی، بە مەرجی بزانێ کاری سروشتی ئەو بریتیە لە بەرهەم هێنانی منداڵ و بەخێوکردنیان کە پارێزگاری مانی رەگەزی ئادەمیزادە. کارگە ونوسینگە، وەکو قوتابخانەن، چونکە دامەزراوەیێکی گرێ دراو نیە، لەوە پێش دامەزراوەی پیشە سازی، خانو و زەوی دابین نەکرد بۆکرێکار، تا بە ئازادی لە ناو ماڵ

و باخچەکەی خۆیا بژی هەرکەسە بەگوێرەی توانا و لێهاتویی خۆی، خەریکی کارو پیشەی تایبەتی خۆی بێت و لە پیشە و جوان کاریەکانی خۆیان دڵ خۆش وبەهرەوەر بن. ئێمەیش ئەتوانین ئەو شێوە بەرنامە ئەنجام بدەین، چونکە ئێستە بە هۆی بوونی ووزەی کارەبا و ئامێری سوك دەسی تازەوە، ئاسان کاریە بۆ ئەوەی پیشە سازیە سوکەکان، خۆیان لە نەفرەتی کارگە زلەکان رزگار کەن. ئایا ناکرێ پیشە سازیە سووکەکان، ئەتونۆمی لە کارگە زەبەلاحەکان وەرگرن و جیا بنەوە و بۆ خۆیان بە ئازادی بژین؟ بۆچی نا؟ ئایا ناکرێ بۆ ئەم پیشە سازیە خەکانە، ئەگەر تا ماوەیێکی کورتیش بێ، بۆ نمونە: بە قەت ماوەی خزمەتی سەر بازی،کەڵك لە کۆمەڵێ گەنج وەرگیرێ؟ چونکە بەم شێوەیە یان بە شێوەیێکی تر، ئەتوانین چینی نزم بەرە بەرە بەرزکەینەوە.

بەڵێ! با خەڵك لە جیاتی کۆمەڵگای گەورە، لە کۆمەڵگای بچوکا بژین، ئەوکاتە هەموکەسێ لە ناو کۆمەڵەکەی خۆیا، پارێزگاری نرخی خۆی ئەکا، لە جیاتی ئەوەی بریتی بێت تەنها لە پارچەیێك ئالە،

با بەکەسایەتیێکی ســـەر بە خۆ بژی. ئەمرۆ هەڵوێستی گشتی، وەك هەڵوێستی لووت بەرزیی کاتی دەرەبەگایەتی دابەزیوە، ئەوکەسەی وەك کۆیلە سەر بەم چینە بێ، بێشك هیوا بڕاوە لەرزگار بونی لەبەندەکەی و ناگاتە ئازادی و ژیانی سەر بەستی، چونکە کرێکاری ئازاد هیوایێکی پتەوی هەیە کە رۆژی لە رۆژان، بە هەوڵ و تێکۆشان، بێ بە سەرۆکی کارگەکەی خۆی. یاکاسبکارێك و بازرگانێکی پاکی لێهاتو. هەروەها ئەو جوتیارەی خاوەنی زەوی خۆیەتی. یان ماسی گرێ کە بەلەمێکی خۆی شك ئەبا، ئەمانە لە گەڵ ئەوەی کارەکانیان سەخت و ناچارن ئەنجامی بدەن، بەڵام ئاغای خۆیانن و کات و ژیانیان هی خۆیانە، ئەمەیە ئازادی راستەقینە. هەروەها لە توانای هەمو پیشە سازەکان و خاوەن زەویەکانا هەیە، خاوەنی کەسایەتی و رێزی خۆیان بن.

هەر بەو شێوەیە، هەرکاتێ پیاوە دینیەکانیش وازیان لە شوین و یاسای خۆیان هێنا و دابەزین و تێکەڵ بە ریزی چینە کۆیلەکان بوون، ئەوانیش وەك کریکاری کارگەکان، پیاوەتی وکەسایەتی و رێزی خۆیان لە دەس ئەدەن.

وا دەر ئەکەوێ دامەزراوەی کارەکانی سەدەی تازە و بەرهەمە زۆرەکانی، لەگەڵ نەشونما و پەرەسەندنی تەواو و راستەقینەی کەسایەتی ئادەمیزادا ناگونجێن. ئەگەر هەر بەوجۆرە بڕوات، پێویستە پیشە سازی شارستانیەت نەمێنێ و تەنها ئادەمیزادی پێشکەوتوو بمێنێتەوە.

کاتی خۆی کە کۆمەڵەی شارستانیەت دانی نا بە کەسایەتی ئادەمیزادا، ئەبوایە ئادەمیزاد بە یەکسانی رازی نەبوایە و زیاتر پێی لە سەر جیاوازی کەسایەتیەکەی داگرتایە، بەڵام کۆمەڵە، بڕیاری ناڕەوای یەکسانی بۆ دەرکرد، کە قەت ئادەمیزاد بەوە رازی نیە، چونکە ئەبوایە لەگەڵ سەپاندنی ئەو یەکسانیە بە سەر خەڵکا، هەرکەسە بە پێی رەوشتی تایبەتی و لێهاتویی خۆی شوێنی بۆ دابین بکرێت، بەڵام ئەوان پێشەکی خۆیان دا بە دەستەوە و رەوشتی پیاوەتییان کە پێناسەی کەسایەتیەکەیان بوو لە خۆیان دامالّی، بەوە لێهاتویی وکارامەی بەرز و نزمی هەموکەس وەک یەکی لێهات.

بەختەوەری مرۆڤ لەوەدایە کارەکەی خۆی بەدڵ بێ و لە گەڵ توانا و پیشەکەیا بگونجێت. لە ناوکۆمەڵگای تازەدا چەندین جۆرکارمەند هەیە، لە بەر ئەوە پێویستە کۆمەڵگا لە یەک جیا بکرێنەوە و بە یەکسانی سەیر نەکرین و هەرکەسە بە گوێرەی پشە و زانیاری و هونەری خۆی، شوێنی تایبەتی بۆ دابین کرێ، نەک هەرکارێ کۆمەڵێ خەڵکی بۆ دانرێ. هەروەها پێویستە ئەو جیاوازیەی نێوان خەڵک شێوەی زانستی و جۆری ژیان دابەشی کردووە بە سەریانا، بێ بە رەوشتی لێک نزیک بونەوە و لە یەک گەیشتن، بە هۆی ئەوەوە، هەر کەسە شوێنی خۆی ئەدۆزیتەوە.

کۆمەڵەی شارستانی قەت بەوە رازی نەبووە، ئادەمیزاد هەموی وەک یەک بێت، بەڵکو بە هەزاران جۆر جیاوازییان تێدا هەیە. کۆمەڵگا بە گوێرەی ئەقڵی خۆی، ئادەمیزادی ترنجانە ناو چوار چینەوە: چینی دەوڵەمەن – چینی گشتی – چینی جۆتیار - چینی ناوەند، کە چوارەمیان بریتیە لە نوسەر . پۆلیس . سەرباز . پیاوانی دینی . کاسبکار . زاناکان . مامۆستاکان، گۆیا ئەمانە دەرامەت و ژیانیان وەک یەکە، ئەم دابەش کردنە سەیرەیان سەپاند بە سەر خەڵکا، بێ ئەوەی لێکی بەنەوە، ئادەمیزاد هەرکەسە خاوەنی رەوشت وکار و هونەر و لێهاتویی تایبەتی خۆیەتی و قەت ژیانیان و دەس کەوتیان وەک یەک نابێ.

خەڵک بە هۆی ئەم دابەش کردنە ناڕەوایەوە، بە گشتی کەوتنە ناو تەنگ و چەڵەمەی ژیانی ناهەموارەوە، بەڵام کەسانێ،کە هەندێ توانای هەوڵ دانیان شک ئەبرد و تێئەکۆشان بۆ پێش

کەوتن، بە هۆی ناتەواوی باری ژیانەوە ئەپوکانەوە. پەلەکردن بۆ پێش خستنی ئادەمیزاد و دامەزراندنی قەڵا ئازادیەکەی، بەوە پێك نایێت، ئەندازیار وکەرەسەی بینا و بەرد و شەلماڵ بێنینە شوێنی کار و دەست بکەین بە دروست کردنی قوتابخانە و زانکۆ وکارگە و نوسینگەی گشتی و پەیمانگاو..هتد، بەڵکو لە هەمو ئەمانە گرنگتر ئەوەیە، یارمەتی ئەوانە بدەین و پشتیان بگرین کە نەشونمای روحی خۆیان پەرە پێ ئەدەن بۆ بەرزکردنەوەی کەسایەتیە تایبەتیەکەیان و بە هۆی ئەو هۆکارانەی لە گەڵ پێکهاتەی سروشتیانا ئەگونجێت،

ئەو کۆمەڵە درندانەی ناو شارستانیەتەکەمان، کە دروشمی مادە پەرستییان بەرزکردوەتەوە و شانازی پێوە ئەکەن، نەك تەنها هەر بەرگری لەنەشونما کردنی ئەقڵ ئەکەن، بەڵکو دژن بە کەسانی دڵسۆز و بە بەزەیی و لاواز و تەنیا، هەروەها رێگرن لەوکەسانەی جوان دۆستن و ئەگەڕێن بە دوای هەمو شتێکی جوانا پارە نەبێ، هەروەها دژی ئەوانەن بیرو بۆچونی باشی خۆیان، لەگەڵ ژیانی شارستانیەتەکە تێکەڵ ناکەن.

لە سەدەکانی رابوردودا مرۆڤە خوێنەوارەکان، ئەوانەی توانای کارکردنیان نەبوو، لە گەڵ ئەوانی ترا رێگایان ئەدرایە، کەسایەتی خۆیان پەرە پێ بدەن. هەندێ لەوانە هەر لە شوێنی خۆیان مانەوە و هەندێکی تریش بۆناو دێر و پەرستگاکان،کۆمەڵێکیش چون بۆ لای هەندێ کەس بۆکارکردن، توشی هەژاری وکارکردنی سەخت بوون، لەوەدا هەندێ هەستیان بە رێز وکەسایەتی خۆیان کرد. وێنەی وەکو ئەم کەسانە، لە جیاتی ئەوەی لە ناو جەرگەی کۆمەڵگایێکی خراپ و ناجۆر دانرێن، پێویستە شوێنەوارێکی وایان بۆ دابین بکرێ، هاندەر بێ بۆ نەشونمای رەوشت و بگونجێ لە گەڵ لێهاتویی و هونەریان وکەڵك لێ وەرگرتنیان.

مایەوە سەرکێشەی ژمارەیێکی زۆر لە تێك چوەکان و تاوانبارەکان..هتد، هێشتا چارەی بۆ دیاری نەکراوە، و بارێکی گرانە بە سەر شانی خەڵکەوە.

لەوە پێش ئاماژەمان کرد بەو پارە زۆرەی خەرج ئەکرێ بۆ پارێزگاری لە بەندیخانەو نەخۆشخانەی شێتەکان و پارێزگاری کۆمەڵگا لە چەتە و دز و شێت، باشە! بۆچی پارێزگاری بکرێ لە کەسانی زیانکار و بێ کەڵك؟ چونکە شتی ناسروشتی، ئەبێ بە هۆی نەشونمای ناسروشتی و کەم وکورتی.

ئێمە، بێ پەروا، ئەبێ روو بەرووی ئەم راستیە بینەوە، بۆچی کۆمەڵگا بۆ بەرژەوەندی ئابوری ولاتەکەی، خۆی رزگار ناکات لە تاوانبارو شێت؟ ئێمە ناتوانین بەرپرسیار لە بێ لایەن

جیاکەینەوە و تاوانبار سزا بدەین و لەوانە خۆش بین کە سگۆیا لەوانەیە، تەنها یەك تاوانیان ئەنجام دابێت، ئێمە ناتوانین هەر لە خۆمانەوە فەرمانی دەرکەین، لە گەڵ ئەوەشا پێویستە کۆمەڵگا بپارێزین لە کەسانی ئاژاوە چی وگێژە شێوێن و خراپە کار، بەڵام ئایا ئەمە چۆن ئەنجام بدەین؟

دیارە ئەمە بەو جۆرە ناکرێ کە هەستین بە دروست کردنی بەندیخانەیێکی گەورەتر و فراوانتر، چونکە ئاسایشی راستەقینە بەوکارە دەس ناکەوێ، هەروەها ئەو تەندروستیەی ئامانجی ئێمەیە، بە دروست کردنی نەخۆشخانەی زۆر تروگەورەتر و زیادکردنی ژمارەی پزیشك و بەرهەم هێنانی دەرمانانی زۆر، سەر ناکەوێت ، بەڵکو ئەتوانین بە گوێرەی یاسا، تاوانبار و شێت کەم کەینەوە، ئەویش بە پەرە پێدانی زانیاری بە شێوەیێکی فراوان، چاکردنی رەگەز، هەروەها گۆڕانکاری لە فێرکردن و بارو دۆخی کۆمەڵایەتیدا،

لەبارەی تاوانبارو شێت، لە هەموکێشەکانی تری ناوکۆمەڵگا مەترسیدارترە، پێویستە پێشەکی بە جۆرێکی فراوان لەو بارەوە، زانیاری و ئاگادای بڵاوکەینەوە، ئەوکاتە دەست بکەین بەچارەکردنی کێشەی تاوانبارەکان و شێتەکان، ئەبێ ئەو بەندیخانە گەورانە لابەین و دامەزراوەیێکی بچوکتر و گونجاو وکەم خەرجتر بۆ ئەوانە دابنرێت و بە شێوەیێکی زانیاری چاریان بۆ دابین بکرێ.

بەڵام بکوژەکان و چەتە چەك دارەکان و منداڵ رفێنەکان و ئەوانەی بە زۆرداری وکەڵەگایی کردن، هەژار تاڵان ئەکەن، یان هانی کەسانێکی تر ئەدەن بۆکاری نارەوا، لە گەڵ ئەو شێتانەی چاریان نیە، پێویستە بە کوێرەی یاسا لە ناو ببرین، دوای هەستان بەم چاکسازیانە، هێمنی و ئاسایشی پەرە ئەسێنێ وکۆمەڵگا دێتەوە سەر بارێکی رێك وپێك.

پێویستە کۆمەڵگای تازە لە رێك خستنی خۆی بۆ یاسای تاکە کەسی دوا نەکەوێ، هەروەها ئەبێ، (کۆمەڵەی یاسای مەبەسی و بەزەیی)، لە بەر بەرژەوەندی گەل، ئەگەر بە شێوەیێکی کاتیش بێ، واز لە ئەنجامدانی باوەڕەکەی خۆی بێنێت، چونکە نەشونمانی کەسایەتی، دوا ئامانجی شارستانیەتە.

باسی سیانزەیەم

گێرانەوەی ئادەمیزاد بۆ راهێنانەکانی خۆی لە بارەی فەسیۆلۆجی و ئەقڵیەوە ئەبێتە هۆی گۆڕانکاری لەجیهانا، چونکە لەبیرمان نەچێت، شێوەی جیهان بە پێی بارو دۆخی لەشـــی ئێمە ئەگۆردرێ، گۆڕانەکەشی بریتیە لە وەڵامی کۆئەندام و ئامێری هەستەکانمان و لەو هونەرانەی بەکاری دێنین بۆ زانینی راستیێکی شاراوە، لەوانەیشە ئەو راستیەی ئێمە بە دوایا ئەگەڕێین هیچ زانیارێکی پێ نەبێت، هەروا، ئەو گۆڕانە بریتیە لە بارودۆخی هەستەکانمان و خەونەکانمان و خەونی زانا چلە گرەکان و دۆستەکانی ئەوبابەتە..

شەپۆلە رەنگاو ڕەنگە کارۆ- موگناتیسیەکان، کە ئاوێنەی جوانی ئاوا بونی رۆژی جیهانی سروشتی دیاری ئەکا، جوانتر نیە لەو رەنگە دڵ کێشانەی، وێنە کێش، لە ژێر قەڵەم پەڕی وێنە کێشانەکەی خۆیا، هەستی پێ ئەکا، ئەو هەستی جوانەی لەم رەنگانە پەیا ئەبێ، دریژی پێوانەی توخمی شەپۆلی وورشەی روناکیەکەی لای ئێمە، دوو لای جیاواز و مافی یەك مانەوەیان هەیە. خۆشی و خەفەت دوو هەیکەلن وەك رۆژ و پلانێتەکانی (جرم) دەوری، بەڵام جیهانی (دانتی) و (ئەمرسون) و (برجسۆن) و (ج . ه . هێڵ) زۆر گەورە ترە لە جیهانی (مێربابیت).

کاتێ بەشی هەستەکانی ئۆرگانی و سایکۆلۆجیمان بە هێزکرد، بێشك ئەوکاتە و بە گوێرەی پێویستی ئێمە، جوانی جیهان نەشونما ئەکا،پێویستە ئادەمیزاد رزگارکەین، لە بیرو باوەڕی گەردونیەکان کە زانا سروشتیەکان و فەلەکیەکان بە میراتی بۆیان بە جێ هێشتووە، ئەو بیرو باوەڕەی، لە سەدەی ڕابەڕینەوە ئادەمیزادی تێدا زنجیرکراوە. لەگەڵ ئەوەی جیهانی مادە لەو پەڕی گەورەیی و بەر فراوانیدایە، زۆر لەوە بچوکترە جیگای ئادەمیزادی تێدا بێتەوە، هەروەها ئەو جیهانە بۆ ئەوە ناشێ، شوێنەواری ئابوری وکۆمەڵایەتی ئادەمیزاد بێت. ئێمە ناتوانین، بە هەمو باوەڕێکەوە تایبەتی بدەین بەم جیهانە، چونکە ئەزانین بە تەواوی و بە یەکجاری تیادا نامێنینەوە، ئێمە بەرەو شوێنێکی تری دەرەوەی سروشت ئەکشێین.

ئادەمیزاد بریتیە لەشتێك لەمادە و بونەوەرێکی زیندووە، لە هەمان کاتیشا بیلبیلەی چالاکی ئەقڵە و مانەوەی لەم بۆشاییە مادییەدا، شتێکی بێ ماناو کاتیە، لە گەڵ ئەوەیشا ئادەمیزاد لەناو ئەم جیهانە مادیە و رەقەدا نامۆ نیە، هەروەها بە هۆی ئامێری ژمارەوە، زانیاری هەیە لە ئەلەکترۆن وهەسارەکانا، و پێوانە و ژمارەی گۆنجاوی بۆ شاخە بەرزەکان و زەریا و چەمەکان دروست کردووە، ئادەمیزادیش وەك درەخت و ئاژەڵ و وگزوگیا، خەڵکی سەر ئەم زەویەیە،

کاتێ لە گەڵ هاوڕێکانیا ئەبێ، هەست بە هێمنی ئەکا، ئادەمی لە هەموان زیاتر پەیوەندیدارە بەکاری هونەر و ئاسەوار و سەیر و سەمەرەی ئەو میکانیکیانەی، شارستانیەتی تازە دایهێناوە، هەروەها پەیوەندی پتەوە، لەگەڵ ئەوکۆمەڵە هاورێیانەی خۆشی ئەوێن، ئەگەر چی ئادەمیزاد سەر بەجیهانێکی ترە، با جیهانەکەش ئێستە جارێ هەر لەدڵی خۆیا بێت، بەڵام هەر ئەکشێ بۆ ئەولای بۆشایی وکاتەوە (الفراغ والزمن) ئەگەر بە سەرخواستەکەیا زاڵ نەبیت، لەوانەیە بکشێت بۆ ئەولای (افلاك) بۆشایی بێ سنووری هەمو هەسارەکان. ئەی ئادەمی! خوشبەخت بە کە زاناو هونەرمەند و هۆنەر، هەر هەموی بیر لەجوانی تۆ ئەکەنەوە.



باسی چواردەیەم

ئێستە وا ئەو رۆژە هات دەستبەکاربین بۆ سەرلەنوێ تازەکردنەوە و دامەزراندنەوەی خۆمان، بەڵام ئەم جارە بەرنامە دانانێن، چونکە بەرنامە راستە قینە زیندووەکە، زرێپۆش کراوە و خەریکە لەپشت زرێکەوە ئەخنکێ و روداوی پێش بینی نەکراو ئەوەستێنێ، داهاتوو لە ناو ئەقڵمانا بەند ئەکات.

ئەبێ هەستین ، بڕۆین، خۆمان لە کوێرە ماری تەکنۆلۆجیا رزگارکەین، لە گرێ پوچکە وکراوەیی ڕەوشتمان بگەین، بێشك زانیاری ژیان ئامانجەکانی خۆی بۆ ئادەمیزاد دیاری کردووە و هۆی گەیشتن بەو ئامانجانەی خستوەتە ژێر دەستیەوە. بەڵام ئێمە هێشتا تا بینە قاقا نوقمین لە ناو زەلکاوی جیهانێکا، زانیاری مادە دروستی کردووە، بێ ئەوەی هیچ ڕێزێ لە یاسای نەشونمای ئێمە بگرێت.

خۆی لە راستیدا ئەم جیهانە بۆ ئێمە دروست نەکراوە، بەڵکۆ بە هۆی هەڵەی ئەقڵی خۆمان و نەناسینی کەسایەتیەکەیەوە پەیا بووە، نایشتوانین خۆمانی لە گەڵا بگونجێنین و لە دواییشا لێی ڕاپە ڕین و تێك و پێکی دەین و سەر لە نوێ، لە بەر ڕاستەقینەی پێویستیەکانمان، دروستی کەینەوە.

ئێستە زانیاری ئادەمیزاد، توانای نەشونمای لەشی خۆمان ئەداتێ، هەروەها ئێمە لە ڕێی چالاکیەکانی فەسیۆلۆجی و ئەقڵیمانا شارەزاین، وە هۆکارەکانی لاوازیمان ئەزانین، ئەزانین کە هەر خۆمان چون لەوە پێش یاساکانی سروشتمان پێشێل کرد.. و ئەزانین بۆچی سزا دراین و بۆچی لە تاریکیدا ڕێمان وون کرد، بەڵام هەرچی چۆنێ بێ، ئێمە لە بواری تەمۆ مژی بەرە بەیان و بە هۆی تروسکایێکی کزەوە، ئەو ڕێگایە ئەبینین کە بەرەو رزگاریمان ئەبات.

بۆ یەکەم جارە لە مێژوی ئادەمیزادا، شارستانیەتێکی شەق وشڕ، هۆی تێك چونەکەی خۆی بزانێ، وە بۆ یەکەم جارە ئەم جۆرە شارستانیەتە، ئەو هێزە زانیاریە گەورەیەی لە ژێر دەستا بێت.

تۆ بڵێی! ئەم زانیاریە و ئەم هێزە، بە کار بێنرێت؟ چونکە ئەمە تاکە هیوامانە بۆ هەڵاتن لە دەس دوا ڕۆژێکی تاریکی هاوبەشی هەمو شارستانیەتە گەورەکانی لەوە پێشمان.

دوا ڕۆژمان لە بەر دەسی خۆمانایە، دە با، بەرەو ڕێگای تازە هەنگاو بنێـــین..

سوپاسنامە

١) پێشەکی سوپاسێکی نەبڕاوە بۆ خوای گەورە و میهرەبان،کە بە لوتفی خۆی لەم تەمەنەی دواییەما ئەوەندە هێزی پێ بەخشیم بتوانم دوا بەرهەمی وەرگێڕانم، دوای کێبی (دەنامە لە جیهانی روحەوە)، بخەمە بەرچاوی خوێنەرانی ئازیزی کورد، ئەویش کێبی- ئادەمیزادبونە وە رێکی نەناسراوە - دانەری دکتۆر الکسیس کاریل، خاوەنی خەلاتی نۆبڵ لە پزیشکی و وێژەدا، کە بە هەمو زمانەکان هەیە، تکایە بە دڵێکی فراوانەوە لە کەم و کورتی و هەڵەی وشە و زانیاریەکانم ببورن.

٢) سوپاسی نەبڕاوە بۆ هاوسەری بەڕێزم ئامینة محمد سالح کە لەگەڵ ناجۆری تەندروستیدا ئەوپە ڕی ئاسانکاری پێ ئەبەخشیم و یاوەری تەواوکردنی ئەرکەکانم بو، هیوای تەمەن درێژی بۆ ئەخوازم.

٣) زۆر سوپاس بۆهاو ڕێی خۆشەویستم کاك ئەسەد زەنگەنە وێنەگری بە توانا و مامۆستای داتا و ئامێرەکانی ئەلەکترۆنی لە ئەکالای ستۆکهۆڵم، کە ئەو پە ڕی یارمەتیدەرم بوو لە چاپکردنی وێنە ئەناتۆمیەکانی کێبەکە و وێنەی بەرگەکەی بەپێ بەرامبەر، لە یەزدان داواکارم نمونەی هەر زیاد بێت.

٤) سوپاس و پێزانین بۆ مامۆستای بەڕێز کاك (هاوبیر کامەران) بۆ هەستانی بە ئەرکی هەڵە چنی ئەم کتێبە بۆ ماوەیەکی زۆر و ماندوبوونی هیوای تە مەن درێژی بۆ ئەخوازم .

٥) سوپاسێکی زۆر بۆ برای ئازیزم کاك لەتیف مستەفا، کە بەهاوکاری کچەکانی، لە زۆر کێشەی داتا و وێنە گرتنا یارمەتیدەرم بوون.

٦) سوپاسێکی زۆر بۆ یارمەتیەکانی چنور خان و دکتۆرە کۆزارا و دکتۆرە نیگا و دکتۆرە نەشمیل کە بەوپەڕی تواناوە یارمەتی تەواوبوونی ئەم کێبەیان پێشکەش کردم. هیوام تەمەن درێژیبانە.

٧) سوپاسێك و خۆشەویستیەکی زۆرم بۆ کاك ئەرسەلان نجم الدین کە بەو پەڕی دڵسۆزیەوە هەستا بەتەواکردنی زۆربەی داواکاریەکانی ئەم کتێبە و نەخشەکێشانی بەرگە رەنگینەکەی کتێبەکە بێ بەرامبەر، لەخوام داوایە نمونەی زۆر بێ .

وەرگێڕو نووسەر

سەرچاوەکان

١ - قورئانی پیرۆز

٢ - کەمالنامە - فەرهەنگی کوردی عەرەبی ئینگلیزی،
دانانی خوا لێخۆشبوو مامۆسا کمال جلال غریب

٣ - وێنە ئەناتۆمیەکانی / اطلس رنگی کالبد شناسی/ – چاپی ئێران.

٤ - دە نامە لە جیهانی روحەوە، دانانی وەرگێڕ.

٥– الانسان روح لا جسد دانانی خوا لێ خۆشبوو دکتۆر ڕووف عوبێد – زانکۆی عین الشمس لە قاهیرە (بەرگی ١, ٢ , ٣)

٦– المزهب الروحانی دانانی دکتۆر عبدالله الاباحی – بیروت

هاشم عزیز گۆیا

لەدایك بووی سالی (١٩٢١)ە ، ئێستا دانیشتوی سویدە، زۆربەی ژیانی خۆی تەرخان کردووە بۆ دراسەی زانیاریە رۆحیەکان وەکو : (فەلسەفەی یۆگا - میتافیزیك - تنویم مغناطیسی - کیمیا - أوفاق - تصوف - زایرەجە - رمل) کە هەندێکیانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و هێشتا چاپ نەکراون .

مەبەستی نووسەرو وەرگێڕ لەپێشکەشکردنی ئەم کتێبە ئەوەیە کەخوای مەزن بەپێسنوور نەبینی لەناولەشی ئادەمیزادا نەخشاندووە کەوەکو خۆی ئەفەرمووی (لقد خلقنا الانسان فی أحسن تقویم) کە بریتیە لەباسی گرنگی ئادەمیزاد ئەم کتێبە دکتۆر ئەلکسیس کاریل خاوەنی خەلاتی نۆبڵ کە بۆهەموو زمانەکانی جیهان وەرگێڕدراوە منیش بەپێویستم زانی کەئەم زانیاریە گرنگە لەبارەی لەشی خۆمانەوە بخەمە پێش چاوی رۆشنبیران کورد وەمنلەهەندێ شوێنی کتێبەکەدا زانیاری خۆمم لەبارەی میتافیزق ویۆگا و روحەوە نوسیوە لەوشتانەی کەدکتۆری بەرێز چاوپۆشی لێکردووە تکام لەخوێنەرانی بەرێز ئەوەیە کەبەدڵێکی فراوان لەهەڵەو کەموکورتی ئەم کتێبە بپوڕن

گۆیا

نرخ (7000) دینار